# کەرکوک
## نەفرەتی نەوت و
## ستەمی دیمۆگرافیا

# کەرکوک
# نەفرەتی نەوت و
# ستەمی دیمۆگرافیا

دکتور جەبار قادر

کوردستان ٢٠١٩

بیروڕاگەلێك کە لەم کتێبەدا هاتوون، بەرپرسیارێتی سەرلەبەریان تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنی، ئەکادیمیای کوردی لێیان بەرپرس نییە.


* ناوی کتێب: کەرکوک نەفرەتی نەوت و ستەمی دیمۆگرافیا.
* نووسەر: دکتور جەبار قادر.
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* هەڵەگری: شێرزاد فەقی .
* هەڵەگری سەر کۆمپیوتەر: بدرخان بکر صابر.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٤٠٠).
* چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین — هەولێر.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٨٠٩)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.



– هەموو مافێکی چاپکردن بۆ ئەکادیمیای کوردی پارێزراوە.
– ئەم کتێبە نابێت بەهیچ جۆر بێ ڕەزامەندیی ئەکادیمیای کوردی دووبارە چاپ بکرێتەوەو وێنەکانی لەبەر بگیرێتەوە.

## پێشەکی

پرسی پاشەڕۆژی کەرکوک لە عێراقی سەدەی بیستەم و ئێستادا کرۆک و گەوهەری دۆزی کوردە لە باشووری کوردستان. نیو سەدە زیاترە کەرکوک بووە بە خاڵی سەرەکی ناکۆکی لە نێوان حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا لەم بەشەی کوردستان. پێش ئەوەیش هەوڵێکی بەردەوام و هەمەلایەنەی حکومەتی پاشایەتی عێراق لە ئارادا بوو بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد و دەستگرتنی تەواو بەسەر کەرکوکدا. کاربەدەستانی بەریتانیا لە عیراق نەک هەر پشتیوانی دەسەڵاتی پاشایەتی بوون بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی لە کەرکوک، بەڵکو ڕۆڵی چارەنووسسازیان دەبینی. بەکارهێنانی بەشێک لە دانیشتووانی لیواکە لە دژی خواستەکانی کورد و بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی هەمیشە لە ئارادا بوو. لەو سەردەمەدا ئامێر و میتۆدەکان جیاواز بوون. جیاوازی سەرەکیش لەوەدا بوو، کە لە سەردەمی پاشایەتیدا سیاسەتی لاوازکردنی کورد بەشاراوەیی و زۆرزانی دەکرا، بەجۆرێک کە زۆربەی کوردیش لێی بێ ئاگا بوو. بەڵام لە نیو سەدەی ڕابردوودا سیاسەتی پەراوێزخستنی کورد و بەهێزکردنی پێگەی عەرەب لە کەرکوکدا بە ئاشکرا و لەگەڵ بەکارهێنانی توندوتیژیدا جێبەجێ دەکرا. سیاسەتی حکومەتەکانی نیو سەدەی ڕابردوو ڕەگەزپەرستانە، دژ بە قانوون و دادپەروەری، مافی هاووڵاتێتی و مافەکانی مرۆڤ بوون.

سیاسەتی پەراوێزخستنی دانیشتووانی کورد، بەهێزکردنی پێگەی پێکهاتەکانی تری کەرکوک پێویست بوو بۆ ئەوەی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان لەم بەشە گرنگەی نیشتمانەکەیدا ڕەت بکرێنەوە. ئەم سیاسەتە کارەساتی زۆری لێکەوتەوە و کوردیش باجێکی زۆری دا لە پێناو مانەوە لەسەر زێدی خۆی. مەینەتییەکان نەبوون بە مێژوو، بەڵکو بەردەوامن و دانیشتووانی کوردی کەرکوک ڕۆژانە ڕووبەڕووی کێشە و دەردەسەری نوێ دەبنەوە. لەناوچوونی ڕژێمی بەعس باری کوردی ئەم شارەی زۆر سووک نەکرد. تەقینەوەکان و هەڕەشەی تیرۆریستان زیاتر لە دە ساڵ ژیانی دانیشتووانی کەرکوکیان کرد بە دۆزەخ. کاتێکیش ئەو مەترسییە ڕەوییەوە، داگیرکردنی

کەرکوک لە لایەن سوپا و حەشدی شەعبییەوە بوو بەهۆی کارەسات و مەینەتی تازە بۆ کوردانی کەرکوک. لەگەڵ هەموو ئەو کارەساتانەدا گەلی کوردستان دەستی لە مافە ڕەواکانی خۆی لە کەرکوک هەڵنەگرتووە، هەرچەندە کاربەدەستان و ڕابەرانی سیاسی کورد هەلی زۆریان لە دەست داوە، هەڵەی گەورە و بگرە هەندێکیان کردەوەی خیانەتکارانەیشیان کرد لە بارەی چارەنووسی کەرکوکەوە. گەورەترین هەڵەی سیاسی ڕابەرانی کورد لە پرسی کەرکوکدا لەو ڕاستییەدا بەرجەستە بوو، کاتێک دۆزێکی نیشتمانی و نەتەوەیی پلە یەکی باشووری کوردستانیان لە کێشەی خاک و نیشتمانەوە بچووک کردەوە بۆ پرسی ژمارە و ئامار و ڕاپرسی، کە وێنەی دەگمەنە لە جیهاندا. سەرەتاکانی ئەم گوناهە گەورەیە دەگەڕێتەوە بۆ وتووێژەکانی سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردی و حکومەتی عێراق لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، کە لە ڕێککەوتنامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠دا جێگیر کرا. ئەوە بوو چارەنووسی کەرکوک و ئەو ناوچە کوردستانییانەی حکومەت چاوی تێبڕیبوون بە ئەنجامدانی سەرژمێرییەوە گرێدرا، کە دەبوایە لە ماوەی یەک ساڵدا دوای ڕێکەوتنەکە ئەنجام بدرایە. هەڵبەتە سەرژمێرییەکە نە دوای ساڵێک و نە لە دوای پێنج ساڵیش ئەنجام نەدرا، بەڵکو دوای حەوت ساڵ، ئەویش لە سێبەری نسکۆی شۆڕشی کوردا لە ساڵی ١٩٧٥ و دەسەڵاتی تاکڕەوانە و تۆتالیتارییانەی بەعسدا، واتا دوای ئەوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن لەو ناوچانە ئەنجامی ترسناکیان لێ کەوتەوە بە قازانجی عەرەب و زیانی کورد.

هەرچەندە سیاسەتی زۆرکردنی ژمارەی عەرەب و کەمکردنی ژمارەی کورد لە کەرکوک و گەلێک شوێنی تری کوردستان دەمێک بوو لە عەقڵی کاربەدەستانی عێراقدا چەسپیبوو و خەونیان پێوە دەدی، لێ لە ساڵی ١٩٧٠وە بوو بە بەشێکی سەرەکی لە ستراتیژی حکومەتی عێراق لەو ناوچانە. ئیدی حکومەت پێویستی بەوە نەبوو سیاسەتەکانی لەم بوارەدا بشارێتەوە، بەڵکو بە ڕۆژی نیوەڕۆ و بە ڕاشکاوی لە کەرکوک و هەموو ئەو ناوچانە پرۆسەی بەعەرەبکردنی جێبەجێ دەکرد. شێواز و ئاکامەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن و پاکتاوکردنی نەژادی لە کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تر هۆکارگەلی

سەرەکین بۆ ئەوەی باس و خواسی دیمۆگرافیا، ژمارە و ئامار لەم کتێبەدا زۆر دووبارە ببنەوە.

ئەگەر پاکانەیەک بۆ ئەوانە هەبێت کە هێشتا ئەزموونێکی ئەوتۆیان لەگەڵ بەعسدا نەبوو و وردەکارییەکانی سیاسەتی ئەو حیزبەیان لە بواری تەعریب و پاکتاوکردنی ڕەگەزیدا لە کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا نەدەزانی، ئەوا بۆ بەرپرسانی کورد لە دوای ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر کەرکوکدا هێندران و لە دوای شارەزایی لە ورد و درشتی هەڵوێستی ناجوامێرانەی هێزە سیاسییەکانی عێراق سەبارەت پرۆسەی بەعەرەبکردن هیچ پاکانە و پاساوێک نییە، بۆ ئەوەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ کردیان، کاتێک قایل بوون بەوەی دۆزی کەرکوک لە دۆزی خاک و نیشتمانەوە بگۆڕدرێت بۆ پرسی ژمارە و ئامار و ڕاپرسی.

ئەوەی سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت ئەوەیە، کە کەم لە کاربەدەستانی کورد، بەوانەیشەوە کە بەرپرسن لە دۆسیەی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە، ئاگاداری ڕەوتی مێژوویی ڕووداوەکانن لەم شارە و لە سیاسەتە دۆزەخییەکانی دوژمنانی کوردیش باش تێنەگەیشتوون، کە هەموو بوارەکانی ژیانیان گرتووەتەوە. بۆیە نابێت مایەی سەرسوڕمان بێت، کاتێک سیاسەت و پلانەکانی ئەم کاربەدەستانە ئەنجامی ئەرێنییان لێ ناکەوێتەوە.

ئەم کتێبەی لەبەردەستی خوێنەردایە، هەوڵ دەدات هەندێک لە لایەنەکانی ئەو ڕەوتە مێژووییە پڕ لە ئازار و تاڵە ڕوون بکاتەوە. نووسەر دەیەوێت پرس، کێشە و ڕووداوەکان بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە باس بکات. بابەتەکانی ئەم کتێبە لە کات، شوێن و بۆنەی جیاوازدا نووسراون. هەندێکیان وەکو بیرۆکە و سەردێڕ بۆ کۆڕ و سمینار و کۆنفرانس ئامادەکراون و لە دواییدا کاریان لەسەر کراوە و بڵاو کراونەتەوە، هەندێکی تریان وەڵامدانەوەن بۆ ئەو زانیارییە نادروستانە کە لە بارەی کەرکوکەوە بڵاو دەکرێنەوە بەمەبەستی شێواندنی ڕاستییەکان. بەشێکیان بە زمانی عەرەبی نووسرابوون و ڕووی دەمیان لە خوێنەری عەرەبیزمان بوون. لە هەموو حاڵەتەکاندا یەک مەبەست کۆیانی کردۆتەوە، ئەویش بەرگری بووە لە ڕاستییە مێژوویی و جوگرافییەکان و مافی

ڕەوای کـورد لە کەرکـوک، کە نەیـارانێکی زۆر بەدرێژایـی زیـاتر لە سـەدەیەکە گەلەکۆمەیـان لـێ کـردووە، بـۆ ئەوەی سـیمای بگـۆڕن و لە دەسـتی کـوردی دەربکەن. لێرەدا دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە لەم بوارەدا سـەرکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێنـاوە. بە دەربڕینێکـی تـر ئامـانجی سـەرەکی ئەم کتێبە ئەوەیە زانیـاری بخـاتە بەردەست ئەوانەی لەبـارەی کەرکـوکەوە بڕیـار دەدەن و لەگەڵ لایەنەکانی تردا دانوستان دەکەن.

لەبەرئەوەی بابەتەکان لە بنەڕەتدا بـۆ کتێـب ئامـادە نەکـراون، بەڵکـو بـۆ ئەوەی لە کـۆنگرەی زانسـتی، کـۆڕی ڕۆشـنبیری و سیاسـی، وەک بـابەتی سەربەخۆ پێشـکەش بکـرێن، یـان لە شـێوەی وتارگەلێـک لە ڕۆژنـامە، گۆڤـار و سایتەکان لەسەر تـۆڕی ئینتەرنێت بـڵاو بکـرێنەوە، بـۆیە بە پێویسـتی دەزانـم، ئاماژە بەوە بـکەم، کە نابێـت هەموویـان وەک لێکـوڵینەوەی زانسـتی لە بـواری مێـژوودا مامەڵەیـان لە تەکـدا بکرێـت، یـان بە شـیکردنەوەی زانسـتی و هەمەلایەنەی ورد بـۆ دۆزە باسـکراوەکان لە قەڵەم بـدرێن. لەگەڵ ئەوەشـدا، پاشـخانی مێژوویـی ڕووداوەکـان، زانیـارییە جـوگرافی و دیمۆگرافییەکـان بـۆ لێکـدانەوەی بابەتیـانەی پرسـە سیاسـییەکان بەکارهێنـدراون و بەپشتبەسـتن بەسـەرچاوە باوەڕپێکراوەکـان هەوڵـی لێکـدانەوەی لـۆژیکیی پرسـەکان دراوە. بەگشـتی دەتـوانم بڵـێم لە هەمـوو ئەم بـاس و تـوێژینەوانەدا هەوڵـم داوە لە ڕێـڕەوی لێکـۆڵینەوەی زانسـتی لانەدەم. درۆ و دەلەسـەی نەیـاران تەنیـا بە پشتبەستن بە زانیاریی دروست و بەڵـگەی مێژوویـی و سـەرچاوەی بـاوەڕپێکراو پووچەڵ بکرێنەوە.

نەیـارانی کـورد لە کەرکـوک باوەڕیـان بە هێـز و خۆسـەپاندن و کـارکردن لەسەر زەوی هەیە، بۆیە گوێ بە بەڵگەی مێژوویی و سەرچاوەی بـاوەڕپێکراو و قانوون و مافی مرۆڤ نادەن. ئەوان ڕاستییەکان دەشێوێنن، درۆ و بوختـانی زۆر بڵاو دەکەنەوە، کە زۆریان لە لای خەڵکانی خۆیان و نەیارانی کـورد کـردووە بە ڕاستیی مێژوویی، هەقیان کردووە بە ناهەق و ناهەقیـان کـردووە بە هەق، بـۆیە هەمـوو کاتێـک لۆژیـک و لێکـدانەوەی بابەتییـانەی پرسـەکان دادی ئەو جـۆرە کەسانە نادات، بەڵکـو مـرۆڤ ناچـارە هەنـدێک جـار بە زمانێـک بیانـدوێنێت کە تێیدەگەن، منیش هەندێک جار ئەوەم کردووە و لێی پەشیمان نیم.

هاوتەمەنەكانی من بێ لێكۆڵینەوە و بەدواداچوونی زانستی، لە نادروستی بەشێكی زۆر لەو بۆچوونانە تێدەگەن، چونكە بەچاوی خۆیان ئەوەیان بینیوە چۆن عەرەب بەدەیان هەزار هێندراون بۆ كەركوك و دەیان گەڕەكیان بۆ دروست كراوە. لە بەرامبەردا گەواهی دەركردنی هەزاران خێزانی كوردیش بوون لە شار و پارێزگاكەیان.

لەم ساڵانەی دواییدا كەركوك سەرنجی نووسەرانی ڕاكێشاوە، زۆربەی ئەوەی لە بارەیەوە بڵاو دەكرێتەوە باس لە لایەنە سیاسییە گەرم و ئاڵۆزەكەی كێشەكەی دەكات. نووسەران بەدەگمەن لا لە ڕەوتی مێژوویی ناوچەكە دەكەنەوە، بێ ئەو كارەیش ئەستەمە ڕەگ و ڕیشە و كرۆكی پرسەكە دەربخرێت. ئەو نووسینانەی لە بارەی كەركوكەوە بڵاو دەكرێنەوە لە دید و بۆچوونی جیاواز و تەنانەت ناكۆكەوە دەنووسرێن، ئامانج و مەبەستەكان، بەرژەوەندیی لایەنەكانی ئەم پرسە ناكۆكن و لە پشت ئەو نووسینانەوە خۆیان حەشارداوە. ڕەنگبێ ئەوەی لەم چەند ساڵەی دواییدا لە بارەی كەركوكەوە نووسراوە  لە هەموو ئەوە زیاتر بێت كە لە یەک سەدەی تەواودا لە بارەی كوردەوە نووسرابێت. ئەمەیش ئەو ڕاستییە دەردەخات كە كەركوك گرێكوێرەی پەیوەندییەكانی نێوان كورد و حكومەتە یەک لە دوای یەكەكانی عێراقە، بە دیوێكی دیكەشدا كرۆک و گەوهەری دۆزی كوردە لە باشووری كوردستان، كاریگەریشی هەیە لەسەر ڕەوشی كورد لە بەشەكانی دیكەی كوردستان.

وەبیر هێنانەوەی ڕاستییە مێژوویی و جوگرافییەكانی پەیوەست بە كەركوك، سەرباری ئەوەی پێویستییەكی زانستییە، ئەركێكی نیشتمانی و ئەخلاقیشە لە ئەستۆی ئێمەومانان. بۆیشی هەیە بەشێک لەو لێكدانەوە و زانیارییانەی، كە بەمەبەستی سیاسی بڵاودەكرێنەوە، بەدرۆ بخاتەوە.

هەر چەندە، ئەو ڕژێمەی ئەو كارەساتانەی بەسەر كەركوكدا هێنا لەناو چوو و ژمارەیەک لە بەرپرس و تاوانكارە سەرەكییەكانی سەریان تیاچوو و سزای خۆیان وەرگرت، بەڵام ئەو بیرە ڕەگەزپەرستە و ئەو كەش و هەوایەی ڕق و كینەی نەتەوەیی و مەزهەبی ئەفراند و سیاسەتی جینۆسایدی كورد و پاكتاوی نەژادی و بەعەرەبكردنی كەركوكی لێ كەوتەوە، لە عێراقی دوای

سەدام حوسێندا زۆر بەهێزەوە ئامادەیە. ڕووداوەکانی ١٦ ئوکتۆبەری ٢٠١٧ و دیمەنەکانی وێرانکردنی خورماتوو، ئەتککردنی کورد و سیمبوڵەکانی، گەواهی زەقی ئامادەیی ئەو بیرەن و وا لە کورد دەکەن باوەڕ نەکات ئەو سەردەمە کۆتایی هاتووە.

ئەو کارەساتانەی ڕژێمی بەعس بەسەر کورد و کەرکوکیدا هێنان، لێکەوتە وێرانکارییەکانی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بە تراژیدیترین شێوە لەبەرچاون. نەک هەوڵ نەدراوە بۆ سڕینەوەیان، بەڵکو ڕووداوەکانی ١٦ ئوکتۆبەری ٢٠١٧ هەموو برینەکانی کولانەوە، باوەڕێکی وایشیان لە لای خەڵک چەسپاند، کە لە عێراقی "فیدیرالی و دیموکراتیشدا!!!" شتێکی ئەوتۆ لە بارودۆخی کوردی کەرکوک نەگۆڕاوە.

لە سەر لە ئێوارەی ڕووخانی ڕژێمەوە و دوای ئەوەیش لە سێبەری ململانێی توندی لایەنە عێراقی، هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا، شەڕێکی میدیایی و پڕوپاگەندەیی بەربڵاو لە ئارادایە لە نێوان ئەوانەی، بەهۆی هەڵوێستەکانیانەوە خۆیان لە سەنگەری ڕژێمەکەی سەدام حوسێندا دەبینییەوە، ئەمانە لە ناسیۆنالیستانی عەرەب، توندڕەوانی ئیسلامی و هەرزەکارە چەپەکانی ڕۆژهەلات و ئەوروپا و ئەمریکا پێکدەهاتن، لەگەڵ ئەوانەی لە دژی ئەو ڕژێمە لە چالاکی سیاسی و سەربازیدا بوون. بەشێک لە بابەتەکانی ئەم کتێبە وەلامدانەوە و بەدواداچوونن بۆ دید و بۆچوونی هەندێک لەوانەی بەپێداگرییەوە بەرگرییان لە سیاسەتەکانی سەدام حوسێن دەکرد و ڕاستییەکانیان لە بارەی کورد و کەرکوکەوە دەشێواند.

پێشهاتە سیاسییەکانی دوای ڕامالینی ڕژێمی سەدام حوسێن، کە لە عێراق هاتنە کایەوە، زۆر لەو ڕاستییانەیان پشتڕاست کردەوە، کە ئێمەومانان بۆ چەندان ساڵ بەرگریمان لێ دەکردن. یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی لێکترازان و دابڕان لە نێوان کورد و عەرەبی عێراقدا لە دوای ٢٠٠٣ لەوەدا دەبینم، کە زۆربەی هەرە زۆری عەرەب و هێزە سیاسییەکانی، هەر یەکەیان بەجۆرێک بەرگری لە سیاسەتی بەعەرەبکردن و لێکەوتەکانی دەکەن. لە کاتی دەسەڵاتی بەعسدا خەڵک، بەتایبەتی کورد دڵی خۆی بەوە دەدایەوە، کە ئەو

ڕژێمە دیکتاتۆرە بەرپرسە لە سیاسەتی بەعەرەبکردن و پاکتاوکردنی کورد لە کەرکوک و ناوچەکانی تر و کەس ناتوانێ بەرهەڵستی بکات. بەڵام لە دوای رووخانی سەدام حوسێن بۆیان دەرکەوت، کە زۆربەی هەرە زۆری عەرەب، بەوانەیشەوە کە لە دژی هەموو سیاسەتەکانی دەسەڵاتی بەعس بوون، دڵخۆشن بەو ئەنجامانەی ئەو سیاسەتە بەدەستی هێناوە و شێلگیرانە بەرگری لە لێکەوتەکانی دەکەن و بە هەموو شێوەیەک لە دژی سڕینەوەی شوێنەوارەکانین. ئەوەی بە وردی سەیرێکی بڵاوکراوە و دەزگاکانی میدیای عەرەبی لە عێراق و دەرەوەی عێراقیش بکات، سەدان نووسین و لێکدانەوە دەبینێت، کە دوور لە هەموو بەها مرۆییەکان پاکانە بۆ ئەو سیاسەتە دەکەن و پاساوی جۆراوجۆری بۆ دەهێننەوە.

دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم، کە بارودۆخی سیاسی عێراق بەر لە ٢٠٠٣ و زاڵبوونی ڕژێمێکی پۆلیسی سەرکوتکەر، وای کردبوو سادەترین زانیاری و ئامار بەنهێنیی نیشتمانی و نەتەوەیی دابنرێت و ڕێگە نەدەدرا بڵاو بکرێنەوە، ئەمەیش وای دەکرد لێکۆڵینەوەی وردی پشت ئەستوور بە ئاماری فەرمی لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا کارێکی ئەستەم و دژوار بێت. بەهەمان شێوە گەیشتن بە سەرچاوە ڕەسەنەکانی پەیوەست بە دۆزی کەرکوکەوە لە عێراقی ئەو کاتە، بەربەستێکی گەورە بوو لەبەردەم توێژەران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنە لەو بارەیەوە. لەناوچوون و تاڵانکردنی بەشێکی زۆر لە ئەرشیف و بەڵگەنامە فەرمییەکانی عێراق لە دوای ٢٠٠٣ ئەم بارەی زۆر سووک نەکرد.

بابەتەکانی ئەم کتێبە ئەو ڕاستییە دووپات و سەدپات دەکەنەوە، کە کەرکوک بەشێکی دانەبڕاوی خاکی کوردستانە، مێژوو هەرگیز لەوانە خۆش نابێت کە چارەنووسیان کرد بە پرسی ژمارە و ئامار و ڕاپرسی. لەگەڵ لایەنگەلێکیشدا، کە باوەڕیان بەهێز و ستەمکارییە، نەک بە هێزی قانوون، بەها مرۆییەکان، مافی هاووڵاتی، دراوسێتی و ڕاستییەکانی مێژوو و جوگرافیا. پەنابردنە بەر دەقی قانوونی و دەستوری لەگەڵ ئەو هێز و ناوەندانەدا، کە باوەڕیان بە دادپەروەری و گێڕانەوەی ماف نییە بۆ خاوەنەکانی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لە درۆیەکی زل بەولاوە هیچی تر نییە.

تۆمــارکردن و وەبیرهێنــانەوەی ئەم ئامــار و ژمــارانە کە تــایبەتن بە کەرکوکی شار و پارێزگا، بۆ ئەوە نییە بکرێن بە بەڵگە بۆ داننان یان داننەنـان بە مافی ئەم پێکهـاتە یـان ئەوی تـردا، باسـکردنی مێـژووی دوور و نزیکـی ئەم ناوچەیەیش بۆ ئەوە نییە پێگەی گرووپێکی دانیشتووان لەسەر حیسابی ئەوانـی تر بەهێز بکرێت و گرنگ پێشان بـدرێت. نـابێ مـافی هاووڵاتیـان و پێکهاتەکـان لەسەر بنەمای ژمارە و پاشخانی مێژووییان بێت، بەڵکو دەبێت لە چوارچێوەی هاونیشــتمانی و هاووڵاتیبوونـدا بێـت. بەڵام بە دیـوەکەی تریشـدا ڕەوا نیـیە کەمینەیەک یا پێکهاتەیەک، کە بۆ خۆی لە سەردەمێکی مێژوودا هاتبێ بـۆ ئەم ناوچەیە و نیشتەجێ بووبێ، بەتەنیا خۆی بە خاوەن ماڵ بزانێ و کوردیش، کە بەدرێژایی مێژوو لەسەر ئەم خاکە بووە و لە هیچ شوێنێکی ترەوە نەهاتووە، بە میوان دابنێ و هەبـوونی لە شـارەکەدا بخـاتە ژێـر پرسـیارەوە و لە هەڵمەتێکـی بەردەوامی شێواندنی زانیارییەکانـدا بێـت. وەڵامـدانەوەی ئەم جـۆرە بۆچـوون و لێکدانەوانە بە کارێکی زانستی و پراکتیکی پێویست دەزانم.

دەبوایە لەو زانکـۆ و ناوەنـدانەی لە کوردسـتان هەن بـایەخی زیاتریـان بە کەرکوک بدایە و لەو هەموو کـۆنفرانس و دیـدارانەی ڕۆژانە لەوێ سـاز دەکـرێن، یەکێکیشیان بۆ باس و خواسی کەرکوک تەرخان بکردایە.

نەوت کە بـۆ زۆر وڵات و شـوێن لە دونیـادا بـوو بە مـایەی گەشـەکردنی ئابووری و خۆشگوزەرانیی دانیشتووان، بـۆ کەرکـوک چەنـد سـاڵی یەکەمـی لـێ دەربکەی، هەمیشە هۆی کارەسات، ململانێ و ناسەقامگیری بووە. دانیشـتووانە ڕەسەنەکەی کەمترین سوودیان لە خێر و بێـری بینیـوە. کـوردی کەرکـوک نەک هەر سـوودی لـێ نەبینیـوە، بەڵکـو بە هـۆی نەوتەوە بەزۆر ڕاگـوێزراوە و مـاڵی وێران کراوە.

دیمۆگرافیــایش ســتەمی زۆری لە کەرکـوک کـردووە، ئەوانەی ڕۆژێـک لە ڕۆژان بەدوای ژیانێکی باشتردا ڕوویان لە کەرکـوک کـرد، پێشـوازییان لـێ کـرا، دواتر بوون بە فاکتەرێک بۆ تێکـدانی بـارودۆخی شـار و پارێزگـاکە. کەس نیـیە ئەو ڕاســتییە مێــژووییە نەزانێــت کە دانیشــتووانی عەرەب و تورکمــان، هەر یەکەیان لە سەردەمێکی مێژووییدا لە شوێنی ترەوە هـاتوون بـۆ کەرکـوک، کەی

هـاتوون و چـۆن هـاتوون ئەوە کێشـە نیـیە. ئەی ئەو خەڵـکەی بەر لەوان بە سەدان ساڵ لێرە دەژیان، کێ بوون؟. ئەمانە هەڵبەتە کورد بوون، پێش ئەوەی ئیتنۆسـی کـوردیش پێکبێـت و دەقـی خـۆی لە دەوروبەری سـەدەی پێنجەمـی زاینیدا وەربگرێـت، بە نـاوی هـۆز و گرووپـی تـرەوە لە کوردسـتان دەناسـران و ناویان لە مێژوودا هاتووە. مێژوو ئەوەی تۆمار نەکردووە کە گەلێکـی دیـکە لەم جوگرافیایەدا ژیابێت و لە ئەنجامی کارەساتێکی سروشتیدا لەناوچووبێت.

لە بـارەی ژمـارە و ئامارەکـانەوە، کە ڕۆژانە دەخـرێنەڕوو و زێـدەڕۆیی زۆریان تیدا دەکرێن، بەپێی سەرژمێرییە گشتییە فەرمییەکانی دەوڵەتـی عێـراق وردەکارییەکـانم تۆمـار کـردووە، کە زۆر لەو ئامـار و ژمـارانە بەدرۆ دەخەنەوە، ئەوەیش دەردەخەن کە کورد هەمیشـە زۆرینـەی هەرە زۆری دانیشـتووان بـووە، تـا ئەو کـاتەی سـەرژمێرییەکان دەسـکاری نەکـران. بەهـۆی ئەوەی لە کەرکـوک لەتەک شـەڕەکانی تـردا، شـەڕی ژمـارە و ئامـاریش زۆر گەرمە، بـۆیە لە چەنـد بەشێکی ئەم کتێبەدا هەندێ لە ئامارەکان دووبارە دەبنەوە.

شـاڵاوەکانی ئەنفـال ئـامێرێکی کـاریگەر بـوون بـۆ وێرانکردنـی پارێزگـای کەرکوک و لاوازکردنی پێگەی کـورد لە سـنوورە مێژووییەکـانی ئەم پارێزگـایە، لەبەر ئەوە بەشـێکی کتێـبەکە بـۆ باسـکردنی ئەنفـال تەرخـان کـرا، بەڵام وردەکارییەکانی ئەنفـال لە نـاوچەی کەرکـوک بـۆ کتێبـی داهـاتوو هەر لەبـارەی کەرکـوکەوە هەڵگیـران. بابەتەکـان زۆر بـوون و قەبـارەی کتێـبەکە زۆر گەورە دەبوو، بۆیە بەباشم زانی لە دوو کتێبدا بڵاویان بکەمەوە.

دوا بەشـەکانی کتێبەکە بـۆ پرۆژەکـانی چارەسـەری کێشـەی کەرکـوک لە دوای سـاڵی ٢٠٠٣ تەرخـان کـراون، کە تـا ئێسـتا هـیچ ئەنجامێکیـان نەبـووە و نەبوونەتە هۆی ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە.

ڕووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و لێکەوتە کارەساتبارەکانی بـارودۆخی کەرکـوک و هەمـوو نـاوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتانی بەشێوەیەک ئاڵۆز کردووە، بـاوەڕ ناکرێـت کـورد بتـوانێ جـارێکی تـر بەئاسـانی ڕۆڵـی سـەرەکی لەم شـوێنانە ببینێـت. ئەوانەی بـوونە هۆکـاری ئەم بـارە ناهەموارە، مەبەستیان هەرچـی بووبێـت، ناویـان لە لاپەڕە ڕەشـەکانی مێـژوودا

تۆمار دەکرێت و ڕۆژێک دێت بەرامبەر بەم تاوانە گەورەیە سزا بدرێن و ببن بەپەندی زەمانە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم، کە ئەم کتێبە بەرهەمی زیاتر لە ٢٥ ساڵی خوێندنەوە، بەدواداچوون، وتار بڵاوکردنەوە، بەشداریکردن لە کۆنفرانس، سیمینار سازکردن، دیداری ڕۆژنامەوانی و تەلەفزیۆنییە لە بارەی کەرکوک و کێشەکەیەوە. کتێبەکە بۆ خوێنەری گشتی، نەک شارەزایان و پسپۆران نووسراوە، بۆیە هەوڵ دراوە زمانەکەی سادە و ئاسان بێت و بە لیستی دوور و درێژی سەرچاوە و تێبینی بار نەکرێت.

لە کۆتاییدا دەبێ سوپاسی کاک بەکر شوانی بکەم کە بەشێکی زۆری کتێبەکەی خوێندەوە و لە کۆمەڵێ هەڵە و پەڵەی چاپ و زمانەوانی ئاگاداری کردمەوە. هەروەها سوپاسی کاک سیروان ڕەحیمیش دەکەم کە ئەویش بەشێکی خوێندەوە و هەمان ئەرکی کێشا.

**نووسەر**
**هۆڵەندا، بەهاری ٢٠١٩**

## کەرکوک، مێژوویەکی دێرین و واقیعێکی تاڵ

ڕەنگبێت باسکردن لە مێژووی دووری پرسێکی پڕ لە ئاڵۆزی و ناکۆکی وەک دۆزی کەرکوک، کە کاریگەرییە کارەساتبارەکانی سەدان هەزار هاووڵاتیی سڤیلیان گرتووەتەوە، بەلای هەندێک کەسەوە جۆرێک بێت لە کات بەسەربردن و دەمەتەقێی بێکاری. سەرباری ئەوە پێموایە ئەم گەشتە خێرایە بە مێژووی کەرکوک و دۆزەکەیدا دەشێت هەندێک سوودی هەبێت، چونکە بێ ئاگاداری و تێگەیشتن لە پاشخانی مێژوویی پرسەکان، ئاسان نییە لە گیروگرفتەکانی ئەمڕۆ تێبگەین.

لەم ساڵانەی دواییدا، کەرکوک بەهۆی ئاڵۆزی بارودۆخەکەیەوە، بایەخی تایبەتی پێدراوە، چەندان کتێب، لێکۆڵینەوە و وتاری لەسەر نووسراون، هەندێک لایەن و ڕەهەندی مێژوویی، سیاسی، جوگرافی و ئابووری دۆزەکەی تاوتوێ کراون. لەبەرئەوە، بە پێویستی نازانم دەق و وەرگیراوی دوورودرێژ لە ناخی کتێب و لێکۆڵینەوەکانەوە بگوێزمەوە بۆ ئێرە. بەڵکو، ئاماژە بە هەندێک وێستگەی سەرەکیی مێژووی ئەم شارە دەکەم کە بەلای منەوە گرنگن. دەشێت بۆ بەشێک لە خوێنەران ئەوەندەی بۆ من گرنگن، بۆ ئەوان وا نەبن و بۆچوونی جودایان لە بارەیانەوە هەبێت.

ئەگەر ئەو چیرۆک و لێکدانەوە زۆرانە وەلاوەبنێین، کە نوێنەرانی پێکهاتە و گرووپە جیاوازەکانی کەرکوک دەیگێڕنەوە، لەبارەی مێژووی شارەکەیانەوە و ئەو هۆز و گرووپانەی بەشدارییان لە بنیاتنانیدا کردووە، وەک ( گوتی، هوری، میتانی...تاد)، یان ئەوانەی تیایدا نیشتەجێبوون، یان فەرمانڕەوا و کاربەدەست بوون، چیرۆکگەلێکن ماوەیەکی زۆر لە خۆ دەگرن، کە بۆ هەزارەی سێیەمی (پ.ز) دەگەڕێتەوە و هەندێکجار لەوەش دوورتر دەڕواتە دواوە. ئەمەش یەکێک لە پارادۆکسەکانی خەڵکی ئەم شارەیە. ئەوان باری ناهەمواری ئەوڕۆی خۆیان و شارەکەیان پشتگوێ خستووە و داهاتوویان بە چارەنووس سپاردووە، کەچی عەودالی مێژووی چەند هەزار ساڵەی شار و دەڤەرەکەن کە هیچ لە باریان سووک ناکات. ئەم چیرۆکانە هەواڵی ئەو زنجیرە گەل و هۆزانەیان تێدایە، کە لەم ناوچەیە نیشتەجێبوون، وەک (لولوویی، سوباری، گووتی،

هووری یان حووری، کاشی، میتانی ئاشووری و میدی...تاد) و هەندێک گرووپی دیکە کە دواتر ڕۆڵی بنچینەیی و گەورەیان گێڕاوە لە پێکهێنانی نەتەوەی کورددا. سەرەڕای هێزی ئیمپراتۆری دیکە، کە هێرشیان هێناوەتە سەر کەرکوک و بۆ چەندین ساڵ فەرمانڕەواییان تێدا کردووە و شوێنەواری گرنگیان تێدا جێهێشتووە، وەک: (ئاشووری، ساسانی، سەلجووقی و گەلێکی تر)، دەڵێم ئەگەر ئەم چیرۆک و زانیارییە مێژووییانە وەلاوەنێین، دەبینین کەرکوک بەلای کەمەوە تەمەنی پێنج هەزار ساڵ دەبێ. بەم جۆرەش یەکێک لە کۆنترین شارەکانی ناوچەکەیە. کەرکوکیش، وەک زۆر شاری دیکەی هاوشێوەی خۆی لە جیهانی کۆندا، لە شێوەی قەڵا لەسەر گردێک دروست کراوە و لە هەموو لایەکەوە بۆ بەرگری لە هێرشی هۆز و سوپای هێرشبەران بە شوورە دەورەدراوە و چوار دەرگاشی هەبووە. ئەو شوێنەوارە دەوڵەمەندانەی لە نزیک کەرکوک دۆزراونەتەوە، ئاماژە بەم ڕەوتە مێژووییە دەوڵەمەندە دەکەن و ڕۆڵی شارەکە و ناوچەکە لە شارستانی میزۆپۆتامیادا دەخەنە ڕوو.

کەرکوک لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەشێک بووە لە مێزۆپۆتامیا و زۆربەی جاران ناوەندی هەرێمی شارەزوور بووە، کە یەکێک لە بەناوبانگترین هەرێمە مێژووییەکانی کوردستان بووە، لە تەک هەردوو هەرێمی جزیرە و چیادا، بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست و تا کۆتاییی سەردەمی عوسمانی[١].

مەبەستی نوێنەرانی پێکهاتە ئەتنیکییەکانی ئەم شارە لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆک و ئەفسانانە و گەڕان لە دووتۆی کتێبەکانی مێژوودا بۆ ئەوەی زۆرترین چیرۆک بەدەست بێنن، یاخود وەک خۆیان ناویان لێ دەنێن (بەڵگە مێژووییەکان) لەسەر بوونی مێژووییان لە ناوچەکەدا. ئەم چیرۆکانە لە ململانێی سیاسی و ئەتنیکیدا بەکار دەهێنن، کە سەبارەت بە ناسنامەی مێژوویی و نەتەوەیی و کولتووریی شار و پارێزگاکە لە ئارادایە. ئەم پێکهاتانە ئەو ڕاستییە لە یاد دەکەن، کە مافەکانیان وەکو هاووڵاتی و دانیشتووی ئەم شار و پارێزگایە، نابێت تەنیا بەوە پشت قایم بن و بەوەوە گرێ بدرێن، کە چەند لە مێژە لێرە دەژین، یاخود ژمارەیان چەندە. هەرچەندە ئەم هۆکارانە گرنگن بۆ دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، جوگرافی و کولتووریی ناوچەکە،

بەڵام نابێت مافە سیاسی، کولتووری و کارگێڕییەکان لەسەر ئەم بنەمایانە دیار بکرێن.

لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عەباسی و زاڵبوونی هۆزە شوانکارەکانی مەنگۆلیا و ناوەڕاستی ئاسیا بەسەر ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا، کەرکوکیش وەک هەموو شار و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات ڕووبەڕووی پشێوی و ناسەقامگیری بووەوە. لەسەر دەستی سەلجووقی، مەگۆل، ئەتابەک، قەرەقۆینلو، ئاق قۆینلو، سەفەوییەکان و عوسمانییەکان، لە تەک ململانێی سەرۆک هۆز و دەرەبەگە خۆجێیەکانی کوردا، خەڵکی ئەم دەڤەرە جەزرەبەی زۆریان کێشا. لەم ململانێ درێژخایەنەدا، کە ماوەی زیاتر لە هەزارساڵی خایاند، بارودۆخێکی ناهەموار، وێرانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری باڵی ڕەشی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو. لە نیوەی یەکەمی سەدەی شازدەهەمدا داگیرکاری عوسمانی دەستی پێکرد، باری دواکەوتن و داتەپین و سیاسەتی تالانکاری بۆ چوار سەدەی تەواو بەردەوام بوو. ناوچەکە لەو ماوەیەدا بەهۆی ململانێی درێژخایەنی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانەوە دووچاری نەهامەتیی گەورە بووەوە، بەتایبەتی، لە ماوەی هەڵمەتەکانی شا عەباسی یەکەم (ساڵی ١٦٢٣) و پەلاماری نادر شا و داگیرکردنی کەرکوک (ساڵی ١٧٤٣) و دووبارە داگیرکردنەوەی عوسمانی لە ساڵی (١٧٤٦). ئەم پەلامار و هەڵمەتانە هەروا بە ئاسانی تێنەدەپەڕین، بەڵکو کاریگەری زۆریان لێ دەکەوتەوە و شوێنەواری زۆر خراپیان لەسەر ژێرخانی ئابووری بەجێدەهێشت، پێکهاتەی ئەتنیکی دانیشتووانیان دەهەژاند و باری کۆمەڵایەتی کەرکوک و دەوروبەریان تێکدەدا.

لە سەدەی هەژدەهەمەوە کەرکوک بوو بە مەیدانی ململانێی نێوان پاشاکانی بەغدا و شارەزوور بۆ سەپاندنی باڵادەستیی خۆیان. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین، کە کەرکوک بە درێژایی چەندان سەدەی دوورودرێژ ئاسوودەیی و سەقامگیری بە خۆوە نەبینی. لەگەڵ باڵادەستی ڕووکەشیی دەروازەی باڵا لە کەرکوک لە سەردەمی مێژووی نوێدا، لێ دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەم شارە و لە گەلێک شوێنی دیکەی کوردستان بەدەست سەرۆک هۆز و دەرەبەگە کوردەکانەوە بوو، بەتایبەتی میرەکانی بابان و ئەردەڵان.

بەدرێژایی سـەدەکانی ناوەڕاسـت کەرکـوک بریتـی بـوو لە کۆمەڵە ماڵێـک لەسـەر تەپـۆڵکەیەک لەسـەر ڕێـگەی نێـوان داقـووق و هەولێـر. واتە داقووقـای مێژوویـی، کە دواتـر کـرا بە قەزا، ئەوجـا نـاحیە و دیسـان کـرایەوە بە قەزا، لە کەرکوک گرنگتر و بەناوبانگتر بوو. پێشتر و تا سەدەی چواردەهەم کەرکوک لە ڕووی کارگێڕی و ئابوورییەوە سەر بە داقووق بوو، هەر دووکیشیان پەیوەندییان لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ هەولێر و شارەزووردا بوو، زیاتر لە پەیوەنـدییان بە هەر دەڤەرێکی تری ناوچەکەوە (٢).

ناوی کەرکوک بەم شێوەی ئێسـتای دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەردەمی تەیمـوری لەنگ، بۆ یەکەمین جار لە کتێبی شەرەفەددین عەلـی یەزدی (ظفرنـامە)، کە لە دەوروبەری سـاڵی (١٤٢٤/ ١٤٢٥ز) دا نووسـراوە، بەم شـێوەی ئێسـتای نـاوی هاتووە (٣). وا دیارە، قەڵای بە شوورە دەورەدراو بۆ چەندان سەدەی دوورودرێـژ تاکە شوێنی نیشتەجێبوو بووە لە شـارەکەدا و ژمـارەی خانووەکـانی لە نیـوەی سـەدەی شـازدەمدا دەوروبەری (١٧٠) مـاڵ بـووە. بەپێـی هەنـدێک سـەرچاوەی مێژوویـی، خـانووی پاشـاکانی شـارەزوور تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدەم بەرچاوترین خانووەکانی قەڵای کەرکوک بوون.

هەر لەو دەوروبەرەدا خـانوو و شـوێنی بازرگـانیی دی لە دەرەوەی قەڵا دەردەکەون. هەنـدێک ئامـاژە هەن، تـایبەتن بە سـاڵی (١٥٤٨)، کە بـاس لە گەڕەکـی (ئیمـام قاسـم) دەکەن، کە ئەو کـاتە (٢١) مـاڵی لـێ بـووە لەگەڵ مزگەوتەکەی (ئیمـام قاسـم)دا، کە لە سـاڵانی ( ١٦١٤، ١٦٩١ و ١٨٩٤) نـۆژەن کراوەتەوە. هەر ئەو سـەرچاوەیە ئامـاژە بە کەنیسـەی سـووری سـەر گـردەکەی ڕۆژهەڵاتـی قەڵاش دەکـات، کە دەکەوێـتە سـەر ڕێـی کەرکـوک- سـلێمانی (٤). تەکـیەی تاڵەبـانی لە دەسـپێکی سـەدەی هەژدەهەم لە لایەن مەلا مەحمـودی زەنگنە بنیاد نراوە و دواتر لە لایەن شێخ عەبدولڕەحمانەوە فراوان کراوە، بـۆیە هەندێک نووسەر باس لەوە دەکەن گوایە شێخ عەبدولڕەحمان بنیادی ناوە (٥).

دوای ئەوەی عوسـمانییەکان دەسـتیان بەسـەردا گـرت، کەرکـوک بەپێـی سیستەمی دەرەبەگایەتی بەڕێوە دەبـرا، ئەرکـی بەڕێـوەبردنی بە موتەسـەلیمێک دەسـپێردرا بەرامـبەر بـاج و سـەرانەیەکی دیـاریکراو، کە دەبـوایە بیـدات بە

دەروازەی بـــالآ "بـــابی عـــالی". لە ســـاڵی (١٨٤٠) دوای ئەوەی سیســـتەمی دەرەبەگـــایەتی هەڵوەشـــێنرایەوە، کـــارگێڕیی کەرکـــوک گەڕایەوە بـــۆ ویلایەتـــی شارەزوور و هەر بە خۆیشی کرا بە ناوەندی ئەم ویلایەتە. لە ساڵی (١٨٧٩)ش بوو بە سنجەق و خرایە سەر ویلایەتی موسڵ.

لێـرەدا جێـی خـۆیەتی ئامـاژە بەو راسـتییە مێـژووییە بـکەم، کە لیـوای کەرکـوک تـا کۆتـایی جەنگـی یەکەمـی جیهـانی ئەم قەزایـانەی دەگـرتە خـۆ: کەرکوک، هەولێر، ڕانیە، رەواندز، کۆیسنجەق و کفری و هەمـوو دەوروبەری ئەم شـــارۆچکانە. لە ســـاڵی (١٩١٨) بەریتانییەکـــان قەزاکـــانی ســـەرووی زابیـــان جیاکردەوە و لیوایەکی نوێیان لێ دروستکرد بە ناوی لیوای اربیل/ هەولێر.

واتە لیـوای کەرکـوک لەو کـاتەدا زۆربەی خـاکی باشـووری کوردسـتانی ئێستای لە خۆ گرتبوو، بێجگە لە قەزا کوردییەکانی سـەر بە موسـڵ، کە دواتـر لە ســـاڵی (١٩٦٩) پارێزگـــای دهۆکیـــان لـــێ پێکهێنـــرا، و ســـلێمانی و قەزای خانەقین و دەوروبەری، کە بەهۆی گرنگیـی پـێگەی جـوگرافییەوە لە پەیوەنـدی لەگەڵ ئێراندا ئەمەی دواییان خرابووە سەر بەغدا و دواتـر خـرایە سـەر دیالە. پەیوەسـتی ئەم ناوچـانە لەڕووی کـارگێڕییەوە بە کەرکـوکەوە و بەڕێـوەبردنی کاروبارەکانیـان لە کەرکـوکەوە بـۆ خۆیـان ئامـاژەن بە ناسـنامەی مێژوویـی و جـوگرافیی ڕاسـتەقینەی شـار و پارێزگـاکە، کە ئەمـڕۆ زۆر لایەن بەمەبەسـتی سیاسی هەوڵ دەدەن نکۆڵی لێ بکەن.

وادیـارە کەرکـوک لە سـایەی فەرمـانڕەوایی هەردوو میرنشـینی کـوردی ئەردەڵان و باباندا لە جاران فراوانتـر بـووبێ، ئەوەتـا ئـۆتێر، یەکەم گەشـتیاری فەڕەنسی، کە لە ساڵانی ١٧٣٥ و ١٧٣٩ بۆ دوو جار سەردانی کـردووە، ئامـاژە بەوە دەکـات کە لە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی هەژدەهەمـدا شـارێکی قەبـارە ناوەنجی و پڕ لە گردۆڵکە بووە، شوورەیەکی هەبووە و قەڵاکەی سەخت و لێوار تیژی لێژ و دژوار بووە، زێیەکی بەخواردا دەڕۆیشت کە ناوی "خاسە" بووە. ئەو ناوەش واتا "خاس و خاسە" بە وشـەیەکی ڕەسـەنی کـوردی نـاوچەی کەرکـوک دادەنـرێ، کە وەک بـاوە بە واتـای بـاش دێـت. گەشـتیارەکەش هەر بەو واتـایە ئاماژەی پێکردووە، واتـا ئـاوی خاسـە لە چـاو ئـاوی بیـر ئـاوەکەی بە خـاس و سازگار دانراوە.

ئــۆتێر ئامـــاژەی بەوەش کــردووە، قەڵاکە بــۆ چاخەکـــانی زۆر کــۆن دەگەڕێــتەوە. شــارەکە، لەو کــاتەدا کە ئەو ســەردانی کــردووە، لە دوو بەش پێکهــاتبوو: بەشــی یەکەم، قەڵاکە بــوو، ژمــارەیەکی زۆری دانیشــتووان لەوێ نیشتەجێ بـوون. بەشـی دووەم، نـاوچەی دەوروبەری قەڵاکە بـووە کە ناوەنـدی بازرگانیی شار بووە و تا ئێستاش هەر وایە. ئۆتێر ئەوەی دووپـات کـردووەتەوە کە کەرکـوک پـایتەختی پاشـایەتی (پاشـالق) شـارەزوور بـووە و بە بەشـێکی گرنگــی کوردســتانی دانــاوە. بەڕای ئەو حکــومەتی شــارەزوور ٣٢ کەرت یــان نـاوچەی دەگـرتەوە. ویـلایەت و نـاوچە هاوسـنوورەکانی پاشـایەتی شـارەزوور هەریەک لە ئازەربایجان، بابان، بەغدا، موسڵ، ئامێدی و هەکـاری بـوون. ئـۆتێر ئەوەشــی بــاس کــردووە کە پادشــای شــارەزوور ئەو کــاتە لە کەرکــوک دادەنیشت(٦).

دوا ســەدەی تەمەنــی دەوڵەتــی عوســمانی ململانێیەکــی زۆر لە نێــوان پاشاکانی بەغدا و شارەزوور لەسەر دەستگرتن بەسەر کەرکوکدا لە ئـارادا بـوو. والییەکانی شارەزوور ڕاستەوخۆ لەلایەن دەروازەی باڵاوە دادەنـران و لەناوەنـدی ویــلایەتەکەوە، کە کەرکــوک بــوو، بە ســەربەخۆییەکی تەواو لە دەســەڵاتی پاشـایانی ویلایەتەکـانی دەوروبەر، کارەکانیـان بەڕێـوەدەبرد. بەڵام پاشـاکانی بەغـدا لە ناوەڕاسـتی سـەدەی هەژدەمەوە دەسـتیان بەوە کـرد پیـاوانی خۆیـان وەک موتەســەلیم لە کەرکــوک دابنــێن، ئەمەش لە لای پاشــایانی شــارەزوور پەسەند نەبوو، ئەوان قەت دەستیان لەوە هەڵنەگرت، کە هەوڵ بدەن پایتەختی ویلایەتەکەیـان لە پاشـایانی بەغـدا وەربگـرنەوە، بـۆیە هەمیشـە هەڕەشـە بـوون لەسەر دەسەڵاتی پاشایانی بەغدا لە کەرکوک. دەشـێت بپرسـین، تـۆ بڵێـی ئەم ململانێـیەی ئێسـتای فەرمانڕەوایـانی نـوێی بەغـدا لە دژی هەرێمـی کوردسـتان لەسەر کەرکوک، لەو کانیاوەوە سەرچاوەی نەگرتبێ؟!.

کەرکــوک لە ڕابــردوودا زۆر ســەرنجی گەڕیــدە بیانییەکــانی بــۆ خــۆی ڕانەکێشاوە. گەڕیدەکان کە لە پایتەختی ئالی عوسمانەوە دەهـاتن و ڕوویـان لە بەغـدا دەکـرد یـاخود بە پـێچەوانەوە، دەیـانتوانی بەچەنـد کیلۆمەترێـک لە ڕۆژئـاوایی شـارەکەوە ڕەت بـن، بـێ ئەوەی پێیـدا تێـپەڕن و یادداشـتی لەسـەر

تۆمــار بــکەن. ئەوان کە بە ڕێــگەی موســڵدا دەهــاتن بە تکریــت و ســامەڕادا تێدەپەڕین بۆ ئەوەی بگەنە بەغدا، لەوێشەوە ئەگەر بچووبانـایە بـۆ ئێـران، ئەوا ڕوویـان لە خـانەقین و قەسـری شـیرین دەکـرد. بـۆیە کەرکـوک لە سـەردەمی هاتوچۆی گەڕیدە و گەشـتیارانی بیانیـدا ناوەنـدێکی گرنـگ نەبـوو کە لە هـزر و بیریاندا بێت و ڕووی تێبکەن، واتا شوێنێکی وا نەبوو گەڕیدەکان هەست بـکەن، ئەگەر پێیدا تێنەپەڕن شتێکی زۆر لە دەست دەدەن. ڕێگایەکی دیـکەش هەبـوو کە دەرفەتــی کەرکــوکی زێــدە دەکــرد بــۆ ئەوەی ببێــت بە وێســتگەیەک لەو گەشتانەی بەو ڕێگەدا دەکران. ئەو ڕێیەی بە ناوەندی کوردستاندا تێدەپەڕی لە سلێمانییەوە بۆ سنە (سەنەندەج) و هەمەدان و دواتریش بۆ ئەسفەهان و تاران، ئەگەر ڕێبـوار لە موسڵەوە یـان لە بەغـداوە بهاتبـا یـان لە تـاران و هەمەدانەوە بگەڕابایەتەوە بۆ ئەوێ [٧].

هەر لەبەر ئەمەیە، ئەو زانیارییانەی لەبەردەسـتدان لەبـارەی کەرکـوکەوە، بە بەراورد لەگەڵ شــار و ئاوەدانییەکــانی دیــکەی ڕۆژهەڵاتــدا، کە گەڕیــدە و بازرگــان و ســەرەڕۆکان پێیانــدا تێپەڕیــون زۆر هەژار و پەرت و بــڵاون. بــۆیە توێژەران ناتوانن وێنەیەکی باش لە بارەی کەرکـوکەوە لە سـەردەمی دەسـەڵاتی عوسمانیدا دروست بکەن.

لەبەرامبەردا، ئەو ڕێگەی بە کەرکوکدا تێدەپەڕی زۆر بەکـارهێنرا لەلایەن سـوپای داگیـرکەران و هێـزە سـەربازییە پەلاماردەرەکـان بـۆ داگیرکردنـی ئەم نـاوچەیە، یـاخود بـۆ خۆپاراسـتن لە پەلامـاری هێزانـی نەیـار و دوژمنکـار. لە ئەنجـامی ئەم ململانـێ درێژخایەنـانەدا بەدرێژایـی سـەدەکان بـۆ دەسـتگرتن و خۆســەپاندن بەســەر ئەم دەڤەرەدا، ئەو هەمــوو هێــرش و هێرشــکارییە بــوون بەهـۆی مـاڵوێرانی و کـاولبوونی نـاوچەکە لەسـەر هەمـوو ئاسـتەکان، سیاسـی، ئـابووری، کـۆمەڵایەتی و کولتـووری کە تـا ئێسـتاش شـوێنەوارەکانیان بەسـەر کەرکوکەوە ماون.

کۆتـایی سـەدەی هەژدەم و نیـوەی یەکەمـی سـەدەی نـۆزدەهەم خـاڵێکی وەرچەرخــانی گرنــگ بــوو لە مێــژووی کەرکــوک و هەمــوو کوردســتاندا. لەو سـەردەمەدا، کە بەسـەردەمی تەنزیمـاتی عوسـمانی نـاودەبرێ، دەروازەی بـاڵا

دەستبەرداری سیاسەتی کۆنینەی خۆی بوو لە کوردستان، کە بریتی بوو لە هێشتنەوەی دەسەڵاتی سەرەک هۆز و میر و دەرەبەگە خۆجێیە کوردەکان بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، بەرامبەر بە ناردنی باجی ساڵانە بۆ دەروازەی باڵا و ناردنی سەرباز بۆ بەشداریکردن لە شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا و ناوبردنی پادشای عوسمانی لە وتاری نوێژی هەینیدا. دەوڵەتی عوسمانی لە کاتی شەڕی چاڵدێرانەوە (١٥١٤) لە دژی دەوڵەتی سەفەوی، ئەم سیاسەتەی لە کوردستاندا پەیڕەو دەکرد. لێ لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و دەسپێکی سەدەی نۆزدەهەم پێشکەوتن و گەشەکردنی ئەوروپای ڕۆژئاوا کاربەدەستانی عوسمانییان لەو ڕاستییە بەئاگا هێنا، کە ئەوان لە کاروانی پێشکەوتنی ئەوروپا زۆر بەجێماون و ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بن ئەوا سەریان تێدا دەچێت. بۆیە بیر لە ئەنجامدانی هەندێک چاکسازی کرایەوە بەمەبەستی درێژەدان بەتەمەنی دەوڵەتی عوسمانی و مانەوەی دەسەڵاتی و باڵادەستییان بەسەر ئەو هەموو گەل و وڵاتانەدا. ئا لێرەوە دەروازەی باڵا بڕیاری دا ویلایەتەکانی کوردستان ڕاستەوخۆ بەڕێوەببات و پاشا و والییان لە ئەستەموڵەوە بۆ ڕەوانە بکات، هەڵبەتە لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتی سەرەک هۆز و میر و دەرەبەگە کوردەکان ڕامالێت و لەناویان ببات.

ئەو سیاسەتەی عوسمانییەکان لە کوردستان، لە ماوەی سێ سەدەدا پەیڕەویان کردبوو، کاریگەری قووڵ و ناکۆکی لەسەر بارودۆخی وڵاتی کوردان دانابوو. لەلایەکەوە هۆکارێک بوو بۆ مانەوەی کورد لەسەر خاکی خۆی و باڵادەستی سەرەک هۆز و میرەکانی و لەناو نەچوونی زمان و کولتوورە میللییەکەی. بەڵام لەلایەکەی دیکەوە، بوو بەهۆی پەرتەوازەیی کورد و سەپاندنی حاڵەتی دابەشبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای هۆز، خێڵ، ناوچە و زاراوە. بە وتەیەکی دیکە بوو بەهۆی جێگیرکردنی بونیادی خێڵەکی و دەرەبەگایەتی لە کوردستان بۆ دەمێکی دووردرێژ، کە کۆسپی گەورەی لە بەردەم پرۆسەی بەنەتەوەبوونی کورددا دروست کرد. پێمwایە کۆمەڵگەی کوردی تا ئەمڕۆش لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کولتوورییە وێرانکەرەکانی ڕزگاری نەبووە. ئەم پرۆسەیە ئەوەندەی پەیوەندی

به کەرکـــوکەوە هەبـــوو ئەوە بـــوو، کە ئەم شـــارە لە ناوەڕاســـتی ســـەدەی نۆزدەهەمەوە دەسەڵاتی کوردی تێدا نەما و بوو بە ناوەندێکی گرنگـی کـارگێڕی و ســەربازیی عوســمانی و مەڵبەنــدێک بــۆ کــۆکردنەوەی ســەرباز و فەرمــانبەری کارگێڕی بۆ دەوڵەتی عوسمانی. لەو چرکەساتەوە کـاریگەریی عوسـمانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەســەر کەرکــوک و دانیشــتووانی پەرەی دەســەند و شــوێنەوارەکانی بەدەردەکەوتن، سیمای کولتووری و ئەتنیکی شارەکە گۆڕانیان بەسەردا دەهـات و دیموگرافیــاکەی دەکەوتە ژێــر کــاریگەریی کولتــووری باڵادەســتەوە، بەشــێکی دانیشتووانی ڕەسەنیشی زمان و نەزمی ژیـانی خۆیـان لەگەڵیـدا دەگونجانـد. بە وتەیەکـی دیـکە کەوڵــی خۆیـان دەگـۆڕی و لاسـایی کاربەدەسـتانی عوسـمانی و دەست و پێوەندەکانیان دەکردەوە و بە زمانی ئەوان قسەیان دەکرد.

لەگەڵ جێگیربوونی دەسەڵاتی کـارگێڕی و سـەربازی عوسـمانیدا، ژمـارەی فەرمانبەری سەربازی و مەدەنی عوسـمانی زۆر دەبـوون و سـیمای شـار گـۆڕانی بەسەردا دەهات. پرۆسەی بەعوسمانیکردن (تۆ بڵێ بە تورککردن)ی بەشێک لە دانیشتووانی ڕەسەنی کەرکوک دەستی پێکرد. هاوتەریب لەگەڵ ئەم پرۆسـەیەدا باری دیمۆگرافی شار و دەڤەر گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەم پرۆسـەیە لە سـەدە و نیـوی داهـاتوودا دەبێـتە سـیمایەکی سـەرەکی ژیـانی کولتـووری، کـۆمەڵایەتی، ئــابووری و سیاســی شــاری کەرکــوک و شــارۆچکەکانی دەوروبەری(٨). لەگەڵ ئەوەشدا تا کۆتایی سـەدەی نـۆزدەهەم، سـەرچاوەیەکی گرنـگ و متمـانەبەخش نــابینین، ئامــاژە بە گۆڕانکــاریی درامــاتیکی بکــات لە پێکهــاتەی ئەتنیکیــی دانیشتووواندا.

لێرەدا پێویستە ئامـاژە بەو ڕاسـتییەش بـکەم، کە ناکرێـت زۆر پشـت بەو ئامــار و ژمــارانە ببەســتین، کە لە نووســینی هەنــدێک گەڕیــدە و گەشــتیار و سەرچاوەدا هاتوون. لە بارەی نەبوونی سـەرژمێری و داتـای متمانەبەخشـدا ئەو ئامارانە تەنیا خەملاندن بوون، زۆر جـاریش هـی کەسـانێک بـوون کە تەنیـا بەو ناوەدا تێپەڕیـون، یـان لە باشـترین حاڵەتـدا چەنـد ڕۆژێـک لە کەرکـوک یـان لە یەکێک لە شارۆچکەکان مـاونەتەوە. بـۆیە جیـاوازی و نـاکۆکی زۆر لەو ژمـارە و زانیارییانەدا بەرچاو دەکەون.

ڕەنگبێت کلیمان، کە لە ساڵی (١٨٥٦) سەردانی کەرکوکی کردووە، یەکەم گەڕیدەی بیانی بێت کە خەمڵاندنێکی بۆ دانیشتووانی شارەکە ئەنجام دابێت و ئاماژەی بە ژمارە و پێکهاتەی دانیشتووانەکەی کردبێت. کلیمان ژمارەی دانیشتووانی بە (٢٥) هەزار کەس خەمڵاندووە. پێدەچێت سەربازە عوسمانییەکانی، کە دەمێکی کورت بوو لە کەرکوک جێگیر کرابوون، لەگەڵ خەڵکی شاردا حیساب نەکردووە و بە بێگانەی داناون. کلیمان کوردانی شارەکەی بە سێ لەسەر چواری دانیشتووان خەمڵاندووە[٩]. بەپێی ئەو لێکدانەوەیە کوردانی کەرکوک زیاتر لە هەژدە هەزار کەس بوون، ئەوانی دی بە هەموویانەوە، جوو، کرستیان بەهەموو ڕێبازەکانیانەوە، تورک و عەرەب دەوروبەری شەش هەزار کەس بوون. پێموایە شەمسەدین سامیش لە ڕێی ئەم زانیارییانەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕێژەی کورد لە کەرکوک بە سێ لە چواری دانیشتووان دادەنێ.

شایانی تێبینییە، زۆربەی گەڕیدە و گەشتیاران، ئەوانەی بە کەرکوکدا ڕەت بوون و باسی پێکهاتەی دانیشتووانەکەیان کردووە، سەرباز و زۆربەی جارانیش فەرمانبەرە شارستانییە عوسمانییەکانیان لەگەڵ دانیشتووانی شاردا نەژماردووە. ئەوانەیان بە بیانی و نیشتەجێی کاتی داناوە، کە لە دوای کۆتاییهاتنی خزمەتی سەربازی و مەدەنییان گەڕاونەتەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتوون، جگە لە هەندێکیان کە بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی نوێوە، یاخود بەرژەوەندیی ئابوورییەوە دەمانەوە. ئەندازیاری ڕووسی "یۆسیپ چێرنیک"، دوای کلیمان بە دەوروبەری بیست ساڵێک، لە ساڵی (١٨٧٣ — ١٨٧٤) سەردانی کەرکوکی کردووە بە ئامانجی توێژینەوە لە بارەی کەشتیوانییەوە لە ڕووباری دیجلە و زێ و ڕووبارەکانی، بەڵام ئەمیان ژمارەی دانیشتووانی شارەکەی بە (١٢– ١٥) هەزار کەس خەمڵاندووە، هەموویانی بە کورد لە قەڵەم داوە، جگە لە (٤٠) خێزانی کرستیان، کە ئەو بە هەڵە بە ئەرمەنی داناون. ئا بەم جۆرە دەبینین ئەو ئامار و خەمڵاندنانە چەندێک ناکۆک و لە یەکەوە دوورن، بەتایبەتی، سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووان و بەڕادەیەکی کەمتر لە بارەی پێکهاتەی ئیتنیکییانەوە. شەمسەدین سامی، نووسەری

بەناوبانگی عوسمانی و بە بنەچە ئەلبانی و یەکێک لە پێشەنگانی نوێخوازی لە ئەدەبی تورکیدا، لە سەرچاوەیەکی جێی باوەڕ و متمانەی وەک "قاموس الأعلام"دا، واتا فەرهەنگی ناودارانـدا، ژمارەی دانیشتووانی کەرکوکی بەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بە چەند ساڵێک بە (٣٠) هەزار کەس خەملاندووە، ئەمیش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە سێ لە چواری دانیشتووانی شاری کەرکوک کوردن[١٠].

لە سەدەی بیستەم لەسەر دەستی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، گەورەترین پرۆسەی یاریکردن بە دیمۆگرافیای کەرکوک کرا، تا لەسەر دەستی ڕژێمی سەدام حوسێن گەیشتە ترۆپک، کاتێک سیاسەتی پاکتاوکردنی کورد و بەعەرەبکردنی کەرکوک بوو بە خاڵی سەرەکی لە ستراتیژی حکومەتی بەعسی عێراقدا لەو شارە و زۆر دەڤەری تری باشووری کوردستان. ڕێژەی کورد لە لیوای کەرکوک لە کۆتایی سەردەمی پاشایەتی دابەزیبوو بۆ ٤٨%ی دانیشتووان. واتا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە ڕێژەی کورد لە سێ لەسەر چواری دانیشتووانەوە دابەزیبوو بۆ کەمتر لە دوو لەسەر چوار. ڕۆڵی دۆزینەوە، دەرکردن و هەناردەکردنی نەوت لە کەرکوک کەم نەبوو لە گۆڕینی دیمۆگرافیای شار و لیواکە لە سەردەمی پاشایەتی. هەر لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە شارەکە بوو بە ناوەندێکی ڕاکێشانی دانیشتووان لە لیواکانی تری عێراقەوە. زێدەبوونی دانیشتووانی شار ڕێژەیەکی بەرزی بەخۆوە بینی، بەهۆی کۆچی بەردەوام لەو ناوچانەی کە بە دەڤەری توڕدەری دانیشتووان دادەنرێن. لێرەدا ئاماژە بە نموونەیەک دەکەم، کە دەتوانێت سەرتاپای وێنەکە ڕوون بکاتەوە، ژمارەی دانیشتووانی ناوەندی قەزای کەرکوک بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ بریتی بوو لە (٦٧٧٥٦) کەس، کە زیاتر لە (١٨) هەزاریان، واتا زیاتر لە چواریەکیان لەدایکبووی لیواکانی تری عێراق بوون. لە ئامارەکانی سەرژمێری ١٩٥٧دا ئەم ژمارەیە گەلێک زیاتر بوو، کە هاووڵاتی هەندێک لە وڵاتانی عەرەبیشیان تێدا بوون. ئەمە بەرهەمی تەنیا دە پازدە ساڵی دوای دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت بوو. لەو بەشانەی باس لە ڕێژەی دانیشتووان لە کەرکوک دەکەم لە سەرژمێرییەکانی ١٩٤٧ و ١٩٥٧، ئامارەکان بە فراوانی دەخەمە ڕوو.

جێـی خـۆیەتی لێـرەدا ئامــاژە بە هەنـدێک ڕاسـتیی تـر بـکەم. دوای بەسـەرچوونی چـوار دەیەی تەواو بەسـەر نەمـانی دەسـەڵات و فەرمـانڕەوایی عوسـمانیدا لە کەرکـوک و عێـراق، لە ناوەنـدی قەزای کەرکـوک و بەپێـی ئامارەکانی سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧)، هێشتا (١٣٥٣) کەس لە ژیانـدا مـابوون کە لە تورکیـا لە دایـک ببـوون. ئەم ژمـارەیەی دوایـی ئەو ڕاسـتییە دووپـات دەکـاتەوە، کە چەنـدین سـاڵە هەنـدێک لایەن نکـۆڵی لـێ دەکەن، مەبەسـتم سیاسەتی جێنشینکردنی فەرمانبەرانی شارستانی و سەربازی تورکە لە کەرکوک لەلایەن دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانییەوە لە دوای شکستی دەوڵەتی عوسمانی و داگیرکردنـی شـارەکە لەلایەن ئینگلیـزەوە لە کۆتـایی شـەڕی یەکەمـی جیهانیدا[11].

پاساوی بەریتانییەکان ئەوە بوو، کە پێویستییان بەو فەرمانبەرانە هەیە و سـوودیان لـێ دەبیـنن لە بەڕێـوەبردنی کاروبـاری لیـواکەدا. ئینگلیزەکـان بەمەبەستی پەراوێزخستنی دانیشتووانی کورد لە شارەکە ئەم کارەیان دەکرد، چـونکە دروشـمی کـورد و خەبـاتی بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتان بـوو. ئەو داخـوازییەی کـورد تەواو نـاکۆک بـوو لەگەڵ سـتراتیژ و بەرژەوەنـدییەکانی بەریتانیـا، بـۆیە ئەوە کـرا بە بنەمـایەکی سـەرەکی بـۆ پەراوێزخستنی کورد لە شار و لیوای کەرکوک و تا دەهات باری کـورد سـەختتر دەکرا و ناچار دەکرا بە هاوولاتی پلە دوو قایل بێت.

پرۆسەی کۆچکردن و ڕووکردنە کەرکوک لە دەیەکانی دواتر بە ژمارەیەکی زۆر بەردەوام بوو، سەرچاوە فەرمییەکـان ئامـاژە بە ٣٩ هەزار کەس دەکەن کە لە سـالانی (١٩٤٧- ١٩٥٧) بـۆ کەرکـوک کۆچیـان کـردووە[12]. ئەم ژمـارەیە ئەوانەش دەگرێتەوە کە لە شارۆچکە و گوندەکانی خودی لیوای کەرکوکەوە بۆ ناو شارەکە هاتوون.

ڕاسـتییەکی دیـکەش هەیە ئەویـش ئەوەیە، هەمـوو سـەرچاوە و ژێـدەرە ڕەسـەن و متمانەبەخشـەکان ئاماژەیـان بەوە کـردووە کە کەرکـوک بەشـێکە لە خاکی کوردستان. بۆ نموونە، ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی ئاماژەی بەوە کـردووە کە کەرکـوک دەکەوێـتە دامێنـی چیـای زاگـرۆس لە کوردسـتانی عێـراق[13].

هەروەها ئینسایکڵۆپیدیای گەورەی فەڕەنسی کەرکوکی بە یەکێک لە گرنگترین شارەکانی باشووری کوردستان داناوە و باسی لە بەپیتی زەوییەکەی و سەرچاوە ئاوییە دەوڵەمەندەکانی کردووە[١٤].

لە چل ساڵی ڕابردوودا و لەگەڵ زێدەبوونی هەڵمەتەکانی بە عەرەبکردن و شاڵاوەکانی ئەنفال و جینۆسایدا، هەوڵەکان زۆر بوون بۆ جیاکردنەوەی کەرکوک لە دەوروبەرە سروشتییە جوگرافی و کولتوورییەکەی لە ڕێگەی ستەم و زۆرداری و شێواندنی ڕاستییە مێژوویی و جوگرافییەکانەوە.

ئەزموونەکانی مێژوو سەلماندوویانە، ئەم جۆرە هەوڵانە سەرکەوتن بەدەست ناهێنن و هەمیشە بەشیان شکستە. ئەمە بۆ کەرکوک و بۆ زۆر شوێنی تریش دروستە. لە بەرامبەردا دانیشتووانی ڕەسەنی کەرکوک، ئاستێکی بەرزی لێبووردەیی و مرۆڤدۆستییان پیشان دا و هەموو ئەو هەوڵانەیان لە گۆڕنا، کە دەیانویست شارەکەیان بکەنە گۆڕەپانی ململانێ و توندوتیژی و خوێنڕشتن.

### پەراوێز و سەرچاوەکان:

(*) ئەم باسە لە کۆڕی کەرکوک لە لەندەن لە ٢٤ ئەیلولی ٢٠٠٥ پێشکەش کرا.


1. J. H. Kramers & Th. Bois, Kirkuk, The Encyclopaedia of Islam, new edition, Vol. V, Leiden 1989, PP. 144-147.

هەروەها بڕوانە: د. کمال مظهر أحمد، کرکوك وتوابعها – حکم التأریخ والضمیر، دراسة وثائقیة عن القضیة الکردیة في العراق، الجزء الأول، بلا.م، صص ٥- ٢٦.

٢. د. کمال مظهر أحمد، المصدر نفسه، ص١٩.

3. Kramers J.H, Th.Bois, Kirkuk, the Incyclopaedia of Islam. Vol. p.144

٤. صبحی ساعتجي، شذی التأریخ فی أحیاء کرکوك، إیلاف ١٤ تموز ٢٠٠٥. بۆ کتێبەکەشی بڕوانە: Subhi Saatci, Kerkuk Evleri, Istanbul 2003.

٥. الدکتور نوري طالباني، شیوخ الإرشاد الدیني في الأسرة الطالبانیة، ترجمة و تقدیم کمال غمبار، أربیل ٢٠١٢، ص.٧. هەروەها بڕوانە: گۆران فەتحی، شاری

کەرکوک، بەشێک لە مێژووی (مزگەوت، تەکیە، خانەقا، زانا و پیاوە ئایینی) یە ناودارەکانی، ئینستیتوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی ٢٠١٢، ل.٦٥.

٦. ج. أوتير، رحلة إلى تركيا و بلاد فارس، باريس ١٧٤٨، ص١٥٠، وەرگیراوە لە: د.هلكوت حكيم، كركوك في كتابات الرحالة الفرنسيين في كتاب: كركوك مدينة القوميات المتآخيه، ص.١٤٣

٧. د. هلكوت حكيم، المصدر نفسه، ص ١٤١-١٤٢

٨. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم وتارانەم: كركوك: قرن ونصف من التتريك والتعريب، (الملف العراقي)، العدد ٩٩، آذار ٢٠٠٠، ص ص٤٢-٤٦؛ هەروەها ئەم وتارەم: السياسات الحكومية في كركوك خلال العهد الملكي (١٩٢١- ١٩٥٨)، لە کتێبی: كركوك ، مدينة القوميات المتآخية، لندن ٢٠٠٢، ص١٥١ – ١٨٩.

٩. أ. كليمان، رحلة إلى كوردستان العثمانية، من كركوك إلى رواندوز، مجلة كلوب، باريس ١٨٦٦، المجلد الخامس. ص١٩٩، لە: د. هلكوت حكيم، نفس المصدر، ص١٤٣.

١٠. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم وتارەم: التكوين الأثني لسكان كركوك (خلال الفترة ١٨٥٠ – ١٩٥٨)، لە کتێبی : كركوك مدينة القوميات المتآخية، ص٢٥٦ - .٢٧٢

١١. وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الإحصائية لتسجيل السكان لسنة ١٩٥٧ مطبعة العاني، بغداد ١٩٦٣، لوائي السليمانية و كركوك ، ص ٢٤١.

١٢. الدكتور أحمد نجم الدين، أحوال السكان فى العراق، القاهرة ١٩٧٠، ص ١٠٩، لە کتێبی : الدكتور نوري طالباني، منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، بلا.م، ١٩٩٩، ص ٤٩.

13. Encyclopaedia Briannica, Kirkuk

١٤. الموسوعة الكبرى، الجزء ٣١، تور ١٨٨٥، ص٤٨٥، لە د. هلكوت حكيم، المصدر نفسه، ص ١٤٢.

## دانیشتووانی کەرکوک بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧

### چەند وتەیەک لە بارەی سەرژمێرییەکەوە:

سەرژمێری لە عێراق لە ڕۆژی دروستبوونییەوە کێشە بووە، ئەوەتا لە سەدەی بیست و یەکدا زیاتر لە دوو دەیەیە ناتوانێت سەرژمێرییەکی دانیشتووانەکەی بکات. لە بواری سەرژمێریدا عێراق سەدە و نیوێک تا دوو سەدە و نیو لە وڵاتانی وەک ئەمریکا (١٧٩٠)، ئەڵمانیا (١٨٧١)، ژاپۆن (١٨٦١) و هیندستان (١٨٨١) وەدوا کەوتووە. لە نیسانی ١٩٢٠ دەسەڵاتی کۆلۆنیالی بەریتانی لە عێراق هەندێک ئامار و زانیاری لە بارەی عێراقەوە کۆ کردەوە و ڕایگەیاند کە ژمارەی دانیشتووان ٢٨٤٩٢٨٢ کەسن. بەپێی ئەم داتایانە کۆی دانیشتووانی لیوای کەرکوکیش بە ٩٢ هەزار کەس خەملێنرا. هەرچی حکومەتی عێراقە لە ساڵی ١٩٢٧ هەوڵێکی ناسەرکەوتووی دا سەرژمێرییەک ڕێک بخات، بەڵام زۆر زوو بۆی دەرکەوت کە ئەو کارەی بۆ ناکرێت، بۆیە هیچ ئەنجامێکی نەدا بە دەستەوە و ئامارەکانی پشتگوێ خران. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاگەیەندرا کە دانیشتووانی عێراق ٢٩٦٨٠٥٤ کەس بوون. سەرژمێری ساڵی ١٩٣٤یش زیاتر خەمڵاندن بوو، نەک زانیاری و داتای ورد و دروست. لێژنەکانی سەرژمێری لە شوێنێکی دیاریکراو دادەنیشتن و موختارەکان سەرۆک خێزانەکانیان بانگ دەکرد بۆ ئەوەی لە بارەی ئەندامانی خێزانەکانیانەوە زانیارییان لێ وەربگرن. سەرژمێرییەکە بەمەبەستی خزمەتی سەربازی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن بوو. زۆر کەس زانیاریی تەواویان لەبارەی نێرینەکانی خێزانەکانیانەوە دەشاردەوە بۆ ئەوەی نەبرێن بۆ سەربازی. بەپێی ئەم سەرژمێرییە دانیشتووانی عێراق ٣٢١٣١٧٤ کەس بوون.

لە ١٩ ئۆکتۆبەری ١٩٤٧ لە یەک کاتدا و لە هەموو عێراق سەرژمێری کرا. هەرچەندە سەرژمێرییەکە ورد نەبوو، بەڵام لە چاو ئەوانەی پێشوو هەنگاوێک بوو بۆ پێشەوە. بۆ یەکەمین جار ناونووسەکان دەچوونە ماڵان، ئەنجامەکانی سەرژمێرییەکە لە سێ بەرگدا لە ساڵی ١٩٥٤ بڵاو کرانەوە. ئەوەی بۆ ئەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە بەرگی دووەمی ئەو سەرژمێرییەیە کە لیواکانی موسڵ، کەرکوک، سلێمانی و هەولێری گرتووەتەوە و لە ساڵی ١٩٥٤ لە بەغدا لە چاپ دراوە و بڵاو کراوەتەوە.

زانیارییەکانی ئەم سەرژمێرییە هەژارن و لەگەڵ ئەوانەی دواتردا، واتا ساڵی ١٩٥٧ بەهیچ شێوەیەک بەراورد ناکرێن. لەمەی ١٩٤٧ هۆز و خێڵە کۆچەرەکان تۆمار نەکراون، کە ژمارەی ئەندامانیان بە ١٧٠ هەزار کەس خەمڵێنراون. یەکێک لە ناتەواوییەکانی ئەم سەرژمێرییە لەوەدایە لە کاتێکدا ئاماژەی بە ژمارەی هەموو ئاواییەکانی سەر بە یەکە کارگێڕییەکان داوە، بەڵام لەو ژمارەیە ناو و ژمارەی دانیشتووانی بەشێکی کەمیانی تۆمار کردووە. لەو بەرگەی لە بەردەستمدایە ئەوە ڕوون نەکراوەتەوە، بۆچی و لەسەر چی بنەمایەک ژمارەی دانیشتووانی هەندێک گوندی سەر بەم یەکە کارگێڕییە یان ئەوی دیکە تۆمار کراوە، هی ئەوانی دیکە نەکراوە. لە باسی یەکە کارگێڕییەکاندا ئاماژە بە ژمارەی ئاواییەکان دەکەم، باسی ئەوەش دەکەم چەندیان لێ تۆمار کراون و چەندی دیکەیان باسیان لێوە نەکراوە. خاڵێکی تر کە لەم سەرژمێرییەدا سەرنجی ڕاکێشام ئەوەیە کە کۆی ژمارەی دانیشتووان لە هەندێک لە یەکە کارگێڕییەکان لەگەڵ ئەو ژمارانەدا یەک ناگرنەوە کە سەرژمێرییەکە تۆماری کردوون، ئەمەش بەگشتی بەشێکە لە کەم و کورییە زۆرەکانی. لە کاتی باسکردنی یەکە کارگێڕییەکانی کەرکوکدا ئاماژە بەم جیاوازییانە دەکەم.

بەڵگە و زانیاریی زۆر لە بەردەستدان کە سەرژمێرییەکە ناتەواویی زۆری تێدایە. وەک نموونەیەکی پڕ واتا ئاماژە بە وتەکانی خوالێخۆشبوو عەلائەدین سوجادی دەدەم لە کتێبی "مێژووی ئەدەبی کوردی"دا، کە لە ساڵی ١٩٥٢ لە بەغدا لە چاپ دراوە، لە لاپەڕەکانی ٦٥-٦٦. ئەو کاتە ماڵی لە بەغدا بوو و دەڵێت: تا ئێوارەی ئەو ڕۆژەی سەرژمێرییەکەی تێدا کرا، لە ماڵەوە چاوەڕوانی ماڵنووسەکانی کردووە، بەڵام کەس سەری بە ماڵیاندا نەکردووە بۆ ئەوەی ناویان بنووسێت، ئەوجا دەپرسێت: ئەگەر ئەمە حاڵی پایتەخت بێت، ئەی دەبێت لە شوێنە دووردەستەکان کارەکە چۆن بەڕێوە چووبێت؟. لەلایەکی دیکەوە، سەرژمێرییەکە دانیشتووانی تەنیا لەسەر بنەمای ئاین پۆلێن کردووە و بەلای پێکهاتەی نەتەوەییاندا نەچووە، تەنانەت وەک ئەوەی ١٩٥٧ لەسەر بنەمای زمانی دایکیش تۆماری نەکردوون. ڕەنگبێت هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو کاتە هێشتا ژمارەی عەرەب لە عێراق زۆر زۆر نەبوو.

## یەکە کارگێڕییەکانی لیوای کەرکوک لە کاتی سەرژمێری ١٩٤٧دا

لە سـاڵی سـەرژمێرییەکەدا لیـوای کەرکـوک لە چـوار قەزا و ١١ نـاحیە پێکهاتبوو:

١. قەزای ناوەنـدی کەرکـوک و هەر چـوار شـارەدێی "نـاحیە"ی: قەرەحەسەن، ئاڵتون کۆپری، مەلحە و شوان.

٢. قەزای داقووق و هەردوو شارەدێی قادرکەرەم و دوزخورماتوو.

٣. قەزای چەمچەماڵ و هەردوو شارەدێی ئاغجەلەر و سەنگاو.

٤. قەزای کفـری و شـارەدێکانی پێبـاز و قەرەتەپە و شـێراونە. هەر یەکەیەکی کارگێڕیش دەیان ئاوایی پێوە گرێدرابوو.

## قەزای ناوەندی کەرکوک لە ساڵی ١٩٤٧دا:

لە کاتی سـەرژمێرییەکەدا قەزای ناوەنـدی کەرکـوک لە شـاری کەرکـوک و شارەدێکانی قەرەحەسەن، پردێ (ئاڵتون کۆپری)، شوان و مەلـحە پێکهـاتبوو. شارەکە بۆ خۆی لەم ١٧ گەڕەکە پێکهـاتبوو: سـاری کەهـیە، شـاترلو، بەگـلەر، ئیمام قاسم، بولاق، ئاخوڕ حوسێن، مەیـدان، ئاغـالق، حەمـام موسـلیم، حەمـام مەسـیحی، پریـادی موسـلیم، پریـادی موسـەوی (یەهـودی)، شـۆرجە، چقـور، ئـاوچی و چـای. کـۆی دانیشـتووانی ئەم گەڕەکـانە ٦٤٥١٤ کەس بـوون. لە سەرژمێرییەکەدا دانیشتووانی ئاوابییەکانی تۆپزاوای حوسێن بەگ، تسن، بەشیر و کۆمپانیای نەوت لەگەڵ ئەوانەی گەڕەکەکانی شـاردا تۆمـارکراون، بۆیە کـۆی ژمـارەکە بـووە بە ٧٣٩٨٤ کەس. لە ڕاسـتیدا هـۆی هەژمـارکردنی دانیشـتووانی ئەم ئاوابییانە لەگەڵ گەڕەکەکـانی شـاردا و ئەژمـارنەکردنی ئەوانـی دیـکە دیـار نییە چییە، چونکە لە تەک ئەمانەدا ٨٣ گوندی دیکەش سـەر بە قەزای ناوەنـد بوون، کە کۆی دانیشـتووانیان بەپێـی سـەرژمێرییەکە ١٤٣٥٦ کەس بـوون. ئەم ئامارانە زۆر جێگەی باوەڕ نـین، چـونکە سـەرژمێرییەکە لەو ٨٣ ئـاوابییە تەنیـا نـاوی ٢٧ یـانی لەگەڵ ژمـارەی دانیشـتووانیاندا تۆمـار کـردووە، کە کردیـانەتە ١٠٢١٩ کەس. لێـرەدا دەکرێـت بپرسـین: ئەگەر ژمـارەی دانیشـتووانی ئەو ٢٧ ئاوابییە ١٠٢١٩ کەس بووبێت، چۆن دەکرێت ئەو ٥٦ ئـاوابییەی تـر، کە ناویـان

تۆمـار نەکـراوە تەنیـا ٤١٣٧ دانیشـتوویان هەبووبێـت؟. بەم پێـیە بێـت هەر ئاوایییەک تەنیا ٧٤ دانیشتووی بەردەکەوێت، کە ئەمەش بۆ باری دیمـۆگرافی و کـۆمەڵایەتی خێزانەکـانی ئەو سـەردەمە مـایەی گومـان و تێڕامـانە. ئەمە نەک تەنیـا لە ئامارەکـانی قەزای ناوەنـدی کەرکوکـدا بەرچـاو دەکەون، بەڵکـو لە گونـدەکانی هەمـوو یەکە کارگێڕییەکـانی تریشـدا هەمـان دیـاردە دەبینـین. ئەم شـێوازەی تۆمـارکردنی دانیشـتووانی گونـدەکان کـۆی ئامارەکـان دەخـاتە ژێـر پرسـیارەوە. تـۆ بڵێـی ئەمە هەوڵێـک بووبێـت لەو سـەردەمە زووەی دەسـەڵاتی ناوەندی عێراقـدا بـۆ کەمکـردنەوەی ژمـارەی کـورد لە لیـوای کەرکـوک، کە ئەو کـاتە نـزیکەی ٩٠٪ ئاوایییەکـانی کوردنشـین بـوون؟!. ئەوەی دەبێـت لێـرەدا ئامـاژەی پێـبکەم ئەوەیە کە ژمـارەی ئاوایییەکـانی لیـوای کەرکـوک لەو کـاتەدا بەپێـی زانیارییەکـانی سـەرژمێرییەکە ١٠٠٧ ئـاوایی بـوون. وردبـوونەوە و بەدواداچـوون لە شـوێن، هەڵـکەوتە و ناوەکانیـان ئەوە تێـدەگەین کە زیـاتر لە ٨٥٠یان کوردنشین بوون.

نـاتەواوییەکی دیـکەی ئەم سـەرژمێرییە لە بـارەی دانیشـتووانی قەزای ناوەندی کەرکوکەوە ئەوەیە، کاتێک ژمارەکانی دانیشتووانی نـاو شـار و دێکـانی کـۆ دەکەیـنەوە ئەنجامەکـانی ٨٨٣٤٠ کەسـن، نەک ٩١٥٨٢ کەس وەک لە سەرژمێرییەکەدا هاتووە. من پسپۆری بواری ئامـار و سـەرژمێری نـیم و نـاتوانم لەم بارەیەوە شتێکی ئەوتـۆ بڵـێم، بـۆیە هیـوادارم شـارەزایان و پسـپۆرانی ئەم بوارە ئەو پرسانەمان بۆ لێکبدەنەوە.

شـارەدێی قەرەحەسـەن کە سـەر بە قەزای ناوەنـدی کەرکـوک بـوو، مەڵبەندەکەی شارەدێی لەیـلان بـوو. ژمـارەی دانیشـتووانی لەیـلان ١٤٤٧ کەس بوو، ٥٥ ئاواییش سەر بەم ناحیەیە بوون. سەرژمێرییەکە تەنیـا نـاوی ٢١ یـانی بۆمـان تۆمـار کـردووە: بـاوا، مامشـە، یەحیـاوە، خاڵۆبازیـانی، حەسـاری خـاڵۆ بازیـانی، کەوەڵە، چیمەنـی بچـووک، سـاڵەیی، قەرەهەنجیـر، هەیـبە، چیمەنـی گەورە، سیامەنسـوری خـواروو، زەنگـنە، فەرقـان، تەپەلـو، شـێخ جگـری، ئـۆمەرگەدە، ترکەشـکانی گەورەی خـواروو، تەرجـل، یـارمجە و بەیـانلو. کـۆی دانیشتووانی ئەم ٢١ گوندانە ١١٠٤٠ کەس بوون. هەموو دانیشـتووانی شـارەدێی

قەرەحەسەن ١٣٨٧٨ کەس بوون. لێرەش بەهەمان شێوە جیاوازی ژمارە و ئامارەکان دەبینین. کاتێک ژمارەی دانیشتووانی ئەم ٢١ گوندەم کۆ کردەوە ئەنجامەکەی ٩٢٠٥ کەس بوون، نەک ١١٠٤٠ وەک لە سەرژمێرییەکەدا هاتووە. ئەی چۆن دانیشتووانی ئەو گوندانەی ناویان تۆمار نەکراون و ژمارەیان ٣٤ گوند بوون، تەنیا ١٨٣٥ کەس بوون؟. بەم ژمارانە بێت ئەوا هەر ئاوایییەک لەو ئاوایییانە تەنیا ٥٤ دانیشتووی بەردەکەوێت!!!.

هەرچی شارەدێی ئاڵتون کۆپری یان پردێیە کە ئاڵتون کۆپری ناوەندەکەی بوو لە گەڕەکەکانی سەرای، بازاڕ، سەلاحیە، مزگەوت، تسن و قەرەبەگ پێکهاتبوو. کۆی دانیشتووانی گەڕەکەکانی پردێ ٣٧٢٩ کەس بوون. ئاوایییەکانی سەر بە شارەدێی پردێ ٥٠ ئاوایی بوون و ژمارەی دانیشتووانیان ١١٢١١ کەس بوون. گرنگترین ئاوایییەکانی پردێ ئەمانە بوون: کوزرەبی، کتکە، یارمجە، زەردەلی، حەساری گەورە، قادر باغر، نەبیاوا، دارەمانی بچووک، دارەمانی گەورە، بیبانی گەورە، سرید (!)، سابوونچی، کڵۆزی، قەرەدەرە، قوشقایە، بای حەسەن، کۆردەرەی گەورە، دبز، خورماڵجە، میر ئەسفەهانی بچووک، میر ئەسفەهانی گەورە و حەساری بچووک. کۆی دانیشتووانی ناحیەکە ١٤٩٤٠ بوون. ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتووانی ئاڵتون کۆپری تورکمان بوون، دانیشتووانی ئاوایییەکان کورد بوون و هەندێک خێزانی عەرەب و تورکمانیش لێرە و لەوێ هەبوون.

ناحیەی مەلحە لەو کاتەدا تاکە ناحیەی سەر بە قەزای ناوەندی کەرکوک بوو، کە دانیشتووانەکەی عەرەب بوون. شارەدێی فارووق ناوەندی ناحیەی مەلحە بوو و ژمارەی دانیشتووانی ٩٠٢ کەس بوون. مەلحە ٧٦ ئاوایی هەبوو، کە ماحوز (١٠١٣) و غەریب (١٠٥٨) لە هەرە گەورەکانیان بوون. ئەوانی دیکە فەتحە، عوبەیدیە، عەبباسیە، سەلاحیە، جبوریە، تەلزەهەب، غازیە، دبس، مامسە، مەلحة عەرەب، دغێلەی بچووک، تەلعەلی، سەجرە...تاد. ژمارەی دانیشتووانیان بەسەریەکەوە ١٢٣٥٣ کەس بوون. کۆی دانیشتووانی ناحیەکە بەهەموو گوندەکانییەوە ١٥٣٢٦ کەس بوون، کە لە ٢٥٢٨ خێزان پێکهاتبوون. لێرەش لە کۆی ٧٦ ئاوایی تەنیا ناو و ژمارەی دانیشتووانی ١٦ ئاوایی تۆمار کراون، بۆیە مرۆڤ ناتوانێت ڕاستی و دروستیی ژمارەکان پشتڕاست بکاتەوە.

پەیدابوون و گەشەکردنی ئەم ناحیە، کە دواتر بوو بە قەزای حەویجە بەرهەمی سیاسەتی نیشتەجێکردنی هۆزەکانی عوبێد و جبور و ئەوانی دیکە بوو لەسەر ئەو خاکە. ئەمە دەسپێکی سیاسەتی بەعەرەبکردنی بەشێک لە خاکی کوردستان بوو، کە لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێکرد. ئەم ژمارە زۆرەی عەرەب کە پێش سەرژمێرییەکە بە دە ساڵ لە سنوورەکانی لیوای کەرکوک پەیدابووبوون، لە ماوەی نیو سەدەدا بوون بە ژمارەیەکی یەگجار گەورە و ڕۆڵێکی زۆریان لە گۆڕینی دیمۆگرافی هەموو لیوای کەرکوکدا بینی. ئەم ناحیە و دواتر قەزای حەویجە بوو بە ناوەندێکی بەهێزی نەیارێتی کورد و داخوازییە ڕەواکانی، هەروەها لەم ساڵانەی دواییدا بوو بە بنکەیەکی سەرەکی تیرۆریستانی داعش و هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ئاسایشی هەموو کەرکوک.

ناحیەی شوانیش هەر سەر بە قەزای ناوەندی کەرکوک بوو، شارەدێی ڕێدار ناوەندی ناحیەی شوان بوو کە ژمارەی دانیشتووانی تەنیا ٣٨٢ کەس بوون. زیاتر لە ٧٦ ئاوایی سەر بەم ناحیە هەبوون. کۆی دانیشتووانی ئەم ئاواییانە ١٠٨١٨ کەس بوون. بەم شێوەیە کۆی دانیشتووانی ناحیەکە ١١٢٠٠ کەس بوون. ئەو گوندانەی ناو شوان کە سەرژمێرییەکە ناویانی تۆمار کردووە ئەمانەن: مەرزیجەی ژووروو، عەلی بەبان، حەمدوون، مامەڕەش، چۆلمان، قەرەناو، کارێزی خاڵخاڵان، تازلوجەی جمەبلە، گوڵمکەوە، کڵاوقوت، ئۆمەر مەندان، ئیلینجاغ، قەفار، تلکی شوکیر و بابلان. لێرەش لەو ٧٦ گوند تەنیا ناو و ژمارەی دانیشتووانی ١٦ یان تۆمار کراون و پەنجا ئاواییەکەی تر پشتگوێ خراون.

**خشتەی دانیشتووانی قەزای ناوەندی کەرکوک لە ساڵی ١٩٤٧دا.**

| یەکەی کارگێڕی | ناوەندی | ژمارەی دانیشتووانی | ژمارەی ئاواییەکانی | ژمارەی دانیشتووانیان |
|---|---|---|---|---|
| کەرکوک | کەرکوک | ٦٤٥١٤ | ٨٣ | ٢٣٨٢٦ |
| قەرەحەسەن | لەیلان | ١٤٤٧ | ٥٥ | ١١٠٤٠ |
| مەلحە | فارووق | ٩٠٢ | ٧٦ | ١٢٣٥٣ |
| شوان | ڕێدار | ٣٨٢ | ٧٦ | ١٠٨١٨ |
| کۆی گشتی | ٤ شار و شارەدێ | ٦٧٢٤٥ | ٢٩٠ | ٥٨٠٣٧ |

## قەزای داقووق لە سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧

داقـووق ئەو کـاتە قەزا بـوو، هەر بە خۆیشـی ناوەنـدی قەزاکە بـوو و لە هەردوو شارەدێی قـادرکەرەم و خورمـاتوو پێکهـاتبوو. هەرچەنـدە دانیشـتووانی شارۆچکەی خورماتوو (٦٣٧٤) کەس بـوون، واتـا سـێ ئەوەنـدەی دانیشـتووانی شارۆچکەی داقووق بوون، کە ژمارەیان تەنیا (١٩٨٧) کەس بـوو، بەڵام داقـووق کـرا بە قەزا و خورمـاتوو بە نـاحیە. ڕەنگبێـت هۆکـارەکەی ئەوە بووبێـت کە داقووق لە مێژوودا نـاوێکی گەورە و دیـار بـوو، لە سـەردەمی عەبباسـییەکانەوە پێگەیەکـی گرنگـی هەبـوو، تەنـانەت کاتێـک سـەرچاوە مێژووییەکـان باسـی کەرکوکیـان دەکـرد ئاماژەیـان بەوە دەکـرد، کە قەڵایەکە لەسـەر تەپـۆڵکەیەک کەوتۆتە نێوان داقووق یان داقووقا و هەولێرەوە (اربل دواتـر اربیـل). خورمـاتوو دواتـر کـرا بە قەزا و داقـووقیش بە نـاحیە. لە حەفتاکـان کاتێـک پارێزگـای کەرکوک لەتوپەت کرا داقووق کرایەوە بە قەزا.

لەو کاتەدا دانیشتووانی شارۆچکەی داقـووق دەتـوانم بڵـێم چەنـد مـاڵێکی لـێ دەربکەیـت، ئەوانــی تــر هەموویــان تورکمــانی شــیعە بــوون، بەڵام ئەو ئاوایییانەی سەر بە ناوەنـدی قەزاکە بـوون و ژمارەیـان ٦٩ ئـاوایی بـوو هەمـوو کورد بوون لەگەڵ چەند مـاڵێکی عەرەب لە یەک دوو گونـدی سـەر بە داقـووق. تەنیـا دانیشـتووانی ئـاوایی ئیمـام زەینەلعابـدین، کە هەر بەئیمـام نێـودەبرا، تورکمان بوون و ژمارەی دانیشتووانی تەنیا ٣٥٥ کەس بوون. هەندێک ئـاواییش وەک ئەلبومحەمەد، ئەلبونەجم، دەلس...تاد دانیشتووانیان کـورد و هەر کـامەی چەند ماڵێکی عەرەبی تێدا نیشـتەجێ ببـوون ، ئەوانـی دیکە هەموویـان کـورد بوون. دانیشتووانی ئاواییە کوردییەکان بەژمـارە زۆر بـوون، تەنیـا بـۆ نمـوونە، دانیشـتووانی ئـاوایی ئێنگـیجە (١٠٦٦) کەس و زەنـد مەلا یوسـف (٩١٧) کەس بـوون، واتـا بە هەردووکیـانەوە ئەوەنـدەی دانیشـتووانی شـارۆچکەی داقـووق دەبوون. من بە منداڵی لە ئێنگـیجە ژیـاوم، تەنیـا یەک مـاڵی عەرەبـی لـێ بـوو لەگەڵ سێ چوار ماڵی بەیاتی کە کەس نەیدەتوانی لە کـورد جیایـان بکـاتەوە. بەگشتی ژمـارەی دانیشـتووانی ئاوایییەکـانی داقـووق ١٢٦٥٤ کەس بـوون، واتـا شەش جار هێندەی دانیشتووانی داقووق بوون. لەو ٦٩ ئاوایییە، سەرژمێرییەکە

ناو و ژمارەی دانیشتووانی تەنیا ۲۲ یانی بۆ تۆمار کردووین، کە ئەمانەن: ئێنگیجە، ئیمام زەینەلعابدین، کلیسە، عەولاغانم گەورە، عەولاغانم بچووک، عەلی سەرای، زەنقڕ، جنگلاوە، ئەلبومحەمەد، سنوور، مەتیق، تۆپزاوا، عەربکۆیی، حەوز ١٦، زەند مەلایوسف، ئەلبونەجم، دەلس، زەند نەبسر (وادەزانم هەر زەند بنعێزە!)، گولی تەپە یان کولی تەپە، چەورکە، هەفتەغار، زەند بنعێز. دانیشتووانی ئەم ۲۲ ئاواییە بەسەریەکەوە ٥٢٣٥ کەس بوون، ئەو ٤٧ گوندەشی کە تۆمار نەکراون، دەبێت ژمارەی دانیشتووانیان ٧٤١٩ کەس بووبێت.

ناحیەی قادرکەرەم ژمارەی دانیشتووانی شارۆچکەکەی ٦٢٠ کەس بوو، ٨٦ ئاواییش سەر بە ناحیەکە بوون، کە ژمارەی دانیشتووانیان ١٤٠٦٩ کەس بوون و لەگەڵ دانیشتووانی شارۆچکەکەدا دەیانکردە ١٤٦٨٩ کەس. دانیشتووانی قادرکەرەم و ئاواییەکانی هەموو کورد بوون. لەو ٨٦ ئاواییە سەرژمێرییەکە تەنیا ناوی ٢٥یانی تۆمار کردووە، کە ئەمانەن: قەڵخانلو گەورە، قەڵخانلو بچووک، چەم سورخاو، کونەکانی، تاونێر بەرز، جمک، تەکیە، جان وەیس بەگ، عەلی خان، داریسرە، نەورۆز، قەڵای میکایلی سەروو، قەشقە، بانگۆل، کۆکمە، مەلا ئۆمەر، هەرنییە، گوڵباغ، ڕەشید ئاغا، قەیتول، قرجە، کانی قادر، ژاڵەدیوانە، بەهرام بەگ، ئاوباریک و مەلا ناسر. کۆی دانیشتووانی ئەم ئاواییانەش ٧٨٦٧ کەس بوون.

هەرچی شارەدێی خورماتوو بوو، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ژمارەی دانیشتووانی شارۆچکەکە٦٣٧٠ کەس بوو، ٨٨ ئاواییش سەر بەو ناحیەیە بوون، کە ژمارەی دانیشتووانیان بە گوندەکانی ئامرلی، بەستاملی، ئەلبوسەباح و بابلانەوە دەیکردە ٢٣٣٠٥ کەس. لێرەش بە هەمان شێوە، لەو ٨٨ گوندە تەنیا ناوی ٢٦یانی تۆمار کردووە، کە ئەمانەن: یەنگیجە، بساسی، شێخ هەوازی، نەوجول، زنکۆبی، چەرداخلی، لەک، حەفریە، لقوم، عەبود یان غبود، شاهسیوان، ڕوباری عەبسە، ڕوباری حەیدەر، مرادلی، قەڵا، جلێوەی گەورە، تەپە حرمکی سەروو، جوری، زندانە، کرمک یان گەرمک، مەفتولی بچووک و خاسەدارلی. کۆی دانیشتووانی ناحیەی خورماتوو دەیانکردە ٢٩٦٨٦

کەس. بەم شێوەیە ژمارەی ئەوانەی لە شارۆچکەکانی سەر بە قەزای داقووق دەژیان ٨٣٥٧ کەس بوون و دانیشتووانی ئاواییەکانیش ٥٠٦٠٧ کەس بوون. هەموو بەسەریەکەوە ئەو کاتە لە قەزای داقووق ٥٩٠٠٥ کەس دەژیان. هەندێک جار سەرژمێرییەکە ژمارەی هەندێک جیاواز لە مانە دەدات، کە پێموایە ئەمەش بەشێکە لە ناتەواوی و هەڵە و پەڵەکانی. ژمارەی موسوڵمانان لە قەزای داقووق بە ٥٨٣٨١ دانراوە، جووش ٥٨٥ کەس بوون کە زۆربەی هەرە زۆریان لە شارۆچکەی خورماتوو دەژیان، کرستیانەکان تەنیا ٦٣ کەس بوون. وادیارە کاکەییەکانی داقووق لەگەڵ موسوڵمانەکاندا ناونووس کراون.

دانیشتووانی ناو شارۆچکەکانی داقووق و خورماتوو زۆربەی هەرە زۆریان تورکمان بوون. من لە پەنجاکان لە قوتابخانەی ناوەندی داقووق خوێندوومە و فەرمانگەی بەسەربازیکردنیشمان لە خورماتوو بوو، ئەو دەمە دانیشتووانی داقووق هەموو تورکمانی شیعە بوون چەند ماڵێکی کەمی بەکتاشی و کورد و عەرەبی لێ دەربچێ. بەڵام دانیشتووانی ئاواییەکانی بە رێژەی ٩٠٪ کورد بوون، هەرچی قادرکەرەمە بە ناوەند و گوندەوە هەموو کورد بوون. لە بەر ئەوەی لە سەرژمێرییەکە باسی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووان نەکراوە، بۆیە ئاسان نییە لێرەدا بەژمارە باسی کورد و تورکمان و عەرەب بکەین. لە کۆتایی ئەم بەشەدا و لە بەر رۆشنایی ئامارەکانی سەرژمێرییەکە هەوڵ دەدەم رێژەی پێکهاتەکان بخەملێنم. لێرەدا جارێکی دیکە هەندێک جیاوازی لە ژمارەکاندا بەرچاو دەکەون. بۆ چەندین جار بە ژمارەکاندا چوومەتەوە و کۆیانم کردووەتەوە هێشتا رەنگبێت خوێنەری ورد لێرە و لەوێ هەڵە و ناتەواوی تر بدۆزێتەوە.

**خشتەی دانیشتووانی قەزای داقووق لە ساڵی ١٩٤٧**

| یەکەی ئیداری | ژمارەی دانیشتووانیان | ژمارەی ئاواییەکانی | ژمارەی دانیشتووانیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| داقووق | ١٩٨٧ | ٦٩ | ١٢٦٥٤ | ١٤٦٤١ |
| قادرکەرەم | ٦٢٠ | ٨٦ | ١٤٠٦٩ | ١٤٦٨٩ |
| خورماتوو | ٦٣٧٠ | ٨٨ | ٢٣٣٠٥ | ٢٩٦٧٥ |
| کۆی گشتی | ٨٩٧٧ | ٢٤٣ | ٥٠٠٢٨ | ٥٩٠٠٥ |

## قەزای کفری لەساڵی ١٩٤٧دا

قەزای کفری، لە سەردەمی عوسمانیدا بە سەلاحیە ناوی دەبرا. لە کاتی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧دا لە ناوەندی قەزا و شارەدێکانی پێباز، قەرەتەپە و شێروانە پێکهاتبوو. شارۆچکەی کفری بەپێی سەرژمێرییەکە دوو گەڕەکی دەگرتە خۆ: ئیسماعیل بەگ، کە ژمارەی دانیشتووانی ٢٧٨٠ کەس بوون و گەڕەکی سەیدەکان (السادة) کە ١٩٠١ کەسی تێدا دەژیان. بەم شێوەیە کۆی گشتی دانیشتووانی شارۆچکەی کفری تەنیا ٤٦٨١ کەس بوون. هیچ ئاواییەک لەگەڵ ناوەندی قەزاکەدا لەم سەرژمێرییە تۆمار نەکراوە.

ناحیەی پێبازە (پێواز) بە هەر ٦١ ئاواییەکەیەوە ژمارەی دانیشتووانی ٥٩٥٩ کەس بوون. گرنگترین ئاواییەکانی ئەم ناحیەیە: تەپەکروز، زەردەلیکاو، جرجەقەڵا، بەکر بایف، کولیتەپە و کۆکس بوون.

ناحیەی قەرەتەپە بەگەورەترین ناحیەی قەزای کفری دادەنرا. ئەمیش لە دوو گەڕەک پێکهاتبوو؛ گەڕەکی مزگەوت و گەڕەکی بازاڕ. ژمارەی دانیشتووانی هەردوو گەڕەکەکە دەیکردە ٢٧١٤ کەس، ئاواییەکانی قەرەتەپە ٩٨ ئاوایی بوون و کۆی دانیشتووانیان ١٨٣٣٢ کەس بوون. گرنگترین گوندەکانی قەرەتەپە ئەمانە بوون: کوڵەجۆ، مەحمولە، عەلی سەرای سەروو، عەلی سەرای خواروو، کارێزەکۆن، کۆشک، ئۆمەر مەندان، گاوری ساڵح محەمەد، گاوری بچووک، کۆکس، شیبان، کاوخۆر، ساریتەپە، خزران، کەشکۆڵی کۆن، کەشکۆڵی تازە، سیبان، شێخ بابا، سەیدەلان و گلیتەپە. هەموو بەسەریەکەوە لەو ساڵەدا ٢١٠٦٩ کەس لە ناحیەی قەرەتەپە دەژیان.

هەرچی ناحیەی شێروانەیە ناوەندەکەی سەرقەڵا بوو. دانیشتووانی سەرقەڵا زۆر کەم بوون و تەنیا ٢٧٣ کەس بوون، لە کاتێکدا لە کەلار کە ئاواییەکی سەر بەم ناحیە بوو ١٠٦٤ کەس دەژیان. لە تەک کەلاردا ١٣٠ ئاوایی سەر بە شێروانە هەبوون، کە ژمارەی دانیشتووانیان دەیکردە ١٦٢٢٩ کەس. هەموو بەسەریەکەوە ١٧٥٦٦ کەس لە ناحیەی شێروانە دەژیان. بەم شێوەیە کۆی دانیشتووانی قەزای کفری ٤٩٣٣٦ کەس بوون. لەم ژمارەیە ٤٢٦ جوو، ٢١ کرستیان و ٢ سوببی هەبوون، ئەوانی دیکە هەموو موسوڵمان بوون.

زۆربەی هەرە زۆری جووەکان کە ٣٣٦ کەس بوون لە شارۆچکەی کفری دەژیان و ٨٧ یانیش لە قەرەتەپە و تەنیا ٣ یان لە ناحیەی شێروانە دەژیـان. هۆکـاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جووەکان زیاتر لە شار و شارۆچکەکان دەژیـان و خەریکی بازرگانی و پیشەگەری بوون. شێروانە وەک دەڤەرێکی کشتوکاڵی بۆ ئەوان دەســـتی نەدەدا، بەڵام پەیوەنـــدیی بازرگـــانی و ئابوورییـــان لەگەڵ خەڵکەکەیدا زۆر بوو.

ئەو دەمە ڕێژەیەکـی دیـاریکراوی دانیشـتووانی نـاو شـارۆچکەی کفـری تورکمان بـوون و لە نـاو قەرەتەپەش بـارەکە زۆر جیـاواز نەبـوو. لە هەنـدێ لە گونـدەکان عەرەبـیش هەبـوون، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری دانیشـتووانیان کـورد بوون. لە نزیکەی ئەو پەنجا هەزار کەسەی کە کۆی دانیشتووانی قەزای کفرییان پێکهدەهێنا، دەتوانین بڵێین زیاتر لە چل هەزاریان کورد بوون.

پێش ٢٠٠٣ کۆمەڵێـک وتـار و تـوێژینەوەم لە بـارەی پێکهـاتەی ئەتنیکـی دانیشتووانی کەرکوک و قەزا و ناحیەکانییەوە بە زمانی عەرەبـی بـڵاو کـردەوە، بەشێکیانم لە کۆنفرانس و سیمپۆزیۆمدا لە لەندەن و هەنـدێک لە پایتەختەکـانی تـری ئەوروپـا پێشـکەش کـرد. بەداخەوە ئەو کـاتە دەسـتمان نەدەگەیشـت بەسەرچاوە و بەڵگە فەرمییەکانی دەوڵەتـی عێـراق، بـۆیە ئاسـان نەبـوو داتـا و ئاماری ورد بخەینە ڕوو و بۆچوونەکانمان بە خەڵکی دی بـدەین بەقەبـووڵکردن، بەتـایبەتی هەڵمەتـی نەیـارانی کـورد زۆر بەرفـراوان بـوو. ئێسـتا هەنـدێک لەو بەڵگانەمـان لە بەردەسـتن، بـۆیە دەتـوانین زۆر وردتـر لەو بـارەیەوە بـدوێین. بەداخەوە بەڵگەکان کەوتـوونەتە دەسـتی خەڵکانێـک کە نەدەتـوانن بـۆ خۆیـان کەڵکیان لێ وەربگرن و نە ڕێگەش دەدەن بە کەسانی پسپۆڕ و شـارەزا کاریـان لەسەر بکەن. دەبوایە ناوەندەکانی تـۆژینەوە و میـدیای کـوردی لەبەر ڕۆشـنایی ئەو بەڵگە و دەکیومێنتە فەرمییانەدا بەشـێوەیەکی زانسـتییانە تیشـکی زۆریـان بە زمانی عەرەبی و زمانەکانی دیکە بخستایەتە سـەر ئەم بابەتـانە، لـێ مخـابن ئەو بوارە هێشتا کێڵگەیەکی نەکێڵدراوە.

ئەم جۆرە باسانە بۆیە بە زمانی کوردی دەکەم، چونکە دەبینم ژمارەیەک لە خـوێنەران و سیاسـەتمەدارانی کـورد شـتێکی ئەوتـۆ لە بـارەی ڕابـردووی

کەرکوکەوە نازانن و تا ئاستێک باوەڕیان بە لێکدانەوە و بۆچوونەکانی نەیارانی کورد هێناوە. هەڵبەتە ئەمە بەرهەمی بێئاگایی و نەشارەزاییە لەم بوارانەدا، بۆیە وا بە ئاسانی زانیاری و لێکدانەوە نادروستەکان بەسەریاندا تێدەپەڕن. کێشە گەورەکە لەوەدایە کە ئەمانەن بڕیار لەسەر چارەنووس و پرسەکانی کەرکوک دەدەن. زۆر بەکەیفی خۆیان و لەسەر حیسابی کوردی کەرکوک پێگە و ڕێژە بەپێکهاتەکانی دیکە دەبەخشن بۆ ئەوەی بە "کوڕی باش" خۆیان دەربخەن. بە قەولی ئەهلی شار ئەمانە "پیاوەتی بە ئاوی حەمامەوە دەکەن". ئەم خوێندەوار و سیاسەتبازانە، کە بۆ خۆیان ڕۆژێک لە کەرکوک نەژیاون، بەچاوی گومانەوە سەیری ئەم نووسینانەی ئێمەومانان دەکەن و بەلێکدانەوەی ناسیۆنالیستانەی توندڕەو لە قەڵەمیان دەدەن. ئەمە بەرهەمی تێکەڵەیەکە لە خۆ بەکەمزانین، دووڕوویی و بێئاگایی. ئێمە لە کاتێکدا لەگەڵ مافی تەواوی هەموو پێکهاتەکانی کەرکوکداین، قەت قایل نابین بەوەی ئەو مافانە لەسەر حیسابی کوردی ئەو شارە بن.

**خشتەی دانیشتووانی قەزای کفری لە ساڵی ١٩٤٧**

| یەکەی کارگێڕی | ناوی شارۆچکە | ژمارەی دانیشتووان | ژمارەی ئاواییەکان | ژمارەی دانیشتووانیان | موسوڵمان | جوو | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قەزای کفری | کفری | ٤٦٨١ | – | – | ٤٤١٥ | ٣٣٦ | ٤٧٥١ |
| ناحیەی پێباز | پێباز | ٥٩٥٩ | ٦١ | ٥٩٥٩ | ٥٩٥٩ | – | ٥٩٥٩ |
| ناحیەی قەرەتەپە | قەرەتەپە | ٢٧١٤ | ٩٨ | ١٨٣٣٢ | ٢٠٩٨٢ | ٨٧ | ٢١٠٦٩ |
| ناحیەی شێروانە | سەرقەڵا | ٢٧٢ | ١٣٠ | ١٦٢٢٩ | ١٧٥٤٥ | ٣ | ١٧٥٥٧ |
| کۆی گشتی | ٤ | ٧٦٦٨ بێ پێباز | ٢٨٩ | ٤٠٥٢٠ | ٤٨٩٠١ | ٤٢٦ | ٤٩٣٣٦ |

## قەزای چەمچەماڵ

قەزای چەمچەماڵ لە کاتی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧دا یەکێک لە قەزا گرنگەکانی لیوای کەرکوک بوو، بریتی بوو لە ناوەندی قەزا و هەردوو شارەدێی ئاغجەلەر و سەنگاو. ژمارەی دانیشتووانی ناوەندی قەزاکە، کە شارۆچکەی چەمچەماڵ بوو، تەنیا ١٨١١ کەس بوو. ژمارەی ئاواییەکانی ٦٤ ئاوایی بوو، کە کۆی دانیشتوانیان ١٠١٢٥ کەس بوون. دانیشتووانی چەمچەماڵ و ئاواییەکانی بەسەریەکەوە دەیانکردە ١١٩٣٦ کەس. گرنگترین ئاواییەکانی چەمچەماڵ لەو کاتەدا ئەمانە بوون: تەکیەی کاکەمەند، بنگرد، گورگەیی خاسە، پریادی، گورگەیی شامار، دانەسۆفی، سەیدانی سەروو، نوورە، عەلی مەنسوور، قەرەتامۆر، تاڵەبان، ژاڵەی بەردەربەند، شێردەرە، قەرەوەیس، ئەحمەد لەوەند، قەڵاچوغە، چراغەڕووتە، هەڕاوە، خاڵدان، ماروولە و فەرقە (؟).

لە ناحیەی ئاغجەلەریش دانیشتووانی ناو شارەدێکە تەنیا ٦٢٧ کەس بوون، ٥٥ ئاواییش سەر بە ناحیەکە بوون، کە ژمارەی دانیشتووانیان ٨٩٤٠ کەس بوون و بەسەریەکەوە دەیانکردە ٩٥٦٧ کەس. گرنگترین گوندەکانی ئاغجەلەریش ئەمانە بوون: یاوەفەنەری سەروو، قۆجەلەر، قەسرۆک، تلیان، گەزەڵان، جەلەمۆرد، دلاوەرونە، کەڕاد، عەسکەر، نۆکەل، کوێرەدێ، بکۆکی، گۆکتەپە (ناوی گوندەکان زۆر جار بەهەڵە و بە عەرەبی نووسراون).

هەرچی ناحیەی سەنگاوە دانیشتووانی شارەدێکە تەنیا ٥٢٤ کەس بوون، ٦٦ ئاواییش سەر بەم ناحیە بوون، کە ژمارەی دانیشتووانیان ٧٧٧٧ کەس بوو، لەگەڵ دانیشتووانی شارەدێکەدا هەموو دەیانکردە ٨٣٠١ کەس. گرنگترین ئاواییەکانی سەنگاو وەک لە سەرژمێرییەکەدا ناویان هاتووە، ئەمانەن: درۆزنە، کچان، دەرەوار، هەشەزینی، ژاڵە مەملەحە، دێ ڕەشە، ژاڵە و ڕەبات.

ئەو دەمە لە چەمچەماڵ تەنیا پێنج کرستیان و دوو جوو دەژیان. ئەوانی دیکە هەموویان موسوڵمان بوون و کۆی گشتیی دانیشتووانی قەزای چەمچەماڵ بە هەردوو ناحیە و ئاواییەکانیانەوە ٣٠٣٢٨ کەس بوون و هەموویان کورد بوون.

**خشتەی دانیشتووانی قەزای چەمچەماڵ بەپێی سەرژمێری ١٩٤٧**

| یەکەی ئیداری | دانیشتووانی شارۆچکە | ژمارەی ئاواییەکانی | ژمارەی دانیشتووانیان | ژمارەی مسوڵمان | ژمارەی جوو | ژمارەی کرستیان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چەمچەماڵ | ١٨١١ | ٦٤ | ١٠١٢٥ | ١١٩٤٦ | ٢ | ٥ |
| ئاغجەلەر | ٦٢٧ | ٥٥ | ٨٩٤٠ | ٩٥٦٧ | — | — |
| سەنگاو | ٥٢٤ | ٦٦ | ٨٣٠١ | ٨٣٠١ | — | — |
| کۆی گشتی | ٢٩٦٢ | ١٨٥ | ٢٧٣٦٦ | ٢٩٨١٤ | ٢ | ٥ |

## کۆی دانیشتووانی لیوای کەرکوک لە ساڵی ١٩٤٧دا

بەپێی ئامارەکانی سەرژمێری ١٩٤٧ بێت، قەزای ناوەندی کەرکوک لەو کاتەدا کۆی دانیشتووانی ١٢٥٢٨٢ کەس بوون. وەک ئاماژەی پێکرا ٢٩٠ ئاواییش سەر بەم قەزایە بوون. لەکاتێکدا دانیشتووانی قەزای داقووق بە هەر ٢٤٣ ئاوایی و (٥٩٥٨٩) دانیشتووانەکەیەوە و قەزای کفری بە هەر ٢٨٩ گوندەکەی و (٤٩٣٣٦) دانیشتووانەکەیەوە و قەزای چەمچەماڵیش بە هەر ١٨٥ گوند و ٣٠٣٢٨ دانیشتووانەکەیەوە بەیەکەوە کۆ دەکەینەوە، کۆی گوندەکانی لیواکە دەکاتە ١٠٠٧ گوند و کۆی دانیشتووانی لیوای کەرکوکیش دەکاتە ٢٦٤٥٣٥ کەس. ئەم وردەکارییانە لەم خشتەی خوارەوە خراونەتە ڕوو:

**خشتەی دانیشتووانی لیوای کەرکوک لە ساڵی ١٩٤٧ دا**

| قەزاکانی کەرکوک | گوندەکانی | ژمارەی دانیشتووان |
|---|---|---|
| کەرکوک | ٢٩٠ | ١٢٥٢٨٢ |
| داقووق | ٢٤٣ | ٥٩٥٨٩ |
| کفری | ٢٨٩ | ٤٩٣٣٦ |
| چەمچەماڵ | ١٨٥ | ٣٠٣٢٨ |
| کۆی گشتی | ١٠٠٧ | ٢٦٤٥٣٥ |

ئەم ئامـارانە جیـاوازن لەگەڵ ئەوانەی لە سـەرژمێرییەکەدا هـاتوون. بـۆ نموونە، لەوێ ژمارەی دانیشـتووانی لیـوای کەرکوک بە٢٨٥٦٠٨ کەس لە قەڵەم دراون، واتـا ٢١٠٧٣ کەس زیـاتر لەمەی لە خشـتەدا خـراوەتەڕوو. لە ئامـارە فەرمییەکاندا باس لە ژمارەیەک کەس کراوە کە بەشێوەی کاتی لە کەرکوک بوون یان بەسەردان هاتوونەتە شارەکە. بەڵام ژمارەی ئەوانە هاوتا نییە لەگەڵ ئەم جیـاوازییە گەورەیەدا، واتـا بەشـێک لە پرسـەکە ڕوون دەکـاتەوە نەک هەمووی. مـن بـۆ خـۆم سـەرم لـێ دەرنەکـرد، هیـوادارم تـوێژەران و پسـپۆرانی بواری ئامار ئەو پرسانەمان بەشێوەیەکی زانسـتی بـۆ لێکبـدەنەوە. لێکدانەوەی من بۆ ئەم پرسە و زۆر پرسی دیکەش ئەوەیە کە ئەمانە هەمـوو بەشـێکن لەو ناتەواوییانەی لەم سەرژمێرییەدا بەدی دەکرێن.

## هەوڵێک بۆ خەمڵاندنی ژمارە و ڕێژەی پێکهاتەکانی کەرکوک لە ساڵی ١٩٤٧دا

وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، لە سـەرژمێری ١٩٤٧دا دانیشـتووان تەنیـا بەپێی ئاین پـۆلێن کـراون و بـاس لە پێکهـاتەی ئەتنیکییـان نەکـراوە، بـۆیە لە توانای کەسدا نییە ژمارە و ڕێژەیان بەوردی دیاری بکات. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەم بەپێـی داتاکـانی سـەرژمێرییەکە و زانیـاریی جۆراوجـۆر ژمـارە و ڕێـژەی کـورد و عەرەب و تورکمـان لە کەرکـوکی ئەو ڕۆژانەدا بەمەزەنە بـخەمەڕوو. یەکسەر دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەم ئامارانە لە کۆتاییدا خەمڵاندنن.

لەم ڕۆژانەدا بە کتێبێکی پڕ لە زانیاریی بەسـوودا دەچـوومەوە، کە کـاک هۆشیار بەکر عەزیز لەسەر گەڕەکی شۆرجەی کەرکوک ئامادەی کردووە. لەوێـدا ڕستەیەک سەرنجی ڕاکێشام کاتێـک ئامـاژە بە بۆچـوونی نووسـەرێکی تورکمـان دەکات کە وتوویەتی، گوایە ناوی گەڕەکی شۆرجە لە سەرژمێری سـاڵی ١٩٤٧دا نەهـاتووە. ئەم وتـانە بەشـێکن لە هەڵمەتێکـی فـراوان کە دەمـێکە کەسـانی توندڕەوی تورکمان و عەرەب لە دژی کوردی کەرکوک بەرپایـان کـردووە. ئەوانە هەوڵ دەدەن هەمـوو ڕاسـتییە مێژوویـی و جوگرافییەکـان سـەروژێر بـکەن و بیانشێوێنن. لەباتی ئەوەی باسی بەعەرەبکردنـی کەرکـوک بکرێـت، دێـن باسـی

ئەوە دەکەن گوایە کورد لە پەنجاکانەوە هاتوونەتە ناو شار. ئەمانە ئاگاداری ڕاستییە مێژووییەکان نین و بێ بەڵگە لێکدانەوە دەکەن. بۆ نموونە، بەپێی بەڵگەنامەی عوسمانی گەڕەکی ئیمام قاسم لە نیوەی یەکەمی سەدەی شازدەهەمدا لە دەرەوەی قەڵای کەرکوک تەنیا گەڕەک بووە و هەموو گەڕەکەکانی تری کەرکوک لە دەرەوەی قەڵا دوای ئەو کاتە بەچەند سەدەیەک پەیدا بوون. گەڕەکی شۆرجەش لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا، نەک پەنجاکاندا ئاوەدان کراوەتەوە و لە کاتی سەرژمێرییەکەدا ژمارەی دانیشتووانی ٢٣٦٥ کەس بووە. ئیمام قاسمیش ژمارەی دانیشتووانی هەر بەپێی سەرژمێرییەکە ٤٦٥٤ کەس بووە، ئاخورحوسێنیش ٢٠٢٧ کەس بووە. سەرباری هەموو ئەمانە و هەر بەپێی ئامارەکانی سەرژمێریی ١٩٤٧ ئەو کاتە ٥٦٤٦ کەس کە لەدایکبووی لیواکانی سلێمانی و هەولێر بوون، لە کەرکوک دەژیان، بەشێک لەمانە کرستیان بوون و بۆ کارکردن لە کۆمپانیای نەوت کۆچیان کردبوو بۆ کەرکوک. ئەگەر باسی کوردانی گەڕەکەکانی دیکە نەکەین، ئەوا تەنیا ئەمانە دەکەنە نزیکەی دە هەزار کەس. ئەگەر ڕێژەیەکیش لەو پێنج هەزار کەسەی لە دیالە و موسڵەوە هاتبوونە کەرکوک بخەینە سەر ئەوانە، ئەوا ژمارەکە خۆی لە بیست هەزار کورد دەدات لە نێو شاردا. کەواتە ئەو قسانەی گوایە کورد لە پەنجاکانەوە هاتوونە کەرکوک هیچ واتا و بایەخێکی زانستی نییە و هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی پشتڕاستیان ناکاتەوە. ئەگەر ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین، کە ژمارەی لەدایکبووانی لیوای کەرکوک لە نێو شار بەپێی سەرژمێرییەکە تەنیا ٤٩٤٤١ کەس بوون، ئەوا ژمارەی کورد ڕێژەیەکی سەنگین و بەرچاو بووە. هەر بەپێی سەرژمێرییەکە نزیکەی دە هەزار کەسیش لە دانیشتووانی ناو شار کرستیان و جوو بوون، ئەمانەش هیچیان تورکمان نەبوون. بۆیە بەپێی هەموو ئەم ئامارانە ڕێژەی تورکمان ئەو کاتەش دەوروبەری سێیەکی دانیشتووانی ناو شار بووە. هەندێک لەو ڕێژەیە زیاتری دانیشتووانی ناو شار بەتورکمانی قسەیان کردووە بێ ئەوەی هەموویان بەڕەچەڵەک تورکمان بن. ئەمە لە سەرژمێری ١٩٥٧دا کە زمانی دایکی کردووە بە بنەما بۆ پۆلێنکردنی دانیشتووان بە ڕوونی دەردەکەوێ. ئەوەش درۆیەکی زلە، گوایە

کەرکوک شارێکی تورکمانی یان سیمایەکی تورکمانی هەبووە. ئەو قسەیە زۆر دووبارە دەکرێتەوە کە دەڵێت، بەهاتنی بەلێشاوی کورد و دواتریش عەرەب سیمای شارەکە گۆڕاوە، ئەمەیان هەندێک ڕاستی تێدایە، بەڵام نەک بە قازانجی کورد. جارێ زۆربەی هەرە زۆری کورد لە ئاواییەکانی کەرکوکەوە هاتوونەتە ناو شار، نەک لە لیواکانی دیکەوە. ئەمەش دیاردەیەکی سروشتیی سەدەی بیستەمە لەسەر گۆی زەوی. هیچ یەکێک لە شارەکانی دونیا بە شارەکانی عێراق و کوردستانیشەوە بەر لە نیو سەدە چواریەکی دانیشتووانی ئێستای نەبووە. کەرکوکیش وەک شارێکی پیشەسازی نەوت و دەرفەتی گەورەی کار و بژێوی پەیداکردن خەڵکی بەلێشاو بەرەو خۆی ڕاکێشاوە. تەنیا لە ماوەی دە ساڵدا پاش دەرکردن و هەناردەکردنی نەوت زیاتر لە ١٥ هەزار عەرەب، کە لە لیوا عەرەبییەکانی عێراق لە دایک بوون، هاتوونەتە شاری کەرکوک. توندڕەوانی تورکمان نایانەوێت ئەم ڕاستییانە ببینن و تەنیا باس لە هاتنی کورد دەکەن. لە ساڵی سەرژمێرییەکەدا هەموو دانیشتووانی شاری کەرکوک هەندێک زیاتر بوون لە ژمارەی دانیشتووانی ئەمڕۆی شۆرجە، کە بەپێی هەندێک ئاماری نافەرمی نزیکەی ٩٠ هەزار کەس دەبن.

بەپێی پێوەرە دیمۆگرافییەکان ژمارەی ئەوانەی کە لەو کاتەدا بە تورکمانی قسەیان کردووە، کە مەرج نییە بە ڕەچەڵەک تورکمان بووبن، لە نێوان پازدە بۆ بیست هەزار کەس بوون. هەڵبەتە ئەم ژمارەیە بۆ ئەو کاتە دەیکردە ڕێژەیەکی بەرچاو لە دانیشتووانی شار. ئەگەر باڵادەستی زمانی تورکمانی بەهۆی دەسەڵاتی پێشووی عوسمانییەوە لە بازاڕ و دەزگاکانی دەوڵەتدا بخرێتە سەر ئەو ژمارەیە، ئەوا ڕێژەکە ئەوەندەی تر بەرچاو و گرنگ دەبێت. هەر ئەمەشە وای لە هەندێک لە چاودێران و گەڕیدە بیانییەکان کردووە باس لە سیمای تورکمانی دانیشتووانی شاری کەرکوک بکەن. دانیشتووانی شار و لادێکان لە لیوای کەرکوک ئەو کاتە هاوتا بوون. کۆی دانیشتووانی شاری کەرکوک و مەڵبەندی شارەدێکان و قەزاکانی ٧١٠٠٣ کەس بوون، لە کاتێکدا سەرجەم دانیشتووانی دێکانی لیوای کەرکوک ٧٢٩٥٠ کەس بوون.

ڕاستییەکی دیکە کە توندڕەوەکان نایانەوێت ببینن ئەوەیە، کە لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە هەرچی گەشەی دیمۆگرافی ڕووی داوە لە کەرکوک بە پلەی یەکەم بە قازانجی عەرەب بووە، لە دوای عەرەب ئەمجا کورد، واتا لە هەردوو حاڵەتەکەدا بە زیانی ڕێژەی دانیشتووانی تورکمان بووە. کۆچی کوردان لە ئاوابییەکانی کەرکوکەوە بۆ ناو شار جووڵەیەکی سروشتیی دانیشتووان بووە لە سەدەی ڕابردوودا. کەرکوک کە لە هەموو عێراق و تەنانەت دەرەوەی عێراقیشەوە خەڵکی ڕاکێشاوە، زۆر ئاساییە دانیشتووانی گوندەکانی خۆی، کە ٩٠٪یان کورد بوون، ڕابکێشێ.

ئەو کاتە تەنیا یەک ناحیەیان عەرەب هەبوو لە هەموو لیوای کەرکوک کە سەر بەقەزای ناوەند بوو، کە دەتوانین بڵێین تەواو عەرەبنشین بوو، ئەویش ناحیەی مەلحە بوو، کە شارەدێی فارووق ناوەندەکەی بوو. شارەدێی فارووق تەنیا ٩٠٢ کەسی تێدا دەژیا. ژمارەی ئاوابییەکانی ناحیەکە ٧٦ ئاوایی، کە ژمارەی دانیشتووانیان بەسەریەکەوە ١٢٣٥٣ کەس بوون. کۆی دانیشتووانی ناحیەکە بەهەموو گوندەکانییەوە ١٥٣٢٦ کەس بوون و لە ٢٥٢٨ خێزان پێکهاتبوون.

ئەم ناحیە و دانیشتووانی بەرهەمی نیشتەجێکردنی هۆزەکانی عوبێد، جبور و ئەوانی دیکە بوون لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا. لە ماوەی چەندساڵێکی کەمدا بوون بەو ژمارە بەرچاوە. دواتر حەوێجەی لێ پەیدا بوو و کرا بە قەزا و ژمارەی دانیشتووانی بەشێوەیەکی زۆر نائاسایی گەشەی دەکرد، ئێستا باس لە چوارسەد هەزار عەرەب دەکرێت لەو قەزایە. لە تەک ئەم ناحیەدا لە قەزاکانی داقووق و کفریش چەند گوندێکی تێکەڵاو هەبوون کە دانیشتووانیان عەرەب و کورد بوون. هەموو عەرەبەکانی ئەو گوندانە کاتی خۆی پەنایان هێنابووە بەر ئاغا و شێخەکانی ئەم گوندانە، یان لەبنەڕەتدا ماڵە سەید و شێخ بوون هاتبوونە ئەو ناوانە و دواتر خەڵک لێیان کۆبووبوونەوە و ئاوابییان دروست کردبوو. هەموو ئەمانە لە دەرەوەی شاری کەرکوک دەژیان و ژمارەیان نەدەگەیشتە بیست هەزار کەس.

هەرچی شاری کەرکوکە تەنیا یەک دوو گەڕەکی بچووک هەبوون، کە دەکرێت وەک گەڕەکی عەرەبی ناویان ببرێت، حەدیدییەکان کە وەک ئاواییەکی قەراخی شار بوو، سەرژمێرییەکە لەگەڵ ئاواییەکانی بەشیر و تازەدا ئاماژەی پێکردووە و ژمارەی دانیشتووانەکەی تەنیا ٣٩٥ کەس بوو. کەسە بەتەمەنەکانی کەرکوک دەزانن کە گەڕەکی حەدیدییەکان بریتی بوو لە کۆمەڵێک ماڵ کە بە تەنەکە و دار و دەوەن دروست کرابوون، کاتێک مەلیک فەیسەڵ لە ساڵی ١٩٢٤ سەردانی کەرکوک دەکات و گەڕەکەکە بەو حاڵە شپرزەیە دەبینێت، فەرمان دەدا هەندێک خانووی قوڕیان بۆ دروست بکرێت. لەوە بترازێت لە یەک دوو کەڕەگی کەرکوک کۆڵان هەبوون بە ناوی کۆڵانی عەرەبەکان وەک شۆرجە، قەسابخانە و عەرەسەکان. زۆربەی هەرە زۆری عەرەبەکانی دیکە ئەوانە بوون کە وەک فەرمانبەر و سەرباز دەهاتنە ئەم شارە، یان وەک کرێکار لە دوای دەرکردنی نەوت و هەناردەکردنییەوە لە لیوا عەرەبییەکانی عێراقەوە وەک بەغدا، موسڵ، بەسرە، دیالە، دلێم (ڕومادی)، کوت، عەمارە، حلە، کەربەلا، دیوانیە و مونتەفیک (ناسرية)وە ڕوویان کردە کەرکوک، کە ژمارەیان بەسەریەکەوە بەپێی سەرژمێرییەکە ١٠٩٥٩ کەس بوون. هەڵبەتە لە ناو ئەمانەدا بەتایبەتی ئەوانەی لە موسڵ، دیالە و کوتەوە هاتبوون، کوردیش هەبوون، بەڵام پێدەچێت بەڕێژەیەکی کەم بووبن. هەر لەو سەرژمێرییەدا باس لە ٣٨٦١ کەس کراوە کە بەشێوەیەکی کاتی لە کەرکوک بوون، نەک هەمیشەیی. ئەوانەش بەشێکی کەمیان هەر لەو لیوایانەوە هاتبوون. لە تەک هەموو ئەمانەدا ١٣٢٧ کەسیش لە کەرکوک بوون کە هەڵگری ڕەگەزنامەی بیانی بوون و بەشێکی ئەمانەش خەڵکی وڵاتە عەرەبییەکان بوون. بەعەرەبەکانی ناو شارەوە ژمارەی عەرەب دەیکردە نزیکەی سی هەزار کەس، کە هەندێک زیاتر لە ١٠٪ دانیشتووانی لیوای کەرکوکیان پێکدەهێنا. لە ناو شاریش تەنیا یەک لەسەر شەش بۆ یەک لەسەر حەوتی دانیشتووان بوون.

تورکمان لە ناو شاردا ڕێژەیان لە دەوروبەری ٤٠٪دا بوو. لە دەرەوەی شاریش لە ناو شارۆچکەکانی داقووق، خورماتوو، کفری و قەرەتەپە دە هەزار کەسێک دەبوون. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ئەو کاتە ١٥—٢٠٪ دانیشتووانی

لیـوای کەرکـوک تورکمـان بـوون. ڕێـژەی ٥٪ دانیشـتووانیش کرسـتیان، جـوو و ئەوانی دیکە بوون. بەم پێیە کـورد ڕێـژەی ٥٥٪ دانیشـتووانی لیـوای کەرکـوکی پێکـدەهێنا. لە لادێ ڕێـژەکە لە هەنـدێک لە قەزاکـان و ناحیەکـان گەیشـتووەتە ١٠٠٪ و لە هەنــدێکی دیــکە ٩٠٪ و لە هەنــدێکیش لە ٨٠٪ کەمتــر نەبــووە. بەڵگەیەکی گرنگ لەم بارەیەوە ئەوەیە لەو ١٠٠٧ ئاوایییەی کەرکـوک تەنیـا ٧٦ ئـاوایی مەلـحە و دە پـازدە گونـدی دیـکەی لێـدەرکەیت لە دوبـز، قەرەتەپە و داقـووق و خورمـاتوو کە عەرەب بـوون، بە هەموویـانەوە لە سـەد گونـد زیـاتر نەبـوون، نـزیکەی بیسـت بـۆ سـی گونـدیش تورکمـان بـوون لە قەزای ناوەنـد و ناحیەکانی خورماتوو و قەرەتەپە، ئەوانی دیکە هەموویان ئاوایی کـورد بـوون ، کە زیاتر لە ٨٥٠ ئاوایی بوون.

ئەم ڕێژانە لە ساڵانی دواتر گۆڕانکاری دراماتیکییـان بەسـەرهات. ژمـارەی عەرەب ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەڵکشاندا بوو، هەرچـی ژمـارەی کـورد و تورکمـان بوو لە کەمی دەدا. بەپێی سەرژمێری ١٩٥٧، کە زمانی دایکی کردبوو بە بنەمـا بۆ پۆلێنکردنی دانیشتووان، کـورد ٤٨٪ و تورکمـان ٢١٪ی دانیشـتووانی لیـوای کەرکوکیـان پێکـدەهێنا، بەڵام عەرەب ببـوو بە ٢٨٪ی دانیشـتووانی لیـواکە. لە سـەرژمێرییەکانی دواتـردا ڕەوشــەکە خراپتـر بـوو، بـۆ نمـوونە، لە سـەرژمێری ١٩٧٧دا ڕێـژەی تورکمـان دابەزی بـۆ ١٦٪ و کـوردیش بـۆ ٣٨٪، لە کاتێکـدا ڕێـژەی عەرەب بەرزبـووەوە بـۆ ٤٤٪ دانیشـتووان. دابەزینـی ڕێـژەی کـورد بەو شێوە دراماتیکییە بەشێکی گرنگی دەگەڕێتەوە بۆ دابڕاندنی چەمچەمـاڵ، کەلار، کفری و خورماتوو لە کەرکوک و لکاندنیان بە سلێمانی و دیالە و تکـریتەوە. لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو و تا ڕووخـانی ڕژێمـی بەعـس بـارەکە زۆر لەوەش خراپتـر بـوو. ئەم گۆڕانکـارییە دراماتیکییـانە لە ژمـارە و ڕێـژەی پێکهاتەکانــدا بەرهەمــی کۆمەڵێــک هەنگـاو و سیاســەتی دژ بە کـورد بــوو: لەلایەکەوە هێنـانی بەلێشـاوی عەرەب بـۆ کەرکـوک لە چوارچێـوەی سیاسـەتی بەعەرەبکردندا و لەهەمان کاتدا ڕاگوێزانی زۆرەملێی کورد بۆ دەرەوەی کەرکـوک و وێرانکردنی ئاوایییەکانی کورد و لەتـوپەتکردنی پارێزگـای کەرکـوک لە سـاڵی ١٩٧٦دا. هەرچی دابەزینـی ڕێـژەی تورکمانەکـانە، بـۆ دوو هۆکـار دەگەڕێـتەوە،

یەکەمیــان بەرزبــوونەوەی ناسروشــتیی ژمــارە و ڕێــژەی عەرەب و دووەمــیش ناونووســکردنی بەشــێک لە تورکمانەکــان بە عەرەب. ئەم خشــتەیەی خــوارەوە بەشــێک لەو گۆڕانکــارییە دراماتیکییە دەخــاتە ڕوو کە بەســەر دیمۆگرافیــای کەرکوکدا هێنراوە.

**خشتەی دانیشتووانی لیوای (پارێزگای) کەرکوک**
**لە سەرژمێرییەکانی ساڵانی ١٩٤٧- ١٩٧٧**

| ساڵ | کۆی دانیشتووان | ڕێژەی کورد | ڕێژەی عەرەب | ڕێژەی تورکمان | کەمینەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ٢٨٥٦٠٨ | ٪٥٥ | ٪١٢ | ٪٢٦ | ٪٧ |
| ١٩٥٧ | ٣٨٨٨٣٩ | ٪٤٨ | ٪٢٨ | ٪٢١ | ٪٣ |
| ١٩٧٧ | ٤٨٣٩٧٧ | ٪٣٨ | ٪٤٤ | ٪١٦ | ٪٢ |

سەرچاوەی داتا و زانیارییەکان کە لەم بەشەدا ئاماژەیان پێکراوە سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧، بڕوانە :

المملكة العراقية، وزارة الشؤون الإجتماعية، مديرية النفوس العامة، إحصاء السكان لعام ١٩٤٧، الجزء الثاني، لواء الموصل- لواء كركوك - لواء السليمانية- لواء أربيل، بغداد ١٩٥٤، الصفحات ١٠١- ١٥١.

## چۆن ژمارەی کورد لە کەرکوک لە سەرژمێری ١٩٥٧ کەم کرایەوە؟

هەرچەندە سەرژمێری ١٩٥٧ لەوانەی پێش و پاش خۆی باشترە و داتا و زانیارییەکانی تا ئاستێکی دیار متمانەیان پێدەکرێت، کوردیش زۆر جار وەک بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ ڕەوایی داخوازییەکانی خۆی لە کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی هەرێم پشتیان پێدەبەستێت، لێ لە ڕاستیدا ئەمیش بەشی خۆی هەڵەی تێدایە و لە کەرکوک و هەندێک شوێنی دیکە لە شێواندنی ڕاستییەکان بەدوور نییە. پێموایە ئەو کارە بە جۆرێک لە هەماهەنگی لە نێوان هەندێک لە کاربەدەستانی عێراق و بەشێک لەماڵنووسەکاندا ئەنجام دراوە.

لەم بەشەدا لە ڕێگەی داتا و زانیارییەکانی خودی سەرژمێرییەکەوە هەندێک لەو دەستتێوەردان و فێڵانە دەخەمە ڕوو. ئامانجی سەرەکی ئەو دەسکارییانە بۆ ئەوە بووە ژمارەی دانیشتووانی تورکمان و بە ئەندازەیەکی کەمتر عەرەبیش لە کەرکوک زیاد بکەن و لە بەرامبەریشدا ژمارەی کوردی شارەکە کەم پیشان بدەن.

بە پێویستی دەزانم هەرچەندە بە کورتیش بێت هەندێک زانیاری لەسەر سەرژمێری دانیشتووان لە عێراق بەر لەوەی ساڵی ١٩٥٧ بخەمەڕوو. سەرچاوەی هەموو ئەم زانیارییانە بڵاوکراوەی فەرمی دەوڵەتی عێراقە لە هەردوو سەرژمێری ١٩٤٧ و ١٩٥٧دا. ئەنجامەکانی سەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٥٧ لە (١٣) بەرگدا لە ساڵی ١٩٦٣ بڵاو کرانەوە. گەلێک زانیاری لە بارەی سەرژمێرییەکانی عێراقەوە لە پێشەکی بەرگەکانی سەرژمێرییەکەدا بڵاو کراونەتەوە. پێشەکییەکە شارەزایەکی میسری بواری سەرژمێری دانیشتووان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ناوی دکتۆر محمەد ڕیاز ئەلشەنەوانی نووسیویەتی. وادیارە ئەو پێشەکییە لە هەموو بەرگەکانی سەرژمێرییەکەدا بڵاو کراوەتەوە. ئەو بەرگەی لە بەردەستی مندایە و تایبەتە بە کەرکوک و سلێمانی پێشەکییەکەی تێدایە. دوای هەوڵی زۆر بۆ پەیداکردنی ئەم بەرگە و دەیان سۆز و پەیمانی بێ ئەنجام، وێنەیەکی ئەم بەرگەم لە هاوڕێ و هاوپیشەیەکی دڵسۆزی کەرکوکییەوە بە دەست گەیشت، سەد جار ماڵی ئاوا بێت.

بەر لەم سەرژمێرییە گشتییە لە ساڵانی ١٩٢٧، ١٩٣٤ و ١٩٤٧ لە عێراق سێ سەرژمێری تر ئەنجام درابوون. یەکەمیان زیاتر لە ساڵێکی خایەند، لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٧ تا کۆتایی ساڵی ١٩٢٨. لیژنەکانی سەرژمێری لە مزگەوت، قوتابخانە و دامەزراوەکانی حکومەتدا دادەنیشتن و لیژنە مەیدانییەکانیش دەگەڕان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی دانیشتووانەوە. دوای چەند مانگێک حکومەت بۆی دەرکەوت کارەکە سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە ئەنجامەکانی پشتگوێ خران و لە بیر کران. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی دانیشتووان بە ٢،٩٦٨،٠٥٤ کەس خەمڵێنرا. بەپێی ئەو خەمڵاندنە نێرینەکان ١،٥١٢،٠٧٧ کەس و مێینەکان ١،٤٥٥،٩٧٧ کەس بوون. نازانرێت ئەم خەمڵاندنە لەسەر چی بنەمایەک بووە، وادیارە سەرچاوەی هەموو زانیارییەکان بەرپرسانی حکومەت بوون لە یەکە کارگێڕییەکاندا.

دووەم سەرژمێری لە ساڵی ١٩٣٤ کرا، ئەمەیان بە دوو خول تەواو کرا، جاری یەکەم لە ئەیلول و ئۆکتۆبەری ئەو ساڵە، جاری دووەمیش لە ئاب و ئەیلولی ساڵی دواتر واتا ١٩٣٥ بۆ ئەوانەی دواکەوتبوون و لە ساڵی پێشوودا خۆیان تۆمار نەکردبوو. لیژنەکان لە شوێنە گشتییەکان دادەنیشتن و موختارەکان سەرۆک خێزانەکانیان بانگ دەکرد بۆ ئەوەی زانیاریی پێویست لە بارەی خێزانەکانیانەوە بدەن بەو لیژنانە. ئەم سەرژمێرییە هەموو عێراقی گرتەوە، ئامانجی سەرەکی لە سەرژمێرییەکە خزمەتی سەربازی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن بوو. هەروەها سەرژمێرییەکە بوو بە بنەمایەک بۆ پێدانی ڕەگەزنامەی عێراقی کە ئەو کاتە بە "دفتر جنسية" دەناسرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٢ ناوەکەی گۆڕدرا بۆ دەفتەر نفوس. ئەم دەفتەرە وەک ناسنامە و بەڵگەنامەی فەرمی لە دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکاندا کاری پێدەکرا. تا ١٣ ئابی ١٩٥٣ بۆ ئەم مەبەستە هەر کار بە زانیارییەکانی سەرژمێری ساڵی ١٩٣٤ دەکرا. لەو ڕۆژە بەدواوە ئیتر بۆ پێدانی ڕەگەزنامەی عێراقی کار بە ئامار و داتاکانی سەرژمێری ١٩٤٧ کرا، بە وتەیەکی دیکە شەش ساڵی ویست تا ئەنجامەکانی سەرژمێری ١٩٤٧ تەواو کران. لەم سەرژمێرییەدا ئەوەی گرنگ بوو ژمارەی دانیشتووان بوو، بۆیە هەموو مەرجە زانستییەکانی دیکەی سەرژمێری

پشــتگوێ خــران. بەپێــی ســەرژمێری ١٩٣٤ ژمــارەی دانیشــتووانی عێــراق ٣،٢١٣،١٧٣ کەس بــوون، کە ١،٦٣٦،٠٥٦ یــان نێــرینە و ١،٥٧٧،١١٧یــانیش مێینە بوون.

سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ بە یەکەمین سەرژمێری دادەنرێت کە لە ڕێگەی مــاڵنووس و دەســتەی ناونووســییەوە ئەنجــام درا. ئەمــانە دەچــوونە مــاڵان و ڕاستەوخۆ بەپێی پرسیارەکانی نێو فۆرمەکان زانیــاری و داتایــان لە خێزانەکــان وەردەگــرت. ئەم ســەرژمێرییەش عێراقییەکــانی دەرەوە و هــۆزە کــۆچەر و نیشتەجێکراوەکانی نەگرتەوە. کارەکان لە یەک ڕۆژدا ئەنجام دران کە ڕۆژی ١٩ ئوکتۆبەری ١٩٤٧ بوو. لە ناوچە دوورەدەست و زۆنگاوەکانی باشوور مانگێک بەر لەو ڕۆژە دەست کرابوو بە ماڵنووسی، بۆیە لەو نــاوانەش لە هەمــان ڕۆژدا پرۆســەکە کۆتــایی هــات. لە دێهــات و ئاواییەکــان پرۆســەکە وەک نــاو شــار و شارۆچکەکان سەرکەوتوو نەبوو. دواتر لە ڕێی سەرژمێری ١٩٥٧ ئەوە زانــرا کە لەوەی ســاڵی ١٩٤٧دا ژمــارەیەکی زۆر لە خەڵــک تۆمــار نەکرابــوون. لێــرەدا جارێکی دیکەش وتەکەی مامۆستا عەلائەدین سوجادیم بیــر دەکەوێــتەوە کە ئەو ئەو کاتە ماڵی لە بەغدا بووە و کەس نەهاتووە ناونووسیان بکات.

ژمــارەی دانیشــتووانی عێــراق بەپێــی ســەرژمێری ســاڵی ١٩٤٧ بە ٤،٨١٦،١٨٥ کەس خەمڵێنرا، ٢،٢٥٧،٣٤٥ کەسیان نێرینە بوون و ٢،٥٥٨،٨٨٠ کەسیشیان مێینە. ئەمە یەکەمین سەرژمێری بــوو داتــا و زانیارییەکــانی بەپێــی خشتەی تایبەتی پۆلین کرابوون و ئەنجامەکانی لە سێ بەرگدا لە ساڵی ١٩٥٤ لە بەغدا بڵاو کــرانەوە. خشــتەی تــایبەت بــۆ دانیشــتووانی هەر یەک لە چــواردە لیــواکەی عێــراق دروســت کرابــوو، بەڵام داتــا گشــتییەکانی هەمــوو عێــراق لە بەرگێکــی ســەربەخۆدا بــڵاو نەکــرانەوە. داتاکــانی ئەم ســەرژمێرییە بــۆ پێــدانی ڕەگەزنامەی عێراقی لە ساڵی ١٩٥٣وە کاریان پێکرا. لە بەشــی پێشــوودا باســی کەرکوکم لە سەرژمێری ١٩٤٧ کرد، بۆیە لێرە بە پێویستی نازانم ئەو زانیارییانە دووبــارە بــکەمەوە. لەم ســەرژمێرییەدا ئامــاژە بە دابەشــبوون و پــۆلینکردنی دانیشتووان لەسەر بنەمای ئەتنیکی و زمانی دایک نەکراوە، تەنیا باس لە ئاینی دانیشتووان کراوە.

سەرژمێری ١٩٥٧ ئامادەیی باشی بۆ کرا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی دانیشتووان قانوونی تۆمارکردنی دانیشتووانی ژمارە ٥٩ لە ساڵی ١٩٥٥ دەرچواند و ڕێنماییەکانی بەڕێوەبردنی پرۆسەکەشی دەرکرد. بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی پرۆسەکە زانیاریی سەرەتایی کۆکرانەوە. لیستی پرسیار، کارمەندی پێویست بۆ یەکە کارگێڕییەکان، فۆرم و ڕێنمایی بۆ ماڵنووسەکان لە چاپ دران. هەروەها ئامێرەکانی گواستنەوە، کارمەندانی پاراستنی ئاسایش و دادوەری پێویست بۆ کارە مەیدانییەکان دابین کران. هەموو ڕێنمایی و وردەکارییەکان لە کتێبێکی گەورەدا لەژێر ناونیشانی "ڕێنمایی گشتی بۆ سەرژمێری گشتیی دانیشتووانی ساڵی ١٩٥٧" لە چاپ درا و بڵاو کرایەوە.

ئەم جارەیان میتۆدی زانستی لە بواری سەرژمێریی دانیشتوواندا پەیڕەو کرا، ئامادەکاری زۆر و هەمە چەشنە کران، داوای یارمەتی لە دامەزراوە تایبەتمەندەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا، بەتایبەتی کۆمسیۆنی هاوکاری هونەری سەر بەو ڕێکخراوە، کە نوێنەرێکی تایبەتی لە بەغدا دانابوو، شارەزایەکی بواری سەرژمێریشی بۆ پرۆسەکە دیاری کردبوو کە دکتۆر محەمەد ڕیاز ئەلشەنەوانی بوو. ئەلشەنەوانی پسپۆڕێکی جوگرافیای مرۆیی میسری بوو. ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرکەوتنی سەرژمێری ١٩٥٧دا کەم نەبوو. شارەزاکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماوەی مانگ و نیوێکدا سەردانی هەر چواردە لیواکەی عێراقی کرد. لە هەموو لیواکان بە ئامادەبوونی موتەسەڕیف، قایمقامی قەزاکانی سەر بە لیواکە و بەرپرسانی باری شارستانی کۆبوونەوە و سیمیناری تایبەتی پێشکەش دەکرد. لەو کۆبوونەوانە ئەلشەنەوانی بە دووروودرێژی باسی گرنگی و پێویستیی سەرژمێریی دانیشتووانی دەکرد، هێڵە گشتییەکانی بۆیان دیاری دەکرد و وردەکاری چۆنێتی ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی سەرکەوتووی بۆ ئامادەبووان ڕوون دەکردەوە. لە بەغدا خولی ڕاهێنان بۆ لایەنە پەیوەندارەکان کرانەوە بەتایبەتی بۆ بەڕێوەبەرانی فەرمانگەکانی نفوس لە لیواکان. خولەکە لە مارتی ١٩٥٧دا ڕێکخرا، ماوەکەی سێ ڕۆژ بوو و هەر ڕۆژەی لە ماوەی پێنج کاتژمێردا زانیاری و ڕێنمایی پێویست بە بەشدارانی خولەکە دەدران. کارمەندانی فەرمانگەی گشتیی

نفوسیش بەشدارییان تێدا دەکرد، بەگشتی ٣٥ کەس بەشدارییان تێدا کرد. بۆ هەمان مەبەست خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی نفوس و فەرمانبەرانی خۆجێیی لە قەزا و ناحیەکانیش ڕێکخرا، لەم خولانەشدا ٢٩٢ کەس بەشدارییان کرد.

بۆ دڵنیابوون لە دروستی و کارامەیی ئامادەکارییەکان، تاقیکردنەوەیەکی ئەزموونیی سەرژمێری لە قەزای میقدادیە لە ١٤ حوزەیرانی ١٩٥٧ ئەنجام درا. ئەنجامەکانی ئەزموونەکە لە ژمارە (١-٢)ی "گۆڤاری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵاتی" لە لاپەڕەکانی ١١٦ — ١٤٠ بڵاو کرانەوە. بە بۆچوونی شارەزاکەی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەبوایە ئەزموونەکە پێش ئامادەکردنی فۆرمەکانی سەرژمێری بکرابایە و لە بەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی پرسیارەکان دابڕێژرانایە، بەڵام تازە درەنگ بوو و نەدەکرا ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت.

بەر لە سەرژمێرییەکە هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی بەرفراوان دەستی پێکرابوو لە ڕێگەی ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە کە سێ چوارساڵێک دەبوو لە عێراق پەیدا ببوو بەر لە هەموو وڵاتانی تری ناوچەکە. لەو هەڵمەتەدا باس لە گرنگیی سەرژمێری دەکرا و هانی هاووڵاتیان دەدرا هاوکاری ماڵنووسەکان بکەن و زانیاریی دروستیان پێبدەن. لە هەمان کاتدا ڕێنماییەکان بە چاپکراوی لە شەقام و گۆڕەپانەکان بەسەر خەڵکدا دابەش دەکران و لە ڕێگەی فڕۆکەشەوە فڕێدەدرانە خوارەوە. بڵندگۆش خرابوونە سەر ئۆتۆمبیل و بە شەقامەکاندا دەسووڕانەوە و هانی خەڵکیان دەدا خۆیان ناونووس بکەن و چالاکانە لە پرۆسەکەدا بەشداری بکەن. باس و خواسەکانی گرنگیی سەرژمێری، ڕێنماییەکان و هاندانی هاووڵاتیان بۆ هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ سەرخستنی پرۆسەکە لە هەمان گۆڤاری ئاماژە پێکراو لە لاپەڕەکانی (١٨٦ - ٢٢٦)دا بڵاو کرانەوە.

بەپێی ئەو پلان و پرۆگرامەی بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری گشتیی ساڵی ١٩٥٧ دانرابوون، دەبوایە پرۆسەکە لە یەک ڕۆژدا لە هەموو عێراق جێبەجێ بکرێت، کە ڕۆژی ١٢ ئۆکتۆبەری ١٩٥٧ بوو. فۆرمەکانی تۆمارکردنی ناوەکان سێ ڕۆژ بەر لەوە لە ڕێگەی ناونووسەکانەوە بەسەر خێزانەکاندا دابەش کرابوون. هەر ناونووسێک ٤٠ خێزانی بەرکەوتبوو. ئەو سەرۆک خێزانانەی بە

خۆیان دەیانتوانی فۆرمەکان پڕ بکەنەوە، ئەوا پڕیان دەکردنەوە، ئەوانەشی نەیاندەتوانی یان نەخوێندەوار بوون، ئەوا ماڵنووسەکان بۆیان پڕ دەکردنەوە. هەڵبەتە لەسەر بنەمای ئەو زانیاری و داتایانەی لە سەرۆک خێزانەکان وەریاندەگرت. لێرەدا ناونووسەکان بە هەڵە هەندێک زانیارییان تۆمار کردووە و لە هەندێک شوێنیش، وەک کەرکوک، فێڵی زۆریان کردووە کە لە خوارەوە باسیان لێوە دەکەم.

لە ڕۆژی سەرژمێرییەکەدا، واتا لە ١٢ ئوکتۆبەری ١٩٥٧ قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە سەرانسەری عێراق لە کاتژمێر پێنجی بەیانییەوە تا پێنجی ئێوارە ڕاگەیەندرا. ماڵنووسەکان بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرانی تۆماری دانیشتووان توانیان لەو ڕۆژە و لە کاتی دیاریکراودا کارەکانیان تەواو بکەن. لە هەموو عێراق ١٣٢١٣ ناونووس بەشدارییان لە پرۆسەکەدا کرد، ئەوانەشی ئەرکی سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی پرۆسەکەیان کەوتبووە ئەستۆ، ٧٢٨ کەس بوون. ژمارەی چاودێرانیش ٣٦٨ کەس بوون. پرۆسەکە لە شار و شارۆچکەکان بەم شێوەیە بوو. بەڵام لە ئاوایی و بیابانەکان شێوازێکی دیکەی وەرگرت. بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری لەو شوێنانە لیژنە و دەستەی سێ کەسی تایبەت دیاری کران، کە دەبوایە زانیاری و داتاکان لە ڕەشنووسەکانی تۆماری گشتیدا تۆمار بکەن. ئەم ڕەشنووسانە سەدان بەرگ بوون و هەر یەکەیان ٢٠٠ فۆرمی تۆمارکردنی لەخۆدەگرت. ئەم لیژنە و دەستانە کارەکانیان لە هەمان ڕۆژی ١٢ ئوکتۆبەر دەست پێکرد و بە ئاواییەکاندا دەگەڕان تا لە ١٥ دیسەمبەری هەمان ساڵدا، واتا دوای دوو مانگ و سێ ڕۆژ کارەکانیان تەواو کرد. ژمارەی ئەم دەستە و لیژنانە ٢٠٢٨ بوو. لە سەرژمیری گشتیی ساڵی ١٩٥٧ سێ جۆر فۆرمی تۆمارکردن بەکارهێنران: سپی: بۆ تۆمارکردنی هاووڵاتیان لە شار و شارۆچکەکان؛ کەوە یان شین: بۆ تۆمارکردنی ئەو کەسانەی لە ناونووسین دواکەوتبوون و جۆری سێیەمیش ڕەشنووسەکان بوون کە لە جۆری دەفتەری تۆمار بۆ ناونووسکردنی دانیشتووانی لادێ و هۆزەکان بەکارهێنران.

سەرژمێری ١٩٥٧ هەموو کەسێکی گرتەوە، کە ئەو کاتە لە عێراق دەژیا بە بیانییەکانیشەوە، هێزە سەربازییە بیانییەکان نەبێت، کە ئەو کاتە لە عێراق

جێگیــر کرابــوون. هەروەهــا عێراقییەکــانی دەرەوەی عێراقشــی گــرتەوە. ســەرژمێرییەکە بە پرۆســەیەکی ســەرکەوتوو لە قەڵەم درا. دوای دوو مانــگ لە ڕۆژی ١٨ دیســەمبەری ١٩٥٧ وەزیــری کاروبــاری کــۆمەڵایەتی بە ئامــادەبوونی نــوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکــان لە کۆنفرانســێکی ڕۆژنامەوانیــدا ئەنجــامە بەراییەکــانی ڕاگەیانــد. بەپێــی ئەو ئەنجامــانە ژمــارەی دانیشــتووانی عێــراق گەیشتبووە ٦٥٣٨١٠٩ کەس و لەمانە ٣٢٩٤٠٧٣ یان نێرینە و ٣٢٤٤٠٣٦ شیان مێینە بوون.

لە هەمــان کاتــدا دەســت کــرا بە کــارکردن لەســەر ئەنجامەکــانی سەرژمێرییەکە بۆ ئامادەکردنی خشتەی تایبەت لەسەر بنەمای داتا و زانیارییە کۆکراوەکان لە کاتی پرۆسەکەدا، بۆ ئەوەی ببنە بناغەی پێدانی دەفتەر نفوس بە هاووڵاتیانی عێراقی. بۆ ئەم ئامانجە ٨٠ فەرمانبەری تـایبەتی دامەزرێنـدران، کە بە دوو شــیفتی هەشــت کــاتژمێری کاریــان دەکــرد. بەشــێکی گرنــگ لە کارەکەیان پێداچوونەوە بوو بە زانیاری و داتاکاندا. ئەم کارە تا هـاوینی ١٩٦١ بەردەوام بــوو. ئەمە ئەوە دەگەیەنێــت کە ئەم کــارانە دوو ســاڵ کەمتریــان لە سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ خایاند. خشتەکان کران بە دوو بەشەوە، بەشــی یەکەم بریتی بــوو لە بیست خشتەی جیاواز کە بـۆ هەمـوو لیواکـان بەهەمـان شـێواز ئامادە کران. ئەم بەشەیان لە ساڵی ١٩٦١ تەواو بوو. بەشەکەی تر بریتــی بــوو لە کۆمەڵێک خشتەی گشتی بۆ هەمـوو عێـراق و ئەمـیش لە سـاڵی ١٩٦٢ تەواو کـرا و لە بەرگێکـی سـەربەخۆدا بـڵاو کـرایەوە. ژمـارەی تۆمارەکـان (سـجلات) ٦٤٩٥ تۆمار بوون و هەموو نێردران بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی نفوس لە لیواکـان و کۆپی ئەو تۆمارانەش لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نفوس لە بەغدا پـارێزران. لە ١٥ مایسی ١٩٦١ەوە بەپێی ئەم تۆمارانە دەست کـرا بە پێـدانی دەفـتەر نفـوس بە هاووڵاتیــانی عێــراق. دواتــر لە ســاڵی ١٩٦٣ هەمــوو ئەنجــام و داتــا و زانیارییەکانی سەرژمێری ١٩٥٧ لە ١٣ بەرگدا لە بەغدا چاپ کران.

فێڵ و شێواندنی جۆراوجـۆر لە سـەرژمێری گشـتیی سـاڵی ١٩٥٧ ئەنجـام دراون. بەڵام زۆربەی هەرە زۆریــان لە یەک خــاڵی ســەرەکییەوە ســەرچاوەیان گرتبوو، ئەویش پۆلینکردنی دانیشتووان بوو لەسـەر بنەمـای زمـانی دایـک. ئەم

بنەمـایە لە هەنـدێک نـاوچەی تـێکەڵاو و فـرە پێکهـاتە لـێکەوتەی خراپـی لـێ کەوتەوە. بوو بە مـایەی شـەڕی ئامـار و بگـرە و بەردەی زۆر، کە تـا ئێسـتاش خەڵکی ئەو ناوچانە لێیان ڕزگار نەبوون . زمانی دایک بنەمایەکی دروست نیـیە بۆ دەستنیشانکردنی ئینتیمای ئەتنیکی دانیشتووان، لە هەمـان کاتـدا هەوڵـێکە بـۆ خـۆدزینەوە لە ناوهێنـانی گەل و گرووپـی ئەتنیکـی بە نـاوی ڕاسـتەقینەی خۆیـان بەمەبەسـتی داننەنـان بە مـافە سیاسـی و کولتوورییەکانیانـدا. دەکرێـت لێرەدا ئاماژە بە هەندێک نمـوونەی سـادە بکەیـن. ئەمـڕۆ سـەدان هەزار کـوردی دیاسـپۆرا، وەک گەلێـک لە گەلانـی دیـکە لە وڵاتـانی دونیـا دەژیـن. زمـانی ئەو وڵاتانە بوون بە زمانی دەربڕین و بگرە زمانی دایک بۆ بەشی هەرە زۆری منـداڵ و نەوەکانیـان، لە کاتێکـدا لە بـاری ئەتنیکیـیەوە خۆیـان بە کـورد دەزانـن. لە تورکیا زمانی تورکی بووە بە زمانی دایک، دروستتر زمانی دەربڕین بـۆ ملیۆنـان کورد، بەڵام لە باری ئەتنیکییەوە خۆیان بە کورد دادەنێن. لە ئێـران، سـوریا و عێراقیش زمانی فارسی و عەرەبی بۆ بەشێکی گرنگی کورد هەمان ڕۆڵ دەبینن.

لە شـاری کەرکـوک لە بەر کۆمەڵێـک هۆکـاری مێژوویـی، ئـابووری و کارگێڕی، زمانی تورکمانی، کە زیاتر لە زمـانی تـورکی عوسـمانی و ئـازەرییەوە نزیکە وەک لە زمانی تورکیی نوێوە، ڕۆڵێکی زۆر گەورەتری لە پـێگە و پانتـایی جوگرافی کەمینەی تورکمان لەو شارەدا دەبینی. ئاخر لە سـەردەمی دەسـەڵاتی عوسـمانیدا ڕۆڵـی زمـانی فەرمـی لە دامودەزگـا و قوتابخـانە و دامەزراوەکـانی دەوڵەتـدا دەبینـی. هەر دەسـەڵاتی عوسـمانیش بـوو هەنـدێک لە بنەمـاڵە تورکمانەکانی بەسـەر بـازاڕ و ژیـانی ئـابووری شـاردا زاڵ و باڵادەسـت کردبـوو. لکانـدنی سـەنجەقی کەرکـوک بە عێـراقەوە لە چوارچێـوەی چارەسـەرکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵدا لە دەسپێکدا شـتێکی ئەوتـۆی لەم بـارە نەگـۆڕی. لە دامودەزگا و قوتابخانە و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا باڵادەستیی کەمینەی تورکمان و زمانی تورکمانی بێ دەسـتکاری مـایەوە. ئەم کـارە بەمەبەسـتی بەکارهێنـانی فاکتەری تورکمانی بوو لە تەک عەرەبدا، کە ئەو کـاتە بە ژمـارە زۆر کەم بـوون لە کەرکـوک، بـۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگی لە بەرامـبەر زۆریـنەی کـورددا، کە داوای سەربەخۆیی وڵاتەکەی دەکرد. بەگشتی تا دەسەڵاتی بەعس بەتەواوی نەچەسپا

و پرۆسەی بەعەرەبکردنی ئاشکرا و ڕاگەیەندراو دەستی پێ نەکرد، زمانی بازاڕ و زۆربەی دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەتایبەتی لەناو جەرگەی شاردا هەر تورکمانی بوو. ئەم بارە باڵادەستەی زمانی تورکمانی لە شارەکە و هەندێک شارۆچکەی سەر بە لیواکە نەدەکرا لە تۆمارەکانی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧دا بە زەقی ڕەنگ نەداتەوە.

تا ساڵی ١٩٥٧ لە عێراق سێ سەرژمێریی ناتەواو ئەنجام درابوون. لە هیچ کام لەو سەرژمێرییانە باسی زمانی دایک لە ئارادا نەبوو. دەبێت کردنی زمانی دایک بە بنەمایەک بۆ پۆلینکردنی دانیشتووانی عێراق لە کوێوە هاتبێت؟. بەڵگەی مێژوویی متمانە پێکراوم لە بەردەستدا نین، بەڵام گومانی زۆرم هەیە کە سەرچاوەکەی تورکیا بووبێت، جا بە ڕێنمایی کاربەدەستانی تورک بووبێت یان بە چاولێکەری عێراق ئەم کارەی کردبێت. کۆماری تورکیا لە یەکەمین سەرژمێرییەوە، کە لە ساڵی ١٩٢٧ ئەنجامدرا، زمانی دایکی کردبوو بە بنەما بۆ پۆلینکردنی دانیشتووان. لە ڕێگەی سیاسەتی تواندنەوەی کوردەوە (ئەسیمیلاسیۆن) ژمارەی ئەوانەی زمانی کوردییان بە زمانی دایکی خۆیان دادەنا ساڵ لە دوای ساڵ کەمتر دەبوون. بۆ نموونە، بەپێی ئامارە فەرمییەکانی سەرژمێرییەکانی تورکیا، ژمارەی ئەوانەی زمانی کوردییان لە ساڵی ١٩٢٧ بە زمانی دایکی خۆیان دانابوو، ١١٨٤٤٤٦ کەس بوون، لە ساڵی ١٩٣٥ ژمارەکە گەیشتە ١٤٨٠٢٤٦، کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەیکردە ١٠٪ دانیشتووانی ئەو وڵاتە. سەیرەکە لەوەدایە لە ساڵی ١٩٤٥ ژمارەکەیان دابەزی بۆ ١٣٦٢٨٩٥ کەس، واتا ١١٧٣٥١ کەس کەمتر لە دە ساڵ لەوەو بەر، ئەمە لە کاتێکدا هەر لەو ماوەیەدا ژمارەی دانیشتووانی تورکیا دوو ملیۆن و نیو کەس زیادی کردبوو. ئەم ژمارە و داتایانەم لە سەرژمێرییە ڕەسمییەکانی تورکیا وەرگرتووە و زیاتر لە چل ساڵ بەر لە ئێستا لە تێزی دکتۆراکەم بڵاوم کردوونەتەوە.

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا عێراق و تورکیا پەیوەندییەکی توند و تۆڵیان لە نێواندا هەبوو. لە چوارچێوەی پەیمانی سێنتۆدا هاوپەیمان و هاوکاری یەکدی بوون، یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی هاوکاری و

هاوئاهەنگیشیان ڕووبەڕووبوونەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بوو. نابێت زۆرمان بەلاوە سەیر بێت کە کاربەدەستانی عێراق چاویان لە سیاسەتەکانی تورکیای هاوپەیمان کردبێت و هەوڵی جێبەجێکردنی مۆدێلە "سەرکەوتووە"کەیان دابێت بۆ بێدەنگکردنی کورد و پێشێلکردنی مافەکانی. نابێت ئەوەش لە بیر بکەین کە تا ئەو کاتەش هێشتا کاربەدەستانێکی زۆری عێراقی کە لە ترۆپکی دەسەڵات دانیشتبوون، کاتی خۆی لە قوتابخانە سەربازی و مەدەنییەکانی دەروازەی باڵا (بابی عالی) خوێندنیان تەواو کردبوو و زۆر جار لە نێوان خۆیاندا هەر بە تورکی قسەیان دەکرد. هەرچەندە بەریتانیای هاوپەیمان دەوڵەتی بۆ دروستکردن و لە چنگی تورک ڕزگاری کردن، بەڵام هەمیشە دڵیان بۆ ئەستەموڵ لێی دەدا. لە کاتێکدا تورکیا لە سەرەوە دۆست و هاوپەیمانی عێراق بوو، بەڵام لەژێرەوە تۆڕە سیخوڕییەکانی، بەتایبەت لە کەرکوک، زۆر بەهێز بوون و لە پشتی هەندێک گرووپی توندڕەوی تورکمانەوە خۆیان حەشار دابوو و بەردەوام لە دژی کورد هانیان دەدان و ڕێنماییان دەکردن. هەر بە هاندانی ئەوان بوو کاتێک لە میانەی سەرژمێرییەکەدا هەندێک کێشە و ئاڵۆزی لە نێوان کورد و تورکمانەکان دروست بوون. دواتر لە دوای کودەتای ١٤ تەمموز ١٩٥٨ و بۆ تێکدانی بارودۆخی سیاسی کەرکوک و هەموو عێراق و زەمینە خۆشکردن بۆ دەستتێوەردانی دەوڵەتانی سێنتۆ ئاژاوەیەکی گەورەیان لە تەممووزی ١٩٥٩ نایەوە، کە ٣٢ کەس تێیدا بوون بە قوربانی، ٢٨ یان تورکمان و ٤ کەی دیکەشیان کورد بوون. ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانە بوون بەهۆی دووبەرەکی و ڕق و کینەیەکی زۆر لە نێو پێکهاتەکانی شاردا، کە تا ئەمڕۆش هەموو لایەک باجی دەدەن.

پەنابردنە بەر بنەمای زمانی دایک کارێکی دروست نییە و ناتوانێت باری ڕاستەقینەی دانیشتووانی دەڤەرە تێکەڵەکان بە دروستی دەربخات، زۆر هۆکاریش دەتوانن کاریگەری لەسەر ئەنجامەکانی دابنێن. بە دیوێکی دیکەشدا جۆرێکە لە خۆدزینەوە لە دانان بە مافی پێکهاتەکاندا. سەرباری هەموو ئەمانە، ئەوەی مایەی نیگەرانییە داتاکانی بۆ مەبەستی سیاسی دیاریکراو بە خراپی بەکاردەهێنرێن و وەک بەڵگەی مێژوویی بۆ ژمارەی ئەم پێکهاتە و ئەوی

دیــکە پیشــان دەدرێــن. کــۆمەڵێ وتــار و لێکــدانەوەی نووســەرانی عەرەب و تورکمــانم لەم بــارەوە بینیــوە، وەڵامــی هەندێکیشــیانم داوەتەوە، کە ئەنجــامی سەرژمێرییەکان تەنیا بەڵگەیانە بۆ ئەوەی نەیاریی داخوازییە ڕەواکانی کــورد لە کەرکوک بکەن و بەکاریان بێنن. .

ئەوەی مایەی تێڕامانە و پرسیارە لە فۆرم و خشــتەکانی ســەرژمێرییەکەدا لە جێگەی ئەوەی بنووسرێت زمانی تورکمانی زمانی تــورکی نووســراوە. ئەمەش فێڵێکی ڕوونە و پێدەچێت لەژێر فشــاری تورکیــادا کرابێــت. زمــانی تورکمــانی و تورکی دوو زمــانی جیــاوازن، بەڵام ســەر بە هەمــان خێزانــی زمــانن. لە کاتێکــدا زمانی تورکی بە پیتی لاتینــی دەنووســرێت، زمــانی تورکمــانی تــا ئەم ســاڵانەی دوایی هەر بە پیتی عەرەبی دەنووســرا و تورکمــان و تــورک بە ئاســانی لە یەک تێناگەن. چەندێک دەتوانین زمانی کوردی و فارســی، پشــتۆ، تاجیکی...تــاد بە یەک زمــان دابنێــین، هەر ئەوەنــدەش دەتــوانین تــورکی و تورکمــانی، ئــازەری، کــازاخی، ئۆزبەکی...تــاد بە یەک زمــان بژمێــرین. ئەگەر بەو شــێوەیە مــامەڵە لەگەڵ زمانەکانــدا بکرابــایە دەبــوایە لە جــێگەی زمانەکــانی ئــازەری، کــازاخی، قیرگیزی، تورکمەنی، ئۆزبەکی و تەتاری بنووســرایە زمــانی تــورکی، لە کاتێکــدا ئەو زمانانە هەموو بە زمانی سەربەخۆ و جیاواز لە دونیادا ناسـراون. ئەم فــێڵە بۆ ئەوە کراوە کە ئەو کاتە هێشتا کۆمەڵێک خەڵــک لە کەرکــوک دەژیــان کە لە بنەچەدا خەڵکی تورکیا بوون و بە تورکی نەک تورکمــانی قســەیان دەکــرد و لە دوای کۆتاییهــاتنی شــەڕی یەکەمــی جیهــانی لە کەرکــوک مــانەوە. تەنیــا وەک نموونە لە ســاڵی ١٩٥٧، واتــا چــل ســاڵ دوای نەمــانی دەســەڵاتی عوســمانی لە کەرکوک، هێشتا لەو شارە بەپێی زانیارییەکــانی ســەرژمێرییەکە ١٣٥٣ کەس لە ژیاندا مابوون، کە لە کاتی خۆیدا لە تورکیا هاتبوونە دونیاوە. دەبێت لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا چەند تورکی دیکە کۆچی دوایی کردبێــت، ئەی دەبێــت ژمــارەی نەوەکانیان چەند بن، کە ئێستا خۆیان بە تــاقە خــاوەنی شــار دەزانــن؟!!!. لەو باوەڕەدا نــیم ئەوانەی لە تورکیــا هــاتبوونە دونیــاوە ئامــادە بوونــایە لە جــێگەی زمانی تورکی، تورکمانی بە زمانی دایکی خۆیــان قەبــوڵ بــکەن. بە لێکــدانەوەی من ئەمە یەکێک لە هۆکارەکان بووە بۆ ئەوەی لە خانەی زمــانی دایکــدا تــورکی

بنووسرێت نەک تورکمانی. بۆ کاربەدەستانی تورک هەبوونی کەمینەیەک بە ناوی تورک نەک تورکمان لە عێراق، یان لە هەر شوێنێکی دیکە زۆر گرنگە چونکە دەکرێت ببێتە ئامێرێک بۆ دەستێوەردان. تورکیا لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بۆ چەندین جار ئەم ئامێرەی بەکارهێناوە و ئێستاش هەر بەردەوامە لەسەر ئەم ڕەفتارەی.

ئەوەی گوایە لەو سەد و بیست هەزار کەسە، کە لە ساڵی ١٩٥٧دا هەموو دانیشتووانی شاری کەرکوکیان پێکدەهێنا، چل و پێنج هەزاریان زمانی تورکییان بە زمانی دایکی خۆیان داناوە و تەنیا چل هەزار کەس کوردییان بە زمانی دایکی خۆیان زانیوە، بۆ من هەمیشە مایەی پرسیار و تێڕامان بوو. ئێستا کە لە خشتە و داتاکان ورد دەبمەوە و بە سەرژمێرییەکەدا دەچمەوە هەندێک وەڵامم دەست دەکەون، کە ڕاستیی گومان و بۆچوونەکانم دەردەخەن.

باش دەزانم دەرخستنی ئەم ڕاستییانە کێشە و مەینەتییەکانی کەرکوک چارەسەر ناکات، مەبەستیشم نییە لە پێگەی هیچ پێکهاتە و گرووپێک کەم بکەمەوە، بەڵام باوەڕی تەواوم بەوە هەیە کە تۆمارکردنی ڕاستییەکان بۆ مێژوو ئەرکێکی زانستی و ئەخلاقییە.

زانیاریی سەیر و سەمەرە لە سەرژمێریی ١٩٥٧دا دەبینرێن، بەتایبەتی لە بواری پۆلینکردنی دانیشتووانی کەرکوکدا لەسەر بنەمای زمانی دایک. لە شوێنە تێکەڵاوەکانی تریش فرت و فێڵ ئەنجام دراون، بەڵام لە بەر ئەوەی من هەر ئەم بەشەی کەرکوکم لە بەردەستدایە، بۆیە ناتوانم باسی شوێنەکانی دیکە بکەم. داتاکان ئەوەش دەردەخەن، کە ئەوانەی فێڵەکانیان کردووە زۆر سەرکەوتوو نەبوون، هەرچەندە بۆ ماوەیەک بەسەر خەڵکدا تێپەڕیون. ڕەنگبێت بەختیان لەوەدا بێت کە ئەو کارەیان لە دژی کورد کردووە، کە کەس ئامادە نەبووە لە سەری بکاتەوە. کورد بۆ خۆیشی زۆر گوێی بە شتەکان نەداوە و هەوڵی نەداوە تیشک بخاتە سەر فێڵەکان و ڕاستییەکان بە پشتبەستن بە بەڵگە و دەکیومێنت بخاتە ڕوو.

فاکتەرێکی گرنگ کە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە ئەنجامدانی فێڵەکاندا، زۆریی ژمارەی ماڵنووسە تورکمانەکان بوو بە بەراورد بە ماڵنووسە کوردەکان.

ئەو سەردەمە ئەوان خوێندەواریان لە کورد زۆرتر بوو، بەتایبەتی ئەوانەی لە ئاستێکی خوێندەواریی وادا بوون کە لە پرۆسەی سەرژمێریدا بەشداری بکەن. بەهۆی ئەوەشەوە کە هەموو جومگەکانی دەسەڵات لە کەرکوک لە دەستی ئەواندا بوون، توانیان زۆرترین خەڵکی خۆیان بخزێننە نێو کارەکەوە. ئەم بارە ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر ئەنجامەکان بەتایبەتی لە پرسی زمانی دایکدا. ماڵنووسە تورکمانەکان فرەزمانی دانیشتووانی کەرکوکیان بەشێوەیەکی خراپ بەکارهێنا بۆ ئەوەی ژمارەی پێکهاتەکەی خۆیان گەورە پیشان بدەن.

یەکێک لەو زانیارییە سەیرانەی لەو خشتەیەدا تۆمار کراوە، کە باس لە پۆلینکردنی دانیشتووان لەسەر بنەمای زمانی دایک دەکات و لە لاپەڕەی ١٤٢ ئەم بەرگە تایبەتەی بە کەرکوک و سلێمانی بڵاو کراوەتەوە، ئەوەیە کە دەڵێت لە شاری کەرکوک، کە ئەو کاتە هەموو دانیشتووانی تەنیا ١٢٠٤٠٢ کەس بوون، زمانی دایکی ٥١٤٦ کەس نەزانراوە!!!. ئەمە بابەتێکی ئەوەندە سەیرە توێژەر لە بەرامبەریدا دۆش دادەمێنێ، دەبێت ئەم بوونەوەرانە بە چی زمانێک قسەیان کردبێت، وا کەس نەیتوانیوە دیاری بکات؟!!!. تو بڵێی ئەمانە لە جەنگەڵەکانی ئەفریقاوە هاتبێتن بۆ کەرکوک وا کەس لێیان تێنەگەیشتووە؟!!!. چۆن دەکرێت ئەم ژمارە زۆرەی خەڵک نەیانزانیبێت بە چی زمانێک لە ماڵی خۆیاندا قسە دەکەن؟ ئەگەر لەم ژمارەیە، کە پێموایە ڕێژەیەکی گرنگیان کورد بوون، بەشێکیان بخرێنە سەر ژمارەی ئەوانەی زمانی کوردییان بە زمانی دایکی خۆیان داناوە، ئەوا دیمەن و خشتەکە بەتەواوی دەگۆڕێت. ئەوەشی کە ئەو ژمارەیە یەکسانە بە ژمارەی جیاوازی نێوان تورکی زوبان و کوردی زوبان مایەی پرسیار و تێڕامانی زۆرە. جیاوازییەکە ٥٢٥٨ کەسە و ئەوانەشی کە زمانیان نەزانراوە لە ناو شار ٥١٤٦ و لەسەر ئاستی لیوا ٥٢٨٤ کەس بوون. پێموا نییە ئەم داتا و ژمارانە هەروا بە هەڵکەوت وا دەرچوونە. بۆچی جیاوازییەکان چوار هەزار یان شەش هەزار کەس نەبوون؟.

خاڵێکی تری سەیر و سەرنج ڕاکێش لەم سەرژمێرییەدا تایبەتە بە زمانی دایکی مەسیحییەکانی کەرکوک. بەپێی ئامارەکانی سەرژمێرییەکە ئەو کاتە لە شاری کەرکوک ١٢٦٩١ مەسیحی دەژیان و لە هەموو لیوای کەرکوک ژمارەکەیان

١٣١٥٠ کەس بوو. لەو ژمـارە زۆرەی نـاو شـار تەنیـا ١٥٠٩ کەسـیان سـریانی و کلدانیان بە زمانی دایک بۆ تۆمار کـراوە، ئەمەش جـێگەی بـاوەڕی کەس نییـە. هەموو کەسێک دەزانێت کە مەسیحییەکان لە باری ئـاینی، زمـان و کولتـوورەوە لە دانیشـتووانی دیـکەی شـار جیـاوازن و ڕیتوێـل و سـرووتە ئاینییەکانیـان بە زمانی خۆیان بەجێ دێنن و کەم کەسـیان تێـدا هەڵـدەکەوێت کە زمـانی دایکـی خۆیان نەزانێ. ئەگەر وەڵامەکە ئەوە بێت کە بڵێن کلدانەکانی قەڵا بە تورکمانی قسەیان دەکرد، ئەوا ژمارەکەیان لە چاو مەسیحییەکانی تـری شـارەکە زۆر کەم بوو و باوەڕ ناکرێت تەنانەت ئەوانیش تورکییان بە زمانی دایکـی خۆیـان تۆمـار کردبێت.

ئەگەر باسـی فێڵەکـانی دیـکە نەکەیـن، وەک ئەوەی ناونووسـەکان لەگەڵ خەڵکدا بە تورکمانی قسەیان کردووە و هەر کەسێک چەند وشەیەکی تورکمـانی زانیبێـت، ئەوا یەکسـەر بە تورکمـان ناونووسـیان کـردووە، یـان ئەوەی زۆربەی خەڵــک نەخوێنــدەوار بــوون و ماڵنووســەکان بــۆ خۆیــان فۆرمەکانیــان پــڕ کردووەتەوە و ئەگەر بێویژدانیان کردبێت، ئەوا بە ئاسانی بۆیان چووەتە سـەر، دەڵێم ئەگەر باسی ئەو فێڵانە نەکەین و تەنیا لەم دوو ژمارەیە بکۆڵینەوە، واتـا ژمارەی ئەوانەی گوایە زمانی دایکیـان نەزانـراوە، کە (٥١٤٦) کەس بـوون و ئەو مەسیحییانەی زمـانی دایکیـان بـۆ تۆمـار نەکـراوە، کە دەکەنە (١١١٨٢) کەس، ئەوا دیمەنێکـی زۆر جیـاواز لەوەی لە خشـتەکان تۆمـار کـراون، دەبینـین. بە وتەیەکی دیکە (١٦٣٢٨) کەس زمانی دایکیان بە دروستی بـۆ تۆمـار نەکـراوە. ئەمانەش دەکەنە نزیکەی شـەش یەکـی هەمـوو دانیشـتووانی شـار لەو ڕۆژانەدا. ئەگەر لە ئەنجامی پیلان و ڕێکەوتنێکـی ژێربەژێـریش ژمـارەی ئەم مەسـیحییانە نیـوە بە نیـوە بەسـەر پێکهـاتەی عەرەب و تورکمـانی شـاری کەرکوکـدا دابەش کرابێتن، ئەوا دەبێت لە هەر یەک لەو دوو پێکهاتە ٥٥٩١ کەس کەم بکەیـنەوە. لەو بارەدا ژمارەکان بەپێی زمانی دایک بەم شێوەیەیان لێدێت کـوردی: ٤٠٠٤٧، عەرەبـی: ٢١٥٢٦ و تورکمـانیش دەبێـتە: ٣٩٧١٥ کەس، خـۆ ئەگەر ڕێـژەیەک لەوانەی گوایە زمانیان نەزانراوە کورد بووبێتن، ئەوا ژمـارەی کـوردانی کەرکـوک زۆر لەوەش زیاتر دەبن.

لەو سەردەمانە ژمارەی خوێندەوار زۆر کەم بوون بەتایبەتی لە نێو دانیشتووانی گەڕەکە کوردییەکاندا، بۆیە ماڵنووسەکان بە خۆیان فۆرمەکانیان بۆیان پڕ کردووەتەوە و زۆر زانیاریی نادروستیان تۆمار کردووە. بەمەبەست هەوڵی زیادکردنی ژمارەی پێکهاتەی تورکمان و تا ئاستێک عەرەبیشیان لەسەر حیسابی زۆرینەی کورد داوە. من بۆ خۆم لەگەڵ چەند برادەرێکدا قسەم کردووە، کە لەو سەرژمێرییەدا وەک ناونووس بەشدارییان کردووە، زۆر شتیان بۆ گێڕاومەتەوە، کە ئەوە دەسەلمێنن فێڵی زۆر لە پرسی زمانی دایکدا کراوە. ورده شتی دیکەش هەبووە، وەک ئەوەی لە یەک ماڵدا باوک و منداڵان لەسەر زمانی دایک بووبێت بە شەڕیان، باوک کورد بووە و ویستوویەتی زمانی کوردی بنووسرێت، بەڵام منداڵان و زۆر جار دایکیشیان پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە ئەوان تورکمانن.

هەندێک لەو شێواندن و فێڵانە هەر لەو ساڵەدا پەردەیان لەسەر هەڵماڵدرا و هەندێکی دیکەیان دوای بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی سەرژمێرییەکە خەڵک پێی زانی. زۆر جار و لە چەندین دۆست و برادەر گوێم لێ بووە کە ژمارەیەک لە کوردانی کەرکوک چوونەتە دادگا و لە دژی ئەوەی لە سەرژمێری ١٩٥٧دا بە تورکمان ناونووس کراون، داوایان تۆمار کردووە.

هاوڕێی نووسەر و شارەزام کاک عەونی داودی بۆی گێڕامەوە کە کاتی خۆی کۆمەڵێ زانیاری لە کاک جەمیل سەبری داروگا وەرگرتووە، کە لە کاتی سەرژمێرییەکەدا لە کەرکوک قومیسێری پۆلیس (مفوض) بووە. کاک عەونی لە وتارێکدا بە زمانی عەرەبی ئەو یادگاری و زانیارییانەی لە دەمی کاک جەمیلەوە گێڕاوەتەوە. وتەکانی کاک جەمیل و شایەتی کاک عەونی دەچنە چوارچێوەی مێژووی زارەکییەوە کە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ منیش بەڵگە و سەرچاوەی متمانە پێکراون. کاک جەمیل سەبری بۆ کاک عەونی گێڕاوەتەوە، کە هەر لە ساڵی ١٩٥٧ بەشێک لە فێڵ و شێواندنەکان ئاشکرا بوون، بەتایبەتی ئەوەی هەندێک خەڵک بە تورکمان تۆمار کرابوون، لە کاتێکدا ئەوان کورد بوون. کاک جەمیل ئەوەشی گێڕاوەتەوە کە وەزیری نێوخۆی ئەو کاتەی عێراق سەعید قەزاز هاتووەتە کەرکوک و زۆر لەو کردەوانە تووڕە بووە و ڕووی

دەمی کردووەتە بەرپرسەکان، بەتایبەتی تورکمانەکان و وتوویەتی: ئێمە لە بەغدا خەریکی دروستکردنی "نەتەوەی عێراقین و ئێوەش لێرە خەریکی بڵاوکردنەوەی جوداکاری و ڕەگەزپەرستین".

ئەگەر ئاستی پەیوەندییە بەهێزەکانی تورکیا و عێراق لەو سەردەمەدا لەبەرچاو بگرین و ئاگاداری چالاکیی دەزگا هەواڵگری و سیاسییەکانی تورکیا بین لە نێو هەندێک گرووپی توندڕەوی تورکمانی کەرکوک، ئەوا لە هۆکاری ئاژاوەکانی کاتی سەرژمێرییەکە و ئەوانەشی لە ١٤ تەممووزی ١٩٥٩دا ڕوویان دا، تێدەگەین و دەتوانین بڵێین ئەم ئاینوئۆینانە بۆنی دەستتێوەردانی تورکیایان لێدێت.

زانیاریی دیکەی نادروستیش لە سەرژمێرییەکەدا هەن، کە هەندێکیان وادیارە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە و پەڵەکانی سەرژمێریی پێشووی ساڵی ١٩٤٧ بوون. بۆ نموونە، لە ماوەی دە ساڵدا ١٩٤٧ — ١٩٥٧ دانیشتووانی کەرکوک ١٠٢٨٣٤ کەس زیادیان کردووە، واتا بە ڕێژەی ٣٦٪ کە ئەمەش ڕێژەیەکی نائاساییە. ئەوەی لێرەدا مایەی سەرسوڕمانە جیاوازی ڕێژەی زیادکردنی ژنان و پیاوانە. زیادکردنی پیاوان لەو دە ساڵەدا بە ڕێژەی ٥٣،١٪ بووە، بەڵام ڕێژەی زیادکردنی ژنان تەنیا ٢١،٨٪. ئەم جیاوازییە گەورەیە جێگەی باوەڕ و متمانە نییە و مایەی پرسیاری زۆرن، بەڵام ناچنە چوارچێوەی ئەم وتارەوە. کاری دیکەش کراوە وەک ئەوەی بەشێک لە کچان و ژنان داوایان کردووە تەمەنیان بچووک بکرێتەوە بە بیانووی ئەوەی لە سەرژمێریی پێشوودا تەمەنیان بە گەورە نووسراوە.

لە بەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی سەرەوە دەکرێت بڵێین کە ڕێژەی کورد چ لە ناو شار و چ لە سەرتاپای لیواکە، لەوە زیاتر بووە کە تۆمار کراوە. کەمکردنەوەی ژمارە و ڕێژەی دانیشتووانی کوردی کەرکوکیش بێ مەبەست نەکراوە.

**سەرچاوەکان:**


١. الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الإحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي كركوك والسليمانية، طبعت بمطبعة العاني، بغداد، بلا.ت

٢. المملكة العراقية، وزارة الشؤون الإجتماعية، مديرية النفوس العامة، إحصاء السكان لعام ١٩٤٧، الجزء الثاني، لواء الموصل – لواء كركوك – لواء السليمانية – لواء أربيل، بغداد ١٩٥٤.

٣. الدكتور نوري طالباني، منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، د.م، ١٩٩٩.

٤. دكتور جبار قادر، قضايا كردية معاصرة، كركوك – الأنفال – الكرد وتركيا، أربيل ٢٠٠٦.

٥. دكتور جبار قادرمع آخر، قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكرد وكوردستان، أربيل ٢٠١٣.

٦. **جەبار قادر، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیا لە نێوان هەردوو شەڕی جیهانیدا ١٩١٨-١٩٣٩، مۆسکۆ ١٩٧٧. (تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە - بە زمانی ڕووسی).**

## کەرکوک و نەفرەتی نەوت

بە سەدان کتێب و توێژینەوەی زانستی لەسەر وزە بەگشتی و نەوت و غاز بەتایبەتی لە دونیادا بڵاو کراونەتەوە و بە بەردەوامی بڵاو دەکرێنەوە. بەشێکی گرنگی ئەم بەرهەمانە باس لە پەیوەندیی توندی سامانی نەوت و سیستەمی دیکتاتۆری لە وڵاتان دەکەن. تیشکی زۆر دەخەنە سەر دیاردەی نەبوونی دیموکراسی لە بەشێکی زۆری وڵاتانی خاوەن نەوتدا. ئەو توێژینەوانە ئاماژە بەوە دەکەن کە داهاتی زۆری نەوت کۆمەڵگەکانی ئەو وڵاتانە تەمەڵ دەکەن و خەڵکەکانی دەستپێشخەری تاکە کەسی لە بیر دەکەن و دەست لە کار و چالاکی ئابووری بەردەدەن و تەنیا سەیری دەستی حکومەت دەکەن. لێرەشەوە ئەو وتە ناماقووڵە دەبێتە باو لەو کۆمەڵگەیانە کە دەڵێت "حکومەت باوکی میللەتە"، نەک خزمەتکاری هاووڵاتیان وەک ئەوەی بنەمای سیستەمی سیاسی لە وڵاتانی دیموکراتیدا لەسەری دامەزراوە. ئایا نەوت و سامانە سروشتییەکان تەنیا مایەی ناز و نیعمەتن یان دەبنە مایەی نەفرەت و تاڵاو؟. ئەم پرسە پانتاییەکی فراوانی لە بەرهەمی توێژەران و نووسەراندا گرتووەتەوە. وەڵامەکان هەڵبەتە ڕێژەیین و کەس ناتوانێت بە ڕەهایی قسە لەسەر پرسەکە بکات و یەک وەڵامی کۆنکرێتی بۆی هەبێت. سامانە سروشتییەکان و داهاتە زۆرەکانیان لەو وڵاتانەی پێش دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت، سیستەمی سیاسی دیموکراتی و دامودەزگا و دامەزراوەی جێگیریان هەبووە، بوون بە مایەی بەختەوەری و پێشکەوتن وەک نۆرویژ، ئەمریکا، بەریتانیا و کەنەدا. لە بەرامبەریشدا لەو وڵاتانەی سیستەمی دیموکراتییان بە خۆیانەوە نەبینیوە و دامودەزگا و دامەزراوەی جێگیریان نەبووە، دۆزینەوەی نەوت و داهاتەکانی بوون بە نەفرەت بۆیان و هۆکاری کودەتا، ڕژێمی دیکتاتۆری، شەڕی ناوخۆ، گەندەڵی و ماڵوێرانی، عێراق، لیبیا، نەیجیریا، ڤێنزوێلا، جەزایر و ئێران..تاد نموونەی دیاری ئەم جۆرەی دووەمن. لە نێوان ئەو دوو مۆدێلەدا باس لە وڵاتانێکی دیکەش دەکرێت کە لەسەر ئاستی ئابووری خۆشگوزەرانییان بۆ خەڵکەکانیان دابین کردووە و سیماکانی گەشەکردن بە شارەکانیانەوە دیارە، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی و کولتووری دەسەڵاتی بنەماڵەیی دیسپۆت، ڕێزنەگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، کۆمەڵگەی خێڵەکی و داخراویان بەرهەم هێناوە.

پرۆفیسـۆر مایکـڵ ڕۆس لە کتێبی"نەفرەتـی نەوت، سـامانی نەوت چـۆن فۆرمـولەی گەشـەی نەتەوەکـان دەکـات؟" پرسـیاری ئەوە دەکـات، بـۆچی وڵاتە دەوڵەمەنـدەکان بە نەوت کەمتـر گەشـە دەکەن، دیموکراسـی و سـەقامگیری سیاسی بە خۆیانەوە نابینن و زیاتر خەریکی شەڕ و شۆڕ و ئاژاوەنانەوەن، چـی ئەم نەفـرەتە ڕوون دەکـاتەوە؟. ئەی بـۆچی وڵاتـانی وەک نـۆرویژ، ئەمریکـا، کەنەدا و بەریتانیا توانییان ئەم سامانە بکەن بە مایەی خۆشـگوزەرانی و نـاز و نیعمەت، لە کاتێکدا بۆ وڵاتانی وەک عێراق، ئێران، لیبیا، جەزایـر ...تـاد بـووە بە نەفرەت و مایەی دەردەسەری بۆ گەلەکانیان؟. بیرۆکەی نەفرەتـی نەوت لەم ساڵانەی دواییدا باڵی کێشاوە بەسەر پانتاییەکی فراوانی دانیشـتووانی وڵاتـانی خاوەن نەوتدا. زۆر لە گەلانی ئەو وڵاتانە سەد خۆزگە دەخوازن ئەو سامانەیان نەبوایە. لایەنگرانی ئەم بیرۆکەیە ئامـاژە بەوە دەکەن کە لە دەوڵەتـانی خـاوەن نەوت دەزگـا سیاسـییەکان لاواز دەکـرێن، دەسپێشـخەری تاکەکـان دەکـوژرێن، پارەی زۆر لە بەردەستی سەرکردە دیکتاتۆرەکاندایە بۆ نـانەوەی ئـاژاوە و شـەڕ لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات. دەستگرتنی گرووپێکـی ئۆلیگـارکی بچـووک بەسـەر دەسەڵات و سامانی وڵاتـدا زۆر جـار دەبێـتە هـۆی شـەڕی نێوخـۆیی خوێنـاوی. هەروەها کۆسپ دروست دەکات لە بەردەم پێشکەوتنی پیشەسازی و کشتوکاڵ، کە ژنـان چالاکـانە بەشـداری تێـدا دەکەن. ڕۆس نمـوونەی ئەوە دێنێـتەوە کە بەشداری ژنانی جەزایری خاوەن نەوت لەم دوو بوارەدا لە دەستە خوشکەکانیان لە مەغریب و تونس کەمترە. کۆکردنەوە و کەڵەکەبـوونی داهـات و سـەروەتێکی زەبەلاح لە دەسـتی دەوڵەتـدا دەبێـتە هـۆی ئەوەی هەمـوو خەڵـک لە بژێـویی ژیانیاندا چاویـان لە دەسـتی دەوڵەت بێـت. ئەمەش دەبێـتە هـۆی سـەرهەڵدانی بنەمـای نـاکۆک بە ئەرکـی سـەرەکی حکـومەت کە خزمەتکردنـی دانیشـتووانە، چـونکە پشـت بە بـاجی هاووڵاتییـان نابەسـتێت بـۆ ڕاپەڕانـدنی ئەرکەکـانی. هاوتەریب لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لاواز دەبـن و حکـومەت گـوێ بە بیـر و رای گشـتی نـادات و ئەوانـیش لە بەرامـبەر توانـا زەبەلاحەکانی دەوڵەتدا شتێکی ئەوتۆیان پێ ناکرێت.

له بــواری ئاكــامه خراپەكــانی داهــاتی زۆر و له ناكــاوی ســامانە سروشـتییەكاندا زۆر جـار وەک نمـوونە ئاماژە بە دەردە هۆڵەنـدی " Dutch Disease" دەكرێـت، كاتێـک له شەسـتەكانی سـەدەی ڕابـردوو نەوت و غـاز له دەریای باكور دۆزرانەوە و دەست بە هەناردەكردنیـان بـۆ دەرەوە كـرا، بەهـای گوڵدن یان گیڵدەری هۆڵەنـدی بەرز بـووەوە و ڕێـژەی هەڵاوسـان و بـێ كـاریش هەمیشە له هەڵكشـاندا بـوو. ئەم بـارودۆخە بەشـێوەیەكی نەرێنـی كـاری كـردە سەر هەناردەی بەرهەمە پشەسازی و كشتوكاڵییەكان كە لە ئەنجامـدا پشـتگوێ خـران. ســاڵی ١٩٧٧ گۆڤــاری "The Economist" بــۆ یەكەمــین جـار ئەم دەستەواژەیەی بەكارهێنا. بەرهەمێكی ڕاستەوخۆی دیـكەی داهـاتی غـاز و نەوت تەمەڵكردنی كۆمەڵگەی هۆڵەندی بوو. دواتر كاتێک بیرە نەوتەكان وشكیان كرد خەڵـک بە ئاگـا هـاتنەوە و هەوڵیـان دا خۆیـان له ئاكامەكـانی ئەو نەخۆشـییە ڕزگار بكەن. بەرهەمەكەی ئەوە بوو كە خەڵكی هۆڵەندا بە یەكێک له چالاكترین گەلانی دونیا دەژمێردرێت له بوارەكانی پیشەسازی، كشـتوكاڵ و خزمەتگـوزاری ...تاد.

ئەوەی بیەوێـت لەم باسـە قـووڵ ببێـتەوە، ئەوا دونیـایەک سـەرچاوە و زانیاری له بەردەستدان. من ئەوەندە ئاماژە بەم تێـزانە دەكەم كە پەیوەنـدییان بە نەوتــی كەركـوكەوە هەیە، ئەویـش زیـاتر له دیـدی مێژوویـی و سیاسـەتی داگیركاری بەریتانی و عێراقی لەم بوارەدا.

هێشتا سەدەی نۆزدەهەم كۆتایی نەهاتبوو بـاس و خواسـی دەوڵەمەنـدیی چـاڵە نەوتە دەرنەهێنراوەكـانی بابـاگوڕگوڕ و باشـووری كەركـوک تـا دەگـاتە خـانەقین كەوتبـووە سـەر زمـانی زانایـانی جیۆلـۆجی ڕۆژئـاوا. زانیارییەكـانی مۆرگانی فەرەنسی J. De Morgan ، كە سـاڵی ١٨٩٥ بـڵاوی كـردنەوە، ڕۆڵێكـی گەورەیان لەم بوارەدا بینی. ئەوە مۆرگـان بـوو سـنووری دەریـاچەی نەوتیـی لە باكوری كەركوكەوە بۆ خانەقین و قەسری شیرین بە نزیكەی ٣٠٠ كم دیار كـرد. هەر كە سەدەی بیستەم دەستی پێكرد، ململانێی سەخت بۆ دەستگرتن بەسـەر ئەو سامانەدا لە نێوان ئەڵمانیا، بەریتانیا، فەرەنسا و ئەمریكا دەستی پێكرد. ئا لێرەوە بەدبەختی و دەردەسەریی كورد و كەركوک دەستیان پێكرد.

له وتوویژەکانی سایکس – پیکۆ دا خاڵێکی سەرەکی ململانێکان نەوتی ویلایەتی موسڵ "تۆ بڵێ کەرکوک"بوو. بەشێکی زۆری ویلایەتی موسڵ بۆ فرەنسا دانرا و بەشەکەی تری بە کەرکوکیشەوە، بۆ بەریتانیا. واتا لە باکوری کەرکوکەوە و تا دەگەیشتە خانەقین و مەندەلی و خوارتر لە ویلایەتی موسڵ جودا کرانەوە. ئەگەر خاڵەکانی ڕێکەوتننامەی سایکس – پیکۆ وەک خۆیان جێبەجێ بکرابانایە، ئەوا هەموو ئەو ناوچانە لە ویلایەتی موسڵ و باشووری کوردستان دادەبڕێندران. بە وتەیەکی دیکە باشووری کوردستان دەکرا بە دوو لەتەوە، بەشێکی لەگەڵ موسڵدا دەخرایە ژێر مەندەیتی فرەنساوە و بەشەکەی تری بە عێراقەوە دەلکێندرا و لەژێر مەندەیتی بەریتانیا دەبوو. ڕاستە خاڵەکانی سایکس – پیکۆ وەک خۆیان جێبەجێ نەکران، بەڵام ڕوحی ڕێکەوتننامەکە بۆ دابەشکردنی میراتەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەک لە شێوەکان جێبەجێ کرا. ئاڵوگۆڕە گەورەکانی ناوچەکە و جیهان لە بەرچاو گیران، وەک شۆڕشی ئوکتۆبەر و دەرچوونی ڕووسیا لە ڕێکەوتننامەکە، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کەمالی، داهێنانی سیستەمی مەندەیت و دەستهەڵگرتنی فرەنسا لە ویلایەتی موسڵ بە قازانجی بەریتانیا. لە کۆتاییدا ویلایەتی موسڵ بە باشووری کوردستانەوە بە دەوڵەتی تازە دروستبووی عێراقەوە لکێنرا. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە بەریتانیا ئامادە نەبوو بە هیچ شێوەیەک دەست لە نەوتی کەرکوک هەڵبگرێت. هەر نەوتی کەرکوک بوو لە کۆتاییدا چارەنووسی ویلایەتی موسڵ و هەموو باشووری کوردستانی دیاری کرد.

هەرچەندە کۆمپانیا ئەڵمانی و بەریتانییەکان بە خوێنی سەری یەک تینوو بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی دەستیان لەو نەوتە گیر بێت، ساڵی ١٩١١ کۆمپانیایەکی تایبەتییان دامەزراند بە ناوی "کۆمپانیای ئیمتیازاتی ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقی سنووردار" کە ساڵی دواتر (١٩١٢) ناوەکەی گۆڕا بۆ" کۆمپانیای نەوتی تورکی". کۆمپانیاکە بەم ناوە مایەوە تا ساڵی ١٩٢٩ کاتێک ناوەکەی بوو بە "کۆمپانیای نەوتی عێراق IPC".

فاکتەری نەوتی کەرکوک لە پشت هەموو سیاسەتەکانی بەریتانیاوە بوو بەرامبەر بە کورد لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەدا. هەوڵی گەلی باشووری

کوردستان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لەو سەردەمەدا کاربەدەستانی ئینگلیزیان نیگەران کردبوو، بۆیە بەهەموو شێوەیەک هەوڵیان دا رێگە لەم پێشهاتە بگرن. لەم رێگەدا تا بۆیان کرا کوردیان لە عێراق بەگشتی و لە کەرکوک بەتایبەتی پەراوێز خست و کوردستانیان وەک پەرگەیەکی دواکەوتوو و هەژار هێشتەوە. هەرچییان لە توانادا بوو کردیان بۆ هێشتنەوەی بونیادی خێڵەکی کۆمەڵگەی کوردی. بەم هەنگاوانە و گەلێک کردەوەی دیکە بەریتانییەکان پرۆسەی بە گەلبوون و نەتەوەبوونی خێڵ و هۆز و تیرە پرش و بڵاوەکانی باشووری کوردستانیان بەتەواوی پەکخست. هەموو حکومەتە بە نێو نیشتمانییەکانی دوای دەسەڵاتی کۆڵۆنیالی بەریتانیش لەسەر هەمان سیاسەت بەرامبەر بە کورد بەردەوام بوون و بەدەگمەن لە هێڵە گشتییەکانی لایان دا. رەنگبێت جیاوازییەکە تەنیا لە شێوازی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەدا بووبێت، خوا هەڵناگرێت ئەمان زۆر درندانەتر ئەو سیاسەتەیان پەیڕەو کردووە و خوێنرێژی و ماڵوێرانی و کارەساتی زیاتریان بەسەر گەلی کوردا هێناوە.

سیاسەتە دژە کوردەکانی ئینگلیز و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە هەڵسوکەوتیاندا لەگەڵ کوردی کەرکوک بە زەقی بەرجەستە دەبوون. هەر لە دەسپێکەوە کەمترین کوردیان لە کۆمپانیای نەوت دادەمەزراند و بەدەگمەن کۆنتراکتەکانی کۆمپانیا بەر کورد دەکەوتن، تەنانەت ئەو کارانەشی کە هیچ زانیاری و شارەزاییەکیان نەدەویست، وەک پاککردنەوەی دەوروبەری بیرەکان لە گژ و گیاو پووش و پەڵاش. بەڵگەی نووسراوم لەبەردەستدا نییە، بەڵام لە کەسانی بەتەمەنی ئەو سەردەمەم بیستووە، گوایە هەندێک مەلا و شێخی کورد کارکردنیان لە کۆمپانیای نەوت لە خەڵک حەرام کردبوو، بۆیە کوردیش بۆ خۆی زۆر دڵگەرم نەبووە بۆ کارکردن لە لای "کافرەکان". ئەمەش بۆ ئینگلیز دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی لە لیواکانی دیکەی عێراقەوە، نەک تەنیا کرێکاری شارەزا و پیشەوەر بێنن، بەڵکو تەنانەت کرێکاری ناشارەزا و بێ ئەزموونیشیان بەلێشاو بۆ کارکردن لە کۆمپانیای نەوت دەهێنایە کەرکوک.

بەرهەمی ئەم کارەی ئینگلیز و هاتنی خەڵک بە دوای دەرفەتی کار و بژێویی ژیاندا بوون بەهۆی هەڵکشانی ژمارەی دانیشتووانی شار و لیوای

کەرکوک. بەپێی شارەزایانی بوارەکانی دیمۆگرافیا ڕێژەی دانیشتووانی کەرکوک لە ماوەی ١٩١٩ – ١٩٥٧ بۆ پێنج ئەوەندە زیادی کرد. ژمارەی ئەوانەشی لە لیواکانی دیکەی عێراقەوە هاتنە کەرکوک تا ساڵی ١٩٧٢، کە هێشتا شاڵاوی بەعەرەبکردن بەشێوەی ئاشکرا و ڕاگەیەندراو بە توندی دەستی پێ نەکردبوو، گەیشتە نزیکەی چل هەزار کەس. ئەگەر نەوەکانی ئەمانە، کە ئیتر دەبنە خەڵکی کەرکوک و وەک باو و باپیرانیان باسی ئەوە ناکرێت کە لە دەرەوەی لیوا و پاشان پارێزگای کەرکوک هاتوونەتە دونیاوە، حسێب بکەین، ئەوا ژمارەکە دەبێت بە دەیان هەزار کەس. ئەم بارە بەشێک لە وردەکارییەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیا و پێکهاتەی دانیشتووانی کەرکوکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەوەی سەیرێکی سەرژمێرییەکانی ١٩٤٧ و ١٩٥٧ و ١٩٧٧ بکات، هەموو ئەم ئامار و ژمارانە بە زەقی دەبینێت. لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژە بە بەشێکی گرنگی ئەم پرۆسەیە کراوە.

دواتر بە وردی باسی کردەوەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دەکەم، بەتایبەتی حکومەتی بەعس وەک وێرانکردنی ئاواییە کوردییەکانی نزیک کۆمپانیای نەوت و ڕاگوێزانی دانیشتووانیان. دەرکردنی کارمەندانی کورد لە کۆمپانیای نەوت و گواستنەوەی فەرمانبەرانی کوردی کەرکوک بۆ دەرەوەی شار و پارێزگا دوو کردەوەی دیکەی کاربەدەستانی بەغدا بوون بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد لەم شارە. هەموو ئەم هەنگاوانە بە هاوتەریبی لەگەڵ هێنانی عەرەبدا بۆ کەرکوک فاکتەری گرنگ بوون بۆ دابەزینی ژمارە و ڕێژەی کورد و بەرزبوونەوەی ژمارە و ڕێژەی عەرەب.

بیرۆکەی ئەم بەشە لەوێوە سەرچاوەی گرت کاتێک لە ڕۆژی ٣ دیسەمبەری ٢٠١٤ ئەندامی لیژنەی گفتوگۆی تێزی دکتۆرای کاک دڵشاد عومەر عەبدولعەزیز بووم "ئێستا دکتۆر و سەرۆکی بەشی مێژووە لە زانکۆی کەرکوک". تێزەکەی بەم ناونیشانە بوو: "کۆمپانیای نەوتی عێراقی سنووردار: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سەبارەت بە چالاکییە ئابووری و خزمەتگوزارییەکانی (١٩٢٧ – ١٩٧٢)". دکتۆر دڵشاد تێزەکەی لە زانکۆی موسڵ بە زمانی عەرەبی ئامادە کردبوو. سەرپەرشتیاری تێزەکەشی دکتۆر

زوهێر نەحاس بوو، کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا یەکێک لە قوتابییەکانم بوو لە بەشی مێژووی ئەو زانکۆیە. بەهۆی ئەوەی ئەو دەمە داعش موسڵی داگیر کردبوو، گفتوگۆکە لە زانکۆی کەرکوک کرا. بۆ من دەرفەتێکی خۆش بوو کە بۆ یەکەمین جار گفتوگۆی تێزێکی دکتۆرا لە زانکۆی کەرکوک بکەم. دواتر دکتۆر دڵشاد عومەر داوای لێم کرد پێشەکییەکی بۆ بنووسم بۆ ئەوەی تێزەکەی وەک کتێب بڵاو بکاتەوە. بەپێی ئەوەی کتێبەکە بە زمانی عەرەبی بڵاو دەکرێتەوە، بۆیە منیش دەبوایە پێشەکییەکەم بەو زمانە بنووسم. ئەم بەشە پوختەیەکی کورتی ئەو پێشەکییەیە.

زۆربەی زانیارییەکانی ئەم بەشە لەو تێزەوە وەرگیراون. لێرەدا باس لەو چالاکی و خزمەتگوزارییانە دەکەم کە کۆمپانیاکە لە سەردەمی "کۆڵۆنیالی بەریتانی"دا پێشکەش بە شاری کەرکوک و دانیشتووانەکەی کردووە. دواتر کاتێک دەسەڵاتی بە ناو "نیشتمانی!!!" دەست بەسەر ئەم سامانەدا دەگرێت ئەوەی پێشکەشی کەرکوک و کوردی دەکات تەنیا وێرانکاری، پاکتاوی ڕەگەزی، میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگە، هەڵگیرساندنی شەڕ و شۆڕ و ماڵوێرانییە. ئەمە خێر و بێری دەسەڵاتی "نیشتمانی" بوو بۆ کەرکوک و کوردستان و بگرە هەموو عێراق. بە وتەیەکی دیکە بیست ساڵی یەکەمی لێ دەرکەیت، کە ئەویش زۆربەی جارەکان بە قازانجی کورد نەبوو، ئەوا ساڵانی دواتر و تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، هەموو دیاردە نەرێنی و دەردەکانی سامانی نەوت زۆر بە زەقی لە کەرکوکدا بەرجەستە دەبن.

لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو خەڵک و پسپۆڕانی بواری وزە بە گەشبینییەوە دەیانڕوانیە دۆزینەوە و هەناردەکردنی نەوت لە وڵاتانی هەژار و کەم دەرامەتدا، پێیان وابوو ئەمە دەبێت بەهۆی گەشەکردنی ئەو وڵاتانە. داهاتی نەوت و هێزی کاری هەرزان لەو وڵاتانە دەبوایە ببنە کەرەستە و فاکتەری گرنگی بنیاتنانی ژێرخانێکی تۆکمە. دەبوایە دروستکردنی ڕێگەوبان، قوتابخانە، نەخۆشخانە و پیشەسازی کارە لە پێشینەکانی ئەو دەوڵەتانە بوونایە. لە چوارچێوەی ئەم لێکدانەوەیەدا لە عێراقیش ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوە دامەزرا و پلانێکی باشی دانا بۆ کۆمەڵێک پرۆژەی گرنگ و

هیوابەخش. ئەم پرۆژە و گەشەکردنە ئەنجامی ڕاستەوخۆی ڕێککەوتنی عێراق و کۆمپانیاکانی نەوت بوون لە ساڵی ١٩٥١ سەبارەت بە دابەشکردنی یەکسانیی قازانجەکانی نەوت لە نێوان هەردوولادا. لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنەدا داهاتی عێراق لە سێ ملیۆن دینارەوە لە ساڵی ١٩٤٩ بۆ پەنجا ملیۆن دینار لە ساڵی ١٩٥٣ بەرزبووەوە. لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا کۆمەڵێک پرۆژەی گرنگ لە سەرانسەری عێراق کرانەوە.

لە کەرکوکیش هەموو ئاماژەکان لەسەر زەوی ئەو هیوایەیان بەخەڵک دەبەخشی، هەرچەندە لێرە زۆربەی پرۆژەکان کۆمپانیای نەوت دروستی دەکردن، نەک دەوڵەتی عێراق. تەنیا بۆ نموونە، لە ڕێگەی کۆمپانیای نەوتەوە کەرکوک بۆ یەکەمین جار کارەبا، ئاوی خواردنەوەی پاک، نەخۆشخانەی کەیوان، یاریگا، سینەماو...تاد بەخۆوە بینی. هەر لە ڕێگەی پرۆژەکانی کۆمپانیای نەوتیشەوە بوو سەدان کرێکار ڕاهێنانی پیشەییان لە بوارە جیاوازەکاندا پێکرا. دەرچووانی ئەم خولانە ئەزموونەکانیان بۆ هاوپیشەکانیان لە بازاڕ دەگواستەوە ئەویش لە ڕێگەی کردنەوەی دووکانی تایبەت بە خۆیان لە تەک کارکردنیاندا لە کۆمپانیای نەوت. لە گەلێک بواری پیشەییدا وەستاکانی کەرکوک لە سەرانسەری عێراق ناوبانگیان دەرکرد. هەر بەهۆی پرۆژە و پلانەکانی کۆمپانیای نەوتەوە بۆ دروستکردنی سەدان خانوو بۆ کارمەندەکانی سەرباری تەلارەکانی ناو کۆمپانیا، کەرتی بیناسازی و کەرەستەکانی لە کەرکوک پێشکەوتنی زۆریان بەخۆیانەوە بینی، باشترین وەستا و کرێکار لەم کەرتەدا پەیدا بوون. پێویستیی ڕۆژانەی ئەو هەموو کارمەندە بە خۆراک و جلوبەرگ و پێداویستی دیکە، جموجووڵێکی زۆری خستە بازاڕەوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەم بوارانەدا کەرتی کشتوکاڵ و خزمەتگوزاریش گەشەیان کرد. بە کورتی کەرکوک لە پەنجاکاندا جلوبەرگی سەدەکانی ناوەڕاستی فڕێ دەدا و هێدی هێدی سیمای شارێکی هاوچەرخی دەپۆشی. باشم لە بیرە ئەو دەمە وتەی شار لە لای ئێمە یەک واتای هەبوو، ئەویش کەرکوک بوو.

لایەنێکی دیاری ئەم گەشەکردنە ئابوورییەی کەرکوک گۆڕانی دیمۆگرافیا و پێکهاتەی دانیشتووانی شارەکە بوو. لە ساڵی ١٩٢٧ەوە و بەتایبەتی لە کاتی

هەناردەکردنی نەوتەوە لە ١٩٣٤ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی هەموو لیواکانی عێراق بۆ پەیداکردنی کار و دابینکردنی بژێویی ژیان ڕوویـان دەکـردە کەرکـوک. سەرژمێرییەکانی ١٩٤٧ و ١٩٥٧ ڕەهەنـدەکانی ئەم دیـاردەیە بە ڕوونـی دەخەنە ڕوو. گەشەکردنی دانیشتووانی کەرکوک بە ڕێژەی ٣٦٪ بوو، واتا جار و نیوێک زیـاتر لە هەمـوو لیواکـانی تـری عێـراق. ئەم گەشـەکردنە ناسروشـتییە لەسـەر حیسـابی دانیشـتووانی ڕەسـەنی شـارەکە بـوو. بـۆ نمـوونە، بەپێـی سـەرژمێری ١٩٤٧ لە کـۆی ٦٧٧٥٦ دانیشـتووی شـاری کەرکـوک ١٨٣١٥ کەسـیان لە دەرەوەی لیوای کەرکوک لە دایک ببوون، واتا زیـاتر لە چـواریەکی دانیشـتووانی شار لە دەرەوەی لیوای کەرکوکەوە هـاتبوون. ئەم ژمـارەیە لە سـاڵانی دواتـردا هەر لە هەڵکشاندا بوو، بۆ نموونە، لە سـاڵی ١٩٥٧ ژمارەیـان گەیشـتە ٢٦٦٩٧ و بیست ساڵ دواتر واتا لە ساڵی ١٩٧٧ ژمارەکە گەیشـتە ٣٩ هەزار کەس. لەم بـارەوە لە بەشـەکانی پێشـوودا ئامـار و ژمـارەی زۆرم خسـتۆتە ڕوو. لە تەک هەمـوو ئەمـانەدا ژمـارەیەکی بەرچـاوی بیـانیش لە کۆمپانیـای نەوتـی کەرکـوک کاریان دەکرد. ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی لیواکانی عێراق و بیانی سیمایەکی فرە کولتووری بە کەرکوک دەبەخشی، کاریگەری لەسەر ژیانی دانیشـتووان دادەنـا و دیاردەی نوێی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا.

ئەو کـاتە کەم کەس بیـری لەوە دەکـردەوە، کە ئەم هـاتنە بەلێشـاوەی عەرەب لە لیواکانی دیکەی عێراقەوە بۆ کەرکـوک، لە داهـاتوودا دەبێـتە مـایەی سەرئێشە و دەردەسەری بۆ کوردی شارەکە. دواتـر لەگەڵ گەیشـتنی بەعـس بە دەسەڵات لە ٨ شوباتی ١٩٦٣ و ١٧ تەمموزی ١٩٦٨ بەشێکی زۆر لەمانە بـوون بە کەرەسـتە و ئـامێری جێبەجێکردنـی سیاسـەتی چەوسـانەوەی نەتەوەیـی و پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لە شار و پارێزگای کەرکوک.

دەبـوایە خۆمـاڵیکردنی نەوت ئەو کێشـانە چارەسـەر بکـات کە کۆمپانیـا بیانییەکان دروستیان کردبوو، بەڵام ئەزموونەکـان دەریانخسـت کە پرۆسـەکە بە پێچەوانەوە بوو. پرسیارە سەرەکییەکە لێرەدا ئەوە بوو: ئایا کاتێـک گرووپێکـی بچـووک دەسـت بەسـەر داهـاتی نەوتـدا دەگرێـت، تەنیـا بە قـازانجی خـۆی و دەوروبەرەکەی بەکـاری دەهێنێـت یـان دەیخـاتە خزمەتـی گەل و نیشـتمانەوە؟.

ئایا هۆشمەندانە ئەو داهاتە لە پێناوی پێشکەوتنی وڵات خەرج دەکات، یان بە ملهوڕی ئاژاوەی پێ دەنێتەوە و شەڕی پێ هەڵدەگیرسێنێت و بە فیڕۆی دەدات؟. ئەگەر زۆر نەگەڕێینە دواوە هیچ نەبێت لە ساڵی ١٩٦٣ تا ئەمڕۆش لە عێراق داهاتی نەوت بە دیوە هەرە خراپەکەیدا بەکارهێنراوە و بەکاردەهێنرێت.

بەگشتی وڵاتی دواکەوتووی خاوەن نەوت بەوە ناسراوە حکومەتی زەبەلاح دروست دەکات و بەشێکی زۆری داهاتی وڵاتی تێدا خەرج دەکات. بەشێکی دیکەی داهاتەکەش بۆ بێدەنگکردنی نەیاران و بەرهەڵستکاران و کڕینی خەڵک بەکاردێنێت، ئەمە ئەگەر بۆ میلیتاریزەکردن و شەڕ و شۆڕ هەڵگیرساندن بەکارنەهێنێت. ئەو حکومەتانەی پشت بە باجی دانیشتووان دەبەستن، نەک داهاتی نەوت، ناچارن گوێ لە خەڵک بگرن و هیچ نەبێت هەندێک دیموکرات بن و خۆیان بە خزمەتکار، نەک باوکی خەڵک دابنێن. لە بەرامبەردا ئەو حکومەتانەی لەسەر داهاتی نەوت دەژین، بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا بڵێی ملهوڕ و ستەمکارن و ئامادە نین گوێ بۆ داخوازییەکانی خەڵک شل بکەن. یەکێک لە سیما و خەسڵەتە سەرەکییەکانی دیکەی دەوڵەتانی خاوەن نەوت لە ڕۆژهەڵاتدا گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی داهاتی نەوتە، نەک تەنیا لە نێوخۆی وڵات، بەڵکو لە گرێدانی کۆنتراکت و ڕێککەوتنی گوماناوی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانیشدا.

دەبێت لێرەدا ئاماژە بەو خاڵەش بکەم کە لە سەردەمی داگیرکاریی بەریتانی و پاشایەتیشدا کەمترین ناز و نیعمەتی نەوت بەر کوردی کەرکوک کەوتووە. داگیرکاریی بەریتانی سیاسەتێکی جوداکارانەی لە دژی کورد بەگشتی و کوردی کەرکوک بەتایبەتی پەیڕەو دەکرد. ئاخر ئەو دەمە کورد وەک گەلانی دیکەی ناوچەکە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دەکرد، ئەمەش تەواو ناکۆک بوو لەگەڵ پلان و ستراتیژ و بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی بەریتانیدا. هەر کاربەدەستانی کۆلۆنیالی بەریتانی بوون هێڵە گشتییەکانی ئەو سیاسەتەیان داڕشت کە تا ئەمڕۆش حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە دژی گەلی کورد بەگشتی و کوردی کەرکوک بەتایبەتی پەیڕەوی دەکەن. ڕەنگبێت دەرکەوتنی بەپەلەی "بریتیش پیترۆلیۆم" لە کێڵگە نەوتییەکانی

کەرکـوک چەنـد ڕۆژێـک لە دوای ١٦ ئوکتـۆبەری ٢٠١٧ بەرجەسـتەکردنی ئەو ستراتیژییە کۆنە نوێیەی بەریتانیا بێت.

دەرکـردن و هەنـاردەکردنی نەوت پێویسـتی بە هێـزی کـاری زۆر هەبـوو، هەروەها کەرەستە و ئامێری تەکنیکی زۆری پێویسـت بـوو، کە لەو سـەردەمەدا ئەمانەی دواییان لە عێراق دەست نەدەکەوتن، بۆیە زیاتر پشت بە هێـزی کـاری هەرزانــی کرێکــاران بەســترا. کرێکــارانی عێراقــی ئەو کارانەیــان دەکــرد کە پێویسـتیان بە شـارەزایی و بەهـرەی تـایبەت نەبـوو. بـۆ کـارە هـونەری و تەکنیکییەکان کۆمپانیای نەوت کارمەندێکی زۆری لە وڵاتانی ئەوروپا، ئەمریکـا، هندستان، ئێران و هەندێک لە وڵاتانی عەرەبییەوە دەهێنا. هەرچەنـدە کـارکردن لە پرۆژەکانی کۆمپانیای نەوتدا زۆر سەخت بوون، بەڵام لە بارودۆخی هەژاری و بێ کاری دانیشتوواندا بە دەرفەتێکی باش دادەنرا بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیـان. ژمارەی کرێکاران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەڵکشاندا بوو. تا ساڵی ١٩٤٥ ژمارەیـان گەیشـتبووە ٤٦٤٤ کرێکـار، دوو سـاڵ دواتـر واتـا لە سـاڵی ١٩٤٧ ژمـارەکە بەرزبووەوە بۆ ١١٧٣٦ کرێکار. ئەو ژمارەیە لە کرێکار بـۆ شـارێکی ڕۆژهەڵاتـی ٧٥ هەزار کەسی ڕێژەیەکی بەرز و سەرچاوەی داهاتێکی ئابووری بـاش بـوو بـۆ دانیشـتووانی شـارەکە. ئەو داهاتـانەی کرێکـاران جموجـوڵی زۆریـان خسـتە بازاڕەوە. ڕۆڵی کۆمپانیای نەوت تا بڵێی گرنگ بوو لە ڕاهێنان و بەرزکـردنەوەی توانای پیشەیی و هونەری کرێکار و کارمەنـدەکان. یەکێـک لە بنەماکـانی کـاری کۆمپانیـای نەوت ئەوە بـوو کرێکـار و کارمەنـدی ئەو وڵاتـانەی نەوتیـان تێـدا دەدۆزرێـتەوە ڕابهێـنن و ئامادەیـان بـکەن بـۆ ڕاپەڕانـدنی ئەرکەکـان، نەک لە وڵاتانی دیکەوە کرێکاریان بۆ بهێنن کە خەرجـی زۆر بـوو. بـۆ ئەم مەبەسـتە لە ساڵی ١٩٥٦ "ناوەندی ڕاهێنانی پیشەسازی" لە عەرەفە کـرایەوە. ئەو سـەنتەرە دەیان خولی هونەری بۆ کرێکاران لە بوارەکـانی بیناسـازی، کارەبـا، بـۆڕیچێتی، لەحیم، فیتەری و دارتاشی...تاد دەکردەوە. کۆمپانیا دەرچووە بەتواناکانی ئەم خولانەی دەنارده بەریتانیا بۆ فێربوونی پیشە جیاوازەکان بەشێوەیەکی زانستی و پراکتیکـی. لە سـاڵانی ١٩٤٨ – ١٩٦٠ نـزیکەی ٦٠٠ کرێکـار لەم سـەنتەرە ڕاهێنــانی هونەرییــان بینــی و بەرە بەرە جـێگەی کارمەنـدە بیانییەکانیـان لە

کۆمپانیای نەوت دەگرتەوە. ساڵانی دواتر کۆمپانیاکانی نەوتی موسڵ و بەسرە کەڵکی زۆریان لەمانە بینی. کۆمپانیاکە ژمارەیەکی باشی خوێندکاری عێراقیشی ناردە بەریتانیا بۆ تەواوکردنی خوێندن لە بوارەکانی ئەندازیاری و پیشەسازیی نەوت و ئابووریدا. ساڵی ١٩٥٣ یەکەمین دەستەی خوێندکاران بەڕێ کران، کە ژمارەیان ٣٨ قوتابی بوو. لەو ساڵەوە تا ساڵی ١٩٦٦ بەپێی ئەو پرۆگرامە ٥٠٠ قوتابی خوێندنیان لە زانکۆکانی بەریتانیا تەواو کرد. ئەمانە کاتێک دەگەڕانەوە بۆ عێراق لە کۆمپانیای نەوت، وەزارەتی نەوت، پاڵاوگەی دۆرە و دەزگا حکومییەکانی دیکە، بەتایبەتی لە وەزارەتەکانی ئابووری و فێرکردن دەستیان بە کارکردن دەکرد و ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە پێشکەوتنی عێراقدا.

ئەم سیاسەتەی کۆمپانیای نەوت ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە گەشەکردنی پیشەسازی و فێربوونی پیشەکان لەسەر بنەمای زانستی و پراکتیکی. دەرچووانی خولەکانی سەنتەری ڕاهێنان لە تەک کارکردنیان لە کۆمپانیای نەوت لە ناو بازاڕدا دووکانیان بۆ خۆیان دەکردەوە و لە دوای دەوام کاریان تێدا دەکرد. لە ڕێگەی دووکانەکانیانەوە سەدان شاگرد و کرێکاری دیکەیان فێری ئەو پیشانە دەکرد. ئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەم پرۆژە و کارانە بەشداریکردنی چالاکانەی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی کەرکوک بوو لە بواری پیشەسازیدا لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی. لە کۆتایی چلەکان و دەسپێکی پەنجاکان لە کەرکوک هەست بە چالاکییەکی ئابووریی بەرچاو دەکرا، کە هەزارەها خەڵک بەشدارییان تێدا دەکرد. شار گەشەی دەکرد و گەورە دەبوو.

دروستکردنی خانوو و بەرە بۆ کارمەندان و کرێکارانی کۆمپانیا بووە هۆی خواستی زۆر لەسەر کەرەستەی بینا، کرێکار، وەستا، کارەباچی، بۆریچی..تاد. ماڵە تازەکانیش پێویستییان بە دروستکردنی ئامێری فێنککەرەوە و مۆبیلیای ناو ماڵ و زۆر پێداویستیی دیکە هەبوو. پیشەسازیی چاپ و بڵاوکردنەوەش لایەنێکی دیکەی ژیانی تازەی کەرکوک بوو، کە لە پەنجاکاندا هەنگاوی بەرچاوی دەنا. بەپێی یەکەمین سەرژمێری پیشەسازی، کە وەزارەتی ئابووری عێراق لە ساڵی ١٩٥٤ ئەنجامیدا، ژمارەی دامەزراوە پیشەسازییە گەورە و بچووکەکان لە کەرکوک گەیشتبووە ١٣٢٨ کە ٣٥٢٧ کرێکار کاریان تێیاندا

دەکرد. ئەو ژمارانە دامەزراوەکانی کۆمپانیای نەوتیان نەدەگرتەوە. کرێکاران و کارمەندانی کۆمپانیای نەوت پۆشاکی تایبەت بە خۆیان هەبوو، خواست لەسەر ئەمەش بووە هۆی گەشەکردنی پیشەسازی جلوبەرگ لە کەرکوک. هەروەها بۆ دابینکردنی خواستە زۆرەکانی کۆمپانیای نەوت بۆ خۆراک و پێداویستیی تری پیشەسازی خۆراک، بەرهەمی کانزایی، کیمیاوی گەشەی باشیان بەخۆوە بینی. هەر کۆمپانیای نەوتیش بوو کۆگای ساردکەرەوەی دروست کرد. پێداویستییەکانی کۆمپانیای نەوت کەرکوکی کرد بە یەکەمین شار لەسەر ئاستی هەموو عێراق لە بەکارهێنانی کارەبادا و بە دووەمین شار لە دوای بەغدای پایتەخت لە بەکاربردنی ئاوی پاکدا. لە زۆر بواردا کەرکوک بەغدای لێ دەرچێت لەگەڵ هیچ یەکێک لە شارەکانی دیکەی عێراقدا بەراورد نەدەکرا.

وادیارە بەمەبەست کۆمپانیای نەوت کاری نەکرد بۆ پێشخستنی پیشەسازی پیترۆکیمیاوی لە کەرکوک، هەرچەندە تا ساڵی ١٩٧٢ زیاتر لە ٧٠٪ نەوتی هەموو عێراق لە کەرکوک دەردەهێنرا. ئەو جۆرە کارگانەی لە حومس، بانیاس و لوبنان، دواتریش لە دۆرەی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٥ دروست دەکرد، کە بە سەدان کیلۆمەتر لە کەرکوکەوە دوور بوون، نزیکترینیان ئەوەی دۆرە بوو کە دوو سەد و پەنجا کیلۆمتر لە کەرکوکەوە دوور بوو. ئەم هەنگاوەی کۆمپانیای نەوت هەروا بێ هۆکاری سیاسی و ستراتیژی نەبووە.

کۆمپانیای نەوت پێویستی زۆری بە جێگە و ڕێگا بوو، بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی و نیشتەجێکردنی کارمەندەکانی. لە کەرکوکی ئەو سەردەمەش هیچ باڵەخانەیەک نەبوو دەست بدات بۆ ئەو مەبەستانە، بۆیە بیر لە دروستکردنی ناوچەی پیشەسازی کەیوان و دواتریش سێ کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون کرایەوە. لە چلەکاندا کۆمپانیای نەوت کاری زۆری لەم بوارەدا ئەنجامدا و باڵەخانەی پێویستی لە کەیوان دروست کرد. تا ساڵی ١٩٥١سێ کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی دروست کرد، کە ژمارەی خانووەکانی ٥٠٢ خانوو بوون. پێموایە لەو خانووانە تاک و تەراکیان بەر کورد کەوتن، زۆرترینیان بەسەر کرێکار و کارمەندە کرستیانەکاندا دابەش کران. وردبوونەوە لە ژمارە و ڕێژەی دانیشتووانی گەڕەکە تازەکانی کەرکوک کە لە نزیک کۆمپانیای نەوت بوون، لە سەرژمێری ١٩٥٧دا ئەو ڕاستییە بە زەقی دەردەخات.

پێشتریش کۆمپانیای نەوت لەساڵی ١٩٣٠ یەکەمین وێستگەی کارەبای لە کەرکوک دروست کردبوو، هەر لەوێوە کارەبای دەدا بە پـرۆژەی ئـاوی کەرکـوک لەسەر زێی بچووک. ساڵی ١٩٤٩یش وێستگەیەکی نوێی گەورەتری کارەبای دروست کرد، کە لێوەی کارەبای دەدا بە شاری کەرکوک. لە هەمان کاتدا کۆگا، خواردنگە، یاریگا و ناوەندی کولتووریشی دروست کرد. لە بواری تەندروستیشدا لە ساڵی ١٩٣٧ نەخۆشخانەی کەیوانی دروست کرد و دواتر لە کۆتایی چلەکان تازەی کردەوە و فراوانی کرد.

لە ساڵانی یەکەمی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتدا پشکی حکومەتی عێراق لە داهاتی نەوت زۆر کەم بوو، تەنیا چوار شلنی ئاڵتونی بوو بۆ هەر تەنێک نەوت. ئەو چوار شلنە دەیانکردە دە سێنتی ئەمریکی، لە کاتێکدا هەر بەرمیلێکی نەوت بە ٦٥ سێنت دەفرۆشرا. ئەم بارە تا ساڵی ١٩٥١ بەردەوام بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٢ بەهۆی رێککەوتنی هەردوو لا لەسەر دابەشکردنی یەکسانی قازانجەکان لە نێوان حکومەت و کۆمپانیای نەوتدا، داهاتی عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە. لەم بارەوە ژمارەکان بۆ خۆیان دەدوێن، لە هەموو ساڵانی ١٩٣٤ — ١٩٤٥ حکومەتی عێراق تەنیا ٢١،١٧ ملیۆن دیناری لە داهاتی نەوت دەست کەوتبوو، بەڵام تەنیا لە ساڵی ١٩٥٢ داهاتەکەی گەیشتە ٤٠،٧٤ ملیۆن دینار و لە ساڵی ١٩٥٨ گەیشتە ٧٩،٨٩ ملیۆن دینار. تا ساڵی ١٩٤٥ نزیکەی ٩٤٪ هەموو نەوتی عێراق لە کەرکوک دەردەهێنرا. لە ساڵی خۆماڵیکردنی نەوتیشدا (١٩٧٢) رێژەی نەوتی کەرکوک هێشتا زیاتر لە ٧٠٪ هەموو بەرهەمی نەوتی عێراق بوو. تا ئەو ساڵەش حکومەتی عێراق بەسەریەکەوە زیاتر لە دوو ملیار دینار، واتا زیاتر لە شەش ملیار و نیو دۆلاری لە داهاتی نەوت دەست کەوتبوو، ئەم ژمارەیە بۆ ئەو سەردەمانە پارەیەکی یەگجار زۆر بوو.

لەگەڵ بەرزبوونەوەی داهاتی عێراقدا لە سامانی نەوت، داهاتی تاکیش بەرزبووەوە کە لە ساڵی ١٩٥٠تەنیا ٣٠ دینار بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٦ بوو بە ٥٥ دینار و لە ساڵی ١٩٦٩ گەیشتە ١٠٠ دینار. توانای دارایی بەشێک لە دانیشتووانی کەرکوک زیادی کرد و ئەمەش بوو بەهۆی گەشەکردنی چالاکی

ئابووری و بازرگانی له ناو شاردا. خواستەکانی ڕۆژانەی کۆمپانیا بۆ خۆراک و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان گەشەکردنی کشتوکاڵیشی لێکەوتەوە. چالاکی ئابووریی شار له زۆریی ژمارەی دووکان و کۆگاکاندا خۆی دەنوان، که ژمارەیان له لیوای کەرکوک گەیشته ٢٦٨٤ دووکان که ٣٢٣٥ کەس کاریان تێیاندا دەکرد. ئەو کۆگایانەش که به جوملە شتیان دەفرۆشت، ژمارەیان گەیشته ٣٢ کۆگا. له ساڵی ١٩٥٦ دا سێ بانک لقیان له کەرکوک کردەوە. ژووری بازرگانیش له ساڵی ١٩٥٧ له شارەکه کرایەوە.

خۆشگوزەرانیی خەڵک له ژمارەی ئۆتۆمبیلەکانیشدا ڕەنگی دابووەوە، که له ١٣٢٨ ئۆتۆمبیلەوە له ساڵی ١٩٤٩دا گەیشته ٧٤٩٣ ئۆتۆمبیل له ساڵی ١٩٧١دا. دیاردەی پاسکیل (بایسکڵ) و پاسکیلسواری له کەرکوک یەکێک لەو دیاردانەیه که کارمەندانی کۆمپانیای نەوت هێنایانه کەرکوکەوە. ساڵی ١٩٥٠ ژمارەی پاسکیل ١٩٣٧ دانه بوو، بەڵام له ساڵی ١٩٧١ ئەو ژمارەیه گەیشته ٩٣٠٨ پاسکیل. بەسەریەکەوە ژمارەی ئەو خانووانەی کۆمپانیای نەوت دروستی کردن گەیشته ٢١٤٢ خانوو. ئەمەش ژمارەیەکی یەکجار زۆر بوو بۆ ئەو سەردەمەی شار و چەندین گەڕەکی نوێی پێکدەهێنا.

کۆمپانیای نەوت گەلێک خزمەتگوزاری پێشکەش به کارمەندان و کەسوکاریان دەکرد، لەوانه نەخۆشخانەی کەیوان، که له ساڵی ١٩٣٧ کرایەوە و ئەو کاته تەنیا ٤٤ قەرەوێڵەی تێدا بوو، بەڵام له ساڵی ١٩٥٣ ژمارەیان گەیشته ١٢٥ قەرەوێڵه. تازەترین ئامێر و پێداویستییه پزیشکییەکانی بۆ دابین کرابوو و به یەکێک له باشترین نەخۆشخانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرا. له ساڵی ١٩٦٧ ژمارەی قەرەوێڵەکانی گەیشته ١٤٠. له تەک ئەمەدا سێ بنکەی تەندروستی له عەرەفه کرانەوە. بنکەیەکیش له ناوچەی پیشەسازی که پێداویستی بەهاناوەچوونی بەپەلەی بۆ دابین کرابوو. ئەو نەخۆشخانه و بنکه تەندروستییانه داتای وردیان تۆمار کردووه سەبارەت به ژمارەی ئەو نەخۆشانەی سەردانیان کردوون و ئەو نەشتەرگەرییانەی بۆیان ئەنجام دراون. شایانی باسه ساڵی ١٩٤٧ تەنیا ١٠ نەخۆشخانه له هەموو عێراقدا هەبوون، حەوتیان له بەغدا بوون و ئەو سیانەکەی دیکەیان له کەرکوک و موسڵ و بەسره بوون، لیواکانی دیکەی عێراق هیچ نەخۆشخانەیەکیان تێدا نەبوو.

کۆمپانیای نەوت گرنگی بە سەلامەتی کرێکاران لە کاتی کارکردنـدا دەدا و سەنتەری تایبەتی لە ساڵی ١٩٤٦ بۆ ئەو مەبەستە و بـۆ ڕێگەگـرتن لە ڕووداوی سـەر کـار کـردەوە. لە سـاڵی ١٩٤٦ ژەمـی خـۆراکی هەرزانـی (٣٠ فلـس) بـۆ کرێکاران لەو خواردنگەیەی کە ٥٠٠ کەسی دەگرت، دابـین کردبـوو. لە تەک ئەو کار و چالاکییانەدا یانەی کارمەندان، هۆڵی وەرزش، کتێبخانە، هـۆڵی بۆنەکـان، یاریگـا و مەلەوانـگە و یـانەی کرێکارانیشـی دامەزرانـد. پرۆژەیەکیشـی دانـا بـۆ پاشەکەوتکردن بۆ کارمەندان، کە زۆریان توانییان بەو پارەی کۆیـان دەکـردەوە خانوو بکڕن. هەندێکیشیان بەو پاشەکەوتە منـداڵەکانیان نـارد بـۆ خوێنـدن بـۆ دەرەوەی وڵات. کارێکی دیکەی کۆمپانیا هاندانی بـزووتنەوی ڕۆشـنبیری بـوو لە ڕێـگەی نـامیلکە، گۆڤـار و بڵاوکـراوەی تـرەوە کە باسـی ئاوەدانکردنەوەیـان لە کەرکوک دەکرد. ئەم کارانە ڕۆڵی گەورەیـان بینـی لە بڵاوکـردنەوەی ڕۆشـنبیری لە شـارەکە. گۆڤـاری "خەڵکـی نەوت — اهـل الـنفط" لە سـاڵی ١٩٥٢/١٩٥١ نـزیکەی ٧٥٠٠ دانەی لـێ دەردەچـوو و پەنجـا هەزار کەس دەیانخوێنـدەوە. لە دوای سێ ساڵ تیراژەکەی گەیشـتە ١٨ هەزار دانە، لە سـاڵی ١٩٥٥/١٩٥٤ یـش گەیشـتە ٣١ هەزار دانە و سـاڵی دواتـر ١٩٥٧/١٩٥٦ تیـراژەکەی گەیشـتە ٤٥ هەزار دانە. پێموایە ئێستاش نە لە کوردستان و نە لە عێراق هیچ بڵاوکراوەیەک بەو تیراژە لە چـاپ نادرێت. ژمـارەیەکی زۆری ئەو گۆڤـارە لە کەرکـوک دابەش دەکرا. لە حەوتەمین ساڵی دەرچوونیـدا ژمـارەی لاپەڕەکـانی لە ٤٢ بـوو بە ٧٢ لاپەڕە. سـاڵی ١٩٥٣ هـۆڵێکی سـینەماش لە بابـای ڕۆژئـاوا کـرایەوە و فـیلم و شانۆگەری تێدا پێشکەش دەکرا و تیپـی هـونەری بەرهەمەکـانی خۆیانیـان تێـدا نمایش دەکرد. بۆ بزاڤی وەرزشیش لە ساڵی ١٩٤٧ یاریگـای وەرزشـی کە چـوار گۆڕەپانی تۆپی پێ، دووی سەبەتە، دوو بۆ تێـنس و گۆڕەپـانێکی گشـتیش بـۆ کێبڕکێی ساڵانە دروست کران. یاریگاکە هەر بە یاریگای کۆمپانیا یا (شـەریکە) ناسراوە. کۆمپانیا پاسی تایبەتی تەرخان کردبوو بۆ گواسـتنەوەی کرێکـاران لە ماڵەوە بۆ سەر کار و بە پێچەوانەوە.

کـورد بەشـدارییەکی کەمـی لە کـار و چالاکییەکـانی کۆمپانیـای نەوتـدا هەبوو. ژمارەی کرێکار و کارمەندانی کورد لەو دامەزراوەیە لە چـاو ژمارەیـان لە

کەرکـوک زۆر کەم بـوو. ئەوانەشـی کە کاریـان تێـدا دەکـرد، لە شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردووەوە وەبەر شـاڵاوی دەرکـردن و دوورخسـتنەوە و گواسـتنەوە کەوتن. ئەمەش وای کردووە زۆر جار کورد بڵێـت نەوتـی کەرکـوک هـیچ خێـر و بێرێکـی بـۆ کـورد نەبـووە. بەڵام ڕاسـتییەکی مێژوویـی هەیە دەبێـت لەبەرچـاو بگیرێت، ئەویش ئەوەیە کە لەو گەشەکردنە ئابوورییەی کەرکوکدا لە پەنجاکـانی سەدەی ڕابردوودا ئەو شارە بە خـۆیەوە بینـی، کـوردیش پریشـکێکی بەرکەوت. باشـترین بەڵـگەش ئەوەیە کە بەهـۆی ئەو گەشـەکردنەوە ژمـارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی دێهاتەکانی کەرکوک باریان کرد بۆ شار و لە هەڵکشـانی نائاسـایی ژمـارەی دانیشـتووانی کەرکوکـدا ڕێژەیەکـی باشـیان پێکـدەهێنا و چالاکـانە بەشدارییان لە ژیانی ئابووریی شاردا دەکرد.

ئەمە پـوختەیەکی کـورتی دەسـتکەوتەکانی کەرکـوک بـوو لە کۆمپانیـای نەوتی عێراق لەو سەردەمەدا، کە ئیمپریالیزمی بەریتانی دەستی بەسەر سامانی نەوتدا گرتبـوو. بەشـێک لە خزمەتگوزارییەکـان، کە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدییان بە کرێکارانەوە هەبوو، بەرهەمی خەباتی کرێکارانی کۆمپانیای نەت بوون بەتایبەتی لە مانگرتنی گاورباخیدا.

ئەوەی تا ئێرە باسم لێوە کرد ئەوە بوو کە کۆمپانیای نەوت لە سەردەمی دەسەڵاتی بیانیدا پێشکەشی کەرکـوکی کـرد. وەک لە سـەرەوە ئامـاژەم پێکـرد لەو سەردەمەشدا بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە کوردانی کەرکوک لە خێـر و بێـری نەوت پشکی کەمیان بەرکەوت. بەڵام ئەنجـامی گەشـەکردنی ئـابووری و ژیـاریی شار نەدەکرا کـاریگەریی خـۆی لەسـەر کـوردیش دانەنێـت. بەڵام سـاڵانی دواتـر کاتێک دەسەڵاتی "نیشتمانی!!!" دەسـتی بەسـەر سـامانی نەوتـدا گـرت، بەشـی کـورد هەر پەراوێزخسـتن و بێبەشـکردن نەبـوو لە خێـر و بێـری نەوت، بەڵکـو وێرانکردنـی ئاوایییەکـانی، تێکـدانی هەزاران خـانوو لە گەڕەکـی کۆمـاری، پاکتـاوکردنی ڕەگەزی، پەرەسـەندنی میلیتـاریزم و دیکتـاتۆری، هەڵگیرسـاندنی شەڕ و شۆڕ و دەیان کارەسات وماڵوێرانیی دیکە بوو کە بەسەر کورد بەگشتی و کوردی کەرکوک بەتایبەتی هێندران.

چارەکە سەدەی یەکەمی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی کەرکوکی لێ دەرکەیت، ئەوا ساڵانی دواتر ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت هەموو لێکەوتە نەرێنی و وێرانکەرەکانی نەفرەتی نەوت لە ژیانی کوردی کەرکوکدا بە زەقی بەرجەستە بوون. پێموایە ئەو بەکارهێنانە عەقڵانییەی نەوت لە سەردەمی پاشایەتیدا و بەکارهێنانی داهاتەکانی بۆ ئاوەدانکردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی و فرەزانیی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی، نەک هۆشمەندی و دووربینیی کاربەدەستانی عێراق. لەو سەردەمەدا لە عێراق بە هاوکاری داگیرکەری بەریتانی، کە لە دوای ساڵی ١٩٣٢ فۆرمی هاوپەیمانی ستراتیژی وەرگرتبوو، هەندێک دەزگا و دامەزراوە لە ماوەی چل ساڵدا دامەزرێندران، کە زەمینەیان بۆ ئەو بەکارهێنانە عەقڵانییە خۆش کردبوو. لە سەردەمی کودەتا سەربازییەکان و بەتایبەتی لە ساڵانی دەسەڵاتی بەعسدا هەموو ئەو دامەزراوانە یان بەتەواوی لەناوبران یان لە ناوەڕۆک و جەوهەری خۆیان خاڵی کرانەوە. ئیدی لەو ساتەوە بەکارهێنانی ملهوڕانە و ناهۆشمەندانەی داهاتی نەوت دەستی پێکرد. ئاکامەکانی ئەو بەکارهێنانە دامەزراندنی سیستەمی تۆتالیتاری خوێنڕێژ، بەهەدەردانی پارەیەکی زۆر بۆ چەککڕین، ملیتاریزەکردنی کۆمەڵگە، بەهێزکردنی تۆڕی سیخوڕی و هەواڵگری، ئاژاوە نانەوە و شەڕ هەڵگیرساندن لە نێوخۆی عێراق و لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ.

هەندێک کەس بەراوردی عێراق و میرنشینە عەرەبییەکانی کەنداو دەکەن و دەپرسن: ئەی بۆچی نەفرەتی نەوت ئەو وڵاتانەی وەک عێراق نەگرتەوە؟. بۆچی لەوێ داهاتی زۆری نەوت بوو بە مایەی خۆشگوزەرانی و سەقامگیری؟. دەکرێت لەم بارەیەوە ئاماژە بە هەندێک فاکتەر بکەین. سەربەخۆیی ئەو وڵاتانە لە دەسپێکی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بوو، لە کاتێکدا عێراق، ئەگەر بە ناویش بێت لە ساڵی ١٩٣٢وە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئەندامی کۆمەڵەی گەلان بوو. واتا چل ساڵ جیاوازییان لە نێواندا بوو. کشانەوەی بەریتانیا لە میرنشینەکانی کەنداو بە ڕێکەوتن بوو، واتا لەوێ داگیرکەری ڕابردوو بوو بە هاوپەیمان و ڕێنماییکەر. بە ڕاوێژ و ڕێنمایی و پاراستنی ڕۆژئاوا ئەو دەوڵەتۆکانە لەگەڵ داهاتی نەوتدا هەڵسوکەوتیان کرد و کردیان بە مایەی

گەشەکردنی ئـابووری و سـەقامگیری سیاسـی. بە پـارەی زۆر و خۆشـگوزەرانی کۆمەڵگەکانی خۆیان ملکەچ و تەمەڵ کردووە. لەو میرنشینانە ئازادی ڕادەربڕین و دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئاستێکی زۆر دواکەوتوودان. کرێکار و کارمەندە بیانییەکان زۆر نامرۆڤانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت، بونیادی دواکەوتـووی خێڵەکی بە توندی پارێزراوە. لە کاتێکدا سیستەمی سیاسی لە عێراق بە هێـز و کودەتای سەربازی سەروژێر کرا. لەو کاتەوە تا سـەقامگیری و پێکـدادانی هێـزە جیاوازەکـان بـوو بە دیـاردەی سـەرەکی لە ژیـانی سیاسـی گەلانـی عێراقـدا. لە کاتێکدا میرنشینەکانی کەنـداو چارەنووسـی خۆیـان بە بەریتانیـا و دواتـریش بە ئەمریکـاوە گرێـدا، عێـراق لە مـاوەی پەنجـا سـاڵی ڕابـردوودا بە دروشـم و دروشمبازی دوژمنـایەتی ڕۆژئـاوای دەکـرد و لە هەڵـبەز و دابەزدا بـوو لە نێـوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا. سەربەخۆیی میرنشینەکانی کەنـداو هاوتەریـب بـوو لەگەڵ هەڵکشانی نرخی نەوتـدا. ئەو هەڵکشـانەی نرخـی نەوت داهـاتێکی زۆری بۆیان دابین دەکرد لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی دانیشتوواندا. بەریتانیـا هاوپەیمـانی هۆز و بنەماڵە خـاوەن پێگەکـان بـوو لە کەنـداو، دوای کشانەوەشـی دەسـەڵاتی ڕادەسـتی ئەوان کـرد، تـا ئێسـتاش ئەو هـۆز و بنەمـاڵانە خـاوەن هەمـوو دەسـەڵاتەکانن لەو میرنشـینانە. بە کـورتی بونیـادی بەهێـزی خێڵەکـی، کڕینـی خەڵک بە پارە و خۆشگوزەرانی و داهاتی زۆر باری ئەو میرنشینانەی ڕاگرتووە. لە بەرامـبەردا عێـراق لە کۆمەڵێـک خەڵکـی خـاوەن خەون و خولیـای جیـاواز و نـاکۆک و تەنـانەت دژ بە یەک پێکهـاتووە، کە هەمیشـە سـەنگەریان لە یەک گرتووە. پەیڕەوکردنی سیاسـەتی ڕەگەزپەرسـتی و بەرزکـردنەوەی دروشـمەکانی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی عەرەبـی لە وڵاتێکـی فـرەنەتەوەدا دەبـوایە کـاردانەوەی توندی کورد و پێکهاتەکانی دیـکەی لـێ بکەوتـایەتەوە. قـۆرخکردنی دەسـەڵاتی سیاسـیش لە لایەن کەمینەیەکـی عەرەبـی سـوننەوە نەدەکـرا نـاڕەزایی و تووڕەبوونی شیعە و کوردی لێ نەکەوێتەوە.

لە سـەردەمی کۆلۆنیـاڵی و پاشـایەتیدا کۆمپانیـای نەوت هاوکـاری ئەو خاوەن زەوییانەیان دەکرد کە نەوتیـان تێدا دەدۆزرایەوە، قەرەبـوو دەکـرانەوە، دانیشتووان وەک پاسەوان و کرێکار دادەمەزرێنـدران. بەڵام لە کـاتی دەسـەڵاتی

به نـاو نیشـتمانیدا نەک هەر قەرەبـوو نەدەکـران و دانەدەمەزرێنـدران، بەڵکـو ئاواییەکانیان وێران دەکران و خۆشیان سەرگەردان دەبوون. دەسـەڵاتی بەعـس ئاواییگەلێکی ڕووخان نە نەوتیان تێدا بوو و نە نزیکی ئەو شوێنانەش بـوون کە نەوتیـان لـێ دەردەهێنـرا. لە قەزای دوبـز (دبـس) "٢٢" ئـاوایی کـاولکران و دانیشـتووانەکانیان ڕاگـوێزران، کە ئەمـانە بـوون: (قەرەدەرە، عەمشـە، مەرعـی، قەڵاعەربەت، کتکە، قوتان خەلـیفە، قوتـانی ئەکـراد، شـێخان، نـادر ئـاوا، دڕکە لوردەکان، تەرهیبە، عەلانجیر، مامە، شیرناو، تەق تەق، کونەڕێوی، چەخماخە، مەلحە و سـمایل ئـاوا). ئەو ئاوایيانەشـی کە سـەر بە قەزای ناوەنـدی کەرکـوک بوون و ڕووخێندران، ئەمانە بوون: (شۆراو، گورگەچـال، سـونەگولی، یـاروەلی، پەنجاعەلی، وەلی پاشـا، قزڵقـایە، جەوەڵ بـۆر، هەنجیـرە، قوتـان، قوشـقایە و بجوان). بەعس هەرەسی ١٩٧٥ی بە دەرفەتێکی زێڕین زانی بۆ ئەوەی پڕۆسەی بەعەرەبکردنی کەرکوک بە ئاشکرا و بە بەرچاوی دونیـاوە جێبەجـێ بکـات. بـۆ نمـوونە، بەپێـی بڕیـاری (٣٦٩)ی ئەنجـوومەنی هەڵوەشـاوەی سـەرکردایەتی شۆڕش لە ٣١ ئـازاری ١٩٧٥ دەسـت گیـرا بەسـەر زەویـوزارێکی زۆردا و هەمـوو کران بە ناوی کارگێڕی خۆجێی پارێزگای کەرکوکەوە "الإدارة المحلية" بەرامـبەر بە دوو دینار و نیو بـۆ هەر دۆنمێـک. بەعـس ئەم کـارە نـاڕەوایەی بە پاسـاوی نزیکی ئەو زەوییانە لە ناوچە قەدەغەکراوەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق دەکـرد و گـوایە بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتیی تـایبەت بە دەرکردنـی نەوت و دامەزراوەی سـەربازی ئەو کـارەی کـردووە. ڕووبەری ئەو زەوییـانەی بەر ئەم بڕیـارە کەوتن"٢٧٠٠٤٤" دۆنم بـوو لە دوبـز، کەرکـوک و قەرەحەسـەن، یـایچی، تـازە و خورماتوو.

کاربەدەسـتانی بەعـس داهـاتی نەوتیـان بـۆ دامەزرانـدنی دەسـەڵاتێکی دیکتـاتۆر و سـتەمکار بەکارهێنـا، گەلـی کـوردیش یەکێـک لە ئامـانجە سـەرەکییەکانی هەمـوو سیاسـەت و کردەوەکانیـان بـوو. لە بـواری دوژمنـایەتی کورددا بەعس هەموو سنوورەکانی بەزانـد. هەر لە سـاڵی ١٩٦٣ دوای ئەوەی لە ٨ شوباتی ئەو سـاڵەدا دەسـەڵاتی گرتەدەسـت، ژمـارەی ئەو گونـدانەی وێرانـی کرد لە هەردوو کێڵگەی کەرکوک و بای حەسەن گەیشـتە (٣٨) ئـاوایی. لەگەڵ

وێرانکردنی ئاواییەکانیاندا ئەوانەشی وەک پاسەوان و کرێکار کاریان دەکرد، دوورخرانەوە و ڕاگوێزران. لە هەمان کاتدا دەست کرا بە دەرکردنی کرێکار و کارمەندانی کورد لە کۆمپانیای نەوت، لە ماوەی پێنج ساڵدا (١٩٦٣-١٩٦٨) زیاتر لە (١١٥٢) کرێکاری کورد لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک دەرکران. لە کاتێکدا کرێکارە کوردەکان دەردەکران یان بۆ شوێنی دیکە دەگوێزرانەوە، خەڵکی تر لە دەرەوەی پارێزگای کەرکوکەوە دەهێنران و جێگەیانیان دەگرتەوە. بەعس تا دوا ڕۆژەکانی دەسەڵاتی لە عێراق دەستی لەو سیاسەتە چەپەڵە هەڵنەگرت. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە بڕیاری (٧٦) ی ئەنجوومەنی هەڵوەشاوەی سەرکردایەتی شۆڕش بکەم لە ٧ شوباتی ٢٠٠٠، واتا تەنیا سێ ساڵ بەر لە نێوچوونی. لەو بڕیارەدا سەدام داوا لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای نەوتی باکور دەکات کارمەندانی کۆمپانیاکە لە "کەمینە ناعەرەبییەکان" بەتایبەتی "کورد و تورکمان" لە ١ نیسانی هەمان ساڵەوە خانەنشین بکرێن. .

لە تەک دەرکردن و گوند وێرانکردن، کردەوە خراپەکانی گاردی نەتەوەیی بەعس "حرس قومي" لە دژی کورد لە ساڵی ١٩٦٣ گەلێک کرێکار و کارمەندی کوردیان ناچار کرد دەستبەرداری کارەکانیان بن و لە کەرکوک نەمێنن. بەپێی هەندێک سەرچاوە لەو ساڵەوە تا ناوەڕاستی هەشتاکان ژمارەی ئەو گوندانەی لە نزیک بیرە نەوتەکان بوون و وێران کران گەیشتە (٧١) گوند. هەر لە ساڵی ١٩٦٣دا سەدان ماڵی کورد لە گەڕەکی کۆماری"عەرەسە" وێران کران و خەڵکەکەی ناچار کران لە شار دەربچن و بەشێکیان پەنا ببەنە بەر ئاواییەکانی پارێزگای کەرکوک و بەشێکی دیکەیان ڕوو لە شارەکانی دیکە بکەن.

هەر نەوت و داهاتەکانی بوو هەردوو بلۆکی دژ بەیەکی کردبوو بە دۆست و هاوپەیمانی سەدام حوسێن و ڕژێمەکەی، دونیای بەرژەوەندیخواز لە بەرامبەر تاوانەکانی بەعس لە دژی گەلی کورد بێدەنگ بوو. کڕینی چەکی زۆر لە ڕووسیا و فرەنسا هەر دوو بەرەی ناکۆکی کردبووە هاوکار و پاڵپشتی ڕژێمی سەدام حوسێن بەتایبەتی لە ساڵانی شەڕی ئێران و عێراق. هەر بە داهاتی نەوتیش

بوو سەدام هەزاران ڕۆژنامەوان و سیاسەتمەداری بێویژدانی لە وڵاتـانی عەرەبـی و ڕۆژئاوا کڕیبوو، کە تا دوا ڕۆژی ڕژێمەکەی بەرگرییان لێ دەکرد، تەنـانەت لە نەوەتەکـانی سـەدەی ڕابـردوودا، کاتێـک گەمـارۆی ئـابووری خەڵکـی عێراقـی دەهـاڕی، سـەدام لە ڕێـگەی کۆبـۆنی نەوتەوە خەریکـی کڕینـی ڕۆژنـامەوان و سیاسەتمەداران بوو لەو وڵاتانە.

لە ناوخۆی عێراقیش هەر داهاتی نەوت بوو ڕژێمی بەعسی کرد بە خـاوەن سـوپایەکی زەبەلاح کە دوا بەرهەمەکـانی پیشەسـازی جەنـگ و وێرانکـاری لەبەردەسـتدا بـوو. لەسـەر ئاسـتی دەزگاکـانی ئاسـایش و تـۆڕی هەواڵگـریش ڕژێمەکەی سـەدام نمـوونەی لە دونیـا دەگمەن بـوو. ئەو داهـاتە زۆرە یـارمەتی دابوو دەسەڵاتی ترسناکی خۆی بەسەر هەمـوو کـونجێکی عێراقـدا بسـەپێنێت و هەموو نەیار و دەنگە جیاوازەکان لەنێوببـات. لەم کـارەدا دەیـان جـۆر دەزگـای ئاسایش، هەواڵگری و ڕێکخسـتنەکانی حیزبـی بەعـس ئـامێری بەهێـز بـوون بـۆ چەسپاندنی باری ترس و تۆقاندن بەسەر کۆمەڵگەدا.

ئەوە داهـاتی نەوت بـوو دەسـتی ڕژێمـی کـردەوە لە مـاوەی چـارەکە سەدەیەکدا (٣٦) گەڕەکی تازە بۆ عەرەبی هاوردە لە شاری کەرکوک و دەیـان کـۆمەڵگەی عەرەبـی لە پارێزگـاکە دروسـت بکـات. ئەمە لە کاتێکـدا بەر لە گەیشـتنی بەعـس بە دەسـەڵات تەنیـا گەڕەک و نیـوێکی عەرەبـی لە شـاری کەرکوکدا هەبوو. بەعس بـۆ ئەوەی سـیمای ڕاسـتەقینەی کەرکـوک تێکبـدات و بشێوێنێ، هەرچی ناوی تۆخی عەرەبی و دروشمی تـایبەت بە خـۆی هەبـوو لەو گەڕەکانەی نا وەک: "كرامـة، البعث، ١٧ تمـوز، الوحـدة، الحريـة، العروبـة، النصـر، القادسية، واحد آذار، واحد حزيـران، الميلاد، المنصـور، ٧نيسـان، قرطبـة، تـونس، عـدن، صـدام، المعتصـم، الأمـين، الشـهداء، الواسـطي، النخـوة، الصـقور، الرشـيد، المـأمون، الحجـاج، المجـزرة، الفـاروق، الخضـراء، الـزوراء، غرناطـة، الخلفـاء، بـدر، عدنان، تسعين و سعد".

هەر داهـاتی نەوت بـوو ئەوەی بـۆ ڕژێمـی سـەدام مەیسـەر دەکـرد دەیـان هەزار خێزانـی عەرەب لە پارێزگاکـانی تـری عێـراقەوە بهێنێـتە کەرکـوک. هەر خێزانێـک پـارچە زەوییەک و دە هەزار دینـاری دەدرایە کە ئەو کـاتە دەیکـردە

زیـاتر له سـی هەزار دۆلار. ئەوە ئەگەر فەرمـانبەریش بـوایە، ئەوا جـێگەی کارەکەی دەگوێزرایەوە بۆ فەرمانگەکانی کەرکوک، بێ کارەکانیش لە دامەزراوە و فەرمانگەکـانی کەرکـوک دادەمەزرێنـدران. ئەمـانە لە نـاو خەڵکـدا بە "دە هەزارییەکان" ناسرابوون. لە بەرامبەر ئەو جیاوک و دەستکەوتانە دەبوایە ئەم عەرەبە هاوردانە تۆمارەکـانی بـاری شارسـتانی خێزانەکانیـان "سجلات الأحـوال المدنية" بۆ کەرکوک بگـوێزنەوە، واتـا بە فەرمـی ببن بە خەڵکـی کەرکـوک. بە بڕیـاری تـایبەتیش ڕێگەیـان لـێ دەگیـرا کەرکـوک بە جێبـێڵن و بگەڕێنەوە بـۆ شـوێنە کۆنەکـانی خۆیـان. هەمـوو ئەم کـار و کـردەوانە بـێ داهـاتی نەوت نەدەکران. لەم عەرەبە هاوردانەش ڕژێم سوپایەکی سیخوڕ و لایەنگری بۆ خـۆی لە کەرکـوک دروسـت کـرد، کە ئەرکـی سـەرەکییان ئەوە بـوو ژیـان لە کـوردانی کەرکوک تاڵ بکەن و ناچاریان بـکەن شـارەکە بەجێبـێڵن. ئەمـانە کە ئەو کـاتە داردەستی بەعس بوون، ئێستا بەسەر گـرووپ و ڕێکخـراوە سیاسـییە توندڕەوە عەرەبییەکانـدا دابەش بـوون و بەشـێکی زۆریـان چـوونەتە ڕیـزی حەشـدی شەعبییەوە و سوننەکانیش لە ڕیزەکانی حەشدی عەشایەریدان. واتـا وەک مـار کەژی خۆیان دەگۆڕن. ئەمانە تا دەستیان بڕوات دوژمنایەتی کـورد دەکەن و لە دژی هەر هەنگاوێک دەوەستنەوە کە بـاری کەرکـوک ئاسـایی بکـاتەوە و قەبـوڵ ناکەن شوێنەوارەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن بسڕدرێتەوە.

هەر داهـاتی نەوتـیش بـوو دەرفەتـی ڕەخسـاند کە ڕژێـم ئەو هەمـوو گۆڕانکـارییە کـارگێڕییە زۆرە لە پارێزگـای کەرکوکـدا بکـات. ئەنجـومەنی هەڵوەشـاوەی سـەرکردایەتی شـۆڕش بە درێژایـی سـاڵانی ١٩٦٨- ٢٠٠٣ دەیـان بڕیاری بۆ ئەو مەبەستە دەرکرد. بڕیارەکانی ئەو ئەنجوومەنە هێـزی قانوونییـان هەبوو، چونکە ئەو دەزگا ناقانوونییە مافی دەرکردن و جێبەجێکردنـی قـانوونی بەخـۆی دابـوو. لەو کتێـبەدا کە بە ناونیشـانی "بڕیارەکـانی ئەنجـومەنی هەڵوەشاوەی سەرکردایەتی شۆڕش سـەبارەت بە کـورد و کوردسـتان" لە سـاڵی ٢٠١٣ بە زمـانی عەرەبـی بڵاومـان کـردەوە، زیـاتر لە (٦٠) بڕیـاری ئەو ئەنجـوومەنەم تۆمـار کـردووە کە تـایبەتن بە کەرکـوک، ئەو بڕیـارانە پارێزگـای کەرکوکیان لەتوپەت کـرد. تەنیـا وەک نمـوونە ئامـاژە بە بڕیـاری (٤١) دەکەم،

کە لە ٢٩ کانونی دووەمی ١٩٧٦ دەرچووە و لە دوو خاڵ پێکهاتووە. خاڵی یەکەمی تایبەتە بە دروستکردنی پارێزگایەک بە ناوی سەلاحەدین، کە لە قەزاکانی تکریت، سامەڕا، بەلەد و خورماتوو پێکدێت، لە خاڵی دوەمیشدا دەڵێت: گۆڕینی ناوی پارێزگای کەرکوک بۆ پارێزگای تەئمیم، کە لە هەردوو قەزای ناوەندی کەرکوک و حەویجە پێکدێت. گۆڕینی ناوێکی دێرین و پارێزگایەکی گرنگی وەک کەرکوک بەو شێوە گاڵتەجاڕییە مایەی پێکەنینە. بەعس گۆڕینی ناوی کەرکوک و دابڕاندنی قەزا کوردییەکانی وەک ڕووداوگەلێکی کارگێڕی زۆر بێ بایەخ ڕادەگەیاند. پێشتر بەپێی بڕیاری (٦٠٨) قەزاکانی چەمچەماڵ و کەلار و کفری لە کەرکوک دابڕاندبوو، یەکەم و دووەمیانی خستبووە سەر سلێمانی و کفریشی بە دیالەوە لکاندبوو. بڕیارەکانی دیکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوەی سەبارەت بە کەرکوک هەموو بوارێکیان گرتووەتەوە، لە دەستگرتن بەسەر زەویوزاری کورددا تا دەگاتە دروستکردنی قەزا و ناحیەی تازە لە پارێزگای کەرکوک. بڕیارەکان ئەم ژمارانەیان هەڵگرتووە: ١٣٦، ١٣٧، ٤٣٩، ٤٤٠، ٤٠٣، ٣٨٤، ٤٦٠، ٤٦١، ١٣٩١، ٣١، ٣٥٤، ٢٢٦، ٣٦٩، ٦٠٦، ٦٠٧، ٦٠٨، ١٣٨١، ٣٢، ٣٣، ٤١، ٧٢، ١٨١، ٣١٨٦، ١١٩٤٤، ٢٥٦، ٨٢٤، ٩٤٥، ٤٨٩، ٩٠٠، ٩٠١، ٩٤٩، ٦٥٢، ١٣٤، ٣٤٧، ٥٧٣، ٦٤٦، ٩٧٤، ٤٧٥، ٤٨٠، ٢٣٢، ٢٣٣، ٦٦٨، ٧٣٧، ٩٧٢، ٦٥٠، ١٢٥١، ٤٣٧٦، ١٢٢، ٤١٨، ١٢٥٥، ٤٢، ٥٢٩، ٤٣٤، ٩٧، ٧٤، ٢٣٥، ٧٦، ١٣٧،٢٤٥، خوێنەر دەتوانێت وردەکارییەکان لەو کتێبەماندا ببینێ.

کاربەدەستانی عەرەبی عێراق لە کوردستان و بەتایبەتی لە کەرکوک هەموو "شکستەکانی!!" مێژووی دوور و نزیکی خۆیان بیر دەکەوتەوە و هەمیشە دەیانویست تۆڵەی ئەو شکستانەیان لە کورد بکەنەوە. هەزاران ناوی عەرەبی قوحیان بەسەر گەڕەک، شەقام، قوتابخانە، نەخۆشخانە و دامەزراوەکانی دیکەی کوردستاندا سەپاند، ئامادەیی کوردستان لە کەرکوک کرا بە "عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان". لە گەڕەکی ڕەحیماوای کوردیش، لەدەستدانی ئەندەلوسیان بیر کەوتەوە، بۆیە بۆ ماوەیەک ڕەحیم ئاوا کرا بە ئەندەلوس. خۆزگە یەک لە سەدی ئەوەی لە ئەندەلوس هەیە، بۆ ڕەحیماوایان بکردبایە. کەرکوکیان بەشێوەیەک شێواند و سیمایان گۆڕی، بەئەستەم دەناسرێتەوە.

پێش شاڵاوی ئاشکرا و ڕاگەیەندراوی بەعەرەبکردن، وەبەرهێنان لە بواری نەوتدا بووە هۆی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی شار و هاتنی بە لێشاوی دەیان هەزار کرێکار و کارمەندی عەرەب و ئاسوری. بەرهەمی ئەم پرۆسەیە گۆڕینی دیمۆگرافیای شار بوو کە ئاکامی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئەتنیکی زۆری لێ کەوتەوە.

لە کارەساتی ئەنفالیشدا پارێزگای کەرکوک بەشی شێری بەرکەوت، ئەنفالی سێ لە "٧ نیسان بۆ ٢٠ نیسانی ١٩٨٨"، کە سنووره جوگرافی و مێژوویییەکانی پارێزگای کەرکوکی گرتەوە، سامناکترین قۆناغەکانی ئەنفال بوو. دەیان هەزار کەس بێ سەروشوێن کران و هەزارانیش لە کاتی پەلامارەکاندا کوژران، زیاتر لە هەزار ئاواییش تالان و وێران کران. کەرکوک و ئەنفال بابەتێکی دووردرێژە و لاپەڕەکانی داهاتووی بۆ تەرخان دەکەم. لێرەدا تەنیا ئامازە بەوە دەکەم، کە ئەنفالیش بە هەموو پێوەرەکان بەرهەمی ڕاستەوخۆی نەفرەتی نەوت بوو کە کورد و کەرکوکی گرتەوە.

سەرچاوەکان:


1. Ross, Michael (2012). The Oil Curse : How Petroleum Wealth Shapes the Development of Nations, Princeton University Press.

٢. دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٥.

٣. دلشاد عمرد عبدالعزيز، شركة نفط العراق المحدودة – دراسة تاريخية في نشاطها الإقتصادي والخدمي في كركوك ١٩٢٧ – ١٩٧٢، أطروحة دكتوراه غير منشورة في التاريخ الحديث، جامعة الموصل ٢٠١٤.

٤. دكتور جبار قادر، قضايا كردية معاصرة – كركوك. الأنفال. الكرد وتركيا، دار آراس، أربيل ٢٠٠٦.

٥. قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكورد و كوردستان، إعداد و ترتيب د. جبار قادر و طارق جامباز، أربيل ٢٠١٣. ص ١٠٦ – ١٠٨.

## کەرکوک و ئەنفال :
## دەرهاویشتەی ڕەگەزپەرستی، تۆتالیتاری و کولتووری توندوتیژی

ئەنفال لە کۆبیری کورددا هاوواتای قڕکردن و تەڤکوژییە. ئەنفال کۆدێکی سەربازی بوو بۆ زنجیرەیەک شاڵاو و پەلامار، کە سوپای عێراق لە ٢٣ شوبات ١٩٨٨ تا ٦ ئەیلولی هەمان ساڵ لە دژی کورد ئەنجامیدان لەو ناوچانەی لە لایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە بە ناوچەی قەدەغەکراو راگەیاندرابوون. ژمارەی شاڵاوەکانی ئەنفال هەشت بوون و دەڤەرێکی فراوانیان گرتەوە، ئاکامەکانی لەسەر رەوشی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی و کولتووری گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە رادەبەدەر سامناک و ترسناک بوون، ئازار و شوێنەوارەکانی زیندوون و برینەکانی بە ئاسانی سارێژ نابنەوە. یادەوەرییەکانی وەک کارەساتێکی نەتەوەیی و کردەوەیەکی بێبەزەییانەی ڕژێمی داگیرکەر بۆ هەمیشە دەمێننەوە.

پێموایە لێکۆڵینەوەی زانستی کەممان لەسەر ئەم کارەساتە کردووە، وەک زۆر لە کارەساتەکانی تری مێژووی دوور و نزیکمان. هەروەها نەمانتوانی بیکەین بە سەرمایە و فاکتەرێکی گرنگ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دەزگاکانی مافی مرۆڤ بۆ وەدەستهێنانی مافە رەواکانمان و سزادان و رووڕەشکردنی دوژمنە سەرسەختەکانمان، کە بەو کردەوانەیان تاوانیان لە دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دا.

لێکدانەوەی هەمەلایەنەی شاڵاوەکانی ئەنفال کارێکی پێویستە، نەک تەنیا بۆ یادکردنەوە لە کارەساتەکە، بەڵکو گرنگیی زانستی و سیاسیشی بۆ ئێستا و دوا ڕۆژی دۆز و نەتەوەی کورد هەیە.

ئەم باسە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی سەرەکی تەرخان کراوە، ئەویش ئەوەیە چۆن کردەوەیەکی بەو ئەندازەیە ترسناک و رەشەکوژییەکی بەربڵاوی وەکو ئەنفال لە کۆتایی سەدەی بیستەمیندا توانی ڕوو بدات؟. هەڵبەتە کۆمەڵێک پرسیاری تر لەو پرسیارە سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرن، وەک: دەبێت ئەو دید و بۆچوونە فکری و سیاسییانە چی بن کە زەمینەیان بۆ ئەنجامدانی ئەنفال خۆش کرد؟، ئەی ئەو هێزانەی رەشەکوژی ئەنفالیان

جێبەجێ کرد، چۆن پەروەردە کران و گەیشتنە ئەو بارە دەروونییە کە بەو خوێن ساردییە ئەو هەموو مرۆڤە قەڵاچۆ بکەن؟، ئایا ئەنفال کردەوەیەکی جینۆسایدە؟، ڕۆڵی کۆمەڵگەی داخراو و تۆقێنراو لە بەرهەمهێنانی ئەنفالدا چی بوو؟، ئایا ڕۆڵی مۆدێرنیتە لە ئاسانکردنی ئەنجامدانی تاوانی ئەنفالدا چی بوو؟. هەڵبەتە لێرەدا لە توانادا نییە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بە دوورودرێژی بدرێنەوە، ئەگەر ئەم بەشە توانیبێتی تیشکێک بخاتە سەر خاڵە سەرەکییەکانیان، ئەوا پێموایە ئەرکی خۆی بەجێهێناوە. هەموو ئەو پرسیارانە پەیوەندییان بە ئەوی دییەوە هەیە، واتە ئەوەی تاوانی ئەنفالی ئەنجام داوە و لێی بەرپرسیارە. من لێرەدا خۆم لە باسی باری سیاسی و سەربازی بزاڤی کورد و هەموو ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە شەڕی ئێران و عێراق و هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە هەیە دەبوێرم، کە بۆ خۆیان پرسگەلی گرنگن و پێویستییان بە لێکدانەوەی قووڵ و هەمەلایەنە هەیە و دەکرێت پەندیان لێ وەربگیرێت.

لە ڕێگەی لێکدانەوەی هەندێک لە پرسە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە لە عێراق، کە بەعس نموونە هەرە توندڕەو و ڕەگەزپەرستەکەیەتی، بەتایبەتی ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە هەڵوێستی ئەو ناسیۆنالیزمەوە هەیە بەرامبەر بە دۆزی کورد و مافە نەتەوەییەکانی، دەکرێت لە کەش و هەوا و فەزای ئەنجامدانی ئەنفال تێبگەین. هەڵبەتە ناکرێت پرۆسەی قۆرخکردن و تەسککردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا لە بیر بکەین، کە یەکێک لە خەسڵەتە هەرە زەقەکانی ژیانی سیاسی ئەم دەوڵەتەیە لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە. مەبەستم لە قۆرخکردنی دەسەڵات و باڵادەستکردنی کەمینەی سوننەی عەرەبە و دەستگرتنێتی بەسەر هەموو پۆستە گرنگ و جومگە هەستیارەکانی دەسەڵاتدا لە هەموو دەزگاکانی دەوڵەتدا، بەتایبەتی لە سوپا، دەزگاکانی ئاسایش، پۆلیس و دەزگا تایبەتییەکاندا. ئەم پرۆسەیە لە کۆتاییدا هەموو دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و سەربازی لە هۆز و بنەماڵەیەکدا کۆکردەوە کە سەدام حوسێن لە ترۆپکەکەیدا پاڵی لێدابووەوە. هەموو ئەم باسانە بۆ ئەوەیە ئەو بارودۆخە بخرێتە ڕوو کە ئەنفال تێیدا ڕووی دا.

بەعس وەک هەموو دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری کەمینەی دوور لە خواستی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووان، دەبوایە لە پێناوی مانەوە و دەستگرتن بەسەر هەموو داهات و بەرهەمی عێراقدا، پەنا ببانە بەر توندترین شێوازی سەرکوتکردن و سەپاندنی سیستەمی ترس و تۆقاندن بەسەر کۆمەڵگەدا. کەش و هەوای ترس و تۆقاندن، چاندنی گومان و بێ متمانەیی لە نێو خەڵکدا ئەو کەش و هەوایە بوو کە کۆمەڵگەیەکی داخراو و نەخۆشی هێنایە کایەوە. تەنیا لە کۆمەڵگەی لەو جۆرەدا دەکرێت کردەوەی ترسناکی وەک ئەنفال ڕوو بدات بێ ئەوەی کەس بوێرێت هیچ کاردانەوەیەکی هەبێ.

دەزگا کارگێڕییەکانی دەوڵەت لە سەردەمی بەعسدا گەیشتبوونە هەموو کونجێکی عێراق و کوردستان. داهاتی زۆری نەوت، سوپای زەبەلاح، تۆڕی بەربڵاوی ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعس، تۆڕە سیخوڕی و هەواڵگرییە ترسناکەکان، هێزی چەکداری کرێگرتە و ڕێکخراوی بەنێو جەماوەری...تاد، دوا بەرهەمەکانی پیشەسازی جەنگ لە فڕۆکە، تانک و چەکی کیمیاوی، ئەو ئامێرە کاریگەرییانە بوون کە ئەنجامدانی کردەوەی ڕەشەکوژیی کوردیان بۆ ڕژێم ئاسان کرد.

کولتووری توندوتیژی مێژووی هاوچەرخی عێراقی داپۆشیوە، بەڵام لە ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ دیاردەی توندوتیژی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەڵکشاندا بوو. هەموو لایەنە سیاسییەکان، هەر لایەنەی بە ئەندازەیەک، بەشدارییان لە پەرەسەندنیدا کردووە. هەڵبەتە بەعس لە هەموو لایەنەکانی تر زیاتر دەستی بە خوێنی نەیارە سیاسییەکانی سوور بوو، لەو کاتەشەوە دەسەڵاتی گرتە دەست هەموو سنوورەکانی بەزاند و هێزگەلێکی کوێری وای ئەفراند کە بتوانن تاوانەکانی ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە و وێرانکردنی کوردستان ئەنجام بدەن.

توێژینەوەی زانستی لە پرسەکان پێویستی بە ڕێککەوتن هەیە لەسەر زاراوە و دەستەواژەکان و دیاریکردنی چوارچێوەکان. دەبێت یەک پێناسەمان بۆ کردەوەی ئەنفال هەبێ، کە هەموو لە سەری ڕێک کەوتبێتین. ئایا ئەنفال "ئۆپەراسیۆن"ێکی سەربازی بوو وەکو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حکومەتی عێراق بۆ چەواشەکردنی بیر و ڕای گشتی بانگەشەیان بۆ دەکرد؟، و هەوڵیان دەدا

وەک هەڵمەتێک لە دژی ئێران و بە وتەی خۆیان "دەست و پێوەندەکانی لە باکوری وڵات" پیشانی بدەن؟. یان کردەوەیەکی قڕکردنی کوردان بوو لەژێر پەردەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنی دەرەکیدا؟.

زاراوەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال، کە بە وتەی نووسەری عێراقی دکتۆر فالح عبدالجبار زۆر بێگوناه و بێلایەنە، قەت بۆ پێناسەکردنی دایکی تاوانەکان ناگونجێت و لە جێگەی خۆیدا نییە. بەداخەوە بە خشکەیی ئەم دەستەواژە بەعسییە خزاوەتە نێو زمانی میدیا، لێکۆڵینەوە و گوتاری سیاسی کوردیشەوە. دکتۆر فالح داوامان لێ دەکات لە جێگەی ئەو دەستەواژەیە هیچ نەبێت نێوێکی تر لە کارەساتی ئەنفال بنێین، کە دڕندەیی و هۆڤێتی کردەوەکە دەخاتە ڕوو وەک قەڵاچۆکردن، قەسابخانەکانی ئەنفال، ڕەشەکوژی، قڕکردن، ڕەشە ئەنفال یان ئەنفالە غەمگینەکان(١) .

ئەنفال بۆ کورد کارەساتێکی نەتەوەیی بوو کە کردەوەکانی ڕەشەکوژی، قەڵاچۆ و تاڵانکردن، بە کۆیلەکردنی کورد و تێکدان و وێرانکردنی کوردستان سەردێڕ و لاپەڕە ڕەش و ترسناکەکانی بوون. بۆیە لە جێگەی خۆیدایە یەکێک لەو دەستەواژانە بەکار بێنین و دەست لە بەکارهێنانی زاراوەی ئۆپەراسیۆن "عملیات" هەڵبگرین.

پرسێکی تری گرنگی ئەم بوارە دیاریکردنی پێناسەی ئەنفالە وەک کردەوەیەکی جینۆساید و چوارچێوەی شوێن و کاتەکەیەتی. گەلێک جار هەندێک نووسەر و ڕۆژنامەوانی کورد دەستەواژەی ئەنفال بۆ ناساندنی تاوان و کردەوەی دیکە بەکار دێنن، کە ناچنە چوارچێوەی شاڵاوەکانی ئەنفالەوە. ئەوان لەم ڕێگەوە دەیانەوێت ئەو کردەوانەش وەک تاوانی ترسناک پیشان بدەن، کە دەسەڵاتدارانی داگیرکەر لە دژی کورد ئەنجامیان داوە، بۆیە دەستەواژەی ئەنفال بەکاردەهێنن. ئەمە کارێکی دروست نییە و ناکرێت زنجیرە شاڵاوەکانی ئەنفال، کە چوارچێوەی جوگرافی و زەمەنی دیاری کراون، تێکەڵ بە ڕووداوی دیکە بکرێن. ڕاستە کردەوەکان هەموویان تاوان و کردەوەی ترسناکن و لە هەمان دید و بۆچوونەوە سەرچاوەیان گرتووە و لە هەموو بارەکاندا هەر کورد و کوردستان ئامانجن، لێ هەموو ئەمانە پاساو نین بۆ ئەو تێکەڵاوکردنە و پاکانەی بۆ ناکەن.

لێکدانەوەی کردەوەی ئەنفال لە بەر ڕۆشنایی قانوونی نێودەوڵەتی کاری قانووناسانە، بۆیە من لێرە ئەوەندە ئاماژەی پێدەکەم، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەم باسەوە هەیە و ئەو پەیوەندییە روون دەکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٣٣ ڕافائیل لێمکین (Raphael Lemkin) لە کۆنفرانسێک لە مەدرید بۆ یەکەمین جار دەستەواژەی جینۆسایدی بەکارهێنا، بە نووسینیش لە ساڵی ١٩٤٤دا بوو. هەڵبەتە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پێش ئەوەی لێمکین دەستەواژەکە بەکاربێنێ، کردەوەی جینۆساید لە ئارادا نەبووە. بە درێژایی مێژوو مرۆڤ مرۆڤی کوشتووە، ئەشکەنجەی داوە، کردوویەتی بە کۆیلە و جەنگ و کوشتاری کردووە. لە سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی لە دوا ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهانیدا، پێویستی پێناسەکردن و نێولێنانی ڕەشەکوژییەکانی کاتی ئەو شەڕە بە توندی هاتە کایەوە. کە واتا ئەمە دەستەواژەیەکی نوێ بوو بۆ پێناسەکردنی کردەوەگەلێک کە سەدان جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویانداوە.

ئەم زاراوەیە لە دوو وشە پێکهاتووە کە یەکەمیان (genos) یۆنانییە، بە واتای ڕەگەز یان هۆز، دووەمیشیان (cide) وشەیەکی لاتینییە بە واتای کوشتن یان فەوتاندن دێت. بەلێکدانی هەردوو وشەکە دەبێتە جینۆساید واتا (قەلاچۆکردنی گەلێک یان گرووپێکی ئەتنیکی)(٢).

لە بەر ڕۆشنایی ئەو پێوەر و پێوانانەی لە (پەیماننامەی پێشگرتن و سزادانی تاوانکاریی جینۆساید)دا هاتوون کە لە ٩ دیسەمبەری ١٩٤٨ لە لایەن جڤاتی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکو بڕیارێکی تایبەت لەژێر ژمارە (٢٦٠ A) بڵاو کرایەوە، دەتوانین ئەنفال بە کردەوەیەکی جینۆساید پێناسە بکەین. لە ماددەی دووەمی ئەو پەیماننامەیە بەم شێوەیە باس لە جینۆساید کراوە (لەم پەیماننامەدا جینۆساید هەموو ئەم کردەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە کە بەمەبەستی لەنێوبردنی تەواوی یان بەشێک لە گرووپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ڕەگەزی یان ئاینی ئەنجام دەدرێن:

a. کوشتنی ئەندامانی گرووپەکە.

b. زیانگەیاندنی گیانی یان ڕۆحیی ترسناک بە ئەندامانی گرووپەکە.

c. دانانی ئەندامانی گرووپەکە بەمەبەست لە بارودۆخێکی وادا کە ببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێک یان تەواوی ئەندامەکانی .

d. پێشگرتن لە زاو زێکردن لە نێو گرووپەکەدا.

e. جیاکردنەوەی منداڵانی گرووپەکە و گواستنەوەیان بۆ ناو گرووپێکی دیکە) [٣].

حکومەتی بەعس و دامەزراوە فەرمییەکانی هەموو ئەو تاوانانەیان لە کاتی ئەنفالدا ئەنجامدا کە لەو مادەیە ئاماژەیان پێکراون. بەر لە ئەنفالەکان و دوای ئەوانیش گەلێک تاوانی تریان لە دژی گەلی کورد ئەنجامداوە وەک سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی، بەعەرەبکردن، راگوێزانی زۆرەملێ، تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری و...تاد، کە دەچنە خانەی جۆرەکانی جینۆسایدەوە وەکو ئیتنۆ ساید، جینۆسایدی کولتووری یان کولتوور کوژی و پیسکردنی ژینگە و گەلێک جۆری تر.

زۆربەی ئەوانەی لە ئەنفال کۆڵیونەتەوە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەنفالەکان کردەوەیەکی جینۆسایدە، دەزگایەکی مافی مرۆڤی بە نێوبانگ وەکو هیومان رایتس وۆچ Middle East Wach - A Division of Human Rights Watch نێونیشانی جینۆسایدی هەڵبژاردووە بۆ ئەو کتێبەی کە لەسەر شاڵاوەکانی ئەنفال، لەسەر بناغەی لێکۆڵینەوە لە بەڵگە رەسمییەکانی دەوڵەتی عێراق ئەنجامی داوە و بڵاوی کردووەتەوە [٤].

میتۆد و هەنگاوەکانی ئەنجامدانی تاوانەکە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئەنفال کردەوەیەکی جینۆسایدە. دیاریکردنی ئەو گرووپەی کە بڕیار بوو لە نێوببرێت لە رێگەی سەرژمێری ١٩٨٧، شێوازی کۆکردنەوە و گواستنەوەیان، دابڕانیان لە کۆمەڵگە و جیهان و لە کۆتاییدا لەنێوبردنیان بەو شێوەیەی ئەنجام درا، هەموو ئەوە دەردەخەن کە ئەنفال کردەوەیەکی نەخشە بۆکێشراو بوو و دەقا و دەق یەکدەگرێتەوە لەگەڵ پێناسەکەی راول هیڵبێرگدا بۆ جینۆسایدی جووەکان لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا لەسەر دەستی نازییەکانی ئەڵمانیا [٥].

تـا ئێسـتاش له دوای تێپەڕبـوونی ١٤ سـاڵ (وتـارەکە لە سـاڵی ٢٠٠٢ نووسراوە) بەسـەر ئەنفالـدا و سـەرباری هەمـوو شکسـتەکانی ڕژێـم و هەڵهـاتنی سـەدان ئەفسـەر و کاربەدەسـتی بـاڵای عێـراق، هێشـتا زانیارییەکانمـان لەسـەر ئەنفـال و چارەنووسـی قوربانییەکـان ئەوەنـدە هەژارن کە نـاتوانین وێنەیەکـی ڕوونی بکێشین .

هەنـدێک جـار لێـرە و لەوێ نووسـەری وا پەیـدا دەبـن کە پێیـان وایە ئەنفالەکان ناچنە خانەی کردەوەی جینۆسایدەوە، تەنیا پاکانەشیان ئەوەیە کە گـوایە بەڵـگەی فەرمـی عێراقـی وایـان لەبەردەسـتدا نیـیە کە ئەوە پشتڕاسـت بکاتەوە کە حکومەتی عێراق خەریکی پلان و نەخشەکێشانی لەنێوبردنی هەمـوو گەلی کورد بووە لە عێراق[٦] . بەلای هەندێک نووسەری ڕەگەزپەرستیشەوە ئەمە هەوڵێکە بۆ هۆلۆکۆستکردنی دۆزی کورد لە عێراق .

لەم سەردەمەدا لەنێوبردنی گەلێکی چوار پێـنج ملیـۆنی کـارێکی ئەوەنـدە ئاسـان نیـیە بە یەک هەڵـمەت ئەنجـام بـدرێت، بەڵکـو پێویسـتی بە پـلان و نەخشەی جۆراوجۆر هەیە، کە لە باری ئاساییدا ڕەنگبێت دەیان ساڵی بوێ، لە کاتی شەڕ و ئاژاوەشدا لە توانای هیچ دەوڵەتێکدا نییە، چەندێک دەزگا و چەک و ئامێری مۆدێرنی لە بەردەستدا بێت وا بەئاسانی و لە ماوەیەکی کورتدا و بـێ ئەوەی کـۆمەڵگەی نێـونەتەوەیی لـێ ئاگـادار بێـتەوە ئەنجـامی بـدات. ئەوەی گومانی لێ ناکرێت ئەوەیە، کە حکومەتی عێراق نیازێکی لەو جۆرەی هەبـووە و هەیە، کردەوەکانی لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە دژی خەڵکی مەدەنی، بێ سەروشـوێنکردنی سـەدان هەزار مرۆڤـی گونـدەکان، پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی پاکتـاوی نەژادی و پرۆسـەی بەعەرەبکردنـی کوردسـتان تەوەر و سـەردێڕی سەرەکی ئەو پلانە ترسناکە بوون.

لە بەر ڕۆشـنایی ئەو خـاڵانەی لە سـەرەوە ئامـاژەم پێکـردن و، بە لەبەرچـاوگرتنی پێناسـە نوێیەکـان، بەتـایبەتی دوای ڕووداوەکـانی بۆسـنە - هێرزەگۆفینـا، کەمبۆدیـا، ڕوانـدا، تەیمـوری ڕۆژهەڵات و کۆسـۆڤۆ و، سـامناکیی کردەوەکە و فراوانی ئەو ناوچـانەی وەبەری کەوتـن، ژمـارەی ئەو کەسـانەی کە بوون بە قوربانی، شێوازی نەخشە بـۆ کێشـان و جێبەجێکردنـی هـیچ گومانێـک

لەوەدا ناهێڵنەوە کە شاڵاوەکانی ئەنفال کردەوەیەکی جینۆسایدە و پێویستە بەو شێوەیە چاوی لێ بکرێت و لێی بکۆڵدرێتەوە. من لەم باسەدا هەر بەو پێیە مامەڵەی لەتەکدا دەکەم.

بیر و بۆچوونی توندڕەو و ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە زەمینە خۆشکردندا بۆ ئەنجامدانی ئەنفال. ڕەنگبێت لێرەدا پێویستی بەوە نەکات زۆر خۆمان بە بۆچوون و لێکدانەوەی ڕابەرانی بیری نەتەوەیی عەرەبییەوە خەریک بکەین، چونکە لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا، خەڵک لە سێبەری ڕەشی ئەو دیدو بۆچوونانە ژیانیان بەسەر بردووە و مامەڵەیان لە تەکدا کراوە و ئاگاداری زۆر لە وردەکارییەکانین.

باوەڕ ناکەم لێرەدا، ئەوەندەی پەیوەندی بەم باسەوە هەیە، لێکدانەوە و بۆچوونەکانی ساتیعولحوسەری، میشێل عەفلەق و ناجی مەعروف و هاوبیرەکانیان لەم ٥٠ ساڵەی دواییدا شتێکی نوێ بخاتە سەر ئەوەی تاوەکو ئێستا لەم بارەیەوە نووسراوە. بەرهەمی ئەو بۆچوونانە لەم دوو وتە کورت و پڕ واتایە لە مەڕ هەڵوێستی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە دۆز و مافی نەتەوەیی کورد کورت دەکەمەوە. یەکەمیان ئەوەی ڕابەرێکی خوێندەواری حیزبی بەعس و کودەتای ٨ شوباتی ١٩٦٣ تالیب شەبیبە، کە دەڵێ (ئەستەمە هەڵوێستی ڕێبازی نەتەوەیی عەرەب بەگشتی و هەڵوێستی بەعس بەتایبەتی بەرامبەر بە دۆزی کورد تێبگەین. تێگەیشتنی گشتیمان لەسەر کورد ئەوە بوو کە گەلێکن هاتوونەتە خاکی عەرەب و بوون بە میوان لە نیشتمانەکەیدا)(٧). هەرچەندە تالیب شەبیب لە کۆتایی ژیانیدا ئەوەی درکاندووە کە ئەو بۆچوونە ڕاست نەبووە و نابێت سەیری کورد وەکو ئەرمەن، تورک و ئەو گرووپانەی تر بکرێت کە بەهۆی شەڕ و ئاژاوە و چەوسانەوەی نەتەوەیی و ئاینی عوسمانییەوە ڕایان کردووە و پەنایان هێناوەتە بەر عێراق و لەم بارەیەوە دەڵێ (کورد گەلێکی ڕەسەنە لەسەر ئەم خاکە و بەر لە عوسمانییەکان بە دەمێکی زۆر لەم ناوچەیە ژیاوە، تەنانەت پێش هەندێک لە شەپۆڵەکانی کۆچکردنی عەرەب بۆ ئەم وڵاتە، کورد لەسەر ئەم خاکە ژیاوە)(٨). مخابن ئەم وتانەی تاڵیب شەبیب لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا نەیاندەتوانی تازە هیچ لە ڕەوتی کارەساتەکان بگۆڕن.

وتەی دووەمیش هی بەرپرسیاری یەکەمی هەموو کارەسات و نەهامەتەکانی کوردە لە چل ساڵی ڕابردوودا، واتا سەدام حوسێن، کە لە (بەهاری کورتی ئۆتۆنۆمیدا!!) لە دوای ڕێکەوتننامەی ١١ ئازای ١٩٧٠ لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی، لە وەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری ئەو ڕۆژنامەیە کە لێی پرسیبوو (ئایا ئێوە گەلی کورد بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب دادەنێن؟، سەددام دەڵێ: عێراق لەسەر نەخشەی وڵاتانی عەرەبییە. ئێمە دژی ئەوە نین کە کەمینەی نەتەوەیی[٩] لە وڵاتانی عەرەبیدا بژین، بەڵام ئێمە ئەگەر خاکیان بۆ دابین بکەین ئەوا جیا دەبنەوە، بۆیە ئێمە ڕێگە بەوە نادەین... حکومەتی عێراق و حیزبی بەعس ئۆتۆنۆمییان بە خەڵک داوە نەک بە خاک)[١٠].

ئەمە بۆچوونی دوو کەسی خاوەن بڕیار و پێگەی گرنگ بوون لە نێو دەسەڵاتی بەعسدا، ئەمان ڕۆژانە لەگەڵ دۆزی کورددا مامەڵەیان دەکرد. ناسیۆنالیستانی عەرەب سەیری کوردیان وەک نەتەوەیەکی خاوەن خاک نەدەکرد، بەڵکو وەک خەڵکێک کە لەسەر خاکی عەرەب دەژین و دەتوانن هەندێک مافیان هەبێت، بەڵام نابێت بیر لە سەربەخۆیی بکەنەوە چونکە ئەوە زیان بە نەتەوەی عەرەب دەگەیەنێ. ئەگەر کورد داخوازی و دروشمی لەو جۆرەیان بەرز کردەوە، ئەوا دەبێت بە توندترین شێوە سەرکوت بکرێن. ئەمە هەڵوێستی ناسیۆنالیستانی عەرەب لە هەبوون و دۆز و داخوازییەکانی گەلی کورد، جینۆسایدی کوردیش لە ناوەڕۆک و بنەمادا لە بەرنامە و سیاسەت و ئایدیۆلۆژی ناسیونالیزمی توندڕەوی عەرەبییەوە سەرچاوەی گرتبوو.

پێموایە یەکێک لە گرێ کوێرەکانی پەیوەندیی کورد و ناسیۆنالیستانی عەرەب لەسەر ئاستی سیاسیدا لەو جوداییەی دید و بۆچوونەوە سەرچاوە دەگرێ. کورد لە کوردستان خۆی نەک هەر بە خاوەن ماڵ دەزانێ، کە ڕاستییەکانی مێژوو و جوگرافیاش ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە، بەڵکو خۆی لە عەرەب و تورک زۆر بە کۆنتر دادەنێت لەو وڵاتانەی کە ئەوڕۆ بە عێراق و تورکیا نێو دەبرێن. لە بەرامبەردا ناسیۆنالیستانی عەرەب بە ئاشکرا و بەپێچەوانەی هەموو ئەو فاکتانەوە، دەیانەوێت پلەی میوان بە کورد ببەخشن،

زۆر جاریش ئەوە ناشارنەوە کە بزووتنەوەی سیاسی کورد دەبێت لە خزمەت خواست و هیوا باڵاکانی نەتەوەی عەرەبدا بێ، هەر کاتێک ئەو بزاڤە بووە هۆی مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و یەکێتی خاکی نیشتمانی عەرەب، ئەوا بۆ خۆیان بە رەوای دەزانن بە توندی سەرکوتی بکەن و هەوڵی لەنێوبردنی بدەن. لە وتاری سیاسیی عەرەبیدا لەم سەدەی دواییدا ئەم بۆچوونانە ئەوەندە دووپات کراونەتەوە و باسیان لێوە کراوە، رەنگبێت پێویست بە بەڵگە هێنانەوەی زۆر نەکات[11].

لێرەوە سیاسەتی بندەستکردن دەست پێدەکات، کاتێک زۆرینەیەکی نەتەوەیی خۆی بە زیاتر لەوانی دیکە دادەنێت و بە مافی خۆی دەزانێت دەست بەسەر جوگرافیاکەیاندا بگرێ و بونیاد و تایبەتمەندییەکانیان دەسکاری بکات و رێگەی دەستنیشانکردنی مافی چارە نووسینیان لێبگرێ، ئەمەش دەبێتە هۆی کاردانەوەی توندی گەلی بندەست بۆ ئەوەی خۆی لە بەرامبەر ئەم شاڵاوە وێرانکەرە بپارێزێ. ئەم کاردانەوەیە زۆر جار دەگاتە ئاستی بەیەکدادان و شەڕ و شۆڕ .

یەکێک لە دیاردە و سیما سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی نەتەوەی سەردەست ئەوەیە کە بیرۆکە و ئایدیۆلۆژیای بندەستکردن لە سەردەمی شکستی سیاسی و داتەپینی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا گەشە دەکات. ئەم ئایدیۆلۆژیایە هەوڵ دەدا خۆی بکا بە چوارچێوەیەک بۆ لێکدانەوە و روونکردنەوەی هۆیەکانی شکستی نەتەوەیی لەلایەکەوە و کێشانی وێنەیەکی درەوشاوەی رابردووی نەتەوە لەلایەکی دیکەوە وەک پردێک بۆ پەڕینەوە بۆ داهاتوویەکی پڕ لە بەختەوەری و کامەرانی کە دەبێت باری ناهەمواری ئێستای ئەو نەتەوەیە بسڕێتەوە. ئەم دید و بۆچوونە ناسیۆنالیزمانە هەوڵ دەدا دەسەڵاتی بێ سنووری زۆرینە نەتەوەیی بسەپێنێت و کولتوور و زمانی بکات بە کولتووری باوی وڵاتی فرە کولتوور. ئەم ئایدیۆلۆژیایە پێی وایە هەموو ئەمانە مافی ئەوەی دەدەنێ ببێت بە خاوەن هەموو دەسەڵاتەکان. یەکێک لە دیاردە هەر زەقەکانی ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژیانە دەستکاریکردنی مێژووە بۆ شەرعیەتدان بە باڵادەستیی خۆی بەوەی ئەو خاوەن ڕابردوویەکی مێژوویی دوورودرێژ و پڕ

له شانازییه. ڕەنگبێت کەم کەس هەبێت ئاگاداری ئەوە نەبێت کە بەعس چۆن مێژووی کۆن و نوێی عێراقی سەر و بن کرد لەژێر دروشمی درۆیەکی زلدا بە نێوی (سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو). ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی توندڕەو و سەردەست هەمیشە لە مێژوودا دەگەڕێت بۆ پاکانەکردن بۆ تێزەکانی خۆی. ڕووداوە مێژووییەکان پۆلین و بژار دەکات بۆ سەپاندنی دید و بۆچوونەکانی. بۆ ئەو هەبوونی مێژووی دووروودرێژی نەتەوەی سەردەست بژاردەیەکە باڵادەستیی ئەو وەک ڕاستییەکی مێژوویی گومان لێنەکراو دەبینێ. هەڵبەتە ئەم هەبوونە مێژووییەش دەبێت بە دەڤەرێکی جوگرافی فراوانەوە گرێ بدرێ، کە ئەم ئایدیۆلۆژیایە وێنەی بۆ کێشاوە، هەمموو ئەمانە بۆ سەلماندنی باڵادەستیی نەتەوەی سەردەست و مافی دەستگرتن بەسەر مەودای جوگرافی نەتەوەکانی بندەستدا و پاکانەکردن بۆ هەڵوێستی دڕندانەی بەرامبەریان. هەروەها ئەو ئایدیۆلۆژیایە هەوڵ دەدا لەسەر بنەمای بژاردەی ڕووداوە مێژووییەکان وێنە و چوارچێوەیەکی مێژوویی بۆ ڕۆڵێکی بەرچاو و دیار و پێشڕەوانەی نەتەوەی باڵادەست بکێشێ، کە لە کۆتاییدا هەوڵ دەدا ئەو دوو مەبەستە بەسەر باری ئێستا و داهاتوودا بەزۆر بسەپێنێت.

ئەم ئایدیۆلۆژیا ناسیۆنالیزمییە توندڕەوە هەمیشە لەسەر حیسابی مێژوو ئەنجام دەدرێ، چونکە بۆچوونی بژاردە و پۆلینکردنی چەواشەی ڕووداوە مێژووییەکان ئایدیۆلۆژیا ناچار دەکات بە باری ئێستا قایل نەبێ. بۆ ئەو ئەم بارە بەرهەمی ئەو مێژووە نییە کە ئەو دەیەوێت و لە جێگەی ئەودا جیهانبینییەکی دیکەی بەسەردا دەسەپێنێت کە دەبێت ئایدیۆلۆژیا وێنەی بۆ کۆمەڵگەی داهاتوو بکێشێ. بۆیە ئایدۆلۆژیای نەتەوەی سەردەست بارێکی دابڕاوە لە ئێستا و لە مێژووش لەسەر سێ ئاست: ئەو دەیەوێت ڕەوتی مێژوو بگۆڕێت و لەسەر ئەو هێڵە دایبنێت کە لەگەڵ دید و بۆچوون و جیهانبینییەکەیدا دەگونجێ، هەروەها هەوڵی وێرانکردنی ئێستا دەدا بەهەموو هەبوون و بونیادەکانییەوە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا نموونەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی وا بسەپێنێت کە ئەو خەونی پێوە دەبینێ. بەڵام دیالێکتیکی بزاڤی نێوخۆیی سرووشتیی کۆمەڵگە نایجووڵێنێت و کۆنترۆڵی ناکا، بەڵکو ئەوەی کە

ئایدیۆلۆژیا بیری لێدەکاتەوە بە هێزی دەوڵەت دەیسەپێنێ. دەوڵەتیش بریتییە لە سەرخانێکی سیاسی و دەسەڵاتی و لە بونیادی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت و پێیەوە گرێدراوە چ لە بواری بونیادیدا کە ئەو فاکتەرانە دەگرێتە خۆی کە کۆمەڵگە دروست دەکەن و چ لە بواری ئەرک و ئامانجەکانیدا کە دەبێت وەڵامی خواست و بەرژەوەندییەکانی ئەو فاکتەرانە بداتەوە. لۆژیکی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی توندڕەو ئەم دیالێکتیکە سەر و ژوور دەکەنەوە چونکە دەوڵەتی نەتەوەیی بەلای ئەوەوە بەرهەمی مێژوویی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو بەرهەمێکی سەرخانیی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی لە واقیعدا بەرجەستە دەکات. ئەو دەوڵەتەش کە ئەم ئایدیۆلۆژیایە بەرهەمی دێنێت دەوڵەتێکە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیادا تێکهەڵکێش کراوە، دەسەڵاتێکی مەرکەزی توندی دەوێت کە نابێت کەس هاوبەشیی تێدا بکا، رێگە بەکەس نادا و بە ئەرکی خۆیشی نازانێت کار و باری ئەو کۆمەڵگەیە بەڕێوە ببات کە دەسەڵاتی تێدا گرتۆتە ئەستۆ بەڵکو خۆی بە ئامێری جێبەجێکەری ئایدیۆلۆژیا دەزانێت کە دەبێت گۆڕان لە دامەزراوە و زهنیەتەکاندا بێنێتە کایەوە بەو شێوەی کە لەگەڵ بناغەکانی ئیدیۆلۆژیادا دەگونجێن. لێرەوە دەوڵەت وەکو فاکتەرێکی گۆرانی کۆمەڵگە دێتە کایەوە چونکە ئەو بونیادێکی هاوتەریب نییە، بەڵکو سیستەمێکە هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نوێ لەسەر بناغەی تێکدانی کۆمەڵگە کۆنەکە دەدا، دروشمەکانی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی سەر لەنوێی مرۆڤ و نیشتمان و یەکێتی نەتەوە کە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی بەرزیان دەکاتەوە تەنیا هەوڵێکە بۆ شاردنەوەی پرۆسەی بەزۆر یەکخستنی کۆمەڵگە لەسەر حیسابی کەمینەی زۆرلێکراو و بۆ گەیشتن بە بونیادێکی نەتەوەیی هاودەنگ و یەک رەنگ لە کۆتاییدا .

لێرەوە ئەو ناکۆکییە لە نێوان دەوڵەتی نەتەوەیی مەرکەزی و کۆمەڵگەی فرەڕەنگدا پەیدا دەبێ. زۆرینەی نەتەوەیی کە ئایدیۆلۆژیایەکی رەگەزپەرستی دەیجووڵێنێت و دەیەوێت مەودای جوگرافی کەمینە هەڵلووشێ، بونیادی کۆمەڵگە تێکداو و بگۆڕێت لە بواری کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لە گۆڕ خواستەکانی نەتەوەی سەردەست و دوور لە هەموو نموونەیەکی تر کە لە

هەمـان جوگرافیـادا لە ئـارادایە سـازی بکـاتەوە. بـۆیە کـۆمەڵگەی دابـڕاو و پەراوێزکراو کە فرێ دەدرێتە دەرەوەی قەوارە و چوارچێوەکەوە دەبێتە هێزێکی بەرگری بۆ چاو خشاندنەوە بە باری دەوڵەتدا کە وەکو تەنیا رێگە دەیبینێت بۆ ئەوەی لەو دابڕاوییە رزگاری ببێ. حیزبی بەعس بەرجەستەترین نموونەی ئەم جـۆرە ئایـدیۆلۆژیایە و ئەو رژێـمەی لە عێـراق سـازی کـرد دڕنـدەترین مـۆدێلی رژێمەکانی ئایـدیۆلۆژیای تونـدڕەوی نەتەوەی سەردەستە. بەو شـێوە پێکـدادان دەست پێدەکا و دەوڵەت هەوڵ دەدا کەمینە بسڕێتەوە و ئەویش لە بەرامبەردا هەوڵی پاراستنی هەبوونی خۆی و نیشتمانەکەی دەدا(١٢).

دەبێـت بـۆ بنەمـا و زەمیـنەی فکریـی دۆزەخەکـانی ئەنفـال لەو دیـد و بۆچوونانەدا بگەڕێین کە ئایدیۆلۆژیای بەعس پێکدێنن. لێکدانەوە و وردبـوونەوە لە مێـژووی ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی لە عێـراق ئەوەمـان بـۆ دەردەخـا کە لە دەسـپێکی دامەزرانـدنی دەوڵەتـی عێراقـدا هەڵگرانـی ئەو دیـد و بۆچـوونە کەمینەیەکـی بەرتەسـک بـوون و هـیچ کاریگەرییـان لەسـەر ڕەوتـی ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق نەبوو. تا کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمین ئەو هزرە تەنیا لە نێو ئەندامانی یانەی موسـەنا (نـادي المثنـى) بـاو بـوو، کە هەمـان پاشـخانی فیکـری ئەفسـەرە ناسیۆنالیسـتەکانیان هەبـوو. لە دەرەوەی ئەو یـانەیە و ئەفسـەرانی ناسیۆنالیسـتی عەرەب، دوای ئەو سـاڵانەش بە ماوەیەکی زۆر ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی توندڕەو هیچ جەماوەرییەکی نەبوو. لە دوای شـەڕی دووەمـی جیهـانییەوە و بەتـایبەتی دوای شکسـتی عەرەب لە فەلەسـتین، دوو شـێوازی ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی بەشـێوەیەکی بەرچـاو سەرهەڵدەدەن، یەکەمیان ئەوەی بە ناسیۆنالیزمی لە (خوارەوەڕا) نێودەبرێت کە تاوەکو نێوەڕاستی شەستەکان بەردەوام دەبێت و جـۆری دووەمیشـیان ئەوەیە کە ئەنفال وەبەرهەم دێنێت و بە ناسیۆنالیزمی (لە سـەرەوەڕا) ناسـراوە، کە لە لایەن دەوڵەتەوە دەسەپێنرێت و بۆ خزمەتکـردن و پاکـانەکردن و شـەرعیەتدانە بە سیستەمە دیکتاتۆرییەکان و لە لایەن ئەوانەوە بەکاردەهێنرێت و لە ئەنجامدا هەموو کونجە بچووکەکانی کۆمەڵگە داگیر دەکات(١٣).

یەکێــک لە دیــاردە خراپەکــانی ناسیۆنالیســتانی عەرەب ئەوە بــوو کە نموونەکانی نازیزمی ئەڵمانی و فاشیزمی ئیتاڵییـان کـرد بە مۆدێل بـۆ خۆیـان. بەلای رابەرانی ناسیۆنالیزمی عەرەبەوە باری دابەشـبوون و پـارچە پـارچەبوونی نەتەوەی عەرەب وەک گەلانی ئیتالیا و ئەڵمانیای پـێش یەکێتـی و دامەزرانـدنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو. وەک مۆدیلە ئەڵمانییەکە کە دەیوت گەلی ئەڵمـان یەک رەگەزە و دابەش بــووە بەســەر چەنــد دەوڵەتێکــدا و ئەمەش کارەســاتێکی مێژووییە و تەنیا چارەش یەکگرتنەوەی ئەم دەوڵەتانەیە بـۆ نـوێنەرایەتیکردنی گەلی ئەڵمان و بەرجەسـتەکردنی مێژوویەکـی هـاوبەش، رابەرانـی ناسـیۆنالیزمی عەرەبیش هەمان دروشمیان بەرزکردەوە. بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە بیر و بۆچوونەکـــانی هایـــدیگەر و فیخـــتە کـــاریگەرییەکی زۆریـــان لەســـەر ساتیعولحوســەری بە ئاشـکرا و هەنـدێک شـاراوەتر لەسـەر میشـێل عەفـلەق و لایەنگرانیان بەجێ هێشتووە[١٤].

ئەم ناسیۆنالیزمەی لە سەرەوەڕا دەسەڵاتی گرتە دەست و لەژێـر بانـدۆری شکستی نەتەوەیی عەرەبدا لە ساڵی ١٩٦٧ کەوتە هەوڵی کێشانی ئەو وێـنەیەی کە لە ســەرەوە باســمان لێــوە کــرد، کوردیشــی وەکــو یەکێــک لە هۆکــارە سەرەکییەکانی ئەو شکستە لە قەڵەم دەدا، بەتایبەتی لە عێراق، کە بەپێـی ئەو لێکدانەوەیە ئەوە کورد بوو رێگەی لە دەوڵەتی عێراق دەگرت ئەرکـی نەتەوەیـی خۆی بەجێ بهێنێت و شکسـتی عەرەب بە سـەرکەوتن بگـۆڕێ. ئێسـتاش ئەگەر سەیری گوتـاری ناسیۆنالیسـتانی عەرەب، بەتـایبەتی ئەوانەی کە عێراقـی نـین، گوێت لەم بالۆرەیە دەبێت و دەستەواژەی (ئیسرائیلی دووەم) لەسـەر دەروازەی رۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەبیدا باشترین بەرجەسـتەی ئەم دیـد و بۆچـوونەیە. لە سـێبەری ئەو دروشـمانەدا رژێمـی عێراقـی کەوتە گیـانی کـورد و بە هەمـوو شێوەیەک هەوڵی ئەوەی دا ملکەچی خواستەکانی بن و بە باری کۆیلەیی قایـل بـن. هەمـوو ئەمەش بەپێـی بۆچوونەکـانی بەعس دەبـوایە لە پێنـاوی خواسـتە باڵاکانی نەتەوەی عەرەبدا بوونـایە. نەدەبـوو لە دەرەوەی خواسـتەکانی ئەویـش هەڵسوکەوت بکەن، بەپێچەوانەوە دەبوایە کورد ڕووبەڕووی قڕکردن و جینۆساید ببــنەوە. ئەم دونیــابینییەی ناســیۆنالیزمی تونــدڕەوی عەرەبــی زەمیــنەی بــۆ

کوشتارگەکانی ئەنفال خۆش کرد. لە دوای نەمانی بەعسیش ئەو ناسیۆنالیزمە توندڕەوەی کە ئەو نـوێنەرایەتی دەکـرد لایەنگـری زۆری لە عێراقـدا هەن. ئەزموونەکـانی ئەم سـاڵانەی دوایـی و شـەڕی داعـش و ڕووداوەکـانی ١٦ ئوکتۆبەری ٢٠١٧ باڵادەستیی ئەو بیرە ژەهراوییەی لە نێو عەرەبەکانی عێراقدا زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاوی لە دژی کورد و خواستەکانی دەرخست.

دەبوایە ئەو هەموو کارەسات و ماڵوێرانییەی کە ڕژێمی بەعس بەسەر عەرەبی عێراقیدا هێنا، چ لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا و چ شکستە ئابڕووبەرەکانی لە شەڕی ڕزگارکردنی کوەیت (١٩٩١) و شەڕی ڕامالینی دەسەڵاتەکەیدا (٢٠٠٣)، سەرباری هەژار و برسیکردنی خەڵک و تۆقاندنیان، دەبوایە ئەم بیر و بۆچوونانەی لە لای خەڵک ڕەش بکردایە و نەفرەتیان لێ بکردایە. بەداخەوە ئەمە نەک هەر ڕووی نەدا، بەڵکو ئەم شکستە نوێیانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی ئەوەندەی تر ئاگری ئەم هزرەیان گەرم کرد. لە ئەمڕۆدا گوتاری سیاسی عەرەبی عێراق بەرامبەر بە کورد بە ڕادەیەک ژەهراوی بووە کە زۆر جار خەڵک خۆزگە بە جاران دەبات. ئێستا ئەو هزرە توندڕەوە پۆشاکی ترسناکی مەزهەبیشی پۆشیوە.

هەروا بەوەشەوە گرێدراو ناسیۆنالیستانی عەرەب لە چەمکی دامەزراندنی دەوڵەتـی نەتەوەدا (Nation-State) نمـوونە هەرە زۆردار و سـتەمکارەکەیـان هەڵبـژارد. لە جـێگەی ئەوەی هەوڵەکانیـان بە ئاراسـتەی ئەوەدا بـن گـرووپە جیاوازەکانی خەڵکی عێراق، کە بە وتەی شای عێراق فەیسەڵی یەکەم بریتی بوون لە کۆمەڵێک خێڵ، هۆز، گرووپ و خەڵکی جیاواز، پەرش و بڵاو و بگرە ناکۆک و دژ بە یەک کە هیچ شتێک کۆیان ناکاتەوە و پێکەوەیان گرێ نادا، لە چوارچێوەی گەلێکدا یان نەتەوەیەکدا بە واتا مۆدێرنەکەی کۆبکەنەوە، کە بنەماکانی دیموکراسی، مافی مرۆڤ، دەوڵەتی قانوون، بەشداری یەکسانی هاووڵاتیان لە ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و پاراستنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانیان تێیدا ببنە بناغە و جێگیر بکرێن، ئەوان دەوڵەتی تاک نەتەوەی (یونیتێر)ی نەتەوەی سەردەست و دەسەڵاتی ستەمی نەتەوەیی و سیاسییان هەڵبژارد. لە جێگەی ئەوەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دابمەزرێنن،

پرینسیپەکانی هاووڵاتێتی، سەروەریی قانوون، مافی مرۆڤ بکەن بە بنەمای سیستەمەکەیان، مۆدێلی تاک نەتەوە و تاک زمان و تاک کولتوور و تەنانەت تاک جیهانبینی سیاسیشیان کرد بە ئامانج و بژاردەیان. لە پێناوی وەدیهێنانی ئەو ئامانجەشدا دەستیان کرد بە کودەتای سەربازی و دامەزراندنی ڕژێمی تۆتالیتاری. ئاشکرایە زوربەی سیاسەتمەدارانی عێراق لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا و بگرە بۆ ماوەیەکی زۆر دوای ئەوەش لەژێر کاریگەریی کولتووری سیاسیی عوسمانی و ئیتیحاد و تەرەقیدا بوون. لە دوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانیش مۆدێلی کۆماری ستەمکار و یونیتێری مستەفا کەمالیان بۆ خۆیان کرد بە نموونە و هەوڵیان دا لە عێراقیشدا دەوڵەتێک لەو چەشنە دروست بکەن. لەو دید و بۆچوونانەوە کەوتنە گیانی گەلان و گرووپە ناعەرەبەکانی عێراق و دەستیان کرد بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی، تواندنەوە، بەعەرەبکردن، سەپاندنی زمان و کولتووری عەرەبی بە زۆر بەسەریاندا. کورد وەک گەلێکی بە ژمارە زۆر، خاوەن مێژوو، کولتوورێکی دێرین و تایبەتمەند، کەلەپوورێکی دەوڵەمەندی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بەم بارە قایل نەبوو و بە توندی ڕووبەڕووی چەوسانەوەی نەتەوەیی و سیاسەتی پەراوێزکردن بووەوە و لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی زنجیرە سەرهەڵدانێکی بەرپا کرد کە بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق بەردەوام بوو.

حیزبی بەعس لە ترۆپکی ئەو ناسیۆنالیزمە توندڕەوەدا بوو کە پرۆژەی دەوڵەتی یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک پارت و یەک سەرکردە لە کەللەی دابوو، شکستی عەرەبان لە ساڵی ١٩٦٧، سەرنەکەوتنی پلان و هەوڵەکانی بۆ کۆیلەکردنی گەلی کورد بزاڤەکەی، شکستە یەک لە دوای یەکەکانی لە پرۆژەی سازکردنی ئەو جیهانەدا، کە وێنەی بۆ دوا ڕۆژی نەتەوەی عەرەب تێدا کێشابوو، هەموو ئەوانە وایان لێ دەکرد بە دوای لایەنێکدا بگەڕێت بۆ ئەوەی بیکات بە هۆکاری ئەو شکستانەی عەرەب. ئا لێرەوە کوردی کرد بە قۆچی قوربانی و ئەو تێزەی بڵاو کردەوە گوایە کورد و بزووتنەوەکەی ڕێگرن لەوەی عێراق ڕۆڵی خۆی ببینێت و ڕێگە بەو شکستانە نەدات. بەعس پێی وابوو قڕکردنی کورد کارێکە لە توانایدایە و ئامانجێکی ئاسانە، کاتێک ئەم ئەرکەشی

ئەنجامدا داوا لە عەرەب دەکات خۆیان بۆ سەرکەوتن ئامادە بکەن. ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی قووڵ و هەمەلایەنە هەیە بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکانی بەشێوەیەکی زانستییانە روون بکرێنەوە و بخرێنە بەردەم بیر و رای گشتی و ناچێتە چوارچێوەی ئەم باسەوە.

بۆ ئەوەی کردەوەیەکی بەربڵاوی وەک ئەنفال ئەنجام بدرێ، دەوڵەت پێویستی بە سوپایەکی زەبەلاح و بێبەزەیی هەبوو، کە ئەندامانی ئامادە بن تاوانێکی لەو جۆرە جێبەجێ بکەن. ئەم پرسە دوو لایەنی هەیە، یەکەمیان پەیوەندی بە خودی مرۆڤکوژەکانەوە هەیە، کە دەبێت بەشێوەیەک پەروەردە کرابێتن لە بەرامبەر هیچ تاوان و کردەوەیەکدا نەسڵەمێنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش رژێمی بەعس لە دەزگاکانی ئاسایش، سوپا و هێزە تایبەتییەکانیدا ژمارەیەکی زۆر مرۆڤکوژی پێگەیاند کە ئامادە بوون هەرچییان لێ داوا بکا ئەنجامی بدەن. لە میانی دامەزراندنی یەکەمین گرووپی ئاسایشی بەعسدا لە دوای کودەتای ١٧ تەمموزی ١٩٦٨ و بە لە بەرچاوگرتنی ئەزموون و شکستی دەسەڵاتی ئەو حیزبە لە ساڵی ١٩٦٣، وێنەی داهاتووی کار و چالاکی هەموو دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق دەبینین. سەعدون شاکر لەو بارەیەوە دەگێڕێتەوە کە سەددام حوسێن خۆی بەرپرسیاری ئەو دەزگا نوێیە بوو، چونکە ئەزموونی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدانی نەیارانی بەعسی لە ساڵی ١٩٦٣دا پەیدا کردبوو. لە بەر ناحەزی و ڕەزا قورسیی نێوی ئاسایش (ئەمن) لە لای خەڵکی عێراق، نێوێکی بێگوناە و بێلایەنیان لەو دەزگا ترسناکە نا ئەویش (نووسینگەی پەیوەندییە گشتییەکان — مكتب العلاقات العامة). سەدام داوای لە سەعدون شاکر کردووە دە کەسی بۆ پەیدا بکا ئەوەندە گوێڕایەڵ بن ئەگەر داوایان لێ کرا سەعدون شاکر بە خۆی لە نێوببەن، ئامادە بن ئەو کارە بێ یەک و دوو ئەنجام بدەن. لەسەر ئەو بنەمایە کۆمەڵێک شەلاتی و شەقاوە وەک سەمیر شێخلی، سەعدون شاکر، نازم گزار، جەبار کوردی، عبدالوهاب کریم و سامر تکریتی ...تاد هەڵبژێردران. چارەنووسی زۆر لەمانە، هەرچەندە هەندێک پلە و پایەی بەرزیان لە باڵەخانەی رژێمدا بەدەستهێنا، تەنانەت گاڵتەجاڕی گەیشتە ئەو ئاستە کە شەلاتییەکی وەکو سەمیر شێخلی بکرێت بە

وەزیـری فێرکردنـی بـاڵا و لێکـۆڵینەوەی زانسـتی!!، بەڵام لە کۆتاییـدا زۆربەی هەرە زۆریان هەر بەدەست پیاوانی رژێم و ئەو دامەزراوە نهێنییـانە لە نێـوبران، دوای ئەوەی ئەو ئەرکـانەی پێیـان سـپێردران بەجێیـان هێنـان و ئاگـاداری زۆر کەین و بەین و تاوانەکانی رژێم بوون و مانەوەیان دەبـووە مـایەی نیگەرانـی بـۆ ئەڵقە تەسکەکەی سەدام حوسێن[١٥].

ئەم شێوازی رێکخستنە بوو بە نموونە و مۆدێل بۆ هەمـوو دامەزراوەکـانی دەوڵەتی بەعس لە عێراق، بەتایبەتی ئاسایش و سوپا و هێزە تایبەتییەکان. لە دواییدا ئەم شێوازە هەموو دەزگاکانی دەوڵەتی عێراقی گـرتەوە بە قوتابخـانە و زانکۆکانیشەوە، بـۆیە ئەفسـەری ئاسـایش بـوو بە یەکێـک لە دیـاردە زەقەکـانی هەموو دەزگایەک لە کۆماری ترسدا.

ئەو هێـزە تـایبەتەی هەمیشـە کـردەوەی رەشـەکوژی جێبەجـێ دەکـات بەشێوەیەک ئامادە دەکرێت کە ئەنجامـدانی ئەو تاوانـانە وەک ئەرکێکـی پیـرۆز دەبینێ. لە لای ئەنـدامانی ئەم جـۆرە هێـزانە هەمـوو هەسـتێکی مرۆڤـانی وەک هاوسـۆزی، هـاودەردی و بەزەیـی بە خەسـڵەتی لاواز و بێبـاوەڕی بە پەیـامی حیزب و سەرکردە دەبینرێن و لێکدەدرێنەوە، بۆیە دەبێت ئەنـدامانی ئەو جـۆرە هێـز و سـوپایانە تـا دەتـوانن دڵڕەقـی بنـوێنن، بێبەزەیـی بـن، جـانەوەرانە هەڵسوکەوت بکەن. ئەوان دەبێت بێ یەک و دوو داخوازی سـەرکردەکانیان نەک تەنیا جێبەجێ بکەن، بەڵکو وەکو پەیامێکی پیرۆزیش سەیریان بکەن و ئامـادە بن لەو رێگەیەدا خۆیان بەخت بکەن. ئەندامانی ئەم هێزانە گرووپێکـی هـاوبەش پێکدێنن، برایەتی خوێن پێکەوەیان گرێدەدا، بەهۆی ئەنجامدانی تاوانەکانیانەوە دەبن بە خاوەن چـارەنووس، ئەمەش زیـاتر لە دەوری یەک کۆیـان دەکـاتەوە و پێکەوەیان گرێ دەدا [١٦].

جـۆر و ژمـارەی ئەو هێـزانەی بەعـس لە سـاڵانی فەرمانڕەواییـدا بـۆ ئەنجامدانی رەشەکوژی ئامادەی کردن، لە هەژمـاردن نـایەن. لەگەڵ ئەو هەمـوو هێزەشدا کـردەوەیەک بەو بەربڵاوییـە بـێ پاڵپشـتیکردنی کـۆمەڵانی بەربڵاوتـری کۆمەڵگە وەک هێزەکانی سـوپای بە نێـو میللـی و فەوجەکـانی بە نێـو بەرگـری نیشتمانی و مەفرەزە تایبەتییەکان...تاد لە تواناداا نەدەبوو شـاڵاوەکانی ئەنفـال

ئەنجام بدرێن[١٧]. هەندێک لەم هێزانە لە دوای شاڵاوەکان ئەندامانیان دەبنەوە بە هاووڵاتی، فەرمانبەر و کارمەندی ئاسایی. ئەمەش یەکێک لە لایەنە هەرە ترسناک و سامناکەکانی کردەوەی رەشەکوژی و جینۆسایدە، کاتێک بە دەیان هەزار مرۆڤ لە دەرەوەی هێزە تایبەتییەکان و دوور لە خواستی خۆیان دەخزێنرێنە نێو کەوانەی تاوانکارییەوە[١٨].

جینۆساید هەمیشە هاوتا و خەسڵەتی رژێمی تۆتالیتارییە، تەنیا لە سێبەری رژێمی دیکتاتۆری و توندڕەودا، کە تۆوی رق و کینە لە نێو کۆمەڵگەدا دەچێنێ، کردەوەی تەڤکوژی دەتوانێت روو بدات. ئەو رژێمەی رەشەکوژی بەڕێ دەخات، هەمیشە تۆتالیتارە، باری گوێڕایەڵیی کوێرانە و ملکەچی و دیسپلین بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێ. هێزی پۆلیس و ئاسایشی سامناکی لەبەردەستدایە کە کۆمەڵگە لە ترسیاندا سڕ دەبێت. خەڵک پێش وەخت بۆ کردەوەی جینۆساید ئامادە دەکرێت، ئەگەر پشتگیریشی لێ نەکا ،ئەوا ناتوانێت هیچ کاردانەوەیەکی لە دژی هەبێ. ئەنجامەکەی هەڵبژاردنی هەڵوێستی گوێ نەدان، تەماشاکردن و دەست بە کڵاوەوە گرتن دەبێت و خەڵک تەنیا دەیەوێت خۆی لە گێچەڵی دەوڵەت بەدوور بگرێ. بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی داخراو و سڕکراو هیچ کاتێک لە سێبەری کۆمەڵگەی کراوە، مەدەنی، ئازاد و دیموکراسیدا دەرفەت بۆ رەشەکوژی هەڵناکەوێ[١٩].

ئەوەی باوە کردەوەی جینۆساید بە نهێنی جێبەجێ دەکرێت. مرۆڤ کوژەکان هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی بە دزییەوە تاوانەکانیان ئەنجام بدەن، ترس و تۆقاندن بەکار دێنن بۆ شاردنەوە و پاراستنی نهێنییەکان. ئەگەر کۆمەڵگە بگاتە ئەو بارەی نەوێرێت بپرسێت ئەوانەی ون دەبن بۆ کوێ دەبرێن و چییان بەسەردێ، ئەو کاتە ئەنجامدانی تەڤکوژی و جینۆساید ئاسان دەبێ. بە پێچەوانەی خواست و ئارەزووی مرۆڤ کوژەکانەوە کردەوەی جینۆساید بە نهێنی نامێنێتەوە، چونکە کردەوەیەکی بەو ئەندازە بەربڵاوە کە ژمارەیەکی زۆر کەس بەشداری لە ئەنجامدانیدا دەکەن، باس و خواسەکانی بە رێگە و شێوازی جیاواز دەگەنە بەر گوێی خەڵک[٢٠] .

کردەوەی ڕەشەکوژی پەیوەندی بە هێزی بە کولتووری توندوتیژییەوە هەیە. پیلان لە دژی یەک، هەوڵی لەنێوبردنی یەکدی لە نێو ڕیزەکانی حیزبی بەعس و دەزگاکانی دەوڵەتی عێراقدا، هەڵمەتەکانی پاکتاوکردنی نەیاران لە نێو حیزب، سوپا، دامەزراوەکانی ئاسایش و هێزە تایبەتییەکاندا بە درێژایی فەرمانڕەوایی ئەو حیزبە بوون بەهۆی قەڵاچۆکردن و لەنێوبردنی دەیان هەزارکەس لە عێراق. شاڵاوەکانی ڕژێم و کردەوەکانی تیرۆری دەوڵەت لە دژی هێزە سیاسییەکانی عێراق، کە هەموو توێژ و چین و گرووپێکی لەو وڵاتەدا گرتەوە، سەدان هەزار مرۆڤیان کرد بە خۆراکی ئەو کردەوانە. کولتووری توندوتیژی لە دەوڵەتی عێراقدا پێشینەی دوورودرێژی هەیە، لە ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی دەسەند. لە کوشتنی بنەماڵەی شای عێراق فەیسەڵی دووەم و عەبدولئیلاهی خاڵی و نوری سەعیدەوە بگرە تا دەگاتە دادگاییە شانۆگەرییەکانی (دادگای شۆڕش) بە سەرۆکایەتی فازڵ مەهداوی، هەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم، ڕووداوە خوێناوییەکانی کەرکوک و موسڵ و ڕەشەکوژیی کودەتاچییەکان لە ساڵی ١٩٦٣ سەردێڕی لاپەڕە ڕەشەکانی ئەو مێژووە خوێناوییەن.

لە شەڕی بەردەوامی دەوڵەتی عێراق لە دژی گەلی کوردستان دژوارترین شێوازەکانی توندوتیژی بەکاردەهێنران. کوشتن و بڕین، ئەشکەنجە و لە سێدارەدان، تاڵانکردنی سەروەت و سامانی دانیشتووان ناونیشانە سەرەکییەکانی کارنامەی دەوڵەتی عێراق بوون لە کوردستان بە درێژایی پەنجا ساڵی ڕابردوو. هەڵبەتە مێژووی پێش چواردەی تەممووزیش هەمیشە ڕۆژانی ئاشتی و سەقامگیری نەبوون لە کوردستان. بەعس لە بواری توندوتیژیدا هەموو سنوورەکانی بەزاند. بۆردومانکردنی لادێکان، کوشتنی ژن و منداڵ و مرۆڤی پەککەوتە، وێرانکردنی گوند و کێڵگەکان، ئاگربەردانە ماڵ و کێڵگە، کوشتن و زیندە بەچاڵکردنی دەیان هەزار مرۆڤ دیاریی بەعس بوون بۆ گەلی کوردستان. دیاردەی توندوتیژی دوور لە خواستی جەماوەری فراوانی خەڵک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەبوو بە بەشێک لە ژیان و کۆمەڵگەیەکی نەخۆشی بەرهەم دەهێنا. لەگەڵ گەیشتنی بەعسدا بەدەسەڵات، هەوڵی لە قاڵبدانی کۆمەڵگە و سەپاندنی

میلیتاریزم بوون بە خۆراکی ڕۆژانەی خەڵک. لە کاتی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێراندا توندوتیژی گەیشتە ترۆپک، کاتێک ڕۆژانە لەسەر ئیکرانی تەلەفزیۆنەکان دیمەنی سەدان لاشەی شێواو، دەس و پێی پەڕیو، مرۆڤی پارچە پارچەکراو پیشان دەدران. ئەم دیمەنانە و توندوتیژییەکانی بەعس بارێکی دەروونی وایان ساز کرد، کە ڕێژەیەکی زۆری خەڵک ئامادە کرابوو بۆ بەشداریکردن لە کردەوەی توندوتیژی و خوێنڕێژیدا. ئەوانەشی کە ئامادە نەبوون بەشداری لەو کردەوانە بکەن، ئەوا ژیانی خۆیان و کەسوکاریان دەخستە مەترسییەوە. بەو شێوەیە دڕندەیی، ڕق و کینە، قانوونی جەنگەڵ باڵی ڕەشیان بەسەر کۆمەڵگەدا کێشا و مەودای ژیانی شارستانی و کۆمەڵگەی مەدەنی بەشێوەیەکی ترسناک بەرتەسک کرایەوە[٢١].

لایەنی دووەمی کردەوەی ڕەشەکوژی پەیوەندی بەو گرووپەوە هەیە، کە دەکرێت بە ئامانجی کردەوەی جینۆساید و بڕیار دراوە لە نێو ببرێ، کە لەم حاڵەتەدا کوردە. ئەم گرووپە دەبێت لەبەرچاوی بکوژەکاندا سووک بکرێت و وەکو کۆمەڵێک مرۆڤی بێکەڵک و بێ خێر و دواکەوتوو، کە لە توانایاندا نییە هیچ شتێکی گرنگ بە مرۆڤایەتی پێشکەش بکەن، پیشان بدرێن. ئەم کارەش بۆ ئەوە دەکرێت کە هیچ هاوسۆزی و هاودەردییەک لای مرۆڤ کوژەکان بەرامبەر ئەم گرووپە نەمێنێت و بێبەزەییانە لەنێویان ببەن. کاتێک مرۆڤکوژان هەست دەکەن ئەوانەی کە دەبێت بیانکوژن لە مرۆڤی ئاسایی کەمترن، ویژدانیان ئازاریان نادا و لە لایەنی دەروونییەوە هەست بە نارەحەتی زۆر ناکەن. عەلی حەسەن ئەلمەجید، ناسراو بە عەلی کیمیاوی، لە کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ مرۆڤکوژەکاندا هەوڵ دەدا کورد ئەوەندە سووک و بێکەڵک پیشان بدا، کە هیچ بەزەیی و هاوسۆزییەک لە لای بکوژەکانیان نەجووڵێنن، کاتێک دەڵێ (من ئەم بزنانە چی لێبکەم؟ ..... ئەم تێکدەرانە چۆن لە نێو ببەم؟ بە بلدۆزەر دەیانخەمە ژێر خاکەوە .... ئەمانەن ئێوە لێیان دەترسان کێ هەیە شتێک بڵێت؟ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟، دەیانگێم و ئەوانەش دەگێم کە گوێیان لێدەگرن ..... پازدە ڕۆژ بە کیمیاوی لێیان دەدەم نەک یەک ڕۆژ ..... وەک مریشکیان لێدەکەم کە جووجەڵەکانی بخاتە ژێربالێوە..... بۆچی ڕێگەیان

بدەم وەک کەر کە هیچ شتێک نازانن لەوێ بژێن؟...گەنمیانم ناوێ، کشتوکاڵ، تەماتە و بامیە و خەیاریانم ناوێت ..... ئێمە داوامان لە موسڵ کرد کوردەکان رەوانەی چیا بکەن با وەک بزن بژێن ... ژنەکانیان خراپ بکەن...سەریان پان دەکەمەوە ئەم سەگانە سەریان دەهاڕم...وەک خەیار لەتوپەتیان بکەن. من دەمگوت لەوانەیە چەند کەسێکی چاکیان تێدا پەیدا ببێ، چونکە ئەوانیش هەر میللەتی ئێمەن، بەڵام قەت پیاوێکی باشم تێیاندا بەدی نەکرد[٢٢]. ئەم وتە رەگەزپەرستانەیە کە هەموو هاودەردی و هاوسۆزییەک لە دڵی مرۆڤکوژەکاندا بەرامبەر بە قوربانییەکانیان دەکوژن و زەمینەکی لەباریان بۆ ئەنجامدانی رەشەکوژی ئەنفال رەخساند.

کەسانی وەک ئەم کیمیاوییە کەسایەتییەکی ئاڵۆز و نەخۆشیان هەیە. لە کاتێکدا بەو چاوە سووکە سەیری کورد دەکات و بێ بەزەییانەوە دەیان هەزار ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی لێ زیندە بەچاڵکردن، بەزەیی بە ژنێکدا دێتەوە کە لە فیلمێکی سینەمادا لە خێزانەکەی گوم دەبێت. لەم بارەیەوە دەڵێت (من بۆ خۆم کاتێک سەیری فلیمێکی تراژیدی دەکەم دەگریم. رۆژێک گریام کاتێک لە فلیمێکدا ژنێک گوم ببوو و لە خێزانەکەی دابڕابوو)، بەڵام بە کوشتنی سەدان هەزار ژن و منداڵ و پیاوی کورد ویژدانی ئازاری نادا و هیچ پەشیمانییەک دەرنابڕێت، لەم بارەوە دەڵێت (سوورم لەسەر ئەوەی کردوومە و دەبوایە بیکەم)[٢٣]. دەبێت چی دید و بۆچوون و پاشخانێکی ئایدیۆلۆژی پڕ لە رق و کینەی نەتەوەیی و ئاڵۆزی دەروونی وا لە کابرایەکی وەک ئەلمەجید کردبێت، کە فلیمێک بەو شێوەیە سۆزی بجووڵێنێت و بهێنێتە گریان، بەڵام کارەسات وماڵوێرانی سەدان هەزار ژن و منداڵی کورد هیچ هەستێکی مرۆڤانەی نەجووڵێنن و زیندە بەچاڵکردنیان بەلایەوە مایەی دڵخۆشی، سەربەرزی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت؟. ئەمەش بۆ خۆی پێویستی بە لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاوازەکانی سیاسەت و کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا هەیە.

بە چاوی سووک سەیرکردنی گەلی ژێردەستە، هۆنینەوەی نوکتەی گاڵتەپێکردن و چیرۆکی رەگەزپەرستانە لەسەر ئەندامانی ئەو گەلە و پیشاندانیان بەگێل و نەفام دەتوانن زەمینەیەکی وا بخوڵقێنن کە لە سێبەریدا

جینۆساید ڕوو بدات. هەڵبەتە دەبێت یەکسەر ئەوە بڵێم کە لە باری ئاساییدا نوکتە گێڕانەوە لەسەر یەکدی لە نێوان گەلانی دراوسێدا و تەنانەت دانیشتووانی نێوچەی جیاوازدا کارێکی ئاساییە، بەڵام کاتێک نوکتە و چیرۆکەکانی گەلی سەردەستە دەبێتە مایەی سووککردن و بە گێل و نەفام پیشاندانی گەلی بن دەست، ئەوا ئەو کاتە دەبنە ئامرازی چەوساندنەوە و رووشاندنی هەستی نەتەوەیی و چاندنی ڕق و کینە لە نێوان خەڵکدا. هەر لە بەر ئەوەیە لە زۆر لەوڵاتانی دیموکراتی و دەوڵەتانی قانووندا هەموو ئەو نوکتانەی سووکایەتی بە گرووپێکی نەتەوەیی، ئاینی یان کۆمەڵایەتی دەکەن بە هێزی قانوون قەدەغە دەکرێن و ئەوانەی دەیگێڕنەوە سزا دەدرێن. بە پێچەوانەی ئەو بارەی لەم وڵاتانەدا هەیە، ئەدەبی فۆلکلۆری، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی گەلانی سەردەستەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕن لە پەند و نوکتە و بیر و بۆچوونی ڕەگەزپەرستانە کە سووکایەتی بە کورد و گەلانی دیکەی بندەست دەکەن .

دەوڵەت و ڕێکخراوی سیاسی خاوەن پێگە و دەسەڵات لە کۆمەڵگەی داخراودا دەتوانن لە ڕێگەی پروپاگەندەوە ئەو وێنەی دەیانەوێت بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن. بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق کورد وەک گێرەشێوێن، یاخیبوو، پیاوی بێگانە، خۆفرۆش، گێل، دواکەوتوو ... تاد وێنا کراوە. ئەم وێنەیە نەک تەنیا لای عەرەبە عێراقییەکان بەڵکو لای زۆر لە عەرەبی وڵاتانی تریش تاکو ئێستا و دوای ئەو هەموو تاوانکاری و کارەساتانە هێشتا لە ئارادایە. لە نێو "ڕۆشنبیرانی" عەرەبدا خەڵکی وا پەیدا دەبن کە باسی هەڵەبجە و ئەنفال بە هەوڵێکی کورد بۆ بەهۆلۆکۆستکردنی دۆزی کورد لە قەڵەم بدەن[٢٤]. ڕاستیان کردووە ئەوانەی دەڵێن ئەوە شیعری شاعیران، لێکدانەوەی نووسەران و وتەی گوتاربێژانە کە زەمینە خۆش دەکەن بۆ خوێن ڕشتن و کوشتار و جینۆساید.

لە پروپاگەندەی ڕژێم و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عێراقدا بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بە دژایەتیکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی عێراق و نەتەوەی عەرەب تاوانبار دەکرێت. کورد بەهۆی سڕکردنی هێزی عێراق دادەنرێ، بەهۆی شەڕی کوردەوە سوپاکەی ناتوانێت بە وتەی خۆیان (ئەرکی

نەتەوەیی خۆی لە دژی ئیسرائیل بەجێبێنێت). ڕابەرانی کورد و سەرکردایەتی بزووتنەوە سیاسییەکانی لە لایەن ڕژێمەوە هەمیشە بە پیاوی بێگانە، خۆفرۆش، هەڵخەڵەتاو و خەنجەری ژاراوی دوژمن پێناسە دەکرێن. مەبەست ئەوەیە ئەم پروپاگەندانە لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی پاکانە بکەن بۆ هێرشی وێرانکەر بۆ سەر کوردستان و قەڵاچۆکردنی گەلەکەی.

مۆدێرنیتە و تیکنۆلۆژیای هاوچەرخ کە لە زۆر شوێنی دونیا بوون بە مایەی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیی گەلان، لە عێراق و وڵاتانی ڕۆژهەڵات بوون بە ئامێری کوشتار و وێرانکاری و مەودا و سنوورەکانی کردەوەی جینۆسایدیان لە جاران زۆر فراوانتر کردووە. ئەوەی ئەورۆ چەکی کیمیاوی، بایۆلۆژی، ئاتۆمی، فڕۆکە، تانک، تۆپ و سوپای مۆدێرن دەتوانن بەسەر گەلانیدا بێنن لەگەڵ تواناکانی سەردەمانی پێشوودا بەراورد ناکرێن. دەزگا و دامەزراوە زۆر و ڕێکخراوەکانی دەوڵەتی مۆدێرن دەتوانن هەموو کەرەستەکانی پلاندانان و جێبەجێکردن بۆ قەڵاچۆکردنی سەدان هەزار کەس مەیسەر بکەن. دەتوانن زۆر بە وردی ئەندامانی ئەو گرووپەی کە بڕیارە لە نێوببرێن، دیاری بکەن و هەموو ئامێر و کەرەستەی پێویست بۆ لە نێوبردنیان بخەنە بەردەست مرۆڤکوژان. دەزگای ئاسایشی ترسناک و زەبەلاح و دەزگا تایبەتییەکانیش ئەرکی پاراستنی نهێنیی ئەنجامدانی ڕەشەکوژی دەبینن و تا پێیان بکرێت شوێنەوارەکانی ون دەکەن. ڕژێمی بەعسی عێراق بە سامناکترین شێوە کەڵکی لە پێشکەوتنی تیکنۆڵۆژی سەربازی وەرگرت، داهاتی زۆری نەوتی بۆ ڕاگرتن و چەککردنی سوپایەکی زەبەلاح خەرج کرد، تۆڕی سیخوڕی و ئاسایش، پەیوەندییە نێودەوڵەتی و پشتگیری هێزە گەورەکانی بەدەست هێنا بۆ لە نێوبردنی سەدان هەزار مرۆڤی کورد بێ ئەوەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کاردانەوەیەکی ئەوتۆی هەبێ(٢٥).

مۆدێرنیتە و پێشکەوتن بۆ خۆیان گوناهبار نین لەوەی مرۆڤەکان چۆن دەرهاویشتە و ئەنجامەکانیان بەکاردێنن. لەلایەکی دیکەوە هەر ئەو پێشکەوتنە تیکنۆڵۆژیەش بوو کە پەردەی لەسەر کردەوەکانی ڕژێمی بەعس هەڵماڵی و ڕاماڵی و هەواڵەکانی بە جیهان گەیاند و نەیهێشت وەک جاران بە نهێنی و شاراوەیی بمێننەوە.

له رێگەی لێکدانەوەی هۆکارەکانی ئەنفالەوە، بەتایبەتی ئەو هۆکارانەی پەیوەندییان بە ئەنجامدەرانی ئەم رەشەکوژییەوە هەیە، دەتوانین ئاماژە بەم چەند ئەنجامەی خوارەوە بکەین :

١. هێشتا لە کردەوەی ئەنفال بەشێوەیەکی زانستی و هەمە لایەنە نەکۆڵراوەتەوە و لەسەر ئاستی نێونەتەوەییش ئەم کارەساتە نەناسێنراوە و نەتوانراوە کەڵکی لێوەربگیرێ.

٢. بەپێی هەموو پێوەر و پێوانەکانی قانوونی نێودەوڵەتی کردەوەی ئەنفال کردەوەیەکی جینۆساید و پێویستە لەسەر ئەم بناغەیە هەڵسوکەوت و مامەڵەی لەتەکدا بکرێ.

٣. بیری ناسیۆنالیزمی رەگەزپەرستی باڵادەست رۆڵێکی زۆری بینیوە بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ کارەساتی ئەنفال، بۆیە ئەرکی بزاڤی سیاسی و رۆشنبیرانی کورد و هەموو هێزە دیموکراتییەکان ئەوەیە خەباتێکی سەخت لە دژی ئەو ئایدیالۆژیایە بکەن و رێگە نەدەن لە داهاتوودا هیچ پێگە و جێگەیەکی لە عێراقدا هەبێ.

٤. ئەنفال بەرهەمی دەسەڵاتی تۆتالیتاری، کۆمەڵگەی داخراو، دەزگای سیخوڕیی سامناک و تۆڕی نهێنیی تۆقێنەرە. لە سێبەری کۆمەڵگەی مەدەنی و کراوە و سیستەمی دیموکراتیدا دەرفەت نادرێت بە کردەوەی رەشەکوژی و جینۆساید. لە قازانجی هەموو لایەکە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، ئازاد و کراوە لە عێراقدا بێتە کایەوە و جێگەی خۆی بگرێ.

٥. رژێمە دژە مرۆڤییەکان دەتوانن ئەنجام و دەرهاویشتەکانی مۆدێرنیتە و پێشکەوتنی تیکنۆلۆژی بۆ وێرانکردن و رەشەکوژی بەکاربێنن، بۆیە نابێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رێگە بەو رژێمانە بدات بەشێوەیەکی رەها و بێ چاودێری کەڵکی لێ وەربگرن.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. بڕوانە : گۆڤاری ( ئەنفال)، ژمارە ١، سلێمانی ٢٠٠٠، ل ل ١٧٩-١٨٠.

2. R.G.Grant , Praten over Genocide , vert.uit Engels, 2000 , p. 4

٣. بۆ دەقی پەیماننامەکە بڕوانە:

Convention on the Preventation and Punishment of the Crime of Genocide. UN documents 1948, P.41.

هەروەها بڕوانە: د. مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لە بەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، ئەمستەردام ١٩٩٧ ، ل15.

4. Genocide In Iraq - The Anfal Campaign against the Kurds, Middle East Watch, A division of Human Rights Watch, New York 1993.

شایانی باسە ئەم کتێبە بە کوردیش بڵاو کراوەتەوە . بڕوانە:

عێراق و تاوانی جینۆساید- شاڵاوی ئەنفال دژی کورد، ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ/ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، جەمال میرزا عەزیز کردوویە بە کوردی، بەرلین ٢٠٠٠ .

5. Raul Hilberg, the Destruction of the European Jews, New York, 1985.

٦. بۆ نموونە، تاوەکو ئێستا لە چەند کۆڕ و چاوپێکەوتنێکدا هەندێک توێژەری ئەوروپایی باس لەوە دەکەن گوایە عێراق بەتەما نەبووە هەموو کورد لە نێو ببات. لە هەشتاکانیشدا گەلێک سیاسەتمەدار و نووسەری ئەوروپایی و ئەمریکایی گومانیان لە هەواڵەکانی ڕەشەکوژی و کیمیابارانی کورد لە عێراق دەکرد وەک میلتۆن ڤیۆرست و ئەدوارد سەعیدی، ئەمریکی بە ڕەچەڵەک فەڵەستینی. لەم بارەیەوە بڕوانە:

Khaled Salih, Anfal: The Kurdish Genocide in Iraq, in (Digest of Middle East Studies), vol.4 no.2, 1995. P 24-39

٧. د.علي كريم سعيد، عراق ٨ شباط ١٩٦٣: من حوار المفاهيم الى حوار الدم. مراجعات فی ذاكرة طالب شبيب، بيروت ٩٩٩ ، ص ٢٤٧ .

٨. نفس المصدر السابق .

٩. زۆر کەس دژی ئەوەن کە زاراوەی کەمینەی نەتەوەیی بۆ گەلێکی وەکو کورد بەو ژمارە زۆرە بەکاربهێنرێ، کە ئەمەش بۆ خۆی ڕاستە و لە کوردستاندا کە وڵاتی کوردانە کورد لەگەڵ هەموو هەوڵەکانی شێواندنی باری دیمۆگرافی و پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووانیدا هێشتا زۆرینە پێکدێنێ. بەڵام لە باری زانستییەوە کەمینەی نەتەوەیی ئەو گەل و نەتەوانە دەگرێتەوە کە لە مافی بەشداریکردندا لە دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری، دارایی و سەربازی ... تاد وڵاتدا بێبەش کراون. بەم واتایە کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە خراپترین شێوە لە هەموو دەسەڵاتەکان بێبەش کراوە. ئەو

گەل و نەتەوانەی زۆریـنـەی دانیشـتووانیش پێکـدێنن، بەڵام لە دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابووری ...تاد پەراوێز خراون زۆر جار هەر بە کەمینە دەژمێردرێن. عەرەبـی شـیعە لە عێـراق، کە زۆریـنـەی دانیشـتووانی عێـراق پێکـدێنن، بەڵام لە دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابووری و سەربازی و بەڕێوەبەرایەتیدا بێبەش کراون، بۆیە بـۆ ئەوانـیش لە ئەدەبیـاتی سیاسی جیهاندا زاراوەی کەمینە زۆر جار بەکار دەهێنرا.

١٠. کاتی خۆی ئەم بۆچوونانەی سـەددام حوسـێن لە ژمـارە ١٣ گۆڤـاری ( کـادر) بەرپەرچ دراونەوە. لەم بارەیەوە بڕوانە:

شەرەفێ ئەشیری، کێشەی کورد لە عێراق لە حەفتاکان و هەشتاکان، مۆسکۆ ١٩٨٩، ل١٩ (بە زمانی ڕووسی).

١١. بـۆ زانیـاریی زیـاتر لە مەڕ دیـد و بۆچـوونی ناسیۆنالیسـتانی تونـدڕەوی کاربەدەسـت بڕوانە: منذر الموصلي، عرب وأكراد، بيروت ١٩٨٦ و: الحياة السياسية و الحزبيـة في كوردستان – رؤية عربية للقضية الكردية ، لندن ١٩٩١ .

١٢. بۆ زانیاریی زیـاتر لەم بـارەیەوە بـڕوانە: الـدكتور جـورج شـرف، مـن روسـيا ... حتى كاراباغ ، صراع القوميات فى دول آسيا الوسطى والقوقاز، مركز الدراسـات الأرمنية، بيروت ١٩٩٨، صص ١٥ – ١٨ .١٩٨٨

١٣. بـڕوانە : نزعـة العروبـة فـى العـراق – مـاريون – فـاروق سـلكيت و بيتـر سـلكيت، مجلـة " الثقافـة الجديـدة" ، العـددان ٨ – ٩، السـنة ٤٠، ١٩٩٣– اذار ١٩٩٤. صـص ٨٦ – ٨٧.

هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :

Marion Farouk- Sluglett and Peter Sluglett, Iraq since 1958, London 1987 .

١٤. سامى زبيدة، نزعتا القومية العربية والإسلام السياسي في المنطقة، مجلـة "الثقافـة الجديـدة، (نـدوة: النزعـة القوميـة، الدولـة، الأمـة و الـدين) ، الثقافـة الجديـدة، نفـس العدد السابق، ص ٨٠.

١٥. بڕوانە: زهير الجزائري، الجهاز الأمني و تأطير المجتمع العراقي – الدائرة الزرقـاء ..... و الـــدائرة الحمـــراء، الثقافـــة الجديـــدة، العـــددان ٢–٣، ١٩٩٥، ص ٩– ٢٦ ؛ هەروەها بڕوانە:

Samir al Khalil, Republic of Fear, University of Californiya Press, 1989.

16. R.G.Grant, ibid, P.33

١٧. لە گوێرِ ئاگادارییەکانیم مامۆستاکانی زانکۆی موسڵ، کە مـن بـۆ خـۆم لەوێ مامۆسـتا بووم و بە هەڵکەوت ئەو ڕۆژە نەچووبوومە سەر کار، لە نیسانی ١٩٨٨ هەمـوو برابـوون بۆ دەوروبەری دۆکان بۆ پاراستنی هێڵەکانی پشـتەوەی بەرەی شـەڕ، ڕەنگبێـت تـاوەکو

ئێستاش بەشێکی زۆریان نەزانن کە بێ ئەوەی بیانەوێت بەشدارییان لە ئەنفالدا کردووە.

17. R.G.Grant, ibid, P.33

19. Ibid, P.34

20. Ibid, P.34

٢١. رەنگبێت ئەو چیرۆکەی تەیمور دەیگێڕێتەوە لە بارەی ئەو سەربازەوە کە ناچار کرابوو تەقەی لێ بکات و چاوی پڕ بوو لە فرمێسک، نموونەیەکی بەرچاوی ئەو بارە دەروونییە بێ کاتێک مرۆڤ ناچار دەکرێت لە دژی خواست و ئارەزووی خۆی منداڵ و ژن و خەڵکی سیڤیل بکوژێ. لەم بارەیەوە و بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

Kanan Makiya, Cruelty and Silence: war, tyranny, uprising, and the Arab World, London 1993.

ئەم کتێبە کراوە بە عەرەبی لەژێر ناونیشانی )(القسوة والصمت).

ئەو چاوپێکەوتنەی کەنعان مەکیە لەگەڵ تەیموردا کراوە بە کوردی و لە گۆڤاری (ئەنفال)، ژمارە 1 بڵاو کراوەتەوە. هەمان سەرچاوە، ل ١١٧ - ١٣١ .

٢٢. بۆ ئەم وتانە و گەلێک وتەی تری لەو جۆرە بڕاوانە:

Genocide in Iraq, P 347-353

23.Ibid, P.353

24. Ibid

٢٥. نووسەرێکی عێراقی بە نێوی سەلیم مەتەر ئەم دید و بۆچوونانەی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (القدس العربي) بڵاو کردەوە و دکتۆر جەمال نەبەزیش لە هەمان ڕۆژنامەدا وەڵامی داوەتەوە.

٢٦. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پەیوەندیی مۆدێرنیتە و ڕەشەکوژی بڕوانە:

Zygmunt Bauman, Modernity and the Holocaust. Cambridge 1989.

## سیاسەتەکانی حکومەتی پاشایەتی عێراق لە کەرکوک

بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی ناسەقامگیری، ئاڵۆزیی سیاسی، دەسەڵاتی دیکتاتۆری سەربازی و تۆتالیتاری حیزبی لە عێراقی کۆماریدا، زۆر کەس خۆزگە بە سەردەمی پاشایەتی دەخوازن و پێیان وایە کە ژیان لەو سەردەمەدا زۆر باشتر بووە. ئەو کەسانە پێیان وایە کە بارودۆخی کوردی کەرکوکیش لەو سەردەمە خراپ نەبووە. هەڵبەتە دەسەڵاتدارانی سەردەمی کۆماری ستەمی زۆریان لە کوردی ئەو شارە کرد و کارەساتی زۆریان بەسەرهێنان، لێ ڕژێمی پاشایەتیش بێگوناه نییە لەوەی بەسەر کەرکوک هات و دێت. ئەم چەند لاپەڕەیەی ئەم بەشە بۆ لێکدانەوەی ئەم باسە تەرخان دەکەم. ئایا بەڵگە مێژووییەکان کام لەو بۆچوونانە پشتڕاست دەکەنەوە؟. ئایا دەسەڵاتی پاشایەتی سیاسەتی جوداکاری لە بەرامبەر کوردی کەرکوک پەیڕەو کردووە؟. لێرەدا تیشک دەخەمە سەر سیاسەتەکانی حکومەتی پاشایەتی لە کەرکوک لە سالآنی ١٩٢١- ١٩٥٨. دەستنیشانکردنی فاکتەر و پاڵنەرە سیاسی، ئابووری و ستراتیژییەکانی ئەو سیاسەتانە و ڕەهەندەکانیان کارێکی پێویستە. بۆ لێکدانەوەی ئەم بابەتە دەبێت ئاماژە بە چەند خاڵ و گریمانە بکەم:

یەکەم: حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتەکەیان لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە گشتییەدا کە بەرامبەر گەلی کورد پەیڕەویان دەکرد و خاڵە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە: نکۆڵیکردن لە کورد وەک نەتەوە و کوردستان وەک نیشتمان، جوداکاری و پەراوێزخستن، داننەنان بە مافی نەتەوەیی و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، کە ئامانجی بەدیهێنانی یەکسانی بوو لە نێوان هەموو دانیشتوواندا، بێ گوێدانە ئینتمای نەتەوەیی، ئاینی و مەزهەبی و داخوازی دادپەروەری لە دابەشکردنی سامانەکانی وڵات و دەست هەڵگرتن لە سیاسەتی تاڵانکاری لە کوردستان، بێبەشکردنی کورد لە ژیانی سیاسی، ئابووری و کەلتووریی وڵاتدا، دەڵێم لەو چوارچێوە گشتییەدا سیاسەتێکی زۆر تایبەتیشیان بەرامبەر کوردی کەرکوک پەیڕەو دەکرد، کە لە هەموو سالآنی تەمەنی دەوڵەتی عێراقدا بە فۆرم و شێوازی جودا خۆی نمایش دەکرد تا لەسەر دەستی بەعس گەیشتە ئاستی پاکتاوی نەژادی و جینۆساید.

دووەم: دەوڵەتی عێراق هێڵە سەرەکییەکانی ئەو سیاسەتەی بە میراتی لە دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ مابووەوە. عوسمانییەکان زۆر زوو درکیان بەگرنگی کەرکوک کردبوو، لەبەرئەوەی کەوتبووە سەر ئەو ڕێگا ستراتیژییەی بەندەرەکانی هەردوو دەریای ناوەڕاست و ڕەشی بە سنوورەکانی ئێران و ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرەوە دەبەستەوە. لە مەدا تەنیا عوسمانییەکان نەبوون، بەڵکو هەموو ئەو هێزانەی پێش ئەوانیش ناوچەکەیان داگیر کردبوو درکیان بەو بایەخ و گرنگییە کردبوو، بۆیە هەوڵیان دەدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەو ناوچەیەدا پێگەیەک بۆ خۆیان پەیدا بکەن. بەڵام، ئەو هێزانە وەک دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی سەرکەوتوو نەبوون لە نیشتەجێکردنی دەست و پێوەند و ڕەعیەتەکانی خۆیان لەناو شاری کەرکوک و هەموو ئەو شارۆچکە سەرەکییانە، کە کەوتبوونە سەر ئەو ڕێگایە. لە تەک دروستکردنی نشینگەدا بۆ ڕەعیەتەکانی، دەوڵەتی عوسمانی لە دوایین دەیەکانی فەرمانڕەوایی خۆیدا سیاسەتی بە عوسمانیکردنی "بە تورککردنی" بەشێک لە دانیشتووانە ڕەسەنەکانی ناوچەکەی پەیڕەو دەکرد. ئەمانە دواتر دەبن بە نەیاری کورد و ئامرازێکی گرنگ بە دەستی دەوڵەتەوە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی لەم بەشەی کوردستان. هەندێک لە مانە تا ئێستاش ئەم ڕۆڵە دەبینن، هەڵبەتە لەژێر ناو و ناونیشانی نوێ و بۆ کوێخا و ناوەندی تر.

سێیەم: دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانیایی هەوڵی زۆری دا هەرێمی کەرکوک لە باشووری کوردستان دابڕێت. ئەمەی بە خاڵێکی زۆر گرنگ دادەنا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی لە عێراق و کوردستان. هەوڵ و کۆششی بۆ ئەوە بوو ئەم ناوچە دەوڵەمەندە بە عێراقەوە بلکێنێت و لە بەشە چیاییەکانی کوردستانی جیا بکاتەوە، کە لە دەستپێکدا دەیویست لە دەرەوەی عێراق بیانهێڵێتەوە و خۆی لە سەرئێشەی هۆز و خێڵەکان ڕزگار بکات. ڕاوێژکارە سیاسیی و سەربازی و ئابوورییەکانی بەریتانیا کە لە عێراقی سەردەمی پاشاییدا خاوەن دەسەڵاتی ڕاستەقینە بوون، ئەزموونی دەوڵەمەندیان لە هیندستان بەدەست هێنابوو و زوو زوو پلانەکانیان لەگەڵ گۆڕانکارییاندا

دەگونجاند. ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ڕووسیا و تورکیا پلاندانەرانی سیاسەتە کۆڵۆنیالیستییەکانی بەریتانیایان ناچارکرد چاو بخشێننەوە بەسەرجەم ستراتیژییەکانی خۆیاندا لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست، لە پێش هەمووشیانەوە، ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتەکانیانەوە هەبوو سەبارەت بە کورد و کوردستان.

چوارەم: سیاسەتەکانی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی و حکومەتی پاشایەتی عێراق لە کەرکوک ئەزموونێکی خراپیان بۆ حکومەتەکانی سەردەمی کۆماری بەجێهێشت، کە هەموویان پێوەی پابەند بوون، مەبەستم سیاسەتی جوداکاری و لاوازکردنی پێگەی کورد لە کەرکوک لە چوارچێوەی سیاسەتە گشتییەکانیاندا بەرامبەر بە کورد. ئەم سیاسەتانە کێشەی کەرکوکیان ئاڵۆز کرد و کردیانە یەکێک لە گرێ کوێرەکانی دۆزی کورد لە عێراق، هەمیشەش کۆسپێکە لەبەردەم دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ ئەو دۆزە. بەهۆی ئەم تێهەڵکێشی و لێکئاڵکانەی دۆزی کورد و کێشەی کەرکوک ناکرێت بە دابڕاوی و دوور لە یەک توێژینەوەیان لە مەڕ بکرێت. ئەمەش توێژەر ناچار دەکات خۆی لە قەرەی هەندێک پرسی تر بدات، کە ڕەنگبێت بەلای کەسانێکەوە نەکەونە چوارچێوەی ئەم باسەوە. بێ تیشک خستنەسەر ڕەگ و ڕیشەی ئەو سیاسەتانە و شیکردنەوەی ڕەهەند و پاڵنەرە سیاسی، ستراتیژی و ئابوورییەکانی، ئەستەمە مرۆڤ لە سیاسەتەکانی کاربەدەستانی عێراق لە کەرکوک تێبگات بە سیاسەتەکانی بەعس و ئەوانەشی کە لە دوای ئەو هاتن.

## کەرکوک پێش دامەزراندنی شانشینی عێراق:

کەرکوک لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەهەمەوە تاوەکو کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەشێک بوو لە دەوڵەتی عوسمانی. ئەم چوار سەدەیە بە سەردەمی تاریک و داتەپین دادەنرێن. دواکەوتنی ئابووری، سەرکوتکردنی نەتەوەیی و مەزهەبی، بەهێزکردنی بونیادی خێڵەکی و دەرەبەگی و مەنگی و دەقگرتوویی ژیانی کولتووری گرنگترین سیماکانی ئەو چوار سەدەیە بوون.

سیستەمی کارگێری عوسمانی لەسەر بنەمای ئەیالات (ویلایەتەکان) بوو، کە دابەش دەبوون بەسەر سەنجەقەکاندا (لیوا)کان. پاش داگیرکاری عوسمانی ڕاستەوخۆ ئەو سەرزەمینەی ئەمڕۆ بە عێراق دەناسرێت دابەش کرا بۆ چوار ئەیالەت: بەغدا، موسڵ، بەسرە و شارەزوور. ئەیالەتی شارەزوور کە ناوەندەکەی کەرکوک بوو، بۆ ماوەیەک بووە گۆڕەپانی ململانێی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی. ئەم ئەیالەتە لە سەدەی شانزەهەمدا ١٦ سەنجەقی دەگرتە خۆ، کە ژمارەیان لە ناوەڕاستی سەدەی دواتردا بەرزبووەوە بۆ ٣٢ سەنجەق. زۆرینەیان بریتی بوون لە قەڵا، قولە لەسەر لووتکەی شاخەکان و لە دەربەندە چیاییە گرنگەکان. بەهۆی بەردەوامبوونی جەنگەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران، یان شەڕی نێوان میرو دەرەبەگە کوردەکان زۆربەیان داڕووخان و بوون بە وێرانە. لە نێو بەناوبانگترین سەنجەقەکانی ویلایەتی شارەزوور دەکرێت ئاماژە بکەین بە کەرکوک، هەولێر، هەریر، کۆیە، شەمامک، دەشتی مەخمور، شارەزوور، شارباژێڕ، مەرگە، شەمێران، قەرەداغ، قزڵجە و جەوەل حەمرین و ...هتد[1].

پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییەش بکرێت کە سنوورەکانی ئەیالەتەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەمیشە جێگیر نەبوون، بەردەوام گۆڕانکارییان بەسەردا دەکرا، هەندێکیان وەک بەشێک لە ڕێکخستنەوە کارگێڕی کە دەوڵەتی عوسمانی بە خۆی دەیکردن و هەندێکیشیان لە ئەنجامی جەنگ و ململانێ بەردەوامەکان لەگەڵ ئێراندا. ئاشکرایە کە ئەیالەتی شارەزوور یەکێک لە گۆڕەپانە گرنگەکانی ئەو ململانێیە بوو. ئەوەی پەیوەندی بەم جوگرافیایەی ئێمەوە هەیە ڕێکخستنی ئیداری عوسمانی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەتەواوی جێگیر بوو. ویلایەتی موسڵ لە ساڵی ١٨٧٩ دوا فۆرمی خۆی وەرگرت و لە سێ سەنجەق پێکدەهات، کە بریتین لە: سەنجەقی ناوەندی موسڵ، قەزاکانی دهۆک، زاخۆ، زێبار، سنجار، ئاکرێ سەر بەم سەنجەقە بوون؛ سەنجەقی شارەزوور (کەرکوک) کە قەزاکانی هەولێر، رانیە، ڕەواندوز، کۆیە، سەڵاحیە (کفری)ی لەسەر بوون؛ سەنجەقی سلێمانیش ئەم قەزایانەی لەسەر بوون: بازیان، شارباژێڕ، قەرەداغ، گوڵعەنبەر و مەرگە[2].

شـارەزوور گەورەتـرین سـەنجەقی ویلایەتـی موسـڵ بـوو لە ڕووی ژمـارەی نـاحیە و گونـدەکانییەوە. ٦ قەزا و ١٧ نـاحیە و ١٧١٢ گونـد لە سـنووری سەنجەقی شارەزووردا بوون، لە کاتێکدا سەنجەقی موسڵ ٦ قەزا و ١٥ ناحیە و ١٥٩٨ گوندی لە خۆ گرتبوو. سەنجەقی سلێمانیش ٥ قەزا و ١١ ناحیە و١٠٨٢ گوندی لە سنووردا بوون. کاربەدەستانی عوسمانی وەکو پیشەی هەمیشەییان لە هەمـوو هەرێـم و ناوچەکـانی ژێـر دەسـەڵاتیان لە سـەنجەقی کەرکـوکیش بەروبـووم و سـامانەکەیان بە تـاڵان دەبـرد، بـێ ئەوەی هـیچ خزمەتگـوزارییەک پێشـکەش بە نـاوچەکە بـکەن بەرامـبەر بەو هەمـوو سـامان و بەروبـوومەی. بـۆ نمـوونە، داهـاتی سـەنجەقی کەرکوک لە سـاڵی (١٨٨٨) حەوت ملیـۆن و نیـو قوروش بوو. ئەم داهاتانە لە باجی خـانووبەرە لەسـەر موڵکەکـان، بـاجی سـەر مەڕومـاڵات، بەدەلـی سـەربازی، بـاجی داهـات یەک لە دە (الأعشـار- العشـر)، دارسـتان، تـاپۆ و بـاجی دادگاکـانەوە بەدەسـت دەهـاتن و دەسـتەبەر دەبـوون. هەڵبەتە باجی ئەعشـار و مەڕومـاڵات لە پێشـەوەی هەمـوو داهاتەکـان بـوو، کە بڕەکەی دەگەیشتە چوار ملیـۆن و نیـو قـوروش. لە بەرامـبەردا ئەو بـڕە پـارەی دەسەڵاتی عوسمانی بۆ کاروباری سەنجەقەکە تەرخانی کردبـوو، لە سـێ ملیـۆن قوروش تێنەدەپەڕی. تەنانەت لەم بڕە پارەیەش زیاتر لە نیوەی بۆ جەنـدرمە و پـۆلیس و زەبتـیە سـەرف دەکـرا. نیـو ملیـۆن قوروشـی تـریش بـۆ دادگاکـان و مووچەی فەرمانبەران خەرج دەکرا، لە کاتێکدا کە هـیچ پـارەیەک بـۆ کاروبـاری پەروەردە و فێربوون، دروستکردنی ڕێگاوبان و پرد، و پێشکەشکردنی خزمەتـی تەندروستی و ڕاژەکانی تر بۆ لیوای کەرکوک و قەزا و ناحیەکانی دانەنرابوو[٤].

بارودۆخی خوێندن و فێرکردن لە هەموو ویلایەتی موسڵ کە کەرکـوکی لە سـنووردا بـوو زۆر دواکەوتـوو و خـراپ بـوو. لە هەمـوو ویـلایەتەکە لە سـاڵی (١٨٨٨) تەنیـا حەوت قوتابخـانەی لـێ بـوو، واتـا موسـڵ، کەرکـوک، هەولێـر، سەلاحیە (کفری)، ئاکرێ، ڕەواندز و سـلێمانی هەر یەکەیـان یەک قوتابخانەیـان بەر دەکەوت، کە بە هەموویانەوە تەنیا ٣١٨ قوتابییان هەبوو[٥].

بەم شێوەیە دواکەوتن و هەژاری و وێرانیی میراتی دەوڵەتی عوسمانی بوو لەم وڵاتە کە کۆسـپ و ئاسـتەنگی گەورە بـوون لەبەردەم هەر گەشەسـەندنێکی

ڕاستەقینەدا. سەربارى ئەوەش ئەم ناوچەیە، وەکو ناوچەکانى ترى ڕۆژهەڵات لە دواساتەکانى سەردەمى عوسمانیدا، بووبووە ئامانجێک بۆ فراوانخوازیى کۆڵۆنیالیستە ئەوروپاییەکان. لەم ڕووەوە، ڕکابەرییەکى توند لە نێوان بەریتانیا، فرەنسا، ئەڵمانیا و ڕووسیادا لە ئارادا بوو بۆ دەستگرتن بەسەر ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاست و نزیکدا، کوردستانیش وەک خاکێکى دەوڵەمەند و گرنگ لە ڕووى ستراتیژییەوە، شوێنێکى گرنگى هەبوو لەو ڕکابەرییەدا. بۆیە ماوەیەکى زۆر بەر لە هەڵگیرسانى ئاگرى شەڕى یەکەمى جیهانى یەکەم هەر یەک لەو وڵاتانە هەرچى لە تواناياندا هەبوو بە گەڕیان خستبوو بۆ جێگیرکردنى شوێن پێ و پێگەى خۆیان لە کوردستان، بۆ دەستگرتن بەسەر سەروەت و سامانەکانیدا و بەستنەوەى بە بازاڕەکانى جیهانەوە، هەڵبەتە نەوتیش فاکتەرێکى گرنگى ئەو ململانێ و ڕکابەرییە بوو. هەر لەو کاتانەدا بوو ژمارەیەک لە جیۆلۆجیستە ڕۆژئاواییەکان باسیان لە دەریاچەى نەوتى دەرنەهێنراوى بابەگوڕگوڕ دەکرد. پێشتر ئاماژەم بە مۆرگانى فرەنسى و زانیارییەکانى کرد سەبارەت بە دەریاچەى نەوتى کەرکوک — قەسرى شیرین کە درێژییەکەى بە ٣٠٠ کم خەملاند(٦).

هەوڵەکانى کۆمپانیا بەریتانییەکان بۆ دەستگرتن بەسەر کێڵگە نەوتییەکانى باشوورى کوردستاندا هۆکارێکى سەرەکى بوون بۆ هەوڵى بێوچانى بەریتانیا بۆ داگیرکردنى سەرتاپاى ویلایەتى موسڵ. وینستن چێرچڵ لە لێدوانە بەناوبانگەکەیدا لە ساڵى ١٩١٣ گوزارشتى لەو ئاراستەیە کرد کاتێک بێ پێچ و پەنا ڕایگەیاند "دەبێت خاوەنى سەرچاوەکانى نەوت بین، یان هیچ نەبێت دەست بگرین بەسەر بەشێک لەو نەوتەى پێویستیمان پێی هەیە"(٧).

ڕێکەوتنامەى (سایکس- پیکۆ) کە لە مایسى ١٩١٦ مۆر کرا، هەوڵێک بوو بۆ پێکهاتنى زلهێزە سەرەکییەکان لەسەر دابەشکردنى سەرزەمینە ئاسیاییەکانى دەوڵەتى عوسمانى. بەپێى ڕێکەوتنامەکە باشوورى میزۆپۆتامیا لەگەڵ بەغدادا وەک ناوچەى بندەستى بەریتانیا ڕاگەیەندرا، بەڵام ناوچە ناوخۆییەکان بە ناوچەى هێژیمۆنى "نفوذ"ى بەریتانى دانران. ئەوەى پەیوەندى بە ویلایەتى موسڵەوە هەبوو بە ناوچەى هێژیمۆنى، نەک ناوچەى بندەستى

فەرەنسی هەژمار کرا. دواتر بەریتانیا لە کۆنگرەی سان ریمۆ (١٩٢٠) فەرەنسای ناچار کرد، واز لە داواکردنی موسڵ بێنێ، لە بەرامبەر ٢٥٪ پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی. بەشی زۆری باشووری کوردستان، ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ ئەو بەشەی باکوری کوردستان کە دەکەوتنە سەر سنوورەکانی ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بۆ فەرەنسا دانرابوون. لە کاتێکدا لە زێی بچووکەوە لە باکوری کەرکوک و تا خوار چیای حەمرین لەگەڵ بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ناوچەی هێژیمۆنی بەریتانیا دانران. بەشێکی زۆری باکوری کوردستانیش بۆ ڕووسیا دانرا.

هەرچەندە بەندەکانی ڕێکەوتننامەی سایکس – پیکۆ بە جۆرێکی دیکە لەسەر زەوی جێبەجێ کران، بەڵام ڕوحی سایکس – پیکۆ کە دابەشکردنی سەرزەمینە ئاسیاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی خرایە واری ژیانەوە. ڕووداوەکانی شۆڕشی ئوکتۆبەر ١٩١٧ لە ڕووسیا و دەرچوونی ئەو وڵاتە لە ڕێکەوتننامەکە، داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ لە لایەن سوپای بەریتانیاوە و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کەمالیزم لە تورکیا ئەو گۆڕانکارییانەیان بەسەر زلهێزەکاندا سەپاند. لە دوایینساڵی جەنگی یەکەمی جیهاندا سوپای بەریتانیا هەوڵی چڕوپڕی بۆ داگیرکردنی باشووری کوردستان دەست پێکرد. ئەوە بوو هێزەکانی بەریتانیا بە ئاراستەی کەرکوک پێشڕەوییان کرد و لە ٢٨ نیسانی ١٩١٨ کفرییان داگیر کرد و ڕۆژی دواتریش خورماتوو و لە ڕۆژی ٧ ئایار / مایس چوونە ناو کەرکوکەوە، بەڵام ناچار کران پاشەکشە بکەن و لەدوای ٢٤ کاتژمێر هێزەکانی عوسمانی بگەڕێنەوە بۆ ناو شار. هێزەکانی بەریتانیا کۆڵیان نەدا و خۆیان بۆ داگیرکردنەوەی کەرکوک ئامادە دەکرد، بەر لەوەی ئاگربەست ڕابگەیەنرێت بە پێنج ڕۆژ. واتە، لە ٢٥ ئوکتۆبەری ١٩١٨ هێزی تورکیایان لە کەرکوک دەرپەڕاند و تا پردێ ڕاویاننان. لە ڕۆژی داگیرکردنی کفرییەوە کاربەدەستانی بەریتانیا دەستیان کرد بە پەیام و نامەناردن بۆ سەردارانی کورد لە کەرکوک و سلێمانی.

ئینگلیزەکان هەر کە پێیان خستە باشووری کوردستانەوە کەوتنە پەرتکردنی ئەم بەشەی کوردستان، کە بە گوزارشتی یەکێک لە کۆڵەکەکانی

کۆڵۆنیـالیزمی بەریتـانی لە عێـراق ئێدمۆنـدز، موسـڵ و کەرکـوک و سـلێمانی دەگرتەوە. ئەو کاتە هێشتا هەولێر و کۆیە و ڕەواندوز قەزای جیاجیای سـەر بە کەرکوک بوون، بەڵام لە ساڵی ١٩١٨ جیاکرانەوە و لیـوایەکی سـەربەخۆیان لـێ پێکهێنـرا بەنـاوی لیـوای هەولێـر. خـانەقین و مەنـدلییش کە کەوتـوونەتە سـەر سـنووری نێـوان عێـراق و ئێـران و سـەر بە ویلایەتـی بەغـدا بـوون و زۆریـنەی دانیشـتووانیان کـورد بـوون، خـرانە سـەر لیـوای دیـالە کە لە هەمـان سـاڵدا دامەزرا(٨).

شانشـینی عێـراق لە سـەرەتای دامەزراندنیـدا ١٤ لیـوای لەخۆگرتبـوو، کەرکوک یەکێکیان بوو و لە ٤ قەزا و ١٥ ناحیە پێکدەهات. ئەم دابەشکردنە بە درێژایی پێنج دەیە بێ گۆڕانی گرنـگ مـایەوە. پەیـکەری کـارگێڕی پارێزگاکـانی عێـراق لە حەفتاکـان و هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا گۆڕانکـاری زۆریـان بە خۆیـانەوە بینـی. کەرکـوک لە هەمـوو پارێزگاکـانی عێـراق زیـاتر وەبەر شـاڵاوی ناڕەوای دەسکاری ناسروشتی کەوت. سـەرباری گـۆڕینی نـاوەکەی لە پارێزگـای کەرکـوکەوە بـۆ تەئمیم، یەکە کارگێڕییەکـانی لەتـوپەت کـران و بەسـەر سـێ و هەندێک جار چوار پارێزگادا دابەش کران.

ئەو ڕێنماییانەی لە پایزی ساڵی ١٩١٨ دران بە مەیجەر نۆیـل، یەکەمـین ئەفسـەری سیاسـی بەریتانیـا لە کەرکـوک بەم شـێوەیە بـوون:"ئەوە بە پـلەی ئەفسەری سیاسی لە لیوای کەرکوک دامەزرایـت و لە یەکەم ڕۆژی ئوکتـۆبەرەوە دەستبەکار دەبیت. سنووری لیواکە لە زێی بچووکەوە درێژ دەبێتەوە بۆ دیالە و لەوێشـەوە بـۆ سـنووری ئێـران. ئەم لیـوایە بەشـێکە لە ویلایەتـی موسـڵ، کە چارەنووسی کۆتایی حکومەتی خاوەن شکۆ بڕیاری لەسەر دەدا. لە ئێستادا ئەو لیـوایە لە ڕووی سـەربازی و کـارگێڕییەوە دەکەوێـتە چوارچێـوەی نـاوچە داگیرکراوەکانەوە، دەبێت دەست بەکـار بـی و کارەکانـت بەپێـی ئەم گریمـانەیە ڕاپەڕێنیـت ... پێویسـتە بـۆ سـەردار و سـەرکردە ناوچەییەکـان ئەوە ڕوون بکەیتەوە، کە هیچ نیازێک لە ئارادا نییە بۆ سەپاندنی ئیـدارەیەکی بیـانی دژ بە نەریت و ئارەزووەکانیان بێت. هەروەهـا، لەسـەرت پێویسـتە هانیـان بـدەیت بـۆ ئەوەی یەکێتیـیەک پێکبهێـنن بـۆ چارەسـەرکردنی پرسـە گشـتییەکانیان بە ڕێنمایی ئەفسەرە سیاسییە بەریتانییەکان(٩).

کردەوەی سەربازی، کاری سوخرەکێشی، سەپاندنی سەرانە و باج بەسەر خەڵکدا و دەستگرتن بەسەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیاندا بوون بەهۆی دارمانی باری ئابووری وڵات لەسەر هەموو ئاستەکان. هەروەها پیشە خۆماڵییەکان دوچاری پاشەکشەیەکی گەورە بوونەوە، ڕێگای پەیوەندی و بازرگانی نەریتیش بەهۆی کردەوە سەربازییەکانەوە کەڵکی هاتوچۆیان نەما. هەموو ئەمانە هاوتەریب بوون لەگەڵ گەمارۆ و سەختیی گواستنەوە و کەمکردنەوەی هاوردەکردنی کاڵا و شمەکی پیشەسازی و کەرەستەی خاو بۆ کارگە ناوخۆییەکان. ئەم بارودۆخە ناهەموارە بووە هۆی بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی خۆراک و بەرهەمە پیشەسازییەکان. لەو لاشەوە برسێتی و پەتا و نەخۆشی زەبری بەخەڵک بردبوو و دەیان هەزار کەس لە دانیشتووانی ئەم وڵاتە بەو هۆیەوە گیانیان لە دەستدا. هەرچەندە لە دەسپێکدا خەڵک بە چاوی ڕزگارکەر لە جەور و ستەمی عوسمانییان سەیری بەریتانییەکانیان دەکرد، لێ ئەم بارە سەختە دوای ماوەیەکی کورت ڕقی خەڵکی بەرامبەریان ئەستوور کرد. ئەگەر پڕوپاگەندەی تورکیش لە کەرکوک و ویلایەتی موسڵ بخەینە سەر هەموو ئەوەی باس کرا، ئەوا دەتوانین لە هەست و نەستی ڕاستەقینەی خەڵک و هەڵوێستیان بەرامبەر بە داگیرکەرانی نوێی تێبگەین. دانیشتووانی کەرکوک بەگشتی هەڵوێستی دژ بە داگیرکاری بەریتانیایان بۆ شارەکەیان هەبوو و هاوبەشییان لە جموجووڵە دژ بە ئینگلیزەکان دەکرد. لە سەرو بەندی شۆڕشی بیستدا ۱۹۲۰ گردبوونەوەی گەورە لەناو کەرکوک بۆ شەرمەزارکردنی سیاسەتەکانی بەریتانیا ڕێکخرا. کوردانی کەرکوکیش لەسەروەختی شۆڕشی بیستدا هێڵی شەمەندەفەریان بڕی [۱۰].

هەر لە دەستپێکەوە بەریتانیا بڕیاری خۆی دابوو کە کەرکوک لەژێر دەستی ئینگلیزدا بێت، تەنانەت ئەگەر دەرئەنجامی سیاسەتەکانی لە سلێمانی و لیوا کوردییەکانی تر بە ئاڕاستەیەکی دیکەشدا بوایە. باشترین بەڵگەش بۆ ئەم وتەمان ئەوەیە کە لە تێکڕای پرۆژە تایبەتەکانی ئینگلیز سەبارەت بە دوا ڕۆژی کورد هیچ ئاماژەیەکی ڕوون نییە بە کەرکوک.

دیاره گەشەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستان دەسەڵاتی بەریتانیای ناچار کرد بیر لە دۆزینەوەی چارەسەرێک بکاتەوە بۆ دۆزی کورد لەم بەشەی کوردستان، هەڵبەتە بە شێوازێک خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆی و دەوڵەتی عێراقی پاشکۆ بکات. ئەو جۆرە چارەسەرانە سادەترین داخوازییە نەتەوەیییەکانی کوردیان نەدەهێنایە دی، بۆیە بە توندی ڕەتیان دەکردنەوە و لە دژی جێبەجێکردنیان ڕادەپەڕین. بەریتانیا پلانی ئەوەی دارشتبوو کەرکوک لەو قەوارە کوردییە دابېڕێت کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی گفتوگۆ گەرم بوو لەسەر دامەزراندنی. لەو ڕووەوە کۆمیساری باڵای "مەندوبی سامی" بەریتانیا داوای دەکرد ڕووباری زێی بچووک سنووری باکووری دەوڵەتی عێراق بێت، کە بڕیار بوو دابمەزرێندرێت. ئەو پێی وابوو ئەو ناوچانەی دەکەونە خوارووی ئەو ڕووبارەوە دەوڵەمەندن و سامانی نەوت، تووتن، گەنم و خەڵووز و... هتد هەیە و دەبنە مایەی ئەوەی ئەو دەوڵەتە توانای ژیانی هەبێت[11]. لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ڕێکخرا و دۆزی کوردی تێدا تاوتوێ کرا، وەزیری کاروباری هیندستان،"ئی، سی مۆنتیگیۆ"، پێشنیازی ئەوەی کرد سنووری نێوان باشووری کوردستان و میزوپۆتامیا لەسەرووی ئەو هێڵەوە بێت کە لە خانەقینەوە درێژ دەبێتەوە بۆ کفری- کەرکوک- پردێ- هەولێر- زاخۆ- فیشخاپور. پلانەکەی ئەو بەو شێوەیە بوو کە هەموو ئەو شارانە بخرێنە سەر میزۆپۆتامیا، تەنیا هەولێر نەبێت کە واز لە چارەنووسی بهێنرێت تا ئەو کاتەی دەخرێتە بەردەم پیاو ماقووڵ و سەرکردە خۆجێییەکان[12]. لە پێناوی دەستگرتندا بەسەر سەروەت و سامانی وڵاتدا، بەریتانییەکان هەوڵیان دا ئاگری ناکۆکی و دژایەتی لە نێوان پێکهاتەکانی کەرکوک گەرم بکەن. تەنانەت، دوای دەرچوونیشیان لە عێراق کۆمەڵێ هۆکاری پشێوی و دوژمنایەتییان لە دووی خۆیان لە نێوان خەڵکدا بەجێهێشت. ڕووداوەکەی مایسی ١٩٢٤ لە کەرکوک نموونەیەکی زەقی ئەو سیاسەتە بوو بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان دانیشتووانی کەرکوکدا، کە نووسەرانی ئینگلیز لە بەرهەمەکانی خۆیاندا پەسنی لێبوردەیی خەڵکەکەیان دەدا. ئەوە بوو لە ٤ی مایسی ١٩٢٤ گرژی و پشێوی لە ناو

بازاڕی کەرکوک ڕووی دا، کاتێک هەندێک لە هێزەکانی "لیڤی ئاشوری"، کە بەریتانیا پشتیوانی لێ دەکردن، ئاژاوەیەکی گەورەیان نایەوە. هەڵوێستی کاربەدەستانی ئینگلیز لە کاتی ڕووداوەکەدا مایەی گومان بوو، چونکە ڕێگەیان نەدا پۆلیس دەستوەردان بکات و ئەو پشێوییانە ڕابگرێت. هۆی سەرەکی ڕووداوەکە ئەوە بوو کە هەندێک لە ئەندامانی لیڤی لە ڕۆژانی عارفاتی جەژنی قوربانـدا هەوڵیان دابوو بچنە نێو گەرماوی ژنانەوە کە بە "جووت حەمام" ناسراوە، وەک کاردانەوە لە دژی ئەو کردەوە چەپەڵە، خەڵک ڕوو بە ڕوویان بوون و ئەوانیش دەستیان کرد بە تەقەکردن بە ناو خەڵکەکەدا. بەهۆی ئەو ڕووداوەوە ٥٠ کەس کوژران و ٢٠٠ کەسی تریش بریندار بوون. ڕووداوەکە هۆزە کوردەکانی دەرەوەی شاریان وروژاند و خەریکی خۆ سازدان بوون پەلاماری شار بدەن و تۆڵە لە تاوانبارانی ئەو ڕووداوە بسێننەوە. شێخ مەحمودیش ویستی شارەکە ڕزگار بکات و تاوانبارەکان سزا بدات(١٣).

ڕووداوەکە لەلای خەڵکی کەرکوک بە شەڕی ئەرمەن ناسراوە. وادیارە جیاوازی لە نێوان ئاسوری و ئەرمەنەکان نەدەکرا. پێموایە ئاسورییەکان تازە بوون لە ناوچەکە، چونکە ئەوان لە بنەمادا لە هەکاری دەژیان و دواتر هێنرانە ورمێ و لەوێشەوە بۆ عێراق و هێزی لیڤییان لێ دروست کردن. لەو ساڵانەشدا بەهۆی کوشتاری ئەرمەنەوە لەسەر دەستی ئیتیحادییەکان لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، باس باسی ئەرمەن بوو. دانیشتووانی کەرکوک ناڕەزایی توندیان پیشان دا بەرامبەر ڕەفتاری گوماناوی داگیرکەرانی ئینگلیز لەگەڵ هێزەکانی لیڤیدا کە ئەو تاوانەیان بەرامبەر دانیشتووانی شار ئەنجام دا.

ئێدمۆندز بە شێوازێکی شێواو باس لەو ڕووداوە دەکات، کاتێک هەوڵی دا ڕووداوەکە وا پیشان بدات، کە بریتی بووە لە ناکۆکییەک لە نێوان ئەندامانی لیڤی و هەندێک لە خاوەن دووکانەکان لەسەر نرخی هەندێک شمەک و کاڵا. دواتر ڕووداوەکە گوایە گەورە کراوە و ڕەهەندێکی ترسناک و مەترسیداری وەرگرتووە و بووەتە هۆکاری کوشتنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک. بۆ ڕۆژی دواتریش موسڵمانەکان پەلاماری ماڵ و موڵکی کرستیانەکان و کڵێساکانیان داوە و تاڵانیان کردوون. بەڵگە و گەواهی زۆر لە بەردەستن کە دەسەڵاتدارانی

بەریتانی داگیرکار و ڕاوێژکارە سیاسی و سەربازییەکانیان و دواتریش کۆمپانیای نەوتی عێراق، دەستیان لە خوڵقاندن و قووڵکردنەوەی ناکۆکی و چاندنی ڕق و کینە لە نێوان پێکهاتەکانی کەرکوکدا هەبووە. بەشێکی زۆر لەو کردەوانە بۆ دژایەتیکردنی کورد ئاراستە دەکران. چونکە داخوازییە نەتەوەیییەکانی ئەوان مەترسی گەورە بوون لەسەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەو ناوچە دەوڵەمەندە. ئەو دەمە بزووتنەوەی کورد داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ گەلی کوردستان دەکرد. ئەوەی مایەی نیگەرانییە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێـــراق، لە هەردوو ســـەردەمی پاشـــایەتی و کۆماریـــدا، دەســـتبەرداری ئەم سیاستەی کاربەدەستانی ئینگلیز نەبوون و درکیان بە مەترسییەکانی لەسەر ئایندەی عێراق نەدەکرد، بەڵکو زۆر پێوەی پابەند بوون و بە شێوازێکی زۆر خراپتر جێبەجێیان کرد. دەرئەنجامەکەی هەمیشە کارەسات و ماڵوێرانی بوو و گەلێک ڕووداوی تراژیدی لێکەوتەوە کە ڕەهەندە مەترسیدارەکانی هێشتا زۆر بە توندی لە کەرکوک ئامادەن. ڕووداوە خوێناوی و دڵتەزێنەکەی تەممووزی ١٩٥٩ لاپەڕەیەکی خەمگینی ئەو مێژووە ڕەشەیە و تا ئەمڕۆش جێگەی پرسیار و مشتومڕی زۆرە. ئەو ڕووداوە هەمیشە بەکاردەهێنرێت بۆ چاندنی ڕق و کینەی زیاتر لە نێو پێکهاتە سەرەکییەکانی شارەکەدا.

پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، کاربەدەستانی بەریتانیای ناچـــارکرد دوای داگیرکردنـــی باشـــووری کوردســـتان خۆیـــان زۆر بە نـــاوچە شاخاوییەکانەوە خەریک نەکەن و چنگ توند بکەن لە ناوچە دەشتایییەکان، بەتـــایبەتی کەرکـــوک. ئەمە پـــاش ئەوەی دەســـەڵاتی داگیـــرکەری بەریتـــانی ڕووبەڕووی ژمـارەیەک لە ڕاپەڕینەکـانی کـورد بـووەوە لە دەڤەرە جیاجیاکـانی کوردســـتان. ئەو ئاراســـتەیە لە کـۆنگرەی قاهیرەشـدا زاڵ بـوو، کە جەختـــی دەکردەوە لە لکاندنی کەرکوک و موسڵ بە عێراقەوە و وازهێنان لە دەڤەرەکانی تری کوردستان، بەهۆی بەرگری کوردی ئەو دەڤەرانەوە، کە ببووە بارگرانی بەسەر گەنجینە و باجدەری بەریتانیاوە. لەناو خودی بەریتانیاش داوا دەکرا لە ناوچە کوردییەکان پاشەکشە بکرێت، بەهۆی ئەو گوژمە و تێچوونە زەبەلاحەوە کە بەکاردەهـــات بـــۆ ســـەرکوتکردن و ڕووبەڕوو بـــوونەوەی ســـەرهەڵدانە

بەردەوامەکانی کورد. بەم شێوەیە دەبینین کەرکوک پاش داگیرکردنی لەلایەن بەریتانیاوە، خرایە ژێر سیستەمێکی سەربازی و ئیداری توند و تۆکمەوە کە تایبەت بوو بەو سەرزەمینە نەیارانەی داگیر دەکران. بەڕێوەبردنی کاروباری ئەم سەرزەمینانە دەدرایە دەست فەرمانڕەوایانی سەربازی (ئەفسەرانی سیاسی)، کە دەبوایە فەرمان و ڕێنمایی لە کۆمیساری بالاوە وەربگرن، کە هەموو دەسەلاتەکان لە عێراق لەژێر دەستی ئەودا بوون(١٤).

ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق ئێدمۆندز ئاماژەی بەو هەولە زۆرانەی بەریتانیا داوە کە داوێتی بۆ هێشتنەوەی ویلایەتی موسل لەژێر دەسەلاتی خۆیدا، کەرکوکیش لەو چوارچێوەیەدا دەبوایە بە عێراقەوە بلکێندرێ. لەو بارەوە، ئێدمۆندز جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی "هیچ گومان لەلای کەسمان نەبوو، کە ئێمە جەنگی ژیان و مردن دەکەین لەبەر عێراق. چونکە، دەمانزانی و لامان ڕوون بوو کە بەسرا و بەغدا بێ موسل لە دیدی ئابووری و ستراتیژییەوە ناکرێت دەولەتێکی ماقوولییان لێ دروست بکرێت". سەرەڕای هەولی زۆری ئێدمۆندز بۆ شاردنەوەی تەماح و چاوتێبڕینی بەریتانیا لە نەوتی کەرکوک و موسل، ناچار بوو دان بەوەدا بنێت کە میدیای جیهانی هەولەکانی بەریتانیای بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو ویلایەتەدا وەک جەنگێک لە پێناوی نەوتدا وێنا دەکرد. شا فەیسەل گرنگی زۆری دەدا بە دەستگرتن بەسەر موسل و کەرکوکدا و بەگوزارشتێکی ڕوون و ڕەوان لەو یاداشت و نامەیدا بۆ لێژنەکەی کۆمەلەی گەلانی تایبەت بە کێشەی موسل نووسیویەتی، دەلێ: "پێگەی موسل بۆ عێراق وەکو پێگەی سەرە بۆ جەستەی مرۆڤ. لەو بڕوایەدام هەرچەندە بابەتەکە، دیاریکردنی سنوورە لە نێوان عێراق و تورکیادا. بەلام، لە ڕاستیدا بابەتی قەوارەی عێراقە بەگشتی، بۆیە خۆشبەختی و بەدبەختی چوار ملیۆن کەس ئێستا لە دەستی لێژنە بالاکەتاندایە". لە چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موسلدا تا ڕادەیەکی زۆر بەرژەوەندییەکانی عێراق و بەریتانیا هاوتەریب بوون. جارێکی دیکە ئێدمۆندز بە ڕاشکاوی لەم بارەیەوە نووسیویەتی و دەلێ: "فاکتەرێکی تری گرنگ هەیە پال دەنێت بە ئێمەی ئەفسەرانی بچووکی بەریتانیاوە، کە لە پێگەیەکی باشتردابین بۆ ئەوەی ئەوە ببینین کە هیچ

جیـاوازییەک نـابینین لە نێـوان دوا بەرژەوەنـدییەکانی عێـراق و بەرژەوەنـدییە ڕاستەوخۆکانی وڵاتەکەماندا"[15].

باشووری کوردستان ئامانجی تەماح و چاوتێبڕینی چەنـدین هێـز بـوو، کە دەیانویست داگیری بکەن و سامانەکانی بەتاڵان بەرن. کەمالیستەکانیش داوایان دەکرد و هەرچی لە توانایاندا بوو کردیان بۆ ئەوەی بیگەڕێننەوە ژێر دەسـەڵاتی تورک. دەیان بەڵگەی مێژوویی لەبەردەستدان، ئەوە دەردەخەن کە کەمالییەکان گێـڕانەوەی ئەم ناوچانەیـان بە ئامـانجێکی سـەرەکی خۆیـان دادەنـا. مسـتەفا کەمـال لە یەکەمـین سـەردانیدا بـۆ ئەنـقەرە لە ٣١ دیسـەمبەری ١٩١٩دا ئەو بۆچوونەی دووپات کردەوە و لەم بـارەوە دەڵێـت "سـنوورەکانی تورکیـا هەمـوو ئەو خاکانە دەگرنەوە کە بە کردەیی لە ڕۆژی ڕاگەیانـدنی ئاگربەسـتدا بەدەسـت هێزەکانمـانەوە بـوون. سـنوورەکانمان لەو خـاڵەی کەنـاری باشـووری ئەسکەندەروونەوە دەست پێدەکەن، بەسەر ئەنتاکیـا و حەڵەب و هێڵـی ئاسـنی قەتمە تێدەپەڕن تا دەگاتە کەناری فورات لە باشـووری جەرابلـوس. لە وێشـەوە بەرەو باشوور بۆ دێرەزوور درێژ دەبـنەوە و دوای ئەوەش بەرەو ڕۆژهەڵات و بەو شـێوەیە موسـڵ و کەرکـوک و سـلێمانی دەخەنە نێـو خاکەکەمـانەوە. ئەو سـەرزەمینانە نەک هەر لەلایەن هێزەکانمـانەوە دەپـارێزران، بەڵکـو چەنـدین ناوچەش لە خاکی نیشتمانیمان دەگرنە خۆ کە دانیشتووانیان تـورک و کـوردن. لە خـوار ئەو هـێڵەوە، برایـانی ئاینیمـان کە بە زمـانی عەرەبـی دەدوێـن، نیشتەجێن. ئێمە پێمان وایە هەموو ئەو خاکانەی دەکەونە نیو ئەو سنوورانەوە یەک یەکەیە و ناکرێـت هـیچ بەشـێکی لـێ دابـبڕێنـدرێت یـان لـێ جیـا بکرێتەوە"[16].

دەسـەڵاتی داگیرکـاری بەریتـانی هاوتەریـب لەگەڵ سـەرکوتکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا بە ئـاگرو ئاسـن، بێوچـان کـاری بـۆ بەستنەوەی تونـدی کەرکـوک دەکـرد بە عێـراقەوە. بـۆ ئەو مەبەسـتە، کۆمیسـاری بـاڵای بەریتانیـا لە نـۆڤەمبەری سـاڵی ١٩١٨ پێشـنیازی بیـرۆکەی ڕاکێشـانی هێڵـی ئاسـنینی کفـری — کەرکـوک — پـردێ — هەولێـر — ڕانـیە - سـلێمانی کـرد. پێشنیازەکە لەژێـر پەردەی پێشخسـتن و پەرەپێـدانی ئەو نـاوچە دەوڵەمەنـدانە

بوو به بەروبـوومی کشـتوکاڵی. بەڵام، ئامـانجی سـەرەکی پـڕۆژەکە بەدیهێنـانی باڵادەسـتی بەریتانیـا بـوو بەسـەر کوردسـتاندا. لەبەرئەوە، وەزارەتـی جەنگـی بەریتانیا پرۆژەکەی بێ هیچ مەرجێک پەسەند کرد. پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا — باقوبە — کنگربان — کەرکوک- هەولێر بەهاتنی ساڵی ١٩٢٥ جێبەجێ کـرا. ئەم پرۆژەیە بە بۆچوونی ویڵسن باشترین هـۆ بـوو بـۆ بەسـتنەوەی کەرکـوک و هەموو باشووری کوردستان بە بەغداوە[١٧].

هەڵوێستی دانیشـتووانی کەرکـوک بەرامـبەر داگیرکـاری بەریتانیـا گـۆڕانی بەسەردا نەهـات و هەمـوو هەنگـاوە سیاسـییەکانی ئینگلیزیـان ڕەت دەکـردەوە. دژی دانانی فەیسەڵ بە پاشای عێراق دەنگیان دا. هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستانە نەیاریی ئینگلیز بوو بەرامبەر بە کورد لەلایەک و پڕوپاگەندەی بە هێزی تورکیـا بـوو لە دژی لکانـدنی موسـڵ و کەرکـوک بەعێـراقەوە لەلایەکـی دیـکەوە. هـیچ نـوێنەرێکی کەرکـوک لە ئـاهەنگی دانـانی فەیسـەڵدا لە ٢٣ ئـابی ١٩٢١ ئامـادە نەبوو، سلێمانیش نوێنەری نەنارد بۆ ئەو ئاهەنگە. هەمـوو ئەمـانە کاریگەرییـان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان نەبوو. بەگوێرەی ئەو سـیناریۆیەی ئینگلیـز ئامـادەی کردبوو، تاجیان لەسەر فەیسـەڵ نـا و دەوڵەتـی پاشـایەتی عێراقیـان ڕاگەیانـد. مـس بێـل دوای دانـانی فەیسـەڵ بە پاشـای عێـراق، نووسـیویەتی و دەڵـێ: "هەفتەیەکـی سـەختمان بەسـەربرد، بەڵام ئێسـتا خـاوەنی پاشـای تـاج لە سەرین..."[١٨].

### کەرکوک لە سەردەمی ماندات یان مەندەیت 'إنتداب"دا

کەرکـوک جموجـووڵ و سـەردانی بەردەوامـی بەرپرسـەکانی بەریتانیـا و عێراقی بە خـۆیەوە دەبینـی لە سـەروەختی کێشـەی موسـڵدا. خـودی فەیسـەڵ پاشا لە ٢٠ دیسەمبەری ١٩٢٤ سەردانی کەرکوکی کـرد. ئامـانجی سـەردانەکەی فەیسەڵ هاندانی خەڵک بوو بۆ ئەوەی داوا بکەن ناوچەکانیـان بـبن بە بەشـێک لە دەوڵەتـی تـازەی عێـراق. ئەم سـەردانە وەک بـۆنەیەک بەکـارهێنرا بـۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای عێراق لەسـەر تەلار و بیناکـانی فەرمـانگە حکومییەکـان لە لیواکە. واتە ساڵێکی تەواو بەر لە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان بە لکانـدنی موسـڵ و

کەرکوک بە فەرمی بە عێراقەوە. ئەو کاتە ئیدارەی لیواکە بەدەستی ئەفسەرانی سیاسی بەریتانیاوە بوو. فەرمانبەرانی ناوخۆییش کە پاشماوەی ئیدارە کۆنەکەی عوسمانی بوون هاوکارییان دەکردن، هەڵبەتە زۆرینەیان تورکمانی سوننە بوون[١٩].

دەسەڵاتدارانی بەریتانی و حکومەتی عێراقی لە ساڵانی ململانێیاندا لە دژی تورکیا لەسەر خاوەندارێتی ویلایەتی موسڵ هەوڵی زۆریان دا کورد بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. ئەوان ئەو ڕاستییەیان باش دەزانی، کە فاکتەری یەکلاکەرەوە لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ویلایەتی موسڵ کورد دەبن. ئەوەی خزمەتی بەریتانیا و عێراقی لەم بوارەدا کرد سیاسەتی شۆڤینی کاربەدەستانی تورک بوو دژ بە کوردانی باکوری کوردستان. ئەم سیاسەتە کاریگەری توندی لەسەر کوردانی باشووری کوردستانیش دانا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە تورک دوور دەکەوتنەوە. لە بەرامبەردا کاربەدەستانی بەریتانی و عێراقی لێدوانی هاوبەشیان لە بارەی مافەکانی کوردەوە دەدا، کە تێیدا تەنانەت باس لە دامەزراندنی حکومەتی تایبەت بۆ کوردانی باشووری کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دەکرا، لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشدا ئەمەی خوارەوە وتراوە "حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی و حکومەتی عێراق دان دەنێن بەمافی ئەو کوردانەی لە نێو سنوورەکانی عێراقدا دەژین بۆ ئەوەی حکومەتێکی تایبەت بە خۆیان لەو ناوچانە دابمەزرێنن کە کورد تێیاندا زۆرینەی ڕەها پێکدەهێنێت، لێرەوە داوایان لێ دەکات بەزووترین کات لە نێوخۆیاندا بگەنە ڕێکەوتن سەبارەت بە شێوازی ئەو حکومەتەی ئارەزووی دەکەن و سنوورەکان. پێویستە نوێنەرانی فەرمی خۆشیان بنێرن بۆ بەغدا بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان لەگەڵ هەردوو حکومەتی بەریتانیا و عێراق[٢٠].

ئەمە سەرباری ئەو لێدوانە زۆرانەی گەورە بەرپرسانی سەردەمی پاشایەتی لە کاتی کێشەی ویلایەتی موسڵ، یان ئەو کاتانەی عێراق خەریک بوو سەربەخۆیی ڕواڵەتی خۆی بەدەست دەهێنا و دەبووە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، کە هەموویان باسیان لە مافەکانی کورد دەکرد. بەڵام هەر زوو ئەو لێدوانانە دەبوون بە بڵقی سەرئاو و نەک هەر لە بیر دەکران، بگرە سیاسەتێکی تەواو پێچەوانەی ڕوح و ناوەڕۆکی ئەو لێدوانانە لە بەرامبەر کورد پەیڕەو دەکرا.

هەر لە سەرەتاوە بەریتانییەکان، دوای ئەوانیش حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق هەوڵی زۆریان دا کوردی کەرکوک لە ژیانی سیاسی، کارگێڕی و ئابووری لە شار و لیواکەش پەراوێز بخەن. ئەوەبوو ئینگلیز بە پێچەوانەی ئەو سیاسەتەی لە زۆر لە شوێنەکانی دیکە پەیڕەوی دەکرد، ڕێی دا بە فەرمانبەرانی دەوڵەتی عوسمانی شکستخواردوو و خێزانەکانیان لە کەرکوک و هەندێک لە شارۆچکەکانی سەر بە لیواکە بمێننەوە و نیشتەجێ ببن. هەندێک لە مانە موڵک وماڵێکی زۆری کاربەدەستانی پێشوویان بەناوی خۆیانەوە کرد. لەوەش خراپتر، ئەوە بوو کە دەسەڵاتی داگیرکار، پەنای بردەبەر هەمان فەرمانبەران بۆ بەڕێکردنی کاروبارە کارگێڕی و فێرکارییەکان. دیارە ئەوەش لەبەر خۆشەویستی پیاوانی دەوڵەتی پێشوو نەبوو، بەڵکو هەوڵێک بوو بۆ ڕێگەگرتن لە کورد، نەبا ڕۆڵی گرنگ بگێڕن لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کەرکوکدا. ئەم سیاسەتەی کاربەدەستانی بەریتانیا هەتا دەهات پەرەی دەسەند، بەتایبەتی دوای ئەوەی درکیان بە بایەخ و گرنگیی کەرکوک کرد لە باری ئابووری و ستراتیژییەوە بۆ جێگیرکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانیان، کە تا ڕادەیەکی زۆر هاوتا بوون لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەمڕۆیدا. داواکاریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەوکاتی کورد بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆ لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی و مێژوویی باشووری کوردستان، کە لە لای ئینگلیز بەر لە لایەنەکانی تر ڕوون و ئاشکرا بوون، فاکتەرێکی کاریگەر و گرنگ بوو بۆ ئەوەی بەریتانییەکان لەسەر ئەو هەڵوێستە دژ بە کوردەیان بەردەوام بن. ئەزموونەکانی ئەو چەند ساڵەی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی ئەوەیان سەلماند کە ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەی کورد بەتەمای دامەزراندنی بوو، بە هیچ شێوەیەک دۆست و هاوپەیمانی بەریتانیا نابیت. هۆکاری ئەمەش سیاسەت و ڕێوشوێنی سەرکوتکارانەی بەریتانیا بوو بەرامبەر بە گەلی کورد لە باشووری کوردستان و دژایەتیکردنی هیوا و خواستە نەتەوەییەکانی کوردان لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان[٢١].

کاربەدەستانی بەریتانیا لە کەرکوک زەحمەتی زۆریان نەبینی بۆ پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەتی پەنابردنە بەر فەرمانبەرانی سەردەمی عوسمانی لە شارەکە. هەندێک لە نوێنەرانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی جەختیان لەسەر هەژاری و دەستکورتی شارەکە دەکردەوە لە ڕووی فەرمانبەر و مامۆستایانەوە لە خەڵکی ڕەسەنی شار. بەپێی ئەو لێکدانەوەیە دەبوو پەنا ببەنە بەر سیستەمی کارگێڕی و فێرکاریی پێشوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی لیواکە. ئەوەش وتەیەکی هەق بوو، بۆ مەبەستێکی ناهەق دەوترا. داتاکانی سەرژمێرییەکانی دواتر بەشێکی ئەم کردەوانەیان بە ڕوونی ئاشکرا کرد، کاتێک لە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە چوار دەیە بەسەر نەمانی دەسەڵاتی عوسمانیدا لە کەرکوک، هێشتا هەزاران کەس لە شارەکە دەژیان کە کاتی خۆی لە تورکیا هاتبوونە دونیاوە. ئەمانە سەرباری دەیان هەزار کەسی دیکە کە لە پارێزگاکانی تری عێراقەوە هێنرابوون بۆ کەرکوک. لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبە باسم لەم پرسانە کردووە.

یەکێک لە ڕواڵەتە سەرەکییەکانی پەراوێزخستنی کورد لە کەرکوک بەخشینی پلە و پایە و پۆستە گرنگەکان بوو بە تورکمان و عەرەب، لە کاتێکدا کورد بەپێی سەرژمێرییەکان زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی شار و هەموو لیواکەیان پێکدەهێنا. بۆ نموونە، پۆستی موتەسەڕیف (پارێزگار) لە ماوەی ئەو ٣٧ ساڵەدا، کە ئەم توێژینەوە دەیانگرێتەوە، تەنیا پێنجیان کورد یا یاخود هەر بەناو کورد بوون، کە کۆی ساڵانی فەرمانڕەواییان حەوت ساڵیان تێپەڕ نەکرد. موتەسەڕیفەکانیش ئەمانە بوون: فەتاح پاشای کوردی ١٩٢٢-١٩٢٤، تەحسین عەسکەری ١٩٣٠ — ١٩٣١، سەعید قەزاز ١٩٤٨ — ١٩٤٩، مستەفا قەرەداغی ١٩٥٠- ١٩٥٢ و ڕەشید نەجیب ١٩٥٢ — ١٩٥٣. ئەمە لە کاتێکدا پۆستی سەرۆکی شارەوانی، کە وەک نەریت گوزارشت لە ڕێژەی دانیشتووان دەکات، زۆر جار بەر کورد کەوتووە و ساڵانێکی زۆر بە دەست ئەندامانی بنەماڵەی تاڵەبانییەوە بووە، وەک محەمەد حەبیب تاڵەبانی ١٩٣٤ — ١٩٤٩ و فازڵ تاڵەبانی لە دەیەی پەنجاکان تا لەسەرکار لابردنی لە دوای ١٤ تەمموزی ١٩٥٨. هاوکات ئاماژە بەیەک فەرماندەی تیپی دووی سوپاش دەکرێت کە کوردێک وەریگرتبێ، ئەویش فەریق ئەمین زەکی سلێمان جەلالە لە ساڵی

١٩٣٦. پۆستی بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوکیش بۆ ماوەی یەک ساڵ عەلی کەمال بووە لە ساڵی ١٩٣٤. هەموو ئەمانە لە کاتێکدا دوو لەسەر سێی نوێنەرانی لیوای کەرکوک لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەدرێژایی سەردەمی پاشایەتی کورد بوون و ئەو یەک لەسەر سێیەکەی دیکەی تورکمان و عەرەب بوون. لەڕاستیدا نوێنەرایەتی لە ئەنجوومەنی نوێنەران تاڕادەیەک نوێنەرایەتی ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووانی لیواکەی دەکرد[٢٢].

مێژوونووس و وەزیری کورد محەمەد ئەمین زەکی لە یاداشتنامە بەناوبانگەکەیدا بۆ مەلیک فەیسەڵی یەکەم لە ٢٠ دیسەمبەری ١٩٣٠ ئاماژەی بە سیاسەتی بە پەراوێزخستنی کورد کردووە لە سیستەمی کارگێڕی و فەرمانڕەوایی لە عێراق و کوردستان و بەتایبەتی لە کەرکوک. هەروەها باسی پەشیمان بوونەوەی حکومەتی عێراقی کردووە لە ئەرکەکانی و ئەو پەیمانانەی خۆی و بەریتانیای هاوپەیمانی دابوویان بە کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە مافەکانی کورد لە عێراق بەتایبەتی لە بواری دانانی فەرمانبەرانی کورد و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگا و قوتابخانەکان لە کوردستان. بەشێک لەو پەیمان و ئەرکانە لە بەڵێنەکانی سەرۆک وەزیرانی عێراقدا لە ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٢٢ کانونی دووەمی ١٩٢٦ هاتبوون و وەزیری کۆلۆنییەکانی بەریتانیا پوختەیەکی لە ٣ی ئەیلولی هەمان ساڵدا پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کرد. سەرۆک وەزیرانی عێراق لەو وتارەیدا وتبووی "پێویستە مافی کوردەکان بدرێت و لە خۆیان فەرمانبەران دابمەزرێندرێن و زمانەکەشیان فەرمی بێت و منداڵەکانیان لە قوتابخانەکاندا پێی بخوێنن و فێر ببن..."[٢٣].

ئەو زانیارییانەی لە بیرخەرەوە یان یاداشتنامەکەی محەمەد ئەمین زەکیدا هاتوون، بایەخێکی گەورەیان هەیە. گرنگیی یاداشتنامەکەی محەمەد ئەمین زەکی لەوێوە هاتووە کە نووسەرەکەی پۆستی وەزارەتەکانی ناوخۆ، مەعارف، ئابووری و بەرگری لە حکومەتی عێراقدا وەرگرتبوو و لە ساڵانی ١٩٢٥ — ١٩٤٢ یازدە جار کرابوو بە وەزیر. ئەو زانیارییانەشی کە ئاماژەی پێکردبوون لە بەڵگەنامە و دەکیومێنتە حکومییەکان وەریگرتبوون. خۆیشی وەک کەسێکی دەست و زمان پاک و لێبوردە ناسرابوو و پرسەکانی بابەتییانە لێکدەدایەوە.

یاداشتنامەکەشی ئاراستەی پاشای عێراق کردبوو، نەک کەسێکی تر. محەمەد ئەمین زەکی ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ مادەیەک لەو پەیمانانە، سەرەڕای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر دەرچوونیاندا جێبەجێ نەکراون. محەمەد ئەمین زەکی بە بەڵگە ئەوەی دەرخستووە کە ژمارەی فەرمانبەرانی کورد لە چەند وەزارەتێکی سەرەکیدا زیادکردنێکی زۆر کەمیان بە خۆیانەوە بینیوە و لە زۆربەی وەزارەتەکانی دیکەدا نەک هەر زیادیان نەکردووە، بەڵکو کەمیان کردووە. هەموو ئەمە لە کاتێکدایە کە ژمارەی فەرمانبەرانی نا کورد سەد لە سەد زیادیان کردووە. ئەمەش تەواو ناکۆک بوو لەگەڵ ئەو داتایانەی وەزیری کۆڵۆنییەکانی بەریتانیا پێشکەشی کۆمەڵەی گەلانی کرد. لە هەمان کاتدا محەمەد ئەمین زەکی بە بەڵگەی یەکلاکەرەوەوە هەموو ئەو پاساوانەی حکومەتی عێراق و هاوپەیمانەکەی بەدرۆ خستۆتەوە، کە دەیانوت لە نێو کورداندا کەسانی شیاو و ئارەزوومەند دەست ناکەون بۆ پڕکردنەوە و وەرگرتنی پۆستە حکومییەکان لە وەزارەتەکان و لیوا کوردییەکان. بە پێچەوانەوە ئاماژەی بەوەی داوە کە فەرمانبەرانی کورد لە سەردەمی عوسمانیدا بەشی هەرە گرنگی پۆستە مەدەنی و سەربازییەکانیان بە دەستەوە بووە لە هەرسێ ئەو ویلایەتانەی کە دواتر عێراقی لێ پێکهێنرا. ئەوەشی دووپات کردووەتەوە کە بەشی زۆری ئەو فەرمانبەرانە لەو شوێنانەدا مانەوە کە لکێندران بەعێراقەوە و هێشتاش لە ژیاندان و ئامادەن پۆستە حکومییەکان وەربگرن. بۆیە پێی وایە حکومەت ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات و لافی ئەوە لێبدات گوایە کەسانی شیاو و بەتوانا و ئارەزوومەند لە ناو کوردەکان بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستانە دەست ناکەون. محەمەد ئەمین زەکی بە خۆی شایەتحاڵی چەندین حاڵەت بووە، کاتێک فەرمانبەرانی کوردی خاوەن پلە و پایەی گەورە لە کارگێڕی عوسمانیدا، سەردانی وەزارەت و دامەزراوەکانی عێراقیان کردووە و بە پۆستی نزمتر لەوانەی پێشوویان ڕازی بوون، بەڵام هەوڵ و تەقەلاکانیان پشتگوێ خراون و بێ ئەنجام بوون. هەموو ئەمانە لە کاتێکدا بوو کە هاوکارەکانیان لە عەرەب و پێکهاتەکانی تر گەورەترین پۆستیان پێشکەش دەکرا و لەسەر کورسی وەزارەتەکان دانیشتوون[٢٤].

سەبارەت بە پەراوێزخستنی کوردان و ڕەچاو نەکردنی دادپەروەری و یەکسانی لەنێوان نەتەوەکانی عێراقدا لە پرسی دامەزراندنی فەرمانبەران بەتایبەتی لە کەرکوک، محەمەد ئەمین زەکی لەو یاداشتنامەیەیدا، ئەمەی نووسیوە: "بەرلەوەی وەڵامەکەم بۆ پرسیاری یەکەم کۆتایی پێ بهێنم، حەز دەکەم خاڵێکی تر باس بکەم، ئەویش ئەوەیە کە حکومەت ڕەچاوی دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان نەتەوەکانی عێراقدا ناکات لە پرسی دامەزراندنی فەرمانبەراندا. ئەگەر وردبینییەک لە دەکیومێنتە فەرمییەکان بکەین، دەبینین کە ڕێژەی فەرمانبەرانی کورد لە لیوای کەرکوک تەنیا ٢٤،٥٪، تورکمان ٥٦،٥٪ و عەرەب و ئەوانی تر ١٩٪، لە کاتێکدا بە گوێرەی ئامارەکانی ئەو سەرژمێرییە کە موتەسەرڕفییەتی کەرکوک بە کەیفی خۆی ئەنجامی داوە، ڕێژەی دانیشتووان بەم شێوەیە: کورد ٥١٪، تورکمان ٢١،٥٪ و عەرەب ٢٠٪ ئەوانی دیکە ٧،٥٪ن. لەبەرئەوە من وای بۆ دەچم، حکومەت لەبەر هۆکارگەلی نادیار بە لای منەوە کە بەڕاستیشیان نازانم، یارمەتی تورکمان دەدات و زیان بەکورد و عەرەب دەگەیەنێت. هەڵبەتە ئەم کارە کورد نیگەران دەکات و دادپەروەری حکومەت دەخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە، ئەرک و بەرپرسیارێتی حکومەتە بەیەک چاو تەماشای هەموو نەتەوەکانی عێراق بکات"(٢٥). بە وتەیەکی تر ٧٦٪ فەرمانبەرانی کەرکوک کورد نین، بە بۆچوونی محەمەد ئەمین زەکی دادپەروەری و یەکسانی لەوەدایە دامەزراندنی فەرمانبەران بەپێی ڕێژەی دانیشتووان بێت، واتە دەبوایە ٥١٪ یان کورد بن و ٤٩٪ دیکەیان لە پێکهاتەکانی تر بن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە فاکتەرێکی گرنگ بکەم، کە تا ڕادەیەک ڕۆڵی بینیوە لە پەراوێزخستنی کورد لە بەڕێوەبردن و دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا، ئەویش ئەوەیە کە زمانی بەڕێوەبردن و فێرکردن لە سەردەمی عوسمانیدا تورکی بوو و لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا زمانی عەرەبی جێگەی تورکی گرتەوە، کە زۆرینەی فەرمانبەرانی سیڤیل و سەربازی کورد ئەو زمانەیان نەدەزانی. لەبەرئەوە، ئەم فەرمانبەرانە لە ناکاو خۆیان لەبەردەم کۆسپێکی گەورەی وەرگرتنی پۆستە حکومییەکاندا بینییەوە. بۆ ئەو

مەبەستەش ژمارەیەک لە گەورە فەرمانبەرانی گەڕاوەی کورد بۆ عێراق بۆ فێربونی زمانی عەرەبی، پەنایان بردە بەر یارمەتی و هاوکاری مامۆستایانی تایبەت. خودی محەمەد ئەمین زەکی یەکێک بوو لەو کەسانە. مێژوونووسی کورد دکتۆر کەمال مەزهەر باسی ئەوەی کردووە چۆن محەمەد ئەمین زەکی "دوای گەڕانەوەی لە ئەستەموڵ پەنای بردووەتە بەر مامۆستای تایبەت بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و هەنگاوی گەورەی ناوە لە فێربوونی زمانی فوسحای عەرەبی، بەڵام تا مردنیشی بەو شێوەیەی ئارەزووی دەکرد فێری زاراوەی بەغدایی نەبوو"[٢٦].

حکومەتی عێراقی هیچ هەنگاوێکی جدی نەنا بۆ نەهێشتنی ئەو ستەمەی لە کورد کرا، بەڵکو ئەو سیاسەتەی پەیڕەوی دەکرد بارەکەی سەختتر و کێشەکەی قووڵتر دەکرد. بۆ نموونە، ئەو لاوانەی بۆ تەواوکردنی خوێندن بۆ دەرەوەی وڵات نێردران تا ساڵی ١٩٢٩ ژمارەیان گەیشتە ١٢٠ کەس، لەو ژمارەیە تەنیا دوو سێ لاوی کوردیان تێدا بوون. مەرجەکانی وەزارەتی فێرکردن لەم بوارە هیچ لە قازانجی لاوانی کورددا نەبوون، بەپێی ئەو مەرجانە دەبوایە قوتابییە نێردراوەکان دەرچووی قۆناغی ئامادەیی بوونایە، لە کاتێکدا ئەو دەمە لە هەموو کوردستان تەنیا یەک قوتابخانەی ئامادەیی هەبوو. قوتابیانی کوردیش بەهۆی گرفتی زمان و توانای داراییەوە، نەیاندەتوانی بۆ تەواوکردنی قۆناغی دواناوەندی بچنە بەغدا. بەو شێوەیە ساڵ لە دوای ساڵ دۆخەکە خراپتر دەبوو. حکومەت لافی ئەوەی لێدەدا گوایە لە لیواکانی دەرەوەی کوردستان پۆستی حکومییان وەرگرتووە. بەڵام لە ڕاستیدا ڕێژەی فەرمانبەرانی کورد لە هیچ لیوایەکی عێراق نەدەگەیشتە ٥٪ فەرمانبەران. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ٢٦٪ فەرمانبەران لە سلێمانی کەسانی غەیرە کورد بوون. لەناو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکاندا، کە ئەو کاتە ژمارەیان نۆزدە بەڕێوەبەری گشتی بوو، یەک بەڕێوەبەری کوردیان تێدابوو. هیچ ئەفسەرێکیش نەبوو، بەرپرسی یەکێک لە فەرمانگەکانی وەزارەتی بەرگری بێت جگە لە یەک ئەفسەر. لە فەرماندەکانی ناوچەکان و یەکە سەربازییەکانیش بارودۆخەکە بەهەمان شێوە بوو[٢٧]. سەبارەت بەنوێنەرایەتی کوردیش لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق

محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ: "هەروەها مافی نوێنەرایەتیکردنی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەران ناتەواوە. ئەوەتا بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی کۆمەڵەی گەلان، ڕێژەی دانیشتووانی کورد بە تەنیا لە لیوایەکانی باکور دەکاتە ١٨٪ کۆی دانیشتووانی عێراق، نەک ڕێژەی ١٧٪ وەک هەندێک کەس بانگەشەی بۆ دەکەن. بەو پێیە دەبێت ژمارەی نوێنەرانی کورد لە کۆی ٨٨ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران ١٦ کەس بن. ئەگەر ژمارەی ئێستای نوێنەرانی کورد لەو ئەنجوومەنە بەراورد بکەین، تەنانەت بەوانەشەوە کە وەزیری کۆڵۆنییەکان بە خۆی بەنیوە کورد داینابوون، ئەوا دەبینین ژمارەیان لە ١١ ئەندام تێناپەڕێت"[٢٨].

دانانی دادوەر، فەرمانبەر و کارمەندانی دادگاکان، یەکێک لەو پرسە سەرەکییانە بوو کە کۆمەڵەی گەلان لەکاتی لێکۆڵینەوەدا لە کێشەی ویلایەتی موسڵ بایەخی زۆر پێدەدا. لەو بارەوە دانانی فەرمانبەرانی کورد و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکانی کوردستان زۆر بە پێویست زانران، چونکە ئەمە پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەبوو. سەرەڕای بەڵێنەکانی هەردوو حکومەتی عێراق و بەریتانیا بەڵام ئەم سۆز و پەیمانە تەنیا لە سلێمانی و کۆیە جێبەجێ کرا. محەمەد ئەمین زەکی لەم بارەشەوە ئاماژە بەوە دەکات کە "کوردانی لیوای کەرکوک ناچارن بە زمانی تورکی و لە هەولێر و موسڵ و خانەقینیش بە زمانی عەرەبی کاروبارەکانیان لە دادگاکان ڕاپەڕێنن. ئەم حاڵەتە بوو بەهۆی کێشەو گرفتی زۆر بۆ کوردان، چونکە ناچار دەبن پەنا ببەنە بەر وەرگێڕەکان و چاوەڕێی ڕەحمەتی ئەوان بکەن. لەو بوارەدا زۆر جاریش دووچاری ناهەقی و ستەم لێکردن دەبنەوە، لەبەر بێتوانایی وەرگێڕەکان، یان فێڵکردن لە داواکار بە قازانجی داوا لە سەرکراو، ئەمەش لە پێناوی بەرژەوەندیی تایبەتیدا. ئا ئەم هۆکارە بوو وای لە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان کرد، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکانی کوردستان بە کارێکی پێویست و مەرجێکی سەرەکی بۆ لکاندنی ئەو ناوچانە بە عێراقەوە ڕابگەیەنێ"[٢٩].

بەم شـێوەیە دەبینـین دۆخـی کـورد لە عێـراق لە سـاڵی ١٩٣٠ لەڕووی هاوبەشیکردنی سیاسی و کارگێڕییەوە زۆر خراپتر بـوو لە سـاڵی ١٩٢٦، سـاڵی بەڵێن و بەڵێنکاری و پەیمانی قەبە سـەبارەت مافەکانیـان لە ویلایەتـی موسـڵ. بـارودۆخی کـوردانی کەرکـوک زۆر لەوەش خراپتربـوو. زمـانی دایـک، کاروبـاری پەروەردە و خوێندن، پاراستنی کەلەپووری نەتەوەیی و گەشەکردنی، لایەنگەلی گرنگن لە ژیانی هەموو نەتەوەکانـدا. هەڵوێسـتی حکـومەتی ناوەنـدی سـەبارەت بەم پرسانە لە دەوڵەتی فرە نەتەوەییدا بە سەنگی مەحەک دادەنرێت بۆ داننان بە ناسنامە و مافە نەتەوەییەکاندا و پەیڕەوکردنـی دادپەروەری و یەکسـانی لە نێوان سەرجەم پێکهاتەکاندا. هەروەهـا داننـان بە ناسـنامە، زمـان و کولتـووری نەتەوەییـدا بنەمـای گـرنگن بـۆ دەسـتەبەرکردنی دەرفەت و هەل لە بەردەم ئەندامانی کەمینە نەتەوەییەکاندا بۆ بەشداریکردنی ئابووری، سیاسی، کارگێڕی و کولتووری لە وڵاتدا. ئەگەرنا، ئەوا چارەنووسـیان پەراوێزخسـتن، دواکەوتـن و پێشێلکردنی مافەکانیان دەبێت. لەم دیـدەوە چەقـی ڕوانینمـان دەخەینە سـەر ئەو لایەنـانە و ئامـاژەبە ژمـارە و داتـا و سیاسـەتە حکومییەکـان دەکەیـن، بەتایبەتی بەرامبەر بە کوردی کەرکوک.

لە ڕاپۆرتەکەیدا سەبارەت بەدۆخـی خوێنـدن لە عێـراق، محەمەد ئەمـین زەکـی مێژوونـووس و وەزیـر، ئامـاژە بە جیـاوازی گەورە دەکـات لە ڕێـژەی تەرخانکردنی بودجەی پەروەردە و فێرکردن بۆ لیواکانی عێراق لە سـاڵی ١٩٢٦ – ١٩٢٧. لەکاتێکدا ٣٨٪ داهاتی لیـوای بەغـدا بـۆ خوێنـدن تەرخـان کرابـوو و ڕێژەکە لە موسڵیش ١٩٪ داهاتی لیواکە بوو، لیوای کەرکوک تەنیـا ٩٪ داهـاتی بـۆ پەروەردە و فێرکـردن تەرخـان کرابـوو. دۆخـی لیـوا کوردییەکـانی تـر زۆر لەوەش خراپتـر بـوو. لەو ڕووەوە ڕێـژەی پـارەی تەرخـانکراو بـۆ فێرکـردن و خوێندن لە لیوای سلێمانی تەنیا ١٪ کۆی داهاتەکانی لیـواکە بـوو[٣٠]. ئەو ٩٪ داهـاتیش کە لە لیـوای کەرکـوک بـۆ پرۆسـەی پەروەردە و فێرکـردن تەرخـان کرابوو بۆ قوتابخانە ناکوردییەکان بوو، چونکە لەو ساڵەدا هـیچ قوتابخـانەیەکی کوردی لە لیوای کەرکوک نەبوو.

سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق لە بواری خوێندن و فێرکردندا نموونەیەکی ئاشکرای پێشێلکردنی مافەکانی کورد بوو و هەوڵێکی سەرەکیش بوو بۆ پەراوێزخستنی ڕۆڵیان لە سەرجەم کایەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری و کولتووری. بڵاوکردنەوەی فێرکاری و خوێندن بە زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا یەکێک بوو لەو چوار مەرجەکەی کۆمەڵەی گەلان، کە حکومەتی عێراق و بەریتانیای هاوپەیمانی پەسەندیان کردبوو و لەبەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلاندا بەڵێنی جێبەجێکردنیان دابوو. بەڵام دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر ئەو بەڵێنانەدا، هەڵسوکەوتی نادادوەرانەی حکومەتی عێراق و هاوپەیمانەکەی لە گومان و نیگەرانی بەولاوە هیچی تریان لە لای کوردان دروست نەدەکرد. تەنیا لە قوتابخانەکانی سلێمانی زمانی خوێندن کوردی بوو، بەڵام لە لیوای کەرکوک، کە زۆرینەی دانیشتووانی کورد بوون تەنیا سێ قوتابخانەی کوردی هەبوون. کەچی ئەو ٢٠ قوتابخانەی دیکە، جگە لەیەک یان دوو قوتابخانەیان، ئەوانی تریان هەرهەموو خوێندن تێیاندا بە زمانی تورکی بوو. هەموو ئەمانە لە کاتێکدا بوو کە ڕێژەی ئەوکەسانەی بەتورکی دەدوان لە ٢١٪ کۆی دانیشتووانی لیواکە زیاتر نەبوون. محەمەد ئەمین زەکی نیگەرانیی خۆی لە بەرامبەر ئەو دۆخە پیشان دا و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە هاووڵاتیانی کوردی کەرکوک ئارەزوو ناکەن ڕۆڵەکانی خۆیان بنێرنە قوتابخانەی تورکی، چونکە نایانەوێت منداڵەکانیان بە زمانی تورکی بخوێنن و قەبوڵیش ناکەن ناچار بکرێن بەو کارە. لە دیدی زانستی پەروەردەشەوە پێی وابوو ئەو کارە ناکۆک و دژ بە بنەماکانی ئەو زانستەیە. لە کۆتاییدا گەیشتبووە ئەو باوەڕەی، کە ئەو کارە هیچ لێکدانەوەیەک هەڵناگرێت جگە لە وەی زیان لە کورد بدرێت و پشتیوانی لەوانیتر بکرێت(٣١). ئەوەی لەو بوارەدا مایەی نیگەرانی و تێڕامان بوو ئەوە بوو کە ژمارەی قوتابخانە کوردییەکان بە بەردەوامی کەم دەبوونەوە. چونکە لە ساڵی ١٩٢٣ لە کەرکوک شەش قوتابخانەی کوردی هەبوون، لە بەرامبەریشدا ١٣ قوتابخانەی تورکی هەبوون. دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانی ئەو کاتە پاساوی ئەوە بوو کە سیستەمێکی خوێندنی عوسمانی ئامادەیە و پێویستە بهێڵدرێتەوە تا ئەو دەمەی خوێندن لە

عێـراق ڕێکـدەخرێتەوە. لە هەمـان کاتـدا دەسـەڵاتی بەریتـانی لە کەرکـوک بە پاساوی کەمیی ژمارەی مامۆستایانی کورد و کتێبـی خوێنـدنی کـوردی ژمـارەی قوتابخـانە کوردییەکـانی کەم دەکـردەوە. لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بەو ڕاسـتییە بکرێـت، کە هەبـوونی ئەو ژمـارە قوتابخـانە تـورکییە لە کەرکـوک نابێـت بەو شێوەیە لێکبدرێتەوە، کە ڕەوەندێکی گەورەی تورک لە ناو شاردا هەبوو، بەڵکـو ئەوە پاشماوەی سیسـتەمی خوێنـدنی عوسـمانی بـوو، کە تێیـدا زمـانی تـورکی زمانی خوێندن بوو. ئەمە هەر لە کەرکـوک نەبـوو بەڵکـو لە ویلایەتەکـانی تـری دەوڵەتی عوسمانیشدا بەهەمان شێوەبوو.

بەم شێوەیە دەبینین، حکومەتی عێـراق پابەنـد نەبـوو بەو بەڵێنـانەی کە دابووی بە کۆمەڵەی گەلان لە بارەی خوێندنەوە بە زمانی دایک. گۆڤاری (زاری کرمانجی) وێنەیەکی ئەو ستەمەی لە قوتابیـانی کـوردی شـاری کەرکـوک لە ١٩ ئوکتـۆبەری ١٩٢٩ بـڵاو کـردوەتەوە. کەسـێک ئەم پیتـانەی بـۆ نـاوەکەی خـۆی بەکارهێناوە (ع.خ.ی) لە کەرکوکەوە بۆ گۆڤارەکەی نووسیوە، دەڵێ: "خوێنـدن لە قوتابخانەی کلدانی، ئیسرائیلی "جوو" و ئەرمەنی لە کەرکـوک بە زمـانی ئەو نەتەوانەیە، تەنیـا کـورد ناچـار دەکرێـت بە زمـانی بیـانی بخوێنێـت". ئەو سـەر لێشێواوییە لە پرۆسەی فێرکردن لە کەرکوک بووە بەهۆی دواکەوتنی قوتابیـانی کـورد لە هاوڕێکانیـان لە پێکهاتەکـانی دیـکە. لەم ڕووەوە نووسـەری نـامەکە دەڵێت "لە ڕاسـتیدا قوتابیـانی کـورد لە کەرکـوک تووشـی سەرلێشـوان هـاتوون چونکە کاتێک دەچنە قوتابخانە لە چوار ساڵی یەکەمدا ناچار دەکرێن بە زمـانی تورکی بخوێنن، دوای ئەوەی شتێکی کەمی لێ دەزانن و بێ ئەوەی هیچ شـتێک لە زانستەکان فێربن، ئیتر خوێندن بە زمـانی عەرەبـی دەسـت پێـدەکات. پـاش سێ چوار ساڵێک دوای ئەوەی هەندێک زانیـاریی سـەرەتایی و سـادە بەو زمـانە تازەیە وەردەگرن، دەبرێن بۆ بەغدا و دەچنە تـاقیکردنەوەیەکی سـەختەوە، بـێ ئەوەی ئەو حاڵەتەیان ڕەچاو بکرێت، بۆیە لە تاقیکردنەوەکان دەرنـاچن و دوای ئەوە یـان واز لە خوێنـدن دێـنن یـان دەردەکـرێن". نووسـەری نـامەکە ئامـاژەی بەوەش داوە، کە هەموو ئەو قوتابیە کوردانەی لە مـاوەی دوو سـاڵی ڕابـردوودا چوون بـۆ بەغـدا بەدەسـتی بەتـاڵەوە گەڕانەوە. لەمەش خراپتـر ئەو قوتابخـانە

کوردییانەی لە کەرکوک بەر لە ساڵی ١٩٢٧ کرانەوە، وەک قوتابخانەی تەکیە کە کوردەکان زۆر خۆشحاڵ بوون بە کردنەوەی و منداڵەکانی خۆیان تێیدا ناوە بەر خوێندن، زۆر زوو داخرا. هەموو هەوڵەکانیش بۆ دووبارەکردنەوەی هیچ ئاکامێکیان نەبوو. نووسەری ناوبراو لە کۆتایی نامەکەیدا باسی ئەو زەحمەتییانەش دەکات کە کوردانی کەرکوک لە کاتی سەردانی فەرمانگە حکومییەکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە. ئەوان لە بەڵگەنامە و ڕێنماییە فەرمییەکان تێناگەن، چونکە بە کوردی نین، ناچارن پەنا ببەنە بەر مەلاکان بۆ ئەوەی ناوەڕۆکەکانیان بۆ شی بکەنەوە[٣٢].

سەرەڕای داواکاری لێژنەکەی کۆمەڵەی گەلان تایبەت بە کێشەی موسڵ "بە بایەخدان بە ئارەزووی کورد لە دامەزراندنی فەرمانبەری حکومی لە ناوچەکانیان لە ڕیزی خۆیان و کردنی زمانی کوردی بە زمانی دادگا و قوتابخانەکان لە ناوچەکانیان"، کەچی ژمارەی قوتابخانە کوردییەکان لە کەرکوک تەنیا شەش قوتابخانە بوو. لە موسڵ هیچ قوتابخانەی کوردی لێ نەبوو. کەچی لە کەرکوکدا ١٣ قوتابخانەی فەرمی تورکی و قوتابخانەیەکی تایبەتی ناحکومی هەبوو. لە موسڵیش ٤ قوتابخانەی سریانی حکومی و قوتابخانەیەکی ناحکومیش هەبوو. ئەم خشتانەی لە خوارەوە دەخەینە ڕوو، ئەو ڕاستییانەی ئاماژەمان پێکردن دەردەخەن بەشێوەیەک کە پێویست بە کۆمێنتی زۆر ناکات:

**قوتابخانە سەرەتاییە میرییەکانی کوڕان**

| ساڵی خوێندن | لیوای موسڵ | | لیوای کەرکوک | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی قوتابی | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی قوتابی |
| ١٩٢٢ — ١٩٢٣ | ٦٨ | ٦٧٨٩ | ١٤ | ١٣٦٩ |
| ١٩٢٣ — ١٩٢٤ | ٧٢ | ٦٤١٧ | ٢٤ | ١٥٤٤ |
| ١٩٢٤ — ١٩٢٥ | ٧٣ | ٦٢٨٩ | ٢٤ | ١٤٧٤ |

**قوتابخانە سەرەتاییە میرییەکانی کچان** [٣٣]

| ساڵی خوێندن | لیوای موسڵ | | لیوای کەرکوک | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی قوتابی | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی قوتابی |
| ١٩٢٢ — ١٩٢٣ | ١٩ | ١٧٦٩ | ٣ | ١٦٩ |
| ١٩٢٣ — ١٩٢٤ | ١٨ | ٢٢٣٠ | ٢ | ٩٢ |
| ١٩٢٤ — ١٩٢٥ | ١٩ | ٢١٩٧ | ٢ | ٩٥ |

سەرەڕای کۆتاییهاتنی کێشەی موسڵ و وێڕای داواکاری لێژنەکە سەبارەت بە خوێندن بە زمانی کوردی، بارودۆخەکە بەرەو باشی نەدەچوو. لە ساڵی ١٩٣٠ ژمارەی قەتابخانە کوردییە میرییەکان ٤١ قوتابخانە بوو و تەنیا ١٥٤٥ قوتابیان هەبوو. لە هەمان کاتدا ١٤ قوتابخانەی تورکی هەبوون کە ٩٦١ قوتابی تێیاندا دەیانخوێند، ٢٧ قوتابخانەی کرستیانەکانیش هەبوون کە ٣٣٠٣ قوتابییان هەبوو لەگەڵ پێنج قوتابخانە بۆ جووەکان کە ٥٨ فێرخوازیان هەبوو[٣٤]. ئەم بارەی خوێندن بە زمانی کوردی مایەی نیگەرانی و بێزاریی کورد بوو، دەسەڵاتی مەندەیتی بەریتانی لە ڕاپۆرتەکانیدا بۆ کۆمەڵەی گەلان ناچار بوو ئاماژە بە نارەزایی کورد لە بارەی کەمی قوتابخانەوە بە زمانی کوردی بدات. پاساوی ئەو دەسەڵاتە بۆ ئەم بارە ئەوە بوو، گوایە "دوور ڕۆیشتن لەگەڵ خواست و ئارەزووەکانی کورددا لە بەرژەوەندی عێراقدا بەگشتی و خودی کوردیشدا نییە"[٣٥]. بۆچی دەبێت خوێندن بە زمانی دایک پرسێک بێت لە بەرژەوەندی گشتی عێراق و کوردیشدا نەبێت؟. لەبری ئەوەی یەکسانی لە نێوان کورد و عەرەب بەدی بێنن و هانی کورد بدەن بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن و دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنن بە خۆیان کوردستان بەڕێوە ببەن و بەشداری لە بەڕێوەبردنی عێراقدا بکەن، کاربەدەستانی ئینگلیز لەژێر پەردەی ئەوەی گوایە ئەگەر کورد فێری عەرەبی نەبن، ئەوا دەرفەتیان لە بەڕێوەبەرایەتی عێراقدا کەم دەبێت، ئەم سیاسەتەی پەراوێزخستنی کوردیان پەیڕەو دەکرد. ئەوان دەمێکی دوورودرێژ بوو ئەم سیاسەتەیان لە وڵاتی خۆیان بەرامبەر سکوتلەندی، وێڵزی و ئایرلەندییەکان پەیڕەو دەکرد. ئەم بۆچوونانەی بەریتانیا پاکانەیەک بوو بۆ سیاسەتی تواندنەوەی کورد لەناو زۆرینەی عەرەبدا لە عێراق.

سیاسەتی ڕاگەیەندراوی کاربەدەستانی عێراق بەرامبەر بە کورد هیچ نەبێت لە ساڵانی یەکەمی دەسەڵاتیاندا بە جۆرێکی دیکە بوو. ئەوەتا پاشای عێراق فەیسەڵی یەکەم لە ساڵی ١٩٢٦ ئامۆژگاری کاربەدەستانی دەوڵەتەکەی دەکات بەوەی گوایە "یەکێک لەگرنگترین ئەرکەکانی هەموو عێراقییەکی دڵسۆز ئەوەیە هانی برا کوردەکەی بدات ڕەگەز و ناسنامەی خۆی بپارێزێت و لێی لانەدات...". پێشتریش سەرۆک وەزیرانی عێراق عەبدولموحسن ئەلسەعدون لە وتارێکیدا لە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٢٢ کانونی دووەمی ١٩٢٢ داوای کردبوو کە "ئەگەر عێراق بیەوێت بژی، ئەوا دەبێت مافی سەرجەم پێکهاتەکانی دابین بکات، چونکە هەموو بینیمان چۆن ئەو پرسە بووە هۆی پەرتبوون و هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانی، کە مافی پێکهاتەکانی ئەو دەوڵەتەی پێشێل دەکرد و ڕێگەی پێشکەوتنی لێ دەگرتن...". کۆمیساری باڵای بەریتانیش، بە پێچەوانەی زۆر لە سیاسەتەکانیان بەرامبەر بە کورد، بە هەمان نەفەسی سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئامۆژگاری بەرپرسانی عێراقی دەکرد، هەر لەو بۆنەیەدا کە شا فەیسەڵ ئەو وتانەی سەرەوەی تێدا پێشکەش کرد، ئەمیش وتی: "پێویستە ئامانجی حکومەتی عێراقی ئەوە بێت، هەموو پێکهاتە و نەژادە عێراقییەکان بکاتە ڕۆڵەی دڵسۆزی حکومەت، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەش پێویستە هانیان بدات پابەند بن بە ئاینەکانی خۆیانەوە و شانازی بکەن بە نەژادەکەیانەوە و لێی لا نەدەن. هیچ کاتێک کورد نابێت بە عەرەب. هەروەکو چۆن سکوتلەندی نەبوو بە ئینگلیز، بەهەمان شێوەش کورد نابێت بە عەرەب، هەرگیز ناشبێت بە نیشتیمانپەروەرێکی باش ئەگەر ناچار بکرێت زمان و نەریت و دابی عەرەبی بەکاربێنێت. بەکورتی و کرمانجی، نابێت هەوڵ بدرێت بکرێت بە عەرەبێکی تەواو، بەڵکو دەبێت هان بدرێت و ئاسانکاری بۆ بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە کوردێکی تەواو و بێگەرد"[٣٦].

بەریتانییەکان زۆر باش دەیانزانی، ئەگەر کوردەکان دەرفەتی خوێندنیان بە زمانی خۆیان بۆ بڕەخسێنرێت و بتوانن گەشە بە کەلتووری نەتەوەیی خۆیان بدەن، ئەوا ئەو کاتە قەت بە بارودۆخی خۆیان و ژیانی زەبوونی قایل نابن. ئەو کاتە داوای مافی زەوتکراویان دەکەن و دەبێت هاوبەش بن لە ژیانی سیاسی،

ئابووری و کولتووری وڵات. سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر کورد لەسەر بنەمای پێچەوانە بەو مافانە دامەزرا بوو. پەراوێزخستن و بێبەشکرنی کورد لە بڕیاردان لەسەر پرسە گرنگەکانی عێراق بنەمای سەرەکی سیاسەتی کاربەدەستانی بەریتانیا بوو. ئاسەوار و کاریگەریی پشتگوێ خستنی بەرژەوەندییەکانی کورد لە بواری خوێندن لە کەرکوک لە ساڵانی دواتردا بەڕوون و ئاشکرایی دەرکەوتوون. لە کاتێکدا ژمارەی خوێندەواران لە ساڵی ١٩٥٣ لە لیواکە گەیشتبووە ٢٠٥٣٤ کەس، هاوکات ژمارەی نەخوێندەواران٢١٤٩٨٠ کەس بوون. ڕوون و ئاشکرایە کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی لادێکانی کەرکوک کورد بوون و ڕێژەی نەخوێندەواری لە لادێ لە ئاستێکی زۆر زۆر بەرزدا بوو. ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوڕان ٧١ و هی کچان ١٣ قوتابخانە بوون، ژمارەی باخچەی ساوایانیش ١١ باخچە بوو، ژمارەی قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی کوڕان ٦ قوتابخانە بوون و بۆ کچان تەنیا ٢ قوتابخانەی لەم جۆرە بوون. ئەم قوتابخانانەی دواییش تەنیا لە ناوەندی شار و قەزا و ناحیەکاندا هەبوون. زانای عێراقی دکتۆر شاکر خەسباک بە ویژدان و زۆر بابەتییانە کێشە و گرفتەکانی خوێندنی لە کوردستان دەستنیشان کردووە. دوای ئاماژەکردن بە هۆکاری ئابووری و ئەوانی دیکە، خەسباک دەڵێت "ناوچە کوردییەکان گیرۆدەی چەندین کێشەی تایبەت بوونەتەوە بەتایبەتی کێشەی زمانی خوێندن، چونکە خوێندن لە قوتابخانە سەرەتاییەکان بە زمانی کوردییە، لە کاتێکدا لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکان دەگۆڕێت بۆ زمانی عەرەبی. بێگومان گۆڕانی لە ناکاوی زمانی خوێندن لە کوردییەوە بۆ عەرەبی پرۆسەیەکی سەختە. کوردەکان مافی خۆیانە بە زمانی خۆیان بخوێنن وەک لە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلانا لە ساڵی ١٩٢٦ هاتووە. ئەرکی وەزارەتی فێرکردنە کتێب بە کوردی دابنێت و کتێبە عەرەبییەکان بکات بە کوردی. دەکرێت زمانی عەرەبی لە قوتابخانە و دەزگا فێرکارییە کوردییەکاندا وەک زمانێکی سەرەکی بخوێندرێت بۆ ئاسانکاریکردنی پرۆسەی خوێندن لە بەردەم کورددا لە کۆلیجە عەرەبییەکان، تا ئەو دەمەی پێداویستیی کردنەوەی کولێجەکان بە زمانی کوردی دەستەبەر دەکرێن. پشتگوێ خستنی زمانی کوردی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هەمیشە

هۆکارێک بووە بۆ نیگەرانی و ناڕەزایی کورد. پێویستە مامەڵەی دەوڵەت لەگەڵ هەموو دانیشتووانی وڵاتدا بە هەموو نەتەوەکانییەوە بێ جیاوازی بێت"[٣٧].

هەر بە هەمان شێوە ڕۆژنامەگەری کوردی لە کەرکوک هیچ پێشکەوتنێکی وای بەخۆیەوە نەبینی، کە شایانی باسکردن بێت. ئەوەبوو، بەریتانییەکان لە ١٥ کانونی یەکەمی ١٩١٨، واتا تەنیا ٢٠ ڕۆژ دوای داگیرکردنی کەرکوک بۆ دووەمین جار، دەستیان کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەی (النجمة) بە زمانی عەرەبی، کە لە ساڵی ١٩٢٦ ناوەکەیان بۆ "کرکوک" گۆڕی، ژمارەی یەکەم بەم ناوە تازەیەوە لە ڕۆژی ١٢ تشرینی یەکەمی ١٩٢٦ دەرچوو. کاربەدەستانی بەریتانی و عێراقی ڕێگایان نەدەدا وتار و هەواڵ بە کوردی لە ڕۆژنامەکە بڵاو بکرێنەوە. لە سەروەختی پەیماننامە تازەکەی نێوان بەریتانیا و عێراق و مانۆڕەکانیان بۆ وەرگرتنی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان و ڕاکێشانی کورد، بڕیاریان دا لە ژمارە ٣٠٢ی ڕۆژنامەکەوە لە ڕێکەوتی ٢ ئایاری ١٩٣٠ تەنیا دوو لاپەڕە بە زمانی کوردی بڵاو بکەنەوە. ڕۆژنامەکە لە شەش لاپەڕەدا بڵاو دەبووەوە. دوو لاپەڕە بە کوردی، دووشیان بە تورکی و ئەو دوو لاپەڕەکەی دیکەشی بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و کاروبارەکانی حکومەت و خەڵک و ڕیکلام تەرخان کرابوون. پاساوی ڕۆژنامەکە بۆ ئەم ڕێبازە نوێیەی بەم شێوەیە بوو " ئەمە ئاکامی سیاسەتی دادپەروەرانەی حکومەتە شکۆدارەکەمانە، مەبەستیش بەدیهێنانی مافەکانە و سوودوەرگرتنی ئەو کوردانەیە کە لەناو لیواکەماندان". تەرخانکردنی دوو لاپەڕە بە کوردی لە ڕۆژنامەکە بەشێک بوو لەو یارییەی کە دەبوایە ڕێگە خۆش بکات بۆ وەرگرتنی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان. دانانی تەحسین عەسکەری، کە خەڵکی گوندی عەسکەری نزیک چەمچەماڵ بوو، بە موتەسەڕیفی کەرکوک و تۆفیق وەهبی بە هی سلێمانی و دەرکردنی قانوونی زمانە خۆجێیەکان "قانون اللغات المحلية" چەند ئەڵقەیەکی ئەو گەمەیە بوون. ڕۆژنامەی "کرکوک" دوای گێڕانەوەی ژیانی موتەسەڕیفی تازە و بنەماڵە بەناوبانگە کوردییەکەی، ئەو پلە و پایانەی لە ڕیزەکانی سوپای عوسمانی بەدەستی هێنابوو و ئەو پۆستانەی لە دەوڵەتی عێراقی وەریگرتبوون، ئاماژەی بەگەیشتنی ناوبراو بۆ کەرکوک و وەرگرتنی پۆستە تازەکەی کردبوو، لەوبارەوە

دەڵێـت: "دوای تەشـریف هێنـانی بـۆ کەرکـوک، کە زێـدی خـۆیەتی و بـاب و بـاپیرانی ناوبـانگێکی باشـیان هەیە لەم نـاوچەیە، لەلایەن خەڵکـی شـارەوە بەشـێوازێکی گەرم پێشـوازی لێکـرا. نـاوبراو کـوردە و خوێنـدنی بـاڵای تەواو کردووە، خاوەن ئەزموونێکی زۆری کـارگێڕی و سیاسـەتە، ئاگـاداری بـارودۆخی ڕۆحی ناوچەکەمانە. بەم واتایە، ئومێد دەکەیـن هۆکارێـک بێـت بـۆ بەدیهێنـانی پێشـکەوتن و خێـر و خۆشـی بـۆ لیواکەمـان". سـەرباری ئەوە، پێـدەچێت دامەزراندنی تەحسـین عەسـکەری وەکـو موتەسـەڕیفی کەرکـوک، هەوڵێـک بێـت لەلایەن حکـومەتەوە بـۆ سـڕینەوەی ئاسـەواری نەرێنـی و خراپەکـاری و بەدڕەفتـاری و هەڵسـوکەوتە نابەجێکـانی موتەسـەڕیفی پێشـوو عەبدولمەجیـد یەعقوبی "١٩٢٤ — ١٩٢٧"، کە دز و گەنـدەڵکارێکی کەم وێـنە بـوو، بە نـاهەق دەستی دەگرت بەسەر ماڵ و موڵکی خەڵکدا، بەتـایبەتی دانیشـتووانی کـوردی کەرکوکدا. یەعقـوبی تورکمـانێکی توندڕەو و شـۆڤینی بـوو و سـتەمی زۆری لە دانیشـتووانی کـوردی شـارەکە دەکـرد. ڕۆژنـامەی "کرکـوک" سـتایش و پەسـنی هەردوو ڕۆژنامەی (ژیان و زاری کرمـانجی) دەکـرد، کە لە سـلێمانی و ڕەوانـدوز دەردەچـوون. بەداخەوە لە دوای یەک سـاڵ و پـاش گواسـتنەوەی تەحسـین عەسکەری، دەسەڵات خێرا بڕیاری دا بەشی کوردیی ڕۆژنامەکە دابخات، چونکە لە گەشەکردنی ڕۆشنبیری لە نێو کوردانی کەرکوک دەترسا (٣٨).

بارودۆخی ڕووەکانی تری ژیـانی کـوردانی کەرکـوک لە دۆخـی فێرکـاری و ڕۆژنامەگەری باشتر نەبوو، لە بواری خزمەتگوزاری تەندروستیدا لە سـاڵی ١٩٥٥ تەنیا پێنج نەخۆشخانە و ٤٨ پزیشک هەبوون، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشـتووانی لیـوای کەرکـوک گەیشـتبووە ٢٦٨٠٠٥ کەس. بەهـۆی کەمیـی خزمەتگـوزاری تەندروستی و نەبوونی نەخۆشخانەی منداڵبوون ڕێژەی مردنـی منـداڵان زۆر بەرز بـوو، بەتـایبەتی لە لادێکـان کە زۆریـنەی هەرە زۆری دانیشـتووانیان کـورد بوون (٣٩).

هـۆیەکی دیـکەی زەوتکردنـی مافەکـانی کـورد و پەشـیمانبوونەوە لەو بەڵێنانەی کە بەکورد دران لە سـەروەختی ململانـێ لەسـەر دەسـتگرتن بەسـەر ویلایەیی موسڵدا، بریتی بوو لە دەرکردنی "قانوونی زمـانە خۆجێییەکـان" لە ٢٣

مایسی ١٩٣١. دەقی قانوونەکە بێ ئەوەی بیەوێت ئەو شێوازانە ئاشکرا دەکات، کە حکومەت پەنای بۆ بردووە بۆ پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە کەرکوک و گەلێک لە ناوچە کوردییەکانی دیکەدا. لەو بارەوە لە مادەی دووەمی قانوونەکەدا نووسراوە "زمانی دادگا لەم قەزایانە کوردی دەبێت: ئامێدی، زاخۆ، زێبار، ئاکرێ، کۆیە، ڕانیە، ڕەواندز، گل، چەمچەماڵ، سلێمانی، هەڵەبجە، شارباژێر. بەڵام لە مادەی سێیەمی هەمان قانووندا هاتووە: "دەکرێت زمانی دادگاکان لەم قەزایانەدا کوردی، عەرەبی یان تورکی بێت: دهۆک، شێخان، هەولێر، مەخمور، کەرکوک، کفری. دادگا لە هەر حاڵەتێکدا بڕیاردەدات کام زمان بەکاربهێنرێت. کەچی مادەی چوارەم ڕێ دەدات بە تاوانبار لە هەموو ئەو قەزایانەی ئاماژەیان پێکرا و لە هەموو حاڵەتێکدا کە "ا. بە زمانی عەرەبی دادگایی بکرێت و ئاگادار بکرێتەوە ئەگەر ئەوە زمانی ناوماڵی بێت. ب. هەموو وتراوە زارەکییەکان لە کاتی دادگاییکردندا بۆی بکرێت بە کوردی، عەرەبی یان تورکی، هەروەها وێنەیەکی بڕیارەکەی دادگاشی بۆ وەربگێڕدرێت بۆ یەکێک لەو زمانانە، هەموو کەسێکیش بۆی هەیە داوا پێشکەش بکات بە هەر دادگایەک لەو قەزایانە ئاماژەیان پێکراوە یان دادگای باڵاتر لەوانە بە زمانی کوردی، عەرەبی یان تورکی". مادەی پێنجەمیش زمانی کوردی بە فەرمی دادەنێت لەم قەزایانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین، بەڵام دامەزراوە هونەرییەکان "فني" و پەیوەندییەکان لە نێوان ناوەندی لیواکان و وەزارەتەکان و لە نێوان لیوای موسڵ و قەزاکانی بە زمانی عەرەبی دەبن: ئامێدی، ئاکرێ، دهۆک، زاخۆ، هەولێر، مەخمور، کۆیە، ڕانیە، ڕەواندوز، چەمچەماڵ، گل، سلێمانی، هەڵەبجە، و شارباژێر. لە هەردوو قەزای کەرکوک و کفرییش کوردی یان تورکی بەکاردەهێنرێن ". دەقی مادەکانی تری قانوونەکە بەم شێوە بوو: "مادەی شەشەم- زمانی خوێندن لە هەموو قوتابخانە بەرایی و سەرەتاییەکان لەو قەزایانەی ناویان لەم قانوونەدا هاتووە بەپێی زمانی ماڵەوەی "واتا زمانی دایک ج. ق" زۆرینەی فێرخوازن دەبێت جا عەرەبی بێ، یان تورکی یاخود کوردی". مادەی حەوتەمیش- هەرکەسێک دەتوانێت سەردانی دەسەڵاتە فەرمییەکان بە زمانی عەرەبی بکات و بە هەمان زمانیش وەڵام بدرێتەوە. هەموو

پەیوەندیکردنێک (المخابرات) بە هەر یەکێک لەو زمانانەی لە مادەی پێنجەمدا ڕێگەیان پێدراوە، قەبوڵ دەکرێت و بەهەمان ئەو زمانەش وەڵام دەدرێتەوە. مادەی هەشتەمیش- لەو قەزایانەی لیواکانی سلێمانی، کەرکوک و هەولێر کە لەم قانوونەدا ئاماژەیان پێکراوە، شێوازی ئێستای زمانی کوردی بەکاردێت، لە قەزاکانی لیوای موسڵیش، کە لەم قانوونە ئاماژەیان پێکراوە، خەڵکەکە بە خۆیان شێوازی زمانە کوردییەکە هەڵدەبژێرن، ئەویش لە ماوەی ساڵێکدا لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم قانوونەوە". قانوونەکە وەزیرە پەیوەندارەکان ڕادەسپێرێت بەپێی دەسەڵاتەکانی خۆیان جێبەجێی بکەن. قانوونەکە لە ڕێکەوتی ٢٣ ئایاری ١٩٣١ بە ئیمزای مەلیک فەیسەڵ دەرچووە و ناوی هەر یەک لە سەرۆک وەزیران نوری سەعید، وەزیری داد جمال بابان، وەزیری ناوخۆ عەبدوڵا دەمەلوجی، وەزیری دەرەوە موزاحیم پاچەچی، وەزیری بەرگری جەمیل ئەلڕاوی، وەزیری دارایی ڕۆستەم حەیدەر و وەزیری مەعاریف عەبدولحوسێن چەلەبی بەسەرەوەیە[٤٠]. دەرکردنی قانوونی زمانە خۆجێیەکان بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان بوو لە ١٦ دیسەمبەری ١٩٢٥ سەبارەت بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە، کە دەبوایە هەردوو حکومەتی بەریتانیا و عێراق جێبەجێی بکەن. ئەو بەندانەی باسیان لە مافە کارگێڕی و کولتوورییەکانی کوردانی باشووری کوردستانیان دەکرد و هەردوو حکومەت پەیمانیان دابوو پابەندی جێبەجێکردنیان بن. قانوونەکە زمانی خۆجێیی لەبری زمانی دایک یان زمانی نەتەوەیی بەکارهێنا و کۆت و بەندی زۆری لە بەردەم گەشەکردن، بڵاوبوونەوە و یەکگرتنی زمانی کوردیدا دروست کردبوو.

مێژوونووسی گەورەی کورد محەمەد ئەمین زەکی لە تێبینییەکانی خۆیدا سەبارەت بە قانوونەکە ئاماژەی کردووە بە پابەندنەبوونی حکومەتی عێراق بەو بەڵێنانەی کە بەکۆمەڵەی گەلانی دابوو. بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوتی حکومەتی عێراقی لەم بارەوە بە ناکۆک لەگەڵ ئەو سۆز و پەیمانانە لە قەڵەم داوە. بەتایبەت ئاماژە بەمادەی چوارەمی قانوونەکە دەکات، کە ڕێی داوە بە بەکارهێنانی زمانی تورکی لەچەندین قەزا و ناحیەی کوردیدا. ئەو پێی وایە کە

ئەم کارە لە کاتی خۆیدا لەسەر داواکاری ئەنجوومەنی ئیدارەی کەرکوک کرا. محەمەد ئەمین زەکی نەک لە دژی مافی هیچ پێکهاتەیەک نەبووە، بەڵکو زۆر بە پێویستی زانیوە کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بەمافەکانیان بگەن و لێیان بەهرەمەند بن. بەڵام ئەوەشی زۆر بەلاوە گرنگە کە ئەم کارە لەسەر بنەمای دادپەروەری بێت و لەسەر حیسابی پێکهاتەکانی تر نەبێت، چونکە ئەوە هەڵەیەکی کوشندە دەبێت، کاتێک پێکهاتەیەک هەست بکات مافەکانی خوارەوە و لەسەر حیسابی ئەو پشتیوانی لە پێکهاتەیەکی تر دەکرێت. ئەو پێی وایە کە لەم پرسەدا رێک ئەم کارە کراوە و لەسەر حیسابی کورد پشتیوانی لە تورکمانەکان کراوە.

لەم کارەشیدا محەمەد ئەمین زەکی پەنا دەباتەوە بەر داتا و ئامارەکان و ئەوە دەردەخات چۆن ستەم لە کوردی کەرکوک دەکرێت، کە زۆرینەی دانیشتووان پێکدێنن. لە تەک رێژە فەرمییە راگەیاندراوەکانی حکومەتدا کە باس لە دانیشتووان بەم شێوەیە دەکەن: ٥١٪ کورد، ٢١٪ تورکمان، ٢٠٪ عەرەب و ٨٪یش خەڵکانی ناموسڵمان، ئەو ئاماژە بە زانیاری شاراوە دەکات، کە جیاوازیی زۆریان لەگەڵ داتا راگەیاندراوەکانی حکومەتدا هەیە. سەرچاوەی زانیارییەکانیشی ئاشکرا دەکات کە کەسانی شارەزا و بەرپرسن لە کاروباری ئامار و فەرمانگەی نفوسی کەرکوک و جێگەی باوەڕ و متمانەن. وادیارە سەرچاوەی زانیارییەکانی محەمەد ئەمین زەکی ئامارەکانی ئەو سەرژمێرییە بێت کە شارەوانی کەرکوک لە ساڵی ١٩٣٠ ئەنجامی دابوو و ئاکامەکانی بە شاراوەیی هێڵدرابوونەوە. بەپێی ئەو ئامارانە ژمارەی دانیشتووانی شار لەو کاتەدا دەوروبەری ٣٥٠٠٠ کەس بوون. لەو ژمارەیە ٢٢٠٠٠یان کورد و ٧٠٠٠ شیان تورکمان بوون. هەرچی کرستیانەکانە هەزار کەسیان ئەوانە بوون، کە پشتاوپشت لە کەرکوک دەژیان و دوو هەزاریش ئاسوری تەیاری بوون لەگەڵ ٥٠٠ ئەرمەنی و ٢٥٠٠ جوو. لە هەموو لیواکە تەنیا ٢٤ قوتابخانە هەبوون و بەشی کورد تەنیا ٣ قوتابخانە بوو. لە ناو شاریش لەکۆی ١٠ قوتابخانە، ٦ یان تورکی بوون و ٢ یان بۆ کرستیان و ٢ەکەی دیکەش بۆ جووەکان بوون. واتا بەشی کورد لە قوتابخانەکانی ناو شار یەکسان بوو بە سفر. لە شوێنێکی

دیکەی ئەم بەشە ئاماژەمان بە ژمارەی فەرمانبەرانی کوردیش لە کەرکوک کرد، کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ڕێژەی کورد لە شار و لیوای کەرکوک یەکیان نەدەگرتەوە [٤١].

سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق بەرامبەر کورد لە هەموو بوارەکانی وەک دامەزراندنی فەرمانبەران، خوێندن و فێرکردن، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە خوێندن و دادگاکان ناکۆک بوون لەگەڵ ئەو بەڵێنانەدا کە دەیدان بە کۆمەڵەی گەلان. کاربەدەستانی عێراق بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان ببێت بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان لە لێدوانێکی ڕاگەیەندراودا لە ٣٠ مایسی ١٩٣٢ بەڵێنی ئەوەیان دا جیاوازی لە نێوان دانیشتووانی عێراقدا نەکەن. ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەر لەو مانگەدا ئەو لێدوانەیان پەسەند کرد و بەو شێوەیە بوو بە قانوونێکی بنەڕەتی لە عێراق. دەبوایە ئەو لێدوان- قانوونە پاراستنی مافەکانی هاووڵاتیانی عێراقی بێ جیاوازی دەستەبەر بکردبایە بێ ئەوەی سەیری ڕەگەز یان ئاینییان بکات. لە مادەی نۆیەمی ئەو لێدوانە هاتووە "حکومەتی عێراق قایلە بەوەی زمانی کوردی شان بەشانی عەرەبی زمانی فەرمی بێ لەو قەزایانەی زۆرینەی دانیشتووانیان کوردن لە هەریەک لە لیواکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی...". بەڵێنی ئەوەشی دابوو کە لەو قەزایانە ئەو کەسانە دابمەزرێنێت کە کوردی دەزانن و تا بکرێت خەڵکی ئەو قەزایانە بن، هەرچەندە پێوەری هەڵبژاردنی فەرمانبەران بۆ ئەو قەزایانەش، وەک سەرانسەری عێراق دەبوو لێهاتن و زانینی زمان بێ بەر لە نەژاد. ئەو بەڵێنانە خەسلەتی نێودەوڵەتییان هەبوو، چونکە مادەی دەیەمی لێدوان (قانوون)کە ئاماژەی بەوە کردووە، کە "تا ئەو شوێنەی ئەم مەرجانە پەیوەندییان بە کەمینەی نەتەوەیی، ئاینی و زمانەوانییەوە هەیە، ئەوا بەڵێنگەلێکن کە خەسڵەتی نێو دەوڵەتییان هەیە و وەک گەرەنتی دەسپێردرێن بە کۆمەڵەی گەلان، تەنیا بە زۆرینەی دەنگەکانی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان دەکرێت هەموار بکرێنەوە، بێ ئەوە نابێت هیچ گۆڕانکارییان تێدا بکرێت" [٤٢].

خراپترین سیاسەتەکانی حکومەتەکانی عێراق لە کەرکوک بریتین لە هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیا بە واتای گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی دانیشتووانی ئەو

پارێزگـایە. پێویسـتە ئامـاژە بەوە بـکەم کە حکـومەتە یەک لەدوای یەکەکـانی عێراق بە شێوازی جیاواز هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم سیاسـەتەیان داوە، تـا کـار گەیشـتە سیاسـەتی پاکتـاوی نەژادی و جینۆسـایدکردنی کـورد لەسـەر دەسـتی دەسەڵاتی بەعس. شان بەشانی کۆچی سروشـتیی دانیشـتووانی لادێ بـۆ شـار، بەتـایبەتی ئەو شـارانەی گەشـەی ئـابووریی بەرچاویـان بە خۆیـانەوە دەبینـی. کەرکـوک دوای دۆزیـنەوە و دەرهێنـانی نەوت (١٩٢٧ — ١٩٣٤) لە پێشـەوەی هەموو شارەکانی تر بوو. ئەم فاکتەرە گرنگە بـووە هـۆی ڕوودانـی گۆڕانکـاریی گەورە لە دۆخــی ئــابووری، کــۆمەڵایەتی و دیمــۆگرافی شــارەکە. ئەوەبــوو، کۆمپانیای نەوت ژمارەیەکی زۆر کرێکاری بەکار خست و گەلێکیانی لە دەرەوەی لیواکەوە دەهێنا. لە ئەنجامدا و دوای ماوەیەک چەندین گەڕەکـی نـوێ لە نزیـک کۆمپانیای نەوت پەیدا بـوون، کە زۆریـنەی دانیشـتووانیان ئاسـوری، ئەرمەن و عەرەب و خەڵکـی دیـکە بـوون. لە بەرامـبەردا ڕێـژەی کرێکـارانی کـورد لەپـاش هەمووانەوە دەهات. بەم شێوەیە وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتییەکـانی کەرکـوک و ناوچەکـانی دەوروبەری بـووە هـۆی نیشـتەجێبوونی ژمـارەیەکی زۆر لە خەڵکـی ناوچە جیاجیاکانی عێراق بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەم شارە[٤٣].

شـان بەشـانی هێنـانی کرێکـار و گواسـتنەوەی فەرمـابنەران و پـۆلیس لە شوێنەکانی دیکەوە بـۆ کەرکـوک. لە هەمـان کاتـدا حکـومەتی بەغـدا کەرکـوکی کــردە مەڵبەنــدی تیپــی دووەمــی ســوپای عێــراق. نیشــتەجێکردنی خــێڵە عەرەبییەکان لە حەویجە گەورەترین هەنگاو بوو لە بواری گـۆڕینی دیمۆگرافیـای لیـوای کەرکـوک لە سـەردەمی پاشـایەتیدا. حکـومەتی یاسـین هاشـمی دەسـتی بەجێبەجێکردنـی ئەم پرۆسـەیە کـرد لەژێـر نـاوی "پـڕۆژەی زەوییەکـانی یەکە وەبەرهێنەرییەکـان"، دوای ئەوەی لە ڕێـگەی جـۆگەیەکی گەورەوە لە ڕووبـاری زێی بچووکەوە ئـاوی بـۆ ڕاکێشـان. هەنگـاوی یەکەمـی پـڕۆژەکە بریتـی بـوو لە نیشتەجێکردنی زیاتر لە هەزار خێزانی بەدوی عەرەب "کۆچەر و ڕەشماڵ نشین" لە دەشــتاییەکانی بەر جەوەڵ حەمــرین. ڕووبەری هەزار کـم٢ زەوی لە نزیــک ڕووبـاری باشـووری پـڕۆژەکە تـا دەگـاتە سـنووری کـارگێڕی قەزای ناوەنـدیی کەرکوک بەخشـی بە خێڵـی عوبێـد. لە مـاوەی ٢١ سـاڵدا، واتـا تـا سـەرژمێری

گشتیی دانیشتووانی ساڵی ١٩٥٧، ژمارەی ئەو ئاواییانەی ئاوەدانیان کردەوە گەیشتە ١٢٤ ئاوایی. لە هەمان کاتدا ٩٠٠ کم٢ بۆ خێڵی جبور تەرخان کرد، کە لە ڕووباری زێی بچووکەوە دەستی پێ دەکرد، ئەمانیش تا کاتی سەرژمێرییەکە بیست گوندیان ئاوەدان کردەوە. هەرچی خێڵی ئەلبوحەمدانە ٢٠٠کم٢ بۆ تەرخان کرا، کە دەکەوێتە نێوان زێی بچووک و ڕێگای سەرەکی نێوان کەرکوک و حەویجەوە و ژمارەی ئاواییەکانی ئەمانیش تا ساڵی سەرژمێرییەکە بیست و یەک گوند بوو. سەرباری ئەو خێڵە سەرەکییانە، چەندین هۆز و عێڵ و بنەماڵەی دیکەش هێندران بۆ حەویجە وەک تکریتی و دورییەکان "التكارتة و الدوريين". خێزانە کوردەکانیش کە بەر لەدەستکردن بەجێبەجێکردنی پرۆژەی حەویجە لە ناوچەکەدا دەژیان، لە خێڵەکانی دزەیی و شوان و شێخ بزێنی و... هتد بوون و بۆ هەموویان تەنیا سەد کم٢ زەوییان بۆ تەرخان کرا و لە پێنج ئاواییدا نیشتەجێ بوون[٤٤].

پرۆژەکە لە ساڵی ١٩٣٧ کۆتایی هات کە خاڵی سەرەکی بریتی بوو لە هەڵکەندنی کەناڵێکی سەرەکی لە زێی بچووکەوە بۆ حەویجە. مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی دەگێڕێتەوە کە حکومەت پرۆژەکەی بە زیندانییەکان جێبەجێ کرد. ئەو بەخۆی یەکێک لەو زیندانییانە بووە کە لە ساڵی ١٩٣٧ لە پرۆژەکە کاری پێکراوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە بڕیار وا بوو لە حەویجە کورد و عەرەب نیشتەجێ بکرێن و بە هەموان حەویجە ئاوەدان بکەنەوە، بەڵام ڕووبارەکە بەشێوازێک هەڵکەندرا کە بەگوندە کوردییەکاندا نەڕوات. خاوەنی ئەو گوندانە هەریەک لە سەید ئەحمەد خانەقا، حاجی حەسەن ئاوچی و بنەماڵەی نەوتچی بوون. کاتێکیش یاسین هاشمی دەسەڵاتی گرتە دەست، بڕیاری دا حەویجە تەنیا بۆ عەرەبان بێت. ئەمە لەکاتێکدا پلانە بەراییەکە بۆ نیشتەجێکردنی خێڵەکانی جاف و هەمەوەند دانرابوو. تەنانەت چێچانەکان، کە لە جەوەڵ حەمرین و لەسەر ڕووباری زغێتون چەندین گوندیان ئاوەدان کردبووەوە، ناچارکران ئاواییەکانیان چۆڵ بکەن[٤٥].

شایانی باسە، بیرکردنەوە لەو جۆرە پرۆژانە هاوئاهەنگ بوو لەگەڵ گەشەکردنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستانی عەرەب لە عێراق، کە بەهۆی ستەمی

کۆلۆنیالیستانی بەریتانییەوە کەوتبوونە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەکانی نازیزم و فاشیزمەوە. ئەوان ئارەزووی پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی ئەڵمانیای نازییان لە بەرامبەر گەلانی دیکە دەکرد و هەوڵیان دەدا باڵادەست بن بە سەریاندا. ڕۆژبەیانی ئاماژە بە هەندێک لە سیاسەتەکانی ئەفسەرە نەتەوەخوازەکانی عەرەب دەکات. ڕۆژبەیانی دەگێڕێتەوە، لە سەردەمی فەرمانڕەواییاندا بە سەرۆکایەتی ڕەشید عالی گەیلانی، کە زۆر درێژەی نەکێشا، هەوڵیان دەدا ڕێگە بگرن لە کۆچ و نیشتەجێبوونی کوردە لادێییەکانی کەرکوک لە ناو شارەکە، تەنانەت ڕێگرییان لە کورد دەکرد زەویوزار و خانووبەرە بکڕن. وتەکانی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی گرنگییەکی تایبەتییان هەیە بۆ تۆمارکردنی مێژووی کەرکوک، چونکە ئەو مێژوونووسێکی شارەزا، پڕ زانیاری و بەتوانا بووە، زیاتر لە نەوەت ساڵی تەمەنی لە ناو ڕووداوە گەرمەکانی کەرکوک، عێراق و ناوچەکەدا بەسەر بردووە. ئاگادار لە ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، دەرهێنانی نەوت، گاوربـاغی و بگـرە هەمـوو ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم. ڕۆژبەیانی زانیاریی بەنرخ و دەگمەنی لابوو سەبارەت بە پەیدابوونی عەرەب لە کەرکوک لە سەردەمی پاشایەتیدا. ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە لە سەروبەندی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیدا لە شاری کەرکوک یەک گەڕەک هەبوو کە ٣٠ خێزانی عەرەبی تێدا نیشتەجێ بوون لە نێوان موسەڵلا و پیریادی و خەریکی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ بوون. هەروەها لە نێوان گوندی تسن یان تسعین، کە دواتر بووە گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی کەرکوک، و پردە کۆنەکە بریتی بوو لە نزیکەی پەنجا کەپر (صـریفة)ی، کە بە گەڕەکی حەدیدییەکان ناسرابوو. بە فەرمانی شا فەیسەڵی یەکەم ئەو خێزانانە گوێزرانەوە بۆ ڕۆژئاوای کەرکوک، لەبەرئەوەی دیمەنی ئەو سەریفانەی بەدڵ نەبوو کاتێک لە ساڵی ١٩٢٤ سەردانی کەرکوکی کرد[٤٦].

هەوڵەکانی کاربەدەستانی عێراق بۆ گۆڕینی واقیعی دانیشتووانی کەرکوک و هەندێک لە وردەکارییەکانی پرۆسەی بەعەرەبکردنی شار و پارێزگاکە بە شاراوەیی نەماونەتەوە. نەک تەنیا لەسەر ئاستی سیاسی قسەیان لەسەر دەکرێت، بەڵکو بوون بە بابەتی توێژینەوەی زانستی و جێگەی گرنگیدانی

پسپۆران و شارەزایانی کاروباری عێراق و کورد. سەرچاوەیەکی گرنگی زانستی و متمانەپێکراوی وەک ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی "دائرة المعارف الإسلامية"، کە بە وردبینی و بابەتیبوون ناوبانگی ڕۆیشتووە، ناچار بوو لە چاپە تازەکەیدا و مادەی کەرکوکدا ئاماژە بەم پرسە بکات. سەبارەت بە بەعەرەبکردنی کەرکوک نووسیویەتی دەڵێت "شایانی باسە کە دەسەڵاتی حکومی بە درێژایی ساڵانێکی دوورودرێژ هەوڵی چڕیان داوە بۆ نیشتەجێکردنی عەرەب لە جێگەی کورد"[٤٧].

سەرچاوە جیاوازەکان ئاماژە بەزیادبوونێکی وا لە ژمارەی دانیشتووانی کەرکوکدا دەکەن، کە لەگەڵ پێوەرە دیمۆگرافییەکانی گەشەی سروشتیی دانیشتوواندا نایەتەوە و ناگونجێ. ئەمەش سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق بە ڕوونی ئاشکرا دەکات. لە زۆر جێگەی تری ئەم کتێبە ئاماژەم بەو ڕاستییە کردووە، کە لە ماوەی تەنیا دە ساڵدا (١٩٤٧ — ١٩٥٧) زیاتر لە ٣٩ هەزار کەس بۆ کەرکوک کۆچیان کردووە[٤٨].

باشترین بەڵگەش ئەو شریتە تۆمارکراوەیە بەدەنگی عەلی حەسەن مەجید لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ بەرپرسانی حیزبی بەعس، ئەمن و سوپا لە کەرکوکدا لە ١٥ نیسانی ١٩٨٩. لە دوو ساڵی پێش ئەو ڕۆژەدا ئەو فەرمانڕەوای خاوەن دەسەڵاتی ڕەها بوو لە کوردستان. عەلی کیمیاوی سەبارەت بە تەعریب و کەرکوک دەڵێت : "حەزدەکەم باسی دوو خاڵ بکەم، یەکەم تەعریب و دووەمیش ناوچە هاوبەشەکان لە نێوان خاکی عەرەب و ناوچەی ئۆتۆنۆمی، ئەو پرسەی من باسی لێوە دەکەم پرسی کەرکوکە. کاتێک هاتمە ئێرە ژمارەی عەرەب و تورکمان لە ٥١٪ دانیشتووانی کەرکوک زیاتر نەبوو. بۆ ئاگاداریتان ٦٠ ملیۆن دینارم خەرج کرد تا گەیشتینە ئەم دۆخەی ئێستا. هەموو ئەو عەرەبانەی کە هاوردمان بۆ کەرکوک ڕێژەکەیان نەگەیاندە ٦٠٪، لەبەرئەوە لە کوردانی کەرکوک و دەوروبەرەکەی قەدەغەم کرد لەدەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کار بکەن"[٤٩].

ئەو سیاسەتانەی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە کەرکوک پەیڕەویان کرد جۆرێک گومان و نیگەرانی زۆری لە لای کورد بەگشتی و

کوردانی کەرکوک بەتایبەتی دروست کردووە بەرامبەر بە نیازەکانی حکومەت سەبارەت بەم شارە، کە بە لێبووردەیی، کرانەوە، پێکەوە ژیانی پێکهاتە جیاوازەکان ناوبانگی دەرکردبوو. ئەو سیاسەتانەی حکومەتە شۆڤینی و دیکتاتۆرەکان دەروازەکانیان خستە سەرگازی پشت بۆ ئاڵۆزکردنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کەرکوک و دەوروبەرەکەیدا بۆ دەیان ساڵ، تا وای لێهات بووە یەکێک لەگرێ کوێرە سەرەکییەکانی دۆزی کورد لە دەوڵەتی عێراق.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١. خليل علي مراد، تاريخ العراق الإداري والإقتصادي في العهد العثماني الثاني ١٦٣٨ – ١٧٥٠، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد ١٩٧٥، صص ٤٥، ٦٠ – ٦٢.

٢. سالنامة دولت عليه عثمانية سنة ١٣٠٤ هجري، قرقنجی دفعه، معارف نظارت جليه سنک أثر ترتيبدر، در سعادت ١٣٨٢، ص ٧٤ –٧٥٠؛ أنظر كذلك: ستيفن هيمسلي لونگريک، أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ترجمة جعفر الخياط، ط. ٦، بغداد ١٩٨٥، ص ٣٧٦ .

٣. موصل ولايتی سالنامة رسميسيدر ١٣٣٠ سنة هجرية، سنة مخصوص أولمق اوزره بشنجی دفعة أوله رق موصل مطبعەسندە طبع أولنمشدر، ص ١٧.

٤. موصل ولايتی سالنامەسی، برنجي دفعة ١٣٠٨ هجري، موصل مطبعەسندە طبع أولنمشدر ١٣٠٨ هجري، ١٣٠٦ رومي، ص ١٠٧.

٥. سالنامة نظارت معارف عمومية، أيكنجي دفعة اولەرق ترتيب أولنمشدر ١٣١٧ هجري، ص ١٤٠٤، وللمزيد من المعلومات عن أوضاع كوردستان الجنوبية خلال العقود الاخيرة من الحكم العثماني أنظر بحثنا الموسوم: أربيل في السالنامات العثمانية، بحث مقدم إلى ندوة أربيل بين الحاضر والماضي والآفاق المستقبلية، التى نظمتها جامعة صلاح الدين عام ١٩٩٠، والمنشور فی مجلة "كاروان"، العدد ٩١، أربيل، كانون الآول ١٩٩٠، ص ١١٦ – ١٢٧.

6. Morgan, J. de, Mission Scientifique en Perse, Etudes Geographiques, T.II, Paris 1895, p.86;

أنظر كذلك: أداموف. أ. العراق العربي، البصرة بين الأمس واليوم، بطرسبورج ١٩١٢، ص ٢٦ "بالروسيه". نقلا عن:

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، بەغدا ١٩٧٥، ل. ٣٠.
٧. أ. دينـي، الصـراع علـى الإحتكـارات النفطيـة، موسـكو – لينينغـراد ١٩٣٤، ص ٤٣ "بالروسية".
٨. سي. جي. أدموندز، كرد وترك وعرب – سياسة ورحلات وبحوث عن الشمال الشرقي في العراق ١٩١٩ – ١٩٢٥، ترجمة جرجيس فتح الله، بغداد ١٩٧١، ص ١٢ – ١٣ و ٣٢ .
٩. الدكتور وليد حمدي، الكرد و كوردستان فيى الوثائق البريطانية، لندن ١٩٩٢، صص ٤٧ – ٤٨.
١٠. أ.ف. فيدچينكو، العراق في النضال من أجل الاستقلال ١٩١٩ – ١٩٦٩، موسكو ١٩٧٠، ص١٩ "بالروسية"؛ فريق المزهور الفرعون، الحقائق الناصعة في الثورة العراقية سنة ١٩٢٠ و نتائجها، بغداد ١٩٥٢، ص ٣٢٦.
Fo 371/3407, From Political Commissioner, Baghdad, 15 Nov.1918, nr. 8744.11.
١٢. م.س. لازريف، الإمبريالية و المسألة الكردية ١٩١٧ – ١٩٢٣، موسكو ١٩٨٩، ٨٥- ٨٦ "بالروسية".
١٣. عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، الجزء الأول، صيدا ١٩٥٣، ص ١٤١ – ١٤٢. أنظر كذلك: سي. جي. أدموندز، المصدر نفسه، ص ٣٤٩.
١٤. عبدالرزاق الحسني، الثورة العراقية الكبرى، صيدا ١٩٥٢، ص ٢٤.
١٥. سي. جي. أدموندز، المصدر نفسه، ص ٣٥٦ – ٣٥٧.
١٦. مصطفى كمال، طريق تركيا الحديثة، إعداد قاعدة أنقرة ١٩١٩ – ١٩٢٠، ج ٢، موسكو ١٩٣٢، ص ١١٠ – ١١٣ "بالروسية".
17. Wilson. A.T, Mesopotamia 1917 – 1920. A clash of loyalities. A personal and historical record. London 1930, p 142.
18. Bell G.L.J, The Letters of Gertrude Bell, vol. 2, London 1927, p. 607.
١٩. الدكتور نوري طالباني، منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، ط ٢، بلا.م، ١٩٩٩، ص ٤٩.
٢٠. عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، ج١
٢١. للمزيد من التفاصيل راجع مقالنا الموسوم: كركوك: قرن ونصف من التتريك والتعريب، الملف العراقي، العدد ٩٩، آذار ٢٠٠٠، ص ٤٢ – ٤٦.

٢٢. عن هؤلاء وغيرهم من الشخصيات في كركوك انظر: مير بصري، أعلام الكرد، لندن ١٩٩١، ص ١٦١ – ١٦٢، ٢٣٥، ٢٤٠؛ الدكتور نوري طالباني، المصدر نفسه، ص ٤٣ – ٤٤؛ فهمي عرب آغا وفاضل محمد ملا مصطفى، ماذا في كركوك ١٩٥٧: مجلة (هاوارى كركوک) العدد ٣، أربيل ١٩٩٩، ص ١٤٩ – ١٥٠.

٢٣. مذكرة محمد أمين زكي الى الملك فيصل الأول حول الشأن الكردي العراقي في ٢٠ كانون الأول ١٩٣٠، ترجمة وتقديم الدكتور جبار قادر، الملف العراقي، العدد ١٠٤، بلا.م ٢٠٠٠، ص ٦٣.

٢٤. المصدر السابق، ص ٦٤.

٢٥. نفس المصدر، ص ٦٤ – ٦٥.

٢٦. دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو، کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو، بەغدا ١٩٨٣، ل.١٥٩.

٢٧. مذكرة محمد أمين زكي الى الملك فيصل الأول، ص ٦٥.

٢٨. نفس المصدر، ص ٦٥.

٩..نفس المصدر، ص ٦٦.

٣٠. ڕۆژنامەی "ژیان" ژمارە ١٢٩، ٢٠ ئەیلولی ١٩٢٨.

٣١. مذكرة محمد أمين زكي...، ص ٦٥.

٣٢. ع. خ. ي، لیوای کەرکوک و هەموو قەزا و ناحیە و ئاواییەکانی کوردن، زاری کرمانجی، ڕەواندز، ژمارە ١٩ لە ١٩ /١٩٢٩/١٠، لە: مومتاز حەیدەری، گۆڤاری "هاواری کەرکوک" ژمارە ٣، هەولێر، ئازاری ١٩٩٩، ل. ٦٥.

33. Report for The period April 1923- December 1924, pp 217- 218

هەروەها بڕوانە: دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە کوردستانی عێراق لە ١٩١٨ – ١٩٣٢، باکۆ ١٩٦٧، ل. ٦٢-٦٣ "بە زمانی ڕووسی".

34.Special Report by his Majesty ś Government in the United Kingdon of Great Britain and Northern Ireland to the League of Nations on the Progress of Iraq During the Period 1920- 1930. London 1931, P. 234.

هەروەها بڕوانە: دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی...، ل. ٦٤.

35. Special Repot, Ibid, p230.

٣٦. مذكرة محمد أمين زكي، ص ٦٧.

٣٧. الدكتور شاكر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، بغداد ١٩٥٩، ص ٦٣ – ٧١.

٣٨. عن هذه الجريدة وبعض أعدادها الكردية أنظر الدراسة الموثقة للكاتب أحمد تاقانه، جريدة (كركوك) الكردية عام؟، مجلة " گولان العربی"، العدد ٤٣، كانون الأول ١٩٩٩، ص ٥٥- ٥٩.

٣٩. الدكتور شاكر خصباك، المصدر نفسه، ص ٦٣ -٦٩.

٤٠. جريدة الوقائع العراقية – العدد ٩٨٩ بتأريخ ١ حزيران ١٩٣١: هەروەها بڕوانە: گۆڤاری "هاواری کرکوک"، ژمارە ٣، هەولێر، ئازاری ١٩٩٩، ل ١٥٢ – ١٥٤.

٤١. محەمەد ئەمین زەکی، تێبینییەکانم لەسەر قانوونی زمانە خۆجێییەکان، لە کتێبی" دوو تەقەلای بێسوود"، سەباحی غالب تویژینەوە، لێکۆڵینەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ ڕێکخستووە، لەندەن، ١٩٨٤، ل. ١٠٣-١٠٥.

42. League of Nations, Series of League of Nations Publications, Political. 1932. VII. 9, p. 301.

٤٣. الدكتور نوري طالباني، نفس المصدر، ص ٥١.

٤٤. أحمد رحيم أمين، حەویجە، گۆڤاری" هاواری کرکوک" ژمارە ٤، هەولێر ١٩٩٩، ل ٤٨ – ٤٩.

٤٥. مؤرخ كردي، كركوك، أسمها، تأريخها القديم، سكانها وسلطاتها، مجلة (هاواری کرکوک)، العدد ٢، أربيل ١٩٩٨، ص ٢٩-٣٠.

٤٦. نفس المصدر، ص ٤٨.

47. The Encyclopaedia of Islam, Art. Kirkuk, vol. Leiden 1986, P.145.

٤٨. الدكتور أحمد نجم الدين، أحوال السكان في العراق، القاهرة ١٩٧٠، ص ١٠٩، نقلا عن: الدكتور نوري طالباني، المصدر نفسه، ص ٤٨.

49. Genocide in Iraq. The Anfal Campaign against the Kurds. HRW/ ME, New York 1993. P. 353

## پێکهاتەی دانیشتووانی کەرکوک لە سەدەیەکدا (١٨٥٠-١٩٥٧)

کەرکوک لە مێژووی دوورودرێژیدا، کەوتووەتە بەر پەلامار و هێرشی گەلێک هۆز و خێڵ و سوپا، ئامانجی پەلاماری زۆربەی ئەو میرنشین، دەوڵەت و ئیمپراتۆرییانە بووە کە لە ناوچەکە پەیدابوون. ئەم هێزانە هەوڵیان داوە باڵادەستیی خۆیان بەسەر شار و دەوروبەرەکەیدا بسەپێنن، چونکە کەوتبووە سەر ئەو ڕێگا ستراتیژییە، کە کەنارەکانی هەردوو دەریای ڕەش و ناوەڕاستی بە کەنداوی فارس و ئەو ڕێگا بازرگانییەوە دەبەست، کە بە ڕێگەی هەوریشم دەناسرا و دەچووە ئاسیای ناوەڕاست و چین. ئەم هێزانە قەڵا و پێگەی سەربازیی مەحکەمیان بە درێژایی ئەم ڕێگایە بۆ پاراستنی کاروانە بازرگانییەکانیان و هێڵی هاتوچۆی سوپاکانیان دروست دەکرد. بۆ ئەم مەبەستە چەندین سەربازگە و بنکەی پاسەوانییان دانابوو بۆ پارێزگاریکردن لە کاروانەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی هێرش و پەلاماری هۆزە چیانشین و هێزە نەیارەکانیان. ئەم هێزانە لە چاخە کۆنەکانەوە گرنگی ستراتیژیی کەرکوک و شارۆچکەکانی سەر ئەم ڕێگایەیان زانیوە. دەوڵەت و ئیمپراتۆرییە جیاجیاکان هەوڵیان داوە هۆزان و پیاوانی خۆیان بە درێژایی ئەم هێڵە نیشتەجێ بکەن، بەتایبەتی لەم چەند سەدەیەی دواییدا. هەر بەم هۆیەوە بوو کەرکوک و شارۆچکەکانی سەر ڕێگاکە سیمای فرە ئەتنیکی و کولتوورییان وەرگرت.

کەرکوک لە سنووری جوگرافی و مێژوویی ناسراویدا هەمیشە بەشێک بووە لە جوگرافیای کورد، لەم سەدانەی دواییدا بەشێک بووە لە میرنشینی ئەردەڵان، سوڵتانی عوسمانی مورادی سێیەم لە ساڵی١٥٨٣ میری موکریانی ڕاسپارد ویلایەتی شارەزوور، کە کەرکوک ناوەندی بوو بەڕێوەببات. هەولێر و ناوچەی سلێمانی ئێستاش سەر بەو ویلایەتە بوون. لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمیشەوە بەشێک بوو لە میرنشینی بابان، کە لە زۆر شوێن کە ئەمڕۆکە بە باشووری کوردستان ناسراون، شوێنی میرنشینی ئەردەڵانی گرتەوە. میرنشینی بابان لە سەردەمی زێڕینیدا ئەم ناوچانەی دەگرتەوە: قەڵاچوڵان، کەرکوک، هەولێر، کۆیە، ڕەواندز، هەریر، بانە، کفری، قەرەتەپە، مەندەلی، بەدرە، عەسکەر، شوان، چەمچەماڵ، قەرەداغ تا زێی دیالە، سەردەشت، مەرگە،

پشدەر، ماوەت، ئالان، گەلاڵە، چوارتا، سوێل، فێنک، قزڵچە، قەرە حەسەن، قەسری شیرین و زەهاو. ئەو میرنشینە ئەوەندە فراوان بوو، وای لە لۆنگریک کردبوو ناوی ئیمپراتۆری بابانی لێ بنێت[1].

تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم کاریگەری عوسمانیزاسیۆن "بەعوسمانیکردن بە واتای بەتورککردن" لە کەرکوک و دەوروبەرەکەیدا هەستی پێنەدەکرا، هەر چەندە بەفەرمی لە ساڵی (١٥٥٥)ەوە بەپێی پەیماننامەی (ئەماسیا) لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەویدا، بوو بوو بە بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانی.

هۆزە تورکمانە قزڵباشەکان، کە کەوتبوونە تەک هێرشەکانی شا عەباس (١٦٢٣ – ١٦٣٠) و نادر شا (١٧٤٣ – ١٧٤٦) بۆ سەر کەرکوک، هەولێر و موسڵ، هەندێکیان لەم ناوانە مانەوە و دەشتەکانی گەرمیان و کەرکوک و موسڵ بوون بە لەوەڕگای مەڕ و ماڵاتەکانیان. ئەم هۆزانە بە هۆکاری مەزهەبی، ڕەگەزی و کۆمەڵایەتی لە دژی دەوڵەتی عوسمانی بوون و لایەنگیرییان لە ئێران دەکرد لەو ململانێیەی لە نێوان هەردوولادا باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو. ئەمانە لە سەدەکانی دواتردا لەم ناوچانە نیشتەجێ دەبن و دەبن بە یەکێک لە پێکهاتەکانی.

لە ئاکامی سیاسەتی نوێی دەروازەی باڵا لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و دەسپێکی سەدەی نۆزدەهەم، گۆڕانکاری گرنگ لە کایەی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان ڕووی دا. دەوڵەتی عوسمانی دەستبەرداری سیاسەتە کۆنەکەی خۆی بوو، کە لە ماوەی سێ سەدەی پێش تەنزیماتدا لە کوردستان پەیڕەوی دەکرد. ئەو سیاسەتە بریتی بوو لە هێشتنەوەی دەسەڵاتی سیاسی بە دەستی سەرۆک هۆز، دەرەبەگ و میرانی کورد و نەوەکانیانەوە بەرامبەر بە ڕاگەیاندنی ملکەچی بۆ سوڵتان، خوێندنەوەی ناوی لە گوتاری نوێژی هەینیدا، ناردنی باجی ساڵانە و بەشداریکردن لە شەڕ و شۆڕە بێ کۆتاییەکانی ئالی عوسماندا. لێرەوە دەروازەی باڵا بڕیاری دا دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆی بەسەر هەموو کونجەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بسەپێنێ. بۆ ئەم مەبەستە سوپای عوسمانی کەوتە وێزەی میرنشینە کوردەکان و لە ماوەی کەمتر لە نیو سەدە هەموویانی لە ناو برد،

دواهەمینیـان میرنشـینی بابـان بـوو کە لە دەوروبەری ١٨٥١ لە بەیـن بـرا. لە ناوچوونی میرنشینە کوردییەکان و سەپاندنی دەسـەڵاتی ڕاستەوخۆی دەروازەی باڵا لە کوردستان گۆڕانکاری زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنـا. یەکێک لەو گۆڕانکـارییە کاریگەرانە لەسەر داهاتووی ناوچەکە، گۆڕینی پێکهاتەی ئەتنیکـی و کولتـووری دانیشـتووانی هەنـدێک لە شـار و شـارۆچکەکانی باشـووری کوردسـتان بـوو، کە کەرکوک لە سەرووی هەموویانەوە دەهات. لە دەسپێکدا ئەم پرۆسەیە لەسەرخۆ بوو و زۆر هەستی پێ نەدەکرا. ئەوە بوو تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەشـێک لە دانیشـتووانی ڕەسـەنی کەرکـوک، کە زۆربەیـان کـورد بـوون، کەوتـنە بەر کاریگەری پرۆسەی بەعوسمانیبوون، هەرچەندە هێشـتا زۆر سـنووردار بـوو. ئەو کـاتە گوتـاری فەرمـی باسـی لە ئـومەتی عوسـمانی دەکـرد، کە گـوایە لە دانیشـتووانی مسـوڵمانی دەوڵەتـی عوسـمانی پێکـدەهات، هەڵـبەتە زمـانی ئەو ئـومەتەش تـورکی عوسـمانلی بـوو. ئەوانەی هەوڵ دەدرا بکـرێن بە عوسـمانی، دەبوایە خۆیان لە کاربەدەستانی عوسمانی نزیک بکەنەوە، بەرژەوەنـدی گرێیـان بـدات بە دامەزراوەکـانی دەوڵەتەوە، لە ژیـانی ڕۆژانەدا لاسـایی فەرمـانبەران و بەرپرسانی عوسـمانییان بـکەنەوە و بە زمـانی ئەوان قسـە بـکەن. لەگەڵ کاتـدا ئەمـان لە دەوروبەرەکەی خۆیـان دابـڕان و بـوون بە بەشـێک لە دەسـتەیەکی بچـووکی دەسـەڵاتدار لەو شـارانە، بە چـاوی فەرمـانڕەوا و ئاغـا سـەیری دانیشتووانە ڕەسەنەکەیان دەکرد و دەیانچەوساندنەوە.

لە چەند سەرچاوەیەکی زۆر کەمی ئەو سەردەمە نەبێ، باس لە پێکهاتەی ئیتنیکی دانیشـتووانی کەرکـوک نەکـراوە. ئەو سـەردەمانە، پـێش پەرەسـەندنی هەستی نەتەوەیی لە نێو دانیشـتووانی بەشـی ڕۆژهەڵاتـی دەوڵەتـی عوسـمانیدا، کاتێـک بـاس لە پێکهـاتەی دانیشـتووان دەکـرا، بـاس لە موسـوڵمان و کەمیـنە ناموسـوڵمانەکان دەکـرا، نەک پێکهـاتەی ئەتنیکـی. ئەو سـەرچاوە کەمـانەی لە بەردەستن و باس لە پێکهاتەی دانیشتووان دەکەن، ئەوە بە ڕوونی دەخەنە ڕوو کە تـا کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەهەم هێشـتا کـورد کـۆی دانیشـتووانی ڕەسـەنی کەرکوکی پێکدەهێنا، لەگەڵ ژمارەیەک خـانەوادەی کلـدان و جـوو و گرووپێکـی کەمتری ئەرمەن[٢].

ئەو سەرچاوە مێژووییانەی لە بەردەستدان زانیاریی کەم لە بارەی پێکهاتەی ئەتنیکی دانیشتووانی کەرکوک و ئەو شارۆچکانەوە، کە کەوتوونەتە سەر ئەو ڕێگایە، لە سەردەمە مێژووییە جیاکاندا دەخەنە ڕوو. بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە ئاماژەی جیاجیا لە سەرچاوەکاندا لە بارەی پێکهاتەی ئەتنیکی دانیشتووانی ئەو شوێنانەوە بەدی دەکەین. لێرەدا دەبێت یەکسەر ئەوەش بڵێم کە نابێت زۆر پشت بەو ژمارە و ئامارانە ببەستین، چونکە خەملاندنی کەسانێکن، کە هەندێک جار تەنیا بەو ناوچانەدا تێپەڕیون یان چەند ڕۆژێکیان لەم شار یان ئەو شار بەسەربردووە. ئەم بارە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەردەوام بوو. ناکرێت ئەو ئامار و ژمارانەی لە بارەی دانیشتووانەوە بەر لە سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ ئاماژەیان پێکراون زۆر بە جدی وەربگیرێن، چونکە هەموو بریتین لە مەزەنە و خەملاندن. سەرژمێرییە فەرمییەکانیش بەشی خۆیان کەم و کورتییان تێدایە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە پێکهاتەی ئەتنیکی دانیشتووانەوە هەیە، چونکە کاربەدەستانی نەتەوەی سەردەست هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە ڕێژەی پێکهاتەکەی خۆیان گەورەتر پیشان بدەن. ئەمەش لەسەر حیسابی پێکهاتەکانی دیکە بووە، بەتایبەتی دانیشتووانی کورد. هەموو ئەمانە وایان کردووە ئەو ئامار و داتایانە لە ڕاستییەوە دوور بن و جێگەی متمانەی توێژەران نەبن. بەپێی هەندێک سەرچاوە ژمارەی ئەوانەی لە سەرژمێری ١٩٤٧ ناونووس نەکرابوون دەگەیشتە نیو ملیۆن کەس[٣].

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخەی سەرژمێری دانیشتووان لە عێراق و بۆ تیشک خستنە سەر ئەم پرسە ئاڵۆزە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ هەندێک زانیاری و سەرچاوە کە لابەلا ئاماژەیان بە ژمارە و پێکهاتەی دانیشتووانی کەرکوک کردووە.

بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستمدان یەکێ لە کۆنترین ئاماژەکانی ئەم بوارە، هی ئەندازیاری ڕووس یۆسێپ (یوسف) چێرنێکە، کە لە ساڵی ١٨٧٢ — ١٨٧٣ لە گەشتێکی زانستیدا سەردانی کەرکوکی کردووە. ئامانجی گەشتەکەی چێرنیک لێکۆڵینەوە بوو لە شیاویی هاتوچۆی ئاوی و کەشتیوانی لە دیجلە و

فورات و لقەکانیان. دواتر، ئاکامی گەشت و لێکۆڵینەوەکانی لە ساڵی ١٨٧٩ لە بەرگی شەشەمی بڵاوکراوەی بەشی قەفقاسی کۆمەڵەی جوگرافیی شاهانەی رووسی بڵاو کردەوە. چێرنیک ژمارەی دانیشتووانی ئەو دەمەی کەرکوکی بە ١٢ بۆ ١٥ هەزار کەس هەژمار کردووە و نووسیویەتی کە "جگە لە ٤٠ خێزانی ئەرمەنی، خەڵکەکەی دیکەی شارەکە هەموو کورد بوون"[٤].

وا دیارە تا ئەو کاتەی چێرنیک گەشتەکەی کردووە، هێشتا سەرچاوەکان ئاماژەیان بە فەرمانبەرانی سەربازی و مەدەنی عوسمانی وەک بەشێک لە دانیشتووانی شار نەکردووە، بەڵکو وەک بیانی و دانیشتووی کاتی دادەنران. بەتایبەتی لە قۆناغی دەسپێکی پەیدابوونی عوسمانییان لە کەرکوک. ئەو کاتە بە ئەرکی سەربازی و مەدەنی هاتبوونە ناوچەکە و دوای کۆتاییهاتنی ئەرکەکانیان زۆربەیان دەگەڕانەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتبوون، جگە لە هەندێک کەسیان کە ماوەیەکی زۆر لێرە دەبوون و بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کەرکوک دەمانەوە. لەبەر ئەم هۆیانە ئەندازیاری رووس ئاماژەی بە تورک یان تورکمان لە شارەکە نەکردووە. وادیارە هەموو کریستیانەکانی کەرکوکیشی بە ئەرمەن داناوە، چونکە نەیتوانیوە ئەرمەن لە کلدانەکان جیابکاتەوە. رووسەکان لە کەفکاز ئەرمەنیان زیاتر دەناسی و لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیش ئەرمەنەکان لە کرستیانەکانی دیکە چالاکتر و بە ناوبانگتر بوون.

لەگەڵ کەوتنی میرنشینی بابان و زاڵبوونی دەسەڵاتی دەروازەی باڵا بەسەر کەرکوک و شارۆچکەکانی دیکەی سەر رێگای ستراتیژی، رواڵەتەکانی بە عوسمانیکردن لەو شوێنانە بەرەبەرە دەردەکەوتن و دەچەسپان. تەنیا بیست ساڵ دوای سەردانەکەی چێرنیک هەندێک گۆڕانی دیموگرافی بە قازانجی تورک یان تورکمان لەو ناوانە بەدی دەکرێت. شەمسەدین سامی لە بەرگی پێنچەمی (قاموس الأعلام)دا، کە بە ئینسایکلۆپیدیایەکی مێژوویی و جوگرافی عوسمانی دادەنرێت و وەزارەتی مەعاریفی عوسمانی نرخاندوویەتی و رێگەی بڵاوکردنەوەی داوەتێ، لە بابەتی کەرکوکدا، دەڵێت: "شارێکی کوردستانە لە ویلایەتی موسڵ و ١٦٠ کم لە باشووری رۆژهەڵاتی موسڵە... ناوەندی سەنجەقی شارەزوورە،

ژمارەی دانیشتووانی ٣٠٠٠٠ کەسە، قەڵایەک، ٣٨ مزگەوت، ٧ مەدرەسە، ١٥ تەکیە و زاویە، ١٢خان، ١٢٨٢ کۆگا و دووکان، یەک دووکانی دەستی دوو (بدستانی)، ٨ گەرماو، کۆپرییەک لەسەر رووبارەکەی، یەک قوتابخانەی ڕوشدییە و ١٨ قوتابخانەی کوڕان، ٣ کڵیسا و یەک کەنیسەی یەهودی (حاورە)... سێ لەسەر چواری خەڵکەکەی کوردن و ئەوانی دی تورک و عەرەب و ئەوانی ترن، ٧٦٠ ئیسرائیلی (موسەوی یا جوو. ج.ق) و ٤٦٠ کلدانی"[٥]. لە بەشەکانی دواتردا زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەم فەرهەنگەوە دەخەمە ڕوو.

پرۆسەی بە عوسمانیکردن لە ڕاستیدا بە تورککردن لە دوو دەیەی دواتردا، بەتایبەتی لە سەردەمی ئیتیحادییەکاندا، کە سیاسەتێکی شۆڤینییانەی تورکییان لە بەرامبەر گەلانی ناتورکی دەوڵەتی عوسمانی پەیڕەو دەکرد، زیاتر پەرەی سەند و لێکەوتەکانی لە کەرکوک و دەوروبەریدا بە زەقی دەرکەوتن.

ئەو ژمارە و ئامارانەی گەڕیدە، بازرگان و نووسەرە بەریتانییەکان تۆماریان کردوون، لەگەڵ یەک نەساز و ناکۆکن. مەیجەر سۆن کە لە ساڵی ١٩٠٧ تەنیا ١٦ ڕۆژ لە خانەکانی ناو بازاڕی کەرکوکدا ماوەتەوە، باسی ئەو خانە و ناوەندی بازاڕ دەکات، کە زمانی تورکی تیایاندا زاڵ بوو. ئەو لەبارەی کەرکوکەوە نووسیویەتی دەڵێ: "دەبێت ژمارەی دانیشتووان بەلای کەمەوە ١٥ هەزار کەسێک بن. یەکێک لە شارە سێ زمانەکانی سنوورەکانی کوردستانە. هەموو کەسێ بە هەر سێ زمانەکە قسە دەکات، واتا بە تورکی و عەرەبی و کوردی. هەر دوو زمانی تورکی و کوردی بە جیاوازی لە بازاڕدا بەکاردەهێنرێن". مێجەر سۆن باسی دەسەڵاتی زاڵی عوسمانی بەسەر شارەکەدا دەکات. ئاماژە بەو گەنجانەش دەکات کە ئەو دەسەڵاتە دەیاننێرێت بۆ قوتابخانە سەربازییەکان، بەڵام هیچ بە هیچ ناکەن و لە کۆتاییدا دەگەڕێنەوە بۆ شارەکە و لە چایخانە بێ شومارەکانیدا تا ئێوارە کات بەسەر دەبەن و گێچەڵ بەخەڵک دەکەن. لە شوێنێکی تریش دەڵێت :" لە کەرکوکیش وەک هەموو کوردستان خەڵک خەریکی چنین و بازرگانی هەورێشمن...". سۆن ئەوەشی لە بیر نەکردووە کە بڵێت: هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە

جوو، کورد، عەرەب، سریان، ئەرمەن، کلدان، تورک و تورکمان لەم شارە دەبینرێن. ئاماژەی بە گیانی لێبوردەییش لە نێو دانیشتووانی کەرکوکدا کردووە و دەڵێت ئازادن لە دەمارگیری[٦].

محەمەد ئەمین زەکی بەشێوەیەکی بابەتییانە ڕا و بۆچوونەکانی مەیجەر سۆنی لێکداوەتەوە و ئاماژەی بەوەش کردووە، کە سۆن کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوە، کاتێک پێی وابووە هەموو ئەوانەی لە شارەکە بە تورکی دواون تورکمانن. سۆن بەخۆی دانی بەوەدا ناوە کە دانیشتووانی کەرکوک هەموو بە سێ زمان قسە دەکەن. کورد و کلدان و ئەوانی دیکەش زمانی تورکیان زانیوە و قسەیان پێکردووە. نابێت ئەوە لە بیر بکرێت کە ئەو کاتە تورکی زمانی ڕەسمی، کارگێڕی، فێرکردن و بازاڕ بووە[٧]. بە ڕای محەمەد ئەمین زەکی گەورەترین بەڵگەش لەسەر نادروستی بۆچوونەکەی سۆن، ئامارەکانی ئەو سەرژمێرییەن کە شارەوانی کەرکوک لە ساڵی ١٩٣٠ ئەنجامی دا، کە دانیشتووانی شارەکەی بە ٣٥ هەزار کەس دانابوو. لەو ژمارەیە ٢٢ هەزاریان کورد بوون و تەنیا ٧ هەزاریان تورکمان بوون، لەگەڵ هەزار مەسیحی خۆجێیی و دوو هەزار تەیاری و ٥٠٠ ئەرمەن و ٢٥٠٠ جوو. گەڕەکەکانی ئیمام قاسم، ئاخی یان ئاخوڕ حوسێن، بولاق، ئاوچی و پیریادی کورد بوون و زۆرینەی گەڕەکەکانی چوقور و موسەلا و چایش بەپێی محەمەد ئەمین زەکی لەو سەردەمە کورد بوون[٨].

دید و بۆچوونەکانی محەمەد ئەمین زەکی وەکو کەسایەتییەکی شارەزای مێژوو و جوگرافیای کوردستان و خاوەن چەندین کتێبی دانسقە و بەرهەمی زانستی لە بواری مێژووی کورددا، کە تا ئێستاش گرنگیی خۆیان لە دەست نەداوە، زۆر متمانەبەخشتر و بەجێترن لە دیدی سیخوڕێکی بەریتانی کە وەک گەڕیدەیەک بە شارەکەدا تێپەڕیوە و چەند ڕۆژێکی لە ناو بازاڕەکەیدا بەسەربردووە.

ئەو ڕا و بۆچوونانەی مەیجەر سۆن تایبەتن بە کەرکوکی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم، دەسەڵاتی بەهێزی عوسمانی و باڵادەستی زمانی تورکی لە ناوەندی شار و بازاڕی سەرەکیدا بەو شێوەی سۆن بینیوێتی ئەم وێنە هەڵەیەی

له لا دروست کـردووه. به دیـوێکی تـردا ئەم جـۆره بۆچوونـانه ڕاسـتییەک دەردەخەن، ئەویش ئەوەیە کە سیاسەتی دەروازەی باڵا لە ماوەی نیو سەدەدا لە کەرکوک کـاریگەریی خـۆی هەبـوو. لە دوای نەمـانی دەسـەڵاتی میرنشـینە کوردییەکان کەرکوک بوو بە بنکەی سەربازی و چەندین قوتابخانە و فەرمانگەی عوسمانی تێدا کرایەوە. سـەرەڕای فەرمـانبەرە عوسـمانییەکان و خێزانەکانیـان، بەشـێک لە خەڵـکە خـۆجێیەکیش، بەتـایبەتی ئەوانەی بەرژەوەنـدییەکانیان پەیوەست بوون بە دەوڵەتی عوسمانییەوە، کەوڵی خۆیان گۆڕی.

کاربەدەستی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی ئێدمۆنـدز، کە دواتـر بـوو بە نـاوێکی دیار لە بواری کوردۆلۆژیدا لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "کەرکوک شارێکی گرنـگ بوو لە دیدی سەربازییەوە و حامییەکی هەمیشەیی تێدا جێگیـر کـرا. لە هەمـان کاتیشـدا ناوەنـدێکی گرنـگ بـوو، کە بەردەوام کارمەنـدی مەدەنـی و ژانـدارمی جێبـاوەڕی بە حکـوومەتی عوسـمانی دەبەخشـی. هەر ئەم هۆکـارانەش بـوون پێکهاتەی ئەتنیکی و زمانەوانی دانیشـتووانیان ڕەنگڕێـژ دەکـرد، تـا وای لێهـات خێـزانە ئەرسـتۆکراتییە دیارەکـان خۆیـان بە تـورک دابنـێن، هەر چەنـدە لە بنەچەدا کوردیش بن". ڕۆژهەڵاتناسی گورجیش ئەلـبەرت مینتیشاشـڤیلی ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە بەشێک لە خانەوادە ئەرستۆکراتییە دەستڕۆیشـتووەکان لە کەرکوک بە ڕەچەڵەک کوردن، هەر چەنـدە خۆیـان بە تـورک دادەنـێن، وەک نەفتچـی، یەعقـووبی و قیردارەکـان کە زۆربەیـان لە بـنەچەدا سـەر بە هـۆزی زەنگـنەی کـوردین. زۆر جـاران نووسـەرانی ئینگلیـز وشـەی تورکیـان بـۆ پێناسەکردنی فەرمانبەرە مەدەنی، سەرباز و ئەندامانی بنەمـاڵە ئەرسـتۆکراتییە کەرکوکییەکان بەکاردەهێنا[٩].

ئەوەی دەبێت لێرەدا ئامـاژەی پێبکرێت ئەوەیە کە جیـاوازی زۆر هەیە لە نێـوان ئەو ئامـار و ژمـارانەدا، کە نووسـەران پـێش شـەڕی یەکەمـی جیهـانی مەزەندەیان کردوون کاتێک باسی ژمارەی دانیشتووانی کەرکوک، ڕێژەی پێکهاتە ئەتنیکـی و زمانییانیـان کـردووە. هەیە ژمـارەی دانیشـتووانی کەرکـوکی بە ٣٠ هەزار کەس مەزەندە کردووە، کەچی مارک سایکس بۆ هەمان سەردەم باسی لە ٧٠ هەزار کەس کـردووە. لە کاتێکـدا دوای ئەوەی شـاری کەرکـوک بـوو بە

ناوەندی کار و چالاکییەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق و گەشەی ئابووری بە خۆیەوە بینی و خەڵکێکی زۆر لە شارەکانی تری عێراقەوە ڕوویان تێ کرد، تەنیا ئەوجا ئەویش لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی ژمارەی دانیشتووانی گەیشتە ٦٩ هەزار کەس[١٠].

یەکەم ئامار کە لە فەرمانگەیەکی فەرمیی لیوای کەرکوکەوە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دزەی کردبێت، ئەوە بوو کە محەمەد ئەمین زەکی لە یاداشتەکەیدا بۆ مەلیک فەیسەڵی یەکەم ئاماژەی پێکردبوو، ئەویش ئاماری شارەوانی لیوای کەرکوک بوو کە ڕێژەی دانیشتووانی بەم شێوەیە بوو: ٥١٪ کورد، ٢١،٥٪ تورکمان، ٢٠٪ عەرەب و ٧،٥٪ پێکهاتەکانی دیکە[١١]. ئێدمۆندز لە ساڵی ١٩٢٢ ئاماژەی بەوە کردووە کە ژمارەی دانیشتووانی شار دەگەیشتە نزیکەی ٢٥ هەزار کەس و گوایە تەنیا چارەکیان کورد بوون و ئەوانی دیکە تورکمان، عەرەب و کرستیان بوون. هەر بە خۆی کوردی بە گەورەترین کۆمەڵگەی لیوای کەرکوک داناوە[١٢]. کورد زۆرینەی ڕەهای لیواکەی پێکدەهێنا و ئەو ئامارانەی ئێدمۆندز باسیان لێوە دەکات دوورن لە ڕاستییەوە. دەشێت پێشبینی ئەو هۆکارانە بکەین کەوا هانی ئێدمۆندزیان داوە بەو شێوەیە ڕێژەی کورد لە شارەکە کەم بکاتەوە. ئەو نوێنەری دەسەڵاتی داگیرکاری بەریتانی بوو لە عێراق و بەتایبەتی لە کەرکوک، لە کاتێکدا ئەو دەسەڵاتە لە شەڕێکی سەختدا بوو لە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموودی حەفید، کە ئامانجی سەرەکی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوو، هەڵبەتە کەرکوکیش پێگەیەکی زۆر گرنگی لەو هەوڵانەدا هەبوو.

سەرباری هۆکارەکانی نوێنەرانی دەسەڵاتی داگیرکاری کۆلۆنیاڵی بۆ کەمکردنەوەی ژمارە و ڕێژەی کورد لە کەرکوک و دەوروبەریدا، ناکرێت دان بەوەدا نەنرێت کە لە ماوەی دەسەڵاتی کۆلۆنیاڵی و دەست و پێوەندەکانیان لە عێراق گۆڕانکارییەک لە دیمۆگرافیای دانیشتواندا هاتبووە دی. هەوڵی ئینگلیز بۆ زێدەکردنی دانیشتووانی نا کورد لەسەر حیسابی کورد بە ڕێگەدان بە مانەوەی فەرمانبەرانی مەدەنی و سەربازی عوسمانی و خێزانەکانیان لە

کەرکوک دەستی پێکرد. ئەمانە نەک هەر بە یەکجاری لە کەرکوک نیشتەجێ بوون، بەڵکو وەک جاری جاران ڕاسپێردران کاروباری کارگێڕی و فێرکاری و ئابووری لیواکە بەڕێوە ببەن.

ئەم ئامار و ژمارانەی لایەنە جیاوازەکان لەکاتی کێشەی ویلایەتی موسڵدا پێشکەشیان کرد، هەندێک ڕووناکی دەخەنە سەر پێکهاتەی ئیتنیکی دانیشتووانی ویلایەتەکە بە لیوای کەرکوکیشەوە. ئەو لایەنانە کە بریتی بوون لە تورکیا، بەریتانیا و عێراق ژمارە و ئاماری دژبەر و جیاوازیان لە بارەی پێکهاتەی ئیتنیکی دانیشتووانی ویلایەتەکەوە پێشکەش بە لێژنەکەی کۆمەڵەی گەلان دەکرد. ئینگلیزەکان لە ڕاپۆرتەکەی خۆیاندا ئەم ژمارانەیان لە بارەی دانیشتووانی کەرکوکەوە داوە بە لێژنەکە: کورد ٤٥ هەزار، تورک ٣٥ هەزار، عەرەب ١٠ هەزار، کرستیان ٦٠٠ و جوو ١٤٠٠ کەس. بەم پێیە کۆی دانیشتووانی کەرکوکیان بە ٩٢ هەزار کەس خەملاندووە. هەرچی لایەنی تورکییە ژمارەی دانیشتووانی لیواکەیان بە دوو ئەوەندەی ئەو ژمارەیە خەملاندووە، ژمارە تورکییەکان بەم شێوەی خوارەوە بوون: کورد ٩٧ هەزار، تورک ٧٩ هەزار و عەرەب ٨ هەزار، بەپێی ژمارەکانی لایەنی تورکی کۆی دانیشتووانی لیوای کەرکوک دەیانکردە ١٨٤ هەزار کەس. وەک دەبینین جیاوازیی نێوان مەزەندەکانی هەردوولا زۆر زۆر گەورەیە. تورکەکان لە ساتەوەختی جەنگی یەکەمی جیهاندا فەرمانڕەوای ویلایەتەکە بوون دەبوایە ژمارەی دروست و ورد لە لایان بوایە، بەڵام سەختە مرۆڤ پشت بە خەملاندنەکانی ئەمان ببەستێ، چونکە هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بوو ڕێژەی تورک بەرز بکەنەوە لەسەر حیسابی پێکهاتەکانی دیکە، بەتایبەتی لە کەرکوک. هەندێک جار بۆ گەورەکردنی ژمارەی تورک لە ویلایەتی موسڵ پەنایان بردۆتە بەر ژمارە و ئاماری سەیر. تەنیا وەک نموونە ژمارەی تورکیان لە سلێمانی بە ٣٢٩٦٠ کەس خەملاندووە، لە کاتێکدا جگە لە هێزێکی سەربازی بچووک لە دوا ساڵەکانی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانیدا، ڕێژەی تورک لەو لیوایە سفر بووە.

لە بەرامبەردا هەردوو لایەنی بەریتانی و عێراقی بۆ بەهێزکردنی پێگە و هەڵوێستی خۆیان لە کێشەکەدا ڕێژەی عەرەبیان لە ویلایەتەکە بە

کەرکوکیشەوە بەرز دەکردەوە. بە تەنیا کورد کەسی نەبوو لەسەری بێتە جواب و ژمارەکەی بەرز بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش، ناچار بوون دان بەوەدا بنێن، کە کورد زۆرینەی ڕەهای دانیشتووانی ویلایەتەکەی پێکدەهێنا. ژمارەی کورد بەپێی خەمڵاندنەکانی بەریتانیا ٤٥٤٧١٦ کەس بوو، بەرامبەر ٦٥٨٩٥ تورکمان، ١٨٥٧٦٣ عەرەب، ٦٢٢٢٥ کرسـتیان و ١٦٨٦٥ جـوو. بەم پێـیە کـۆی دانیشـتووانی ویـلایەتەکە دەیکـردە ٧٨٥٤٦٤ کەس. ئامارەکـانی بەریتانیـا ئەنـدامانی خـێڵە کۆچەرییەکانیشـی دەگـرتەوە کە لە سـنووری ویـلایەتەکەدا کوێسـتان و گەرمیانیـان دەکـرد. ئەمە لە کاتێکـدا خەمڵانـدنەکانی تـورک بەم شـێوەیە بـوو: ٢٨١٨٣٠ کـورد، ١٤٦٩٢٠ تـورک، ٣٤٢١٠ عەرەب و ٣ هەزار کەسانی ناموسوڵمان. بەم پێیەش کۆی دانیشتووانی ویلایەتەکە دەیانکردە ٥٠٣ هەزار کەس. ئەم ژمارانەی تورکەکان ئەندامانی هـۆزە کۆچەرەکانیـان نەدەگرتە خۆ کە بە ١٧٠ هەزار کەس مەزەندە دەکران.

بەریتانییەکـان گومـانی زۆریـان لە ئامارەکـانی لایەنـی تـورکی هەبـوو، بە خەمڵاندنی کۆن و بەسەرچوو هەژماریـان دەکـردن. ئەو ئامـارانە بەلای ئەوانەوە بـۆ مەبەسـتی سـەربازی و بـاج کـۆکردنەوە بـوون و داتـای سـەرژمێری دروست نەبوون. لایەنـی بەریتـانی جەختـی لەسـەر ئەوە دەکـردەوە کە عەرەبەکـان دوو لەسـەر سـێی دانیشـتووانی شـاری موسـڵ پێکـدێنن. بەڵام، لایەنـی تـورکی کە دەیزانی تورک لە موسـڵ کەمـن بـۆیە باسـی دانیشـتووانی هەمـوو ویـلایەتەکەی دەکرد و پێی وابوو عەرەب تەنیا یەک لەسەر دوازدەی دانیشـتووانی ویـلایەتەکە پێکـدێنن. ئەوەشـیان بەبیـر هەمـوو لایەک دەهێنـاوە کە ئەوان چەنـدین سـەدە حوکمڕانی ئەو وڵاتەیان کردووە و زیاتر ئاگاداری بارودۆخی نـاوچەکە و ژمـارەی دانیشـتووانن، ئینگلیزیشـیان بەوە تۆمەتبـار دەکـرد کە خەمڵانـدنەکانیان لە بەرژەوەندیی عەرەبەکانە کە دەیانەوێت دەوڵەتیان بۆ دروست بکەن. تورکەکـان لە هەموو کەسێ باشـتر دەیـانزانی کە کـورد زۆریـنەی هەرە زۆری دانیشـتووانی ویلایەتـی موسـڵن و هەڵوێسـتی ئەوان یەکـلاکەرەوە دەبێـت لە چارەنووسـی کێشەکەدا، بۆیە هەوڵیان دا هەبوونی کورد بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بەکـاربێنن. لەم بـارەوە جەختیـان لەسـەر ئەوە دەکـردەوە کە کـورد و تـورک ڕێـژەی ٨٥٪ کۆی دانیشتووانی ویلایەتەکە پێکدێنن. وەک خـووی هەمیشەییشـیان گەلێـک لە

عەرەبەکانیان بە تورک دادەنا گوایە زمانی تورکییان لە بیرچووەتەوە یاخود هاوکات بە هەردوو زمان دەدوێن. لافی ئەوەشیان لێدەدا کە گوایە کورد و تورک لە یەک ڕەسەنن و یەک بنەچەیان هەیە(١٤).

لە کاتێکدا لایەنە ململانێکار و ناکۆکەکان لەسەر ویلایەتی موسڵ تانەیان لە خەمڵاندنەکانی یەکتری دەدا، نوێنەرانی کۆمەڵەی گەلان گومانیان لە دروستی و ڕاستگۆیی داتاکانی سەرجەم لایەنەکان دەکرد. ئەوان بۆیان دەرکەوت کە ئەو داتایانەی لە لایەن تورک، ئینگلیز و تەنانەت ئەوانەی لە لایەنی حکومەتی عێراقیشەوە دەخرانە ڕوو، دروست نین. لە کاتێکدا حکوومەتی تورکیا ژمارەی تورکمانی لە ویلایەتەکە گەورە دەکرد، حکومەتی بەریتانیا پێی وابوو کە ڕێژەی تورکمان ٨٪ کۆی دانیشتووانی ویلایەتەکە تێپەڕ ناکات، ئەمە لە کاتێکدا ڕێژەیان لە داتاکانی عێراق لەوەش کەمتر بوو. بەلای عێراقەوە تورکمان تەنیا ٥٪ کۆی دانیشتووانی ویلایەتەکەیان پێکدەهێنا. جیاوازییەکی گەورە هەبوو سەبارەت بە ڕێژەی عەرەب، کە لە نێوان ٩٪ بەپێی داتاکانی لایەنی تورکی و ٢٤٪ بەپێی لایەنی بەریتانی و ٢١٪ لە گۆڕ خەمڵاندنەکانی حکومەتی عێراقی. هەرچی کورد بوو، کە دانیشتووانی سەرەکی ویلایەتی موسڵ بوون، ئەوا جیاوازییەکان لە بارەیانەوە کەمتر بوون. ڕێژەی کورد بەپێی داتاکانی حکومەتی عێراق ٦٥،١٪ دانیشتوان بوو و بەپێی لایەنی بەریتانیش کورد ٥٧،٩٪ کۆی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵیان پێکدەهێنا(١٥).

**ڕێژەی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ بەپێی نەتەوە**

| پێکهاتە | ئاماری لایەنی تورکی | ئامارەی لایەنی بەریتانی | ئاماری لایەنی عێراقی |
|---|---|---|---|
| کورد | ٥٦،١ | ٥٧،٩ | ٦٥،١ |
| عەرەب | ٨،٦ | ٢٣،٧ | ٢٠،٩ |
| تورکمان | ٢٩،٢ | ٨،٤ | ٤،٨ |
| کرستیان | ٦،١ | ٧،٩ | ٧،٧ |
| جوو | —— | ٢،١ | ١،٥ |
| کۆ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

بەم شێوەیە دەبینین کە لە کاتی ئەم ململانێیەدا لەسەر خاوەنداریێتی ویلایەتی موسڵ پێکهاتەکانی کەرکوک جگە لە کورد پشتیوانێکیان هەبوو، داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانیان بکات. هەموو ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ژمارەیەک شارۆچکە و شارەدێی کورد لە ئامارەکاندا پشتگوێ خرابوون. تەنانەت ئێزیدییەکانیش، کە سەرجەم لایەنە پەیوەندارەکان بە کێشەی موسڵ، دانیان بەوەدا دەنا کە کوردن، کەچی لەو داتایانە و لە سەرژمێرییەکانی دواتریشدا کە حکومەتی عێراق ئەنجامی دەدان لە کورد جیا کرانەوە. خەمڵاندنەکانی هەردوو لایەنی عێراقی و بریتانی، کە پێشکەشی کۆمەڵەی گەلان کران، نزیک بوون لە یەکدی، دیارە هۆیەکەی ئەوەیە کە سەرچاوەی هەردوو خەمڵاندنەکە یەک بوو کە لایەنی بەریتانی بوو. ڕاپۆرتی کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە سنووری نێوان تورکیا و عێراق ئاماژەی بەوە کردووە کە لایەنی عێراقی ژمارەی دانیشتووانی کەرکوکی بۆ سالانی ١٩٢٢ و ١٩٢٤ بە ١١١٦٥٠ کەس خەمڵاندووە و بەپێی پێکهاتەی ئەتنیکیش بەم شێوەیە دابەشی کردوون: کورد ٤٢،٥٪، عەرەب ٣١،٩٪، تورکمان ٢٣،٤٪ و ئەوانی تر ٢،٢٪[١٦]. ئەو ڕێژە زۆرەی دانیشتوانی عەرەبی لیوای کەرکوک کە لەو ئامارەی حکومەتی عێراقدا پێشکەش کراوە، جێگەی باوەڕ و متمانەی کەس نەبوو، چونکە لە دوای ئەوەی عەرەبێکی زۆر لە لیوای کەرکوک نیشتەجێ کران و ژمارەیەکی زۆرتریش بۆ کارکردن ڕوویان کردە شارەکە، ئەوجا سی چل ساڵی ویست تا ڕێژەیان بگاتە ئەو ئاستەی لەوێدا خراوەتە ڕوو.

سەرژمێرییەکانی عێراق لە سالانی ١٩٢٧، ١٩٣٤ و ١٩٤٧ ئاماژە بە پێکهاتەی ئەتنیکیی دانیشتووان عێراق ناکەن. سەرژمێری یەکەم (١٩٢٧) هەوڵێکی شکستخواردوو بوو و هیچی لێ سەوز نەبوو، ئەوەی دووەمیش (١٩٣٤) تەنیا بۆ ئەوە بوو لیستی دانیشتووان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و خزمەتی سەربازی لە بەردەست بن. لە سەرژمێری ١٩٤٧یش تەنیا ئاماژە بە:

**پێکهاتەی ئاینی دانیشتووانی کەرکوک**[١٧]

| یەکەی کارگێڕی | موسڵمان | کرستیان | جوو | ئاینەکانی تر |
|---|---|---|---|---|
| قەزای ناوەندی | ٥٨٦٥٤ | ٦٧١٥ | ٢٨٧٣ | ٦٦ |
| دێهاتەکانی قەزاکە | ٢٣١٩٤ | ٨٦٢ | ٧٧ | ٣ |

ئـــاینی دانیشـــتووان کـــراوە. لە بەشـــەکانی پێشـــووی ئەم کتێـــبە بە دووروودرێژی قسەم لەسەر سەرژمێری ١٩٤٧ کردووە، بۆیە لێرە بەم خشتەیە کۆتایی پێدەهێنم.

کاربەدەستانی عێراق لە سەرژمێری گشتیی ساڵی ١٩٥٧دا بۆ پـۆلینکردنی دانیشتووان فاکتەری زمانی دایکی داهێنا. داهێنانەکە تازە نەبوو و بەناوی ئەمانەوە تۆمار نەکرا، چونکە بەر لەمان بە ٣٠ ساڵ کاربەدەستانی تورکیا پەیڕەویان دەکرد. هەرچەندە ئەم سەرژمێرییە تا ئێستاش بە باشترین سەرژمێرییەکانی عێراق دادەنرێت، بەڵام ئەمیش بەش بە خۆی کەم و کوڕی، تەنانەت شێواندنی ڕاستییەکانی تێدایە. لە بەشێکی تری ئەم کتێبەدا ئاماژەم بە کۆمەڵێـــک لەو کەم و کوڕییـــانە کـــردووە. بەپێـــی زانیارییەکـــانی سەرژمێرییەکەش ئەوەم خستۆتە ڕوو چۆن ژمارەی ئەوانەی بە کوردی قسەیان کردووە کەم کراوە و لە بەرامبەردا ژمارەی تورکمان زۆر لەوەی هەبووە پیشان دراوە. لێرەدا ئاماژە بەو پۆلینکردنە لەسەر بنەمای زمانی دایک دەکەم.

**پۆلینکردنی دانیشتووانی کەرکوک بەپێی زمانی دایک لە سەرژمێری ١٩٥٧دا**[١٨]

| زمانی دایک | شاری کەرکوک | ئەودوای لیواکە | کۆی گشتی لیوای کەرکوک |
|---|---|---|---|
| زمانی عەرەبی | ٢٧١٢٧ | ٨٢٤٩٣ | ١٠٩٦٢٠ |
| زمانی کوردی | ٤٠٠٤٧ | ١٤٧٥٤٦ | ١٨٧٥٩٣ |
| زمانی ئێرانی "فارسی ج.ق" | ١٠١ | ٢٢ | ١٢٣ |
| تورکی "دەبوایە بنووسرێت تورکمانی ج.ق" | ٤٥٣٠٦ | ٣٨٠٦٥ | ٨٣٣٧١ |
| ئینگلیزی | ٦٣٤ | ٦٣ | ٦٩٧ |
| فرەنسی | ٣٥ | ٦ | ٤١ |
| هیندی | ٧٩ | ٨ | ٨٧ |
| کلدانی و سریانی | ١٥٠٩ | ٩٦ | ١٦٠٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| زمانەکانی تر | ٤١٨ | - | ٤١٨ |
| نادیار | ٥١٤٦ | ١٣٨ | ٥٢٨٤ |
| کۆ | ١٢٠٤٠٢ | ٢٦٨٥٣٧ | ٣٨٨٨٣٩ |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا دەبێت هەندێک خاڵ سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. جارێ با باسی بنەمای زمانی دایک لەولاوە بوەستێت، کە بنەمایەکی دروست نییە بۆ دەرخستنی باری ئەتنیکیی خەڵک و پێشتر ئاماژەم پێکردووە. ئەوەی مایەی سەرنج و تێڕامانە دوو ژمارەن، یەکەمیان تایبەتە بە زمانی دایکی مەسیحییەکانی کەرکوک، کە لە ساڵی ١٩٥٧دا ژمارەیان لە ١٣ هەزار کەس زیاتر بوو لە هەموو لیواکە، بەڵام لە خشتەکەدا تەنیا ئاماژە بە زمانی دایکی ١٦٠٥ کەسیان کراوە. ئەمەش شێواندنی زەقی ژمارە و ڕێژەکانە. دووەمیان لەوەش سەیر و سەمەرەترە، ئەویش گوایە زمانی ٥٢٨٤ کەس لە دانیشتووانی کەرکوک نادیار و نەزانراو بووە. ئەمەش لە هەوڵی شێواندنی ڕاستییەکان بەولاوە هیچ لێکدانەوەیەکی تر هەڵناگرێت.

بۆ خۆی پەیڕەوکردنی بنەمای زمانی دایک لە پرسی پۆلینکردنی دانیشتوواندا لە شار و وڵاتی فرە ڕەگەز و کولتوور دەروازەیەک دەکاتەوە بە ڕووی ساختەکاریی بەربڵاو و شێواندنی ڕاستییەکاندا. لە کاتی بڵاوکردنەوەی دەرئەنجامەکانی سەرژمێرییەکەدا هەندێک لەو ساختەکارییانە دەرکەوتن[١٩].

زۆر کەسی شارەزا و ئاگادار لە بارودۆخی لیوای کەرکوک گومانی زۆریان خستە سەر ئەو ژمارانە. یەکێک لەوانە مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی بوو، کە کەسێکە شارەزاییەکی زۆری هەبوو لە مێژووی ناوچەکە، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، بنەچەو ڕەچەڵەکی دانیشتوان و هۆزەکانی. نووسینەکانی لەم بوارەدا بە سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕ لە زانیاری هەژمار دەکرێن[٢٠].

ژمارەیەک هۆز و ئاوایی کورد نشینی سەر بە شاری کەرکوک هیچ کاتێک پرۆسەکانی سەرژمێری نەیانیگرتووەتەوە. بەڵگەم بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە، کە کاربەدەستانی عێراق بە خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە تەنیا لە کاتی ئەنفالەکاندا بەو گوندانەیان زانیوە و تێکیان داون و دانیشتووانەکانیان ئەنفال کردوون[٢١].

سەرچاوەی زانستی واشمان لە بەردەستن کە گومان دەخەنە سەر ئەو ئامارانە، بەتایبەتی کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد و بەرزکردنەوەی ڕێژەی تورکمان و عەرەب لە کەرکوک. ئەوەتا دکتۆر شاکر خەسباک، زانای بەناوبانگی عێراقی، دووپاتی دەکاتەوە کە کورد لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا ٥٥،٢٪ کۆی دانیشتووانی لیوای کەرکوکی پێکدەهێنا[٢٢]. ئەم ڕێژەی دکتۆر خەسباک ئاماژەی پێداوە لە هەموو ئەوانی دیکە نزیکترە لە بارودۆخی ڕاستەقینەی پێکهاتەی ئەتنیکی دانیشتووانی کەرکوک. یەکێک لەو بەڵگانەی ناتەواویی سەرژمێری لە عێراق دەکات هەڵبەز و دابەزی ژمارە و ڕێژەی پێکهاتەکانە لە کەرکوک لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر. تەنیا وەک نموونە ڕێژەی تورکمان لە لیوای کەرکوک لە ساڵی ١٩٢٠ بە ٣٠،٣٪ مەزەندە کراوە، بەڵام لە سەرژمێری ١٩٥٧ بووە بە ٢١،٤٪ی کۆی دانیشتووان، کەچی لە ١٩٦٥ بەرزبووەتەوە بۆ ٢٦،٣٪ و لە ساڵی ١٩٧٧یش دابەزیوە بۆ ١٦،١٣٪ دانیشتووانی پارێزگای کەرکوک[٢٣].

هۆکاری سەرەکی ئەو هەڵکشان و داکشانە لە ڕێژەی پێکهاتەکانی کەرکوک و بگرە هەموو عێراق، سیاسەتی چەوسانەوە و جوداکاری حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانە کە بەرامبەر پێکهاتەکان پەیڕەویان کردووە و دەیکەن. ڕەنگبێت ڕەوشی تورکمان لەم بارەوە بە بەراورد بە کوردی کەرکوک و شارەکانی دیکە زۆر باشتر بێت. بارودۆخی نائاسایی و شەڕ و پێکدادان لە باشووری کوردستان بە درێژایی دەیان ساڵ، خەڵکێکی زۆری وا لێ کرد ئینتمای ڕاستەقینەی خۆیان بشارنەوە. ئەم دیاردەیە لە شوێنانی وەک کەرکوک و ناوچە فرە ئەتنیکەکانی دیکە بە زەقی دەبینرێ. بۆ خۆ پاراستن لە گێچەڵی کاربەدەستی حکومەت، دەزگای داپڵۆسێنەر و سەرکوتکەر خەڵکی ئەو ناوچانەی ناچار کردووە پەنا ببەنە بەر کاری لەو جۆرە. کەسانی دەست ڕۆیشتووش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان، یان بۆ گەیشتن بە پلە و پایە، کە لە بەردەم کوردانەدا داخراو بوون، کەوڵی خۆیان دەگۆڕی. کوردبوونی هاووڵاتی لە کەرکوک و دەڤەرە هاوشێوەکان هەمیشە سەرچاوەی سەرئێشە، چەوساندنەوە، دوورخستنەوە و ڕاوەدوونانی بێ کۆتایی بوو. لەبەر

هەموو ئەو هۆکارانە گەلێک کورد ناچار دەبوون نکۆڵی لە کوردێتیی خۆیان بکەن. ئەمە تەنیا بۆ وەچەی یەکەم زەحمەت بوو، ئەگینا نەوەکانیان یان هەر ڕەچەڵەکی ڕاستەقینەی خۆیان نەدەزانی یان ناسنامەی نوێیان دەبووە مایەی شانازی بۆیان. هەموو دانیشتوویەکی ڕەسەنی کەرکوک و ناوچە هاوچەشنەکان دەیان چیرۆکی لەم جۆرەی لە لایە و دەیان خێزانی کورد دەناسێت کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا کەوڵی کۆنی خۆیان داکەند و کەوڵێکی نوێیان پۆشی و ئێستا هەندێک لە نەوەکانیان نەیاری سەرسەختی کوردن.

یەک دوو دەیە دوای ئەو ساڵانەی ئەم توێژینەوەیان لە بارەوە کراوە، سیاسەتی ئاشکرا و ڕاگەیەندراوی بەعەرەبکردن و گۆڕینی واقعی نەتەوەیی دانیشتووانی کەرکوک بەتوندی دەستی پێکرد. ئەم پرسە ئاڵۆزە دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم بەشەوە. لێرەدا ئاماژەیەک بە هەندێک لە وتەکانی تاوانکاری سەرەکی تەعریب و ئەنفال عەلی کیمیاوی بە کارێکی بەجێ دەزانم. هەندێک لە وتەکانی ئەو بێ ئەوەی مەبەستی بێت، وێنەیەکی نزیک لە واقیعی پێکهاتەی ئەتنیکی کەرکوک دەخەنە ڕوو. لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ بەرپرسانی حزبی بەعس و سوپا و ئەمن لە ڕێکەوتی ١٥ نیسانی ١٩٨٩، کە وتەکانی تۆمار کراون و لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کەوتنە دەستی کورد، هەندێک شتی درکاندووە کە بەڵگەی تاوانبارکردنی خۆی و ڕژێمەکەین. لەو شریتە تۆمار کراوەدا، عەلی حەسەن ئەلمەجید شانازی بەوەوە دەکات کە لە ماوەی دوو ساڵی فەرمانڕەوایی ڕەهایدا لە کوردستان هێناویەتەدی، وەکو شاڵاوەکانی ئەنفال، بۆردومانی ٤٠ شوێن بە چەکی کیمیاوی و ڕووخاندنی هەزاران گوندی کوردستان. لەو تۆمارەدا باسی (دەستکەوتەکانی!!! ) خۆشی لە کەرکوک دەکات و دەڵێ: "حەز دەکەم باسی دوو خاڵ بکەم، یەکەم تەعریب و دووەم، ئەو ناوچە هاوبەشانە لە نێوان خاکی عەرەب و ناوچەی ئۆتۆنۆمی. ئەو خاڵەی کە باسی دەکەم کەرکوکە. ئەو دەمەی من هاتمە ئێرە ژمارەی عەرەب و تورکمان لە کەرکوک هێشتا لە ٥١٪ دانیشتووان زیاتر نەبوو". عەلی کیمیاوی ئەوەمان بۆ ڕوون ناکاتەوە ئاخۆ بەتەنیا باسی شارەکە دەکات یان هەموو پارێزگای کەرکوک. دواتر بەردەوام دەبێت و دەڵێت "لەگەڵ هەموو

ئەوەدا ٦٠ ملیۆن دینارم خەرج کرد تا گەیشتینە ئەم دۆخەی ئێستا. با ڕوون و ئاشکرا بێت لە لاتان هەموو ئەو عەرەبانەی هێنامانن بۆ کەرکوک ڕێژەیان نەگەیشتە ٦٠٪ دانیشتووان، ئەو کاتە فەرمانم دا و لە کوردی کەرکوکم قەدەغە کرد لە دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کاربکەن. کەرکوک تێکەڵەیەکە لەنەتەوە، ئاین و مەزهەبگەلی جیاواز. هەموو ئەو خەڵکەی لە ماوەی ٢١ مایس بۆ ٢١ حوزەیران ڕامانگوێزان دانیشتووی ناوچە قەدەغە کراوەکان نەبوون. ئەوان لەژێر دەسەڵاتی تێکدەراندا بوون، جا هاوسۆز بووبن لەگەڵیان یان دژیان بووبن)[٢٤].

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:

Longrigg S.H, Four Centuries of Modern Iraq, Oxford, 1925

هەروەها بڕوانە: محمد أمين زكي، تأريخ الدول والأمارات الكردية في العهد الأسلامي، ترجمة محمد علي عوني، القاهرة ١٩٤٨؛ هەروەها بڕوانە: ئی. ێ، ڤاسیلیێڤا، ڕۆژهەڵاتی باشووری کوردستان کوردستان لە سەدەی حەڤدەهەمەوە تا دەسپێکی سەدەی نۆزدەهەم، پوختەیەک لە مێژووی میرنشینەکانی ئەردەڵان و بابان، مۆسکۆ ١٩٩١.

٢. ئینسایکلۆپیدیای جودایکا ئاماژە بەوە دەکات کە جووەکان چوار سەدەی دوایی لە کەرکوک ژیاون و ژمارەیان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و دەسپێکی سەدەی بیستەم ٢٠٠ خێزان بووە. ئەوان لە گەڕەکێکی تایبەت بە خۆیان دەژیان و لە ساڵی ١٩١٨ لەگەڵ کرستیانەکانی کەرکوکدا یارمەتی بەریتانیایان داوە بۆ داگیرکردنی کەرکوک. لە ساڵی ١٩٤٧ ژمارەیان ٢٣٥٠ کەس بووە "بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ ژمارەی جووەکانی کەرکوک ٢٩٥٠ کەس بوون ج. ق". هەموویان لە ساڵی ١٩٥٠/ ١٩٥١ بۆ ئیسرائیل کۆچیان کرد. سەبارەت بە ژمارە و ڕۆڵیان لە کەرکوک بڕوانە:

Encyclopaedia Judaica, vol. 10, p.1047 – 48

٣. بڕوانە علاءالدين سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا ١٩٥٢، ل ٦٥- ٦٦.

٤. گەشتی ئەندازیار یۆسێپ چێرنیک بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووباری دیجلە و فورات لە ڕووی هونەرییەوە لەگەڵ باسکردنی پەڕینەوە بۆ باکوری سوریا، لە ئەڵمانییەوە کراوە بە ڕووسی، بڵاوکراوەی بەشی کەفکازی کۆمەڵەی جوگرافی شاهانەی ڕووسی، بەرگی ٦، ١٨٧٩، ل. ٩١.

٥. قاموس الأعلام، تاريخ و جغرافيا لغاتنى و تعبير أصحلة كافه أسماء خاصەیى جامعدر، محررى ش. سامى، صاحب و طابعى: مهران، بشنجى جلد، معارف نظارت جليلەسى طرفندن تقدير و تحسين أولنەرق طبع اولنمشدر، إستانبول، مهران مطبعسى ١٣١٤، ص ٣٨٤٦.

6. E. B. Soane, To Mesopotamia and Kurdistan in Disgue, with historical notieces of the Kurdish tribes and the Chaldeans in Kurdistan, Boston 1914, PP. 120- 124. یەکێک لە

لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەدا ڕستەی "شارێکی سێ زمانی سنوورەکانی کوردستانە" کراوە "لە یەکێک لە شارەکانی سەر سنووری کوردستان، کە خەڵکەکەی بە سێ زمان قسە

دەکەن"، هەڵــبەتە جیــاوازی لە نێــوان هەردوو دەربــڕینەکەدا دیــارە و مەبەســتەکەش ئاشکرایە. بڕوانە: رحلة متنكر الى بـلاد مـابين النهرين و كردسـتان، تـأليف: سـون، ترجمة فؤاد جميل، ج١، ط١، بغداد ١٩٧٠، ص ١٥٨.

٧. محەمەد ئەمین زەکی باسی ئەو کتێبەی مەیجەر سۆنی نەکردووە کە ئەم ژمـارانەی لێـی وەرگرتووە. ئەو کتێبەی سۆنیش کە لە بەرد ەستی مندایە باسی هیچ ژمارەیەک ناکـات لەوانە زیاتر کە باسم کـردوون. وادیـارە ئەو لە بەرهەمێکـی دیـکەی سـۆن، کە زۆری لە بــارەی کــورد و کوردســتانەوە نووســیوە، ئەو زانیارییــانەی وەرگرتــووە. وەرگێــڕی کتێبەکەی سۆن بۆ عەرەبی فوئـاد جەمیـل باسـی کتێـب یـان نـامیلکەیەکی تـری سـۆن دەکات بە ناوی "ڕێبەری باشووری کوردسـتان" کە زۆر ورد و پـڕ لە زانیـاریی دروسـتە. بڕوانە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٠.

٨. مـحەمەد ئەمـین زەکـی، مـولاحەزەم دەرحەق بە قـانوونی لوغـاتی مەحەللـی تەقـدیمی مەندوبی سامی کرا، واتا "تێبینییەکانم لەسەر قانوونی زمانە خۆجێییەکـان"، لە کتێبـی دوو تەقەلای بێسوود، سەباحی غالب توێژینەوە، لێکـۆڵینەوە و پێشـەکی بـۆ نووسـیوە پەراوێزی بۆ ڕێکخستووە، چاپخانەی "هەڵوێست" لەندەن ١٩٨٤. ل. ١٠٤ ـ ١٠٥.

٩. سی. جی. ادموندز، كرد وترك و عرب ـ سياسة ورحلات وبحوث عن الشمال الشـرقي فـي العراق ١٩١٩ـ١٩٢٥، ترجمة جرجيس فتح الله، بغداد ١٩٧١، ص ٢٤١. هەروەها بـڕوانە: ئە. م. مینتیشاشڤیللی، کورد ـ کورتەیەک لە مەڕ پەیوەنـدیی کـۆمەڵایەتی ـ ئـابووری و کولتووری و شێوازی ژیان، مۆسکۆ ١٩٨٤، ل. ٢٥ و ١٩٣ (بە زمانی ڕووسی".

10. Hay W.R, Two Years in Kurdistan: Experiens of a Political Officer 1918 – 1920, London 1922. P.81; Longrigg S.H. Iraq 1900 to 1950. A political, social and Economic History, London 1953. P. 53.

١١. مذكرة محمد أمين زكي الى الملك فيصـل الأول حـول الشـأن الكـردي العراقـي فـي ٢٠ كانون الأول ١٩٣٠، ترجمة وتقديم الدكتور جبار قادر، "الملـف العراقـي" العـدد ١٠٤، ب.م، ص ٦٤ـ٦٥.

١٢. أدموندز، المصدر نفسه، ص ٢٤٠ – ٢٤١.

13. Loder Y. de V, The Truth about Mesopotamia, Palestine and Syria, London 1923, P.214

14. Ibid, P. 215 – 218.

بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە دید و بۆچوونی هەردوولای ڕکابەر بڕوانە: م.س. لازەرێف. ئیمپریالیزم و پرسی کورد ١٩١٧ – ١٩٢٣، مۆسکۆ ١٩٨٩، ل. ٣٠٦ ـ ٣٠٩.

١٥. تقرير عصبة الأمم، مسألة الحدود بين تركية والعراق، مطبعة الحكومة، بغداد، ص. ٩٤، نقلا عن " كركوك في تقرير عصبة الأمم، مجلة "هاوارى كركوك"، العدد ٤، أربيل ١٩٩٩، ص. ١٧٧-١٧٨.

١٦. نفس المصدر السابق.

١٧. المملكة العراقية، وزارة الشؤون الإجتماعية، مديرية النفوس العامة، إحصاء السكان لعام ١٩٤٧، الجزء الثاني، لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواء أربيل، بغداد ١٩٥٤، ص ١١٨.

١٨. الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الإحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي كركوك والسليمانية، طبعت بمطبعة العاني، بغداد، بلا.ت.

19. الدكتور نوري طالباني، منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، ط ٢، بلا.م، ١٩٩٩، ص. ٧٩.

٢٠. مجلة " هاواري كركوك"، العدد ٢، كانون الأول ١٩٩٨، ص٣١.

٢١. لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی عێراق، کە تایبەت بوون بە شاڵاوەکانی ئەنفال و دوای ڕاپەڕین کەوتنە دەستی خەڵک، ئاماژەی لەو جۆرە هەن سەبارەت بەو ئاوایییانەی پارێزگای کەرکوک کە دامەزراوەکانی دەوڵەت هیچ زانیارییان لە بارەیانەوە نەبوو و تەنانەت لەسەر نەخشە مەدەنی و سەربازییەکانیش نەبوون. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:

Genocide in Iraq, the Anfal Campaign against the Kurds, HRW/ME, New York 1993.

٢٢. الدكتور شاكر خصباك، الكرد والمسأله الكردية، بغداد ١٩٥٩، ص ٤٣.

٢٣. الدكتور خليل إسماعيل، التوزيع الجغرافي للتركمان في العراق، مجلة السياسة الدولية، العدد٤، أربيل، كانون الثاني ١٩٩٤، ص ٢٨-٢٩

24. Genocide in Iraq, the Anfal Campaign against the Kurds, Human Rights Watch/ ME. New York. 1993, P. 353.

## کوردی کەرکوک: لە پەراوێزخستنەوە بۆ پاکتاوکردنی نەژادی.

بـارودۆخی سیاسـی و ئەتنیکیـی نـاهەمواری کەرکـوک و هەمـوو ئەو دەڤەرانەی بەر شاڵاوی سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی کەوتن، هەروەهـا هەمـوو ئەو هەوڵانەی گەلـێ لایەن چالاکـانە بەشـداری تێـدا دەکەن بـۆ شـێواندنی راسـتییەکانی مێـژوو، جوگرافیـا، بـاری ئەتنیکـی و کـۆمەڵایەتیی ئەم دەڤەرە گرنگـانەی باشـووری کوردسـتان، بەرهەمـی راسـتەوخۆی سیاسـەتێکن کە لەم بەشـەدا بە سیاسـەتی پەراوێزخسـتنی کـورد لە کەرکـوک نێـوی دەبەم. ئەم سیاسەتە لە کەرکوکدا پێشینەیەکی مێژوویی دوور و درێـژی هەیە. داگیرکەرانـی عوسمانی، بەریتانی و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق ، هەر یەکەی بە شێوازێک پەیرەویان کردووە بۆ لاوازکردنی پێگە و کاریگەری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردان لە کەرکوک. لە سەر دەستی حکومەتی بەعس یەکەم شەپۆڵی راگواستنی کوردی کەرکوک دەسـتی پێکـرد و لە سـەر دەسـتی رژێمی سەدام حوسـێن گەیشـتە ئاسـتی سیاسـەتی کۆمەڵکـوژی و پاکتـاوکردنی نەژادی کوردان لە کەرکوک، گەرمیان و گەلێ دەڤەری تری کوردستان.

لە رێگەی لێکدانەوەی سیاسـەتەکانی دەسـەڵاتدارانی عوسـمانی لە شـاری کەرکوک، وەک ناوەندێکی گرنگی سەربازی، کـۆکردنەوەی فەرمـانبەران، هەوڵـی نیشتەجێکردنی کاربەدەستانی سەربازی و ئیـداری، هەروەهـا بە عوسـمانیکردنی بەشـێک لە دانیشـتووانی کـوردی کەرکـوک، دەتـوانین لەو دەسـەڵاتە بەهێـزە ئـابوورییە، کـارگێڕی و سیاسـییەی کەمیـنەی تورکمـان لەم شـارە تێـبگەین. شیکردنەوەی سیاسـەتەکانی کۆڵۆنیـاڵی بەریتـانیش لە کوردسـتان، دۆزینـەوە و دەرکردنـی نەوت لە کەرکـوک، هەوڵەکـانی بـزووتنەوەی رزگـاریخوازی کـورد بـۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سـەربەخۆی کوردسـتان، کە دەبـوایە کەرکوک پێگەیەکـی گرنگ و تایبەتی تێدا هەبوایە، هەموو ئەم فاکتەرانە دەتوانن یارمەتیمـان بـدەن لە تێگەیشتنی هێڵە سەرەکی و هۆکارەکانی سیاسەتی پەراوێزخسـتنی کـورد لە کەرکوک. هەروەها تیشک دەخەینە سـەر سـتراتیژ و پلانەکـانی کاربەدەسـتانی بەریتانی و دەسەڵاتدارانی عێراق لەم بوارەدا .

سیاسەتی پەراوێزخستنی کورد لە کەرکوک لە سەد و پەنجا ساڵی رابردوودا لە بوارە جۆر بەجۆرەکانی بەڕێوەبەرایەتی، فێرکردن، ژیانی ئابووری و دیمۆگرافیدا بە زەقی رەنگی داوەتەوە . .

بابەتی پەراوێزخستنی کوردان لە کەرکوک و دەڤەرەکانی دیکە زۆر سەرنجی نووسەرانی کورد و بیانی رانەکێشاوە و لێکۆڵینەوەی کەمی لە بارەوە کراوە، هەرچەندە لێکدانەوەی هەمە لایەنەی ئەم بابەتە نەک تەنها پێویستییەکی زانستییە، بەڵکو گرنگیی سیاسی و پراکتیکیشی بۆ دوارۆژی کورد لە باشووری کوردستان و عێراق لەوە کەمتر نییە .

## گۆڕینی دیمۆگرافیا وەک هەنگاوی یەکەمی پەراوێزخستنی کورد لە کەرکوک

کەرکوک بۆ ماوەی چوار سەدە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو. دەروازەی باڵا لە کلاورۆژنەی پتەوکردنی دەسەڵاتی سەربازی، کارگێڕی و ئابووری خۆی لە سەر ئەو هێڵە گرنگەی کە بە کەرکوکدا تێدەپەڕی، هەموو هەوڵێکی دەدا بۆ ئەوەی لەم شارە و شارۆچکەکانی تری سەر ئەم هێڵە پێگەی سەربازی، کارگێڕی و ئابووریی خۆی بەهێز بکات و رێگە لە هەموو ئەو هێزانە بگرێ کە دەتوانن ببنە هەڕەشە بۆ باڵادەستیی ئەو لەم دەڤەرە گرنگەی کوردستان.

ئەوەی زاندراوە شاری کەرکوک لە نیوەی یەکەمی سەدەی شازدەهەمەوە ناوەندی ویلایەتی شارەزوور بوو، کە سنوورەکانی هەر سێ پارێزگای کەرکوک، سلێمانی و هەولێری دەگرتەوە. دەسەڵاتی عوسمانی بە هێز نەبوو، بۆیە میرانی ئەردەڵان و بابان لەم دەڤەرانە خاوەن دەسەڵاتی راستەقینە بوون. ئەم بارە تاوەکو سەرەتای سەدەی هەژدەهەم بەردەوام بوو[1]، کاتێ پرسی دامەزراندنی فەرمانڕەوای کەرکوک کەوتە دەست پاشای بەغدا. ئەم پەیوەندییە لە نێوان فەرمانڕەوای کەرکوک و پاشای بەغدا تا کۆتایی سەردەمی مەمالیکەکان لە بەغدا بەردەوام بوو. گەڕیدەی بەریتانی جێمس باکینگهام، کە لە ساڵی ١٨١٦ سەردانی کەرکوکی کردووە، ئاماژە بەوە دەکات کە شارەکە کەوتووەتە ژێر ڕکێفی پاشای بەغداوە و فەرمانڕەوای شارەکەیش پیاوی ئەو بووە[2] .

له سـەردەمی فەرمـانڕەوایی مەدحەت پاشـادا سـەنجەقی کەرکـوک هێشـتا هەر بە شـارەزوور دەناسـرا و گەلـێ نـاوچەی باشـووری کوردسـتانی ئەوڕۆی دەگـرتەوە. کـاتێ ویلایەتـی موسـڵ لە سـاڵی ١٨٧٩ سـەرلەنوێ دامەزرایەوە و فۆرمی کۆتایی خۆی وەرگرت کەرکوک کرا بە یەکێ لە سـەنجەقەکانی سـەر بەو ویـلایەتە. سـاڵی ١٨٩٣ ـ ١٨٩٤ دەسـت لە بەکارهێنـانی نـاوی شـارەزوور بـۆ پێناسەکردنی کەرکوک هەڵگیرا و کەرکوک جێگەی گرتەوە. هۆکاری ڕاگەیانـدنی ئەم هەنگاوە بۆ ئەوە گێڕدرایەوە گوایە لە نامە و نامەکاریی دەزگا فەرمییەکاندا کێشەی زۆر هاتوونەتە ئاراوە بەهـۆی وێکچوونی نێـوی سـەنجەقی شـارەزوور و سـەنجەقی زور "دێـرەزوور" لە وڵاتـی شـام[٣]. ویلایەتـی موسـڵ تـا شکسـتی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا و داگیرکردنی دووەمـی کەرکـوک لە لایەن ئینگلیـزەوە لە ٢٥ نـۆڤەمبەری ١٩١٨ هەر بەو شـێوەیە مـابووەوە و لە سەنجەقەکانی موسڵ و کەرکوک و سلێمانی پێکدەهات. سـەنجەقی کەرکـوک لە ڕووی فراوانی ڕووبەر و ژمارەی دانیشتووانەوە دوای سەنجەقی مووسڵ دەهات و بریتـی بـوو لە ٦ قەزا، کە قەزاکـانی ناوەنـدی کەرکـوک ، هەولێـر، ڕەوانـدز، کۆیسنجەق ، ڕانیە و سـەلاحیە (کفـری) بـوون، ١٧ شـارەدێ "نـاحیە" و ١٧١٢ ئـاواییش سـەر بەم سـەنجەقە بـوون[٤] . پێـنج لە شـارەدێکان سـەر بە قەزای ناوەنـد بـوون، کە ناحیەکـانی گـل، شـوان، پـردێ، داقـووق ( هەنـدێ جـار خورماتوو جێگای دەگرتەوە) و مەلحە بوون . سنوورەکانی قەزای ناوەند بەپێی ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵ بەم شێوەیە بوون: (هەڵـکەوتەی قەزای ناوەنـدی کەرکـوک لە نێـوان زێـی بچـووک، سـنوورەکانی قەزای سـەلاحیە، سـەنجەقی سلێمانی و چیای حەمریندایە[٥].

فاکتەرێکی گرنگ کە لە هەمان کاتـدا ئـامێرێکی کـارا بـوو بـۆ لاوازکردنـی پێگەی کورد لە کەرکوک، هەوڵی گۆڕینی پێکهاتەی ئەتنیکی دانیشـتووانی شـار و هەموو دەڤەرەکە بوو بە قازانجی کەمینەی تورکمان.

لێکـدانەوەی بـاری دیمـۆگرافی دانیشـتووان و ئەو ئـاڵوگۆڕانەی بەسـەر پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوواندا هـاتن لە کەرکـوکی شـار و دەڤەر چ لە دەمـی داگیـرکەری عوسـمانی و بەریتانیـادا و چ لە کـاتی حکـومەتە یەک لە دوای

یەکەکانی عێراقدا، ئەو راستییانەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە چۆن هەوڵ دراوە ڕێـژەی دانیشـتووانی کـورد کەم بکـرێتەوە و ڕێـژەی کەمیـنە نەتەوەیـی و ئاینییەکـان بەرز بکـرێتەوە. دەسـەڵاتدارێتی عوسـمانی لە ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدەهەمەوە هەوڵـی زۆری دا بـۆ بەهێزکردنـی پـێگەی خـۆی لەم دەڤەرە. لە ماوەی سێ چارەکە سەدەدا ڕێژەی تورک و ئەوانەی خۆیـان بە تـورک لە قەڵەم دەدا، لە ژمـارەیەکەوە کە ئەوەنـدە کەم بـوو سـەرچاوە مێژووییەکـان هـیچ گرنگییان پێ نەداوە و ئاماژەیان پێ نەکردووە، گەیشتووەتە زیـاتر لە٢٠٪ کـۆی دانیشتووان[٦] .

لە دوای عوسمانییەکان و لە سەردەمی دەسەڵاتی بەریتانی و پاشـایەتیدا، لە تەک کەمینەی تورکمانـدا ڕێـژەی عەرەب، ئاسـوری و ئەرمەنـیش هەڵکشـانی گەورەیـان بە خۆیـانەوە بینـی. ئەمە لە کاتێکـدا کە ڕێـژەی عەرەب لە لیـوای کەرکـوک لە سـەروبەندی دامەزرانـدنی دەوڵەتـی عێراقـدا بەپێـی ئەو ژمـارانەی ئینگلیزەکـان پێشکەشـیان دەکـرد زیـاتر لە ١٠٪ کـۆی دانیشـتووانیان پێـک نەدەهێنا[٧]، کەچی لە ساڵی ١٩٥٧ دەبینین کە ئەم ڕێژەیە دەگات بە٢٨،٢٪ و لە سـاڵی ١٩٧٧ دەبێـت بە ٤٤،٤٪. ئەم تـابلۆیە بەرهەمـی سیاسـەتەکانی حکـومەتە یەک لە دوای یەکەکـانی عێـراق بـوو، کە لە سـییەکانی سـەدەی بیستەمەوە تا لەنێوچوونی دەسەڵاتی بەعس لە ٢٠٠٣ لە کەرکـوک و دەوروبەری پەیڕەویان دەکرد.

هەڵکشـانی ڕێـژەی عەرەب و کەمینەکـانی کەرکـوک هاوتـا بـوو لەگەڵ داکشانی ڕێژەی کـورددا، کە سـاڵ لە دوای سـاڵ و هەنـدێ جـار بە شـێوەیەکی دراماتیکی لە کەرکوکی شار و پارێزگا هەستی پێدەکرا. شایانی باسە، پرۆسەی کەمکـردن و داکشـانی ڕێـژەی دانیشـتووانی کـورد لە کەرکـوک، لە سـەردەمی عوسمانییەوە دەستی پێکرد و لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا گەیشتە ترۆپـک. لەکاتێکدا بەپێی هەنـدێ سـەرچاوەی مێژوویـی لە حەفتاکـانی سـەدەی نـۆزدەدا نزیکەی سەرجەم دانیشتووانی کەرکوک، بێجگە لە چەنـد خێزانێکـی کریسـتیان، هەموو کورد بوون[٨]. تەنانەت بەپێی سەرچاوە عوسمانییەکان خۆیان، کە دوور نەبـوون لە هەوڵـی کەمکـردنەوەی ژمـارەی کـورد و زۆرکردنـی ژمـارەی تـورک،

ڕێـژەی کـورد لە کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەدا هێشـتا سـێ لە سـەر چـواری دانیشـتووانیان پێکـدەهێنا. هەروەهـا لە سـاڵی ١٩٣٠ دا بەپێـی سـەرژمێری شارەوانی کەرکوک، هێشتا کورد زیاتر لە ٥٥٪ ی دانیشتووانیان پێکدەهێنا[٩].

لەگەڵ ئەو هەموو راستییانەدا، لە سییەکانی سـەدەی بیسـتەمەوە رێـژەی دانیشـتووانی کـورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە کەمـی دەدا، بـۆ ٤٨،٣٪ لە ١٩٥٧ و ٣٧,٦٪ ساڵی ١٩٧٧ و ٢١٪ لە ١٩٩٧. بەهـۆی هێنـانی دەیـان هەزار عەرەب و دەرکردنی دەیان هەزار کورد، دەبینین ڕێژەی کـورد بەو شـێوە ترسـناکە کەمـی کرد[١٠].

سیاسـەتی بەعەرەبکردنـی کەرکـوک، گەرمیـان و زۆر نـاوچەی دیـکەی باشووری کوردستان کە بەر شاڵاوی ئەم سیاسەتە کەوتن، بەتـایبەتی لە سـاڵی ١٩٧٥ بەدواوە و تـا ئێسـتایش بەردەوامە. لەسـێبەری دەسـەڵاتی بـەعس و سیاسـەتەدا پرۆسـەکە گەیشـتە پـلەی پاکتـاوکردنی نەژادی. ئەنجامـدانی شاڵاوەکانی ئەنفال، بەتـایبەتی لە ئەنفـالی سـێدا، کە بەدەیـان هەزار کـورد لەو ناوچانە تێیدا بوون بە قوربانی، دەرکردنی دەیان هەزار کورد و هێنـانی سـەدان هەزار عەرەب بۆ کەرکـوک و دەوروبەری، لەت و پەتکـردن و دابەشـکردنی یەکە کارگێڕییەکانی کەرکـوک بە سـەر پارێزگاکـانی سـەلاحەدین، دیـالە، سـلێمانی و هەولێـردا، گـۆڕانێکی وای بەسـەر بـاری دیمـۆگرافی و پێکهـاتەی ئەتنیکـی دانیشتووانی ئەم نـاوچەیەدا هێنـا کە وێنـەی دەگمەنە لە جیهانـدا. بەرپرسـانی بەعـس بە خۆیـان بەڵـگەی زۆریـان لە دووی خۆیـان لەو بـارەوە بە جـێ هێشتووە[١١].

کەمکـردنەوەی ڕێـژەی کـورد لە شـار و پارێزگـای کەرکوکـدا بەو شـێوە درامـاتیکییە و گـۆڕینی پێگەیـان لەو دەڤەرە لە زۆریـنەی دانیشـتووانەوە بـۆ کەمینەیەکـی چەوسـاوە، پەراوێزخـراو و تۆقێنـدراو، بەرچـاوترین و ئاشـکراترین بەرهەمـی سیاسـەتی پەراوێزکردنـی کـوردە لە کەرکـوک، کە دەسـەڵاتداران بە درێژایی سەدە و نیوێک بە شێوازی جیا جیا بەرامبەر کورد پەیڕەویان کردووە.

### نەخوێندەواری و پشتگوێ خستنی زمانی کوردی وەکو ئامرازی پەراوێزکردن

بۆ ئەوەی گرووپێک یا گەلێک پەراوێز و لاواز بکرێت، دەبێ لە خوێندەواری بێبەش بکرێت و ڕێگەی ئەوەی لێ بگیرێت دەستی بە زانست رابگات. هەموو داگیرکەرانی کوردستان لە سیاسەتیاندا بەرامبەر بە کورد لەم ڕێچکەیە لایان نەداوە، بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان داوە کورد بە نەخوێندەواری بهێڵنەوە، چونکە تەنها لە سێبەری نەخوێندەواری و نەزانیی کورددا، دەتوانن درێژە بدەن بە باڵادەستی و دەسەڵاتی بێسنووری خۆیان بەسەریاندا. زمانی دایکیش ئامێری سەرەکی خوێندن و گەشەکردنی ڕۆشنبیری و کولتووری گەلانە. ئەگەر داگیرکەران لە هەندێ شار و دەڤەر لە ژێر گوشاری بزاڤی رزگاریخوازی کورددا ناچار بووبێتن قوتابخانە و فێرگە بکەنەوە و رێگە بە خوێندن بە زمانی کوردی بدەن، ئەوا لە کەرکوک هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بۆ پەراوێزکردنی کورد بە کاربهێنن. بۆیە یەکێ لە بوارە سەرەکییەکانی سیاسەتی پەراوێزکردنی کوردی کەرکوک بواری پەروەردە و خوێندن بووە. دووربینانی کورد زوو لەم سیاسەتە و ئاکامە ترسناکەکانی بۆ دوارۆژی کورد لەم دەڤەرە گرنگەی کوردستان تێگەیشتوون و هەڵوێستیان لە دژی پێشان داوە. مێژوونووسی گەورەی کورد محەمەد ئەمین زەکی لەم بارەیەوە لە نامەیەکدا بۆ کۆمیساری باڵای ئینگلیز لە عیراق، کە خاوەن دەسەڵاتی راستەقینە بوو، لە ٢٠ ئایاری ١٩٣١دا، ئاماژەی بە هەوڵی پەراوێزکردنی کورد کردووە لە بواری خوێندندا لە کەرکوک و لەم بارەیەوە نووسیویەتی و دەڵێت: (لە کاتێکدا دەبینین پێکهاتەی ئەتنیکی دانیشتووانی لیوای کەرکوک بەم شێوەیەیە: کورد ٥١٪، تورکمان ٢١٪، عەرەب ٢٠٪ و ناموسوڵمان ٨٪ی دانیشتووان پێکدەهێنن، دەبینین بە پێچەوانەی ئەو ئامارانەوە لەو ٢٤ قوتابخانەیەی لە لیوای کەرکوک هەن، تەنها سێ قوتابخانەی سەرەتایی بە زمانی کوردین)[١٢]. ئەمە باری خوێندن بوو لە لیواکە کە زۆربەی دانیشتووانی کورد بوون و دەبوایە بە لانی کەمەوە نیوەی ئەو قوتابخانانەی لە لیواکەدا هەبوون بە کوردی بوونایە. باری ناو شاری کەرکوک لە بواری

خوێندندا بە زمانی کوردی زۆر لەوە خراپتر بوو، هەر بە وتەی محەمەد ئەمین زەکی لەو ١٠ قوتابخانەیەی کە لەو کاتەدا لە شاری کەرکوک هەبوون ٦ یان بۆ تورکمان و دووانیان بۆ کرستیان و دووانەکەی تریان بۆ جووەکان بوون. بە دەربڕینێکی تر بەشی زۆرینەی دانیشتووانی شاریش، کە کورد بوون، بە وتەی ئەو مێژوونووسە کوردە: (لەم قوتابخانانە بە غەیرە سفر هیچی تر نییە)[١٣].

دەسەڵاتدارانی عێراق لە کەرکوکدا نەک هەر قوتابخانەی کوردییان نەدەکردەوە، بەڵکو ئەوەیشی هەبوو دایاندەخست. گۆڤاری (زاری کرمانجی) لە ژمارە ١٩ی خۆیدا، کە لە مانگی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٢٩، دەرچووە نامەی کوردێکی کەرکوکی بڵاوکردۆتەوە، لەو نامەیەدا هاتووە: (چەند ساڵ لەمەوپێش بە کۆشش و غیرەتی مستەر دایلی بۆ کوردەکان مەکتەبێ دانرا، ناویان نا مەکتەبی تەکیە. کوردەکان دڵیان پێی خۆش بوو و مناڵیان بردە ئەوێ و دایانە خوێندن، لە پاش مستەر دایلی ئەو مەکتەبە لابرا، هەرچی کرا و کۆشرا نەکرایەوە)[١٤].

نەبوونی قوتابخانەی کوردی لە قەزاکان و ناوەندی لیوای کەرکوک، کە وەک محەمەد ئەمین زەکی بە شێوازی نووسینی کوردیی ئەو ڕۆژگارە نووسیویەتی، دەڵێت: (نیوەی خەڵکەکەی وەیا زیاتر لە نیوەی کوردن، ئەهالی سوق ئەکاتە سەر ئەوەی کە یا مناڵەکانیان نەنێرنە مەکتەب چونکە نایانەوێ زمانی تورکی قوبووڵ بکەن، وەیا بە نابەدڵ بیان خەن، تەبیعی ئەم نەوعە وەزعیەتە شایانی تەئەسوفە وە لە عەینی وەقتا لە لایەکەوە موخالیفی عیلمی تەربیەیە، وەلەلایەکی تریشەوە مەسلەحەتی حوکوومەت نیە، بەڵام مەیدان دانی حوکوومەت بۆ مانەوە و دەوام کردنی ئەم وەزعیەتە غەریبە بە هیچ شتێک تەئویل ناکرێ، ئیللا بەوە نەبێ کە حوکوومەت ئەیەوێ تەشجیعیان بکا بۆ ئەم زمانە و بڵاوبوونەوەی تا زەرەر لە کورد بدا وە تورکمان ئامادە بکا بۆ ئەوەی کە زیاتر لە ئێستە بە سەر کوردا زاڵ ببن)[١٥].

ئەم بارە لە بواری خوێندندا بە زمانی تورکی و دوای ئەوەیش بە عەرەبی بارێکی ئاڵۆزی بۆ منداڵانی کورد لە کەرکوک دروست کردبوو. هەر لەو نامەیەی ئەو کوردەی کەرکوکدا، کە لە گۆڤاری (زاری کرمانجی)دا بڵاوکراوەتەوە، باسی

ئەو دۆخە کراوە و بە پێویستی دەزانم لێرەدا ئاماژە بە ناوەڕۆکەکەی بکەمەوە، نووسەری نامەکە دەڵێت: (لە کەرکوکدا وانە وتنەوە لە قوتابخانەی کلدانی و ئیسرائیلی و ئەرمەنی بە زبانی خۆیان ئەکرێ، بەڵام کوردەکان ناچارن بە زبانی بیانی بخوێنن... منداڵانی کورد خەریک ماون، کە دەچنە قوتابخانە لە دەسپێکدا چوار ساڵان بە تورکی دەخوێنن تا هەندێ لە تورکی فێر دەبن بێ ئەوەی شتێ لە زانست فێر بن، پاش ئەوە دەست دەکەن بە خوێندن بە عەرەبی و تا سێ چوار ساڵ بە شەل و کوت هەندێ عەرەبی فێر دەبن و دەچن بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لە قوتابخانەی باڵا وەربگیرێن. دیارە لە تاقیکردنەوە دەرناچن و دەردەکرێن. ئەمە دوو ساڵە قوتابیانی کەرکوک چۆن هەموو بە گەل دەچنە بەغا، وەهاش بەدەست بەتاڵی دێنەوە)[١٦].

لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەمەوە زمانی عەرەبی بەرە بەرە جێگەی زمانی تورکی دەگرتەوە، ئیتر خوێندن لە کەرکوک تەنها بە زمانی عەرەبی بوو. تا ساڵی ١٩٧٠ دوای ڕێکەوتنی ١١ ئازاری ئەو ساڵە دەسەڵاتی بەعس ناچار بوو ڕێگە بە خوێندن بە زمانی کوردی بدات و چەند قوتابخانەیەکی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی لە کەرکوک بکاتەوە. ئەم بارە تازەیە زۆری نەخایاند، کاتێ بەعس لە بەڵێنەکانی پەشیمان بووەوە و دەستی کرد بە بەرتەسککردنەوەی دەرفەتی خوێندن بە زمانی کوردی لە هەموو کوردستان و بەتایبەتی لە کەرکوک. وەک بەشێکی گرنگ لە سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی لە دژی کوردی کەرکوک، ڕژێمی بەعس لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە یەکجاری خوێندنی کوردی لە کەرکوک هەڵوەشاندەوە.

نەبوونی قوتابخانە بە زمانی دایک و سەپاندنی خوێندن بە زمانی تورکی و دواتر عەرەبی بە سەر منداڵانی کوردا لە کەرکوک، لە تەک کۆمەڵێ فاکتەری دیکەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، هۆکاری سەرەکی بوون لە کەمی ژمارەی خوێندەواران لە نێو کوردانی کەرکوکدا. ئەم بارەیش بۆ خۆی ئەرکی پەراوێزکردنی کوردی لە شار و لیواکە بە قازانجی کەمینەی تورکمان و دەسەڵاتدارانی عەرەب زۆر ئاسانتر دەکرد و کوردی ئەم پارێزگایە تا ئەمڕۆیش باجی ئەو سیاسەتانە دەدات.

دیاردەیەکی بەرچاوی ئەم پەراوێزکردنەی کورد لە کەرکوک، بڵاوبوونەوە و باڵادەستی زمانی تورکمانی بوو لە بازاڕ و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا لە شارەکە و هەنـدێ لە شـارۆچکەکانی سـەر بە پارێزگـاکە. ئەم بـارە سـیمایەکی هەڵخەڵەتێنەری دروست کردبوو بۆ شارەکە و دەبوو بە هۆی ئەوەی گەلێ لە گەڕیدە و نووسەرانی بیانی چ بە بێ ئاگایی لە راستیی باری ئەتنیکی دانیشتووانی شارەکە ، و چ بە مەبەست و بۆ پاساودانی هەندێ سیاسەتی تایبەتی خۆیان لە کەرکوک، زۆر جار بە شارێکی تورکمانی زمان لە قەڵەمیان داوە. لەم بوارەدا بۆچوونەکانی دوو کاربەدەست و نوێنەری کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی، مێجەرسۆن و ئێدمۆندز جێگەی لێ وردبوونەوە و تێڕامانی تایبەتن[١٧] .

کردنی کەرکوک بە ناوەندێکی گرنگی سەربازی و کارگێڕی لە دوا سەدەی سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا هۆی سەرەکی بڵاوبوونەوەی زمانی تورکی بوو لە شارەکە. زمانی تورکی نەک تەنها ببوو بە زمانی ئەو فەرمانبەر و سەربازانەی لە ناوچەکانی تری ئەو دەوڵەتەوە دەهێنران بۆ کەرکوک، بەڵکو دەبوو بە زمانی ئەو دانیشتووە خۆجێییانەیش کە دەبوون بە فەرمانبەر، ئەفسەر و سەرباز لە دەزگا مەدەنی و سەربازییەکانی دەوڵەتدا. هەروەها زمانی تورکی بوو بە زمانی ئەوانەیش، کە بەرژەوەندیی ئابووری بە دەوڵەتەوە گرێی دەدان. مێژووی بنەماڵە خۆجێییە دەسەڵاتدار و نێودارەکانی کەرکوک کە بەرەچەڵەک کورد بوون، بەڵام خۆیان بە تورک و تورکمان لە قەڵەم دەدەن نموونەی بەرجەستەی ئەو پرۆسەیە بوون[١٨] .

لەبەرئەوەی ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە هەر بەو فەرمانبەرانە سپێردرا، خەڵک تا دەمێکی درێژ لە تەمەنی دەوڵەتی عێراق هەستیان بە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە بواری کارگێڕی، ئابووری و فێرکردندا نەدەکرد. باڵادەستی زمانی تورکی و خوێندن بە تورکی لە کەرکوک زیاتر لە دە ساڵ لە دوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانی محەمەد ئەمین زەکی ـ ی نیگەران کردووە و ڕەخنەی لە کاربەدەستانی بەریتانی و عیراق گرتووە. لەم بارەیەوە نووسیویەتی: (زۆرم پێ ناخۆشە بڵێم، گوێ نەدانی حکومەت بۆ چەند ساڵێک

لەم ڕووەوە، بووە بە یاریدەدەر بۆ پەل هاوێشتن و بڵاوکردنەوەی ئەو زمانە بە سەر هەموو لیواکەدا. بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی، قوتابخانە و دادگاکانەوە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ببێ بە لیوایەکی تەواو تورکی). تەنانەت لە دادگاکانی کەرکوکدا تاوەکو سییەکانی سەدەی بیستیش زمانی دادگا تورکی بووە، کە دەبووە هۆی کێشە و سەرئێشەی زۆر بۆ هاووڵاتیانی کورد. ئەم بارەیش بووە بەهۆی ئەوەی نووسەرانی وەکو مێجەرسۆن و ئێدمۆندز ژمارەی تورک زۆر بکەن و ژمارەی کورد کەم پێشان بدەن، چونکە وایان زانیوە ئەوەی بە تورکی قسە دەکا دەبێت تورکمان بێت، ئەمەیش بە لای محەمەد ئەمین زەکییەوە دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە هەموو دانیشتووانی کورد و کلدانی کەرکوک تورکییان زانیوە[19]. ئەم باڵادەستییەی زمانی تورکمانی تا ئەم ساڵانەی دوایش هەر لە ئارادا بوو، کوردی پەراوێزکراویش بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی ناچار دەبوو لە بازاڕ و دەزگاکانی دەوڵەتدا بە تورکمانی بپەیڤێ بۆ ئەوەی کارەکانی تەگەرەیان نەخرێنە بەر. کاربەدەستانی عەرەبی عێراق ئەو هەستیاری و نیگەرانییەی لە کورد و زمانی کوردی لە کەرکوک هەیانبوو، بەرامبەر تورکمانی زۆر نەرمتر بوون، چونکە ژمارە و ڕێژەی تورکمانیان وەک کورد بە مەترسی لە سەر باڵادەستیی خۆیان نەدەزانی. تا دوا ڕۆژەکانی دەسەڵاتی بەعس و سەرباری سیاسەتی تەعریب و پاکتاوکردنی کورد لە کەرکوک، لە بەشێک لە قوتابخانەکانی کەرکوکدا مامۆستا تورکمانەکان وانەکانیان بە زمانی تورکمانی بۆ قوتابییە تورکمان و کوردەکان لێکدەدایەوە.

### کارگێڕی و ئابووری لە خزمەتی پەراوێزکردنی کوردا

یەکێک لە بوارە سەرەکییەکانی پەراوێزکردنی کورد لە کەرکوک، دامەزراندنی فەرمانبەر و کاربەدەستی غەیرە کورد بوو لە شار و پارێزگاکە. ئەگەر خۆمان لە باسی سەردەمی عوسمانی ببوێرین و لە دەسپێکی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە دەستپێبکەین، ئەم وێنەیە دەبینین و جارێکی تر پەنا دەبەینەوە بەر ئامارەکانی محەمەد ئەمین زەکی، کە پشتی بە بەڵگە و ئامارە ڕەسمییەکانی دەوڵەت و وەزارەتەکان بەستووە. ئەو پێماندەڵێت کە لە

بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕێژەی فەرمانبەرانی کورد لە کەرکوک تەنها ٢٤،٥٪ بووە، کە دەبوایە بەلای کەمەوە ٥٠٪ بوایە. لە کاتێکدا کە دەبوایە ڕێژەی فەرمانبەران و کارمەندانی تورکمان ٢١،٥٪ بوایە، کەچی ٥٦،٥٪ بووە. بە وتەیەکی تر فەرمانبەرانی ناکورد لە کەرکوکدا ٧٦٪ یان پێکدەهێنا، بۆیە ئەو بارە بەلای محەمەد ئەمین زەکییەوە جێگەی ڕەخنە و گازندە بووە لە سیاسەتی حکومەت بەرامبەر بە کورد و ئەو ڕاستییە دەخاتە روو کە دەوڵەت بە چاوی یەکسانی لە گەلانی عیراقی نەڕوانیوە و سیاسەتەکانی زیانیان بە کورد گەیاندووە [٢٠].

دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییەیش بکەم، کە پۆستی سەرۆکی شارەوانی لێدەرچێت بە دەگمەن پۆستێکی گرنگ لە کەرکوک بە کورد سپێردراوە. هەندێ جار بە ناچاری و لە ژێر گوشاری ڕووداوەکان و بۆ جێبەجێکردنی هەندێ سیاسەتی تایبەت، کورد کراوە بە موتەسەڕیف بۆ دەمێکی کورت. لە هەموو ساڵانی دەسەڵاتی پاشایەتیدا لە عیراق، کە دەکەنە ٣٧ ساڵ، تەنها ٧ ساڵ کەسێکی کورد یا بەناو کورد موتەسەڕیف بووە. ئەوانەی بۆ من ساغ بوونەتەوە پێنج کوردن. بۆچوونێکی تریش لەم بارەیەوە هەیە کە پێیوایە زۆربەی موتەسەڕیفەکانی سەردەمی پاشایەتی بە ڕەچەڵەک کورد بوونە. ئەو سەرچاوانەی تا ئێستا لە بەردەستی مندان ئەم جۆرە بۆچوونانە پشتڕاست ناکەنەوە. ڕەنگبێ هەندێکیان بە ڕەچەڵەک کورد بووبێتن، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان پێشان نەداوە ئەوە دەربخات کە وەک کوردێک لەو پلە و پایەیەدا بوونە. جارێکیش کوردێک کراوە بە بەڕێوەبەری پۆلیس و یەک ساڵ لەو پلەیەدا بەردەوام بووە، و کوردێکیش بۆ یەک ساڵ سەرلەشکری تیپی دووی سوپای عێراقی بووە لە کەرکوک[٢١].

سیاسەتی کۆمپانیای نەوتی عێراقیش بەرامبەر کوردی کەرکوک ئەوە بوو تاکو بۆی بکرێ کورد لە دەزگاکانی کۆمپانیا بە دوور بگرێ، تەنگوچەڵەمەیش دروستبکات لە بەردەم بەشداریکردنیان لە کار و چالاکییەکانی کۆمپانیاکەدا. ئەم هەڵوێستەی دەسەڵاتدارانی کۆمپانیای نەوت ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە، کە سیاسەتی پەراوێزکردنی کورد لە کەرکوک، لە بنەڕەتدا بیرۆکەی

ئینگلیز بووە، هەر بۆ خۆشیان نەخشەیان بۆ کێشاوە و کاربەدەستانی بەغدا جێبەجێیان کردووە. کورد نەک هەر وەکو کارمەند، کرێکار و فەرمانبەر لە کۆمپانیا بە دوور دەگیرا، بەڵکو لە هەموو پرۆسەکانی فرۆشتن و هەراجکردنی ئامێرە کۆنەکانی کۆمپانیا و تەنانەت لە کاری پاککردنەوە و سووتاندنی پووش و پەرێزەکانی دەوروبەری چاڵگەکانیش، کە پێویستی بە هیچ شارەزاییەک نەبوو کورد دوور دەخرایەوە و کارەکان بە ئەندامانی کەمینەکانی تر دەسپێردران. لە کاتێکدا بیر و چاڵگە نەوتییەکان لەسەر خاکی کورد بوون، کەچی ئەو خانووانەی بۆ کارمەندان دروستدەکران بەر کورد نەدەکەوتن و ئەرکی پاراستنی بیرە نەوتەکانیش بە شێخە عەرەبەکانی حەویجە دەسپێردران. هەڵبەتە لە سەردەمی کۆماریدا و بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٦٣ دا دەرفەتی کارکردن لە بەردەم فەرمانبەر و کاربەدەستی کورد لە کەرکوک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەسکتر دەبووەوە، تاکو وای لێهات بەدەگمەن فەرمانبەری کورد لە کەرکوک بەرچاو بکەوێت.

پێموایە ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایانەی کە گەلێ لایەنی دژ بە کورد چالاکانە بەشدارییان تێدا کرد بۆ دادگاییکردن و بە تایبەتی بۆ لە سێدارەدانی شێخ مارف بەرزنجی و هاوڕێکانی ئەڵقەیەکی گرنگی سیاسەتی پەراوێزکردنی کورد بوو لە کەرکوک. ئامانجی سەرەکی ئەو هەوڵانە بۆ ئەوە بوو توێژی خوێندەوار و ڕۆشنبیری کورد لە کەرکوک لە نێو ببرێ و ئەگەر نەکرا هەڵبکەندرێ و دەربپەرێندرێ بۆ دەرەوەی کەرکوک. بەو شێوەیە لاشەی بزاڤی کورد لە کەرکوک بێ سەر دەکرێ و پێگەی کورد لەو شار و دەڤەرەدا لاواز دەکرێ. ئەم بابەتە پێویستی بە لێکدانەوە و بەدواداچوونی زیاتر هەیە .

لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە ئیدی دەوڵەت بە ئاشکرا ڕێگەی نەدەدا کورد لە کەرکوک و دەوروبەریدا دابمەزرێ و زۆربەی ئەوانەیشی کە ساڵانێکی زۆر لە کەرکوک فەرمانبەر و مامۆستا بوون بۆ هەولێر و سلێمانی و تەنانەت بۆ نێوەڕاست و باشووری عێراق دەگوێزرانەوە. لە نیوەی دووەمی هەشتاکاندا "سوڵتانی" کوردستان عەلی حەسەن ئەلمەجید لە کوردی کەرکوکی قەدەغە کرد لە دەزگاکانی دەوڵەت لە دەرەوەی "ناوچەی ئۆتۆنۆمی" کار بکەن[٢٢].

دوورخستنەوەی فەرمانبەران، کارمەندان و بەرپرسانی کورد لە دەزگاکانی دەوڵەت لە کەرکوک گورزێکی گران بوو لە پێگەی کورد درا و ڕۆڵی گەورەی بینی لە پەراوێزکردنی کورددا لە کەرکوک.

یەکێک لە بوارە گرنگەکانی تری پەراوێزکردنی کورد لە کەرکوک، ژیانی ئابووری و بازرگانی بوو، کە کەمینەی تورکمان و کەمینەکانی تر بە تەواوی دەستیان بە سەریدا گرتبوو. هۆیەکانی ئەم بارەیش زۆرن، هەندێکیان پەیوەندییان بە کاربەدەستانەوە هەیە چ لە سەردەمی عوسمانیدا و چ لە ژێر سێبەری دەوڵەتی عێراقدا، کە بەمەبەست کوردیان هەژار و بێدەرەتان دەکرد، دەستیان بە سەر زەویوزار و ماڵ و موڵکیدا دەگرت، هەندێکیشی پەیوەندی بە کۆمەڵگەی کوردەواری خۆیەوە هەیە، کە تاوەکو دەمێکی درەنگ وەکو کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی و شوانکارەیی بە چاوێکی سووکەوە سەیری بازرگانی، پیشە، کاری بازاڕ و ژیانی شارستانی دەکرد. فەرمانبەرانی کارگێڕی و سەربازی دەوڵەتی عوسمانی و ئەو بنەماڵانەی بەرژەوەندی گرێی دەدان بەو دەسەڵاتەوە، دەستیان بە سەر زەویوزارێکی زۆری کورددا گرت و دەسەڵاتی خۆیان بەکارهێنا بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بازاڕ بکەن. ئەم پرۆسەیە لە دوای تێکشکانی دەوڵەتی عوسمانیش بەردەوام بوو بە هۆی مانەوە و نیشتەجێکردنی زۆربەی فەرمانبەر و کاربەدەستەکانییەوە لە کەرکوک. بە داگیرکردنی کەرکوک لە لایەن بەریتانیاوە باری ئابووری شار تا دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات. گەلێ دەکیومێنت و بەڵگەی ئینگلیزی لەبەر دەستدان کە باسی دەوڵەمەندبوونی هەندێ بنەماڵەی کەرکوک دەکەن، بە تایبەتی بنەماڵەی یەعقوبی لە سەر حیسابی زەویوزار و موڵکی کورد، کە بە شێوەیەکی ناڕەوا دەستیان بەسەردا گرت. هەڵبەتە ئەوە نموونەیەکە لە دەیان و بگرە سەدان نموونەی دیکە کە ئەو راستییەمان بۆ دەردەخەن، چۆن کاربەدەستان و بازرگانان بە فێڵ و کەڵەکەبازی و بە پشتبەستن بە هێزی دەسەڵاتی کارگێڕی و سیاسی بە نارەوا دەستیان بە سەر توانای دارایی و زەویوزاری خەڵکدا گرتووە. چەوسانەوەی جوتیارانی کورد و تالانکردنی بەرهەمی ڕەنجی سالانەی ئەو جوتیارانە لە لایەن بازرگانان و فەرمانبەرانی تورکمانەوە هۆکاری سەرەکی

ڕق و کینەی ژمارەیەکی زۆر لە هەژارانی کەرکوک بوو کە لە تەممـوزی ١٩٥٩ دا تەقییەوە و کارەساتی خوێناوی لێکەوتەوە.

نەخوێنـــدەوارکردنی کـــورد، بێبەشـــکردنی لە بەڕێـــوەبەرایەتی، هەژار و بێـدەرەتانکردنی دەبـوایە ئەنجـامەکەی هەر پەراوێزکـردن بـوایە لەسـەر هەمـوو ئاستەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری، کارگێڕی، کولتووری و ڕۆشنبیری. لە سـەر ئاسـتی کـۆمەڵایەتیش دەرهاویشـتەی ئەم پرۆسـە ئـاڵۆز و هەمەلایەنە زۆر جـار کەسایەتییەکی لاواز و بێ توانا بوو لە بەرامبەر باڵادەستیی و دەسەڵاتی ڕەهای سیاسی، کارگێڕی، ئابووری و کولتووری کەمینەی تورکمان و دواتریش عەرەبـی سەردەستەدا. دوای ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ کوردی کەرکوک پێیوابوو ژیـانی باشـتر دەبێت و چەوسانەوەی ساڵانی پێشوو کۆتایی دێت، لێ بەپێچەوانەوە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبـوو و دەرفەتەکـانیش کەمتـر دەبــوون. لەدوای ڕووداوە خوێناوییەکـانی تەممــوزی ١٩٥٩ کــوردانی کەرکــوک کەوتنە بەر شاڵاوی ڕاونان، کوشتن و گرتن و بارێکی سەختی وا هاتەکایەوە کە گەلــێ کەس ناچــار کــران شــارەکە بەجێبهــێڵن. ئەم بــارە ســەختە کەش و هەوایەکی وای دروست کرد ژمـارەیەکی بەرچـاو لە کـوردێتی خۆیـان ڕا بـکەن و کەوڵی خۆیان بگۆڕن. گەلێک لەوانەی پلە و پایەیەکیان لە دەزگاکانی دەوڵەتـدا پەیدا دەکرد یا لە بازاڕدا جێگەی خۆیان دەکردەوە، زۆر جار ناچـار دەکـران یـا ناچار دەبوون دەست لە کوردێتیی خۆیان هەڵبگرن. کوردبوون لە کەرکوکـدا بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق مایەی سەرئێشە، زیندانکردن و ڕاونان بـوو. لە بەرامـبەردا دەسـتهەڵگرتن لە ناسـنامەی کـوردێتی وەک ڕێـگەی ڕزگـاربوون لەو ئــێش و ئــازارانە دەخــرایە ڕوو. هەنــدێ لەو کەســانەیش کە دەســتیان لە کوردبـوونی خۆیـان هەڵـدەگرت، بـۆ ئەوەی گومـانی ئاغاکانیـان بـڕەوێننەوە، دەبوایە بە توندی دژایەتی کورد بـکەن و هەمـوو شـتێکی کـورد ڕەت بـکەنەوە. زۆر جــار ئەوانەی سەرســەختانە دوژمنــایەتی کــورد دەکەن، کــاتێ بەدوای ڕەچەڵەک و مێژوویانـدا دەگەڕێـی، دەبینــی کە لە بـنەچەدا نەوەی ئەم جـۆرە کـوردانەن. ئەم ڕەوشـە بـارێکی دەروونـی ئـاڵۆزی لای کـۆمەڵێ کەس دروسـت کـردووە، کە ئاسـان نیـیە لێـی ڕزگـار بـن و ئەمـڕۆ نموونەکـانی لە زۆر جـێگە

دەبینین و لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت بیر و بۆچوونە نەخۆشەکانیان بڵاودەکرێنەوە. لێرەدا دەبێ ئاماژە بە راستییەک بکەین، کە هەستی نەتەوەیی بە شێوازە هەرە توندڕەوەکەی لە نێو ژمارەیەکی بەرچاوی تـوێژی خوێنـدەواری تورکمانـدا لە کەرکـوک لە ئـارادایە. ئەو فـاکتەرانەی ئەم هەسـتە لە لای تـوێژی خوێنـدەواری تورکمـان جـۆش دەدەن بـریتین لەوەی کە ئەوان دانیشتووی شارن، خاوەن دەسەڵاتی کارگێڕی، توانای ئـابووری، ژمـارەی زۆری خوێنـدەوارن و هەسـتێکی واش لە نێویانـدا باڵادەسـتە کە ئەوان نەوە و پاشـماوەی ئیمپراتـۆرییەکی مەزن و هـاوخوێنی تورکـانی کۆمـاری تورکیـان، لە کاتێکدا پێکهاتەکانی دیکە تا دوێنێ کۆچەر و لادێیی بوونە و لە ژێر دەسـەڵات و فەرمـانڕەوایی ئەمانـدا بـوونە. کێشـەیەک هەیە کە کەم نووسـەری تورکمـان خۆیـان لە قەرەی دەدەن، ئەویـش کێشــەی ناسـنامەی تورکمــانە. نـوێنەرانی سیاسی و دەستەی خوێندەواری تورکمان لە عێراق خۆیان بە تورکمان دادەنێن و خۆیان بە پارێزەری یەکێتی خاکی ئەو وڵاتە پێشان دەدەن، بەڵام کە دەچنە تورکیـا خۆیـان بە تورکەکـانی عیـراق دەناسـێنن. ئەوەی هەنـدێ شـارەزایی لە مێژووی تورک و تورکمان هەبێت دەزانێت کە بەڵـگە مێژووییەکـان ئەم قسـانە پشتڕاسـت نـاکەنەوە. ئەمە باسـێکی دوور و درێـژە و نـاچێتە چوارچێـوەی ئەم بەشەوە.

دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە هەسـتی نەتەوەیـی لە لای هاووڵاتیـانی تورکمان، وەک خەڵکێکی شارنشین و خوێندەوار، زووتر لە کورد گەشـەی کـرد. ناسیۆنالیزمی کوردی پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز و بەکێشە بوو. دابەشبوونی کوردان لە کەرکـوکیش وەک دەڤەرەکـانیتری کوردسـتان بەسـەر خێـڵ و هـۆز و تیـرەدا کۆسپ و تەگەرەی زۆریان لە بەردەم ئەو پرۆسەیەدا دروست کـرد. ئەمەیـش لە کۆتاییدا هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی پێگەی کورد لاواز بێت و بە ئاسانی لە کەرکـوک و لە زۆر شـوێنی تـریش پەراوێـز بکرێـت. ئەم بـارەیش وای لە تـاکی کورد دەکرد لاواز بێت و هەوڵی ئەوە بدات لاسایی دانیشتووانی شار بکـاتەوە و هەندێ جار خۆشی لەوان بە کەمتر بزانێت. دەبینین کـوردێکی زۆر لە کەرکـوک فێری تورکمانی دەبوون، لە بەرمبەردا ژمـارەی ئەو تورکمانـانەی فێـری کـوردی

دەبوون زۆر کەمتر بوو. هەرچەندە کورد بە ژمارە زۆرینە بوو لە کەرکوکدا، بەڵام زۆرینەیەکی هەژار، نەخوێندەوار، چەوساوە و ژێردەستە، هەربۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆی لە باری پەراوێزبووندا دەبینییەوە. ئەگەر بارودۆخی کورد لە کەرکوک بەو شێوە پەراوێزخراوە نەبوایە، ئەوا کەس نەیدەتوانی وا بەئاسانی سیما و خەسڵەتەکانی شارەکە بگۆڕێت و کێشەی کەرکوکیش نەدەبوو بەو گرێکوێرەیە. پەراوێزکردنی کورد ئەرکی حکومەتی عیراقی لە ڕاگواستن و پاکتاوکردندا ئاسان کرد. بە ڕاگوێزانی کورد کێشەی بەڕێوەبەرایەتی نەدەهاتە کایەوە، چونکە ژمارەی بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانی کورد بە پەنجەی دەست دەژمێردران و زۆر بە ئاسانی جێگەکانیان پڕدەکرانەوە بەو کەسانەی کە حکومەت لە دەڤەرەکانی تری عیراقەوە دەیهێنان بۆ کەرکوک. هەروەها لە ژیانی ئابووریی کەرکوکیشدا پێگەی کورد لە بازاڕدا لاواز بوو. کاتێ دەسەڵاتداران لەوە دڵنیا بوون کە لە شارەکە بەشێکی گرنگی ئامانجەکانیان بەدەست هێناوە، ئەوجا کەوتنە پەلاماردانی لادێکان و شاڵاوەکانی ئەنفال بە تایبەتی ئەنفالی سێ، ئەو دەرفەتە بوو کە خەونیان پێوە دەدی بۆ سڕینەوەی کورد لە پارێزگای کەرکوکدا. بەر لەوەش ئەرکی لەتوپەتکردنی یەکە کارگێڕییەکانی کەرکوکیان جێبەجێکردبوو، کاتێ لە نێوان چوار پارێزگادا دابەشیان کردبوون. ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، کۆچی بە کۆمەڵی کوردانی کەرکوک، نەگەڕانەوەی بەشێکی زۆریان لە دوای داگیرکردنەوەی کەرکوک ئەوەندەیتر پێگەی کوردی لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا لاواز کرد. شاڵاوی بەردەوامی دەرکردن، ڕاگواستن و بڕیاری گۆڕینی ناسنامە و ڕەگەز هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی بەعس بوون تا ساڵی ٢٠٠٣. لێکۆڵینەوەی زیاتر لە بارەی ئەم لایەنانەی کێشەی کەرکوکەوە کراون (٢٣).

بە کورتی سیاسەتی پەراوێزکردنی کورد لە کەرکوک مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و داگیرکەرانی عوسمانی، کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق هەر یەکەی بە شێوەیەک لە شێوەکان لە دژی کوردی کەرکوک جێبەجێیانکرد. ئەنجامەکانی ئەم سیاسەتە کوردی کەرکوکی لە زۆرینەی دانیشتووان و خاوەن دەسەڵاتەوە لە شار و دەڤەری کەرکوکدا کرد بە

کەمینەیەکی بێهێز و بێتوانا و پەراوێزکراو لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کارگێڕیدا...تاد . ئەمەیش مەرجێکی سەرەکی بوو بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی کە لە سێبەری دەسەڵاتی بەعسدا لە گەلێ دەڤەری کوردستان جێبەجێکرا. ئەگەر پرۆسەی پەراوێزکردن بەو شێوەیە نەچووبایەتە پێش ئەوا سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی بەو ئاسانییە جێبەجێ نەدەکرا. کوردی کەرکوک لە سێبەری دەسەڵاتی کوردیشدا هێشتا لە پەراوێزی ڕووداوەکاندا دەژی و کەسانی ناکەرکوکی بڕیار لە سەر چارەنووسی کەرکوک دەدەن. باوەڕ ناکەم بەو کۆمەڵە پەراوێزکراوە مافی کورد لە کەرکوک دەستەبەر بکرێت.

پەراوێز و ژێدەرەکان :

1. Encyclopedia of Islam, new edition, vol. V. art. Kirkuk, Leiden 1980, P. 245 .

هەروەها بڕوانە : خليل على مراد، تاريخ العراق الإداري والإقتصادي في العهد العثماني الثاني ١٦٣٦- ١٧٥٠، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد ١٩٧٥، ص٦١-٦٢.

٢. جيمس بكنغهام، رحلتي الى العراق ١٨١٦، ترجمة سليم طه التكريتي، بغداد ١٩٦٨،ج١، ص١٤٦.

٣. موصل ويلايتى سالنامەسى ١٣١٢، ص٣١٨؛ بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.عبدالفتاح على يحيى، كركوك في السالنامات العثمانية، بحث مقدم الى مؤتمر كركوك فى أربيل .

٤. موصل ولايتى سالنامه سى، ١٣٣٠، ص٢٨٢.

٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. ٢٤٧ .

٦. بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووانی کەرکوکەوە لە ساڵانی ١٨٥٠ بۆ ١٩٥٨ بڕوانە: د. جبار قادر، التكوين الأثني لسكان كركوك خلال قرن، في كتاب: كركوك مدينة القوميات المتآخية، لندن ٢٠٠٢.

٧. الدكتور نوري طالباني، منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، ط٢، بلا.م، ١٩٩٩، ص ٣٦.

٨. گەشتی ئەندازیار یۆسێپ چێرنیک بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووبارەکانی دیجلە و فورات لە لایەنی هونەرییەوە لەگەڵ وەسفی ئەو ڕێگایانەی بە باکووری سوریادا تێدەپەڕن، لە

ئەڵمـانییەوە کـراوە بە ڕووسـی (بڵاوکـراوەی بەشـی کەفکـازی کـۆمەڵەی جـوگرافی شاهانەی ڕووسی)، بەرگی ٦، ١٨٧٩، ل.٩١.

٩. محەمەد ئەمین زەکی، دوو تەقەلای بێسـوود، سـەباحی غالـب تـوێژینەوە، لێکـۆڵینەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ ڕێکخستووە، لەندەن ١٩٨٤، ل١٠٤-١٠٥.

١٠. الدکتور خلیل اسماعیل احمد، مؤشرات سیاسة التعریب و التهجیر فـي اقلـیم کردسـتان العراق، ط٢، أربیل ٢٠٠٢، ص١٦.

11. Genocide in Iraq. The Anfal Campaign against the Kurds. Human Rights Watch/ ME, New York 1993, P.353

١٢. محەمەد ئەمین زەکی، هەمان سەرچاوە، ل١٠٣.

١٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

١٤. زاری کرمـانجی، ژمـارە ١٩، مـانگی١٠، سـاڵی ١٩٢٩. لە مومتـاز حەیـدەری وەرگێـراوە، گۆڤـاری زاری کرمـانجی پـێش حەفتـا سـاڵ (هەمـوو لیـوای کەرکـوک کـوردە- قەزا و دێهات و ناحیەکانی کەرکوک سەرتاپا کوردن)، ( گۆڤـاری هـاواری کەرکـوک) ژمـارە ٣، ئازاری ١٩٩٩، هەولێر ٦٣-٦٥.

١٥. محەمەد ئەمین زەکی، هەمان سەرچاوە، ل ٧٦-٧٧.

١٦. زاری کرمانجی، هەمان سەرچاوە، ل ٦٥.

١٧. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: سون، رحلة متنکر الی بـلاد مـابین النهـرین و کردستان، نقله الی العربیة وحققه و قدم لـه و علـق علیـه فـؤاد جمیـل، ج١، بغـداد ١٩٧٠، ص١٥٨ – ١٦٣و؛ سـی. جـی. أدمونـدز، کـرد وتـرک وعـرب، سیاسـة ورحلات وبحوث عن الشمال الشرقي في العراق ١٩١٩ ـ ١٩٢٥، ترجمـة جـرجیس فتح الله، بغداد ١٩٧١، ص ٢٤١.

١٨. لەم بـارەیەوە بـڕوانە: ئە. م. مینتیشاشـڤیللی، کـورد- کـورتەیەکی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتی، ئـابووری و کولتوورییەکـان و شـێوازی گـوزەران، مۆسـکۆ ١٩٨٤، ل ٢٥ و ١٩٣؛ هەروەها بڕوانە : أدموندز ، نفس المصدر السابق، ص ٢٤١.

١٩. محەمەد ئەمین زەکی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣-١٠٤.

٢٠. هەمان سەرچاوە، ل ٦٤-٦٥.

٢١. دەربارەی ژیاننامەی ئەو کاربەدەستە کوردانەی کەرکوک و گەلێکی تر بڕوانە: میـر بصـري، أعـلام الکـرد، لنـدن ١٩٩١، ص ١٦١ – ١٦٢، ٢٣٥، ٢٤٠. و: الـدکتور نوري طالباني، المصـدر نفسـه، ص ٤٣ – ٤٤، و؛ مجلة هـاواری کرکوك، العـدد٣، أربیل ١٩٩٩، ص١٤٩- ١٥٠و؛ Genocide in Iraq. P. 353

٢٢. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: المصدر نفسه. الدکتور نوري طالبـاني، المصـدر نفسـه. و؛ الدکتور خلیل إسماعیل، المصدر نفسه.

## کەرکوک و ساڵنامەی عوسمانی

ساڵنامەی عوسمانی بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەندرێت بۆ توێژینەوە لە مێژووی ئەو وڵاتانەی لەژێر دەسەڵاتی دەروازەی باڵادا بوون. ساڵنامەکان زانیاریی بەسوودیان تێدایە سەبارەت بە بارودۆخی کارگێڕی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ویلایەتەکانی ئەو دەوڵەتە لە دوا دەیەکانی تەمەنیدا. توێژەران و لێکۆڵەران لە بواری مێژووی نوێی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا توێژینەوەی زۆریان لە بارەی ساڵنامەکانەوە کردووە، دەمێکە بایەخی زانستییانیان بەرز نرخاندووە و بۆ ڕوونکردنەوەی گەلێ لە پرسە مێژووییەکان پەنایان بۆ بردوون. لە کۆتایی حەفتاکان و دەسپێکی هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە توێژەرانی ئەکادیمی لە عێراق پشتیان بە زانیارییەکانی نێو ساڵنامەکان بەستووە بۆ لێکدانەوەی مێژووی ویلایەتەکانی موسڵ، بەغدا و بەسرە لە سەدەی نۆزدەهەم و دەسپێکی سەدەی بیستەم. ئەو توێژەرانەی کاریان لەسەر ساڵنامەکان کردووە و سوودیان لە زانیارییەکانیان وەرگرتووە لەوە زۆرترن کە لێرەدا ئاماژە بە ناوەکانیان بکەم. من بۆ خۆم لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کارم لە سەریان کرد و بەرهەمەکەی لێکۆڵینەوەیەک بوو بە زمانی عەرەبی لە ژێر ناونیشانی" هەولێر لە ساڵنامە عوسمانییەکاندا"[(١)].

ئەو ڕاستییانەی لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەم، ئەوە ڕوونکردنەوەیە کە قسەکردن لەسەر ساڵنامەی عوسمانی شتێکی نوێ ناخاتە سەر زانیارییەکانمان لە بارەی ئەو ویلایەت و شارانەوە کە لە ساڵنامەکاندا باسیان لێوە کراوە. ناونانی دۆزینەوەی ساڵنامەیش وەک دۆزینەوەی بەڵگەنامە و سەرچاوەی دەگمەن بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە هەڵەیەکی زانستییە و بەڵگەی بێ ئاگاییە لە توێژینەوە زانستییەکان. ئەم قسانەم سەبارەت بەو هەواڵەیە کە نووسەرێکی تورکمان بڵاوی کردبووەوە، گوایە "دەکیومێنتێکی دەگمەنی عوسمانی سەبارەت بە کەرکووک دۆزیوەتەوە". لەم هەڵمەتە هەمەلایەنەدا، کە مەبەستی سەرەکی شێواندنی مێژووی کەرکوک و ڕەتکردنەوەی ناسنامە کوردستانییەکەیەتی. لە هەر کتێبە کۆنە و بڵاوکراوەیەکدا قسەیەک لە بارەی ئەم شارەوە کرابێت کە کوردستانیبوونی شارەکە بخاتە ژێر پرسیارەوە، بایەخی زۆری پێدەدرێ کە

لەگەڵ سەنگی زانستیی قسەکەدا ناگونجێ. ئەو نووسەرە کە خۆی بە پرسی ئەدەبی و کولتوورییەوە خەریک دەکرد و خوێنەران لەو بوارەدا ناسیبوویان، هاتووە بەبێئاگایی خۆی لە قەرەی بابەتێکی مێژوویی داوە و پێیوایە کە گەنجینەیەکی بەنرخی دۆزیوەتەوە. ئەو نووسەرە هەندێ زانیاریی هەڵە و شێوێندراوی سەبارەت بە ساڵنامەی عوسمانی تۆمار کردووە. ئەو جگە لە ناوی ساڵنامە و ساڵی دەرچوونی کە ١٨٩٢، هیچ زانیارییەکی تری نەخستووەتە ڕوو. هەر نووسەر و توێژەرێک هەندێ ئاگاداری مێژووی عوسمانی بێت، دەزانێت کە ساڵنامەی جیاواز و جۆربەجۆر لەلایەن وەزارەت و دامەزراوەکانی ترەوە دەردەکران، شانبەشانی ئەوانەی کە ویلایەتە عوسمانییە جیاجیاکان دەریان دەکردن. ئەو کاتە هەست بەوەیش دەکەین کە پشتبەستن بەو (دەکیومێنتە دەگمەنە) و بەو شێوازەی نووسەر هێناویەتەوە، کارێکی سەخت و دژوارە. بێگومان بایەخ و سەنگی هەر دەکیومێنتێکی مێژوویی لە میانی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن بەپێی میتۆدێکی زانستی و شیکردنەوەی زانیارییەکانی ناوی، دەردەکەوێت. کارێکی لەو جۆرەیش لەبەر تیشکی ئەو زانیارییە سنووردار و هەژارانەی ئەو نووسەرە سەبارەت بە دەکیومێنتە دەگمەنەکەی خستوونێتییە ڕوو ناکرێ ئەنجام بدرێت. بۆ ئەوەی لەم پرسە بەبێ ئاڵۆزی تێبگەین و بایەخی ساڵنامەی عوسمانی بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی نوێمان بەدروستی هەڵبسەنگێنین، پێویستە کەمێک تیشک بخەینە سەر هەندێ لە زانیارییە بنەڕەتییەکان سەبارەت بەم سەرچاوەیە و ئەو زانیارییانەی لە دووتوێی خۆیدا کۆیاندەکاتەوە.

ساڵنامە زاراوەیەکی لێکدراوە لە (ساڵ) کە وشەیەکی کوردی و ئێرانییە و واتاکەی دیارە و (نامە) ئەویش هەر وشەیەکی کوردی و ئێرانییە بە مانای کتێب یان پەیام دێت، واتا نامەی یا کتێبی ساڵانە. لە دەوڵەتی عوسمانیدا، ساڵنامە بەو چاپەمەنییە ساڵانە فەرمییانە دەوترا کە لە وەزارەت، دامەزراوە و ویلایەتەکان دەردەکران. ساڵنامەکان زانیارییان سەبارەت بە دەوڵەت، سوڵتانەکان، دامەزراوەکان، گەلان و تایفەکان، زیاتر لە ڕووی ئاینی و مەزهەبییەوە نەک نەتەوەییەوە، دەگرتە خۆیان. هەروەها ئاماژەیان دەکرد بە

نـوێنەرانی بیـانی لە ئەسـتەموڵ. سیسـتەمی نەختیـنەی دەوڵەت، ڕۆژژمێـری ساڵانە، ڕووداو و پێشهاتەکان، ناو و نازنـاوی گەورە بەرپرسـان و فەرمـانبەرانی سـەربازی و مەدەنـی دەوڵەتیـان هەمـوو تۆمـار دەکـرد. لە تەک سـاڵنامە گشـتییەکاندا، سـاڵنامەی نەزارەتەکـان (وەزارەتەکـان) دەردەچـوون، وەک ساڵنامەی نەزارەتی دەرەوە، مەعاریف، یـان وەک ئەوەی سوپای عوسـمانی بە ناوی (ئوردۆ ساڵنامەسی) دەریدەکرد. سـاڵنامەکان لە ڕێکخسـتنی بابەتەکـان جـگە لە هەنـدێ گۆڕانکـاریی کەم شـێوازێکی یەکگرتوویـان هەبـوو. دوای ڕاگەیاندنی دەستور لە ساڵی ١٨٧٦ ساڵنامەکان دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی دەقـی قـانوونی بنەڕەتـی (دەسـتوری عوسـمانی) لەسـەر لاپەڕەکـانی خۆیـان، تەنـانەت لە دوای هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجـومەن و هەڵپەسـاردنی کـارکردن بە دەسـتوریش لەسـەر ئەو کارەیـان بەردەوام بـوون. نـامەکەی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم (١٨٧٦ ـ ١٩٠٩) بـۆ مەدحەت پاشـا، کە تێیـدا ڕایسپاردبوو دەستور ڕابگەیەنێت، لەپێش دەستورەکەوە بڵاودەکرایەوە [٢].

بیرۆکەی دەرکردنی ساڵنامەی عوسمانی لە بڵاوکراوەی هاوشێوە وەرگیـرا، کە لە وڵاتـانی تـر لە سـەدەی هەژدەهەم دەسـتکرابوو بەدەرکردنیـان. یەکەمـین کتێبی ساڵانە لە پاریس بوو، لە ساڵی ١٧٩٣ کە میللەر دەریکرد. دوای ئەویش چەندین کتێبی ساڵانەی تر لە وڵاتانی دیکە و لە بوارە جیاوازەکاندا دەرکران.

سـاڵنامەکان هاوشـێوەی ئەو کتێـب و بڵاوکـراوانەن کە لەم سـەردەمەدا دامەزراوە و کۆمپانیـا جیاوازەکـان سـاڵانە لە وڵاتـانی دونیـا دەریانـدەکەن. سـاڵنامەکانی وەزارەتەکـان ئەو زانیـاری و وردەکارییانەیـان دەگـرتە خۆیـان کە تـایبەت بـوون بەو وەزارەتەی دەریـدەکرد، ئاماژەیـان دەکـرد بە پەیـکەر و دەزگاکـانی، قـانوون و سیسـتەم و ڕێکـارە قانوونییەکـانی، هەروەهـا بە نـاوی بەرپرسان و ئەو کارمەندانەی کاریان تێدادەکرد.

یەکەمین ساڵنامەی فەرمی عوسمانی لە ئەستەموڵ لە سـەردەمی سـوڵتان عەبدولمەجیـد لە سـاڵی ١٢٦٣ک/١٨٤٧ز دەرچـووە. دەرکردنـی سـاڵنامە بە دەستپێشخەری سـەرۆکوەزیران "سـەدری ئەعـزەم" مسـتەفا پاشـا بـوو لە پـاش گەڕانەوەی بۆ سەرۆکایەتی وەزیران لە ساڵی ١٨٤٥. بەپێی ساڵنامەی ویلایەتـی

بەغـدا لە ژمـارەی "٢٠" یەکەمـین ویـلایەت کە سـاڵنامەی تـایبەت بە خـۆی دەرکــردووە، ویلایەتــی بۆســنە بــووە ئەویــش لە ســاڵی ١٨٦٥. دوای ئەوە ویلایەتەکـانی تـری دەوڵەتـی عوسـمانی یەک لە دوای یەک دەسـتیانکردووە بە دەرکردنـی سـاڵنامەی تـایبەت بە خۆیـان. هەرچـی ویلایەتەکـانی عێـراقە، ئەوا ویلایەتی بەغدا لە ساڵی ١٢٩٣ک/١٨٧٦ز و ویلایەتەکانی بەسرە و موسڵیش لە ساڵی ١٣٠٨ک/١٨٩١ز دەستیانکرد بەدەرکردنی ساڵنامەی تایبەت بە خۆیان(٣).

کاتێ یەکەمین ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ دەرچوو، کەرکوک یەکێ لە سێ سنجەقەکەی بوو بە ناوی سەنجەقی شـەهرزور "شـارەزوور". لەبەر ئەوە دەبێت لە سـاڵنامەکانی موسـڵدا بـۆ زانیـاری لەسـەر کەرکـوک بگەڕێـین. لێـرە هەنـدێ زانیـاری لە سـەر ئەم سـاڵنامانە دەخەمە ڕوو. لە سـاڵانی ١٣٠٨ک/١٨٩١ز تـا ١٣٣٠ک/١٩١٢ز تەنهـا پێـنج ژمـارە یـا دانە لە سـاڵنامەی ویلایەتـی موسـڵ دەرکــران. هەرچەنــدە مــرۆڤ وا لە دەســتەواژەی ســاڵنامە تێــدەگات، کە بڵاوکــراوەیەکە ســاڵانە دەردەکرێــت، بەڵام ڕاســتییەکەی هەرگیــز ســاڵانە دەرنەچووە. بەلای کەمەوە دەرچوونی دوو ساڵ جارێک و جـاری وایـش هەبـووە پێـنج سـاڵ و دە سـاڵ و زیاتریشـی پێچـووە. لە دوای یەکەمـین و دووەمـین ساڵنامە بە دوو ساڵ ژمارەی دوای ئەو ژمـارەیە دەرکـراوە، دووەمـین لە سـاڵی (١٣٠١ک/١٨٩٣ز)، و سـێیەمینیش لە سـاڵی (١٣١٢ک/١٨٩٥ز)، بەڵام ژمـارەی چوارەم لە دوای ١٢ ساڵ دەرچووە، واتـا لە سـاڵی (١٣٢٥ک/١٩٠٧ز). هەرچـی دوا ژمارەیشــە، کە ژمـارە پێـنجە دوای ئەوە بە پێـنج سـاڵ، واتــا لە سـاڵی (١٣٣٠ک/١٩١٢ز) دەرچووە.

لە سـاڵنامەکانی دواتـردا نـاوی سـەنجەقەکە دەبێـت بە کەرکـوک و باسـی شـارەزوور نامێنێـت. سـنووری ئیـالەت و یلایەتەکـانی دەوڵەتـی عوسـمانی لە ماوەی چوار سەدەی دەسەڵاتی دەروازەی باڵادا لە نـاوچەکە گۆڕانکـاری زۆریـان بە خۆیــانەوە بینیــوە. کەرکــوکیش لەم گۆڕانکارییــانە بێــبەش نەبــووە، لە ویلایەتێکـی خـاوەن پـێگەوە بە نـاوی ویلایەتـی شـارەزوور، کە ناوەنـدەکەی لە ساڵی ١٥٧٨ەوە کەرکوک بوو، دەبێـت بە سـەنجەقێک جـارێ سـەر بە بەغـدا و دواتر سەر بە ویلایەتی موسڵ لە ساڵی ١٨٧٩ەوە. وادیـارە هەر بەعـس نەبـووە

كە ناوی پارێزگای كەركوكی گۆڕیوە بۆ تەئمیم، بەڵكو دەروازەی باڵاش بەر لەوان بە ٨٠ ساڵ ناوی سەنجەقەكەی لە شارەزوورەوە كردووە بە كەركوك. بەپێی دوا ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی ١٩١٢ پانتایی سەنجەقی كەركوك ٣٨٠٠٠كم٢ بوو، كە دەكاتە نیوەی باشووری كوردستانی ئەمڕۆ. ژمارەی دانیشتوانیشی ٨٩٥٧٣ كەس بوو. لە سنوورەكانی هەكارییەوە تا رووباری دیالە درێژ دەبووەوە. لە باكوورەوە تا باشووری سەنجەقەكە ٧٢ سەعاتەڕێ بوو و لە ڕۆژهەڵاتییەوە تا ڕۆژئاوایشی ٣٥ سەعاتەڕێ بوو. ئەو دەمە سەنجەقی كەركوك ٦ قەزا و ١٧ شارەدێ "ناحیە"و ١٧١٢ ئاوایی دەگرتە خۆی، واتا بە ژمارەی شارەدێ و گوند لە سەنجەقی موسڵ، كە ناوەندی ویلایەتەكە بوو، گەورەتر بوو. سەنجەقی موسڵ لە ٦ قەزا و ١٥ شارەدێ و ١٦٢٧ گوند پێكهاتبوو. پێنج لە قەزاكانی كورد بوون كە ئاكرێ، ئامێدی، دهۆك، زاخۆ و سنجار بوون. قەزاكانی سەنجەقی كەركوكیش بریتی بوون لە هەولێر، ڕەواندز، كۆیە و ڕانیە لەگەڵ قەزای ناوەندی كەركوكدا. مایەی پرسیارە بۆ موسڵ نەک كەركوک كرا بە ناوەندی ویلایەت(٤).

یەكەمین ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ هەندێ ئامار و زانیاری لە بارەی شاری كەركوكەوە تۆمار كردووە، ئەمانە گرنگەكانیانە: ژمارەی خانوو (٤٦٣٠)، خان (١٢)، دوكان و كۆگا (١١٨٣)، گەرماو (٨)، مزگەوت (٣٦)، مەدرەسە (٥)، مەكتەب (١٢)، نانەواخانە (٣)، تەكێ و زاویە (١٠)، كڵێسا و مەعبەد (٥)، قشڵە (٢) و (١٠) قەرەقۆڵ (٥).

وەک دەبینین ساڵنامەكان زانیاریی زۆریان لە بارەی شار و شارۆچكەكانی ویلایەتەكەوە تێدانە، بەڵام دەبێ یەكسەر ئاماژەیش بەوە بكەم، كە ئەو ژمارە و ئامارانە مەزەندەن و زۆرتر خەمڵاندنەكەیان بۆ مەبەستی باج كۆكردنەوە و بردنی گەنجەكان بۆ خزمەتی سەربازی بەكار هێندراون. لە دوای گەیشتنی كۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیش، ئەوەی لە مێژوودا بە شۆڕشی ئیتیحادییەكان یا توركە لاوەكان ناوی ڕۆیشتووە، هەستی توركچێتی بەسەر تۆماركردنی زانیارییەكاندا زاڵ دەبێت و لە هەر شوێنێک هەندێ تورک هەبووبێتن ژمارەیان گەورە كراوە و بە زۆرینەی دانیشتووان تۆماركراون.

تـوێژەرانی بـواری مێـژووی نـوێ دەتـوانن سـوودی زۆر لە سـاڵنامەکان وەربگــرن، هەڵــبەتە بە لەبەرچــاوگرتنی ئەو مەرج و فــاکتەرانەی لەســەرەوە ئاماژەیان پێکرا. خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە بـۆ هەمـوو سـەرچاوەیەکی مێژوویـی کاری لە پێشینەی تـوێژەرانی بـواری مێـژووە. تۆمـارکردنی زانیـاریی دروسـت و تەواو لە بارەی سەرچاوە و بەڵگە مێژووییەکانەوە ئەرکی سـەرەکی تـوێژەرانە، بـۆیە نـاکرێ باسـی سـاڵنامەکان یـان "دەکیـومێنتە دەگمەنەکـان" بکرێـت بـێ ئامـاژەدان بە جـۆری سـاڵنامەکە، ژمـارەکەی، سـاڵ و شـوێنی چـاپکردنی و... هتد. ئەمانە زانیـاریی بەرایـی و بەڵـگە نەویسـتن بـۆ هەر وتـارێکی جـدی، ئەوا ئەگەر باسی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی نەکەین.

بۆ ئەوەی وێنەیەک سەبارەت بە ناوەرۆکی ساڵنامەکان پێشکەش بکەین و خوێنەر بتوانێ بەراوردێک بکات لەگەڵ ئەوەی نووسەرەکە لە وتارەکەیـدا باسـی کردووە، ئاماژە دەکەم بەو بابەتانەی لە یەکەمین سـاڵنامەی ویلایەتـی موسـڵدا هاتوونە، کە بەم شێوەیەی خـوارەوەیە: پێناسـەی سـاڵنامە، ڕۆژمێـری سـاڵانە، ڕووداوە بە ناوبانگەکـان لە ٦٢١٢ پـێش کـۆچییەوە، کە سـاڵنامەکە بە سـاڵی خولقانی حەزرەتی ئادەمی داناوە، تا کـاتی سـەردانی ئیمپڕاتـۆری ئەڵمانیـا بـۆ ئەسـتەموڵ لە سـاڵی ١٨٨٩، نـاوی خەلـیفە ڕاشـدی و ئەمەوی و عەبباسـی و سـوڵتانە عوسـمانییەکان لەگەڵ کـورتەیەک لە ژیانیـان، سـاڵی لە دایکبوونیـان، ساڵی گەیشتنیان بە تەختی دەسەڵات و ساڵی کۆچی دواییان تێدا تۆمـارکراوە. سـاڵنامەکە لیسـتێکی بەنـاوی پاشـا و ئیمپڕاتـۆرە هاوچەرخەکانیشـەوە تۆمـار کردووە. پاشان لیستی ناوی ئەو والی و موتەسەڕیفانەیشـی تۆمـار کـردووە، کە لە سـاڵی ١٥٩١ ـ ەوە تـاکو سـاڵی دەرچـوونی سـاڵنامەکە ١٨٩١ لە موسـڵ فەرمـانڕەوا بـوونە. سـاڵنامەکە لیسـتێکی بە نازنـاوی فەرمـی پـلە و پـایە و میـدالیاکانی دەوڵەتـی عوسمانیشـی گرتـووەتە خـۆی. لاپەڕەکـانی دیکەیشـی تەرخـانکراون بـۆ ئامـاژەکردن بە نـاوی فەرمانگەکـانی دەوڵەت، پێکهاتەکـانی سـوپا، ژانـدارم، سـەرۆکە ڕوحانییەکـانی تـایفە نائیسـلامییەکان لە ویلایەتـی موسڵ، مەزارگە و گڵکـۆی پێغەمـبەران و ئەولیاکـان، زانیـاری دەربـارەی کـانزا، پیشەی ڕسـتن و چنـین، بەروبـوومی کشـتوکاڵی، چیاکـان لە ویـلایەتەکە و ئەو

ناوچـانەی دەکەوتـنە نـاو سـنوورەکانییەوە. دوای ئەوە سـاڵنامەکە لە پـێگەی ویـلایەتەکە دەکـۆڵێتەوە و بـاس لەو یەکە کارگێڕییـانە دەکـات کە سـەر بە ویـلایەتەکەن، ئاماژەیـان پێـدەکات و باسـی دانیشـتووان، قوتابخـانە، داهـات و خەرجییەکانیشـیان دەکـات. نیـوەی لاپەڕەکـانی سـاڵنامەکە بـۆ باسـی مێـژووی موسـڵ و جوگرافیـاکەی تەرخـان کـراون. ئەمە جـگە لە زانیـاریی مێژوویـی و جوگرافی سەبارەت بەو لیوا و قەزایانەی دەکەوتنە نێو سنوورەکانییەوە[٦].

سەرەڕای ئەوەی ساڵنامە عوسـمانییەکان زانیـاریی وەهایـان تێـدایە کە لە سەرچاوەی مێژوویی تـردا دەسـت نـاکەون، بەڵام بـۆ دڵنیـایی لەو زانیارییـانە و بەراوردکردنیـان، دەبێـت تـوێژەر بگەڕێـتەوە بـۆ سـەرچاوەکانی هاوسـەردەمی ساڵنامەکان. ئەم کارە گرنگە بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە ناڕوون و تەمومژاوییەکان و ڕاستکردنەوەی زانیاریی نـاورد و نـاکۆک کە لەم سـەرچاوەیەدا دەبینـرێن. بـۆ نموونە ساڵنامەکان دان دەنێن بەوەدا کە ناتوانن ژمـارەی دروسـتی دانیشـتووان پێشـکەش بـکەن و جەختـیش دەکەنەوە کە ئەو ژمـارانەی تۆماریـان کـردوون بریتین لە مەزەندە و خەملاندن. سەرژمێری بەواتا زانستییەکەی و کۆکردنەوەی داتـای ورد لە سـەر دانیشـتووان لە دەوڵەتـی عوسـمانیدا لە ئـارادا نەبـوو. لە دەسپێکدا دامەزراوەیەک بۆ تۆمـارکردنی خاوەنـدارێتی خـانوو و زەوی لە سـاڵی ١٣٢٦ز لە میرنشینی عوسمانی دروست کـرا، لە ١٣٨٩ز چوارچێـوەی کـارەکەی فـراوان کـرا بـۆ ئەوەی سـەرباز و تـازە لە دایکبـووانیش بگـرێتەوە و نـاوی "دفترخـانە"ی لێنـرا. دەفتەرخـانە یەکەمـین سـەرژمێری لە سـەردەمی سـوڵتان مەحمودی دووەمدا لە ساڵی ١٨٣١ ئەنجام دا. لەو سەرژمێرییەدا دانیشتووان لە دوو خـانەدا تۆمـارکران، خـانەی موسـوڵمان و خـانەی ناموسـوڵمان. دواتـر لە سـالانی ١٨٤٤، ١٨٥٢، ١٨٦٦، ١٨٨١ و ١٩٠٥ دا سـەرژمێری یـا دروسـت خەملانـدنی دانیشـتووان ئەنجـام دران. لە سـەردەمی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم و لە سـاڵی ١٨٩١ دا "دفتەرخـانە" گـۆڕدرا بـۆ فەرمـانگەی ئامـاری دەروازەی بالا. سەرژمێری لە دەوڵەتـی عوسـمانیدا بـۆ دوو مەبەسـتی سـەرەکی ئەنجـام دەدرا ئەویـش بـاج کـۆکردنەوە و گرتنـی گەنجـان بـوو بـۆ سـەربازی. سەرژمێرییەکان هۆز و خێڵەکانیان نەدەگرتەوە، کە ژمـارەیەکی زۆریـان هێشـتا

ژیانی کۆچەرییان بەسەر دەبرد، بۆیە هەرگیز ژمارەی دروستی ئەندامانی هۆزەکان نەدەزاندران. هەروەها سەرژمێرییەکان لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئاینیی زاڵ لەو سەردەمەدا ژنانیان نەدەگرتەوە و بەپێی ژمارەی نێرینەکان بەمەزەندە ژمارەیەکیان بۆ ژنان دادەنا.

ساڵنامەکان دانیشتووانیان بەپێی ئاینیان پۆلین دەکرد، کەمتر بایەخیان بە لایەنی ئەتنیکییان دەدا. ساڵنامەکان زیاتر ئاماژەیان بە زمانی دانیشتووان دەکرد. تورکی زمانی فەرمی دەوڵەت بوو، بۆیە لە هەموو ناوەندە کارگێڕی و شارە گەورە و گرنگەکان باڵادەست بوو. ساڵنامەکان بە تایبەتی لە سەردەمی تورکە لاوەکان و پەرەسەندنی هەستی تورکچێتی لە نێو توێژی خوێندەوار و کاربەدەستاندا، پرسی باڵادەستیی زمانی تورکی زەق دەکرایەوە. هەرچەندە لە ناو شاری کەرکوکدا باس لە باڵادەستیی زمانی تورکی کراوە، بەڵام بۆ دەرەوەی شارەکە بارەکە بە شێوەیەکی تر بوو. سەبارەت بە دانیشتووانی سەنجەقی کەرکوک، دوا ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ (ساڵی ١٩١٢) کۆی ژمارەی دانیشتووانی بە ٩٤٥٨٨ کەس خەمڵاندووە، دانیشتووانی قەزای ناوەندی کەرکوکیشی بە ٤١١٣٧ کەس داناوە. هەر بەپێی ئەم ساڵنامەیە کورد زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتووانی سەنجەقەکەی پێکدەهێنا[٧].

بۆ ناساندنی پەیکەری کارگێڕی ئەو ناوچانەی ئەمڕۆ لە نێو سنووری عێراقدان، پێویستە ئاماژە بکرێ بە هەندێ ڕاستیی مێژوویی، کە ئاشکرا و ڕوونن لەلای ئەو توێژەر و نووسەرانەی هەندێ شارەزان لە مێژووی عوسمانی. عوسمانییەکان دوای داگیرکردنی ئەو وڵاتەی ئەمڕۆ بە عێراق ناسراوە، پەیکەری کارگێڕیی پێشوویان هێشتەوە کە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی ئیلخانییەکان، بۆیە یەکسەر دابەشیان نەکرد بەسەر چەند یەکەیەکی کارگێڕیی نوێدا. بەڵام، پاش تێپەڕینی ماوەیەک دەستیانکرد بە دابەشکردنی بۆ یەکەگەلی کارگێڕی ناسراو بە ئیالات، کە زۆر جاریش دەبوو بە ویلایەت. ئەم دابەشکردنە کارگێڕییە زۆرجار بارودۆخی باوی کۆمەڵایەتی و خێڵە عەرەبی و کوردییەکانی لەبەرچاو دەگرت. لەم سەرزەمینانەی ئەوڕۆ بە عێراق ناسراون چوار ئیالەت هەبوون، کە ئەمانەن: بەغدا، موسڵ و بەسرە و شارەزوور[٨]. ئیالەتیش دابەش دەکرا بۆ

یەکەگەلی کارگێڕیی بچووکتر کە پێی دەگوترا سەنجەق یاخود لیوا، کە لە بەڵگەنامەی فەرمی عوسمانیدا بەکار دەهێندرا. سەنجەقەکانیش دابەشدەبوون بۆ چەند قەزایەک و ئەمەی دوایيش بۆ چەند ناحیە و پاشان گوندەکان دەهاتن.

ئیالەتی شارەزوور ماوەیەکی پڕ لە پشێوی و گرژی لە مێژووی خۆیدا بەسەر برد و ببوو بە گۆڕەپانی سەرەکی ململانێی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی. ئەم ئیالەتە لە سەدەی شانزەهەمدا لە ١٦ سەنجەق پێکدەهات. لە ناوەڕاستی سەدەی دواتردا ژمارەی سەنجەقەکانی بەرز بووەوە بۆ ٣٢ سەنجەق، کە زۆربەیان بریتی بوون لە قەڵا، لووتکەی چیا و دەربەندە سەخت و گرنگەکان. زۆربەی ئەم سەنجەقانە بەهۆی جەنگی بەردەوامی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانەوە، یاخود بە هۆی پێکدادان و شەڕ و شۆڕی میرە کوردەکانەوە وێران کران و خاپوور بوون. بەناوبانگترین سەنجەقەکانی شارەزوور، لە تەک کەرکوکی ناوەندا، سەنجەقەکانی هەولێر، هەریر، کۆیە، شەمامک، دەشتی مەخموور، ئوشنۆ، سەروچک، شارەزوور، شاربازێڕ، مەرگە، هەزارمێرد، شەمێران، قەرەداغ، قزڵجە، ئەنجیران، جەوەڵ حەمرین و چەندین سەنجەقی تر کە ئێستا شوێنەواریان نەماوە و بەوردی نازاندرێت لە کوێ بوونە(٩).

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە سنووری ئیالەتەکان جێگیر نەبوون و گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات. ئەم گۆڕانکارییانە بەشێکیان لە ئەنجامی دەستکاریی کارگێڕی دەوڵەتدا دەهاتنە کایەوە و بەشێکی دیکەیان لە ئاکامی شەڕ و پێکدادانەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا، کە ئیالەتی شارەزوور یەکێک لە گرنگترین گۆڕەپان و مەیدانەکانیان بوو. ئەم گۆڕانکارییە کارگێڕییانە ناوبەناو هەر بەردەوام بوون تا ئەو کاتەی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا پەیکەری کارگێڕی دەوڵەت سەقامگیری بەخۆیەوە بینی و جێگیر بوو. بەوپێیە عێراقی ئەمڕۆ لە سێ ویلایەتی بەغدا، موسڵ و بەسرە خۆی بینییەوە. ویلایەتی موسڵیش سێ سەنجەقی لەخۆ دەگرت کە بریتی بوون: لە سەنجەقی ناوەند هەر بە ناوی موسڵ و قەزاکانی ئامێدی، ئاکرێ، دهۆک، زاخۆ

و سنجار که سەر بە سەنجەقی موسڵ بوون. سەنجەقی "شهرزور" که لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بوو بە کەرکوک قەزاکانی ناوەندی کەرکوک، هەولێر، ڕانیە، ڕەواندز، کۆیە و سەلاحیە (کفری) دەگرتەوە. سەنجەقی سلێمانیش قەزاکانی ناوەندی سلێمانی، بازیان، شارباژێڕ "ناوەندەکەی ماوەت بوو" ، گوڵعەنبەر "ناوەندەکەی هەڵەبجە" بوو و "مەعموره یا مەعمورەتولحەمید "قەڵادزە"، تا ساڵی ١٣١٤ک/١٨٩٧ بە مەرگە نێوی دەبرا(١٠).

لە سەدەی شازدەهەمەوە شاری کەرکووک ناوەندی ویلایەتی شارەزووری عوسمانی بوو. سنووری ئەو ویلایەتە ئەو خاکانەی دەگرتەوە کە ئەمڕۆ پارێزگاکانی کەرکوک، سلێمانی، هەولێر و بەشێک لە سەڵاحەدین و دیالە دەگرنەوە. بە درێژایی چەندین سەدە میرانی ئەردەڵان و پاشایانی بابان کاروباری ویلایەتەکەیان بەڕێوەدەبرد. لەگەڵ نەمان و لەناوچوونی میرنشینی بابان لە ساڵی١٨٥١ دا، دەروازەی باڵا دەستیکرد بە بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی لە کەرکوک. کاتێ ویلایەتی موسڵیش سەرلەنوێ لە ساڵی ١٨٧٩ پێکهێندرایەوە، کەرکوک کرا بە سەنجەقێک سەر بەو ویلایەتە. ساڵنامە و نامە گۆڕینەوە فەرمییەکان بەردەوام بوون لەسەر بەکارهێنانی ناوی شارەزوور لەبری کەرکووک تا ساڵی ١٣١١ک/١٨٩٤-١٨٩٥ز، لەو ساڵەدا بڕیار درا ناوی کەرکوک لەجیاتی شارەزوور بەکار بهێندرێت. هۆکاری ڕاگەیاندراوی ئەم کارە ئەوە بوو گوایە دەیانەوێت ڕێگە بگرن لە ئاڵۆزی و لێک تێنەگەیشتن کە ڕوویدەدا لە نامە گۆڕینەوە فەرمییەکاندا لە نێوان شارەزوور و سەنجەقی "ئەلزۆر- دێرەزوور" لە وڵاتی شام(١١).

ساڵنامەی عوسمانی زانیاریی زۆریان تێدایە سەبارەت بە بارودۆخی کارگێڕی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فێرکردن و تەندروستی لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کە دەکرێ کاری باشیان لەسەر بکرێت و بۆ توێژینەوە لە مێژووی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو ویلایەتانە سوودی زۆریان لێوەربگیرێ.

لە ماوەی سەدەی بیستەمدا گۆڕانکاریی زۆر بەسەر شار و شارۆچکەکاندا هات. دیمۆگرافیای دانیشتووان، بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و کارگێڕی...هتد هەموو سەروبن بوون، کۆچی دانیشتووانی لادێ بۆ ناو شارەکان

سیمای شارەکانی گۆڕی. شاری وا هەبوو لە سەدەی نۆزدەهەم و دەسپێکی سەدەی بیستەمدا ژمارەی دانیشتووانی تەنها ٣٠٠٠٠ کەس بوو، بەڵام ئەمڕۆ ملیۆنێ زیاتر دانیشتووی هەیە. ئەم بارە تازەیە ڕێژەی پێکهاتە ئەتنیکی و ئاینییەکانی بە شێوەیەکی دراماتیکی گۆڕی، بۆ نموونە ئەگەر ئەو کاتە پێکهاتەیەک ١٠٪ دانیشتووانی پێکهێنابێ، ئەوا ئەمڕۆ ڕەنگبێ ڕێژەکەی دابەزیبێت بۆ ١ یا لە باشترین حاڵەتدا بۆ ٢٪. هەندێ کەس نایانەوێ ئەم گۆڕانکارییانە ببینن. ئەو زیادبوونەی دانیشتووان بە شێوەیەکی سروشتی نەبووە، بەڵکو بە هۆی شاڵاوی کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شار یا لە ئەنجامی سیاسەتی ڕاگواستن و کۆچپێکردن بووە، کە بە پلەی یەکەم ئامانجەکەی دانیشتووانی کورد بوو. هەر شارێک لە شارەکانی عێراق و کوردستان وەربگری و ژمارەی دانیشتووانی ئەمڕۆی لەگەڵ پەنجا ساڵ پێش ئێستا بەراورد بکەی، ئەوا دیمەنێکی تەواو جیاواز دەبینی. خۆ ئەگەر ڕەچاوی پرۆسەی ڕووخان و تێکدانی لادێکانی کوردستان بکەین، لەگەڵ کۆکردنەوەی دانیشتووانەکانیاندا لە ناو کۆمەڵگە زۆرەملێکاندا، ئەوە شتی سەرسوورهێنەر دەبینین.

ئەوەی پەیوەندی بە کەرکووکەوە هەیە، لێرە و لەوێ هەندێ لێکدانەوەی نادروست دەکرێن سەبارەت بە هەڵکشانی ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ناو شاری کەرکوک لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە. ئەو کوردانەی لە ئاواییەکانەوە هاتوونەتە کەرکوک دانیشتووانی لیواکە بوون، نەک وەک هەزارەها عەرەب و خەڵکانی دیکە لە لیواکانی دیکەی عیراقەوە دەهاتن بۆ کەرکوک و لە ماوەی نیو سەدەدا هەژانێکی دیمۆگرافییان لە شارەکەدا دروست کرد.

پرۆسەی کۆچکردنی خەڵکی لادێ بۆ شارەکان دیاردەیەکی گەردوونییە و هەموو وڵاتانی بە پلە و ئاستی جیاواز گرتۆتەوە. هەموو شارەکانی عێراق لەم دیاردەیە بەدەر نین، بەغدای پایتەخت کە ژمارەی دانیشتووانی بەر لە نیو سەدە دوو تا سێ ملیۆن کەس بوو، ئێستا باس لە حەوت و هەشت ملیۆن دەکرێت. هەندێ ناوەندی ناسیۆنالیستی تورکمان ئەم دیاردەیە لە کەرکوک

وەک ستراتیژ و پلانێکی دوورمەودای کورد لێکدەدەنەوە، وەک ئەوەی جوتیاری سادەی کوردی هەڵاتوو لە دۆزەخی ئەنفال و شاڵاوەکانی جینۆساید پرۆسەی ( بەکوردکردنی کەرکوکی) بەپێی ئەو پلانە جێبەجێ کردبێت. ئەو ناوەندانە خۆیان لە باسی پرۆسەی بەعەرەبکردنی شار و پارێزگاکە دەبوێرن، کە لە سەر ئاستی هەموو دونیا گەلێ لە وردەکارییەکانی ئاشکرا کراون.

### پەراوێزەکان و سەرچاوەکان

١. بۆ زانیاریی فراوان لە بارەی ساڵنامەی عوسمانییەوە بڕوانە: الدكتور فاضل مهدي بيات، السالنامات العثمانية وأهميتها لتأريخ العراق"، مجلة المورد، العدد الثاني، المجلد ١٧، عام ١٩٨٨؛ هەروەها بڕوانە وتاری نووسەری ئەم دێڕانە: أربيل في السالنامات العثمانية"، مجلة كاروان، العدد ٩١، كانون الأول ١٩٩٠؛ دکتور عەبدولفەتاح عەلی یەحیاش دوو لێکۆڵینەوەی لە سەر ساڵنامەکان کردووە، بڕوانە: سالنامات الموصل العثمانية مصدرا لدراسة تأريخ السليمانية، مجلة جامعة دهوك، العدد ٢، المجلد ١ و: سالنامات الموصل العثمانية مصدرا لدراسة تأريخ دهوك، العدد ١، المجلد ٣، عام ٢٠٠٠؛ هەروەها توێژینەوەیەکیشی بە ناونیشانی: كَركُوك في السالنامات العثمانية، کردووە و دانەیەکی بڵاونەکراوەی پێشکەش بە نووسەری ئەم دێڕانە کردووە.

٢. موصل ولايتی سالنامەء رەسمیسیدر١٣٣٠سنه هجریەسنه أولمق أوزره بشنجی دفعه أولەرق، موصل مطبعەسندە طبع أولنمشدر.

٣. سەیری وتاری ناوبراوم بکە: مجلة كاروان، العدد ٩١، كانون الأول ١٩٩٠، ص١١٧؛ هەروەها بڕوانە: ش. سامي، قاموس تركی، درسعادت (إستنبول) ١٣١٧،ص٧٠١؛ سالنامەء دولت علية عثمانيه، ١٣٠٥ سنه هجریەسنه مخصوص قرق أوجنجی دفعه، معارف جلیلەسنک أثر ترتیبدر، ص١٠٠-١٠٩: د. عبدالفتاح علی یحیی، كَرْكُرك في السالنامات العثمانية، بحث غير منشور، ص٢.

٤. بغداد ولايت جليلهسنه مخصوص سالنامهدر، يكرمنجى دفعهدر،١٣٢٤ سنه هجريه، مطبعه ولايتنده طبع أولنمشدر، ص ٨٣؛ د. فاضل مهدي بيات، المصدر نفسه، ص٤٣-٤٤.

٥. موصل ولايتى سالنامهسى، برنجى دفعه، ١٣٠٨ هجرى، موصل مطبعهسنده طبع أولنمشدر١٣٠٨ هجرى/ ١٣٠٦ رومى.

٦. موصل ولايتى سالنامه سى، ١٣٣٠، ص٢٢٩.

٧. خليل علي مراد، تأريخ العراق الإداري و الأقتصادي في العهد العثماني الثاني ١٦٣٨ – ١٧٥٠، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد ١٩٧٥، ص٤٥.

٨. نفس المصدر السابق، ص ٦٠-٦٢.

٩. سالنامهء دولت عليه عثمانيه، ١٣٠٢هجرى، قرقنجى دفعه، معارف نظارت جليلهسنك أثر ترتيبدر، درسعادت ١٣٠٢، ص٧٤-٧٥.

١٠. موصل ولايتى سالنامهء رهسميسيدر١٣٣٠سنه هجريهسنه أولمق أوزره بشنجى دفعه أولهرق، موصل مطبعهسنده طبع أولنمشدر.

١١. موصل ولايتى سالنامهسى، ١٣١٢ هجرى، ص ٣١٨.

# کەرکوک لە بیرەوەرییەکانی ڤیرسێنی سەرۆکی لیژنەی کێشەی موسڵدا

لە میــانی هەمــوو دانوســتاندن و ئەو مشــتومڕە زۆرانەدا کە بە دوای کۆتاییهـاتنی شـەڕی یەکەمـی جیهانـدا هـاتن، بەریتانیـا و تورکیـا نەیـانتوانی چارەسەرێک بدۆزنەوە بۆ ئەو کێشـەیەی کە بەکێشـەی ویلایەتـی موسـڵ نـاوی چووە مێژووەوە. تەنانەت دانیشتن و دانوستاندنە دوور و درێژەکانی کۆنفرانسـی لۆزانیش لە هەردوو گەڕەکەیدا (٢١ نۆڤەمبەری ١٩٢٢ ـ ٢٤ شـوباتی ١٩٢٣) و (٢٣ نیسـانی ١٩٢٣ ـ ٢٤ تەممـوزی ١٩٢٣) کێشـەکەیان بەبێ چارەسـەریی کۆتـایی هێشـتەوە. کۆبوونەوەکـانی ئەسـتەموڵیش لە ١٩ ئایـاری ١٩٢٤، کە بـۆ هەمان ئامانج سازکران هـیچ ئاکـامێکی ئەرێنییـان لـێ نەکەوتەوە. بـۆیە هەردوو لایەنی ناکۆک تورکیـا و بەریتانیـا بڕیاریـان دا بەپێـی هەردوو مـاددەی دووەم و سێیەم لە پەیمانی لۆزان پرسەکە بەرزبکەنەوە بۆ ئەنجـوومەنی کـۆمەڵەی گەلان بـۆ ئەوەی بڕیـاری کۆتـایی سـەبارەت بە کێشـەی ویلایەتـی موسـڵ بـدات. ئەنجوومەنی نـاوبراو لە ٣٠ ئەیلـولی ١٩٢٤ بڕیـاری دا لیژنەیەکـی لێکـۆڵینەوەی تـایبەت بەو کێشــەیە پێکبهێنێـت. لیـژنەکە لە ئوکتـۆبەری هەمــان ســاڵدا پێکهێندرا. ئەرکی لیژنەکە ئەوە بوو کە لەسەر زەوی بارودۆخ و هەلومەرجەکـان ببینێت و زانیاریی پێویست کۆبکاتەوە سەبارەت بەلایەنی ئـابووری و پێکهـاتەی ئەتنیکــی دانیشــتووانی نــاوچەکە، ئەوجــا ئەنجامەکــانی لێکۆڵینەوەکــان لە ڕاپۆڕتێکی تێر و تەسەلدا بخاتە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بـۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسـەر چارەنووسـی ویلایەتـی موسـڵ بـدات. هەردوولا ڕێکەوتـن لەسەر ئەوەی ئەو ڕاپۆرتە دەبێت بە بنەما بۆ هەر بڕیارێک کە کـۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە چارەنووسی ویلایەتی موسڵ بیدات. هەروەها پەیمانیـان دا هەوڵـی هـیچ گۆڕانکـارییەک نەدەن لە بـارودۆخی نـاوچەکە تـا کـۆمەڵەی گەلان بڕیـار دەدات. ئەنـدامانی لیـژنەکە لە نـۆڤەمبەری هەمـان سـاڵدا دەستنیشـان کـران، کەبریتی بوون لە دیپلۆماتی سویدی ئەینار ئـاف ڤیرسـێن (Einar af wirsen)، پسـپۆری جوگرافیـا و سـەرۆکوەزیرانی پێشـووی هەنگاریـا کۆنـت پـاڵ تیلیکـی (Count Pal Teleki) و کۆڵـۆنێلی خانەنشـینی بەلژیکـی ئەلبێـرت پـاولیس

(Albert Paulis) كه بەتوندوتیژی و كردەوە كۆلۆنیالییەكانی لە كۆنگۆ و باشووری سودان ناوی دەركردبوو. هەرچەندە هەڵبژاردنی ئەندامانی لێژنەكە لەسەر بنەمای لێهاتوویی و ئەزموونە دەوڵەمەندەكانیان بوو لە شوێنە جیاوازەكانی دونیا، بەڵام ڕەزامەندیی بەریتانیا لەسەر یەک بە یەكیان فاكتەرێكی گرنگ بوو لە دەستنیشانكردنیاندا. بۆ نموونە ئاینار فان ڤیرسێن (١٨٧٥-١٩٤٦) شارەزای كاروباری گەلانی بەڵكان بوو، هەروەها كتێبی لە بارەی ئەو گەلانە و سیاسەتەكانی دەوڵەتە زلهێزەكانەوە لە بەڵكان نووسیوە. چەند ساڵێكی لە ئەستەموڵ و سۆفیا وەک ئەتاشەی سەربازی سویدی بەسەر برد، شارەزای كاروباری دەوڵەتی عوسمانی و گەلانی ژێردەستی دەروازەی باڵا و كولتووریان بوو. لە بارەی مسیۆنێرە ڕۆژئاواییيەكانەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و كار و چالاكییەكانیان لە نێو كرستیانەكانی ڕۆژهەڵاتدا توێژینەوە و لێكۆڵینەوەی كردووە و لە دوای سەردانی زێدی ئاسوورییەكان وتاری لە بارەیانەوە بڵاوكردەوە. هەروەها دواتر بە بیرەوەری و یاداشتەكانی "یادەوەرییەكانم لە ڕۆژانی جەنگ و ئاشتیدا" و "لە بەڵكانەوە بۆ بەرلین" ناوبانگی دەركرد[1]. لەكاتی هەڵبژاردنیدا بۆ سەرۆكایەتی لێژنەی كێشەی موسڵ، وەزیری ڕێپێدراوی وڵاتەكەی بوو لە بەرلین، هەروەها سەرۆكی دەستە دیپلۆماتكارەكانی سوید بوو لە بوخارست، ئەسینا و بێڵگراد. هەرچی كۆنت پاڵ تێلیكی (١٨٧٩ — ١٩٤١)یشە ئەوا قانوون، زانستە سیاسییەكان و جوگرافیای لە زانكۆی بوداپێست خوێندبوو، دواتر هەر لەو زانكۆیە ببوو بە پرۆفیسۆر لە بواری زانستی جوگرافیادا. لەساڵی ١٩٠٥ ببوو بە ئەندام پارلەمانی هەنگاریا و وەک ڕاوێژكاری جوگرافیایی بۆ شاندی وڵاتەكەی لەكاتی كۆنگرەی ئاشتی لە پاریس دەستنیشان كرا. پاشان كرا بە وەزیری دەرەوەی هەنگاریا و دوو جاریش سەرۆكوەزیرانی وڵاتەكەی بوو، یەكەمیان لە ساڵانی ١٩٢٠ ـ ١٩٢١ و دواجاریش لە كاتێكی زۆر دژواردا كە ساڵانی ١٩٣٩ ـ ١٩٤١ بوو. واژۆكردنی پەیمانی بەرلین لەگەڵ ئەڵمانیای نازیدا لە ١٩٣٩ سەری خوارد. كاتێ شەڕی دووەمی جیهانی دەستیپێكرد، گوشاری زۆری لەسەر بوو و لەوە تێگەیشت كە هەڵەیەكی گەورەی كرد و هیتلەر وڵاتەكەی ناچار دەكات لە

هێرشبردنە سەر یۆگسلافیا بەشداری بکات. بەو هۆیەوە لەساڵی ١٩٤١ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. بەر لەوەی خۆی بکوژێت نامەیەکی پڕ لەواتای نیشتمانی و بەرپرسیارێتی بۆ گەلەکەی نووسی و دانی بەوەدا نا کە خۆی بە تاوانبار دەزانێ.

ئەلبێرت پاولیس (١٨٧٥ — ١٩٣٣) کۆڵۆنێلی خانەنشینی بەلژیکیش، یەکێ لە کۆڵەکەکانی کۆڵۆنیالیزمی وڵاتەکەی بووە لە کۆنگۆ و باشووری سودان. ئەزموونی کۆڵۆنیالی پڕ لە توندوتیژی لەو شوێنانە بەدەستهێنابوو، شارەزا لە چەوسانەوە و ئەشکەنجەدانی خەڵکی ژێر دەستەدا. مس بێڵ کە باسی ئەندامانی لێژنەکە دەکات ڤیرسێن بەکابرایەکی سویدی ڕاستگۆ، قەڵەو و نەزان لە قەڵەم دەدا، بەڵام تێلیکی بە مەترسی دەزانێ لەسەر خواست و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و پێیوایە هەرگیز پشتی تورکان لە ئەرز نادات، هەرچی پاولیسی بەلژیکییە، ئەوا بەلای بێڵەوە لەنێوان هەردووکیاندا بوو لە باری تێگەیشتن و نیازپاکییەوە[2]. ئەگەر لە دید و بۆچوونەکانی پاولیس وردبینەوە، دەزانین مس بێل بۆچ ئەمی بەدڵ بووە. پاولیس هاوسۆزی زۆری بۆ کرستیانەکانی ویلایەتی موسڵ پێشاندەدا و هەموو قسەکانی بەو ئاڕاستەیەدایە کە نابێ ئەمانە جارێکی تر بخرێنەوە ژێردەستی تورک. لەوەش زیاتر ئاماژە بەوە دەکات کە لە بەغدا لەگەڵ کۆمیساری باڵای بەریتانیا لە عێراق سێر هێنری دۆبس Sir Henry Dobbs باسی بارودۆخی کرستیانەکانیان کردووە و پێیان ڕاگەیاندووە کە دەبێ خواستەکانیان لەبەرچاو بگیردرێن و دەڤەرێکی ئۆتۆنۆمییان بۆ دروستبکرێت و ئەویش نامەیەکی حکومەتی بەریتانیای پێیان پێشانداوە، کە لە نیسانی ١٩٢٤دا بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق نێردراوە و تێیدا داواکراوە کە ئۆتۆنۆمی بدرێت بە کرستیانەکانی ویلایەتی موسڵ و گوایە فەیسەڵیش ڕەزامەندی لەسەر ئەو داخوازییە پێشانداوە. هەر لەوێدا ئەوەیش دەگێڕێتەوە کە مەلیکی عێراق فەیسەڵ لە وتەی پێشوازیکردن لە لێژنەکەیان ژمارەی پێکهاتەکانی ویلایەتی موسڵی بەم شێوەیە پێیان ڕاگەیاندووە: عەرەب ١٧٣٠٠٠، کورد ٥٩٣٨٠، تورکمان ١٦٠٠٠، کرستیان ٣٠٠٠٠ کە زۆربەیان کلدانین، جوو ٦٠٠٠، ئێزیدی ١٤٩٠٠، ئاینەکانی دیکە گوایە ١٠٠٠

کەسێک بوونە. لێکدانەوەی پاولیس بۆ ئەم قسانەی فەیسەڵ ئەوەیە کە ئەو عەرەبی بە زۆرینە لەقەڵەمداوە و لەسەر ئەو بنەمایە داوای ئەو ویلایەتە عەرەبییە دەکات. هەر بۆخۆیشی دەڵێت کە ئەم ژمارانە ناکۆکن لەگەڵ ئەوانەی لە لای سەرۆکی لیژنەکە ڤیرسێنن سەبارەت بە پێکهاتەی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ بە کەرکوکیشەوە. بەلای ڤیرسێنەوە لەو ۸۰۰۰۰۰ کەسەی لە ویلایەتەکە دەژین، دەبێت نیو ملیۆنیان کورد بن[٣]. باسی ڕووداوەکەی کەرکوکیش دەکات کە لە هاوینی ١٩٢٤ لە نێوان ئەندامانی هێزی لیڤی مەسیحی و دانیشتووانی کەرکوکدا ڕوویدا. کاتێک لیژنەکە گەیشتە ویلایەتی موسڵ باس و خواسی ڕووداوەکەی کەرکوک هێشتا گەرم بوو. وەک پاولیس دەیگێڕێتەوە هێزەکانی لیڤی بوو بەشەڕیان لە ناو بازاڕدا و تەقەیان لە خەڵک کرد و لە ئەنجامدا بیست کەسیان کوشت، لە وەڵامدا خەڵکەکە هێرشیان کردە سەر ماڵ و دووکانی کرستیانەکان و ژمارەیەکیان لێ کوشتن. بەپێی دانیشتووانی مەسیحی شارەکە پلانی ڕووداوەکە لەتورکیا دانرابوو و بەپێی دانیشتووانی تری کەرکوکیش هێزەکانی لیڤی وەک داگیرکار هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکدا دەکرد. گێڕانەوەکەی پاولیس لە بارەی ڕووداوەکەی کەرکوکەوە بێلایەنانە نییە و سەرچاوەی تریش بەشێوەیەکی جیاواز باسی ئەم ڕووداوەیان کردووە. پاولیس هەندێ بیرەوەری خۆی لە بارەی کارەکانی لیژنەکەوە بە زمانی فەرەنسایی تۆمار کردووە، ئەمانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکردن ئەو وتانەن کە کراون بە ئینگلیزی و بۆ ئەم بەشە کەڵکیان لێ وەرگیراوە.

بەم شێوەیە لیژنەکە کەسانێکی کۆکردبووەوە کە لە بوارەکانی مێژوو، جوگرافیا، زانستە سەربازییەکان پسپۆر و شارەزا بوون، هەروەها لە زانستە سیاسییەکان، قانون و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا خاوەن ئەزموون بوون. دەستەبژێرێک لە ڕاوێژکارانی بەتواناش لە بوارەکانی ڕۆژهەڵاتناسی، ئیتنۆگرافیا، قانون، جوگرافیا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هاوکاریان بوون وەک ڕۆدۆلۆی ئیتاڵی، کە بۆ ماوەیەکی کورت باڵوێزی وڵاتەکەی بوو لە ئۆسلۆ، کۆنت پۆرتالێە سویسری و ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵەندی بەناوبانگ کرامەرز. کۆمەڵەی گەلان سەرۆکی بۆ لیژنەکە دانەنابوو، بەڵام بەپێی ڤیرسێن بۆ

ڕاپەڕاندنی کارەکان پێویست بوو یەکێ بکرێت بە سەرۆک. ئەم تیلیکی هەنگاری پێشنیاز کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی هەنگاریا لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا هاوپەیمانی دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵمانیا بوو، تیلیکی پێی وا بوو کە ئینگلیزەکان ئەو بەبێ لایەن دانانێن، لە ڕاستیشدا وابوو و مس بێڵ بە ڕاشکاوەیی لە نامەکانیدا باسی ئەمەی کردووە. تیلیکی بە ڤیرسێن ڕادەگەیەنێ کە کەس گومانی لە بێ لایەنی سوید نییە، بۆیە باشترە ئەم ببێت، بەو شێوەیە دەبێت بەسەرۆکی لێژنەکە.

پاش ماوەیەکی کورت لە ناولێنانی ئەندامەکانی، لێژنەکە دەستی کرد بە کۆبوونەوە و کۆکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو نەخشە و سەرچاوە مێژووییانەی لە بەردەست بوون و لە بارودۆخی ئەتنیکی و ئاینی ویلایەتەکە دەکۆڵینەوە. ئەندامانی لێژنەکە سەردانی لەندەن و ئەنکەرەیان کرد، لە لەندەن چەیمبەرلن و وەزیری کۆلۆنییەکان ئەیمری و لە ئەستەموڵ و ئەنکەرەش مستەفا کەمال و ژمارەیەک لە بەرپرسانی تورک پێشوازییان لێکردن. ئەم سەردانانەیان بۆ ئەوە بوو لە نزیکەوە ئاگادار بن لە تێڕوانینی هەردوولایەنی ناکۆک و ڕکابەر لەسەر کێشەکە. ئەوەی مایەی پرسیار و تێڕامانە ئەوەیە کە لایەنە جیاوازەکان بایەخێکی ئەوتۆیان نەدەدا بە بۆچوون و ئارەزووی دانیشتووانی ویلایەتەکە، کە پرسەکە لە کۆتاییدا چارەنووسی ئەوان بوو. دوای تەواوکردنی دیدارەکانیان لە ئەنکەرە، ئەندامانی لێژنەکە سەردانی دیمەشقیان کرد و لەوێشەوە چوونە بەغدا و بوونە میوانی هێنری دۆبس کۆمیساری باڵای بەریتانیا لە عیراق "مەندوبی سامی بەریتانیا" و ئەوجا چاویان کەوت بە شا فەیسەڵ و هەندێ لە وەزیرەکانی. پاش ئەم گەشتە دوور و درێژە ئەمجا بەرەو موسڵ بەڕێکەوتن. لەوێشەوە دەستیان کرد بە سەردانی ئەو شار و شارۆچکانەی لە سەردەمی عوسمانیدا سەر بە ویلایەتەکە بوون. لەگەڵ پیاو ماقووڵ و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە دادەنیشتن و گوێیان لە دید و بۆچوونەکانیان دەگرت. لە میانی ئەو سەردان و چاوپێکەوتنانەدا هەوڵیاندەدا تێڕوانین و بۆچوونی پیاو ماقووڵان، کەسایەتییە ناودارەکان و سەرداره لۆکاڵییەکان بزانن و لە هەمان کاتدا زانیارییان لە بارەی بارودۆخی ئابووری، ئەتنیکی و

کۆمەڵایەتییەوە کۆدەکردەوە کە بەلایانەوە پێویست بوون بۆ کۆتاییهێنـان بە کارەکانیان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەیان.

مەبەست لەم دێڕانە هەڵسەنگاندنی کارو چالاکی، شێوازی کارکردنی، کۆکردنەوەی زانیاری، دیدار و چاوپێکەوتنەکانی لێژنەکە لەگەڵ دانیشتووانی ویلایەتەکە نییە، بەڵکو حەز دەکەم ئاماژە بەهەندێ زانیاری بکەم کە لە یاداشتەکانی ئەینار ڤیرسێندا هاتوون، کە بڕیاردەری لێژنەکە بوو (وەک باوە بە سەرۆکی لێژنەکە ناوی دەبرا). لێرەدا بەتایبەتی ئەو ژمارە و ئامارانەی ڤیرسێن لەبارەی پێکهاتەی ئەتنیکی دانیشتووانی ویلایەتەکەوە خستوونێتەڕوو مایەی سەرنج و تێڕامانن. ژمارەکانی ڤیرسێنیش لە بیرەوەرییەکانیدا لەم بارەوە هەر لە چوارچێوەی ئەو خەمڵاندنانەن کە لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە بنیات نراون کە لێژنەکە لەمیانی سەردانە جۆربەجۆرەکانیدا لە ناوچەکەدا کۆی کردبوونەوە، سەرباری ئەو ژمارە و ئامارانەی لایەنە جۆربەجۆرەکان دابوویان بۆ لێژنەکە. هەروەها ئەو زانیارییانەی لەناو کتێبەکانی ئەو گەڕیدانەدا هەبوون کە لە کاتی خۆیدا سەردانی ناوچەکەیان کردبوو، سەرباری ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی بایەخیان بەم جۆرە پرسانە داوە. پێویستە لێرەدا ئاماژە بکرێ بۆ ئەو ڕاستییە کە کەم و کورتی لە سەرجەم ئەو ژمارانەدا هەن، چونکە دەوڵەتی عوسمانی زیاتر دەوڵەتێکی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست، وەک لەوەی دەوڵەتێکی هاوچەرخی مۆدێرن و بایەخی بە ئامار و داتا دابێت. هەرچی ئاماری عوسمانی هەبوو بریتی بوو لە خەمڵاندنی دانیشتووان و موڵک و داهاتیان بەمەبەستی کۆکردنەوەی باج و سەرانە و سەربازگیری. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە خەڵک لەو پرۆسانە هەڵدەهاتن و زانیارییان نەدەدا بە دەوڵەت و کوڕەکانیان لە ناونووسی دەشاردەوە. دەوڵەتیش ناچار دەبوو پەنا بباتە بەر خەمڵاندن و مەزندەکردن کە ناکرێ زۆر پشت بە ئەنجامەکانیان ببەسترێت. ڕەنگبێ لە نێو ئەو ژمارانەی کە لایەنی تورکی پێشکەشی لێژنەکەی کۆمەڵەی گەلانی کردبوو سەبارەت بە پێکهاتەی دانیشتووان لە ویلایەتی موسڵ، ژمارەی تورکەکانی سلێمانی سەیرترینیان بوو. بەپێی ئامارەکانی لایەنی تورکی گوایە لەو کاتە ٣٢٩٦٠ تورک لە سلێمانی بوونە، کە هەموو کەسێک دەزانێت هەندێ سەرباز و

کاربەدەستی تورکی لێ دەرچێت، بە درێژایی مێـژوو ڕێـژەی تـورک لە سـلێمانی سفر بوو. بۆیە ئاماژە بەم جۆرە بابەتـانە دەکەم، چـونکە لەم ڕۆژانە کەسـانێک هەن باسی ژمارەگەلی فەلەکی دەکەن سەبارەت بەم کەمینـە یـان ئەو دەسـتەیە کە هیچ کۆیان ناکـاتەوە لەگەڵ لۆژیـک و ڕاسـتییە مێژوویـی و جوگرافییەکانـدا. ئەم جـۆرە کەسـانە ئەم کـارانە دەکەن بەبـێ پشتبەسـتن بە هـیچ سـەرچاوە و ئامـاری فەرمـی کە لەبەر دەسـتدان و هەمـووان دەتـوانن بۆیـان بگەڕێـنەوە و پەنایان بۆ ببەن.

ئەو زانیارییانەی لێرە دەیـانخەمە ڕوو لە یاداشـتەکانی بڕیـاردەری لێـژنەی کێشەی موسڵەوە، کە کۆمەڵەی گەلانی پێکیهێنـا، وەرگیـراون. ئەینـار ڤیرسـێن یاداشتەکانی بە زمانی سویدی نووسـیوە و لەژێـر ناونیشـانی "لە بەڵکـانەوە بـۆ بەرلـــین" لە ســـتۆکهۆڵم لە ســـاڵی ١٩٤٣ لە ٣٤٠ لاپەڕەدا بڵاویکـــردووەتەوە. ڤیرسێن چوار بەشی یاداشتەکانی بۆ قسەکردن سـەبارەت بە کێشـەی ویلایەتـی موسڵ تەرخان کردووە و ئاماژە بە بیرەوەری و وردبینییەکانی خـۆی دەکـات لە کاتی کارکردنیدا وەک بڕیاردەری لێـژنەکە. لاپەڕەکـانی ١٠٧ — ١٦٣ کتێـبەکەی بۆ ئەم باسە تەرخان کردووە. باسەکانی ئەم ٥٦ لاپەڕەیە بەسـەر چـوار بەشـدا دابەش کـراون و ئەم ناونیشـانانەیان هەڵگرتـووە "پێکهێنـانی لێـژنەی موسـڵ"، "چوونە ناو شـاری موسـڵ، "لێکۆڵینەوەکـان لە ویلایەتـی موسـڵ و ئێزدێتـی" و "ژنێڤ". یاداشتەکانی ڤیرسێن زانیاریی زۆریـان تێـدایە سـەبارەت بە بـارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆژانەی ویلایەتی موسـڵ لە پـاش جەنگـی یەکەمی جیهـانی. ڤیرسـێن ئامـاژە بە هۆکـار و لایەنەکـانی ئەو ململانـێ تونـدە دەکات بۆ دەستگرتن بەسەر ئەم ناوچە گرنگەدا.

دۆســـتێکی کـــوردی بـــاکوری کوردســـتان کـــۆپییەکی ئەو ٥٦ لاپەڕەیەی بیرەوەرییەکانی ئەینار ئاف ڤیرسێنی پێشکەشم کرد، زۆر هەوڵمـدا شـتێکی لـێ هەڵبکرێنم، لە ژمارە و ناوی پێکهاتەکان زیاتر شتێکم وەچنگ نەکەوت، چـونکە دەقەکە بە سویدی بوو و منیش زمـانی سـویدی نـازانم. پەنـام بـردە بەر چەنـد دۆستێک کە لە سـوید دەژیـان، ماڵیـان ئـاوا بێـت بیـرۆکە سـەرەکییەکانیان بـۆ وەرگێـڕام. دوای ئەو بێـنە و بەرە زانـیم کە کـراوە بە عەرەبـی و جەرجـیس فەتحوڵا لە کتێبێکی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە(٥).

پـێم سـەیر بـوو تـا ئەو کـاتە ئەم بەشـەی بیرەوەرییەکـانی ڤیرسـێن کە پەیوەنـدییان بە کـوردەوە هەیە وەرنەگێڕدرابـوو بـۆ زمـانی کـوردی و هـیچ گرنگییەکی پـێ نەدرابـوو. بەهەمـان شـێوەش ڕاپـۆرتەکەی کۆمەڵەی گەلان تـا جەرجیس فەتحـولا نەیکـرد بە عەرەبـی و لەو کتێـبەی خۆیـدا بـڵاوی نەکـردەوە توێژەرانی بواری مێژووی کورد و عێراق لایان لێی نەکردووەتەوە.

ئەو ژمارە و ئامارانەی لایەنەکانی کێشەی موسڵ لە بارەی دانیشـتووانەوە پێشکەشی لێژنەکەیان کرد بەم شێوەیە بوون[٦]:

| پێکهـاتەی نەتەوەیی | ژمارەکـانی لایەنـی تـوركی لە کۆنفرانسی لۆزان | ژمارەکـان بەپێـی ڕاپۆرتەکـانی ئەفسـەرانی سیاسـی لە ساڵی ١٩٢١ | دوا سـەرژمێری حکومەتی عێراق ١٩٢٢ — ١٩٢٤ |
|---|---|---|---|
| کورد | ٢٦٣٨٣٠ | ٤٢٤٧٢٠ | ٤٩٤٠٠٧ |
| عەرەب | ٤٣٢١٠ | ١٨٥٧٦٣ | ١٦٦٩٤١ |
| تورک | ١٤٦٩٦٠ | ٦٥٨٩٥ | ٣٨٦٥٢ |
| کرستیان | ٣١٠٠٠ | ٦٢٢٢٥ | ٦١٣٣٦ |
| جوو | — | ١٦٨٦٥ | ١١٨٩٧ |
| ئێزیدی | ١٨٠٠٠ | ٣٠٠٠٠ | ٢٦٢٥٧ |
| کۆچەر و بەدوو | ١٧٠٠٠٠ | — | — |
| کۆی گشتی | ٦٧٣٠٠٠ | ٧٨٥٤٦٨ | ٨٠١٠٩٠ |

ئەوەی دەبێـت لێـرەدا ئامـاژەی پێبکرێـت ئەوەیە کە کـۆی گشـتی دانیشـتووانی کەرکـوک بەپێـی ئەم ژمـارانە دەکەنە ١٢٢٠٠٠ نەک ٩٢٠٠٠ وەک لە خشتەکەدا نووسراوە. وەک دەبینین ژمارەکـان زۆر نـاکۆک و جیـاوازن و لایەنـی تورکی هەوڵی دەدا ژمـارەی تـورک و تورکمـان زۆر بکـات و لایەنـی بەریتـانی و عێـراقیش ژمـارەی عەرەبیـان زیـاد دەکـرد، تەنهـا پێکهـاتە کە کەسـی نەبـوو لەسەری بێتە دەنگ کورد بوو، بەڵام هەموو لایەنەکـان ناچـار بـوون دان بەوەدا بنـێن کە کـورد زۆرینـەی دانیشـتووانی ویلایەتـی موسـڵ پێکـدەهێنێ و هەمـوو

لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە کورد بەلای کەمەوە پێنج لەسەر هەشتی هەموو دانیشتووان پێکدێنێ.

دوای ئەوەی بیرەوەرییەکانی ڤیرسێن دەخوێنینەوە لەبارەی کارەکانی لێژنەکەوە، ئاگاداری ئەو کۆسپانە دەبین کە دەهاتنە ڕێگەیان، هەروەها هەوڵی ئەندامانی لێژنەکە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان لایەنەکاندا و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی هەر یەک لە بەریتانیا، تورکیا و عێراق، لەوە تێدەگەین کە بۆچی دید و بۆچوون و خەملاندنەکانی ڤیرسێن بۆ باروودۆخی ناوچەکە و پێکهاتەی دانیشتووانی لە بەشێکی گرنگیدا جیاوازن لەوەی لێژنەکەیان لە کاتی خۆیدا پێشکەشی کرد بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان. ئەو بیرەوەرییەکانی لە دوای خانەنشینبوونی نووسی، کاتێ کۆمەڵەی گەلان لەسەر شانۆی سیاسەتی نێودەوڵەتی نەمابوو و دوو دەیەیش بەسەر کێشەی موسڵدا تێپەڕیبوو. واتە ڕزگار ببوو لە ئەرک و بەرپرسیارێتی فەرمی، کە وای دەخواست مرۆڤ باسی زۆر پرسی گرنگ و هەستیار نەکات یان هیچ نەبێ خۆی لێیان بێدەنگ بکات.

تێپەڕبوونی دوو دەیە بەسەر کۆتاییهاتنی کێشەی موسڵ، پەرەسەندنی پەیوەندیی سیاسی لە نێوان تورکیا و عێراق تا ئاستی هاوپەیمانی لە چوارچێوەی پەیمانی سەعدئابادا و دژایەتیکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، نەمانی کۆمەڵەی گەلان لەسەر شانۆی سیاسەتی نێودەوڵەتی، هەموو ئەمانە وامان لێدەکەن پێمانوابێت کە لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێک نەبووە ڤیرسێن ڕاستیی ڕووداوەکان بشێوێنێ. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو ژمارە و ئامارانەی لە لاپەڕەکانی ١٥٩ ـ — ١٦٠ ڤیرسێن ئاماژەیان پێدەکات جێگای پرسیاری زۆرن. ژمارەکان لە بیرەوەرییەکانی بەم شێوەیەن کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا هاتوون و تیایاندا ئاماژە دەکات بە پێکهاتەی ئەتنیکی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ(٨):

| لیوا | کورد | عەرەب | تورکمان | کرستیان | جوو |
|---|---|---|---|---|---|
| کەرکوک | ٤٨٠٠٠ | ٣٧٠٠٠ | ٢٦٠٠٠ | ٢٥٠٠ | – |
| سلێمانی | ١٩٠٠٠٠ | ٧٥ | - | - | ١٥٥٠ |
| هەولێر | ١٧٠٠٠٠ | ١٢٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ١٤٠٠٠ | ٣٠٠٠ |
| موسڵ | ١٢٦٠٠٠ | ١٢٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠ | ٥٥٠٠٠ | ٨٠٠٠٠ |

ژمارەی کوردی لیوای موسڵ کوردانی ئێزیدیش دەگرێتەوە، کە ڤیرسێن لە زۆر شوێندا ئاماژە بە کوردبوونیان دەکات و دەڵێت زمانیشیان کوردییە. ئەو ئەنجامانەی بیرەوەرییەکانی ڤیرسێن دەیاندات بەدەستەوە دەکرێ لەم چەند خاڵەدا کورت بکرێنەوە:

یەکەم: کورد زیاتر لە پێنج لەسەر هەشتی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵیان پێکدەهێنا، ئەگەر ئەندامانی خێڵە کۆچەر و هەڵهاتووەکان لە باجدان و سوخرە و خزمەتی سەربازی لە سوپای عوسمانیدا بخرێنە سەر ئەو ژمارەیە، ئەوا ڕەنگبێ خۆیان لە شەش لەسەر هەشتی دانیشتووان بدەن. هەندێ سەرچاوە ژمارەی ئەندامانی ئەو خێڵانەیان بە ١٧٠٠٠٠ کەس خەملاندووە.

دووەم: لە کاتێکدا هەموو پێکهاتەکان خەڵکیان هەبوو کە هەوڵبدات ژمارەیان بەرز بکاتەوە، بەریتانیا و عێراق ژمارەی عەرەبیان بەرزدەکردەوە، تورکیایش ژمارەی تورک و تورکمان، هەرچی ئەندامانی لێژنەکە بوون سۆزێکی زۆریان بۆ کرستیانەکان هەبوو و لەمەیشدا بەریتانیایش پشتگیریان بوو، تەنها بەرزکردنەوەی ڕێژەی کورد لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێکدا نەبوو.

سێیەم: جوو پێکهاتەی سێیەمینی دانیشتووان بوون لە ویلایەتی موسڵ لە دوای کورد و عەرەب و ژمارەیان دەگەیشتە ٨٥٥٥٠ کەس، لەپاش ئەوانیش کرستیانەکان دەهاتن کە ژمارەیان ٦١٥٠٠ کەس بوو. هەرچی تورکمانە ئەوا پێکهاتەی پێنجەمینی پێکدەهێنا و ژمارەیان لە ویلایەتی موسڵدا بەپێی ئامارەکانی ڤیرسێن تەنها ٣٩٠٠٠ کەس بوو. بۆ نموونە سلێمانی هیچ تورک و تورکمانێکی لێ نەبوو، سەرەڕای ئەو ژمارانەی کە لایەنی تورکی دابوویە لێژنەکە و بوونە جێگای پێکەنین، چونکە لەوێدا وتبوویان زیاتر لە ٣٠٠٠٠ تورک لە سلێمانی دەژین. لە لیوای هەولێریش ڕێژەی تورکمان ١،٥٪ ی دانیشتووان بوو. بەڵام لە کەرکوک بەپێی ڤیرسێن تورکمان یەک لەسەر پێنجی دانیشتووانیان پێکدەهێنا، ئەم ڕێژەیەیش لەگەڵ ئەنجامەکانی سەرژمێری گشتیی ساڵی ١٩٥٧ تاڕادەیەکی زۆر یەکدەگرنەوە. تەنها بۆ وەبیرهێنانەوە ئاماژە بەوە دەکەم کە لەو سەرژمێرییە لەسەر بنەمای زمانی دایک، واتا ڕێژەی ئەوانەی زمانی تورکمانیان بەزمانی دایک داناوە، گەیشتە ٢١٪ ی کۆی

دانیشتووانی لیواکە. بەم شێوەیە و بەپێی ئەو ژمارانەی کە ڤیرسێن ئاماژەیان پێدەکات ڕێژەی تورکمان لە ویلایەتی موسڵ تەنها ٦٪ ی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵی پێکهێناوە و ژمارەی کورد دوانزە جار زیاتر بوو لە ژمارەی تورکمان لە ویلایەتەکەدا. هەڵبەتە لایەنی تورکی ژمارەی زۆر زلی سەبارەت بە دانیشتووانی تورک و تورکمان لە ویلایەتی موسڵ داوە بە لێژنەکە، کە ١٤٦٩٢٠ کەس بوون، ئەو ژمارەیەیش شتێک بوو، تورکەکان خۆیشیان باوەڕیان پێ نەدەکرد، لەبەر ئەوە گەڕانەوە و ژمارەیەکی دیکەیان پێشکەش کرد کە ١٢٦٢١٠ کەس بوو. ئەمانە هەندێ لە ڕاستییەکانی پێکهاتەی ئەتنیکی ویلایەتی موسڵ بوو لە کاتی کێشەکە و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا.

دوای کۆچی جووەکان لە عێراق لە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، بارەکە وای لێهات کرستیانەکان پلەیەک بێنە پێشەوە و ببن بە سێیەمین پێکهاتە لە دوای عەرەب و کورد. سەرەڕای کۆچی بەکۆمەڵی کرستیانەکان لە عێراق لە دەیەکانی ڕابردوودا، وامەزەندە دەکرێ کە ئەوان هێشتا گرووپی سێیەمی دانیشتووان بن لە دوای عەرەب و کورد. ئاشکرایە تورکمانەکان لە ویلایەتی موسڵی پێشوودا چڕببوونەوە، بەڵام لە سەدەی بیستدا ژمارەیەکی زۆریان بۆ بەغدا کۆچیان کرد. ئەمە ئەو پرسیارە دروست دەکات: ئایە تورکمان یا کرستیانەکان سێیەمین گرووپی ئەتنیکی لە عێراق پێکدێنن؟. وەڵامی ئەم پرسیارە بێ سەرژمێرییەکی گشتیی دانیشتووانی دوور لە گوشار، ترس، دەستێوەردان و شێواندن کارێکی ئاسان نابێت.

چوارەم: بەپێچەوانەی ئەو هات و هاوارەی سەبارەت بە ئاڵۆزی و فرەڕەنگی ئەتنیکی و ئاینی لە کەرکوک دەکرێن کە هۆکارەکانی شاراوە نین، پارێزگای نەینەوا زۆر ئاڵۆزتر و فرەڕەنگترە. لەو پارێزگایە لەڕووی نەتەوەییەوە عەرەب، کورد، تورکمان، کلدان، ئاسوری و ئەرمەن و لەڕووی ئاینی و مەزهەبیشەوە موسڵمانی سونە و شیعە، کرستیانی کاتۆلیک، ئەرسەدۆکس، پرۆتستانت و هەموو کڵێسا ڕۆژهەڵاتییە جۆراوجۆرەکان، سەرباری ئێزیدی و شەبەک و ئەوانی تر، ژیان بەسەردەبەن. بۆچی ئەو هات و هاوارە لە میدیای عەرەبی و تورکی و هی تردا سەبارەت بە کەرکوک دەکرێت،

بەڵام ئەو هەمـوو فـرە ئەتنیکـی و ئـاینی و مەزهەبیـیەی موسـڵ باسـی لێـوە ناکرێت؟.

پێنجەم: ئەو ژمـارانەی لە یاداشـتەکانی ڤیرسـێندا هـاتوون جیـاوازن لەو ژمـارانەی، لایەنە ناکۆکەکـان خسـتیانە بەردەم لێـژنەکەی کـۆمەڵەی گەلان و لە ڕاپـۆرتی لێـژنەکەدا تۆمـارکران و بـوون بە بنەمـایەک بـۆ بڕیـاری ئەنجـومەنی کـــۆمەڵەی گەلان لە ١٦ی دیســـەمبەری ١٩٢٥ دا ســـەبارەت بەچارەنووســـی ویلایەتـی موسـڵ. دەتـوانم بڵـێم کە ئەو ژمـارانەی ڤیرسـێن لە یاداشـتەکانیدا بڵاویکردوونەتەوە زیاتر نزیکن لە ئامارەکـانی لایەنـی بەریتـانی. بەقسـەکانیدا وا دەردەکەوێت کە متمانەی تەواوی بە هیچ یەکێک لەو ژمـارە و ئامـارانە نیـیە کە دراون بە لێژنەکە و دواتریش خرانە بەردەم ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان. ئەگەر وا نەبوایە، ئەوا دەبوایە پابەند بێت بە یەکێـک لەو ئامـارانە و لە یاداشـتەکانیدا بڵاویـانی بکـردایەتەوە. ئەو هەڵوێسـتی گومـان و بـێ متمـانەییە بەڕوونـی لەو ڕاپـۆڕتەدا بەدیـارکەوت کە درا بە کـۆمەڵەی گەلان. لە کاتێکـدا ئەو لایەنـانەی ململانێـــی یەکیـــان دەکـــرد و لە پێنـــاوی ویلایەتـــی موســـڵدا تانەیـــان لە خەمڵاندنەکانی یەکتری دەدا و پاساویان دەهێنایەوە بۆ خەمڵاندنەکانی خۆیـان، لێژنەکە گومانی لە وردی و دروستی و ڕاستگۆیی هەموو داتا پێشکەشـکراوەکان لەلایەن سـەرجەم لایەنەکـانەوە هەبـوو. لێـژنەکە پێیوابـوو هەمـوو ئەو ئامـار و ژمارانەی لایەنە جیاوازەکانی کێشەکە پێشکەشـیان کـرد دروسـت نەبـوون و پـڕ بوون لە ناکۆکی، بۆیە جێگەی گومان بـوون. لە کاتێکدا کە حکـومەتی تورکیـا ژمارەی تورکمانەکانی زۆر گەورە دەکرد، لە بەرامبەر ئەوەدا حکومەتی بەریتانیا پێیوابوو تورکمانەکـان ڕێژەیـان تەنهـا ٨٪ دانیشـتووانی ویـلایەتەکەیە. هەرچـی داتاکـانی لایەنـی عێراقـی بـوو ڕێـژەی تورکمانەکـانی بە کەمتـر لە ٥٪ لەقەڵەم دەدا. هەروەهـا جیـاوازی زۆر لە ڕێـژەی دانیشـتووانی عەرەبـی ویلایەتەکەیـش دەبیندرا، کە تەنها ٩٪ بوو، بەپێـی ئامارەکـانی تورکیـا و دەبـووە ٢١٪ بەپێـی داتاکـانی حکـومەتی عێـراق و دەگەیشـتە ٢٤٪ دانیشـتووان، بەپێـی لایەنـی بەریتانی. هەرچی ڕێژەی کـورد بـوو، جیاوازییەکـان بەو شـێوەیە زەق و نـاکۆک نەبوون، بەپێی خەمڵاندنی لایەنی تورکی ڕێژەی دانیشتووانی کورد لە ویلایەتـی

موســڵ ٥٦٪ بــوو و داتاکــانی لایەنــی بەریتــانیش بە ٥٨٪ ی دانیشــتووانیان دانــابوو، هەرچــی حکــومەتی عێــراق بــوو ڕێــژەی کــوردی بە ٦٥٪ ی کــۆی دانیشتووانی ویلایەتەکە لەقەڵەم دابوو.

بیرەوەرییەکانی ڤیرسێن سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێـژووی کێشەی موسڵ و دید و بۆچوونی لایەنەکانی کێشەکە و هەروەها بۆ ئاگاداری لە پێکهاتەی دانیشتووان لەو سەردەمەدا، چونکە لە دوای ئەو ڕۆژانە و بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو گۆڕانکاریی دراماتێکی لەم بوارەدا ڕوویاندا.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


1. Wirsén, Einar AF (1942). *Minnen från Fred och krig* [*Memories of peace and war*] (in Swedish). Stockholm; Wirsén, Einar AF (1943). *Från Balkan till Berlin* [*From the Balkans to Berlin*] (in Swedish). Stockholm
2. Gertrude Bell Complete Letters, by Gertrude Bell, 6th edition, Createspace Publishing, California 2014.
3. Albert Paulis in Iraq, A Belgian Colonel at the Iraqi Border, Adapted from the English text by Marc Dassier (editing & illustrations - ATH) See also original French article by Marc Dassier: **Le carnet irakien du Col. Albert Paulis**; Elbert Paulis et le Petrole de Mossoul, par Marc Dassier.
4. Wirsen, Einar Af, Fran Balkan till Berlin, Stockholm. 1943.
5. جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، تاريخ سياسي ١٩٠٠ – ١٩٢٥، أربيل ٢٠٠٢، الصفحات ٣٢٣ -٣٨١.
6. League of Nations, Question of the Frontier Between Turkey and Iraq, Report Submitted to the Counsil by the Commission Instituted by the Counsil Resolution of September 30, 1924, P.31.
7. Ibid, P. 33.
8. Wirsén, Einar AF (1943). *Från Balkan till Berlin*, Stockholm 1943, P. 159-160; هەروەها بڕوانە: جرجيس فتح الله، نفس المصدر.

## کەرکوک و هەوادارانی نوێی تەعریب

سیاســەتی بەعەرەبکردنــی کەرکــوک و ناوچەکــانی تــری باشــووری کوردستان، کە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەتایبەتی دەسەڵاتی بەعس پەیڕەویان دەکرد، کاربەدەستانی ئەمڕۆیش بەشێوەیەک لە شێوەکان بەردەوامن لەسەری، ستەمێکی تا بڵێی گەورە بوو بەرامبەر بە کورد. لە هەمان کاتیشــدا خراپەکــارییەک بــوو بەرامــبەر بەو عەرەبــانەی دەبــوون بە ئــامێری جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە ناڕەوایە، چونکە هەموو خەڵک وەک زەوتکار و داگیرکەری خاک وماڵی ئەوانی تر سەیریان دەکردن. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ڕژێمی سەدام حسێن برسێتی، هەژاری و کورتبینی ژمارەیەکی زۆری عەرەبــی باشــوور و ناوەڕاســتی عێراقــی بەکــار بــرد بــۆ ئەوەی ئەو سیاسەتەیان پێ جێبەجێ بکات. لە لایەکەوە ئەو خەڵکەی لە ڕەگوڕیشەوە لە شــوێنی خۆیــان هەڵدەکەنــد و لە ژینگەیەکــی جیــاوازدا نیشــتەجێی دەکــردن. دانیشــتووانی ڕەســەنی ئەو نــاوچە کوردســتانییانە وەک داگیــرکەری خــاک و نیشتمان لەم هاوردانەیان دەڕوانی. لەو دەڤەرە کوردییانە خەڵک هەستی بە ستەمێکی گەورە دەکرد، جێگای داخ و پەژارەی زۆر بوو، کە ئەمانەی گوایە برای نیشتمان و ئاینیانن بەو شێوە ناڕەوایە دەست بەسەر ماڵ، زەویوزاریاندا دەگــرن. هەمــوو ئەم کــردەوانە لەگەڵ ســادەترین بەهاکــانی هــاووڵاتێتی، دادپەروەری و ئاکاری مرۆییدا نەدەگونجان.

لە بەرامبەریشــدا ئــێمەی کــوردانی کەرکــوک و ئەو دەڤەرانە بە چــاوی خۆمان مەینەتیی ئەو عەرەبە هاوردانەمان دەبینی، کە هەستیان دەکرد دوور لە کەس و کــار، خــزم، دۆســتان، و یــادەوەری منــداڵی، لە ڕەگوڕیشــەی خۆیــان هەڵکەندراون و لە ژینگەیەکی تەواو نامۆدا چێندراون. مـن بـۆ خـۆم زۆرم لەوانە بینیوە کە هەستیان بە نامۆیی دەکرد و بیری زێدەکەی خۆیان دەکرد، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو و بۆیان نەبوو پەشیمان ببنەوە. لە بەرامبەر ئەو کوردانەی لە سەر زێدی خۆیان بە زۆر هەڵدەکەندران و ئاوارەی شارانی تر دەکران، ئەم عەرەبە هاوردانە خرابوونە بارێکی دەروونی خراپەوە. بەشێکیان، بەتایبەتی لە نەوەی یەکەم، هەستیان دەکرد کارێکی خراپیان کردووە و لە

خشـتە بـراون، بێچـارە بـوون و نەیانـدەتوانی پاشـگەزیش ببـنەوە. لە ڕاسـتیدا بەعس تاوانێکی گەورەی بەرامـبەر بەو عەرەبە عێراقییـانە ئەنجـام دا، هەروەکـو چۆن تاوانێکی گەورەی بەرامبەر بە کورد ئەنجام دا.

ئاشکرایە ڕژێمی بەعس شـیرازەی کـۆمەڵایەتی عیراقـی بەتەواوی تێکـدا و بەها مرۆییەکانی ژێر پێ خستبوو. ڕژێمەکەی سەدام حوسێن پشتی بەکەسانی دووڕوو، هەلپەرست و گەمژە دەبەست. ئەم بوونەوەرانە لە پێنـاوی گەیشـتن بە ئامانجەکانیان سڵیان لە هـیچ کردەوەیەکـی قێـزەون و خـراپ نەدەکـردەوە. ئەم سیاسەتەی ڕژێم لە ماوەی ٣٥ سـاڵی فەرمانڕەواییـدا، سـوپایەکی زەبەلاحـی لە کەسانی پیلانگێڕ، ڕاپۆرتنووس، خوێنڕێژ، گەندەڵ و بێهەڵوێست دروستکرد، کە نـامۆ بـوون بە بەهاکـانی دادپەروەری، مـاف و دروسـتی. لە دوای ڕامـاڵینی دەسەڵاتی سەدام حوسـێن لە نیسـانی ٢٠٠٣دا، کۆمەڵگـای عێراقـی تەقیـیەوە و لەناخەوە هەژا و ئەم سـوپایەی لـێ هـاتە دەرەوە. لەو کـاتەوە ئەمـانە لە سـەر شانۆی ڕووداوەکانن لە عێـراق و دەسـتیان بەسـەر حکـومەت، پارلەمـان، بـازاڕ، سوپا و هەموو شتێکدا گرتووە. ئەنجامی باڵادەستیی ئەم بوونەوەرە خورافییانە ئەوەیە کە عێراق لە سەر ئاستی هەموو دیـاردە و کـردەوە خراپەکـان دەوڵەتـی نمرە یەکە و بۆ هەموو شتە باشەکانیش لە دوای دواوەی دەوڵەتانی دونیاوەیە.

ئەم جۆرە کەسانە گاڵتە بە بەها مرۆییەکـان دەکەن، دادپەروەری، مـاف و دروستی جێگەیـان لە فەرهەنگـی ئەوانـدا نـابێتەوە. لە بـواری بەعەرەبکردنـدا ئامــاژە بە هەنــدێ نمــوونە دەکەم کە بەرجەســتەی ئەو دۆخە مەترســیدارانە دەکەن. لە دوای ڕووخانی ڕژێـم، ژمـارەیەک لە عەرەبە هاوردەکـان ناوچەکەیـان بەجێهێشــت و وازیــان لە زەویــیە کشــتوکاڵییەکان هێنــا، ئەو زەوییــانەی لە بنەڕەتدا موڵکی هاووڵاتیانی کورد بـوون. ئەوان بـۆ خۆیـان ڕۆیشـتن و تەنـانەت پێش ئەوەی داوایان لێبکرێت بگەڕێـنەوە بـۆ شـوێنەکانی خۆیـان، چـونکە بـاش دەیانزانی کە ئەو زەوییانە موڵکی ئەوان نین و دەبێت بگەڕێندرێنەوە بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان. ئەوەی سەیرە دواتر دەهاتن داوایـان لە خـاوەنە ڕاسـتەقینەکانی ئەو زەوییانە دەکرد ڕێیان پێبدەن بەروبوومەکان کۆبکەنەوە، بە بیانووی ئەوەی گوایە پارەیان بـۆ کێڵانـی ئەو زەوییـانە خەرج کـردووە. ئەمە سـەرەڕای ئەوەی

ئەوان ساڵانێکی دوورودرێژ بوو ئەو زەوییانەیان دەکێڵا و بەروبوومەکەیان دەخوارد بێئەوەی بیر لە باری خاوەنە ڕاستەقینەکانیان بکەنەوە، کە کاتی خۆی لەسەر زەوییەکانیان دەرکران و ڕێیان پێنەدرا بەروبوومەکەی بچننەوە، نەک هەر ئەوە، بگرە ماڵ و خانووەکانیان ڕووخێندران، موڵک و ماڵەکانیشیان تالان کران. کەچی جوتیارانی کورد داوای قەرەبووی ئەو ساڵە سەختانەیان لە مانە نەکردەوە، کە بەعس لە سەربازگەی هاوشێوەی سەربازگەکانی ئەڵمانیای نازیدا کۆی کردبوونەوە. ئەوەی مایەی پێکەنین بوو، بەعس ناوی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون و تەنانەت ناوی"گوندی هاوچەرخ"ی لەو سەربازگە یان کۆمەڵگە زۆرەملێیانە نابوو. گوندنشینانی کورد ساڵانێکی سەخت و دژواریان لەو سەربازگایانەدا بەبێکاری و بێ هیچ سەرچاوەیەکی بژێوی، بەسەر برد، کە بە سەربازگە و ڕەبایەکانی "سوپای جەنگاوەری عێراق" دەور درابوون، فەرمانگەکانی ئەمن، هەواڵگیری، ڕێکخراوەکانی حزبی بەعس و "سوپای میللی" هەناسەکانیان دەژماردن و ڕۆژانە سووکایەتییان بەو خەڵکە دەکرد. لە دوای نەمانی دەسەڵاتی بەعس، عەرەبە هاوردەکان لەوە تێگەیشتن کە کوردانی دەرکراو بۆ پاکتاوکردنی ئەوان نەگەڕاونەتەوە و پەنا نابەنە بەر توندوتیژی بۆ دەرکردنیان وەک لە دەزگاکانی میدیای سەر بە بەعس و کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان ڕۆژانە پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد. دەرکەوت کوردەکان گەڕانەوە بۆ سەر زەویوزار، موڵک و ماڵەکانی خۆیان و گێڕانەوەی ئەو مافانەی بە ناڕەوا لێیان زەوت کرابوو. هەروەها عەرەبە هاوردەکان لەوەیش حاڵیبوون کە هەلومەرج گۆڕاوە و بارودۆخێکی تازە هاتووەتە کایەوە، کەس ڕێگرییان لێناکات خۆپێشاندان بکەن و دروشمەکانی خۆیان بەرز بکەنەوە، تەنانەت ئەگەر داواکردنی شتێکیش بێت کە ماف و هەقی ئەوان نەبێت.

سەرەڕای هەموو ئەوانەیش جوتیارانی کورد گوێڕایەڵی بڕیاری حاکمە سەربازییە نوێیەکانی ئەمریکا بوون لە عێراق، کە داوایان کردبوو ڕێبدەن بەو عەرەبە هاوردانە بەروبوومی کشتوکاڵی ئەو ساڵە کۆبکەنەوە بە هاوبەشی. سەرەڕای ئەوەی نووسەرانی عەرەب ئەوەیان پێناخۆشە بەم عەرەبانە بگوترێت موستەوتن، هیچ ناوێکی دیکە وەک ئەم ناوە بەباڵایاندا نابڕێ. ئەمانە بەزەبری

هێزێکــی ســتەمکار دەســتیانگرت بەســەر زەویــوزاری جوتیــارانی کــورددا و ئاواییەکانیان کردە نشینگەی خۆیان و بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ بە شێوەیەکی نامرۆڤـانەی نـاڕەوا و بەبـێ هـیچ ڕێگرییەکـی ویـژدان، هەسـتی مرۆڤـانە و بە پـێچەوانەی ویسـت و خواسـتی خـاوەنە ڕاسـتەقینەکانیانەوە بەروبوومەکەیـان خوارد. بێگومان ئەوانە کە هاتن وەک دەیان هەزار هاووڵاتی تـری پـێش خۆیـان نەهـاتن بە دوای کـار و بژێـویی ژیانـدا بگەڕێـن، بەڵکـو بـۆ ئەوە هـاتن کە ئەو خەڵکە لەسەر زێدی خۆیان لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکەنن و بوون بە داردەسـتێک بــۆ جێبەجێکردنــی سیاســەتی پاکتــاوکردنی نەژادی کــورد لە کەرکــوک و شـوێنەکانی تـر. ئەوەیـش هـیچ لە بـابەتەکە نـاگۆڕێ، کە ئەم عەرەبە هـاوردانە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقین یا بڕوایان بە ئاینێکی پیرۆز هەیە، بە پێچەوانەوە دەبوایە ئەو خەسڵەتانە بەرپرسیارێتی گەورەتریان بخاتە ئەستۆ، چونکە، ئەوان بەم کردەوانەیــان خراپەکــارییەکی گەورەیــان کــرد بەرامــبەر بە برایانیــان لە نیشتمان و ئایین و مرۆڤایەتی.

ســەرەڕای ئەو هەمــوو ســتەمەی لە دژی کــورد کــران، کــورد تــۆڵەی نەسەندەوە و هەوڵی نەدا دوژمنایەتی لە نێـوان پێکهاتەکانـدا قـووڵتر بکـاتەوە، بەڵکــو داوای گێــڕانەوەی مافەکــانی خــۆی دەکــرد. کەس نەبــوو لە عێــراق و دواتریش لە زۆر شوێنی دونیا بێئاگا بێت لە پرۆسەی بەعەرەبکردنی کەرکوک و زۆر ناوچەی دیکەی کوردسـتان. لەسـەردەمی دەسـەڵاتی بەعسـدا بە نووسـراوی فەرمی بۆ دەزگاکانی دەوڵەت، سوپا و ئاسایش هانی کارمەنـدانی عەرەب دەدرا بــۆ ئەوەی خۆیــان و خێزانەکانیــان بگــوێزنەوە بــۆ کەرکــوک. لە بەرامــبەردا پــــارچەیەک زەوی و ١٠٠٠٠ دیناریــــان (ئەو کــــاتە دەیکــــردە ٣٣٠٠٠ دۆلاری ئەمریکــایی) وەردەگــرت. ئەو عەرەبانەشــی کە کارمەنــدی دەوڵەت نەبــوون سەرباری زەوی و پارە لە کۆمپانیای نەوت و دامەزراوەکانی پۆلیس، ئاسایش و هەواڵگیری دادەمەزرێندران. لەبەرامبەردا دەبوایە تۆماری نفوسیان بگوێزنەوە بۆ کەرکوک و بەهیچ شێوەیەک ڕێگەیـان پێـنەدەدرا بگەڕێـنەوە بـۆ ئەو شـوێنانەی لێوەی هـاتبوون. هاوتەریـب لەگەڵ ئەو هەنگـاوانەدا فەرمـانبەران و کارمەنـدانی کورد لە دەزگاکانی دەوڵەت لە کەرکوک دەگوێزرانەوە بۆ پارێزگاکانی سلێمانی،

هەولێر و دهۆک یا بۆ شارەکانی باشوور و ڕۆژئاوای عێراق. جوتیار و هۆزە عەرەبەکانیش زەوی کشتوکاڵیی کوردیان بەسەردا دابەشدەکرا و کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونیان لە سەر زەوی کورد بۆ دروستدەکرا. کەس نەبوو لە عێراق ئاگاداری ئەم هەموو ستەم و تاوانانە نەبێت. ئێمەمانان کە لەو سەردەمدا ژیانمان بەسەربردووە، هەر یەکەمان دەیان چیرۆکمان لە بارەی ئەو عەرەبانەوە لە یادەوەریدا ماوە، کە دەبوون بە کەرەستەی ئەو کردەوانە. چەندین مامۆستای زانکۆ و نووسەری عەرەب دەناسم کە ئەو فۆرمانەیان پڕکردەوە و ماڵەکانیان بۆ کەرکوک گواستەوە و ژمارەیەکیان ئێستایش لەو شارە دەژین. هەر ئەو کاتە لەگەڵ هەندێک لەو کەسانەدا قسەم دەکرد و لێمدەپرسین چۆن دەتوانن ئەو کارە بکەن؟. بیرمە پاکانەی مامۆستایەکی زانکۆ لە وەڵامی ئەو پرسیارەمدا وەها بوو: ئێ باشتر نییە ئێمە تەعریبتان بکەین، نەک ئەو بەدوو و شرووگییانە.

پێم سەیر بوو، چۆن ئەم جۆرە مرۆڤانە هیچ هاوسۆزییەکیان بۆ ئەو خەڵکە نییە کە لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەردەکرێن و ئەمان دێن لە شوێنەکانیان بەو ئاسانییە دادەنیشن. لەوەیش سەیرتر ئەوە بوو، کە لە ئەوروپا کەسانێکی بە ناو نووسەر و ڕۆژنامەوانی عەرەبم بینی، کە ساڵانێکی زۆری تەمەنیان لە وڵاتانی ئەوروپا بەسەر بردووە و بە سەعات باسی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بۆ دەکەن، بەڵام لە بەرامبەر سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردستاندا، لە بیرکردنەوەدا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ کاربەدەستانی بەعسدا نییە. دەیان پاساوی نابەجێ بۆ ئەو سیاسەتە دێننەوە وەک ئەوەی خەڵک ئازادە لە کوێ دەژی و لە کوێ نیشتەجێ دەبێت، لە حاڵەتێکدا ئەمەی کراوە بە پلان و مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافی کراوە، نەک خەڵکەکە بە ئازادیی خۆیان هاتبێتنە ئەم ناوچانە و ئەوانی دیکەیش بە ئازادی لێرە کۆچیان کردبێت. ئەوەی دەرکەوت هەموو عەرەبی عێراق سەرسامن بەو ئەنجامانەی دەسەڵاتی بەعس لە بواری تەعریبدا بەدەستی هێناوە و کەسیان ئامادە نین شوێنەوارەکانی بسڕنەوە. بۆ زۆر لەوانەی هەندێ هیوایان بەوە هەبوو کە لە دوای کەوتنی ڕژێمی بەعس،

خەڵکێکی خاوەن ویژدان لەو وڵاتە دەسەڵات دەگرنە دەست و دان بە ناهەقی ئەم کردەوانەدا دەنێن و هەوڵدەدەن چارەسەرێکی مرۆیی دوور لە توندوتیژی و ستەمی بۆ بدۆزنەوە، ڕووداوەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٣ زۆر زوو ئەوەیان دەرخست کە هیچ یەک لەو هێز و کەسایەتییانەی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق پەیدا بوون نەک هەر باوەڕیان بە سڕینەوەی شوێنەوارەکانی تەعریب نییە، بەڵکو هەموو هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە ئەنجامەکانی تەعریب جێگیر بکەن و کورد ناچار بکەن وەک واقیعێک مامەڵەی لەگەڵدا بکات. لە دوای ١٦ ئوکتۆبەری ٢٠١٧ یشەوە هەڵمەتێکی دیکەی تەعریب لە کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێم دەستی پێکردووە.

دیاردەی زەوتکردنی زەویوزار، موڵک و ماڵی خەڵک ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی لە کولتووری عەرەبیدا هەیە. ئەمە کولتووری هەموو هۆز و خێڵە کۆچەرەکان بووە بۆ دەیان سەدە لە مێژووی مرۆڤایەتی، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی دەوڵەت وردە وردە ئەم دیاردەیە پاشەکشەی کردووە و قانون ژیان و هەڵسوکەوتی کۆمەڵگاکانی ڕێکخستووە. ڕەنگبێ بێلێکدانەوەی هەندێ لایەنی ئەم کولتوورە ئەستەم بێت مرۆڤ لە بنەما سیاسی و کولتوورییەکانی تەعریب تێبگات. دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە سەدەی ڕابردوودا، دەزگاکانی دەوڵەت بۆ ماوەیەکی زۆر لە هەوڵی ئەوەدا بوون هۆز و خێڵە سەرەڕۆکان بخەنە ژێر ڕکێفی دەوڵەتەوە و کۆتایی بێنن بە شەڕ و شۆڕیان و هەروەها ڕێ بگرن لەوەی یەکتری تاڵان بکەن. لەم هەوڵانەیشیاندا هەندێ سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و سنوورێکیان بۆ ئاژاوە و تاڵانکردن دانا. ئەم پرۆسەیە بۆ ئەوەی بگەیشتبایە بە دوامەنزڵی خۆی و عێراقی بکردبایە بە دەوڵەتێکی مۆدێرن، دەبوایە بەردەوام بوایە. کاربەدەستانی سەردەمی کۆماری نەک هەر بەردەوام نەبوون لەسەر ئەو سیاسەتە، بەڵکو جارێکیتر ڕوحیان کردەوە بەر و پەرەیان پێیدا. بووژانەوەی ئەم کولتوورە لەگەڵ شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ دا دەستی پێکرد و بەرەبەرە پەرەیسەند تا لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا بوو بە سیاسەتی فەرمی دەوڵەت. ئەوانەی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ژیانیان لە کوردستان بەسەر بردبێت، هەندێ لە چیرۆکەکانی بەتاڵانبردنی ماڵ و حاڵی

کوردیان لەسەر دەستی هۆزە عەرەبەکانی حەویجە لە بیرە. دواتر حیزبی بەعس لەگەڵ گەیشتنیدا بە دەسەڵات دەیکات بە سیاسەتی فەرمی دەوڵەت. لەسەرەتاوە دەستی کرد بەتاڵانبردنی موڵک و ماڵی کوردانی فەیلی و بە تایبەتی بازرگانانی بازاڕی شۆریجەی بەغدا، کە لە ساڵی ١٩٦٣دا کەوتبوونە بەر ڕق و تووڕەیی بەعس، ئاخر ئەوە ئەوان بوون لە دژی کودەتای ٨ شوباتی ئەو ساڵەی بەعس بە توندی بەرگرییان کرد. ڕق و کینەی بەعس لە کوردانی فەیلی سەرباری بیری ڕەگەزپەرستی عەرەبی، بەشێکیشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەو کوردانە دەوڵەمەند بوون، بەعسیش هێشتا زۆر لات و بێ پارە بوو، بۆیە کورتترین ڕێگا بۆ دەستگرتن بەسەر ماڵ و حاڵی کوردانی فەیلیدا ئەوە بوو بیانکات بە قۆچی قوربانی و بە لایەنگری ئێران تاوانباریان بکات و هەموو سامانەکانیان بە تالان بەرێت.

دەیان چیرۆکمان لە بەردەستن سەبارەت بە دەستگرتنی خەیروڵا تلفاحی خاڵی سەدام حوسێن بەسەر کۆشک و باخی خەڵکیدا. ئەم باخ و کۆشکانە تەنها هی ئەو کەسانە نەبوون کە بەنەیاری ڕژێم تاوانبار دەکران و لە نێودەبران یا ناچار دەکران هەڵبێن و ئەوجا دەستدەگیرا بەسەر موڵک و ماڵیاندا، بەڵکو بەشێکی هی کەسانی بەعس دۆست بوون، کە پیاوانی ڕژێمیان بانگهێشت دەکرد بۆ بەسەربردنی شەوانی ئارام لە باخ و کۆشکە جوانەکانیان، بۆ ڕۆژی دواتر یا دەبوایە بە قازانجی تلفاح و هاوبیرەکانی دەست لەو باخ و کۆشکانە هەڵبگرن، یا ژیانیان لە سەریان دانێن. هەڵبەتە زۆربەیان لە پێناوی مانەوەدا ناچار دەبوون دەست لەو موڵکانەیان هەڵبگرن. تلفاح لە دەسپێکی حەفتاکانەوە وەک تالانچی ناوبانگی دەرکردبوو. ئەمەش شتێکی نوێ نەبوو لە گەشتی ژیانی تلفاحدا، چونکە ئەو لەو کاتەوە، کە لە ساڵی ١٩٤١دا ئەفسەرێکی یەک ئەستێرە بوو، لەسەر دزیکردن لە سوپا دەرکرابوو. ساختەکارانی مێژوویش لەبەر ڕۆشنایی تێزی سەدام حوسێندا بۆ سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو، ناویان خزاندە نێو ئەفسەرانی بزووتنەوەکەی ڕەشید عالی گەیلانییەوە.

شالآوەکانی فەرهـود و بەتـاڵانبردنی موڵـک و مـاڵی کـوردان کارەسـاتێکی ڕاسـتەقینە بـوو. لەم بـوارەدا و بەدرێژایـی نیـو سـەدەی ڕەبەق موڵـک و مـاڵی گوندنشـینانی کـورد بـۆ چەنـدین جـار دووچـاری فەرهـود و تـاڵانکردن بـووەوە. مرۆڤ زۆرکەم گوندنشینێکی کورد دەبینێتەوە کە موڵک و ماڵەکەی بۆ چەنـدین جار بەدەستی هێزەکـانی سـوپای عێـراق و سـوارچاکانی "تـۆ بڵـێ جاشـەکانی" خالید کوڕی وەلید و سەڵاحەدین، یان مێگەلەکانی دیکەی تاڵانکردن، فەرهـود و تـاڵان نەکرابێـت. سـوپاکەی (قادسـیەی سـەدام)یش لە سـاڵانی شـەڕی نێـوان عێراق و ئێرانـدا موڵـک و مـاڵی هاووڵاتیـانی ئێرانییـان لە نـاوچە سنوورییەکان بەتـاڵان دەبـرد. لەکـاتی داگیرکردنـی دەوڵەتـی کوێتـدا، تـاڵانکردنی ئەو وڵاتە سیاســەتی فەرمــی و ڕاگەیانــدراوی عیــراق بــوو. هەمــوو دام و دەزگــا و دامەزراوەکـانی عێـراق بە زانکـۆ و پەیمانگـا و ناوەنـدەکانی تـرەوە بە بڕیـاری فەرمی کوێتیان تاڵانکرد. نووسراوی فەرمی لە بەغداوە دەگەیشتە هەموو دەزگـا و دامەزراوەکـان و لەو نووسـراوانەدا بۆیـان دیـاری دەکـرا کـام شـوێن لە کوێـت تـاڵان بـکەن. ڕژێمـی بەعـس لە نووسـراوە فەرمییەکانـدا نـاوی گواسـتنەوەی کەلوپەلی دەزگا هاوچەشنەکانی لێنابوو لە پارێزگـای نـۆزدەهەمەوە بـۆ عێـراق. ئەم تـاڵانکردنەی دەوڵەتـی کوێـت بە بەرچـاوی دونیـاوە ئەنجـام درا. هەمـوو دونیایش دەرئەنجامەکانی کلتووری تاڵان و فەرهودی بەعسی بە دزێـوترین وێـنە لە کاتی ڕووخانی ڕژێمی سەدامدا لە بەغدا و پارێزگاکانی تری عێراق بینی.

سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوک و زۆر ناوچەی تری کوردستان و بوونی ژمــارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیــانی عەرەب بە کەرەســتەی جێبەجێکردنــی ئەم سیاسەتە لە سێبەری کولتووری تاڵان و فەرهوددا هاتە کایەوە. ئەو عەرەبـانەی کە هاوردەکران بۆ کەرکـوک و بـۆ ناوچەکـانی تـری کوردسـتان، دامەزراوەکـانی حکومەت لەناو نامە گۆڕینەوە فەرمییەکانی خۆیاندا، ئەو عەرەبانەی دەهێنـدران بۆ کەرکوک و ناوچەکانی تر بە هاوردەکان ناویان دەبردن. بەڵام لە ناو خەڵکدا بە عەرەبی دە هەزاری ناویـان ڕۆیشـتبوو، چـونکە لەگەڵ وەرگرتنـی پـارچەیەک زەویــدا، دە هەزار دیناریشــیان لە حکــومەت وەردەگــرت. لە ســاڵانی دوایــی دەسەڵاتی بەعسدا، هاوتەریب لەگەڵ دابەزینـی بەهـای دینـاری عێراقـی ئەو بـڕە

پارەیەیش زیادی دەکرد تا گەیشتە دە ملیۆن دینار. لێرەدا پێویستە ئاماژە بکرێت بەوەی کە دانیشتووانی کەرکوک بە هەموو پێکهاتەکانییەوە هەمیشە جیاوازییان لە نێوان ئەو هاوردە عەرەبانە و هاوولاتیانی عەرەبی شارەکەدا کردووە، کە لە چوار دەیەی بەرایی تەمەنی دەوڵەتی عێراقدا بۆ کارکردن و بژێویی ژیان هاتبوونە شاری کەرکوک و شارۆچکەکانی تر. لە کاتێکدا خەڵک وەک زەوتکار و داگیرکەر سەیری عەرەبی هاوردەیان دەکرد و لەگەڵ عەرەبەکانی تردا وەک هاوولاتییەکی ئاسایی مامەڵەیان دەکرد. نووسەرانی هەواداری تەعریب نایانەوێ ئەم ڕاستییانە ببینن. ئەو هاوولاتییە عەرەبە ڕەسەنانەی لە نێو کورد، تورکمان، کلدان و ئاسووریەکاندا لە کەرکوک ژیانیان بەسەر بردووە، هەرگیز هەستیان بە جیاکاری بەرامبەر خۆیان نەکردووە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەو عەرەبانەیش حەز بە چارەی عەرەبی دە هەزاری ناکەن، چونکە ئەوان دەزانن هێنانی ئەوانە بۆ ئامانجێکی خراپە، ئەویش گۆڕینی دیموگرافیای نەتەوەیی دانیشتووانی کەرکووکە و ئەمەیش کەلێنێکی گەورەی لەنێوان دانیشتووانی شارەکەدا دروست کردووە. لە ڕاستیدا لەمەدا ئەوان مافدارن و هەر ئەم هەڵوێستەیشیان بوو کە دووچاری جیاکاری و ستەملێکردنی کردن لەسەر دەستی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس.

ڕژێمی بەعس بە زەبری هێز، ستەم، پاکتاوکردنی نەژادی، گۆڕینی باری نەتەوەیی و جینۆساید دەیویست دانیشتووانی عێراق لە قاڵب بدات و بیانکات بە گەلێکی هیمۆجین و گوایە یەکێتی نیشتمانی وڵات بپارێزێت، بەڵام هەر وەک چاوەڕوان دەکرا ئەنجامی ئەم سیاسەتانەی تەواو پێچەوانە و کارەساتهێنەر بوو. دابڕان، ڕق و کینە لەنێو پێکهاتەکاندا پەنگی خواردبووەوە و لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ تەقییەوە و دەیان هەزار کەس بوون بە قوربانی. ئەوەی مایەی سەرنج و تێڕامانە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی عێراقی، کە چەندین ساڵە لە سایەی دیموکراسی ڕۆژئاواییدا ژیان بەسەر دەبەن، بەڵام هێشتا شەیدای ئەو حزبەی بەعسن و باوەڕی تەواویان بە سیاسەت و میتۆدەکانی هەیە لەگەڵ هەندێ جیاوازی لە دەربڕیندا.

بەعس لە کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی هەرێمی کوردستان وەک داگیرکەر کاروبارەکانی بەڕێوە دەبرد. خەڵکەکەی سەرکوت دەکرد و تا بۆی دەکرا کوردی لەو ناوچانە دەردەکرد و عەرەبی لە جێگەیان نیشتەجێ دەکرد. لە ئەنجامی سیاسەتی لەتوپەتکردنی پارێزگای کەرکوک و دابڕاندنی قەزاکانی چەمچەماڵ، کەلار، کفری و خورماتو لەو پارێزگایە، لکاندنیان بە پارێزگاکانی دیکەوە، دەرکردنی دەیان هەزار کورد بۆ دەرەوەی کەرکوک و توانەوەی یەکجارەکی کورد لەو ناوچانە لەگەڵیدا. بەعس لە نەوەدەکاندا زمانی کوردی لە قوتابخانە و دەزگاکانی دەوڵەت قەدەغە کرد، کە لە مێژووی دەوڵەتی عیراقدا هەنگاوی لەم جۆرە نەنرابوو. نەک هەر ئەمە، بەڵکو ناوی کوردیی قوتابخانە، گەڕەک و دووکانەکانیشی بەناوی عەرەبی گۆڕی، ئەوەیشی قەدەغە کرد باوک و دایکان ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن. لەگەڵ ئەم هەنگاوانەدا خەڵکی ناچار دەکرد کەوڵی خۆیان بگۆڕن و خۆیان بە عەرەب ناونووس بکەن، واتا دەستی بە سیاسەتی تواندنەوەی ئەو کوردانە کرد کە لە کەرکوک و ئەو ناوچانە مابوونەوە. ئەم هەنگاوانە ڕێژەی کوردیان لە کەرکوک بە شێوەیەکی دراماتیکی هێنایە خوارەوە. بەپێی سەرژمێری ١٩٩٧ لە پارێزگای کەرکوک تەنها ٢١٪ ی دانیشتووان کورد بوون، ئەمە لە کاتێکدا بەر لەوە بە چل ساڵ ڕێژەی ئەوانەی زمانی کوردییان بە زمانی دایکی خۆیان دانابوو لە لیوای کەرکوک ٤٨٪ ی دانیشتووانیان پێکدەهێنا.

پرسیارێک کە دەبێت لەم بوارەدا ڕووبەڕووی ئەم نووسەرە عیراقییانە بکرێتەوە، ئەوەیە: ئەگەر ئەم شار و شارۆچکانە بەشێکن لەو نیشتمانەی ئێوە بە عێراق ناوی دەبەن و ئەو هاوولاتییانەی لەوێ دەژین بە وتەی ئێوە عێراقین و پشتاوپشت لەوێ نیشتەجێن، بۆچ دەبێت ڕووبەڕووی تەعریب ببنەوە و لەسەر زێدی باوک و باپیرانیان دەربکرێن؟. وەڵامی ئەو پرسیارەمان لە بۆچوونی ئەندازیار و جێبەجێکاری سیاسەتی تەعریبی کەرکوک سەدام حسێن دەستدەکەوێ، زۆر جار باسی ئەوەی کردووە کورد نەتەوەیەکی دابەشکراوە و ڕۆژێک دێت هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی دەدات، کەرکوکیش وەک دڵ

دەبێت بۆ ئەو دەوڵەتە، بۆیە دەبێت لە ناوچە کوردییەکان دابڕین و زۆرینەی دانیشتووانی عەرەب بن، بەو کارەیشمان ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکەین بە شتێکی مەحاڵ. تەماحکاری و چاوتێبڕین لە نەوتی کەرکووک و خانەقین و شوێنەکانی تر، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەو سیاسەتانە، کە بەریتانیا لە سەروەختی داگیرکردنی عێراق و باشووری کوردستاندا لە کۆتایی و پاش شەڕی یەکەمی جیهانیدا بناغەکانی دارێژا. حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەوپەڕی دڵسۆزییەوە پێوەی پابەندبوون و جێبەجێیان کرد. تەنها جیاوازییان لەگەڵ داگیرکاری بەریتانیدا ئەوە بوو کە ئەمان بەدڵڕەقییەکی زۆر توندتر و درندەییەکی سامناکتر لە بەریتانییەکان ئەو سیاسەتەیان جێبەجێکرد.

زۆرجاران هەندێ نووسەری عەرەب هەوڵدەدەن وای وێنا بکەن کە ئەم هەوڵ و تەقەلایەی کورد بۆ کەرکوک و دەڤەرەکانی تری کوردستان نەوت دەیجووڵێنێت. سەرەڕای ئەوەی هەموو کورد، بەتایبەتی کوردی کەرکوک نەفرەت لەو ڕۆژە دەکەن کە ئەو سامانە لە خاکەکەیاندا دۆزرایەوە، چونکە بە پێچەوانەی زۆر وڵاتی تری جیهانەوە کە نەوت بۆیان بوو بە مایەی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن، بۆ ئەمان نەوت بوو بە مایەی نەگبەتی و دەردەسەری. کورد لە داهاتی زەبەلاحی ئەم سامانە سروشتییە و لە نیعمەتی پترۆدولار جگە لە ماڵوێرانی، ڕاگواستن و تەعریب هیچی تری دەستنەکەوت. حکومەتەکانی عیراق بە پارەی نەوت هەرچی چەکی پێشکەوتوو بوو لە کوردستان تاقییانکردەوە و لە دژی کورد بەکاریان هێنا. پابەندبوونی کورد بە کەرکوکەوە هیچ پەیوەندیی بەنەوتەوە نییە، بەڵکو پرسی خاک و نیشتمانێکە کە بەزۆر سیماکەی گۆڕدرا و خەڵکەکەی سەرگەردان کرا. ئەوەی لە ماوەی سەدەیەکدا بەرامبەر بەو شارە و دانیشتووانەکەی کرا، کردی بە سمبولێک بەرجەستەی سیاسەتی ستەمکارانە و دڕندانەی دەسەڵاتی داگیرکەر دەکات. بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەسەڵاتی بەعس هیچ گومان لەوەدا ناهێڵنەوە کە حکومەت سیاسەتی دڕندانەی بەرامبەر کورد بەگشتی و کوردی کەرکوک بە تایبەتی جێبەجێکردووە. لەو بەڵگەنامانەدا دەستەواژەی تەعریب بە ڕاشکاوی

لەسەر زمانی کاربەدەستانی باڵای بەعس وەک عەلی حەسەن ئەلمەجید هاتووە، بۆیە ئەم دەستەواژەیە کورد دروستی نەکردووە وەک هەندێ نووسەری عەرەب پێی قەڵس دەبن و بەکارهێنانی بەنەنگی دەزانن. ئەو نووسەرانە دوای ئەو هەموو ستەمەی لە کورد کراوە، پێیانگرانە ئەو دەستەواژەیە بەکاربهێندرێت، گوایە زیان دەدا لە "برایەتی کورد و عەرەب!!!".

کاربەدەستانی بەعس پێیانوابوو لە پرۆسەی تەعریبی کەرکوکدا دەسکەوتی وایان بەدەستهێناوە و پێگەیان ئەوەندە بەهێزە، ترسی ئەوە نەماوە کورد جارێکی دیکە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی عەرەب لە کەرکوک دروست بکات، بۆیە تاریق عەزیز لە بارەی کەرکوکەوە یەک مافی بە کورد بەخشیبوو کە دەتوانن بگرین بۆ ئەو شارە کاتێک پییدا تێدەپەڕن، هەروەک چۆن عەرەب بۆ لەدەستدانی ئەندەلوس دەگری. سەرەڕای ئەوەی ئەمە نەزانی و لەخۆباییبوونی تاریق حەننا دەردەخات، چونکە هیچ کۆکەرەوەیەک لە نێوان ئەو دوو حاڵەتەدا بەدی ناکرێت، کورد لە کەرکوک خاوەن خاکە و دوای ئەو هەموو ستەمە هێشتا بەشێکی لەسەر ئەو خاکە ماوە، لەکاتێکدا عەرەب وەک داگیرکار چوونە ئەندەلوس، دواتریش گەلانی ئیسپانیا دەریان کردن و هەموو شوێنەوارەکانیان سڕینەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا قسەکانی ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ هەر کەسێک بیەوێ لە ئەنجامە تراژیدییەکانی سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی تێبگات لەسەر ئایندەی عێراق و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی پێکهاتە جیاوازەکانی.

بەرەنگاربوونەوەی هۆشمەندانەی سیاسەتی تەعریب، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری مرۆییانە بۆ قوربانیانی، گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکانی و ڕێگەگرتن لە پێکدادان و ئاژاوە، تاکە ڕێگەی دروستە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم کارەساتە مرۆییەدا. ئەو نووسەرانەی تا ئێستا و لە دوای ئاشکرابوونی وردەکارییەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن و هەموو ئەو ستەم و تاوانانەی بەرامبەر کوردی کەرکوک و ناوچەکانی تر کران، هێشتا بەرگری لەو سیاسەتە دەکەن، مرۆڤ دەتوانێت تەنها بەکەسانی بێویژدان و دوور لە بەها مرۆییەکان دایانبنێت. کەس باوەڕ بەقسەی ئەو نووسەرانە ناکات سەبارەت بە پێکەوەژیانی

ئاشتییانەی پێکهاتەکان و لە بیرکردنی ڕابردوو. لە بیرکردنی ڕابردوو کاتێک ڕەوایە کە ماف بگەڕێندرێتەوە بۆ خاوەنەکەی و شوێنەواری ستەم و زۆرداری بسڕێندرێتەوە و برینەکان ساڕێژ بکرێن. لە لایەکەوە هەوڵبدرێت بۆ جێگیرکردنی ئاکامەکانی سیاسەتی تەعریب و لە لایەکی ترەوە داوا لە کورد بکەن هەموو ستەم، زۆرداری وماڵوێرانییەکان لەبیربکات، ئەمە کارێکی ناڕەوا و نادادپەروەرانەیە.

ئایا هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی دەرئەنجام و شوێنەوارەکانی سیاسەتی تەعریب و پاکتاوی نەژادی لە کەرکوک و شوێنەکانی تر گورزێک نییە ئاراستەی کولتووری پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان خەڵک دەکرێت؟. تەنها بەپەیڕەوکردنی سیستەمی دیموکراسی و داننان بەیەکتردا گەلانی فرەزمان و فرەکولتووری وەک سویسرا، بەلژیکا و ئەوانی تر دروست بوون. پرۆسەی دروستبوونی گەلان و نەتەوەکان لە وڵاتانی فرەکولتووردا هەرگیز بەزەبری هێز و ستەم ئەنجامی ئەرێنی نەداوە بەدەستەوە، بەپێچەوانەوە ئەو جۆرە لۆژیکە بووە بە هۆی دابڕان و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتەکان. بۆیە باسی هەردوو نموونەی سویسرا و بەلژیکا دەکەم چونکە زۆرجار ئاماژەیان پێدەکرێ، بەڵام بێ باسکردنی بارودۆخی مێژوویی و بنەما فکری و سیاسییەکانی ئەو سیستەمە دیموکراسییەی کە لە سێبەریاندا ئەو پرۆسە نەتەوەییانە گەشەیان کرد. هاووڵاتییەکی سویسری کە بەئەڵمانی یا فەرەنسی یا ئیتاڵی قسە دەکات و ڕەنگبێ باوک و باپیرانی بەڕەچەڵەک بچنەوە سەر گەلانی ئەڵمان، فرەنسی و ئیتاڵی، بەڵام ئامادە نییە بە ئەڵمان، فرەنسی یا ئیتاڵی بناسێندرێت، بەڵکو بەشانازییەوە خۆی بە ئەندامێکی گەلی سویسرا دادەنێت. ئەوە سیستەمی دیموکراسی سویسرا بوو لەو کۆمەڵگا کولتووری و زمانە جیاوازانەوە نەتەوەیەکی تازەی ڕسکاند، کە نەتەوەی سویسرییە. هەنگاوی یەکەم لەم ڕێگەیەدا داننان بوو بە زمان، کولتوور و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی هەموو هاووڵاتیانی سویسرادا کە لە هەموو شتێکدا یەکسانن. ئەم هاووڵاتییانە بەر لەهەر کەسێکی تر هەست بەم یەکسانییە دەکەن. بەداخەوە هەندێ لە هەوادارانی سەرسەختی تەعریب لەو وڵاتە ژیانی ئاوارەیی بەسەر دەبەن، بەڵام

وادیاره له پەراوێزی کۆمەڵگادا دەژین و هیچ شتێک فێرنەبوون له ئەزموونی دەوڵەمەندی سویسرا. سیستەمی دیموکراسی گەشەکردوو، هاووڵاتیبوونی یەکسان و بەرژەوەندی ئابووریی هاوبەش وای لەو خەڵکەی سویسرا کردووه ژیانی پێکەوەیی هەڵبژێرن، بەجۆرێک که هیچ کەسێک له ئەندامانی ئەو گرووپ و کۆمەڵه کولتووری و زمانه جیاوازانه بیر له جیابوونەوه لەو وڵاته نەکاتەوه. لەگەڵ هەندێ هەستیاریی زمانەوانی و کێشەی ئابووری له نێوان فلامەندی و والۆنییەکاندا به هەمان شێوه باس له گەلی بەلژیک دەکرێت. ئەوانەی که به فلامەندی، فەرەنسی و کەمینەیەکی بچووک به ئەڵمانی قسه دەکەن، بەڵام هەست دەکەن ئەوان بەلژیکین نەک فەرەنسی یا ئەڵمان یا هۆڵەندی. دەوڵەته فیدرالییەکەیان لەسەر بنەماکانی دیموکراسی، مافی مرۆڤ و یەکسانی تەواو له نێوان زمانەکاندا بنیات نراون. بەکارهێنانی زمانەکان لەم وڵاتانه بەیەکسانی و لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا بەهەرەشه لەسەر یەکێتی خاکی نیشتمانی نازانرێت. ئەو دۆخانه له کوێ و بارودۆخی کورد له عێراق له کوێ؟. بۆ زۆر نووسەری عەرەب دانانی زمانی کوردی له تەک زمانی عەرەبیدا به زمانێکی فەرمی، با تاکو ئێستا تەنها لەسەر کاغەزیش بێت، به سەرەتایەک بۆ دابەشکردنی عێراق دادەنرێت.

ئەگەر حکوومەته یەک له دوای یەکەکانی عێراق مامەڵەیان لەگەڵ هاووڵاتیانی کورد، تورکمان، کلدان و ئاشوری دادپەروەرانه و یەکسان بوایه و یەک لەسەر دەی سویسرا و بەلژیکا دیموکراسی هەبوایه، ئەوا ئێستا تێڕوانینی هاووڵاتیانی عێراق بۆ ناسنامەی خۆیان زۆر جیاواز دەبوو. حکومەتەکانی عێراق، به تایبەتی دەسەڵاتی بەعس، هەوڵیان دا بەزۆر و لۆژیکی توندوتیژی و بەشێوەیەکی دڕندانه لەسەر بنەمای ڕەگەزپەرستی و توانەوەی پێکهاتەکان له نێو عەرەبدا ناسنامەیەکی نامۆ بەسەر ئەو گەلانەدا بسەپێنن. لەسێبەری سیاسەتێکی لەو چەشنەدا، سێیەکی دانیشتووانی عێراق له کورد، تورکمان، کلدانی و ئاشوری بەپلەی جیاواز هەستیان بەو ناسنامەیه نەدەکرد که سەپێندرابوو بەسەریاندا. له کاتێکدا عەرەبی عێراق و لەگەڵ ئەواندا هەموو عەرەب، عێراق به دەوڵەتێکی عەرەبی و دانیشتووانەکەیشی به عەرەب دادەنێن

و بەپێی ئەم ناسنامە نادروستەیش ئەرکی دەخەنە ئەستۆ، ئەوا پێکهاتەکانی تر بە تایبەتی کورد پێناسەیەکی تەواو جیاوازیان بۆ ئەم دەوڵەتە هەیە. ئەگەر عەرەبی عیراق دان بنێت بە هەموو مافەکانی کورددا و هەردوولا بەشێوازێکی ئازادانە بڕیاریان دا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدرال و دیموکراتدا پێکەوە بژین، ئەوا دەبێت ناسنامەی ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی فرەنەتەوە، فرەزمان، فرەکولتوور و فرەئاین بێت. ناکرێت ناسنامەی نیشتمانی عێراقی بەسەر هەموو پێکهاتەکانیدا بسەپێندرێت لە ڕێگەی هەژمارکردنیان بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب. ئەمە نە بەزۆر و نە بەخۆ گونجاندن لەگەڵ لێکەوتە و ئەنجامەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردنی دانیشتووانددا دەکرێت. دوورکەوتنەوە لە پەیڕەوکردنی ئەم گوتارە سیاسییە و ڕەتکردنەوەی سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی و جینۆساید و تواندنەوەی پێکهاتەکان لە نێو گەلی سەردەستەدا تەنها ڕێگایە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانەی خەڵک لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا. داواکردنی دڵسۆزانەی سڕینەوەی شوێنەوار و لێکەوتەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن ڕێگای ڕاست و دروستە بۆ خوڵقاندن و چەسپاندنی ناسنامەی نیشتمانی، ئەمە ئەگەر دەرفەت مابێت لە بەردەم پرۆسەیەکی لەم جۆرە.

ئەم قسانەم بە بۆنەی ئەو نووسینانەوەیە کە هەندێ نووسەری عەرەبی عێراقی بلاوی دەکەنەوە و سەرتاپایان بریتین لە هێرشکردنە سەر کورد وەک گەل و دۆزە نەتەوەییـیە ڕەواکەی. من لێرەدا وەڵامی ئەو جۆرە نووسینانە دەدەمەوە و پەیوەندیم بەسەر ئەو ڕەخنە و قسانەوە نییە کە لە بارەی پارت و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردەوە دەکرێن. وتارەکانی ئەم نووسەرانە دید و بۆچوون و لێکدانەوەی هەڵەیان تێدایە و پێویستیان بە ڕاستکردنەوە و بەدواداچوون هەیە.

ئەوەی تێبینیم کردووە، ئەمانە لە تێز و بۆچوونەکانیاندا سەرکەوتوو نین و زۆر جار تەنانەت ناونیشانی وتارەکانیشیان دروست نین. بە بۆچوونی ئەم نووسەرانە گوایە کوردی ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی تەعریب کەوتوون، عەرەبیان ناچارکردووە ماڵەکانیان بەجێبهێڵن. لەوەیش خراپتر کورد بە پاکتاوکردنی نەژادی تۆمەتبار دەکەن. هیچ بەڵگەی وا لە بەردەست نین کە کورد ئەم کارەی

بەپێی پلان و سیاسەتێکی داڕێژراو کردبێت. ئەوەی کورد کردوویەتی، ئەویش لە سنوورێکی تەسکدا، هەوڵی سڕینەوەی شوێنەوارەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردنە کە حکومەتی عێراق لە کەرکوک و زۆر شوێنی تری باشووری کوردستان پەیڕەوی دەکرد. کورد داوای دەرچوون یا دەرکردنی هەموو عەرەبی لە کەرکوک و ئەو ناوچانە نەکردووە، هەروەها عەرەبی ناچار نەکردووە ئینتیمای نەتەوەیی خۆی بگۆڕێت، پلانی بۆ کردەوەی وایش نەبووە کە بچێتە چوارچێوەی جینۆسایدەوە. ناکرێ و ناشێ دەستەواژەی پاکتاوکردنی نەژادی بەکاربهێندرێت بۆ پێناسەکردنی پرۆسەی ناچارکردنی ژمارەیەکی دیاریکراو لە عەرەبی هاوردە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتوون. ئەمە ئەگەر ئەو باس و خواسانەی لەم بارەیەوە ئەو نووسەرە عەرەبانە دەیکەن ڕاست بن. بەهیچ شێوەیەک بەراوردیش ناکرێت بەو کارەی حکومەتی عێراق بەپێی پلانێکی داڕێژراو بەڕێوەی دەبرد و دەیان دام و دەزگا و دامەزراوەی جیاواز بەشدارییان تێدا دەکرد. ئەو پرۆسەیە لەلای حکومەتی سەدام حسێن گەیشتە حاڵەتی دانانی پلانی پێنج ساڵی بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد. لەم ڕووەوە، بڕێکی زۆر بەڵگە و دەکومێنت لەبەردەستن کە بەڕوونی قەبارەی ئەو سیاسەتە دەردەخەن. ئەو عەرەبانەی لەسەر کەناڵە ئاسمانییەکان دەردەکەون، بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانیدا دەکەن و باس لە گرنگی و پێویستیی پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکان لە کەرکوک دەکەن، بەڵگەن بۆ گەورەکردنی پرسەکان بۆ مەبەستی سیاسی لەلایەن ئەو نووسەرانەوە. لە ڕاستیدا ناکرێ بڕوا بە هیچ ژمارەیەک بکرێت سەبارەت بە عێراقی ئەمڕۆ چونکە هیچ ئامار و داتایەکی دروست لە بەردەست نین. نازانم ئەوانەی لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و تەنانەت ئوسترالیا دانیشتوون چۆن لەو شوێنە دوورانەوە وا بەوردی ژمارەی خێزانە عەرەبە "کۆچپێکراوەکان" دەزانن. ئەم نووسەرانە ئەو قانونەی پەرلەمانی کوردستان کە داوای نەهێشتنی شوێنەواری سیاسەتی بەعەرەبکردن دەکات، کە مافێکی ڕەوایە و دەبێ هەر کەسێک بڕوای بە بەها مرۆییەکان هەبێت پشتگیری لێ بکات، بەڵام بە بۆچوونی ئەم نووسەرە عەرەبانە ئەو قانونە

هەنگاوێکە بۆ ڕەوایی بەخشین بە سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی لە دژی عەرەبی هاوردە. ئەمەیش هەڵەیەکی ترە کە ئەو نووسەرانە تێیکەوتوون. پەرلەمانی کوردستان نە داوای ئەوەی کردووە عەرەب لە کوردستان دەربکرێت و نە داوای فراوانکردنی پارێزگا کوردییەکانی کردووە. لەکاتێکدا پەرلەمانی کوردستان و شانبەشانی ئەویش هەموو کورد، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سەرژمێری گشتیی ساڵی ١٩٥٧ بکرێت بەبنەمایەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سیاسەتی پاکتاوی نەژادی و لێکەوتەکانی، بەڵام ئەمە لە هیچ حاڵەت و دۆخێکدا واتای ئەوە نییە کە دەبێت هەموو ئەو عەرەبانەی هاتوون بۆ کوردستان دەربکرێن. ئەم داخوازییە لەبەر ئەوەیە کە ئەو سەرژمێرییە دوایین ئاماری دانیشتووانە کە دەسکاری زۆری تێدا نەکراوە. نازانم ئەو نووسەرانە ئەو ڕاستییە دەزانن یا نا، کە حکومەتی بەعس لەکاتی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠دا، بەڵێنی دابوو کە لە ماوەی ساڵێکدا سەرژمێری دانیشتووان بکات و بەپێی دەرئەنجامەکانی سەرژمێرییەکە چارەسەری دۆزی کەرکوک بکرێت. بەعس لەو پەیمانەی پەشیمان بووەوە، چونکە درکی بەوە کرد کە ئامارەکانی سەرژمێری لەو کاتەدا خزمەتی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی لە کەرکوک ناکەن. جیاوازییەکی گەورەیش هەیە لەنێوان گێڕانەوەی یەکە کارگێڕییەکان بۆ سەر کەرکوک، کە لە بنەڕەتدا سەر بەو پارێزگایە بوون، لەگەڵ ئەوەی هەوادارانی نوێی تەعریب بەهەوڵدان بۆ فراوانکردنی جوگرافیای کوردستان ناوی دەبەن. خەڵک هێشتا زۆر باشیان لە بیرە کەی و چۆن ڕژێمی بەعس ئەو یەکە کارگێڕییانەی لە کەرکوک دابڕی و دابەشی کردن بەسەر پارێزگاکانی سلێمانی، دیالە و سەلاحەدیندا. ئەم هەنگاوە یەکێک بوو لە ئەڵقە گرنگەکانی کەمکردنەوەی ژمارەی کورد لە پارێزگای کەرکوک و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە بڕیاری تایبەتی لە ساڵی ١٩٧٦ دا پێیدەرکرد و بڕیارەکە لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عیراقی بڵاوکراوەتەوە. هەموو ئەم کارانە لە دوا دەیەکانی سەدەی بیستەمدا کراون و ناکرێ ئەوەی لافی شارەزا بوون لە کاروباری عێراق لێدەدا، ئاگاداری ئەو هەموو بڕیارانە نەبێت. ئەگەر ئاگاداریشیان نەبن، هەرچەندە گەلێ هۆکار وا لە من دەکەن گومان لەوە بکەم،

ئەوە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی باس لە دابەشبوونی کارگێڕی لە سەدەی ڕابردوو لە عێراقدا دەکەن تا لەو سیاسەتە پڕ لە ستەمە تێبگات. ژمارەیەک یەکەی کارگێڕی سەر بە کەرکوک و هەندێ پارێزگای تر پەرت کران و دابڕێندران، نەک لەبەر هۆکارگەلی کارگێڕی و باشکردنی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، بەڵکو بەمەبەستی ڕەگەزپەرستی و کەمکردنەوەی ژمارەی کوردان لە پارێزگای کەرکوک. لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا بە وردی باسی ئەو پرسانەم کردووە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی نازانم دووبارەیان بکەمەوە. هەندێ لەو نووسەرانە ئەو ڕاستییەیان پێ هەرس ناکرێ کە خانەقین، مەندەلی، جەلەولا...هتد شاری کوردستانین و بەشی زۆری دانیشتووانیان تا ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کورد بوون، بەڵام سەر بە پارێزگای دیالە بوون. وا دیارە ئاگاداری ئەوەیش نین کە پارێزگای دهۆک لە بنەڕەتدا لە قەزا کوردییەکانی سەر بە لیوای موسڵ لە ساڵی ١٩٦٩ پێکهێندرا. لیوای موسڵ لە سەردەمی عوسمانییەکان لە ٦ قەزا پێکدەهات، کە پێنجیان قەزای کوردی بوون و عەرەب تەنها لە قەزای ناوەندی موسڵ هەبوون. ئەوە گوناهـ و تاوانی کورد نییە کە ناوچەکانیان لە شەنگال و زاخۆوە درێژ دەبێتەوە تا مەندەلی و بەدرە و جەسان. ئەوان تەنانەت جوگرافیای ئەو وڵاتەش نازانن کە خۆیان پێوە هەڵدەکێشن و دەستەواژەی باکوری عیراق بۆ ناوچە کوردییەکان بەکاردێنن کە دەستەواژەیەکی نادروستە، چونکە بەپێی دابەشبوونی جوگرافی لە تکریتەوە بەرەو سەرەوە بە باکوری عێراق دادەندرێت، لە کاتێکدا کورد ئەم ناوچانە بە کوردستان نازانێت، بەڵام لە بەرامبەردا مەندەلی، خانەقین، بەدرە و جەسان دەکەونە ناوەڕاستی عیراقەوە و بۆ کورد کوردستانین. ئەم نووسەرە بێ ویژدانانە وێرانکردنی ٧٧٩ گوندی کوردان لە پارێزگای کەرکوک لە کاتی ئەنفالدا هیچ هاوسۆزییەکان لەلا دروست ناکات، تەنانەت بەرامبەر دانیشتووانەکانیان کە بەشی هەرە زۆریان بێ سەروشوێن کران و لە بیابانەکانی باشوور و ڕۆژئاوای عێراق زیندەبەچاڵ کران. گەڕانەوەی ئەو بەشە کەمەی دانیشتووانی ئەو گوندانە کە ماون بۆ سەر زێدی باوک و باپیرانیان لەدوای لەناوچوونی ڕژێمی بەعس بەلای ئەو نووسەرە عەرەبانەوە هەوڵێکە بۆ

دەرکردنــی عەرەب و فراوانکردنــی نــاوچەی کــوردی. ئەم نووســەرانە هەمــوو هەوڵێـک دەدەن بـۆ شـێواندنی ڕاسـتییەکان و بەراوردی دەیـان هەزار عەرەبـی هاوردە لە کەرکوک لەگەڵ کوردانی بەغدا و شارەکانی تری عیراقـدا دەکەن. بـۆ خۆیان بـاش دەزانـن کە ئەمە دوو حـاڵەتی جیـاوازن، ئەو کـوردانەی بەغـدا، بە تایبەتی کوردانی فەیلـی بەپێـی هەمـوو سـەرچاوە مێژووییەکـان بەر لە عەرەب لەو شــارە نیشــتەجێ بــوونە. هــیچ کوردێـک نەچــووە بـۆ بەغـدای پایتەخــت بەمەبەسـتی گــۆڕینی دیمۆگرافیــای شــارەکە، لە کاتێکـدا عەرەبــی هــاوردە بەمەبەسـتی تەعریـب و پاکتـاوکردنی نەژادی کـورد هێنـدراون بـۆ کەرکـوک و ناوچەکانی تری کوردستان. ئەوەی سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشـێ ئەم نووسـەرانە زۆر هەوڵدەدەن دوژمنایەتی لە نێوان کـورد و پێکهاتەکـانی تـردا دروسـتبکەن و هانیان دەدەن بچن بەگژ کورددا و تۆمەتی ناشـرینیان بـدەنە پـاڵ. لەم بـوارەدا ژمارەی هەندێ لەو پێکهاتانە گەورە دەکەن و مێژوویان بـۆ دەشـێوێنن و ئەوان دەکەن بەخــاوەن مــاڵ و کــورد بە میــوان و داگیــرکەر. هەڵــبەتە ئەم جــۆرە بۆچوونانە هـیچ لە ڕاسـتییەکانی مێـژوو و جوگرافیـا نـاگۆڕن. هەمـوو کەس ئەو ڕاستییە باش دەزانێ کە کـورد یەکـێ لە نەتەوە کەمەکـانی ڕۆژهەڵاتـی نزیـک و ناوەڕاسـتە کە بەدرێژایـی مێـژوو لەسـەر ئەو خـاکە ژیـاوە و لە شـوێنی تـرەوە نەهـاتووە، لە کاتێکـدا مێـژوو کـاتی هـاتنی تـورک و عەرەب و هەمـوو هـۆز و خێڵەکانی تری بۆمان تۆمار کردووە. ئەمانە وادیارە پەنـد لە مێـژوو وەرنـاگرن، چونکە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق ئەو سیاسـەتانەیان بە درێژایـی سەدەی بیستەم ئەزموون کرد و جـگە لە کارەسـات و مـاڵوێرانی هـیچ سـوود و قازانجێکی بۆ کەس نەبوو.

وەکو زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتـی ئەم نووسـەرانە زۆر باوەڕیـان بە تیـۆری پیلان هەیە و هەموو ڕووداوێک لە وڵاتدا بە پیلانی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریـالیزم و دوژمنانی نەتەوەی عەرەب لێک دەدەنەوە. ئەمە جۆرێکە لە تەمەڵیـی فیکـری و ڕاکردن لە بەرپرسیارێتی و داننەنانە بە سیاسەتە هەڵەکـانی پـارت و سـەردار و ڕابەرەکانیان. بۆ خۆیان پەنا دەبەنە بەر هەمـوو جـۆرە بوختـان و پیلانێـک بـۆ لەخشتەبردنی خەڵک. هەوڵی بێوچـان دەدەن لاپەڕەی هەمـوو عەرەبـی هـاوردە

سپی بکەنەوە و وەها وێنایان بکەن کە گوایە بە زۆرەملێ و بێ ویستی خۆیان هێندراون. ئەوانە زۆر باش دەزانن کە فۆڕمەکانی گواستنەوە بۆ کەرکوک و شوێنەکانی تری کوردستان لە سەرتاسەری عێراقدا بەسەر فەرمانگەکاندا دابەشدەکران و هەمووکەسێکیش کە پڕی دەکردەوە ئاگاداری هەموو وردکارییەکان بوو و دەیزانی دەسکەوتی لەم کردەوە نامرۆییە چی دەبێ. نکۆڵی لەوە ناکەین کە بەعس هەژاری و نەداری ئەو خەڵکەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی بیانکات بە ئامێری جێبەجێکردنی سیاسەتێکی ستەمکارانە بەرامبەر بە کورد. دەبێ دان بەوەشدابندرێت کە لە بەرامبەردا هەزاران کەس هەبوون ئامادەبوون بۆ بەدەستهێنانی هەندێ دەستکەوتی هەرزان و کاتی بەگەرمی پێشوازی لەو کارە بکەن. دەیان هۆزی عەرەبی سەردانی کاربەدەستانیان دەکرد و داوایان دەکرد لە "بەهێزکردنی هەبوونی عەرەب لە کەرکوک و ناوچەکانی تری باکوری خۆشەویست" شەرەفی بەشدارییان بدرێتێ. ناکرێ بڵێین مامۆستای زانکۆ، نووسەری ناودار، هەزاران فەرمابنەر و خوێنەوار لە دژی خواستی خۆیان هێندراون و نەیانزانیوە لە چ جۆرە تاوانێکدا بەشداری دەکەن.

گەڕەکە عەرەبەکان لەناو شاری کەرکوک لەشێوەی پشتێنەی سەربازی بەدەوری گەڕەکە کوردییەکاندا بنیاتنران. ئەمەش بەڵگەیەکی تری ڕوون و ئاشکرا بوو بۆ نیاز و مەبەستە خراپەکانی ڕژێمی بەعس لە بەرانبەر ئەو ژمارە کەمەی کورد کە هێشتا لە شارەکەدا مابوون. لەدەرەوەی شاریش دانیشتووانی کۆمەڵگا عەرەبییەکان کە بەدەوری شارەکاندا دروست کران، دانیشتووانیان چەکی جۆراوجۆریان بەسەردا دابەشکرا بۆ ئەوەی خۆیان"بپارێزن". بەعس ڕێگەی نەدەدا بەم عەرەبە هاوردانە کە زەویوزاری کوردیان بەسەردا دابەشکرابوو تەنانەت وەک پاڵە و کرێکاریش کورد لەلای خۆیان رابگرن.

سیاسەتی بەعس بەرانبەر بە کوردی کەرکوک نموونەی زۆر دەگمەنە لە دونیا. لەتەک ڕاگوێزانی بەزۆر، گواستنەوەی فەرمانبەری کورد بۆ دەرەوەی پارێزگاکە، دانەمەزراندنی کورد لە هیچ دام و دەزگایەک و ناچارکردنیان بۆ ئەوەی کەرکوک بەجێبهێڵن، کورد مافی ئەوەی نەبوو زەوی یا خانوو بکڕێت. ئەگەر ماڵەکەیشی بەر ڕێ و بان بکەوتایە، کە ئەویش بەمەبەستی تێکدانی

گەڕەکە کوردییەکـان بە ناوەڕاسـتی گەڕەکە کوردییەکانـدا دەبـرا و تـا بکـرایە فراوان دەکرا بۆ ئەوەی زۆرترین ماڵی کوردی بەر بکەوێت، لەم حاڵەتەیشدا ئەو کـوردە بەدبەختـانە بۆیـان نەبـوو لە هـیچ شـوێنێکی شـارەکە زەویـیەک یـا خـانوویەک بکـڕن، بـۆیە ناچـار دەکـران شـارەکە بەجێبهـێڵن. هاوتەریـب لەگەڵ هەمـوو ئەمـانەدا کـوردی کەرکـوک بـۆی نەبـوو مـاڵەکەی چـاک بکـاتەوە، بـۆیە خانووەکانی کورد وەک کەلاوەیـان لـێ دەهـات و کەڵکـی ژیانیـان تێدا نەدەما. کاتێـک بـاس لە کـوردی کەرکـوک دەکەیـن، ئەم باسـە کـوردانی هەمـوو نـاوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێـم دەگـرێتەوە، چـونکە لە هەمـوو ئەو شـوێنانە هەمان سیاسەت پەیڕەودەکرا. لیستی ستەم و زۆردارییەکانی بەعس لە کوردانی ئەو ناوچانە ئەوەندە درێژە، کـاتی زۆری دەوێ بـۆ ئەوەی ئامـاژە بە هەموویـان بکرێت.

لێـرەدا بەناچـاری ئەزمـوونێکی تـاڵی خـۆم لە گەڵ سیاسـەتی تەعریـب و پاکتاوکردنی کورددا لە کەرکوک دەگێڕمەوە. خۆم و باوک و باپیرم، تاکو چـوار - پێنج پشت کە ئاگادارم لە دایکبووی لیوای کەرکوکین. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابـردوودا مامۆسـتا بـووم لە زانکـۆی موسـڵ و ویسـتم پـارچەیەک زەوی لە ئامۆزایەکی باوکم بکـڕم. وەک هەر هـاووڵاتییەک جارێـک بە نـاوی بـاوکم و دوو جاریش بە ناوی خۆم داواکاریمان پێشکەش بە فەرمانگەی تاپۆی کەرکوک کـرد بۆ گواستنەوەی خاوەندارێتی زەوییەکە. هەر سێ جارەکە داخوازییەکەمان لەبەر "هۆکـاری ئەمنـی" ڕەتکـرایەوە، لەبەرئەوەی لە خـانەی تـایبەت بە نەتەوە، نووسـیبووم کـوردم. دەسـەڵاتی تەعریـب و جینۆسـاید بەلایەوە ئاسـایی بـوو لە زانکۆ وانە بە قوتابیان بڵێمەوە و سەرپەرشتی نامەی ماسـتەر و دکتـۆرا بـکەم، بەڵام کڕینـی پـارچەیەک زەوی نیشـتەجێبوون بە پـارەی خـۆم و لە خزمێکـی خۆم، نەک لە عەرەبێک یا تورکمانێک، بە مەترسی دادەنـدرا لەسـەر "ئاسایشـی نەتەوەیـی عەرەب!". بـاوەڕ نـاکەم هەمـوو ئەم قسـانە ویژدانـی کەسـانی ڕەگەزپەرسـت و قـین لە دڵ بجـووڵێنێ. ئەمـانە ئەوەنـدە دڵـڕەقن و بێسـۆزی مرۆیین کـورد قەرزاربـاری بەعـس دەکەن کە بەزۆر ڕایگواسـتوون و لە کۆمەڵگـا زۆرەملێکاندا نیشتەجێیکردوون.

ئەوەی سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت ئەوەیە کە چەندین نەوە لە عێراق و لە وڵاتە عەرەبییەکاندا گەورە بوونە بێئەوەی زانیارییەکی دروست و بەسوود لە بارەی ئەو گەلانەوە بخوێنن کە لەگەڵیاندا دەژین. پەروەردە و فێرکردن ڕۆڵێکی زۆر خراپیان بینیوە لە پێگەیاندنی خەڵکی ئەم وڵاتانە. بەرپرسانی پەروەردە و فێرکردن لەم وڵاتانە، کە لێرەدا باسی عێراق دەکەین، کاریان ئەوە بووە ڕاستییە مێژوویی و جوگرافییەکان بشارنەوە و ئەگەر ناچاربوون باسیان بکەن، ئەوا بە شێوازی بیانخەنە بەردەم قوتابیان. ساتیع ئەلحوسەری یەمەنی، کە ناسیۆنالیستێکی توندڕەوی عەرەب بوو و هەموو دانیشتووانی عێراقی بەعەرەب لە قەڵەم دەدا، هاوردە کرا و کرا بەبەرپرسی یەکەمی پەروەردە و فێرکردن لەم وڵاتە. پێیانوابوو ئەگەر باسی دیاردە و پرسەکان نەکەن، ئەوا ئیتر بۆ خۆیان نابیندرێن و لەبیر دەکرێن. لەم دیدە تەسکەوە باس و خواسی کورد و کوردستان بە شاراوەیی هێڵدرانەوە و خرانە دەرەوەی پرۆگرام و بەرنامەکانی خوێندنەوە. دەرکەوتنی کورد لەسەر شانۆی ڕووداوەکان و پەرەسەندنی بزووتنەوە و دۆزە نەتەوەییەکەی بۆ زۆربەی عەرەب لە عیراق و وڵاتانی عەرەبی شتێکی چاوەڕوانکراو نەبوو، بگرە پێی شۆک بوون. وەک دەوترێ خەڵک دژی ئەو شتانەیە کە هیچیان لە بارەوە نازانێ و گومانیان لێدەکات، بۆیە عەرەبێکی زۆر کەوتنە دژایەتیکردنی کورد و بزووتنەوەکەی و داخوازییە ڕەواکانیان بە هەوڵێک دادەنا بۆ لەتوپەتکردنی "نیشتمان و نەتەوەی عەرەب". هەڵبەت لێرەدا ئەوەیشیان لە بیر نەدەکرد کە سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەکانی کورد بە پیلان و فیتی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل و ڕووسیا ...هتد لەقەڵەم بدەن. هەندێ لەم نووسەرانەی عەرەب ئەوەندە دوورن لە واقیعەوە، پێیانوایە ئەوە ڕۆژهەڵاتناسان بوون باسی کورد و کوردستان و هەبوونی دۆزێک بە ناوی دۆزی کوردیان خوڵقاند. لیستی تانە و تۆمەتەکانی ئەم جۆرە نووسەرانە بۆ کورد و دۆزەکەی زۆر و جۆراوجۆرن. زانیارییەکانیان لە بارەی کورد و کوردستان و بگرە مێژووی ناوچەکەوە ئەوەندە تەنک و بێدەرەتانە، بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی جدی لە بارەیانەوە لەگەڵدا بکەیت، دەبێت لە ئەلفبێی پرسەکانەوە دەست پێبکرێت، ئەمەیش بابەتێکە ناچێتە چوارچێوەی ئەم دێڕانەوە.

مرۆڤ هیوای ئەوەیان بۆ دەخوازێت خۆیان لەقەرەی بابەتگەلێک نەدەن کە ئاگاداری و زانیارییان لە بارەیانەوە نییە. پشتبەستنیان بە سەرچاوەی نابابەتی، مێژووی دروستکراو و شێوێندراو هۆکاری سەرەکی ئەو هەموو ناکۆکییەیە کە ئەم نووسەرانە لە نووسینەکانیاندا تێیکەوتوون. ناهەقیان ناگرین چونکە لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا، بەتایبەتی لە نیو سەدەی دواییدا توێژینەوە لە مێژوو لە ژێر دروشمی "سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی عێراق و عەرەب"دا ئەنجامدەدرا و ئەنجامدراوە، کە هێڵە سەرەکییەکانی دەبوایە لە وتارەکانی سەدام حوسێنەوە هەڵبهێنجرێن. مێژوونووسانی دەرباری سەدام حوسێن خەریکی شێواندنی مێژوو بوون، کە دەبوایە لە سەدام و حیزبی بەعسەوە دەستی پێبکردبایە. ئەوەشی پەیوەندی بە کورد و کوردستانەوە هەبوو یا هەر هیچیان لەبارەوە نەدەنووسرا وەک ئەوەی لە مێژووی ناوچەکەدا نەبووبێتن، یا باسی یاخیبوون و خۆفرۆشی سەرکردە و ڕابەرەکانیان دەکرا. دەیان بەرگی قەبە لەسەر مێژوو و شارستانێتی عێراق ئامادەکران و بڵاوکرانەوە، هیچ زانیارییەکیان لە بارەی کوردەوە تێدا نەبوو. ئەو مێژووە دروستکراو و شێوێندراوە هیچ بایەخێکی نەبوو و لەگەڵ لەناوچوونی ڕژێمی سەدامدا ئەویش لەناو چوو.

هەندێ لەم نووسەرە عەرەبانە باس لە چارەسەرکردنی کێشەی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان لە چوارچێوەیەکی "نیشتمانیدا" دەکەن و هەندێ پێشنیاز دەخەنەڕوو. لە ڕاستیدا ئەو بیرۆکانە و پێشنیازانەی پێشکەشیان دەکەن لەم بارەیەوە هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکەن. ئەوەی ئەمان دەیڵێن هەوڵێکە بۆ جوانکردنی دیاردەکە و سیاسەتێکی زۆر ناشرین و قێزەون. لەبەرئەوەی ئەو خاڵەی لێوەی دەستیان پێکرد نادروستە، لەسەر بنەمای گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەن ماف بنیات نەنراوە، سەرکۆنەی ئەو سیاسەتە ناکات و داوای سڕینەوەی شوێنەوارەکانی ناکات، بۆیە ئەنجامەکانی لە قسە و ڕستەی ڕازاوە بەولاوە هیچ شتێکی تری لێ سەوز نابێت.

گەڕان بە دوای چارەسەرییەکی مرۆڤانە، کە ڕەچاوی بەرژەوەندیی هەموو دانیشتووان بکات و ستەم لەسەر قوربانییەکان لاببات و مامەڵەیەکی دروست

لەگەڵ شـوێنەوارەکانی سیاسـەتی بەعەرەبکردنـدا بکـات، دەتـوانێ دەروازەیەک بێت بۆ پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکانی کەرکـوک و هەمـوو ئەو ناوچـانەی بەر تـاوانی بەعەرەبکـردن کەوتـن. داننـان بە یەکسـانی و دادپەروەریـدا بـۆ هەمـوو دانیشتووان و ڕێگا نەدرێت بەهـیچ کەسـێک جێگـای قـانون و دادگـا بگـرێتەوە. هەنگـاوی یەکەم لەسـەر ئەم ڕێگـا دوور و درێـژە دەبێـت دابینکردنـی مـافی گەڕانەوە و قەرەبووکردنەوە بێت بۆ هەمـوو قوربانییەکـانی سیاسـەتی تەعریـب. هاوتەریب دەبێت کار لەسەر سـڕینەوەی شـوێنەوارەکانی ئەو سیاسـەتە بکرێـت. ئەرکـی نووسـەران و ڕۆشـنبیرانی عەرەبـی عیـراقە بەر لە هەر کەسـێکی دیـکە سەرکۆنەی ئەو سیاسەتانەی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکـانی عێـراق بـکەن و داوای لێبــووردن لە قوربانییــانی ئەو سیاســەتانە بــکەن. ئەوکــاتە مێــژوو بە شانازییەوە هەڵوێستەکانیان تۆمار دەکات. ئەوانەیشی پشتگیری لەو سیاسەتانە دەکەن یا پاکانە و پاساویان بـۆ دەهێنـنەوە ئەوا لاپەڕەیەکـی ڕەش بـۆ خۆیـان تۆمار دەکەن.

## کەرکوک و شەمسەدین سامی و فەرهەنگی ناوداران

لەو کاتەوە ئەو چەند دێڕەی سامی لە فەرهەنگە بەناوبانگەکەیدا لە بارەی کەرکوکەوە پەردەیان لەسەر لادرا، باس و خواسی زۆر لە سەر فەرهەنگی ناوداران "قاموس الأعلام" و نووسەرەکەی شەمسەدین سامی فراشەری کراوە و نووسراوە. ئەوەی لە وتەکانی ئەم نووسەرە بەرەچەڵەک ئەلبانییە، بۆ ئەم باسەی ئێمە گرنگن، بریتین لە چوار خاڵ و بیرۆکەی سەرەکی کە ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: شاری کەرکوک ناوەندی سەنجەق یا لیوای شارەزوور بووە، واتا سەرباری گۆڕینی ناوی سەنجەقی شارەزوور هێشتا کەرکوک هەر بە شارەزوور دەناسرا.

دووەم: کەرکوک یەکێک لە سێ لیواکەی ویلایەتی موسڵ بوو، کە لە لیواکانی موسڵ، کەرکوک و سلێمانی پێکهاتبوو.

سێیەم: ویلایەتی موسڵ بەشێک بوو لە نەخشەی کوردستان، نەک پێچەوانەکەی. هەر کەسێک سەیری ئەو نەخشەیەی دەوڵەتی عوسمانی بکات، کە ساڵی ۱۸۹۳ ی بەسەرەوەیە، ئەو ڕاستییە بە درەوشاوەیی دەبینێت. ئەو کاتە کوردستانی عوسمانی، کە سێ بەشی باکوور، باشوور و ڕۆژئاوای ئەمڕۆی دەگرتەوە، وەک یەک وڵات سەیر دەکرا، لە کاتێکدا هیچ وڵاتێک لەسەر ئەو نەخشەیە بە ناوی تورکیا، عێراق و سوریا نییە.

چوارەم: ژمارەی دانیشتووانی شاری کەرکوک ۳۰۰۰۰ کەس بووە، کە سێ لە چواریان یا سێ چارەکیان کورد بوون، قسوورەکەی، واتا یەک لە چواری تورک و عەرەب و ئەوانی تر بوون لەگەڵ ۷٦۰ جوو و ٤٦۰ کلدانی[1].

ئەوەندەی من ئاگادار بم، دکتۆر نوری تاڵەبانی لە کۆتایی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا بۆ یەکەمین جار ئەو دەقەی شەمسەدین سامی لە کتێبەکەی خۆیدا، لە بارەی بەعەرەبکردنی کەرکوکەوە بەکارهێنا[2]. ئەو چەند ڕستەیە هانی هەندێک توێژەری کوردی دا، کە تورکی عوسمانی دەزانن، زانیاریی زیاتر سەبارەت بە سامی و فەرهەنگەکەی پەیدا بکەن. ئەنجامی ئەو گەڕان و لێکۆڵینەوانە دوو بەرهەمی باشیان لێ کەوتەوە. محەمەد ئەمین بۆزئەرسلان

هەموو ئەو بابەتانەی لە بارەی کورد و کوردستانەوە لە فەرهەنگەکەی سامیدا هاتوون، لە تورکی عوسمانییەوە کردووە بە تورکی نوێ و پێشەکی بۆ نووسیوە و ٥٦٧ پەراوێزی بۆ کردووە و لە ساڵی ٢٠٠١ لە ئەستەموڵ بڵاوی کردوونەتەوە[٣]. مامۆستا ئەحمەد تاقانەیش ئەو کتێبەی بۆزئەرسلانی لە تورکییەوە کردووە بە کوردی. کارەکەی مامۆستا تاقانەش تەنها وەرگێڕانی دەقەکەی بۆزئەرسلان نییە، بەڵکو کتێبەکەی ئەوی لەگەڵ کتێبێکی کاک جەلیل محەمەد شەریف سەبارەت بە ناودارانی کورد لە فەرهەنگەکەدا لەگەڵ هەر شەش بەرگەکەی شەمسەدین سامیدا بەراورد کردووە و هەر ناوێک لەلای ئەوان نەبووبێت، ئەوا ئەم بۆ وەرگێڕانەکەی خۆی زیادی کردووە[٤]. وادیارە کتێبەکەی جەلیل محەمەد شەریف تەنها ناودارانی کوردی گرتووەتە خۆی و من بۆ خۆم نەمدیوە و تەنها لە ڕێگەی مامۆستا تاقانەوە ئاگاداری بوومە. ئەوەی دەبێت لێرەدا ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە، هەردوو وەرگێڕ لە پێشەکییەکانی خۆیاندا باسی ئەوەیان کردووە چۆن کاریان لە سەر وەرگێڕانی بابەتە کوردییەکانی فەرهەنگەکەی سامی کردووە[٥].

وتەکانی شەمسەدین سامی بە زمانی تورکی عوسمانی بەر لە سەد و بیست ساڵ، سەرچاوەیەکی مێژوویی سەنگینن و بۆچوونی کاربەدەستانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و نووسەرانی گەلانی سەردەستە سەبارەت بە کەرکوک و کورد و کوردستان ڕەت دەکەنەوە. ئەم وتانە لە سەردەمێکدا نووسراون، هێشتا هەستی تورکچێتی توندڕەو باڵی بەسەر دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیری تورکدا نەکێشابوو. بەکارهێنانی ناوی کورد و کوردستانیش لە نووسراوی فەرمی، کتێب و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا کارێکی ئاسایی بوو و کەس بیری لە قەدەغەکردنیان نەدەکردەوە، وەک لە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا بوو بە یەکێک لە بنەماکانی سیاسەتی فەرمیی دەوڵەت.

فەرهەنگی ناوداران و نووسەرەکەی بە هۆی ئەو چەند وتەیەوە بوون بە مایەی سەرنج و بایەخپێدانی نووسەرانی کورد و زۆر قسەیان لەبارەیەوە کرد، کە بەشی زۆریان بریتی بوون لە هەوڵدان بۆ ئەوەی دوو وشە لەو زانیارییانە زیاد بکەن کە دکتۆر نوری تاڵەبانی ئاماژەی پێکردوون. لە ڕۆژنامە و گۆڤارە

کوردییەکاندا گەلێک زانیاریی نادروست و بێ بنەما لەسەر شەمسەدین سامی و فەرهەنگەکەی بڵاو کرانەوە، کرا بە گەڕیدە و سەردانی کوردستان و کەرکوکیان پێکرد و زۆر شتی دیکە. لە بەرامبەردا نووسەرە تورکمانە توندڕەوەکان هەوڵی زۆریان دا لە بایەخی وتەکانی سامی لەبارەی کەرکوکەوە کەم بکەنەوە و زانیارییە نادروستەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردیان بە هەل زانی گومان بخەنە سەر هەموو ڕاستییە مێژووییەکان. ئا لێرەوە بە پێویستم زانی هەندێک زانیاریی سەرەتایی لە سەر شەمسەدین سامی و فەرهەنگەکەی بخەمە ڕوو.

فەرهەنگەکە بە ناوی "قاموس الأعلام"، کە بە کوردییەکەی دەکاتە فەرهەنگی ناوداران، لێ لە ڕاستیدا ئەو لە چەشنی ئینسایکلۆپیدیایە، چونکە تەنها باسی ناوداران ناکات، بەڵکو باس لە ناوە جوگرافی و ڕووداوە مێژووییە گرنگەکانیش دەکات. بۆ خۆی لەسەر بەرگەکان نووسیویەتی کە ئەم فەرهەنگە تایبەتە بە مێژووی هەموو گەلان، پێغەمبەران، خەلیفە و ئەسحابەکان، پیاوانی حەدیس، شا و میرەکان، وەزیر و فەرمانڕەواکان، دانا و زاناکان، فوقەها، وەلی و شێخەکان، ئەدیب و شاعیران، پزیشکان، مێژوونووسان، گەڕیدەکان، هونەرمەندان، داهێنەران، ئەفسانەکان، بە کورتی هەموو کەسانی بەناوبانگ لەگەڵ ژیاننامەیان و بەرهەم و کتێبەکانیان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە مێژووی دێرین و نوێدا. هەروەها ناوە جوگرافییەکان، بەشەکانی گۆی زەوی، وڵاتان و دەوڵەتان، دەریا و کەنداوەکان، دوورگە و چیاکان، ڕووبار و گۆلەکان، دەشتە بیابانەکان، شار و شارۆچکە و شارەدێ کۆن و تازە گرنگەکان، ناوەکانیان، پێگەی جوگرافییان، درێژی و پانییان، ڕەوتی مێژووییان، سروشتیان، ژمارەی دانیشتووانیان، داهات و هەناردەکردنیان، بەکورتی هەموو زانیارییە گرنگەکان کە لە تواناداا بووە بخرێنە ڕوو، هەموو ئەم بابەتانە بەپێی ئەلفوبێ ڕیز کراون. هەر لەبەر ئەمەیشە بۆزئەرسلان ناونیشانەکەی کردووە بە "یەکەمین ئینسایکلۆپیدیا بە زمانی تورکی". فەرهەنگەکە شەش بەرگە، بەسەر یەکەوە ٤٨٣٠ لاپەڕەیە و هەر لاپەڕەیەکیش بریتییە لە دوو ستوون. بابەتەکانی نێو فەرهەنگەکە بەپێی ئەلفوبێی تورکی عوسمانی ڕیز کراون. هەر شەش بەرگەکە لە ساڵانی ١٨٨٩ بۆ ١٨٩٨ لە چاپخانەی مەهران لە ئەستەموڵ لە چاپ دراون

و بڵاو کراونەتەوە. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لە دوا لاپەڕەی بەرگی شەشەمدا نووسراوە کە لە ٣ شەوالی ١٣١٦ک واتا لە ٢ شوباتی ١٨٩٩ تەواو بووە. زانیارییەکان سەبارەت بە کەرکوک و کورد و کوردستان هەموو لە بەرگی پێنجەمدان، کە لە ساڵی ١٣١٤ک/١٨٩٦ز بڵاو کراوەتەوە. ئەم بەرگە لاپەڕەکانی ٣٢٠٣ تا ٤٠٠٠ گرتووەتەوە. بابەتی کەرکوک لە دەقە تورکییە عوسمانییەکە لە لاپەڕەی ٣٨٤٦دایە. بەرگی وا هەیە بۆ یەک پیت تەرخان کراوە وەک بەرگی یەکەم کە ٨٠٠ لاپەڕەیە و تەنها پیتی (ا) دەگرێتە خۆ، بەرگی واش هەیە نۆ پیتی گرتووەتە خۆ وەک بەرگی چوارەم.

هەر شەش بەرگەکە لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت دانراون و توێژەر دەتوانێت بە ئاسانی کاریان لەسەر بکات. واتا ئێستا ئەوەی پەیوەندی بە کورد و کوردستانەوە هەبێت لە فەرهەنگەکەی شەمسەدین سامیدا بە زمانی تورکی عوسمانی، تورکی نوێ و کوردی لەبەردەستدان.

شەمسەدین سامی پوختەیەکی ژیاننامەی خۆی (ترجمەی حال) بۆ گۆڤاری سەروەتی فنوون (ثروت فنون)ی عوسمانی لە ساڵی ١٨٩٦ نووسیوە. سامی بە ڕەچەڵەک ئەلبانییە، لە یەکی حوزەیرانی ١٨٥٠ لە گوندی فراشەر لە ئەلبانیا هاتووەتە دونیاوە. لە زۆر لە سەرچاوەکاندا بە شەمسەدین سامی فراشەری ناسراوە. خۆیشی هەندێک لە بەرهەمەکانی بەو ناوەوە بڵاو کردووەتەوە. شەشەمین منداڵ بووە لە خێزانێکی سەر بە تەریقەتی بەکتاشی یا بەگتاشی. ناوەکەی لێکدراوە واتا شەمسەدین سامی هەر ناوی خۆیەتی ناوی باوکی خالیدە و خاوەنی تیمار و هەڵگری نازناوی بەگی هەبووە، دایکیشی ئەمینە خانم لە بنەماڵەی یەکێک لە سەرکردەکانی سەردەمی سوڵتان موراد و موحەمەدی دووەم بوو بەناوی ئیمراهور ئەلیاس ئەفەندی. لە ساڵی ١٨٥٩ باوکی و دوو ساڵ دواتریش دایکی کۆچی دوایی دەکەن، عەبدولی برا گەورەی دەبێت بە گەورەی ماڵ. هەر لە ساڵی کۆچی دوایی دایکیدا ١٨٦١ عەبدول بڕیار دەدات بەخاوخێزانەوە بگوێزنەوە بۆ یانیا (ئیۆنینا) لە یۆنانستان. سامی لە باشترین قوتابخانەی یۆنانی ئەو دەڤەرە (زۆسیمیا سکۆڵی) دەنێردرێتە بەر خوێندن. ماوەی خوێندن لە قوتابخانەکە هەشت ساڵ بوو، بەڵام ئەو بە حەوت ساڵ

تەواوی کـرد و لە تەممـوزی ١٨٦٨ بڕوانـامەی دەرچـوونی وەرگـرت. لە تەک زانست و فەلسەفەی ئەوروپایی هاوچەرخدا، سامی زمانەکانی یۆنـانی (کۆن و نـوێ)، لاتینـی، ئیتـالی و فەرەنسـی خوێنـد. بەر لەوەی بـاریش بـکەن بـۆ ئەو شارە، لە تەکێی بەکتاشییاندا شارەزای کولتووری ئیسلامی و رۆژهەلاتـی ببـوو. لە تەک خوێندنی قوتابخانەدا سامی لە سەر دەستی مامۆسـتایانی تـایبەتی، کە دیارترینیان یعقوب ئەفەندی بوو، زمانی تورکی، عەرەبـی و فارسـی دەخوێنـد و زیـاتر لە زانسـتە ئیسـلامییەکان و لە کولتـوور و ئەدەبیـاتی رۆژهەلات قـووڵ دەبووەوە. ئەم پەروەردە و فێرکردنە فـرە ڕەهەنـدە کـاریگەری زۆریـان لە سـەر کەسایەتی و پاشەڕۆژی شەمسەدین سامی فراشەری هەبوو.

پاش دەرچوونی لە قوتابخانە بۆ ماوەیەکی کورت لە ( قەڵەمی ویـلایەت) دەسـت بەکـار بـوو، لە سـاڵی ١٨٧١ ڕووی کـردە ئـەسـتەموڵ. ئەو سـەردەمە هەرکەسـێک خەونـی نێوبانـگ دەرکـردن و درەوشـانەوەی ئەسـتێرەی بەختـی هەبـوایە، دەبـوایە ڕوو لە پـایتەختی دەروازەی بـالا "ئەسـتانە، دارولسـەعادە" بکــات. لە هەوارگەی نوێیــدا شەمســەدین ســامی لە تەک کــارکردن لە دامەزراوەکانی دەوڵەت، خەریکی نووسینی کتێبێک بـوو لەسـەر مێـژوو، لـێ ئەو بەرهەمەی هەرگیز رووناکی نەبینی، وا پێدەچێت دوای ئەوەی کتێبـی (مێـژووی فەرەنسـا)ی کـرد بە تـورکی، وازی لەو بیـرۆکەیە هێنابێـت. مێـژووی فەرەنسـا یەکەمین بەرهەمی بڵاوکـراوەی سـامی بـوو. لە مـاوەی دوو سـاڵدا لە رۆژنـامەی (حەدیقە - باخچە) زنجیرەیەک نووسینی بڵاوکردەوە کە دواتر وەک ڕۆمانێک بە ناونیشانی (تەعەشوقی تەڵعەت و فیتنەت) چاپ کرا. ئەمە بە یەکەمـین ڕۆمـان لە ئەدەبی تورکیدا و نووسەرەکەیشی بە یەکەمین ڕۆماننووس بە زمـانی تـورکی دادەنرێت.

سـامی وەک زۆر لە ڕوونـاکبیرانی ئەو سـەردەمە لەژێـر کـاریگەریی هـزر و ئەدەبیاتی ئەوروپی و بەتایبەتی فەرەنسیدا بوو، بـۆیە خـۆی بە ژانـرە نوێکـانی ئەدەب و نووسینەوە خەریک دەکرد. بەڵام سـەرچاوەی رۆمـان و شـانۆنامەکانی هەمیشـە فۆلکلـۆر و ڕووداوە مێژووییەکـان بـوو. لەژێـر کـاریگەریی شـانامەی فیردەوسیدا شانۆنامەی (کاوەی ئاسنگەر)ی نووسی. لە بارەی ئەم شـانۆنامەوە

زانیاریی زۆرمان لە بەردەستدا نییە، پێدەچێت وەک بەشێک لە سڕینەوەی کورد لە تورکیــا ئەم باســە پەردەی بەســەردا درابێــت. ئەوەنــدە دەزانــین کە لەو سەروبەندەدا سامی رایدەگەیەنێت، کە زەمینەی شانۆ و نمایش لە ئەستەموڵ لە ئـارادا نیـیە، بـۆیە بـۆ مـاوەیەک دەسـت لەو کـارە هەڵـدەگرێت. سـامی کە لە قوتابخانەی یۆنانی لە سایەی زانست و رۆشنبیریی ئەورووپـادا گەورە ببـوو، دیـد و بۆچوونەکانی ناکۆک بوون لەگەڵ کولتووری باوی دەروازەی باڵا و کـۆمەڵگەی دەقگرتووی عوسمانیدا. بـۆ نمـوونە دوو رۆمـانی لە بـارەی منـداڵ لەبـاربردنەوە بڵاو نەکردەوە، چونکە بۆی دەرکەوت ئەم جۆرە باسـانە تـابوون لە کـۆمەڵگەی عوسمانیدا. ئەو لە ژیانیدا بە ناچاری دەسـتی لە زۆر شـت هەڵگـرت، کە حەزی لێدەکردن و بەلایەوە گرنگ بوون بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە.

سامی هەر زوو خۆی لە ڕیزی عوسمانییە نوێکاندا بینییەوە، ئەو ماوەیەک بـوو لەتەک یەکێـک لە دامەزرێنەرانـی ئەو گـرووپەدا بـوو، کە خـاوەنی هەردوو رۆژنامەی (حەدیقە) و (سیراج) بوو، واتا ئەبوزیا تەوفیق. سامی لەو رۆژنامانەدا لە تەمەنــی ٢٢ ســاڵییەوە هــاتبووە نێــو جیهــانی رۆژنــامەگەرییەوە. بە هــۆی دوورخســـتنەوەی ئەبوزیــا تەوفـــیقەوە بـــۆ دوورگەی ڕۆدۆس، وەک هەمـــوو نەیارەکانی تری سوڵتان، سامی لە دەرکردنـی رۆژنـامەی (حەدیـقە)دا بەردەوام بـوو، لە سـاڵی ١٨٧٣ ئیتـر بە نـاوی خـۆیەوە دەریـدەکرد. دوای داخسـتنی رۆژنــامەکە لە تەمــووزی هەمــان ســاڵدا، ســامی وەک کارمەنـدی دەوڵەت لە نووسـینگەی چـاپەمەنی کـاری دەکـرد و خەریکـی وەرگێڕانــی دوو بەرهەمــی فەرەنسی بوو، کە هەر لەو ساڵەدا بڵاویـانی کـردەوە. یەکێـک لەو دوو بەرهەمە شانۆنامەیەک بوو بە نێوی (چاوشی پیر). ئەم شانۆنامەیە سـاڵی دواتـر ١٨٧٤ لە ئەستەموڵ نمایش کرا. بە هـۆی نمایشـکردنی ئەو شـانۆنامەیەوە ئەسـتێرەی بەختـی لە ئاسـمانی ئەسـتەموڵدا درەوشـایەوە. دەنگـدانەوەی ئەو شـانۆنامەیە هانی دا شانۆنامەیەکی تر هەر لەو سـاڵەدا بە نێـوی (بەسـا یـا عەهـدی وەفـا) بنووسێت، کە ئەویش لە ئەستەموڵ نمایش کرا. بیـرۆکەی ئەم شـانۆنامەیەی لە فۆلکلۆری ئەلبانییەوە وەرگرتبوو.

بە هـۆی دیـد و بۆچوونەکـانییەوە، نەدەبـوو نەکەوێـتە بەر ڕق و کیـنەی سوڵتان و دەستە و دایەرەکەی، بۆیە بریاری دوورخستنەوەی درا بۆ تەرابلوسی رۆژئاوا ( لیبیا). هەندێک نووسەری تورک پێیان وایە، کە لەوێ پێویستییان بە رۆژنامەوانێک هەبوو بۆ ئەوەی رۆژنـامەی ولایەتـی تەرابلوسـی رۆژئـاوا بەردەوام بێ، گوایە بۆیە سامی بـراوە بـۆ ئەوێ. لە ڕاستیشـدا لە ژمـارە ٢٥٦ ەوە کە لە ١٨ حــوزەیرانی ١٨٧٤ دەرچــووە نــاوی ســامی وەک بەڕێــوەبەر بەســـەر ئەو ڕۆژنامەیەوەیە، بەڵام نووسەرە ئەلبانییەکان وای بۆ ناچن و بە دوورخسـتنەوەی لە قەڵەم دەدەن. ئەو تەنهـا نـۆ مانـگ لەوێ مـایەوە و لە دوای ئەو نـۆ مـانگە گەڕایەوە بۆ ئەستەموڵ. لە ڕێـگەی گەشـتەکەیدا بـۆ لیبیـا بە یۆنـان، ئەلبانیـا، ئیتاڵیـا و مـاڵتەدا تێپەڕیـوە. ئەوە تـاکە گەشـت و دوا گەشـتی سـامی بـوو بە ولاتانی ئەوروپادا. وا دیارە سامی بۆ خـۆی لە ژیاننامەکەیـدا، کە لە سـەردەمی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەمـدا نووسـیبووی، نەیـوێراوە خـۆی لە قەرەی ئەو باسە بدات، کە بۆچی ئەو نۆ مانگەی لە تەرابلوسی ڕۆژئاوا بەسەربردووە. بەڵام ئەوە ئاشـکرایە کە لیبیـا یەکێـک لەو شـوێنانە بـوو کە دەیـان و بگـرە سـەدان نەیـاری سـوڵتانی بـۆ دوور دەخـرایەوە. یەکێـک لە رۆشـنبیرە هەرە دیارەکـانی کوردیش دکتـۆر عەبـدوڵا جەودەت لە نەوەدەکـانی سـەدەی نۆزدەمینـدا هەر بـۆ ئەوێ دوورخرابووەوە.

گرنـگ ئەوەیە، کە سـامی لە تەمەنـی بیسـت و چـوار سـاڵیدا ئەزمـوونی بەڕێــوەبردن و دەرکردنـــی دوو رۆژنـــامەی لەلا کەڵەکە ببـــوو، بـــۆیە لە دوای گەڕانەوەی بۆ ئەستەموڵ لە ساڵی ١٨٧٥ لە چەنـد رۆژنـامەیەک دەسـتی بەکـار کرد، هەر لەو کاتانەیشدا بوو کە سەرپەرشـتی رۆژنـامەی (محـرر)ی دەکـرد. لە هەمان کاتدا لە نووسینی شـانۆنامەدا بەردەوام بـوو و لە ڕووداوەکـانی مێـژووی ئەندەلوسەوە شانۆنامەی (سیدی یەحیا)ی ئامادە کرد.

لە ساڵی ١٨٧٦ لەگەڵ میهران ئەفەندی نەقاشیاندا چاپخانەی (تصویري أفكار)یان بەکرێ گرت و دەسـتیان کـرد بە دەرکردنـی رۆژنـامەی (سـەباح). لە رێـگەی ئەم رۆژنــامەیەوە ســامی پێگەیەکــی تــایبەتی بــۆ خــۆی لە مێــژووی رۆژنامەگەری عوسمانیدا تۆمار کرد. یەکێک لە هەنگاوە هەرە گرنگەکانی سـامی

ئەوە بوو کە رۆژنامەی (سەباح)ی بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشت، کە دەیکردە چواریەکی نرخی رۆژنامەکانی تری ئەو سەردەمە. بەم هەنگاوەی ژمارەی خوێنەرانی بەرین کرد و بنەمای کولتووری رۆژنامە خوێندنەوەی لە کۆمەڵگای تورکیادا بەهێز کرد. رۆژنامەی (سەباح) بە کوالیتی باش و ناوەرۆکی دەوڵەمەند دەردەکرا و ببوو بە نموونە بۆ هەموو رۆژنامەکانی تری ئەو سەردەمە. نەریتێکیشی لە مێژووی رۆژنامەگەری تورکیادا داهێنا، ئەویش ئەوە بوو ئەو وتارانەی سانسۆر رێگەی بە بڵاوکردنەوەیان نەدەدا، جێگەکەیانی بە بەتاڵی دەهێشتەوە. ساڵێکی تەواوی لەگەڵ ئەو رۆژنامەیەدا بەسەر برد، بەڵام لە دوای ژمارە ٢٥٦ ەوە لە میهران ئەفەندی و رۆژنامەی (سەباح) جیا بووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی بەرهەمەکانی لە چاپخانەی میهران چاپ کران بە فەرهەنگی ناودارانیشەوە. خاوەنی رۆژنامەی (سەباح) و چاپخانەکەی رۆڵی گەورەیان لە ناساندنی سامی و بەرهەمەکانیدا بینی.

دوای جیابوونەوەی لە رۆژنامەی (سەباح) بە مانگێک، واتا لە شوباتی١٨٧٧دا بوو بە (موهرداری جزائیری بحری سفید- مۆرهەڵگری ویلایەتی دوورگەکانی دەریای سپی)، بەڵام تەنها پێنج مانگ ئەم کارەی کرد و دواتر بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ ئەستەموڵ. پێش گەڕانەوەی سەردانێکی شاری منداڵی و هەرزەکاری خۆی کرد. هەر لەو کاتەدا ئاگری شەڕ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و رووسیادا هەڵگیرسا و سامیش بۆ چەند مانگێک لە (کۆمسیۆنی سەوقیاتی عەسکەری) لە شارەکەی خۆی دەست بەکار بوو. نووسەرانی ئەلبانی ئەم چوونەی رۆدسیش وەک دوورخستنەوە لە قەڵەم دەدەن، بەڵام ئەو بۆ خۆی باسی لەو پرسەیش نەکردووە. لە کۆتایی ئەو شەڕە و بەپێی رێککەوتنامەی سان ئیستیفانۆ لە مارتی ١٨٧٨ بەشێک لە وڵاتی ئەلبانیا لە دەستی دەوڵەتی عوسمانی دەرکرا و بڕیار درا بە سەر بولگارستان، یۆنان و چیرنۆگۆریا (مۆنتینیگرۆ =چیای رەش) دابەش بکرێت.

رۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی ئەلبانی لە دژی ئەو بڕیارە دەستیان کرد بە کۆبوونەوە و چالاکی. عەبدولی برا گەورەی سامیش یەکێک بوو لە ئەندامە چالاکەکانی ئەو گرووپە. سامی بۆ خۆیشی رۆڵی وتەبێژی (دۆزی وڵاتی ئەلبانیا

یا ئەرنائوت)ی دەبینی و لەو دەزگا و کۆمەڵانەی ئەلبانییەکان لە ئەستەموڵ دایانمەزراندبوو، چالاکانە بەشداری دەکرد. سامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو لە کۆمەڵەی بەرگری لە مافی گەلی ئەلبان (١٨٧٨) و کۆمەڵەی بڵاوکردنەوە و ڕۆژنامەگەری ئەلبانی (١٨٧٩) و هەر بۆ خۆیشی سەرۆکی ناوەندی زانستیی ئەلبانی بوو. هەر بۆ ئەم ناوەندەیش پیتی لاتینی بۆ زمانی ئەلبانی دانا و ساڵی ١٨٧٩ بە نێوی (ئەلفوبێی ئەستەموڵ) بڵاوی کردەوە. گەلێک نووسین بەو ئەلفوبێیە بڵاوکرانەوە و لە سەدەی دواتردا بوو بە بناغەی ئەلفوبێی هاوچەرخی زمانی ئەلبانی.

لە ساڵی ١٨٧٧ دا دەستی کرد بە نووسین بۆ ڕۆژنامەی (ترجمانی شرق) کە میهران ئەفەندی دەریدەکرد. دوای ڕاگرتنی ڕۆژنامەکە لە ساڵی دواتردا، ئیتر سامی بەناچاری بۆ ماوەیەک دەست لە کاری ڕۆژنامەگەری هەڵدەگرێت و زیاتر خۆی بە دۆزی گەلی ئەلبانیاوە خەریک دەکات و لە کاری وەرگێڕان و کتێب نووسینیش بەردەوام دەبێت. ساڵی ١٨٧٨ ڕۆمانی (یادگارییەکانی شەیتان)ی فریدریک سەولی کرد بە تورکی. لە ساڵی ١٨٧٩ دەستی کرد بە بڵاوکردنەوە لە زنجیرەی (کتێبی گیرفان)دا، کە یەکەمین کتێبی زنجیرەکە بەناونیشانی ( ژیاری ئیسلامی) بە خامەی سامی بوو. لەو دە (کتێبی گیرفان)ە کە لەو ساڵەدا تۆمار کران، پێنجیان هی سامی بوون. ئەم کتێبۆکانە لەسەر بابەتی جیاواز بوون و زانیاریی هەمەجۆرەیان لەخۆدەگرت. هەر ئەم زانیارییانە بوون لە دواییدا بوون بە بناغەی فەرهەنگی ناوداران (قاموسی ئەعلام)، کە بە یەکەمین ئینسایکلۆپیدیا دادەنرێت بە زمانی تورکی. ساڵی ١٨٨٠ ڕۆمانە بە ناوبانگەکەی فیکتۆر هوگۆ (داماوان)ی کرد بە تورکی و بەشی زۆری بڵاو کردەوە. هەر لە هەمان ساڵدا سێ ژمارەی لە یەکەمین گۆڤاری ژنان بە تورکی بە نێوی (عایله -خێزان) بڵاو کردەوە. ساڵی ١٨٨١یش بیست ژمارەی لە (گۆڤاری هەفتە) بڵاو کردەوە، کە گۆڤارێکی گەلێک دەوڵەمەند بوو و زانیاری گشتی بە خوێنەران دەبەخشی .

لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی بەرلین ١٨٧٨ ئەلبانییەکان بێدەنگ کران و عەبدول بەگی برای دەسگیر کرا و زیندانی کرا. جموجووڵی سیاسی و

کولتووریی ئەلبانیانی ئەستەموڵیش خەفە کرا. سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە سەرباری ئەو ڕەوشەیش سامی بە نهێنی بەردەوام بوو لە هەوڵ و چالاکییەکانی. ئەوەی مایەی سەرنج و تێڕامانە ئا لەم کاتەدا سامی دەبێتە کارمەندی (کۆمسیۆنی پشکنینی سەربازی)، کە سەر بە دامەزراوەی (مابەین) بوو، کە هاوتای دەزگای ئاسایش و هەواڵگری دەگەیەنێت. واتا سامی کە ئەندامی ڕێکخراوێکی نهێنی ئازادیخوازی ئەلبانی و ڕووناکبیرێکی دیاری سەردەمەکەی خۆی بووە، لە کاری دەزگای هەستیار و گرنگی دەوڵەتیشدا کاری دەکرد.

شەمسەدین سامی نەک تەنها لە زۆر بواردا چالاک بوو، بەڵکو لە گەلێکیاندا پێشەنگ و رابەریش بوو. یەکێک لە بوارەکانی کار و خەباتی سامی بواری فەرهەنگسازی بوو. یەکەمین بەرهەمی لەم بوارەدا فەرهەنگی فەرەنسی ـ تورکی (قاموسی فرانسوی) بوو کە لە ساڵی ١٨٨٢ بڵاو کرایەوە. لە لاپەڕەی ناوەوەی بەرگی یەکەمی فەرهەنگی ناودارانداا ئاماژە بەم فەرهەنگەی دراوە، کە لە ١٦٣٢ لاپەڕەی دوو ستوونیدایە. هەروەها ئاماژە بۆ فەرهەنگی تورکی ـ فەرەنسییەکەیشی کراوە کە ١٢٠٨ لاپەڕەیە. سەرباری ئەم دوو فەرهەنگە، (کوچک قاموس فرانسوی)یشی هەیە کە فەرەنسی ـ تورکییە و هەموویان لە چاپخانەی میهران چاپ کراون. دیارە خوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانی پێشوازییەکی گەرمیان لەم کارانەی سامی دەکرد، چونکە توێژێکی گرنگی ڕووناکبیرانی عوسمانی لەژێر کاریگەریی کولتوور و ئەدەبیاتی فەرەنسیدا بوون و ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەران کەڵکیان لێیان وەردەگرت. لەتەک ئەم فەرهەنگانەدا لە ساڵی ١٨٩٨ فەرهەنگی عەرەبی ـ تورکیشی دانا. لە سەر (نهج البلاغة)ی ئیمامی عەلی و پراکتیک کردنی زمانی عەرەبیش کتێبێکی نووسیوە. دوای ئەوەیش لە ساڵی ١٨٩٩ دا دەستی کرد بە دانانی فەرهەنگی تورکی، ئەوە سامی بوو بۆ یەکەمین جار لە جێگەی دەستەواژەی عوسمانی، تورکی بەکارهێنا. ئەم فەرهەنگەی لە دوای خۆی بڵاوکرایەوە. بەلای زۆر لە توێژەرانی تورکەوە، شەمسەدین سامی بە جۆشدەری بیری ناسیۆنالیزمی تورکی دادەنرێت.

له سـالّی ۱۸۸۹ دەسـت دەکـات بە بڵاوکـردنەوەی (قـاموس الأعـلام) (Dictioraire Universsel de Histoire et de Geographie). وەک لەسـەرەوە ئامـاژەی پێکـرا، ئەمە یەکەمـین ئینسـایکلۆپیدیا بـوو بە زمـانی تـورکی، بـۆیە سامی لێرەیش نازناوی (بـاوکی ئینسایکلۆپیدسـتانی) تورکیـای بەرکەوت، وەک ئەوەی باوکی ڕۆمان و شانۆ و زۆر شتی دیکە بوو.

سامی و دوو برای نەعیم و عەبدول بـوون بە ئەنـدامی (مجلس مبعوثـان) واتـا ئەنجـوومەنی نـوێنەران لە سـەردەمی عوسـمانیدا. زۆربەی ئەنـدامانی خێزانەکەی لە ئەستەموڵ نیشتەجێ بوون. لە تەمەنی سـی و چـوار ساڵیشـدا ، لە ٤ مایسی ۱۸۸٤ لەگەڵ ئەمینە خانم ژیانی هاوسەرێتیان پێکەوە نـا. وادیـارە ژیانی هاوسەرێتی خێروبێری بۆ سامی زۆر بوو، لە یەکەم ساڵیدا، واتا لە ساڵی ۱۸۸٥ بەیەکجار چوار کتێبی بڵاو کردەوە. ئەم کتێبـانە بریتـی بـوون لە (دەقە فارسییەکان بە وەرگێڕان و ڕوونکردنەوەوە، ڕۆبنسن کروزۆی دانێل دیڤۆ، کە بە زمـانێکی سـادە و سـاکار بـۆ منـداڵان لە فەرەنسـییەوە نەک لە ئینگلیـزییەوە کردبووی بە تورکی عوسمانی. هەروەها کتێبی- همة الهمام في نشـر الإسـلام و قاموسی فرنسوی ). ژیانی خێزانی زۆری نەکێشا، چونکە ئەمینە خانم لە ساڵی ۱۸۹۳ کۆچی دوایی کرد، ساڵێک پێش ئەویش عەبـدولی بـرای کـۆچی کـرد. لە سەرەمەرگدا عەبدولی برای، بەلقیسی هاوسەری و مەدحەتـی کـوڕی و ئەمیـنەی کچی بە ئەمانەت ڕادەسـتی سـامی کردبـوو، بـۆیە هەر سـاڵێک لە دوای مردنـی بەلقیسی خواست. لە ئەمینە خانم چوار منداڵی هەبوو (سـامیە، عەلـی سـامی، سەعدیە و سەعدی)، منداڵێکیشی لە تەمەنی یەک سـاڵیدا مردبـوو. لە بەلقـیس خـانمیش کـوڕێکی بە نێـوی ئەسـکەندەر هەبـوو. ئەو عەلـی سـامییەی کـوڕی شەمسەدین سامی یانەی بەنێوبانگی گەلاتەسەرای لە ئەستەموڵ دامەزراند.

لە ماڵە تازەکەی لە گەڕەکی ئەرەنکیۆی، دووکانێک دادەنێت بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی خۆی، بەڵام لە هەرای ئەرمەنەکانـدا لە ۱۸۹٤ ــ ۱۸۹٥ زیـانی بەر دەکەوێت و ئیتر دەست لەو کارە هەڵدەگرێت.

لە بواری کولتوور و ڕۆشنبیریی ئەلبانیشدا لەگەڵ نەعیمی برایدا لە سـاڵی ۱۸۸٤ گۆڤارێکیان بە زمانی ئەلبانی لە ئەستەموڵ بە نێوی (دریتا- ڕوونـاکی)

دەرکـرد، کە تەنهـا سـێ ژمـارەی بەو نێـوەوە لێـدەرچوو و لە ژمـارە چـوارەوە ناوەکەی کرا بە ( دیتوریا- زانست) و تـاکو تەممـوزی ١٨٨٥ دوازدە ژمارەیـان لـێ دەرکـرد. ئەم گۆڤـارە پـێگەی دیـاری شەمسـەدین سـامی لە بـزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری ئەلبانیدا پێشان دەدات و زۆرترین زانیـاری لە سـەر گەلـی ئەلبانی و وڵاتەکەی پێشکەش بەخـوێنەران دەکـرد. ئەلفـوبێیەکەی سـامیش بـۆ زمـانی ئەلبـانی چەنـدین جـار لە چـاپ درا. لە سـاڵی ١٨٨٨ ڕێزمـانی زمـانی ئەلبانی هەر بەو ئەلفوبێیە نووسی. ساڵی١٨٩٠یش بەرهەمێکـی تـری بە زمـانی ئەلبانی بە نێوی (جوگرافیا) لە بوخارێست لە لایەن کۆمەڵەی ئەلبانییەوە بـڵاو کرایەوە.

سەرچاوە ئەلبانییەکان باس لە ڕۆڵـی دیـاری سـامی دەکەن کە لە هەمـوو ئەو ساڵانەدا چالاکانە بەشداری کردووە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی ئەلبانیادا و هەمیشە لە پەیوەندیدا بووە لەگەڵ ڕێکخـراوە نیشـتمانپەروەرەکاندا لە دەرەوەی وڵات. کۆمیتەی ئەستەموڵی ئەلبانیش هەر لە لایەن خۆی و مـحەمەد و نەعیمـی برایەوە بە نهێنی دامەزراوە و بەڕێوە براوە.

لەگەڵ ئەو هەمــوو ئەرک و کــارانەدا دەســتی لە کــاری حکــوومەتیش بەرنەداوە و لە سـاڵی ١٨٩٣ گەیشـتۆتە پـلەی باشـکاتب. سـەرچاوەکان بـاس لەوەیـش دەکەن کە نیشـان و پـلەی لە سـوڵتانەوە پـێ بەخشـراوە، هەرچەنـدە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم گومانی زۆری لێکردووە.

کارێکی تـری گرنگـی سـامی لە پێنـاو گەلەکەیـدا مانیفێسـتۆی نەتەوەیـی ئەلبانی بوو، کە لە بوخارێست لەژێر نێونیشـانی (ئەلبـانێتی چـی بـوو، چـیە و دەبێـت بە چـی؟) بڵاوکـرایەوە. هەرچەنـدە ئەم مانیفێسـتۆیە نێـوی کەسـی بەسەرەوە نەبووە، لـێ بە بۆچـوونی زۆربەی نووسـەران بەرهەمـی بیـری سـامی بوو. ئەم بیرە لە دەرەوەی تورکیا لە لایەن ئەلبانەکـانەوە بە گەرمـی پێشـوازی لێ کرا، بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی بە تونـدی ڕەتیـان کـردەوە. بە کـورتی سـامی یەکێـک لە رابەرە چالاکەکـانی بزاڤـی سیاسـی و ڕۆشـنبیری و بووژانەوەی ناسیۆنالیزمی ئەلبانی بوو، برایمی برایشی یەکێک لە رابەرانی بزاڤی ڕزگـاریخوازی گەلـی ئەلبـان بـوو و لە دژی داگیـرکەران و دابەشـکارانی ئەلبانیـا دەجەنگی.

دوا ساڵەکانی ژیانی هەر لە ماڵەوە بەسەردەبرد و خەریکی خوێندنەوە و نووسین بوو. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە تەندروستی زۆر باش نەبوو. حەزی بە گەشت و گەڕان نەدەکرد. سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە لە کاتی نووسینی قاموسەکانیدا (قاموس الأعلام و قاموسی تورکی) بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ماڵەکەی خۆی نەچووەتە دەرەوە و سەر و ڕیشی نەتاشیوە. لە نێو هەموو ئەو نازناوانەدا کە پێی بەخشراون وەکو (بیرمەند، ئەدەبیاتچی، زمانزان، فەرهەنگساز، ئینسایکلۆپیدیست، وەرگێڕ و ڕۆژنامەوان) کەس بە گەڕیدە نێوی نەهێناوە، کە هەندێک نووسەری کورد بێ بەڵگە بۆیان دروست کرد.

لەو نامەیەدا کە لە ساڵی ١٨٩٦ بۆ ئەحمەد ئیحسانی ناردبوو بۆ گۆڤاری سەروەتی فنوون، باسی لەوە کردبوو کە دەیەوێت بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە، لێ وادیارە دەستی بەو کارە نەکرد. تەنها لە سەر بەرگی ئەو دەفتەرەی بۆ بیرەوەرییەکانی تەرخانی کردبوو، ڕێکەوتی ١٩ حوزەیرانی ١٩٠٢ بەسەرەوەیە. وادیارە گومانی لەوەدا نەبوو، کە لە سێبەری دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا ناتوانێت ڕاستییەکان وەکو خۆیان بگێڕێتەوە، تەنانەت ناتوانێت هەندێک لە بەسەرهاتەکانی خۆیشی بە ڕاستگۆیی بگێڕێتەوە. ئەویش وەک مرۆڤێکی ڕاستگۆ باوەڕی بەوە هەبوو ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت ڕاستییەکان بدرکێنێت، باشتر وایە بێدەنگ بێت.

لە ١٨ حوزەیرانی ١٩٠٤ لە ماڵەکەی خۆی لە ئەستەموڵ کۆچی دوایی کرد. هەرچەندە کارمەندی دەوڵەت بوو، بەڵام ژیانێکی پڕ لە زەحمەتی و نەداری بەسەربرد و بە قەرزاری کۆچی دوایی کرد. کاتێک هێشتا لە ژیاندا بوو مەترسی ئەوەی هەبوو دەست بەسەر خانووەکەیدا بگیرێت بۆ دانەوەی قەرزەکانی، هەر ئەوەیش لە دوای مردنی ڕووی دا.

هەوڵی زۆر لە ئارادان بۆ ئەوەی شەمسەدین سامی وەکو تورکچییەکی عەییار بیست و چوار پێناسە بکرێت، هەرچەندە بە ئاشکرا ئەوە دیارە کە هەستی ئەلبانێتی لای سامی زۆر بە هێز بووە و چالاکانە بەشداری لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەیدا کردووە. ڕاستە شەمسەدین سامی فراشەری لە بواری

ئەدەبیاتی تورکیدا بە یەکێک لە نوێخواز و رابەرە هەرە دیارەکانی زمان و ئەدەبیاتی تورکی دادەنرێت.

ناسیۆنالیستانی تورک و ئەلبان بگرەوبەردەیانە لەسەر خاوەنداریتی شەمسەدین سامی. بۆ ئێمەی کوردیش نووسینەکانی سامی دەربارەی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و ناوهێنانیان وەک بەشێک لە ولاتی کوردان، بەتایبەتی وتەکانی سەبارەت بە کەرکوک و دانیشتووانەکەی، دەقێکی مێژوویی گرنگن.

سەرچاوە و پەراوێز:


١. شمس الدين سامي، قاموس الأعلام، تاريخ و جغرافيا لغاتنى و تعبير أصحله كافهء أسماء خاصەيى جامعدر، بشنجى جلد، ١٣١٤، ص٣٨٤٦. بۆ دەقە کوردییەکەی ئەم وتانەیش بڕوانە: کورد و کوردستان لە یەکەم ئینسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، قامووسولئەعلامی شەمسەدین سامی، م. ئەمین بۆزئەرسەلان لە عوسمانییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی تورکی نوێ و پێشەکی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ کردووە، ئەحمەد تاقانە کردوویەتی بە کوردی، هەولێر، ئاراس، چاپی دووەم ٢٠١٠، ل. ٢٩٠-٢٩٢.

٢. الدكتور نوري طالباني، منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، ط٢، د.م ١٩٩٩، ص ٢٢.

3. M. Emin Bozarslan, Tarihteki ilk Turkce Ansiklopedide Kürdistan ve Kürdler, yazan: Şemseddin Sami; Osmanlicadan Çevriren: M. Emin Bozarslan. – Istanbul, Deng, 2001. 316s.

٤. کورد و کوردستان لە یەکەم ئینسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، قامووسولئەعلامی شەمسەدین سامی، م. ئەمین بۆزئەرسەلان لە عوسمانییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی تورکی نوێ و پێشەکی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ کردووە، ئەحمەد تاقانە کردوویەتی بە کوردی، هەولێر، ئاراس، چاپی دووەم ٢٠١٠، ل. ٢٩٠-٢٩٢.

٥. ناودارانی کورد لە "قاموس الأعلام"دا، ئامادەکردن و وەرگێڕانی جەلیل محەمەد شەریف، کەرکوک ٢٠٠٠. من بۆ خۆم ئەم کتێبەم نەبینیوە و زانیارییەکانم لە پێشەکییەکەی مامۆستا ئەحمەد تاقانە وەرگرتووە، کە ئەرکی کێشا و بە پێی دی ئێف کتێبەکەی خۆی بۆ ناردم.

[٦]. بۆ زانیاریی فراوانتر سەبارەت بە ڕەوتی ژیانی شەمسەدین سامی و بەرهەمەکانی بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

1. Levend A, Şemsettın Sami, Ankara 1969.
2. Çiğdem Balım, Şemseddın Sami, Encyclpaedia of Islam, 2edition.vol VIII, P.1043-1044.
3. Encyclopaedia Britanica, art. Fraseri Semseddin Sami.
4. Prof. Dr. Ömar Faruk Akün, Şemseddin Sami Kamus-i Turki, Istanbul 1998.
5. Abdullah Uçman, Şemseddın Sami, Islam ansıklopedısı.
6. Şemseddin Sami, Medeniyyet-i Islamiyye, Ankara 1997.
7. Şemseddin Sami, Taaşşuk-i Talat ve Fitnet, Ankara 1996.
8. Şemseddin Sami, Kamus-I Alam, Ankara 1998.
9. David Kushner, Turkish Culture, London 1977.

## دەرکراوانی کورد بەپێی بەڵگەنامە فەرمییەکان

ڕاگـوێزان و دەرکردنـی کـورد لە کەرکـوک لە سـاڵی ١٩٦٣ەوە یەکێـک لە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی هـاوچەرخی ئەم شـار و پارێزگـایەیە. هەرچەنـدە ئەم بـابەتە قسـەی زۆری لەسـەر کـراوە، بەڵام کـورد داتـایەکی وردی لەم بـوارەدا بەشێوەیەکی زانستی دروست نەکردووە. مـن بـاس لە داتـایەک دەکەم کە نـاوی دەرکراو، ئەو شوێنەی لێی دەرکـراوە و ئەو شـوێنەی بـۆی ڕاگـوێزراوە، سـاڵ و ڕۆژ و مـانگی دەرکـردنەکەی، ژمـارەی ئەنـدامانی خێـزانەکەی، شـوێنی نیشتەجێبوونی ئێستای و ژمارەی ئەندامانی ئێستای خێزانەکەی و زۆر زانیـاریی دیکە. نەبوونی داتایەکی لەم جـۆرە دەرگـای لەبەردەم هەمـوو ئەوانەدا کـردەوە کە هەوڵ دەدەن ڕاستییەکان بشێوێنن. دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، کۆمەڵێـک دەزگـای ڕاگەیانـدنی عەرەبـی و تـورکی درۆی زۆریـان لەم بـارەوە هەڵبەسـت و لێکدانەوەی دوور لە ڕاستییان بڵاو کردەوە. لەم کارەیانـدا هەمیشـە پشـتیان بە هەندێک کەس دەبەست کە وەک نووسەر، چاودێری سیاسـی، پسـپۆر و شـارەزا دەناسـێندران. زۆربەی هەرە زۆری ئەمـانە هەواداری بەعـس و هەڵگـری بیـری ناسیۆنالیزمی توندڕەوی عەرەبی و تورکی بـوون. ئەمـانە لە بۆچوونەکانیانـدا لە بنەڕەتەوە پرسی دەرکردن و ڕاگوێزانی کوردیان ڕەت دەکردەوە یان لە باشترین حاڵەتـدا باسـیان لە چەنـد هەزار کوردێـک دەکـرد کە لەبەر هەنـدێک هۆکـار بـۆ شوێنێکی تر لە کاتی خۆیدا ڕاگـوێزراون. زۆر جـار باسـەکان لەسـەر ئەم پرسـە تـێکەڵ بە ڕابـردوو دەکـرێن و دەنگوباسـی هەڵبەسـتراو و ڕاپـۆرتە هەواڵـی ناواقیعیان لەگەڵدا بڵاو دەکرێتەوە. ئەمانە هەوڵـی زۆریـان دا و پیلانـی زۆریـان گێڕا لە ڕێگای ئەم دەزگایانەوە ئاژاوە و پێکدادان لە کەرکـوک دروسـت بـکەن. هەرچەندە ئەو ئامانجەیان بەدی نەهات، بەڵام توانییـان ژینـگەی کـۆمەڵایەتی و پێکەوەژیـانی پێکهاتەکـان ژەهـراوی بـکەن، کە هەمـوو دانیشـتووان بـاجەکەی دەدەن.

گەڕانەوەی بەشێک لە کوردانی دەرکراو و ڕاگوێزراو بۆ شوێنەکانی خۆیـان لە کەرکـوک دوای نەمـانی دەسـەڵاتی بەعـس، کـرا بە کەرەسـتەی هەڵمەتێکـی گەورە لە دژی کـورد لە لایەن ئەم ناوەنـدانەوە. ڕۆژانە هەواڵـی سـەیریان لەم

بارەیەوە بڵاو دەکردەوە. بە قسەی ئەوان بێت، نیو ملیۆن کورد گەڕاونەتەوە بۆ کەرکوک، لە کاتێکدا بەپێی بۆچوونی ئەوان ئەو کوردانەی دەرکران چەند هەزار کەسێک بوون. نەک هەر ئەمە، بەڵکو باسی ئەوە دەکەن گوایە کوردی پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆکیش هێندراون بۆ کەرکوک. هەندێکیشیان خەیاڵیان ئەوەندە بەرز دەفڕێت باس لە هاوردنی کوردانی باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەکەن بۆ "بەکوردکردنی کەرکوک". هەر وەک پەندە باوەکە دەڵێت "پەتی درۆ کورتە"، زوو دەرکەوت کە ژمارەیەکی زۆر کەم لە دەرکراو و ڕاگوێزراوە کوردەکان گەڕاونەتەوە بۆ کەرکووک. لێکدانەوەی ئەم پسپۆر و شارەزایانە ئەوەندە تەنک و ڕووکەشن ناتوانن باوەڕ بە کەس بێنن. بە قسەی ئەوان چەند هەزار کەسێک دەرکراون، بەڵام ئێستا دەیان هەزار و بگرە سەدان هەزار کورد بەناوی ئاوارەوە دێن بۆ کەرکوک. ئەوان لەو ڕاستییە سادەیە تێناگەن، یا نایانەوێت تێبگەن، ئەوەی بەر لە بیست یا سی ساڵ بە تەنیا خۆی یا لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ڕاگوێزراوە، لەو ماوەیەدا خێزانی دروست کردووە و چەندین منداڵ و نەوەی هەیە، بۆیە ئاساییە دوو کەس ئەو کاتەی ڕۆیشتوون دوو کەس بن، بەڵام ئێستا دە یان تەنانەت بیست کەس بن.

هات و هاوارێکی زۆریش لەسەر ئەوە کرا گوایە کورد دەستی گرتووە بەسەر هەموو دامودەزگا و فەرمانگەکانی کەرکوکدا. بەڵام زانیاری و داتاکان دەریدەخەن کە تاکو ئیستایش کارمەندان و فەرمانبەرانی کورد ٢٠٪ ی فەرمانبەران لە شارەکە پێکناهێنن، لە زۆر دامودەزگا لەوەیش کەمترن. لە کاتێکدا کورد بەپێی هەموو زانیارییەکان نیوەی دانیشتووان پێکدەهێنن، واتا کورد هێشتا ئەو داوایەی محەمەد ئەمین زەکی دووبارە دەکاتەوە کە بەر لە ٩٠ ساڵ لە بیرخەرەوەکەیدا بۆ مەلیک فەیسەڵ ناردبووی و داوای کردبوو کە دەبێت بەپێی ژمارەی دانیشتووان و مافپەروەری نیوەی کارمەندان و فەرمانبەرانی کەرکوک کورد بن. لەوەش خراپتر ئەوە چەند ساڵێکە دامەزراندن لە کەرکوک ڕاگیراوە، ئەمە لە کاتێکدا وەزارەتەکانی عێراق بە بەردەوامی لیستی ناوی فەرمانبەرانی نوێ لە عەرەب و تورکمان یان خەڵکی دەرەوەی پارێزگای کەرکوک بۆ کارکردن لە فەرمانگەکانی پارێزگاکە و کۆمپانیای نەوت

دەنێرن. پارتی کوردی بەلایەوە گرنگ بووە چەند کەسێکی خۆی لەم فەرمانگە و لەو دامەزراوە بکات بە بەڕێوەبەر، کە بوو بە هۆی ئەم هەرایە، بەڵام هیچ گوێی بەوە نەدا ئەو بارە لارەی کەمی فەرمانبەران و کارمەندانی کورد ڕاست بکاتەوە.

لە بەشێکی تری ئەم کتێبەدا ئاماژە بەوە کرا، کە کاربەدەستانی بەریتانیا لە عێراق بنەماکانی ئەم سیاسەتەیان لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو داڕشت و چەسپاند، حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقیش لە سەری بەردەوام بوون، وا پێدەچێت کاربەدەستانی نوێی بەغدایش هەمان سیاسەت پەیڕەو بکەن.

کاردانەوەی کورد بەرامبەر ئەم سیاسەتانە زۆر لاواز بوو، لەجیاتی پێداگرتن لەسەر سڕینەوەی شوێنەوارەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن و پاکتاوکردنی نەژادی، بە مادەی ١٤٠ قایل کرا، کە هیچی لێ جێبەجێ نەکرا. تەنانەت ئەوەی عەلی حەسەن ئەلمەجید بە ئاشکرا و ڕاشکاوی بە سیاسەتی تەعریب ناوی دەهێنا، کورد ئامادە بوو بە دەستەواژەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە بەکاربهێنرێت. ئەو دەستەواژانەی لە مادەی ١٤٠دا هاتوون، هەرگیز گوزارشت لە قەبارەی ئەو تاوانانەی ڕژێمی بەعس لە دژی کوردانی کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردستان کردی، ناکەن.

سەبارەت بە دەرکردنی کوردانی کەرکوک هەزاران دەکیومێنت و بەڵگەنامەی حکومەتی سەدام حوسێن لەبەردەستن کە حەقیقەتی ئەو تراژیدیا مرۆییە پێشان دەدەن، هەروەها سەدان بڕیار و "قانوونی" "ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش" لەم بارەیەوە لە ڕۆژنامەی (الوقائع العراقية)ی فەرمیدا بڵاو کراونەتەوە. ئەو بەڵگەنامانە بێ هیچ تەم و مژێک قەبارەی ئەو کارەساتە ڕوون دەکەنەوە. بۆیە پەنابردنی هەندێک کەس بۆ شێواندنی ڕاستییەکان و بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵبەستراو سەبارەت بە کوردانی دەرکراو، ناتوانن هیچ شتێک لە ڕاستییەکان بگۆڕن. زۆر کەم باسی ٧٧٩ گوند دەکرێت لە پارێزگای کەرکوک کە لە شەستەکانەوە تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو وێران کران و دانیشتووانیان یا لەنێوبران یاخود دەربەدەری ناوچەکانی تری

کوردستان و عێراق کران. سیاسەتی دەسەڵاتی بەعس بەرامبەر کورد لە کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی هەرێم تا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی ڕژێمی سەدام حوسێن بەردەوام بوو. ژمارەیەکی کەم لە پێکهاتەکانی تریش بەر ئەم سیاسەتە کەوتن، بەڵام کاتێک باسی ڕاگوێزانی ئەوان دەکرێت، ئەوا ژمارەکان زۆر گەورە دەکرێن. باوەڕم بەوە نییە ئەو کەسانەی ئەم باس و خواسانە دەوروژێنن، بێئاگا بن لەو کارەساتانەی ڕوویان داوە، بەڵکو ئەم کارە بەمەبەست و بۆ خزمەتکردنی سیاسەتی دەوڵەتانی تر دەکەن.

گەڕانەوە بۆ دۆکومێنتە حکومییەکان باشترین ڕێگایە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان و ڕەتکردنەوەی هەواڵ و زانیارییە هەڵبەستراوەکان. لێرەدا ئاماژە بە دەکیومێنتێک دەکەم کە ماوەی دوومانگی ساڵی ١٩٩٨ دەگرێتەوە و ئەوە دەردەخات کە ژمارەی دەرکراوانی کوردی کەرکووک لەو دوو مانگەدا هەموو ئەو ژمارانە تێدەپەڕێنێت کە ئەو چاودێر و پسپۆڕانە ئاماژەی پێدەکەن. بەڵگەنامەی فەرمی دیوانی پارێزگای تەئمیم لە ١٢ کانونی دووەمی ١٩٩٨ و ژمارەی ٣٠٤٣٣ بەسەرەوەیە، ئاماژە دەکات بە نووسراوی دیوانی سەرۆکایەتی تایبەت بەدابەشبوونی جوگرافی، کەرت و قانونەکانی نیشتەجێبوون. نووسراوەکەی دیوانی پارێزگا ئاماژە بە گرنگیی بارودۆخی ئەمنی و پێگەی جوگرافی کەرکوک دەکات و داوا دەکات دامودەزگاکانی دەوڵەت و حیزب لە کەرکوک پابەندی نووسراوی دیوانی سەرۆکایەتی بن و پیت بە پیتی جێبەجێ بکەن. لە نووسراوەکەی دیوانی پارێزگاوە لەوە تێدەگەین کە دیوانی سەرۆکایەتی کۆمەڵێک ڕێنمایی و فەرمانی داوە بە دامودەزگاکانی دەوڵەت و حیزب لە کەرکوک بۆ ئەوەی لە بەرامبەر کوردانی شارەکە جێبەجێی بکەن، وەک: دەستبەسەرکردنی یەکێک لە ئەندامانی هەر خێزانێکی کوردی دەرکراو، دەستگرتن بەسەر ماڵ، وەرگرتنەوەی پسوولەی خۆراک و بەڵگەنامەی فەرمانگە فەرمییەکانیان. نووسراوەکەی دیوانی پارێزگا بە پێویستی زانیوە بەرپرسانی ئەمنی و حیزبی و موختاری گەڕەک بە نووسراوی فەرمی ئاگادار بکرێنەوە بۆ پابەندبوون و پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکانی دیوانی سەرۆکایەتی. وێنەی ئەو نووسراوە بۆ پارێزگا، بەرپرسی ئەمنی و حیزبی و موختاری ناوچەکە نێردراوە.

لەوەش گرنگتـر لەم دەکیـومێنتەدا زانیـاریی ورد خـراوەتە ڕوو سـەبارەت بەو خێزانە کوردانەی کە لە ماوەی ١٥ نیسانی ١٩٩٨ بۆ ١٥ حوزەیرانی هەمان ساڵ دەرکراون، کە ژمارەیان ١٤٦٨ خێزانی کورد بووە. ئاماژە بە گەڕەکی دەرکراوان کراوە و لە هەر گەڕەکە چەند خێزان دەرکراوە. ژماردنی سادەی ئەو کوردانەی بەر ئەم هەڵـمەتەی ڕاگـوێزان کەوتـوون، بە لەبەرچـاوگرتنی قەبـارەی خێزانـی کـورد، بۆمـان دەردەکەوێـت کە تەنهـا ئەم دەرکـراوانە هەمـوو ئەو ژمـارانە تێدەپەڕێنن کە هەندێک لەو دەزگا و ناوەندانە بڵاوی دەکەنەوە.

ئاشـکرایە کە دەسـەڵاتی بەعـس وەک سـەربازگەیەک مـامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵگە دەکرد، بۆیە لە نووسراوەکانیشی دەستەواژەی سەربازی بەکاردەهێنـا. ناوی ئەو گەڕەکـانەی ئەو کـوردانەی لـێ دەرکـرد بە کەرت (قـاطع) ناوهێنـاوە. وەک سـەرباز سـەیری هاووڵاتییـانی ئەو کەرتـانەی دەکـرد و ئەوانـی تریشـی بە کەرتـی دوژمنـان و نەیـارانی حیـزب و دەوڵەت دادەنـا. خێـزانە کوردەکـان لەم گەڕەکانە بەو ژمـارانەی لە بەرامبەریـان نووسـراون دەرکـران: عەسـکەری دووەم (١٤٣) خێـزان، ڕێگـای بەغـدا (٢)، ئیسـکان (١٥٠)، حـوریە (٢٣٤)، موسـەڵا (٣)، قۆریە (٣٢)، شۆرجە (٣٢١)، ئەندەلوس "ڕەحیماوا (٣٢١)، ئیمام قاسـم (٧٤)، حەی ئەلـخەزرا (٢) و گەڕەکـی عەسـکەری یەکەم (٦) خێـزان. ئەمە بەشـێکی زۆر کەمـی ئەو ڕاسـتییە تـاڵەیە کە چـۆن دەسـەڵاتی بەعـس بەزۆر هەزاران خێزانی کوردی لە سەر زێدی خۆیـان هەڵدەکەنـد و ئـاوارەی شـارەکانی دیکەی کوردستان و عێراقی دەکردن.

سیاسـەتی دەرکردنـی کـورد لە کەرکـوک بریتـی نەبـوو لە کـاردانەوەیەکی تـووڕەی ڕژێـم بەرامـبەر هەڵسـوکەوتێکی کـورد، بە وتەیەکـی تـر بەرهەمـی ئەو چـرکە سـاتە نەبـوو، بەڵکـو سیاسـەتێکی سیسـتیماتیک بـوو بەپێـی پلانێکـی داڕێژراو و هەنگاو لە دوای هەنگاو جێبەجـێ دەکـرا. لە برووسـکەیەکی نهێنـی و خێرای وەزارەتی ناوخۆ/ هەواڵگری بۆ پارێزگای تەئمـیم/ هەواڵگـری، بە ژمـارە ١٨٦٤٠ لە ڕێکەوتی٢٢ حوزەیرانی ٢٠٠١ (٢٠٠١/٦/٢٢)، ئەم دەقە دەخوێنینەوە "پێویسـتە ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتی پرۆسـەکانی دەرکـردن لە پارێزگـادا بـکەن، بەتـایبەتی، ئەو خێـزانە کـوردانەی گومـانی ئەمنییـان لەسـەرە و هەڵوێسـتی

ڕۆژانەمان بۆ بنێرن سەبارەت بە هەر حاڵەتێکی دەرکردن، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین بیخەینە بەردەم بەڕێز جەنابی وەزیر. بۆ جێبەجێکردن زۆر بەوردی و ئاگادارکردنەوەمان لەو ڕێوشوێنانەی دەیگرنە بەر. تەواو بوو. هادی جوحی ناردوویەتی/ ناوخۆ. / محەمەد عەباس وەریگرتووە/ التامیم. کات ١٦٥٠، بە ڕێی سایکروفۆن شفرەدار". وەزارەتی ناوخۆ ویستوویەتی هەواڵگری بۆ خۆی سەرپەرشتی دەرکردنی ئەو خێزانانە بکات کە "ئاماژە یا گومانی ئەمنی"یان لەسەرە، بە ئاگاداری ڕاستەوخۆی وەزیری ناوخۆ.

دەکیومێنتێکی تر بە ژمارە ٥٨٩ لە ١٦ ئابی ١٩٩٧ و ئیمزای فەریق ڕوکنی یەکەم ئەیاد فتەیح خەلیفەی "پارێزگاری کەرکوک"ی بەسەرەوەیە، ئاماژە بە ڕەزامەندی جێگری سەرۆک کۆمار کە لە هەمان کاتدا سەرۆکی لێژنەی کاروباری باکوورە، بۆ ئەوەی ئەو خانووانەی ژمارەکانیان دیارکراوە لەگەڵ ناوی خاوەنە دەرکراوەکانیان، بکرێن بە ناوی ئەو سوودمەندانەوە "عەرەبە هاوردەکان بۆ کەرکوک". لیستی هاوپێچ کراو بەم نووسراوە ناوی ٢٩ کوردی دەرکراوی تێدایە لەگەڵ ژمارەی خانووەکانیان و ناوی ئەو عەرەبە هاوردانە کە ئەو خانووانەیان بەسەردا دابەش کراوە[١]. هەموو ئەم ناهەقی و ستەمانە کە لە کوردی کەرکوک کراون بە نامەی فەرمی لە بەرپرسە هەرە باڵاکانی دەسەڵاتی بەعسەوە بۆ پارێزگا، دەزگا ئەمنی، هەواڵگری و حیزبییەکانی کەرکوک هاتوون و ئەمانیش جێبەجێیان کردووە.

کار گەیشتە ئەوەی بەعس بەکارهێنانی زمانی کوردی و زمانە خۆجێیەکانی تر لە ناو کەرکوک قەدەغە بکات. لەم بارەیەوە پارێزگاری کەرکووک بە نووسراوی ژمارە ١٤٥ لە ٢١ ئەیلولی ١٩٩٩ ڕێنمایی تایبەتی دەرکرد، کە پشتی بەستبوو بە ڕێنماییەکانی دیوانی سەرۆکایەتی بە نووسراوی زۆر نهێنی ژمارە ١٣٧٢١ لە ٨ ئابی ١٩٩٨ لێی ئاگادار کرابووەوە لەگەڵ نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیراندا/ دەستەی پلان و بەدواداچوون بەژمارە ١٤٣٠٢/٥/٤ سەبارەت بەوەی ناوی لێ نابوو "بارودۆخی نەشاز لە قوتابخانەکانی پارێزگای التامیم"دا، و لەپێناوی "نەهێشتنی هەندێک دیاردەی زیانبەخش بە سەرخستنی پرۆسەی پەروەردەیی لەسەر ڕێرەوی نەتەوەیی و

یەکخستنی ڕیزەکان، ڕێگە و بوار نەدان بە بێگانە بۆ دەستێوەردان لە کەڵینە بەرتەسکەکانەوە بۆ دەستوەردان و گەمەکردن بە نەوەی نوێ لەڕێی دروشمی دەمارگیری نەتەوەییەوە". لێرەدا مەبەست لە بارودۆخە نەشازەکان، قسەکردنی قوتابییان بوو لە نێوان خۆیاندا لە کاتی پشووی نێوان وانەکاندا بە زمانی کوردی یان تورکمانی، یان سریانی. سەیرە دەسەڵاتی بەعس نە ڕێگەگرتن لە منداڵان بە زمانی دایکی خۆیان لە دەرەوەی پۆلی خوێندن بدوێن و نە دەرکردن و پاکتاوکردنی نەژادی کورد لە کەرکوک و زۆر سیاسەتی نامرۆڤانەی تری بە دەمارگیری و ڕەگەزپەرستی و شۆڤینی نەدەزانی، بەڵام مەیلی سروشتیی منداڵانی کورد و تورکمان و سریانی بۆ قسەکردن بە زمانی دایک بە پابەند بوون بە دروشمی نەژادپەرستی و شۆڤینی دەزانی. لەسەر ئەم بنەمایانە پارێزگاری کەرکوک ئەم فەرمانە قەرەقۆشییەی بەسەر منداڵانی کەرکوکدا لە قوتابخانەکان سەپاند. بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق کەس سەرکێشی ئەوەی نەکردووە پەنا بۆ ئەم جۆرە کردەوانە ببات، کە تەواو پێچەوانەی ئەو سۆز و پەیمانانەن کە لە کاتی خۆیدا دابووی بە کۆمەڵەی گەلان بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر و ببێتە ئەندام لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەدا. ڕێنماییەکانی پارێزگاری کەرکوک بەم شێوەی خوارەوە بوون:

ئە - بەکارهێنانی زمانی میللی خۆجێی کوردی، تورکمانی، ئاشوری و کلدانی تەواو قەدەغە دەکرێت لە دەستەی فێرکاری و وانەوتنەوە لە کاتی وانەکاندا یا بۆ لێکدانەوەی دەستەواژە و ڕستە سەختەکان جگە لە زمانی عەرەبی لە کاتی دەوامی فەرمیدا.

ب- بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە دەستەی فێرکاری و وانەوتنەوە بەو زمانانەی لە بڕگەی یەکەمدا ئاماژەیان پێدراوە لەگەڵ قوتابیان لە کاتی پشوودا قسە بکات.

ج — بۆ قوتابیانیش قەدەغەیە ئەو زمانە خۆجێیانە، جگە لە زمانی عەرەبی، بۆ قسەکردن لە نێوان خۆیاندا بەکاربهێنن[٢].

مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێت لەو پابەندبوونەی ڕژێمی بەعس بەو سیاسەتانەوە تا دوا ڕۆژەکانی دەسەڵاتی لە عێراق. لە دەسپێکی ساڵی تازەدا

پارێزگـار لە بـاتی ئەوەی پلانـی ئـاوەدانکردنەوە و خزمەتگـوزاری پێشـکەش بە دانیشتووانی شار بکـات، داوای لە دەزگـا حیزبـی و ئەمنییەکـان دەکـرد لیسـتی ئامادەکراوی بۆ بنێرن بەناوی ئەو کوردانەی کە دەبوایە لەو ساڵەدا لە کەرکوک دەربکرێن. واتا پلانی ساڵانە هەبوو بۆ دەرکردنی کورد و دەبوایە هەمـوو دەزگـا و دامەزراوەکـان جێبەجێـی بـکەن. پارێزگـاری سـەربازی کەرکـوک لیـوا ڕوکـن نەوفەل ئیسماعیل خدر لە سـەر داوای وەزارەتـی نـاوخۆ/ کاروبـاری ئەمنـی، بە نووسـراوی ژمـارە ٥٦٣ لە ١٠ کـانونی دووەمـی ٢٠٠٠ داوای لیسـتی نـاوی ٣٠٠ خێزانی کورد و تورکمـانی کـرد لە دانیشـتووانی سـنووری ناوەنـدی پارێزگـا بـۆ ئەوەی لەو سـاڵەدا دەربکـرێن. پارێزگـار ئەو دەسـتە و هاووڵاتییـانە و گرووپانەیشی دیاری کرد، کە بەپێی ڕێنماییەکانی دەزگا هەرە باڵاکانی بەغدا و وەزارەتی ناوخۆ، ئەو بڕیارە دەیگرتنەوە:

یەکەم: ئەو هـاووڵاتییە کـورد و تورکمانـانەی ئامـادە نەبـوون خۆیـان بە عەرەب ناونووس بکەن. لەم گرووپە دەبـوایە جەخـت لەسـەر ئەوانە بکرێـت کە موڵک و ماڵیان هەیە.

دووەم: ئەو هاووڵاتییـانەی خزمـی پـلە یەک و دوویـان هەیە لە ڕیزەکـانی بزووتنەوە تێکدەرەکان (کوردی و تورکمانی) لە نـاوچەی ئۆتۆنـۆمی، جگە لەو کەسانەی لەلایەن دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانەوە ئاراستەکراون و نێردراون بۆ بەجێهێنانی ئەرکی تایبەت لە ڕیزی بزووتنەوە تێکدەرەکاندا.

سـێیەم: ئەو هاووڵاتییـانەی کە کەس و کـاری پـلە یەکیـان لە دوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩١ عێراقیان بەجێهێشتووە.

هەروەهـا فەرمـانگەی کاروبـاری نـاوخۆیی لە پارێزگـای کەرکـوک لە نووسراوێکدا بۆ نووسینگەی تایبەت/ دیوان بە ژمارەی ٧١٣/٩/٩ لە ٢٤ کانونی دووەمـی ٢٠٠٠ کە نـاوی پلانـی پێـنج سـاڵەی ڕاگـوێزانی لێنـاوە، دەڵێـت "حەز دەکەیـن بەڕێزتـان ئاگـاداربکەینەوە لە جێبەجێکردنـی پلانـی پێـنج سـاڵەی وەزارەتی نـاوەخۆ/ کاروبـاری ئەمنـی لەگەڵ هەموارکردنەکانیـدا، کە تـایبەتە بە دەرکردنی هاووڵاتییانی نا عەرەب بـۆ دەرەوەی پارێزگا. لە میـانی ٣٥ جـار لە ماوەی پێنج ساڵدا لە ١ /١/ ١٩٩٥ تـا ١٩٩٩/١٢/٣١". خشـتەی هـاوپێچ لەگەڵ

ئەم نووسراوەدا کە باس لە ژمارەی دەرکراوانی کورد دەکات لە کەرکوک لە حەوت مانگی ساڵی ١٩٩٩ بریتییە لە ٥٠٠ کەس. بەم شێوەیە دەرئەنجامی پلانە پێنج ساڵییەکانی بەعس لە کەرکوک دەدرەوشانەوە. لەبری ڕێگا و شەقام دروستکردن و بنیاتنانی کارگە و قوتابخانە و نەخۆشخانە، لیستەکانی دەرکراوانی کورد و داگیرکردنی ماڵ و موڵکیان درێژ تر و قەبەتر دەبوون.

لیستی فەرمانە قەرەقۆشییەکانی ڕژێمی بەعس بۆ پاکتاوکردنی کورد لە کەرکوک کۆتایی نەبوو. وەزارەتی بازرگانی تەنها ڕێگەی دەدا بە "ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب لە کەرکوک کاری بازرگانی بکەن بەپێی مەرجی تایبەتی". هەروەها بڕیاری "ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش"ی بەعسیش بە ژمارە ٧٦ لە ٧ شوباتی ساڵی ٢٠٠٠دا بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی باکووری سەرپشک کرد بۆ ئەوەی "فەرمانبەرانی کەمینە نەتەوەییەکانی نا عەرەب- لە کورد و تورکمان، خانەنشین بکات لە پای هۆکاری بارودۆخی ئەمنی". سەیر لەوەدایە ئەم بڕیارە ئەو کەسانەیشی دەگرتەوە کە نەتەوەی خۆیان گۆڕیبوو و خۆیان بەعەرەب نووسیبوو. ئەمە ڕێنمایی ڕاستەوخۆی سەدام حوسێن بوو کە ئیمزاکەی بەسەر ئەم بڕیارەوەیە[٣]. فۆرمی"تصحيح قومية – ڕاستکردنەوەی باری نەتەوەیی" کردەوەیەکی نامرۆڤانەی دەسەڵاتی بەعس بوو، دوای ئەوەی ئەو خەڵکەی ناچار دەکرد کەوڵی خۆیان بگۆڕن و خۆیان بەعەرەب ناونووس بکەن، ئەوجا بڕیاری دەدا لە بواری کارکردن لە کۆمپانیای نەوت و موڵکدارێتی زەویوزار و خانووبەرەدا مامەڵەی نا عەرەبیان لەگەڵ بکات.

هەر کەسێک سەیری دەکیومێنت و بەڵگە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراق بکات، هیچ نەبێت ئەوانەی تا ئێستا بڵاو کراونەتەوە، ئەوا دۆش دادەمێنێت لەو هەموو بڕیار و کردەوە نامرۆڤانەیە لە دژی کورد بە گشتی و کوردی کەرکوک بەتایبەتی. سیاسەتی جیاکارانەی نەژادی حکومەتی سەدام حسێن هەموو سنوورەکانی بەزاند. تەنانەت دانیشتووانی کورد و پێکهاتەکانی تری کەرکوک و شوێنەکانی تری لە یارمەتی چاودێری کۆمەڵایەتی بێبەش کرد، چونکە ئەو قانونە "خێزانی نا عەرەب و ئەوانەی بڕیاری ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی دەیگرتنەوە، نە دەگرتەوە".

ئەوەی مـایەی نیگەرانیـیە دوای هەمـوو ئەو تـاوان و سـتەمەی دەسـەڵاتی بەعس لە دژی هەموو هاووڵاتیـانی عێراقـی و بەتـایبەتی لە دژی کـوردانی کـرد، کەسانێک هەبن داکۆکی لەو سیاسەتانە بکەن و پاساویان بۆ بهێننەوە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

(1). بـۆ بینینـی دەقـی ئەسـڵی ئەو دەکومێنتـانە و گەلێـک بەڵـگەی تـر بـڕوانە: شـۆڕش حاجی، تەعریبی کەرکوک، سیاسەتی تەعریب لە دووتـۆی هەشـتا بەڵگەنـامەدا، لەنـدەن ٢٠٠٤.

(٢). پاکتـاوی نەژادی ( گـۆڕینی نەتەوە) بـۆ کـورد و تورکمـان لە کەرکـوک دا (٥٠) دەکومێنت، ئامادەکردنی پارێزەر طارق جامباز، چ ٣، هەولێر ٢٠٠٤، ل٤٣ – ٧١.

(٣). دکتور جبار قادر وآخر، قرارات مجلس قیادة الثورة المنحل الخاصـة بـالکورد وکوردستان، أربیل ٢٠١٣.

## پرسی دانیشتووانی ڕەسەن و ناڕەسەن لە کەرکوک

لەگەڵ کەوتنی ڕژێمی بەعسدا لە ٩ نیسانی ٢٠٠٣ هەڵمەتێکی دژواری دژ بە کوردی شارەکە بەرپا کرا، وەک ئەوەی هەموو ستەم و کردەوەکانی بەعس لە دژی ئەم خەڵکە کەم بووبن. ئەوانەی ئەم هەڵمەتەیان دەست پێکرد، گرووپی جۆراوجۆر بوون و تەنها دژایەتی کورد کۆی دەکردنەوە. تورکمانی توندڕەو لە بەرەی تورکمانی و چەند ڕێکخراوێکی تر، بەهاندان و پشتگیری ڕاستەوخۆی دەزگا هەواڵگرییەکانی تورکیا ڕابەرایەتی هەڵمەتەکەیان دەکرد. ئەوە تورکیا بوو لە باڵادەستیی کورد لە کەرکوک دەترسا و دەیزانی ئاکامەکەی دروستبوونی هەرێمێکی بەهێز دەبێت لە باشووری کوردستان. ئەگینا بۆ دەبێت تورکمانەکان لە دژی هەوڵی سڕینەوەی شوێنەوارەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن بن، کە بە هەموو پێوەرێک لە قازانجی ئەوانیش دەبێت؟. خۆ ئەوانیش هەندێک پریشکی تەعریبیان بەرکەوت و دەست گیرا بە سەر زەویوزاریاندا. گرووپی دووەمی هەڵمەتەکە عەرەبی هاوردە بوون، ئەمانە بەرگرییان لەو دەستکەوتانە دەکرد کە لە ڕێگەی تەعریبەوە بەدەستیان هێنابوو. لە دەسپێکدا وایان دەزانی یەکسەر دەردەکرێن وماڵ و حاڵیان لە دەست دەچێت. گرووپی سێیەمی هەڵمەتی دژ بە کورد عەرەبی حەویجە بوو. ئەمانە زۆربەیان لە دەزگا ئەمنی و سەربازی و حیزبییەکانی بەعسدا کاریان دەکرد، بە گوتارێک ڕاهێنرابوون کە کورد دوژمنە و دەبێت هەمیشە ژێردەستە بێت. لە لایەکی تریشەوە، پێیان وابوو، ئەگەر عەرەبی هاوردە لە کەرکوک بڕۆن، ئەوا سەنگی جارانیان نامێنێت و دەبنەوە کەمینەی دانیشتووان وەک جاری جاران. نوێنەرانی ئەم سێ گرووپە دەنگیان بڵند بوو، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی و تورکی کاتی زۆریان بۆ بڵاوکردنەوەی دید و بۆچوونەکانیان تەرخان دەکرد. سەرباری کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، سایتەکانی ئینتەرنێت پڕ کرابوون لە هەواڵ و زانیاریی هەڵبەستراو و تۆمەتی جۆراوجۆر لەم بارەیەوە.

گەڕانەوەی بەشێک لە کوردانی دەرکراو و ڕاگوێزراو بۆ کەرکوک، کە لە کاتی خۆیدا دەسەڵاتی بەعس بەزۆر ڕایگوێزابوون، یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی هەڵمەتەکە بوو. لەم بارەیەوە چیرۆکی زۆر هەڵدەبەستران و

دەرخواردی خەڵک دەدران. باس لە سەدان هەزار کورد دەکرا کە گوایە هێنراون بۆ کەرکوک، شاریان داگیر کردووە و دەیانەوێت بەزۆر بیکەن بەشارێکی کوردی. هەندێکیان خەیاڵیان ئەوەندە دوور دەڕۆیشت، باسی ئەوەیان دەکرد گوایە ژمارەیەکی زۆر نەک هەر لە پارێزگاکانی تری کوردستانەوە، بەڵکو لە کوردانی تورکیا، ئێران و سوریا هێنراون بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم سیاسەتە. ئەم هەڵمەتە هەمەلایەن و بەربڵاوە گومانی زۆری دروست دەکرد لەو هێزانەی خۆیان لە پشتییەوە حەشار دابوو.

ئەوانە لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە هاتبوون بۆ کەرکووک، خانەقین، مەندەلی، خورماتوو، کفری، داقووق، مەخموور، زوممار، شەنگاڵ و شێخان و شوێنەکانی دیکە، بۆ دەستکەوت و جیاوکی وەک: پارچە زەوی بە خۆڕایی، پارەیەکی باش، دامەزراندن لە کۆمپانیای نەوت، فەرمانگەکانی دەوڵەت، دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان، هەڵبەتە ئامادە نەبوون دەست لە هەموو دەستکەوتەکان بە ئاسانی هەڵبگرن. ئەوان کە ئامادە بوون ببن بەئامرازی جێبەجێکردنی سیاسەتێکی نامرۆڤانە و ستەمکارانەی وەک تەعریب، لە پێناو درێژەدان بەو کارەیان هەموو ڕێگەیەکیان دەگرتە بەر و پەنایان بۆ هەموو جۆرە خراپەکارییەک دەبرد.

ژمارەی کوردانی دەرکراو و ئاوارە و ڕاگوێزراو لە کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی هەرێم بەر لە لەناوچوونی ڕژێمی سەدام حوسێن گەیشتبووە ئاستێکی ترسناک. بەپێی خەمڵاندنی ڕێکخراوەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا لەو ناوچانەی کوردستان کاریان دەکرد کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراقدا بوون، گەیشتبووە ٨٠٠٠٠٠ کەس. هەڵبەتە زۆرینەی ئەمانە دانیشتووانی ئەو ناوچانە بوون کە بەر شاڵاوی تەعریب کەوتبوون. کەرکوکیش وەک گرنگترین و گەورەترین شاری ئەو ناوچانە بەشی شێری لەو ژمارەیە بەردەکەوت. سەرباری دەرکردن و ڕاگوێزانی بەزۆری دانیشتووانی کوردی کەرکوک، ڕژێم بە هەلی زانی ڕێگەی گەڕانەوە لەو کوردانەی کەرکوک بگرێت کە بەهۆی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ەوە ئاوارەی ناوچەکانی تری کوردستان ببوون.

له بەرامبەریشدا ڕژێم سەدان هەزار عەرەبی هێنا بۆ ئەوەی لەو ناوچانە و لە پێش هەموویانەوە لە کەرکوک نیشتەجێیان بکات. ئەو سیاسەتە وەک لە شوێنی تریشدا ئاماژەم پێکردووە، بەپێی پلانێکی داڕێژراو و بە ڕێوشوێنی بیرۆکراسی وردی میرییانە جێبەجێ دەکرا. ئامانجی سەرەکی گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووان بوو لە پارێزگاکە بەقازانجی عەرەب بە شێوازێک هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ بۆچوونە شۆڤینییەکانی حیزبی بەعسدا. دەسەڵاتی بەعس لە دەرەوەی شار کۆمەڵگە و نشینگەی چەکداری لەو دەڤەرانە دروست دەکرد کە پێی وابوو گرنگن بۆ پاراستنی ئاسایشی ڕژێم. لە ناو شاریش نشینگەی عەرەبی بە چواردەور و ناوجەرگەی گەڕەکە کوردییەکاندا دروست کرد. نەک هەر ئەوە زۆر جاران خێزانە کوردەکانی ناچار دەکرد گۆڕی مردووەکانیان هەڵکەنن و تەرمەکانیان لەگەڵ خۆیاندا ببەن بۆ ئەوەی هیچ شتێک نەمێنێت بیانبەستێتەوە بە کەرکوکەوە. زۆرێک لە کەرکوکییەکان چیرۆکی ئەو پیاوە پیرەیان لە بیرە کە هەوڵی زۆری دا قەناعەت بە پارێزگارە بەعسییەکە بێنێت بۆ ئەوەی دەرینەکات، چونکە هەردوو کوڕەکەی لە "قادسیە سەدام"دا گیانیان لەدەست دابوو. وەڵامی پارێزگار بۆ ئەو پیاوە لێقەوماوە ئەوە بوو کە دەتوانێت تەرمی کوڕەکانی لەگەڵ خۆیدا ببات بۆ (ناوچەی ئۆتۆنۆمی!!). هاوکات ڕژێم هاوردە عەرەبەکانیشی هان دەدا تەرمی مردووەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بێنن بۆ کەرکوک، دوای ئەوەی تۆماری نفوسەکانیان دەگواستەوە، بۆ ئەوەی ئەمانیش، هیچ شتێک نەیانبەستێتەوە بەو شوێنانەوە کە لێوەیان هاتبوون.

له میانی پڕوپاگەندە و هەڵمەتەکاندا لە دژی کورد باسی ئەوە دەکرا، گوایە ئەو کوردانەی دەهێندرێن بۆ کەرکوک ناسنامەی باری شارستانی وایان پێ نییە ئاماژە بدات بەوەی کە ئەوان خەڵکی کەرکوکن. دەسەڵاتدارانی بەعس کاتێک کوردیان دەردەکرد بەڵگەنامە فەرمییەکانیان لێیان وەردەگرت و تۆماری باری شارستانییان دەگواستەوە بۆ پارێزگاکانی تر. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەوانە شوێنی لەدایکبوونیان تۆمار کراون. دەرکراوان لە ساڵانی ئاوارەییدا دەیان هەزار نەوەیان لێ کەوتووەتەوە و بەهەموو پێوەرێک بە خەڵکی کەرکوک

دادەنرێن. دەستکاریکردنی بەعس لە تۆمارە ئەسڵییەکانی باری شارستانی کەرکوک و ناوچەکانی تر زۆر ڕوون و ئاشکران و هەر کەسێک بیەوێت ڕاستییەکان بزانێت، زۆر بە ئاسانی ئەو سەختەکارییە دەبینێت. هەندێک لە هێزە نەیارەکانی دەسەڵاتی بەعس بەر لە ڕووخانی ڕژێم ڕاگوێزان و دەرکردنی کوردیان لە کەرکوک و ئەو شوێنانەی تر مەحکوم دەکرد و باسی نەهێشتنی کاریگەری و ئاسەوارە خراپەکانیان دەکرد، بەڵام هەر دەستیان لە دەسەڵات گیر بوو هەڵوێستی خۆیان گۆڕی. ئەم بادانەوەیە پەیوەندی بە ئینتمای مەزهەبی زۆربەی عەرەبە هاوردەکانەوە هەبوو. هەڵوێستی نەرێنی دەسەڵاتدارانی نوێ دەربارەی تەعریب یەکەمین کەلێنی دروست کرد لە نێوان کورد و ئەو هێزانەدا. سیاسەتی دەرکردن و ڕاگوێزانی کورد و بەعەرەبکردنی شار و دێکان هێمای ستەمێکی مێژوویی گەورەیە کە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق، بەتایبەتی دەسەڵاتی بەعس لە دژی گەلی کورد پەیڕەوی کرد، بۆیە هەر هەڵوێستێک ئەو سیاسەتە ڕەت نەکاتەوە و داوای سڕینەوەی شوێنەوارەکانی نەکات، دەبێتە مایەی نیگەرانی و کاردانەوەی نەرێنی کورد. ئەم هەڵوێستە یەکێک لەو هۆکارانە بوو کە بارودۆخی عێراقی دوای سەدام حوسێنی جارێکی تر ئاڵۆز و ناسەقامگیر کرد. دەسەڵاتدارانی تازەی عیراق جارێکی تر پەنایان بردەوە بەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ داگیرکردنەوەی ئەو ناوچانە و لە هەوڵی بێ وچاندان ئەنجامە خراپەکانی تەعریب بۆ هەمیشە جێگیر بکەن. دەبوایە لە سەرەتاوە هەڵوێستی ئەو هێزانە سەبارەت تەعریب و شوێنەوار و لێکەوتەکانی سەنگی مەحەک بوایە بۆ کاربەدەستانی کورد بۆ هەر هاوپەیمانییەک لەگەڵیاندا.

چیرۆکی کەرکوک لەگەڵ ئەو کەسانەی بەدرێژایی سەدەکان ڕوویان لێ کردووە و ژیانیان تێدا بەسەربردووە، وێنەی مرۆیی زۆری تێدایە، لێ بەدەریش نییە لە حاڵەتی خراپەکاری سامناک بەرامبەر خاوەن ماڵ و نکۆڵیکردن لە چاکەکارییەکانی. خراپەکاران هەمیشە ئەوانە بوون کە لەگەڵ سەرەڕمی داگیرکەراندا هاتن و ڕق و کینەیەکی ڕەشیان بەرامبەر بە دانیشتووانی ئاشتیخوازی هەڵگرتبوو و تەماحیان لە سامانەکانیان دەکرد. وێڕای لێبوردەیی

خەڵکی کەرکوک و بیندرێژییان بەرامبەر بەو جۆرە کەسانە، بەڵام لە کۆتاییدا لە دژیان ڕادەپەڕین و کولتووری لێبووردەیی شار سەردەکەوت. بەعس دەستکاری هەموو شتێکی لەم شارەدا کرد و هەوڵی بێهودەی دا سیما و خەسڵەتە جوانەکانی لەناوببات. ئەم کارانەی لە ڕێگای ئەوانەوە دەکرد کە هەستی مرۆڤدۆستییان لە دەست دابوو. لەم کارانەیدا پشتی تەنها بەچەتە و یاساوڵەکانی خۆی نەدەبەست، بەڵکو پەنای دەبردە بەر چڵکاوخۆر و چەتەوڵانی وڵاتانی تریش. هێشتا ئەو دەمەقاڵەیەم باش لە بیرە کە لە نێوان کوردێکی کەرکوکی و کرێکارێکی میسری لە هەشتاکاندا ڕووی دا. ئەم هەژارە میسرییە وەک زۆر هاووڵاتی تری وڵاتەکەی بە دوای پەیداکردنی بژێویی ژیان و کاردا سەری خۆی هەڵگرتبوو و پەنای هێنابووە کەرکوک. بەعس وای بردبووە مێشکی ئەم کرێکارە هەژارەوە کە ئەو لەسەر خاکی عەرەبە و خاوەن ماڵە و دانیشتووانی کوردی شارەکە میوانن لەسەر ئەم خاکە. نازانم هۆکاری دەماقاڵێکەیان چی بوو، کابرای کورد پێی وت: "ئاخ ئەگەر غەریب نەدەبوویت، دەمزانی چیم لێت دەکرد." لە کاردانەوەدا کرێکارە میسرییەکە وتی: "کورە کێ غەریبە من یا تۆ؟ من لەسەر خاکی عەرەبم، ئەوە تۆی کە لێرە غەریبیت." ئەم وەڵامە بەرجەستەکردنی پەیامی بەعس بوو بۆ کوردانی کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردستان. ئا بەم شێوەیە ئەو کەسە غەریبە کە لە دووری سەدان کیلۆمەترەوە هاتبوو بۆ ئەم شارە بۆ پەیداکردنی کار و بژێویی ژیان، ئەو مافەی بە خۆی دەدا کە خۆی بە خاوەن ماڵ بزانێت، ئەوەیشی کە باوباپیرانی شارەکەیان بنیات ناوە و هەزاران ساڵە لە سەر خاکەکەی دەژین بە میوان لەسەر خاکی عەرەب دابنێت. ئەمە بەرهەمی ئەو جۆرە پەروەردەکردنەیە کە سەدان ملیۆن عەرەب لە وڵاتانی وەک عێراق، سوریا، یەمەن، میسر ...تاد پێی پەروەردە دەکرێن.

لە میانی هەڵمەتی تەعریبی کەرکوکدا دەیان چیرۆکی سەیر ڕوویان دا کە ئەوە دەردەخەن چۆن هەستی بیری ڕەگەزپەرستی و ڕق و کینە چاندن هەڵگرەکەی کوێر دەکات و تووشی شەرمەزاری و خاپاندنی دەکات. ژمارەیەک هاووڵاتی میسری و فەلەستینی کە هێندرابوون بەشداری لە پرۆسەی تەعریبی

کەرکوکـدا بـکەن، دوای ئەوەی زەوی و پارەکەیـان وەردەگـرت، هەڵـدەهاتن و دەگەڕانەوە بۆ میسر و وڵاتانی تر بۆ ئەوەی لەوێ و دوور لە کۆماری تـرس بەو دەستکەوتانە کەیف و سەفا بکەن.

پێویسـتمان بە چەنـدین نەوە دەبێـت تـاکو بتـوانین هەمـوو کـردەوە و تاوانەکانی بەعس بەرامبەر کورد بەگشتی و کـوردی کەرکوک بەتـایبەتی تۆمـار بکەین. لێرەدا ئاماژە دەکەم بە چیرۆکێکی دڵتەزێنی ڕەحمـان کاکـل یەکێـک لە قوربانییەکـانی هەڵمەتـی تەعریـب لە کەرکـوک. ڕۆژنـامەی "باسـەڕە"، کە لە کەرکـووک دەردەچێـت، لە ژمـارەی ڕۆژی ٢٣ نـۆڤەمبەری ٢٠٠٤ چیرۆکـی ئەم هـاووڵاتییە بەلەنگـازەی بـڵاو کـردەوە. ڕەحمـان کاکـل بە هەزار دەردەسـەری و نارەحەتی خـانوویەکی قـوڕی لە گەڕەکـی ڕەحـیم ئـاوای هەژارنشـینی میللـی لە کەرکوک دروست کردبوو. دەگێڕێتەوە کە یەکێک لە لیژنەکانی پارێزگا بـێ هـیچ پێشـەکییەک بڕیـاری دا دەسـت بەسـەر خانووەکەیـدا بگرێـت و بە عەرەبێکـی هاوردەی "ببەخشێت" کە لە بەسرەوە هێنـدرابوو و نـاوی ئەحـمەد سـاڵح بـوو. وادیار بوو ئەحـمەد سـاڵح لە خەیـاڵی خۆیـدا و لە بەرامـبەر بەشـداریکردنیدا لە "داسـتانی تەعریـب"دا بەتەمـای خـانوویەکی گەورە و هـاوچەرخ بـوو بـۆ ئەوەی خـــۆی و خێـــزانەکەی بە "بەخـــتەوەری" لە هەواری نوێیانـــدا ژیـــانی تێـــدا بەسەربەرن!. سیاچارەیی و بەدبەختی ڕەوانەی گەڕەکی ڕەحـیم ئـاوا و خـانووە قـوڕەکەی ڕەحمـان کـاکلی کـرد. ئەحـمەد سـاڵح تووشـی بێئومێـدی دەبێـت و ڕایدەگەیەنێت کە ئەو خانووەی بەدڵ نییە و تێیدا نیشتەجێ نابێت، بۆیە کاکـل دەتوانێت لێـی بکـڕێتەوە یـا بە کرێـی بگرێـت. کاکـل ئامـادە نەبـوو سـەرلەنوێ خانووەکەی خۆی بکڕێتەوە. دەگێڕێتەوە دەڵێت: منێـک چـارەکە سـەدەیەک کە بەدەستی خۆم خانووەکەم دروست کرد و تێیدا ژیانم بەسەربرد، بەڵام نەمتوانی پارێزگـاری لـێ بـکەم، کـێ گەرەنتـی ئەوەم دەداتـێ دوای ئەوەی دەیکـڕمەوە جارێکی تر لێم زەوت نەکرێت. دەبێت بەلامـانەوە زۆر ئاسـایی بێـت لە عێراقـی "فیدرالی و بەختەوەری!!!"دا ڕەحمـان کاکـل نەک هەر مـافی دەنگدانی نەبێـت، بەڵکـو بە کەسـێکی غەریـب لە کەرکـوک دابنـدرێت بەپێـی پێناسـەی بەعسـییە تازەکان. بەڵام، ئەحمەد ساڵحی بەسراوی بە هاووڵاتی کەرکوک لە قەڵەم بدرێت

و مـافی بەشـداریکردنی لە هەڵبـژاردن و دیـاریکردنی چارەنووسـی شـارەکەدا هەبێت. لەوەش زیـاتر بـۆی هەبێـت خـۆی بـۆ ئەنـدامی ئەنجـوومەنی پارێزگـاکە کاندید بکات.

بەدووریشی نازانم موختاری گەڕەکی ئیسکانی نـوێ ناسـر عـۆدە مەجلـی، عەرەبی هاوردە بۆ کەرکوک، کە جاسوسی بەسەر دانیشتووانی کوردەوە دەکـرد و ڕاپــۆرتی ڕۆژانەی لە بارەیــانەوە دەدا بە لایەنە ئەمنییەکــان، هەمــوو ئەو مافـانەی هەبێـت و نـازیف عەلـی کەریمـیش لێیـان بێـبەش بکرێـت. ئەم خـانمە کوردەی کەرکوک سێ جار لە کەرکـوک دەرکـرا و ڕەوانەی سـلێمانی کـرا، بەڵام هەموو جارێک ڕێـگەی دەدۆزیـیەوە بـۆ ئەوەی بگەڕێـتەوە بـۆ شـارەکەی خـۆی. دەسەڵاتی بەعس تۆماری نفوسی ئەو هاووڵاتییانەی لە کەرکـوک دەردەکـران بـۆ شوێنەکانی تر دەگواسـتەوە، ئێسـتایش بەعسـییە تازەکـان دژی بەشـداریکردنی ئەمـانەن لە هەڵبژاردنەکانـدا و ڕۆژانە داوای "پـاککردنەوەی تۆمـاری ناوەکـان" دەکەن و دەیانەوێت ئەم کوردانە لە مافەکانی خۆیان لە کەرکوک بێبەش بکەن.

لێرەوە تێـدەگەین لەوەی کە مەبەسـت لە نـامۆ و غەریبەکـان هاووڵاتیـانی کـوردی پارێزگـای کەرکـوکن، ئەوانەی مـاڵ و موڵـک و بـاخ و گونـدەکانیان دەستیان بەسەردا گیرا یان بەدەستی ڕژێمی بەعس وێران و تەخـت کـران و بـۆ پارێزگاکـانی تـر دەربەدەر و ئـاوارەکران. لە ڕاسـتیدا، ڕێژەیەکـی کەم لەوانە گەڕانەوە بۆ گوندە وێرانەکانیان یان بـۆ ئەو گونـدانەی عەرەبـی هاوردەیـان لـێ نیشـتەجێ کـران. زۆریـنەی هەرە زۆری ئەو ئـاوارە و دەرکـراوانە خـاوەنی هـیچ شــتێک نــین دوای ئەوەی بــۆ چەنــدین ســاڵ لەژێــر چــادر و لە ســەربازگە چۆڵکراوەکاندا دەژین، بۆیە ناتوانن ئاوایییەکانیان بنیاد بنێنەوە و هەندێکیشیان عەرەبە هاوردەکان ئامادە نـین ڕادەسـتیان بـکەنەوە. نە حکومەتی عێـراق و نە دەســەڵاتی داگیرکــاری ئەمریکــی و نە هەردوو ئیــدارەی کــوردیش دەســتی یارمەتییــان بــۆ ئەو لێقەومــاوانە درێــژ نەکــردووە. ئەگەر ئەوە بــارودۆخی دانیشـتووانی گونـدەکان بێـت، کە بەرگەی زەبـر و ناخۆشـی و سـەختی ژیـان دەگرن، ئەوا دۆخی دەرکراوەکانی ناو شار زۆر خراپترە. لەبەر ئەو هۆکـارانە بە ئامارە متمانە پێکراوەکان ڕەنگبێت تەنها ٢٠٪ دەرکراو و ئاوارەکان گەڕابێتـنەوە

که ئەمـــانیش لە بـــارێکی ســـەختدا ژیـــان بەســـەردەبەن و لە ســـادەترین پێداویستییەکانی ژیان بێبەشن.

ئاشکرایە زۆربەی ئەو کـوردانەی لە کەرکـوک دەرکـران، لە چینـی هەژاران بـوون. ئەوان هیچیـان نەبـوو بـیکەن بە دەم ئەنـدامانی بەعـس و دەزگـا ئەمنییەکـانەوە، کە دەرکردنـی کوردیـان کردبـوو بە سـەرچاوەیەک بـۆ خـۆ دەوڵەمەندکردن و ڕووتانەوەی خەڵک. کوردە دەوڵەمەندەکانی کەرکوک هەمیشە لەژێر هەڕەشەدا بوون و ئەگەر سەرانەیان نەدابایە ئەوا بەر شاڵاوی دەرکـردن و تاڵانکردن دەکەوتـن. دەوڵەمەنـدی کـورد دەبـوایە سـەرانە بـدات بە بەرپرسـانی حیزب، ئەمن، هەواڵگـری، فەرمـانبەرانی پارێزگـا و موختـار و ڕاپـۆرت نووسـان تاکو بۆ چەند مانگێک دۆسێکەی بخەنە ژێرەوە و دەرکردنەکەی دوابخەن.

لە هەفتاکانی سـەدەی ڕابـردووەوە کڕینـی زەوی و خـانووبەرە و تەنـانەت نـۆژەنکردنەوەی مـاڵە ڕووخاوەکـان لە کـورد قەدەغە کرابـوون. کـردنەوە و دروسـتکردنی شـەقامی بەریـن و پـانوپۆڕ بەنـاو دڵـی گەڕەکە کـوردییە پـڕ لە دانیشتووانەکاندا یەکێکی تـر لە کردەوەکـانی بەعس بـوو بـۆ دەرکردنـی کـورد. دەست بەسەر ماڵ و موڵکی کورددا دەگیرا و لە مەزادێکی تایبەتدا بە فەرمانگە حیزبـی و سـەربازی و ئەمنییەکـان دەفرۆشـران یـان بە نـاوی "سـوودمەندانی عەرەبەوە" تۆمار دەکران. ئەنجامی ئەم سیاسەتە ئەوە بـوو کە زۆرینـەی کـورد نەبـوونە خـاوەنی موڵـک و مـاڵ و زەویـوزاری خۆیـان لە کەرکـوک. ئەم بـارە لەلایەن هەوادارانـی بەعـس و نەیـارانی کـوردەوە قـۆزرایەوە و لە دژی ئـاوارە و دەرکراوانــی کــورد بەکارهێنــدرا، گــوایە ئەمــانە خــانووبەرە و زەویوزاریــان لە کەرکـوک نیـیە، بـۆیە مـافی ئەوەیـان نیـیە بگەڕێـنەوە و بە خەڵکـی ڕەسـەنی شارەکە دابندرێن. لە هەموو شـارەکانی عێـراق دەیـان هەزار خێـزان لە خـانووی کرێدا دەژیـن و هەرگیـز ئەمە نەکراوە بە بەڵـگە و بنەمـای قـانوونی بـۆ ئەوەی خەڵـک خۆیـان بە دانیشـتووی شـار بـزانن. هـیچ قانوونێـک نیـیە ڕێگـر بێـت لە گەڕانەوەی مـرۆڤ بـۆ شـوێنی لەدایکبـوونی خـۆی، ئەگەر خـاوەنی خـانوو یـان زەوی نەبێت تیایدا.

ڕاستییەکی سادە هەیە و لای هەمووان ئاشکرایە، ئەویش ئەوەیە ڕژێم بە هۆی شەڕ و جەنگەکانی، وێرانکردنی لادێکانی کورد، بێسەروبەری سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بێ بەرنامەیی و پلاندانانی ژیرانەوە لە بوارەکانی ژیاندا، لە دوای خۆی وڵاتێکی وێران و بێدەرەتانی بەجێهێشت. یەکێک لە قەیرانە هەرە سەختەکانی عێراق قەیرانی نیشتەجێبوونە و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە باس لەوە دەکات کە عێراق پێویستی بە دوو ملیۆن یەکەی تازەی نیشتەجێبوون هەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەو تەنگژەیە. بێگومان شارە گەورەکانی کوردستان لە پێشەوەی هەموو ئەو ناوچانەوە دەهاتن کە دووچاری تەنگژەی نیشتەجێبوون بوونەتەوە، چونکە ڕژێم لە حەفتاکان و هەشتاکان هەموو کوردی لە چەند شارێکدا کۆکردبووەوە. ئامارەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە نیوەی دانیشتووانی هەندێک شاری کوردستان لە کاتی ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا لە خانووی کرێدا دەژیان. نەیارانی گەڕانەوەی کوردی کەرکوک بۆ شار و پارێزگاکەیان، هەڵگری هەمان ئەو دید و بۆچوونانەی بەعسن، کە پیاوی لە هاوژینەکەی و کوڕی لە باوکی جیا دەکردەوە، کاتێک ڕژێم سەدان هەزار کوردی فەیلی بۆ ئێران دەرکرد.

هەر لەم بووارەدا هەوڵی زۆر دەدرێت بە پێچەوانەی ئامارەکانی سەرژمێرییەکان، ڕێژەی پێکهاتەکانی کەرکوک بشێوێندرێن. بۆ ئەم مەبەستە ڕێژەی کورد دادەگرن و ڕێژەی تورکمان و عەرەبەکان بەرز دەکەنەوە. نەبوونی سەرژمێری بێگەرد و بڕواپێکراو لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا و هەوڵی شێواندنی داتا و ئامارەکان بۆ مەبەستی سیاسی، دەرفەتی ئەوەی داوە هەر کەسە و بە کەیفی خۆی لەم بارەوە قسە بکات. هەندێک کەس پێیانوایە بە هۆی ئەو هەوڵانەیانەوە دەتوانن دەستکەوتی زیاتر بە دەست بهێنن. هەرچەندە مرۆڤ لە نیگەرانی پێکهاتە بچووکەکان لە زاڵبوونی گرووپ و دەستە گەورەکان تێدەگات، بەڵام ئەمە پاساوی شێواندنی ڕاستییەکان بە شێوازێکی دوور لە لۆژیک ناکات. کەرکوک لە پێشەوەی ئەو ناوچانەوە دێت کە بووە بە گۆڕەپانی ململانێی ژمارە و ڕێژەی پێکهاتەکان. ئومێد دەکرا ئەم ڕەوشە کۆتایی پێ بێت بە ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی خاوێن و بێگەرد کە ڕاستییەکان بە دیار بخات و هەمووان لەم ململانێیە ڕزگار بکات.

بەپێی سەرچاوە مێژووییە باوەڕپێکراوەکان، کەرکوک بە هۆی پێگەی جوگرافی و سامانە سروشتیەکانییەوە پێش و پاش دۆزینەوەی نەوت بە درێژایی سەدەی ڕابردوو بووەتە خاڵێکی ململانێ و بگرەوبەردە بۆ زۆرێک لەو خەڵکانەی کۆچیان بۆی کردووە و تێیدا نیشتەجێبوون. بەهۆی گیانی لێبوردەیی و کرانەوەی خەڵکی شارەکەوە هیچ کەسێک لە دانیشتووانە ڕەسەنەکەی نارازی نەبووە بەرامبەر بەوەی خەڵک لە شوێنەکانی ترەوە هاتوون بۆ شارەکەیان. مخابن ئەو گیانی لێبوردەییە دواتر بووە بە هۆی نەگبەتی و کارەساتی گەورە. چونکە هەندێک لەوانەی پەنایان هێنابوو بۆ کەرکوک، دوای ئەوەی ڕۆژیان هات بوون بە ئامراز بە دەستی دەسەڵاتەوە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ستەم و زۆرداری بەرامبەر بە کوردان. هەندێکیان بەشدار بوون لە تالانکردنی سامانەکانی شارەکە و بۆ دەرکردنی دانیشتووانە ڕەسەنەکەی لە پێناوی دەستگرتن بەسەر زەویوزار و ماڵ و موڵکەکانیاندا.

لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا بەدوور و درێژی ئاماژە بە ئامارەکان و ڕێژەی پێکهاتەکانی کەرکوکی شار و پارێزگا کراوە. ژمارەی ئەوانەیش خراوەتە ڕوو کە لە سێیەکانی سەدەی ڕابردووەوە ڕوویان لە کەرکوک کردووە. سەرچاوەی ئەو ئامار و داتایانە سەرژمێرییە گشتییەکانی دەوڵەتی عێراقن لە ساڵانی ١٩٤٧ و ١٩٥٧، کە هێشتا بۆ مەبەستی سیاسی بەو شێوە زەقەی سەردەمی بەعس دەستکاری نەدەکران و ئامارەکانی نەدەشێوێندران. لێرەدا تەنها بە کورتی ئاماژە بە دوو سێ ئامار دەکەم. لەوێدا ئاماژەم بەوە کرد کە لە ماوەی دە ساڵدا ١٩٤٧ ـ ١٩٥٧ دانیشتووانی کەرکوک بە ڕێژەی ٣٦٪ زیادی کرد، کە ئەمە بە ئەندازەی جار و نیوێک تا دووجار بوو بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تر. هەر لەوێیش ئاماژەمان بەوە کرد کە لە ساڵی ١٩٤٧ ژمارەی ئەوانەی لە پارێزگاکانی تری عێراق لەدایکبوون و لە کەرکوک نیشتەجێ کرابوون، گەیشتە ١٨٣١٥ کەس، کە دەیانکردە نزیکەی چوار یەکی دانیشتووانی شار[١].

هەر لە بەشەکانی تری کتێبەکەدا ئاماژەم بەوە کرد کە ڕێژەیەک لە دانیشتووانی ڕەسەنی کەرکوک لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم،

کران بە عوسمانی (واتە بەتورک کران). ئەم پرۆسەیە لە پاش لەناوچوونی دوا میرنشینی کورد و دەستپێکی فەرمانڕەوایی ڕاستەوخۆی پاشا عوسمانییەکان بوو لە کوردستان. فاکتەری کاریگەر لە پرۆسەی بە تورککردندا، بەرژەوەندی هاوبەش بوو لە نێوان ئەو دەستەیە لە دانیشتووانی خۆجێیی و دامودەزگا ئابووری و کارگێڕییەکانی دەوڵەت لە کەرکوک. بەڵگەی مێژوویی زۆر هەن لەسەر کوردبوونی ڕەچەڵەکی ژمارەیەک لە بنەماڵە ناسراوە بە تورککراوەکانی کەرکوک. سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوەیش دەکەن کە ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی مەدەنی و سەربازی عوسمانی لە کەرکوک، لە پاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئاکامی شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە کەرکوک مانەوە و نیشتەجێ بوون. ئەمانە بە هۆی داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ لە لایەن بەریتانیاوە، هەڵگیرسانی شەڕ لە ئاسیای بچووک لە نێوان کەمالیستەکان و هێزە بیانییە داگیرکەرەکاندا، نەیانتوانی بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان و پێیان باش بوو لە کەرکوک بمێننەوە، بەریتانییەکانیش بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کەرکوک پشتیان پێ بەستن. زۆر لە مانە بەرپرسیارێتی و پێگەی کارگێڕیی خۆیان بەکارهێنابوو بۆ دەستگرتن بەسەر بەپیتترین زەوییە کشتوکاڵییەکان لە لیواکە، لە بواری ئابووریشدا خۆیان و بنەماڵەکانیان باڵادەست بوون بەسەر ژیانی ئابووریی کەرکوک و شارۆچکەکانی سەر بە لیواکە. ئەمانە تا شەستەکانیش و گەیشتنی بەعس بە دەسەڵات لە سەرژمێرییەکان لەژێر ناوی تورکدا نەک تورکمان تۆمار دەکران. لە شوێنێکی تر ئاماژەم بەوە کردووە کە لە سەرژمێری ١٩٥٧ هێشتا لە کەرکوک ١٣٥٣ کەس دەژیان لە تورکیا هاتبوونە دونیاوە[٢].

بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا گۆڕان و بوون بە ڕەگەزێکی بنەڕەتی لە دانیشتووانی شاری کەرکوک. لەبەر ئەوەی شارەزایی بەڕێوەبردن و بازرگانی دەوڵەمەندیان هەبوو، پەنایشیان بۆ برا لە بەڕێوەبردنی کاروباری لیواکە بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق، بۆیە ئەو بارودۆخەی پێکهاتەی تورکمان لەسایەیدا ژیانیان بەسەردەبرد، دەرفەتی زێڕینی بۆ منداڵەکانیان لە کایەکانی کارگێڕی، و ئابووری و فێرکردندا ڕەخساند. سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییە دراماتیکییانەی لە عێراق و پارێزگای کەرکوک ڕوویاندا، هەر بە باڵادەستی

مانەوە لەو کایانەدا. تا ئێستاش لە زۆر لە فەرمانگەکانی کەرکوکدا زۆرینەی کارمەندان و فەرمانبەران پێکدێنن، تەنها پۆستە باڵاکان نەبێت کە لە سەردەمی بەعسدا کەم دەستی ئەمان دەکەوت. ئەوان وەک پێکهاتەیەکی بچووک و کەم ژمارە ناچار بوون خۆیان بگونجێنن لەگەڵ بارودۆخی عێراقی سەردەمی بەعس. بەڵام وا پێدەچێت بەلایانەوە سەخت بێت خۆیان بگونجێنن لەگەڵ بارودۆخی تازەدا لە دوای رووخانی رژێمی بەعس، بەتایبەتی کاتێک کورد رۆڵی گەورەی هەبێت لە کەرکوک.

بەر لەوەی تورکمان و دوای ئەوانیش بە ماوەیەکی زۆر عەرەب روو لە کەرکوک بکەن، کورد لەسەر ئەو خاکە ژیاوە و شار و ئاوایی ئاوەدان کردووەتەوە و بە درێژایی چەندین سەدە بەرگری لێ کردووە، بۆیە بەهیچ پێوەرێک رەوا نییە کورد بە غەریب دابندرێت و ئەو خەڵکانەی لە شوێنی ترەوە لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا هاتوون خۆیان بەتەنیا خاوەن ماڵ بزانن. کەرکوک بەهەموو پێکهاتەکانییەوە جوانە و لە بری ململانێ و شەڕە ژمارە و چیرۆک هۆنینەوە لە بارەی مێژووی سەدان ساڵەیانەوە پێویستییان بەوە هەیە هەوڵ بدەن پێکەوە بە ئاشتی بژین و نەوەکانی داهاتوویان بە کولتووری لێبوردەیی و پێکەوە ژیان پەروەردە بکەن.

سەرچاوەکان:

١. المملكة العراقية، وزارة الشؤون الإجتماعية، مديرية النفوس العامة، إحصاء السكان لسنة ١٩٤٧، الجزء الثاني، بغداد ١٩٥٤، ص ١١٥.

٢. الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الإحصائية لتسجيل ١٩٥٧، لوائي السليمانية وكركوك، بغداد، مطبعة العاني، ص ٢٤٠ – ٢٤١.

## کەرکوک لە دوای ساڵی ۲۰۰۳

بە ڕامالینی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ٩ نیسانی ساڵی ۲۰۰۳ بارودۆخێکی نوێ لە هەموو عێراق هاتە کایەوە. ئەگەر بۆ زۆر زۆر شوێنی تری عێراق ئەم ڕووداوە واتای لەناوچوونی ڕژێمێکی خوێنڕێژ، تۆتالیتار و سەرکوتکار بوو، ئەوا بۆ کوردی کەرکوک کۆتاییهاتن بوو بە سیاسەتی بەزۆر ڕاگواستن، دەرکردن و تەعریب. هەموو چاوەڕوانییەکانی خەڵک وابوو کە کاربەدەستانی نوێی بەغدا هەوڵ دەدەن شوێنەوار و لێکەوتە خراپەکانی ئەو سیاسەتانە بسڕنەوە و ماف بۆ خاوەنەکانی بگێڕنەوە. تەنها چەند مانگێک پێویست بوو بۆ ئەوەی هەموو لەوە تێبگەن کە کاربەدەستانی نوێی عیراق ئامادە نین دەسکاریی لێکەوتەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن لە کەرکوک بکەن. ئەوان کە لە هەموو بوارەکاندا لە دژی ڕژێمی پێشوو و سیاسەتەکانی گوتاریان دەدا و ڕەتیان دەکردنەوە، بەڵام لە پرسی تەعریبدا پاساوی زۆریان دەهێنایەوە و هەوڵی جێگیرکردنی لێکەوتەکانیان دەدا. دەتوانم بڵێم کە زۆربەی هەرە زۆریان سەرسام بوون بەوەی دەسەڵاتی بەعس لەم بوارەدا بەدەستی هێنابوو. بۆ بەلاڕێدابردنی بیرورای گشتی لە بارەی سیاسەتی تەعریبەوە هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی هەمەلایەنە بەڕێخرا لە دژی گەڕانەوەی دەرکراوانی کورد بۆ کەرکوک و لەژێر پەردەی "پاراستنی مافی هاووڵاتیانی عەرەب" لە کەرکوک. لەم هەڵمەتەدا قوربانی، کە دەرکراوانی کورد بوون، کران بە زۆردار و داگیرکەر و عەرەبی هاوردە، کە تاوانبار و ئامێری سیاسەتی تەعریب بوو، کرا بە قوربانی و گوایە لە دژی خواستی خۆی هێندراوە بۆ کەرکوک و ئێستایش دەردەکرێت.

هەرچەندە چەند مانگێک بوو دەزانرا کە ڕژێمی سەدام حوسێن بەرەو لەناوچوون دەچێت، کوردیش وەک تەنها هێزی ڕێکخراو ئەو کاتە دەیتوانی دەست بەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمدا بگرێت و هەندێک لە شوێنەوار و لێکەوتەی سیاسەتەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان بسڕێتەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی کورد وەک هەمیشە هیچ پڕۆژەیەکیان نەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە. وادیارە ئاگاداری هەموو ئەو کەین و بەینەیش نەبوون کە لە نێوان هاوپەیمانان و تورکیا و وڵاتانی دیکەدا لە بارەی

کەرکوکەوە لە ئارادا بوون. بەپێی هەموو لێکدانەوەکان بەریتانیا داڕێژەری سەرەکی سیاسەتی هاوپەیمانان بوو سەبارەت بە کەرکوک و ئەمریکییەکان جێبەجێیان دەکرد. وەک ڕۆژانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بەریتانیا لە ساڵی ٢٠٠٣یشدا لەگەڵ ئەوە نەبوو کەرکوک بخرێتە ژێر دەسەڵاتی کوردەوە و تورکیایش بۆ جێگیرکردنی ئەو سیاسەتە ڕۆژانە هەڕەشە و گوڕەشەی دەکرد کە نابێت کورد باڵادەست بێت لە کەرکوک. بەرپرسانی کورد بە خۆشباوەڕییەکی بێ وێنەوە مامەڵەیان لەگەڵ هەموو پرس و کێشەکاندا دەکرد و لەپێش هەموویانەوە چارەنووسی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی هەرێم. لە هەندێک خۆنمایشکردن و لێدوانی ڕۆژنامەوانی گەرم و گوڕ بەولاوە هیچ کار و هەنگاوێکی جدی نەبیندرا. هەندێکیان شانازییان بەوەوە دەکرد کە قوماری باشیان بە کەرکوکەوە کرد، ئەنجامی قوماریش زۆربەی کات دۆڕانە. لە ١٦ ئوکتۆبەری ٢٠١٧دا قومارچییەکان یارییەکەیان دۆڕاند و کوردی کەرکوکی دە ساڵ بۆ دواوە گەڕاندەوە، لاپەڕەیەکی نوێ لەژێردەستی و پەراوێزخستن دەستی پێکردەوە. لە دوای بێنەوبەردەیەکی زۆر دانیان نا بە مادەیەکدا، کە چارەنووسی ئەو ناوچانەی ڕادەستی ڕاپرسی و ژمارە و ژمارەکاری کرد. ئەمە لە کاتێکدا هەموو کەسێک دەزانێت لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا چی بەسەر دیمۆگرافیای ئەو ناوچانەدا هێندرا. لە ئەنجامی ئەم سیاسەتانەدا کەرکوک جارێکی تر بووەوە بە گرێکوێرەی پەیوەندییەکانی نێوان گەلی کورد و حکومەتی عیراق. زۆربەی ئەو کار و کردەوانەی بەرپرسانی حیزبی کورد لە کەرکوک کردیان بناغەی قانوونی نەبوو، بۆیە بە پارێزگارێکی بەوەکالەت زۆربەیان هەڵوەشێندرانەوە. هەر بەرپرسێکی حیزبی بۆ خۆی زەوی بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرد بەبێ ئەوەی کەس بتوانێت لە فەرمانگەی تاپۆ تۆماری بکات. ئەمە وای لە زۆر کەس کرد خانووی تاپۆداری خۆی بە عەرەب و تورکمان بفرۆشێت و ماڵ لەسەر ئەو زەوییە بێ تاپۆیانە دروست بکات. ئێستا زۆربەی کوردی کەرکوک لە خانووی بێ تاپۆدا ژیان بەسەر دەبەن. لە لایەکی ترەوە لە جێگەی ئەوەی لاوانی کورد لە فەرمانگەکانی کەرکوک دابمەزرێنن لەسەر سلێمانی و هەولێر دامەزرێندران و هەر لەوێیشەوە مووچە وەردەگرن.

یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەمە زیاتر لە ٨٠٠٠ مامۆستا و کارمەندی خوێندنی کوردی لەسەر میلاکی کوردستانن و پەروەردەی کەرکوک و بەغدا نە دانیان پێدا دەنێن و نە خۆیان دەکەن بە خاوەنیان. ئەو کوردانەی کەرکوکیش کە لەسەر دەزگاکانی ئاسایش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دامەزراون سوپایەک پێکدێنن. بەرهەمی ئەم کارە ئەوە بوو ئەو هەموو مووچەخۆرە ببن بەبارێکی گران بەسەر بودجەی هەرێمی کوردستانەوە، لە لایەکی تریشەوە فەرمانگە و دەزگاکانی دەوڵەت لە کەرکوک پڕ بکرێن لە فەرمانبەر و کارمەندی عەرەب و تورکمان، بۆیە کورد تا ئەمڕۆیش ڕێژەیەکی زۆر کەم لە فەرمانبەرانی کەرکوک پێکدێنێت. تەنها شتێک کە سەنگی کوردی لە شارەکەدا ڕاگرتووە، گەڕانەوەی بەشێکە لە ڕاگوێزراوان و دەرکراوان بۆ سەر زێدی خۆیان.

ململانێی حیزبی ناتەندروست پێگەی هەرێمی کوردستانی لاواز کرد و هەموو ئەو قسانەی لە بارەی عێراقەکەی ترەوە دەکران بوون بە مێژوو، بۆ کوردی کەرکوک ئەو ململانێیە کاریگەرییەکانی زۆر نەرێنیتر بوون و پێگەیانی بەرامبەر پێکهاتەکانی دیکە لاواز کرد و ئەمەیش ڕێگەی خۆش کرد بە ئاسانی یاری بەچارەنووسیان بکرێت.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەوە دەرکەوت کە هیچ حکومەتێک لە بەغدا ئامادە نییە شوێنەوارەکانی تەعریب بسڕێتەوە و ماف بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانی. وا بوو بە شازدە ساڵ باس لە مادەی ١٤٠ی دەستور دەکرێت بێئەوەی هیچ خاڵێکی ئەو مادەیە جێبەجێ بکرێت. حکومەتی عێراق لە کاتێکدا کە زۆر لاواز بوو و دەستی بەسەر زۆر لە پارێزگاکانی عێراقدا نەدەڕۆیشت، ئامادە نەبوو هەنگاوێکی ئەرێنی لەم بارەیەوە بنێت، ئێستا کە هێزی هاتووەتەوە بەر، بەسەر داعشدا سەرکەوتووە، پارێزگاکانی سوننەی عەرەبی کۆنترۆڵ کردووە و لووتی کوردیشی لە ١٦ ئوکتۆبەری ٢٠١٧ شکاندووە، کەس باوەڕ ناکات ئامادە بێت هەنگاوێکی گرنگ لەم بوارەدا بنێت.

لەم بەشەدا ئەو پرۆژانە دەخەمە ڕوو کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی هەرێمی کوردستان پێشنیاز کران. ئەم پرۆژانە هیچ ئەنجامێکیان نەبووە. لێرەدا

ئامــاژە دەکەم بە مــاددەی ٥٨ قــانوونی بەڕێــوەبردنی دەوڵەتــی عێــراق لە سـەردەمی ڕاگـوزەردا، مـادەی ١٤٠ دەسـتوری هەمیشـەیی عێـراق، کەرکـوک لە ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ هاوکاری عێراق (یۆنامی)، کەرکـوک و مۆدێلی برۆکسل، کەرکوک لە ڕاپۆرتی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی و بەیکەر — هــامیلتن. دەبــێ یەکســەر ئەوەیــش بڵــێم کە هــیچ یەک لەو پــرۆژانە لە بەرژەوەندیی کورددا نەبوون. هۆکـاری سـەرەکی ئەمەیـش دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە:

یەکەم: لەبەرچـاوگرتنی بەرژەوەنـدیی عێـراق و دەوڵەتـانی هەرێـمەکە، بەتایبەتی ئەوانەی کوردسـتانیان داگیرکـردووە، لێرەیشـەوە زیـاتر بەرژەوەنـدیی ئەو لایەن و پێکهاتانەیان لەبەرچاو دەگـرت کە ئەو دەوڵەتـانە پشـتگیرییان لـێ دەکردن.

دووەم: هەموو پرۆژەکان کوردیان وەک ئەڵقە لاوازەکە سـەیر کـردووە، کە دەکرێــت مافەکانیــان پشــتگوێ بخــرێن و ناچــار بکــرێن دەســتبەرداری داخوازییەکانیـان بـن. نـوێنەرانی کـوردیش بـۆ خۆیـان دیـدگایەکی ڕوونیـان بـۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو ناوچانە پێ نەبوو.

سـێیەم: لەســەر داواکــاری دەوڵەتــانی هەرێمــی و بەپێــی بڕیارەکــانی ئەنجومەنی ئاسایشـی نەتەوە یەکگرتووەکـان زۆر پـێ دادەگیـرا لەسـەر یەکێتـی خــاکی عێــراق و هــێڵانەوەی ســنوورەکان وەک خۆیــان. ئەمەیــش گــوایە بــۆ ڕێگەگرتن بوو لە دروستبوونی ئاڵۆزیی نوێ و پێکدادان لە ناوچەکەدا.

هەر یەک لەو پرۆژانە پێویستییان بە شیکردنەوەی زیـاتر هەیە بـۆ ئەوەی لە بارودۆخی ئاڵۆزی کەرکوک و ئەو ناوچانە بەدروستی تێبگەین.

## کەرکوک و ماددەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی عێراق

بۆ لێکدانەوەی باری قانوونی کەرکوک و ناوچە جێ ناکۆکەکانی تر و کێشەکانی بەردەم جێبەجێکردنیان پێویستە لە دەسپێکدا ئاماژە بە دەقی هەردوو مادەکە بکەم. ماددەی ١٤٠ دەستوری هەمیشەیی عیراق، کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ دەنگی لەسەر درا و کەوتە واری جێبەجێکردنەوە بەم شێوەی خوارەوەیە:

"یەکەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەنگاوە پێویستەکان بۆ تەواوکردنی پێداویستییەکانی ماددەی (٥٨) قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لەسەردەمی گواستنەوەدا، بە هەموو برگەکانییەوە دەگرێتە ئەستۆی خۆی، دووەم: ئەو بەرپرسیارێتییەی کەوتووەتە سەر شانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە حکومەتی گواستنەوەدا، کە لە ماددەی (٥٨)ی قانونی دەوڵەتی عیراق بۆ سەردەمی گواستنەوە هاتووە، بەردەوام دەبێت و دەبێتە ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکاری هەڵبژێردراو بەپێی ئەم دەستورە، بە مەرجێک هەمووی تەواو بکرێ (ئاسایی کردنەوە، سەرژمێری و بە ڕاپرسی لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر تەواو دەبێت بۆ ئەوەی خواستی دانیشتووانیان دیاری بکرێت)، لە ماوەیەکدا کە لە ٣١ کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ تەواو دەبێ". واتا ماددەی ٥٨ قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ سەردەمی گواستنەوە کرا بەبنەما بۆ داڕشتنی ماددەی ١٤٠ دەستوری هەمیشەیی عێراق لە بارەی کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان. لە ماددەی ١٤٣ دەستوریش هاتووە کە "قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ سەردەمی گواستنەوە هەڵدەوەشێتەوە، برگەی (أ) لە ماددەی ٥٣ و ماددەی ٥٨ لێ دەرچێت.

برگەی (أ) لە ماددەی ٥٣ دانی دەنا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی بەسەر ئەو خاکانەدا کە لە ١٩ ئازاری ٢٠٠٣ لە ژێر کۆنترۆڵیدا بوون لە پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، موسڵ و دیالە. هەر ئەو سنوورە بوو کە لە ١٦ ئوکتۆبەری ٢٠١٧ بە پشتگیری هاوپەیمانان سەپێندرایەوە بەسەر هەرێمی کوردستاندا. بەپێی برگەکانی تری هەمان ماددە ڕێگە نەدرا بە کەرکوک ببێت بە بەشێک لە هیچ هەرێمێک یا هەرێمێکی تایبەت

دروست بکات و سنووری پارێزگاکانیش دەبوایە لە سەردەمی گواستنەوەدا وەک خۆیان بێ دەسکاری بمێنن.

با بزانین ماددەی ٥٨ قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ سەردەمی گواستنەوە چی دەڵێ، لەوێدا ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕیز کرابوون:

"ا. حکومەتی کاتیی - ئینتیقالی- عێراق بە تایبەتی دەستەی باڵای چارەسەری کێشەکانی موڵکدارێتی و لایەنە پەیوەندارەکانی تر ، بە پەلە هەموو ئەو هەنگاوانە هەڵدەنێن بۆ لابردنی ئەو ستەمەی تووشی خەڵک هاتووە بە هۆی سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشووەوە کە لە گۆڕینی باری دیمۆگرافی هەندێ ناوچەی دیاریکراو بە کەرکوکەوە، بەرجەستە دەبێ بە ڕاگوێزان و دەرکردنی دانیشتووان لە زێدی خۆیان، لە ڕێگەی کۆچی بە زۆرەوە لە نێوخۆ و دەرەوەی دەڤەرەکە و نیشتەجێکردنی کەسانی غەریب لەو دەڤەرە و بێبەریکردنی دانیشتووانی ناوچەکە لە دەرفەتی کارکردن و هەروەها لە ڕێگەی ڕاستکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەییەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو ستەمە دەبێ حکومەتی کاتیی عیراق ئەم هەنگاوانەی خوارەوە هەڵبنێ:

١. ئەوەی پەیوەندیی هەیە بە دانیشتووانی ڕاگوێزراو و دوورخراو و دەرکراو و کۆچکراوانەوە، هاوئاهەنگ لەتەک قانونی دەستەی باڵای چارەسەریی کێشەکانی موڵکدارێتی و ڕێکارە قانونییەکانی تر پێویستە حکومەت لە ماوەیەکی گونجاودا ئەو دانیشتووانە بگێڕێتەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆیان. ئەگەر ئەوەیش نەکرا، ئەوا دەبێ بە شێوەیەکی دادوەرانە قەرەبوو بکرێنەوە.

٢. ئەو کەسانەی کە بۆ هەندێ ناوچە و زەوی دیاریکراو گوێزراونەتەوە دەبێ حکومەت بەپێی ماددەی (١٠) قانونی دەستەی باڵای چارەسەریی کێشەکانی موڵکدارێتی بڕیاریان لەسەر بدات بەدابینکردنی دەرفەتی سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوەیان یا وەرگرتنی زەویی نوێ لە دەوڵەت لە نزیک زێدی خۆیان لەو پارێزگایانەی لێوەی هاتوون و یا وەرگرتنی قەرەبوو و خەرجی گەڕانەوەیان بۆ ئەو ناوچانە.

٣. بۆ ئەو کەسانەی کە لە دەرفەتی کار و گوزەران بێبەش کرابوون، بەمەبەستی ناچارکردنیان زێد و خاکی خۆیان بەجێبهێڵن، دەبێ حکومەت هەوڵ بدات دەرفەتی کاری نوێیان لەو ناوچە و سەرزەمینانە بۆ پەیدا بکات.

٤. ئەوەیشی پەیوەندی بە مەسەلەی ڕاستکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەییەوە هەیە، دەبێ حکومەت هەموو ئەو بڕیارانەی پەیوەندییان بەم مەسەلەیەوە هەیە، هەڵبوەشێنێتەوە و ڕێگە بدرێ بە کەسانی زەرەرمەند لەو کردەوەیە، مافی خۆیان بە ئازادی و بەبێ هیچ فشارێک بە کار بهێنن بۆ دیاریکردنی ناسنامەی نیشتمانی و ئینتیمای ئەتنیکیی خۆیان.

ب. ڕژێمی پێشوو دەستکاری سنوورە کارگێڕی و شتەکانی دیشی کرد بۆ وەدیهێنانی مەبەستی سیاسی تایبەت. پێویستە سەرۆکایەتی و حکومەتی ڕاگوزەری عێراق ڕاسپاردە پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانی بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو گۆڕانکارییە ناڕەوایانە. ئەگەر هاتوو سەرۆکایەتی ڕێکنەکەوت و یەکدەنگی لە سەر ڕاسپاردەکان بەدەست نەهێنا، دەبێ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەیەکدەنگی ناوبژیکارێکی بێ لایەن دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە پرسەکە بکات و ڕاسپاردە پێشکەش بکات. ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لە سەر ئەو دەستنیشان کردنەیش ڕێنەکەوت، ئەوا دەبێ لە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا بکات کەسایەتییەکی نێونەتەوەیی پایەبەرز دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی دادوەریی پێویست بۆ پرسەکە بکات.

ج. چارەسەری کۆتایی دوادەخرێ لەسەر ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە بە کەرکوکەوە ، تا ئەو هەنگاوانەی سەرەوە تەواو دەبن، و سەرژمێرییەکی دادوەرانە و شەفاف دەکرێ و دەنگ لەسەر دەستوری هەمیشەیی دەدرێ. دەبێ ئەم چارەسەرییە بە شێوەیەک بکرێ هاودەنگ بێ لەگەڵ بنەماکانی دادوەریدا و خواستی دانیشتووانی ئەو ناوچانە لە بەر چاو بگیرێ".

وردبوونەوە لە بڕگەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی عێراق چەند ڕاستییەکمان بۆ دەردەخات:

یەکەم: سیاسەتی تەعریب و پاکتاوکردنی کورد لە کەرکوک و ناوچەکانی تر وەک تاوانێکی گەورەی دژ بەمرۆڤایەتی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرا. سڕینەوەی بێ مەرجی شوێنەوارەکانیشی نەکرا بەئامانجێکی سەرەکی. ئەمەیش دەرفەتی ڕەخساند بڕگە و خاڵەکانی لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت و کاربەدەستان خۆیان لە جێبەجێکردنی بدزنەوە.

دووەم: هەرچەندە هەموو وردەکارییەکانی سیاسەتی تەعریب ڕوون و ئاشکرا بوون و بەمیکانیزم و بیرۆکراسی دەوڵەتی جێبەجێ کرا، هەزاران بەڵگە و دەکیومێنتیش لە بارەیەوە لەبەر دەست بوون، بەڵام بڕگەکانی ماددەکە بە شێوازێکی ئاڵۆزی وا داڕێژران کە ئەرکی جێبەجێ کردنیانی زۆر ئەستەم دەکرد.

سێیەم: ئەو دەمەی بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ماددەکە دانرا بوو زۆر نا واقیعی بوو. هەڵکەندنی دەیان هەزار خێزانی کورد لە زێدی خۆیان بۆ شوێنەکانی تر لە کوردستان و عێراق و هێنانی دەیان هەزار خێزانی عەرەب و نیشتەجێکردنیان لە کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی هەرێم بە درێژایی چل ساڵی ڕەبەق، کارێک نەبوو بە یەک دوو ساڵ چارەسەر بکرێت. لێرەدا باس لە نزیکەی نیو ملیۆن مرۆڤ دەکەین. نوێنەری موقتەدا سەدر لە کەرکوک لە ساڵی ٢٠٠٥ باسی لە ٥٩ هەزار خێزانی عەرەبی هاوردە دەکرد کە تەنها لە ناو شار نیشتەجێ کراون. پرۆسەیەکی لەم جۆرە بەلای کەمەوە دە ساڵێکی دەویست، ئەمە ئەگەر حکومەتی عێراق ئامادە و هاوکار بوایە و توانای دارایی و لۆجستی پێویستی لە بەردەستدا بوایە. بەڵام لە ڕاستیدا حکومەتی عێراق نەک هەر ئامادە و هاوکار نەبوو، بەڵکو تا پێی کرا کۆسپ و تەگەرەی لەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەکەدا دروست دەکرد. لەو کاتەشدا باری دارایی عێراق هێشتا سەخت بوو، سەرباری ئەوە لە شەڕێکی مەزهەبی خوێناویدا نغرۆ بوو بوو کە هەموو تواناکانی پەک خستبوو. ئەو شەڕە نێوخۆییە نەک هەر ڕێگر بوو لە بەردەم گەڕانەوەی زۆر لە عەرەبە هاوردەکاندا بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتبوون، بەڵکو شەپۆلێکی نوێی کۆچ و ئاوارەیی عەرەبی ڕووی لەو ناوچانە کرد، ئەمەیش جێبەجێکردنی ماددەکەی ئەوەندەی تر ئەستەم کرد. کێشەکانی

موڵکدارێتی و زەویوزاریش ئەوەندە ئاڵۆزن بە دەیان ساڵ دادگاکان ناتوانن چارەسەریان بکەن. ئەو دامەزراوەیەیش کە بۆ ئەو مەبەستە دامەزرا کارێکی ئەوتۆی نەکرد.

چوارەم: لە هەموو ئەو خاڵانە خراپتر ئەوە بوو کە بەرپرسانی کورد هەڵەیەکی نیشتمانی مێژوویی گەورەیان کرد، کاتێ ئامادە بوون چارەنووسی بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان بەسەرژمێری و ڕاپرسی بسپێرن. ئەم هەڵوێستە بێ ئاگایی کاربەدەستانی کوردی دەرخست لەو هەموو گۆڕانکارییە دیمۆگرافییانە کە لەو ناوچانە، بەتایبەت لە کەرکوک بەدرێژایی زیاتر لە نیو سەدە ڕوویان دابوو. دوای ئەو ئەزموونە درێژەی کورد لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق هەڵوێستێکی لەم جۆرە چاوەڕوانکراو نەبوو. لە کاتی مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠، حکومەتی بەعس زۆرینەی کوردی لە کەرکوک و ئەو شوێنانەی تری کوردستان کرد بە مەرج بۆ ئەوەی بخرێنە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی، ئەمەیش دوای ئەوەی گوایە لە ماوەی یەک ساڵدا سەرژمێری گشتی دانیشتووان دەکرێت. نە سەرژمێری کرا و نە ئاشتیی نێوان کورد و حکومەتی بەعس بەردەوام بوو. لە دوای هەرەسی ١٩٧٥ و دوای ئەوەی بەعس تاک لایەنە ئۆتۆنۆمییەکی بێ ناوەڕۆکی ڕاگەیاند و کەرکوک و هەموو ئەو ناوچانەی لێ دابڕی و دەستی کرد بە دەرکردن و ڕاگوێزانی کورد و لەتوپەتکردنی پارێزگای کەرکوک، تەنها ئەو کاتە و لە ساڵی ١٩٧٧دا سەرژمێری گشتی دانیشتووانی کرد و ڕێژەی دانیشتووانی کوردی لە پارێزگای تازەی کەرکوک داگرت بۆ ٣٨٪ لە کاتێکدا بەر لەوە بەبیست ساڵ کورد ٤٨٪ ی دانیشتووانی پێکدەهێنا. نەدەبوو ئەو بەرپرسە کوردانە بەتایبەت بڕیار بەدەستەکانیان، کە بەشدارییان کردبوو لە هەموو وتووێژەکاندا لەگەڵ حکومەتی بەعسدا لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوو بەو مەرج و بڕگانە قایل بن.

پێنجەم: بڕگەی (ب) ماددەی ١٤٠ ڕێگەی لە بەردەم دەستتێوەردانی دەرەکی کردەوە. هەرچەندە لەوێ باس لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کەسایەتی نێودەوڵەتی پایەبەرز کراوە، بەڵام هەموو لایەک ئەو ڕاستییە باش دەزانن کە لەو دامەزراوە نێودەوڵەتییانە دەوڵەتانی خاوەن هێز بڕیار دەدەن و

ڕێکخـراوەکە جێبەجێـی دەکا. لەگەڵ ئەوەیشـدا بەدەگمەن هـیچ کێشـەیەکی لە دونیـــادا چارەســـەر کـــردووە. هەروەهـــا لەو ڕێکخـــراوە و هەمـــوو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکـان بەرژەوەنـدیی دەوڵەتـان بڕیـاری کۆتـایی لەسـەر پرسـەکان دەدات، نەک ماف و خواستی گەلانی بندەستی وەک کـورد. بە دەربڕینێکـی تـر لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی کورد بێکەسە، لە کاتێکدا عەرەب و تورکمان دەیان دەوڵەتیـان لە پشـتە. وڵاتێکـی وەک تورکیـا نەک هەر پشـتگیری لە تورکمـان دەکات و دژایەتی هەموو ئەوانی تر دەکـات، بەڵکـو هەمـوو تواناکـانی خـۆی لە دژی مافەکانی کورد بەکار دێنێـت. ئێـرانیش بـۆ پشـتگیری شـیعە هەمـان شـت دەکات و هەموو وڵاتە عەرەبییەکانیش پارێزگاری لە عەرەب بەگشتی و عەرەبـی سوننە بەتایبەتی دەکەن. ئەمریکا و بەریتانیـاش لە گەڵ ئەوەدا نەبـوون و نـین کەرکوک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان. ئەو هۆیانەی لە بیسـتەکاندا وایـان لە بەریتانیای کرد دژی دەوڵەتی کوردی بێ و کەرکوکیش بەر لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقەوە لە ناوچەکـانی تـری باشـووری کوردسـتان دابـڕێ، هێشـتا لە ئارادان. ئەوان باش دەزانن کە گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمـی کوردسـتان بنەماکانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی بە هێزتر دەکات، با ڕابەرانی کورد هەر بڵێن ئێمە بەتەمای دامەزراندنی دەوڵەت نین. ئەوەی کە ڕێگە نەدرێـت کـورد لە کەرکـوک باڵادەسـت بێـت پەیمـانێکە دراوە بە تورکیـا، عەرەبسـتانی سـعودی، ئەردەن، میسـر و تەنـانەت بە سـوریا و ئێـرانیش بە شـێوەیەکی ناراسـتەوخۆ. ئەمریکا و بەریتانیا ئەوەش باش دەزانن باڵادەستیی کورد لەو شارە سەرئێشەی زۆریان لەگەڵ تورکیا و وڵاتانی عەرەبیدا بۆ دروست دەکات. باشترین بەڵگە بـۆ ئەم هەڵوێستەی بەریتانیـا و ئەمریکـا ڕووداوەکـانی ١٦ ئۆکتـۆبەری ٢٠١٧ بـوو، کاتێ ڕێگەیـان بە حەشـدی شـەعبی و سـوپای عێراقـدا ئەو ناوچـانە بەئاسـانی داگیــر بــکەنەوە. هۆکــارێکی گرنگــی ئەم بــارودۆخەی کەرکـوک و کوردســتان بەگشتی کاربەدەستانی کورد بەخۆیان لێـی بەرپرسـن. دەسـەڵاتی کـوردی هـیچ هەوڵێکی وای نەداوە بناغەی دەوڵەتێک دەستەبەر بکـات کە توانـای بەرگـری و ژیــانی هەبێــت. ئەوان لە کاتێکــدا پێویســتیان بە کــوردە و نایــانەوێ دڵیــان بـڕەنجێنن، بەڵام ئامـادە نـین دان بنـێن بەهەمـوو خواسـتەکانیدا لە کەرکـوک و

ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی هەرێم. وڵاتانی ناوچەکە دژی ئەوەن کەرکوک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە تورکیا. هەمووشیان کارتی بەهێزیان بەدەستەوەیە بۆ فشار خستنە سەر کورد، لە کاتێکدا ئەم هیچ کارتێکی وای بە دەستەوە نییە. ئەوەشی کورد هەیبوو، کە بەرگری خەڵکەکەی و دەرفەتی گۆڕانکاری مەزن بوو لە سەر ئەو زەوییانە بەئاسانی لە دەستدرا.

کاربەدەستانی نوێی عێراق دوای بێنە و بەرەیەکی زۆر بە مادەی ١٤٠ قایل بوون. لە ساڵانی یەکەمدا پابەندیی خۆیان بە جێبەجێکردنی ماددەکەوە ڕادەگەیاند بێ ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع هیچ هەنگاوێکی جددی بنێن. نوری مالیکی لە خولی یەکەمی دەسەڵاتیدا وای پێشان دا کە دەیەوێت ماددەکە جێبەجێ بکات، خاڵی ٢٢ پرۆگرامی حکومەتەکەی بۆی تەرخان کرد. تەنانەت خشتەیەکی دیاریکراوی بۆ جێبەجێکردنی هەرسێ خاڵەکەی "ئاسایی کردنەوە و سەرژمێری و ڕاپرسی" دانا کە دەبوایە لە ١٥ نۆڤەمبەری ٢٠٠٧ تەواو ببوایە، واتا مانگ و نیوێک پێش کاتی دیاریکراو لە دەستور. ڕووداوەکانی ساڵانی دواتر دەریان خست کە لە ڕاستیدا هیچ لە هێزە سیاسییە عەرەبییەکانی عێراق لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستورییەدا نەبوون و دەیانەویست کات بکوژن و چاوەڕوانی هەلی گونجاو بکەن بۆ ئەوەی لێی پاشگەز ببنەوە.

لە چەند ساڵی یەکەمدا هەڵمەتێکی فراوانیان بەڕێ خست بە پاساوی پاراستنی مافەکانی قوربانیانی سیاسەتی بەعەرەبکردن، کە بەلای ئەوانەوە لە دەرکراوانی کورد زیاتر عەرەبە هاوردەکان بوون. باسی ئەوەیان دەکرد کە گوایە ئەمانە بەزۆر هێندراون و دەبێت کێشەکەیان لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ و هاووڵاتێتی چارەسەر بکرێت. دواتر هەندێکیان خۆیان هەڵدەکێشا کە ڕێگەیان نەدا بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و "لەدەستدانی!" کەرکوک. تەنانەت کاتێ داعش پەلاماری کەرکوکی دا و هێزەکانی سوپای عێراقی بێ هیچ پلانێک کشانەوە و بڵاوەیان لێ کرد و پێشمەرگە جێگەیانی گرتەوە، بەو کارەی ڕێگەی لەوە گرت شارەکە بەدەردی موسڵ بچێت، زۆر لە بەرپرسانی سیاسی عێراق ئەو جوامێرییەی پێشمەرگەیان بەداگیرکاری ناو دەبرد. بە دەربڕینێکی تر ئەو هەڵوێستە واتای ئەوەیە کە ئەوان داگیرکردنی داعشیان بەلاوە باشتر بوو.

ڕۆژ له دوای ڕۆژ کاربەدەستانی نوێی عێراق ئەو گومانەیان له لای کورد بەهێز دەکرد که له پرسی تەعریبی کەرکوک و ناوچه کوردستانییەکانی تری دەرەوەی هەرێمدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ڕژێمەکانی پێشوودا نییه. له ١٦ ئوکتۆبەری ٢٠١٧ ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان پێشان دا. تاوانەکانی حەشد له خورماتوو و زۆر شوێنی تر و بەکارهێنانی سوپا له دژی کورد پەیامی ئەم هێزانه بوون بۆ گەلی کوردستان. ئەگەر هێزەکانی هاوپەیمانان له عێراق نەبوونایه ئەوا کارەسات و وێرانکاری ترسناکمان لەسەر دەستی حەشدی شەعبی و سوپای "عێراقی فیدراڵ" دەبینی. هاوپەیمانان چاویان له تاوانەکانیان پۆشی تاکو گەیشتنه سنوورەکانی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوه یەکگرتووەکان.

له دوای ١٦ ئوکتۆبەرەوه دانیشتووانی کوردی کەرکوک سەرلەنوێ له بارودۆخێکی نائاساییدا ژیان بەسەر دەبەن. شارەکه له سێبەری دەسەڵاتی سەربازی و باڵادەستیی دەیان میلیشیای چەکداریدایه. نەک هەر باسی ماددەی ١٤٠ له ئارادا نەماوه، بەڵکو ڕاونانی کورد و دوورخستنەوەیان له پۆسته باڵاکان هەموو سنوورێکی دەرباز کردووه. ململانێی حیزبایەتی پارتی و یەکێتیش، که ڕۆڵی سەرەکی له شکستەکانی کوردا بینی و دەبینێ و کەرکوکی گەیاند بەم ڕۆژه هێشتا هەر بەردەوامه و ڕۆژ له دوای ڕۆژ زیانبەخشتر دەبێت.

سەرچاوەکان:


١. قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية لعام ٢٠٠٤.
٢. دستور جمهورية العراق لعام ٢٠٠٥.

## کەرکوک لە ڕاپۆرتەکەی یونامی ساڵی ۲۰۰۹دا

لە ۲۲ نیسـانی ۲۰۰۹ نـوێنەری تـایبەتی سـکرتێری گشـتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ستیفان دی میستورا Staffan de Mistura ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ هاریکاری عێراق (UNAMI)، سەبارەت بە ناوچە کێشە لەسەرەکانی پێشکەش کرد بەسەرۆک وەزیران، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراق و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ناونیشانی ڕاپۆرتەکە بەم شێوەیە بوو "ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یونامی) تایبەت بە سنووره نێوخۆییە کێشە لە سەرەکان لە باکوری عێراق" لێرە بەدواوە هەر بە ڕاپۆرتەکەی یونامی ناوی دەبەم. یونامی ساڵێکی تەواوی پێویست بوو بۆ ئەوەی ئەم ڕاپۆرتە ئامادە بکات. ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەیش بەشێک بوو لەو ئەرکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی هەردوو بڕیاری ۱۷۷۰ و ۱۸۳۰ بە یونامی سپاردبوو.

ڕاپۆرتەکە لە دوو بەرگ پێکهاتووە، بەسەر یەکەوە ٤٧٢ لاپەڕەیە، باس لە ١٦ یەکەی کارگێڕی دەکات کە بریتین لە ١٤ قەزا و ٢ ناحیە. لەتەک پوختەیەکی شیکاریدا سەبارەت بەو یەکە کارگێڕییانە، ڕاپۆرتەکە درافتێک بۆ گفتوگۆ سەبارەت بەبژاردە گونجاوەکان بۆ پاشەڕۆژی کارگێڕی کەرکوک لە چوارچێوەی عێراقی فیدیرالدا، پاشکۆیەک لەبارەی بەڕێوەبردنی ١١ هەرێم و شاری فرە ئەتنیکییەوە کە زۆربەیان لە وڵاتە ئەوروپاییەکانن، لەگەڵ درافتێکدا بە ناونیشانی"چەند چەمکێک سەبارەت بەگەشەکردنی ناوچە کێشە لە سەرەکان" دەگرێتە خۆی. ڕاپۆرتەکە چەند نەخشەیەکی جوگرافیشی تێدایە کە تایبەتن بە قەزاکان، بەڵام جۆرەکانیان زۆر باش نین.

دیمستورا لە ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی بەوە کرد، کە ئەوان لەو ساڵەدا لە نزیکەوە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی عێراق لەسەر ئاستی نیشتمانی، هەرێمی و خۆجێیی کاریان کردووە. ئامانجی کارەکەیشیان یارمەتیدانی عێراقییەکانە بۆ ئەوەی پرۆسەیەک دەستپێبکەن ببێتە بناغەیەک بۆ چارەسەرکردنی سنووره نێوخۆییە کێشە لەسەرەکان. لێکۆڵینەوەکانی تیمەکەی یونامی ئەم ناوچانەی گرتبووەوە: سنجار، تەلەعفەر، شێخان، ئاکرێ،

حەمـدانیە، مەخمـور، حەویـجە، دوبـز، داقـووق، کەرکـوک، خورمـاتوو، کفـری و خانەقین لە گەڵ مندەلی و بەلەدروز.

ڕاپـۆرتەکە بەپێـی دیمسـتورا زیـاتر ئەنـالیز و شـیکارییە، نەک پـرۆژەی چارەسـەری قـانونی و کـارگێڕی بـۆ پاشـەڕۆژی ئەو ناوچـانە. سـەبارەت بە پاشەڕۆژی کـارگێڕی کەرکـوکیش پـاکێجەکە بـۆ ئەوەیە لایەنەکـان گفتوگـۆی لە بارەوە بکەن. پاکێجەکە چوار بژاردەی گرتـووەتە خـۆی بـۆ مـامەڵەکردن لەگەڵ کەرکوکدا، بۆ هەموو بژاردەکانیش دەستوری عێراق کراوە بە بنەما. ڕاپۆرتەکەی یونـامی ڕێکەوتنـی سیاسـی لە نێـوان لایەنەکانـدا کـردووە بەمەرج بـۆ بڕیـاردان لەسەر ئەو بـژاردانە بـۆ ئەوەی دواتـر ڕیفیرانـدەمیان لەسـەر بکرێـت. دیمسـتورا ڕاپۆرتەکەی بە گرنگ و بابەتییانە ناو برد و ڕایگەیاند کە لێکـۆڵینەوەی وردیـان لە بارەی ئەو ناوچانەوە کـردووە، کە پـێش ئەوان کەس ئەو کـارەی نەکـردووە. هیـوای ئەوەشـی خواسـت لایەنەکـان بەکـاری بێـنن و بـیکەن بە بنەمـایەک بـۆ دەسپێکردنی دیالۆگێکی جددی و بەرهەمـدار. ئامـاژەی بەوەیـش کـرد کە بـاری ئەو ناوچـانە ئـاڵۆز و ناسـەقامگیرن و لەتەک پرسـی سـنوور کێشـەی تریشـیان زۆرە.

ئەو کاتەی ڕاپۆرتەکە ڕادەستی بەرپرسـانی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان کرا، لێژنەیەک لە سەرۆکایەتی هەرێم پێکهێندرا. لێژنەکە لە کەسـانی پسـپۆر لە بوارەکانی قانون، مێژوو، جوگرافیـا، زانسـتە سیاسـییەکان و...تـاد پێکهـاتبوو. ئەرکـی لێـژنەکە وردبـوونەوە بـوو لە ڕاپـۆرتەکە بـۆ ئەوەی بە شـێوەیەکی زانسـتییانە وەڵام بـدرێتەوە. کارەکـان لە نێـوان ئەندامانـدا دابەش کـران، لەم دابەشکردنەدا پسپۆڕی و شارەزایی لە بـارودۆخی نـاوچە جیاوازەکـان لەبەرچـاو گیران. ئەندامانی لێژنەکە هەموو ڕاپۆرتەکەیان بە وردی دەخوێنـدەوە، بەڵام بـۆ تێبینـی و پێشـنیازەکانیان هەر کەسـەیان زیـاتر لەسـەر ئەو بەشـە دەدوا کە ڕاسپێردرابوو کاری لەسەر بکات. من ڕاسپێردرام بۆ ئەو بەشانەی ڕاپۆرتەکە کە تایبەت بوون بە کەرکوک. دوای ئەوەی هەر کەسەو کارەکەی خـۆی تەواو کـرد، چەند کۆبوونەوەیەک لە بارەیانەوە کـرا و گفتوگـۆی زۆریـان لەسـەر کـرا، پـێش ئەوەی بـۆ دوا جـار وەڵام و تێبینییەکـان دابڕێـژرێن. لێـژنەکە لە مـاوەی

دیاریکراودا کارەکانی خۆی تەواو کرد و ڕادەستی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کرد. لە دیدارێکیش لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا من پوختەیەکی ڕاپۆرتەکەم پێشکەش کرد و ئەندامانی لیژنەکەیش هەر کەسە تێبینییەکانی خۆیان پێشکەش کرد. لەگەڵ وەڵامێکی بەپەلەی کورتدا بۆ یونامی، ڕاپۆرتێکی دوور و درێژمان ئامادە کرد، کە تێیدا زۆر لە هەڵەکانی تیمەکەمان ڕاست کردەوە و بەشێک لە لێکدانەوە نادروستەکانمان بەبێ بنەما دەرخست. ئەوەمان پێ ڕاگەیاندن کە ڕاپۆرتەکە بەو شێوەیەی ئامادەکراوە ناتوانێت ببێتە یارمەتیدەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو ناوچانە.

کاری لیژنەکەی ئێمە لێرەدا کۆتایی هات و دوای ئەوە بەدرێژایی دەساڵی ڕابردوو هیچم لە بارەی ڕاپۆرتەکە و وەڵامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبیست. لە دوای دە ساڵ بە پێویستم زانی لێرەدا هەندێ لەو خاڵانەی پەیوەندییان بە کەرکوکەوە هەیە بخەمە ڕوو. هەرچەندە هەموو ڕاپۆرتەکەم بە وردی خوێندەوە و تێبینییەکانی خۆمم لە بارەیانەوە خستە بەردەم لیژنەکە، لە گفتوگۆکانیش لەسەر هەموو خاڵەکان بەشدار بووم، بەڵام زیاتر کارەکەی من لەسەر کەرکوک بوو، بۆیە باسی ناوچەکانی تر ناکەم.

بۆ خۆم باوەڕم وایە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ کێشەیەکی گرنگی لە جیهاندا چارەسەر نەکردووە و پێی چارەسەر ناکرێت، بۆیە وەک زۆر کەس دڵخۆش نەبووم بەوەی پرسی چارەسەرکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان ڕادەستی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت. ئەوان تەنها لەو کاتەدا دەتوانن کار بکەن گەر پێشتر ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر پرسەکان ڕێک کەوتبێتن و بڕیاری تایبەتییان لە بارەیانەوە دەرکردبێت. دامەزراوەکانی ئەم ڕێکخراوەیە بە شێوازێکی زۆر بیرۆکراتییانە ئەرکەکانیان ڕادەپەڕێنن و گەندەڵی زۆر لە کارەکانیاندا دەکرێت. کۆمەڵێ کارمەند کە دەستیان لە کارێک گیر دەبێت، یەکەمین شت بیری لێ دەکەنەوە ئەوەیە، تا پێیان بکرێ تەمەنی کێشەکە درێژ بکەنەوە و لەسەر کارەکەیان بمێننەوە. بەرپرسە باڵاکانیانیش کاتەکەی خۆیان تەواو دەکەن و ڕادەستی یەکێکی تری دەکەن بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆیان جێبەجێ کردبێ. ئەوەتا دیمستورا دوای ئەوەی هیچی لە

عێراق پێ چارەسەر نەکرا، کرا بە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کێشەی سوریا، لەوێش دوای ئەو هەموو ساڵە هیچ بەرهەمێکی نەبووە.

لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەمین بەشەکانی ڕاپۆرتەکە، ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە زانیارییەکانیان لەسەر ئەو ناوچانە زۆر هەژارن. پێم سەیر بوو ئەمانە نیوەی ئەوەی لە لای ئەندامانی لێژنەی کۆمەڵەی گەلانیان لەلا نەبێت، کە بەر لەوان بە سێ چارەکە سەدە لە کێشەی ویلایەتی موسڵ دەکۆڵینەوە. مرۆڤ لەم سەردەمەی شۆڕشی زانیاری و تیکنۆلۆژیدا ناتوانێ هیچ پاساوێکیان بۆ ئەو هەژارییە بۆ بدۆزێتەوە. بە خوێندنەوەی تەواوی ڕاپۆرتەکەیش بۆت ڕوون دەبێتەوە کە هیچ هەوڵێکی جددیان نەداوە لێکۆڵینەوەی زانستی لە سەر مێژوو، بارودۆخی کارگێڕی، پێکهاتەی ئەتنیکی و کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانە بکەن. کە ئەمەیان نەکردووە، زۆر کەمیش پەنایان بردووەتە بەر سەرچاوەی زانستی لە بارەی ئەو ناوچانەوە.

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لە سەرووی هەموویشیانەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەموو کار و چالاکییەکانیاندا بەرژەوەندیی دەوڵەتان لە بەرچاو دەگرن، ئاخر لە کۆتاییدا ئەوە دەوڵەتانی زلهێز و خاوەن بڕیارن پرۆژە و پێشنیازەکان وەردەگرن یا ڕەتیان دەکەنەوە. لە ڕاپۆرتەکەی یونامیدا ئەمە زۆر بە زەقی دەبیندرێت. تیمەکە باش لەوە تێگەیشتووە کە کورد تاکە لایەنە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پشت و پەنای نییە. ئەمە لە کاتێکدا پێکهاتەکانی تری ئەو ناوچانە چەندین دەوڵەتیان هەیە کە لەسەریان دێنە دەنگ. تورکمان تورکیا و دەستەیەک دەوڵەتی تورکی زمانی هەیە، عەرەبی سوننەیش چەندین دەوڵەتی عەرەبی و شیعەکانیش ئێران و هەندێ هێزی دیکەیان هەیە. ڕاپۆرتەکە تا ئەو شوێنەی بۆی کراوە لە سەر حسێبی کورد پشتیوانی لەو پێکهاتانە کردووە. زۆر بە ئاسانی ڕەخنەی لە کورد گرتووە، لە کاتێکدا بەرامبەر کردەوە و هەڵسوکەوتی پێکهاتەکانی تر ئەو هەڵوێستەی نەبووە، ئەگەر هەیشی بووبێ زۆر نەرمتر و ڕووکەشیانەتر بووە. بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان تیمەکەی یونامی مامەڵەیەکی دوو فاقییانەی لەگەڵ

زانیارییە مێژوویی، جوگرافی، داتا و ئاماری سەرژمێرییەکاندا کردووە. لەم بارەیەوە لێکدانەوەی هەڵەی بۆ مێژووی زۆر لەو ناوچانە کردووە و ئەو ئامارانەی خستووەتە ڕوو کە لەگەڵ داتا و ئاماری سەرژمێرییە فەرمییەکاندا یەک ناگرنەوە. لە بری ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ داتا فەرمییەکان و سەرژمێرییە گشتییەکانی دەوڵەتی عێراق بە تایبەتی ئەوانەی بەر دەستکاری نەکەوتوون، پەنا دەباتە بەر ئەو ژمارانەی، ئەوانەی کە گوایە دیداری لە گەڵیاندا کردووە. ئەمەیش شێوازێکی نادروستە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان و بووەتە هۆی هەڵەی زەق لەم بوارەدا.

ئەوەی مایەی تێڕامانە مامەڵەکردنی ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکەیە لەگەڵ قوربانیانی سیاسەتی تەعریب و پاکتاوکردنی نەژادی کورد لەو ناوچانە. بەم کارەیان هەوڵیان نەداوە ڕێگە خۆش بکەن بۆ دابینکردنی دادپەروەری و گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکانیان، بەڵکو لە زۆر شوێندا هەوڵی ئەوە دراوە ئەنجامەکانی ئەو سیاسەتانە لە دژی هاووڵاتیانی کورد جێگیر بکرێن. پاساویشیان بۆ ئەم کارەیان هێناوەتەوە گوایە دەیانەوێ مامەڵە لەگەڵ واقیعی ئێستادا بکەن و کارەساتەکانی ڕابردوو تێپەڕێنن. ئەم هەڵسوکەوتە ناگونجێ لەگەڵ بنەماکانی دادپەروەری و دروستکردنەوەی متمانە و پێکهاتن لە نێوان پێکهاتەکاندا.

ڕەنگبێ هەر بە ئەم مەبەستەیش بێت، کە دەبینین تیمەکەی یونامی خۆی دوور گرتووە لە باسکردنی ئەو کارەساتانەی بەسەر دانیشتووانی کورددا هێنران لەو ناوچانە، بە تایبەتی شاڵاوەکانی ئەنفال کە ڕووبەرێکی فراوانی ئەو ناوچانەیان گرتەوە. ئەمە لە کاتێکدا بەدوور و درێژی باسی هەندێ لە تاوانەکانی ڕژێمی کردووە لە دژی کەسانێک یا چەند گوندێکی تایبەت بە پێکهاتەی تورکمان. هەموو تاوانەکانی ڕژێمی بەعس مایەی سەرکۆنە کردنن، بەڵام ئەم دووفاقییەی نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کارەساتەکان پرسیاری گەورە دروست دەکەن.

بەگشتی ئەوەی بەزەقی لەم ڕاپۆرتەدا دەبیندرێت پشتگوێخستنی ئەو کارەسات وماڵوێرانییەیە کە ڕژێمی بەعس بەسەر کوردیدا هێناوە. یونامی هیچ

کەڵکی لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتی عیراق و نەیارەکانی وەرنەگرتووە بۆ ئەوەی تێبگات لە تاوانەکانی ڕژێم، بەتایبەتی سیاسەتی بەعەرەبکردن و پاکتاوکردنی کورد لەو ناوچانە. هەر بەم مەبەستەیش گرنگی نەداوە بە سیاسەتی لەتوپەتکردنی پارێزگای کەرکوک و دابەشکردنی یەکە کارگێڕییەکانی بەسەر پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەدین و سلێمانیدا.

نێردەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتەکەیدا لە هەموو ئەو گفت و پەیمانانە پاشگەز بووەوە کە کاتی خۆی دیمستورا لە بەردەم پارلەمانی کوردستاندا ڕایگەیاندبوو. لەوێدا وتبووی ڕۆڵی یونامی "تەنها بۆ هاوکاری تەکنیکی و لۆجستی دەبێت بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستوری عێراق و لابردنی ئەو بەربەستانەی دێنە ڕێگەی ئەم ئەرکە". هەر لەو دانیشتنەدا ئەوەی ڕاگەیاندبوو کە "ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان دەبن بەیەکێک لە بنەماکان بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ناوچە کێشە لەسەرەکان". بەپێی قسەکانیشی ئەم کارانە بە پشتیوانی و چاودێری و دانپێدانانی نیودەوڵەتی دەبێت. لە بری ئەم گفت و پەیمانانە دەبینین یونامی لە ئەرکەکانی خۆی دوور کەوتەوە و خۆی بە کۆمەڵێ بابەت و لێکۆڵینەوە خەریک کرد، کە دەکرێت هەموو ئەنجامێکی لێ هەڵبهێنجێندرێت، ئەوە نەبێت کە گەلی کوردستان و کوردانی ئەو ناوچانە دەیانویست.

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتەکەیدا هەوڵی ئەوەی داوە سنووری ئەو ئەرکانەی پێی ڕاسپێردرابوو ببەزێنێت، کە بریتی بوون لە "پێشکەش کردنی ڕاوێژ و پشتیوانی و یارمەتی" بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئەو ناوچانە. یونامی ڕێگەی بەخۆی دا ڕێکارە قانونی و دەستورییەکانی تایبەت بە ماددەی ١٤٠ دەستوری عێراق تێپەڕێنێ، لە کاتێکدا ئەمە بە تەنها بنەما داندرابوو بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی ئەو ناوچانە. یونامی سەرکەوتوو نەبوو لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆی بەر لە ٣١ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧، کە وەک دوا مۆڵەت داندرابوو بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠. یونامی لە ڕاپۆرتەکەیدا هەوڵی داوە ئەم شکستەی خۆی بکاتە دەروازەیەک بۆ تانەدان لە ماددەی ١٤٠ و پێشنیازی بژاردەی دوور لە دەستور بۆ دواڕۆژی کەرکوک.

ڕاسپاردنی نێردەکە بۆ یارمەتیدانی لایەنە عێراقییەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەک بۆ کێشەی سنووره نێوخۆییەکان بوو، واتا ئەوە نەبوو کە کاری نێردەکە دەبێتە تەواوکەر یا شوێنگرەوەی ماددەی ١٤٠. هەر لەم بوارەدا ڕاپۆرتەکە هەوڵی زۆری داوه جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ گرێ بدات بە هەمووارکردنەوەی دەستورەوە بەپێی ماددەی ١٤٢. ئەم هەوڵانەی یونامی بە هەموو پێوەرێک کارێکی بێ واتا و بێ ئاکام بوو.

له هەمـوو ئەمانەیش خراپتر ئەوەیە کە یونامی لە ڕاپۆرتەکەیدا و لەمیانەی بژاردە پێشنیازکراوەکانیدا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی ئەو ناوچانە، بە مەبەست هەندێ بژاردەی گرنگی پشتگوێ خستووه، کە زۆرینەیەکی بەرچاوی دانیشتووانی ئەو ناوچانە لە گەڵیدان، مەبەستم بژاردەی هاتنەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، نێردەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بژاردەکانیدا بۆ پاشەڕۆژی کەرکوک بەتەواوی بێ لایەنی خۆی لە نێوان پێکهاتەکاندا لەدەستداوە، چونکە بە مەبەست ئەو بژاردەیەی پشتگوێ خستووە، کە بەشێکی زۆری دانیشتووانی کەرکوک داوای دەکەن، ئەویش بژاردەی گەڕانەوەی کەرکوکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان. هەر لەم بوارەدا ڕاپۆرتەکە پرۆسەی ڕاپرسی لەسەر دوا ڕۆژی کەرکوک لە ناوەڕۆک و جەوهەرەکەی بەتاڵ کردۆتەوە، کاتێک گرێی دەدا بە پێکهاتنی لایەنە سیاسییەکانەوە. سەرباری ئەمە ئەو بژاردانەی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەشیان دەکات زۆر ئاڵۆز و تێکئاڵکاون و ڕێکاری قانونی و دەستوریی تازەیان پێویستە، کە لەم بارودۆخەی عێراقدا زۆر ئەستەمە بەدی بێن. جێبەجێکردنیشیان یارمەتی و هاوکاری دەیان دەستە و ناوەند و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دەوێت، کە ئەمەیش دەبێتە هۆی ئاڵۆزیی نێوخۆیی و دەستێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتی. لێرەیشدا نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان تەواو بە پێچەوانەی ئەو پەیمانانەی بە بەرپرسانی کوردی دابوو هەڵسوکەوتی کرد. نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیازی سەردەمێکی گواستنەوەی کراوە و بێ سنوور و بێ ئەنجامی زانراو دەکات، کە دەکرێ ببێتە هۆی ئاڵۆزیی زیاتر لەوەی ئێستا لە ئارادیە.

له بــارەی ڕاپرسیشــەوە ڕاپــۆرتەکە چەنــد نمــوونەیەکی زۆر نەرێنــی هەڵبژاردووە وەک بۆسنە و هەرسەک و تەیموری ڕۆژهەلات...تاد کە بوونەتە هــۆی شــەڕ و پێکــدادان، لە کاتێکــدا ئەم نموونــانە بــاس لە جیــابوونەوە و دروســتکردنی دەوڵەت دەکەن. بەڵام لە بــاری کەرکــوک و نــاوچە کێشــە لەسەرەکان ئەمە لە ئـارادا نیـیە. بـۆ خـۆی ڕاپـۆرتەکە ناونیشـانی سـنووری نــاوخۆیی هەڵگرتــووە، واتــا ئەم ســنوورانە لە نێوخــۆی یەک دەوڵەتــدایە. دیاریکردنی سنووری هەرێمە فیدیرالییەکان کارێکی پێویستە و هیچ هەرێمێکی فیدیرالی و ئۆتۆنۆمی نییە بێ ئەوەی سنوورە جوگرافی و کارگێڕییەکانی دیار بکرێن. نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتەکەیدا خواستی کوردی بۆ دیاریکردنی سنوورە کارگێڕییەکانی هەرێمی فیدیرالی وەک فاکتەرێکی ناکۆک لەگەڵ هەوڵەکانی حکومەتی عێراقدا بۆ بەهێزکردنی یەکێتی عێراق و سەلامەتی خاکەکەی نمایش کردووە. ئەمەیش بۆچوونێکی ناکۆکە لەگەڵ بنەماکانی سیستەمی فیدیرالیدا کە دەستوری عێراق دانیپێدا ناوە. دیاریکردنی سنووری کارگێڕی هەرێم بەشێک نییە لە جیاوازییەکان سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی هەرێم و حکومەتی فیدیرالی وەک ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێدەکات.

له ڕاپــۆرتەکەدا هەوڵ دراوە مــامەڵە لەگەڵ یەکە کارگێڕییەکــانی یەک پارێزگــادا بەجیــا بکرێــت، ئەمەیــش تەواو نــاکۆکە لەگەڵ یەکێتــی خــاکی پارێزگاکاندا، بەپێچەوانەوە کێشەی زۆرتر دێنە ئاراوە. ڕاپۆرتەکە لەسەر زمانی هەندێ لەوانەی دیداریان لەگەڵدا کراوە دەستەواژەی کوردانـدنی "تکرید"ی بۆ گەڕانەوەی دەرکراو و ڕاگوێزراوە کوردەکان بەکارهێناوە، کە نەدەبوو بەکاری بێنن چونکە ڕێکخراو و ئاژانسەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان زانیاری و داتای زۆریان لە لا بوو سەبارەت بە کورد بەر لە ڕووخانی ڕژێم، ئاخر ئەوان بۆ خۆیان لە کەمپەکاندا یارمەتییان پێشکەش بە دەرکراوەکانی کەرکوک و ئەو ناوچانە دەکرد.

هەرچەنـد یونـامی لافـی ئەوەی لێـداوە، کە توانیـویێتی لێکـدانەوە بـۆ ئاڵۆزییەکـانی هەمـوو ناوچەکـان بکـات بـۆ ئەوەی بەشـێوەیەکی باشـتر لەو ئاڵۆزییانە تێبگەین، بەڵام لە ڕاستیدا ڕاپـۆرتەکە نەک هەر نەیتوانیـوە یـارمەتی

خەڵک بدات بۆ تێگەیشتنی ئاڵۆزییەکان، بەڵکو ئەوانەیشیان ئاڵۆز و تەماوی کردووە کە ڕوون بوون لە لای خەڵک. ئەم ئاڵۆزکردنەیش بەرهەمی بازدان بوو بەسەر ڕاستییەکانی مێژوو، جوگرافیا و بارودۆخی کارگێڕیدا لەو ناوچانە. پێدەچێت یونامی ئەم کارەی بۆ ڕاگرتنی دڵی هەندێ لایەن کردبێت.

ئەو کاتەی کارمان لەسەر ڕاپۆرتەکە دەکرد پێمان وابوو کە بەو شێوەیەی ئامادە کراوە، ناتوانێ یارمەتیدەر بێت لە چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانەدا. دە ساڵی ڕابردوو دروستی ئەو بۆچوونەیان دەرخست و ڕاپۆرتەکە هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لەو ناوچانەدا نەبوو.

ڕاپۆرتەکە ئەوە دەردەخات کە ئەرکەکانی یونامی ڕوون نەبوون بۆ ئەندامانی تیمەکە. لە کاتێکدا ڕادەگەیەنن کە ئەوان لێژنەیەک نین بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەو ناوچانە، واتا ئەوان خەریکی مێژووی ئەو ناوچانە نابن، خۆیشیان بە گێڕانەوەی ئەو سیاسەتانەوە خەریک ناکەن کە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لەو ناوچانە پەیڕەویان کردووە و ئەم کێشانەیان لێ کەوتوونەتەوە. بەوتەیەکی تر کار ناکەن بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان و هەوڵی لابردنی ستەم و زۆردارییەکان نادەن بۆ گەیشتن بە ئاشتبوونە و پێکهاتن. لە حاڵەتێکی وادا چۆن دەتوانن ڕاوێژ پێشکەش بکەن و یارمەتی لایەنەکان بدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە؟. سەربارى ئەو وتانە دەبینین تیمەکەی یونامی خۆی خستووەتە گێژاوەی مێژووی سیاسی و کارگێڕی ئەو ناوچانەوە، بەڵام بێ ئەوەی پشت بەسەرچاوەی مێژوویی ڕەسەن و متمانە پێکراو ببەستێ. لە ڕاستیدا ئەوەی لەم بوارەدا کردوویەتی بریتییە لە ڕەشکردنەوەی چەند لاپەڕەیەک چیرۆک لەسەر زمانی هەندێ لەوانەی دیداری لەگەڵدا کردوون، کە پێدەچێت زانیارییەکی ئەوتۆیان لە بارەی مێژوو و جوگرافیای ئەو ناوچانەوە نەبووبێت.

ڕاپۆرتەکە خۆی دوور گرتووە لە ڕەخنە گرتن لە حکومەتی عێراق، کە ئەرکەکانی خۆی لەو ناوچانە لە بوارەکانی فێرکردن، تەندروستی و خزمەتگوزاری جێبەجێ نەکردووە. بەپێچەوانەوە هەوڵ دەدات گوناهی ئەو کەم و کوڕییانە بخاتە ئەستۆی تێکەڵیی کارگێڕی لە نێوان بەغدا و هەولێردا. لە

ڕاستیدا ئەگەر هاوکارییەکانی هەرێمی کوردستان نەبوونایە بۆ ئەو ناوچانە، ئەوا بارەکە زۆر خراپتر دەبوو.

لە میـانی هەڵبژاردنەکـان و لێکـدانەوەی پێکهـاتەی دانیشـتووانی ئەو ناوچـانەدا، یونـامی ئامـاری کـوردی دەرکـراو و عەرەبـی هـاوردەی لە بەرچـاو نەگرتووە، هەرچەندە بەشێک لەو ئامارانە لە لای ڕێکخراوەکـانی سـەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان دەسـت دەکەوتـن. بـۆ نمـوونە ژمـارەی ئەو کـوردانەی تـا سـاڵی ٢٠٠٣ لە کەرکوک بۆ ناوچەکانی ژێـر دەسـەڵاتی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان دەرکرابوون، لە لای ئەو ڕێکخراوانە هەبـوون. بـێ لەبەرچـاو گرتنـی ئامارەکـانی تایبەت بە سیاسەتی بەعەرەبکردن تا ساڵی ٢٠٠٣ و ژمارەی کـوردانی ڕاگـوێزراو و دەرکراو و عەرەبی هاوردە، ئەوا زۆر ئەستەمە وێنەیەکی دروست سـەبارەت بە پێکهاتەی ئەتنیکی دانیشتووانی ئەو ناوچانە بخرێتە بەردەستی لایەنەکان.

یونامیش وەک زۆر لایەنی تر کەوتووەتە هەڵەوە، کاتێ کـوردانی ئێزیـدی، فەیلی و شەبەکی خسـتوونەتە دەرەوەی ئەتنیکـی کـوردی، بەوجـۆرە مـامەڵەی لەگەڵدا کردوون و لەگەڵ پێکهاتەی ئاینی و مەزهەبی تردا ناویانی هێنـاوە. لەم کارەیـدا ناسـنامە لاوەکیـیەکەی ئەم گرووپـانەی خوێنـدووەتەوە، نەک ناسـنامە سـەرەکییەکان کە کـوردە. لێرەیشـدا دووفـاقییەکی تـری یونـامی دەردەکەوێ، چونکە بۆ پێکهاتەکـانی تـر ئەم مـامەڵەیەی نەکـردووە، بـۆ نمـوونە تورکمـان و عەرەبی لە سەر بنەمای سوننە و شیعە دابەش نەکردووە، هەرچەنـدە سـوننە و شـیعە لە پێکـدادانێکی خوێناویـدا بـوون. هەمـوو ئەمە لە کاتێکـدایە کە کـورد هەمیشـە گیـرۆدەی چەوسـانەوەی نەتەوەیـی بـووە و کێشـەی لەگەڵ جیـاوازیی ئـاینی و مەزەبیدا نەبـووە. ڕاپـۆرتەکە کـاتێ باسـی عەرەب و تورکمـان دەکـات تەنها بەو ناوە ناویان دەبات، بەڵام کە دێتە سەر باسی کورد وردیان دەکـاتەوە بـۆ کـورد و ئێزیـدی، کـاکەیی، شـەبەک و فەیلـی. هەرچەنـدە هـیچ پاکـانە و پاساوێک بۆ ئەم کارەی یونـامی نیـیە، بەڵام گونـاهی بەشـێکی ئەمە دەکەوێـتە ئەسـتۆی کـورد خـۆی، چـونکە وەک هەمیشـە ئەو کـوردانەی قسـەیان لەگەڵـدا کراوە وەک ئەندامی یەک نەتەوە خۆیان نەناساندووە، بەڵکو هەمیشـە خەریکـی هێنانە پێشەوەی ناسنامە لاوەکییەکانیان بوونە.

ڕاپۆرتەکە زۆر باس لە ئاڵۆزی و فرە پێکهاتەیی دانیشتووانی کەرکوک دەکات، بەڵام بەهەمان شێوە باسی موسڵ ناکات، کە گەلێ فرە ئەتنیکی و مەزەبیترە لە کەرکوک. پێدەچێت سیمای عەرەبی سەپێندراو لەو پارێزگایە، ئەندامانی تیمەکەی بەوە قایل کردبێت کە باری موسڵ وەک کەرکوک سەخت نییە. ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی ئەو بۆچوونەی یونامییان بەهەڵە دەرخست و هەموو لایەک لە ئاڵۆزیی باری ئەتنیکی و ئاینی و مەزەبیی موسڵ تێگەیشتن.

ڕاپۆرتەکە زۆر دید و بۆچوونی ناکۆکی گرتووەتە خۆ، لە کاتێکدا داوای هەموار کردنەوەی مادەی ١٤٠ دەکات لە ڕێگەی ئەوەی ناوی لێناوە ڕێکەوتن یا پێکهاتنی سیاسی، لە هەمان کاتدا دەڵێت کە هەموو ئەو بڕاردانەی دەیانخاتە ڕوو لەسەر بنەمای دەستور و ماددەی ١٤٠ن. هەروەها یەکێ لە ڕاسپاردەکانی ئەوەیە کە ماوەیەکی گواستنەوە هەبێت بێ ئەوەی کاتەکەی و ئەنجامەکانی دیاری بکات، ئەمەیش دەبێتە هۆی ململانێ و ئاژاوەگێڕیی زیاتر لە نێوان لایەنەکاندا و زەبری زیاتر لەو ناوچانە دەدات. مانەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە، بە تایبەتی کەرکوک بەبێ چارەسەری دەبێتە ڕێگر لە بەردەم سەقامگیری و گەشەکردندا و ئیماژێکی هەڵەیش دەداتە نەیارانی پێکەوە ژیان و چارەسەری و هانیان دەدا بۆ ئاژاوەنانەوە و چاندنی ڕق و کینە لە نێوان دانیشتوواندا.

کێشەیەکی گەورەی ئەم ڕاپۆرتە لەوەدایە، کە مامەڵەکردنی لەگەڵ قەزا و ناحیەکانی کەرکوکدا بەهەمان شێوەی ئەوانەی موسڵ و سەلاحەدینە. واتا هیچ تایبەتمەندی بە کەرکوک نەداوە و لەتوپەتکردنی یەکە کارگێڕییەکانی و دابەشکردنیان بەسەر پارێزگاکانی تردا لەبەرچاو نەگرتووە. ئەمەیش ڕێگا خۆش ناکات بۆ چارەسەرییەکی دادپەروەرانە بۆ پاشەڕۆژی کەرکوک. هیچ ڕەوا نییە هەمان پێوەر بۆ پارێزگاکانی سەلاحەدین، دیالە، موسڵ و کەرکوک بەکار بهێنرێت. ڕاپۆرتەکە پرسی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچانەی بەستووەتەوە بە دیالۆگی سیاسی فراوانی لایەنە عێراقییەکان بۆ ئەوەی هەموو کێشەکانی عێراق چارەسەر بکرێن. ئەمە خەون و خەیاڵە زیاتر لەوەی

پرۆژەیەکــی واقیعــی بێــت، بەڵام دەبێــتە هــۆی درێژکــردنەوەی ئــازار و مەینەتییەکانی دانیشتووانی ناوچە کێشە لەسەرەکان. کاری دروست ئەوەیە کێشەکانی ئەم ناوچانە چارەسەر بکرێن بۆ ئەوەی باری ئاڵۆزی عێراق خاو بکرێتەوە و زەمینە خۆش بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی.

تیمەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان پەنای بردۆتە بەر میتۆد و شێوازی نادروست بۆ پەیداکردنی زانیاری. بۆ نموونە گوێ لە دانیشتووانی عەرەب دەگرێت بۆ ئەوەی باسی ڕەچەڵەکی ئێزیدی و شەبەکی بۆ بکەن. لەوەیش خراپتر کۆنە بەعسییەکان ڕاگواستن و دەرکردنی کوردیان وا بۆ لێکدەدەنەوە گوایە بۆ ئەوە "گوندی هاوچەرخیان!" بۆ دروست بکرێت و خزمەتگوزاری زیاتریان پێشکەش بکرێت. ئەو کۆمەڵگا زۆرەملێیانەی کوردانی ڕاگوێزراو و دەرکراویان تێدا کۆدەکرانەوە، هەمیشە لە ژێر چاودێریی یاساوڵەکانی ئەمن و هەواڵگریدا بوو و بۆ چەندین ساڵ ژیانی کولەمەرگییان بەسەر دەبرد. ئەو کۆمەڵگایانە لە لای ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە کراون بە گوند و کۆمەڵگای نیشتەجێکردنی هاوچەرخ.

دووفاقیی ڕاپۆرتەکە بە زەقی لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکاندا دەردەکەوێت، بۆ نموونە کاتێ لیستە کوردییەکان لە شوێنێک دەنگی کەم دەهێنن، ڕاپۆرتەکە ئەو ئەنجامانە دەکاتە بەڵگە بۆ خواستی دانیشتووان وەک لە تەلەعفەر ڕووی دا، بەڵام کاتێ لە ناوچەکانی تری پارێزگای نەینەوا کورد زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دێنێت، ئەوا یونامی وەک خواستی زۆرینەی دانیشتووان مامەڵەی لە تەکدا ناکات. لە زۆر حاڵەتدا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە ئاماژە و نیشانەی درەوشاوە بۆ خواستی خەڵک دادەنێت، بەڵام ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە خانەقین، کە باس لە زیاتر لە ٩٠٪ دەنگدەران بوو بەلای یونامییەوە بەم شێوەیە لێکدرایەوە کە "ئەستەمە لە بارودۆخی ئێستادا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە دابندرێن بۆ بڕیاردان لەسەر پاشەڕۆژی کارگێڕی قەزاکە"، ئەی دەبێ بەلای یونامییەوە کام ڕێژە دەربڕی خواستی دانیشتووان دابنێت؟. لە بارەی ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا یونامی دوو هەڵوێستی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە کاتێ

ڕادەگەیەندرێ کە ڕێـژەی بەشـداری دەنگـدەران لە حەویـجە و عەبباسـی ١٠٥ و ١٠٤٪ بووە، کە ئەمە وەک ڕۆژی ڕووناک قەبارەی ساختەکارییەکان دەردەخـات، کاردانەوەی یونامی وەک ئەوە نییە، کە لە بەرامبەر بەشداری ٩٠٪ی دەنگدەران لە دەڤەرە کوردییەکان، پێشانی دەدات.

ڕاپــۆرتەکە هەڵەی زۆری کــردووە لە ڕووداوە مێژووییەکــان و نــاوە جوگرافییەکـان، ئەو داتـا و ئامارانەیشـی پشـتی پـێ بەسـتوون نـاکۆکن لەگەڵ ئامارەکانی سەرژمێرییە گشتییە فەرمییەکـانی دەوڵەتـی عێراقـدا. لە زمـانی ئەو عەرەب و تورکمانانەیشـەوە کە دیـداری لەگەڵـدا کـردوون کـۆمەڵێ لێکـدانەوەی نادروست و تۆمەت لە دژی کـورد و هەرێمـی کوردسـتانی تۆمـار کـردووە. لەبەر ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا ئامـاژە بە هـیچ ناوێـک نەکـراوە، بـۆیە نازانـدرێ ئەوانەی ئەو قسـانەیان کـردووە کـێن و بەچـی مەبەسـتێ کردوویـانە. ڕاپـۆرتەکە قوربانییەکـانی کـوردی لەو ناوچـانە بـۆ پاراسـتنی ئەمـن و ئاسایشـی هەمـوو دانیشـتووان پشـتگوێ خسـتووە. لەو سـاڵانەی بەشـێکی زۆری عێـراق ببـووە گۆڕەپانی شەڕێکی تایفی و خوێنێکی زۆر دەڕێژرا، ئەمن و ئاسایش لەم ناوچانە پارێزراو بوون و ببوون بە پەناگەیەک بۆ خەڵکێکـی زۆر کە لە ناوچەکـانی تـری عێراقەوە لە شەڕ ڕایان دەکرد. لەگەڵ ئەوەیشدا ڕاپۆرتەکە لە زمـانی هەنـدێ لە کەمینەکـانەوە ڕەخـنەی زۆر لە هێزەکـانی ئاسایشـی کوردسـتان دەگرێـت، لە کاتێکدا زۆر لە ئەندامانی ئەو کەمینانە لە ناوچەکانی تری عێراقەوە هەڵـدەهاتن و پەنایـان دەهێنـایە بەر ئەو ناوچـانەی کە هێزەکـانی ئاسایشـی کوردسـتان پارێزگارییان لێیان دەکرد.

هەڵە مێژووییەکان لە زۆربەی لاپەڕەکانی ڕاپۆرتەکەدا بەرچـاو دەکەون و بە پێویستی نازانم زۆر لە سەریان بڕۆم، تەنها چەنـد نمـوونەیەک دێـنمەوە. ١١ ئەیلـولی ١٩٦١ کە شــەڕ لە نێــوان کــورد و حکــومەتی عەبـدولکەریم قاســم دەستیپێکرد، لای تیمەکەی یونامی بووە بە کـاتی وتـووێژی کـورد و حکـومەت. لە کاتێکـدا ئەوەی هەنـدێ ئاگـاداری لە بـارەی عێـراقەوە هەبێـت دەزانێـت، کە وتووێژەکان لە کۆتـایی ١٩٦٩ دەسـتیان پێکـرد و بە ڕێکەوتننـامەی ١١ ئـازاری ١٩٧٠ کۆتاییان هات. لە ساڵی ١٩٦١یش کورد لە دژی حکومەتی قاسـم شـەڕی

دەکـرد نەک لە سـاڵی ١٩٦٣ لە دژی کۆمـاری عێـراق وەک لە ڕاپـۆرتەکەدا هـاتووە. لێکـدانەوەکانی ڕاپـۆرتەکە بـۆ قـانونی زمـانە خۆجێیەکـانی سـاڵی ١٩٣١یش دروست نین. بەکارهێنانی زمـانە خۆجێیەکـان لە یەکە کارگێڕییەکانـدا بەڵـگە نەبـوون بـۆ ئەوەی یونـامی لەسـەر ئەو بنەمـایە ناسـنامەی تایبەتییـان بـداتێ. قـانونەکە بـۆ خـۆی بەو مەبەسـتە نەبـووە و لەسـەر ئەو بنەمـایە دەرنەکراوە. ڕووداوەکەی لیڤیش لە کەرکوک لە ساڵی ١٩٢٤دا بـوو، نەک ١٩٤٢. ڕەنگبـێ ئەمە تەنهـا هەڵەی چـاپ بێـت. هەزاران کـوردیش بە خواسـتی خۆیـان باریان نەکرد بـۆ حـلە، نەجەف، کەربەلا و ناسـریە، بەڵکـو بەزۆر ڕاگـوێزراون و دەربەدەر کران. هەڵەکانی ڕاپۆرتەکەی یونامی لە ناوە جوگرافییەکانـدا ئەوەنـدە زۆرن، ڕاسـتکردنەوەیان دەیـان لاپەڕە پـڕ دەکەنەوە. مـن دەقە ئینگلیـزییەکەم نەبینیـوە، بەڵام نەدەبـوو لە دەقە عەرەبیـیەکەدا ئەو هەمـوو هەڵەیە هەبـوایە، چونکە ناوی ئەو شوێنانە لە عێراق بە عەرەبی دەنووسرێن و دڵنیابوون لە ناوە دروستەکە کارێکی ئاسـان بـوو. ئەمە جـارێکی تـر ئەو ڕاسـتییە دەردەخـات کە تیمەکەی یونامی بە جددی و بەوردی کـارەکەی خـۆی نەکـردووە. لێـرەدا تەنهـا چەنـد نمـوونەیەک دەخەمە ڕوو. لە ڕاپـۆرتەکەدا: تازەخورمـاتوو بـووە بە کازاهوسماتو، بانشاخ بووە بە بنشیخ، چەورکە کراوە بە جورکا، گەرمیان کراوە بە عارمیانات. حەلوان بە عەلـوان، ئەرکەوازی بە ئەرهەنـازی، داودی بە دواوی، بەدرە و جەسانیش بوونە بە ناوێکی نوێ کە باجرسانە، ناوی مێژوویی مەندەلی کە بەندەجینە کراوە بە بیندنک، قەرەتەپەیش کراوە بە قورتوبە یا کەردۆبـا کە لە ئیسـپانیایە. ترکەشـکان کـراوە بە ترکسـان، سیامەنسـور بـووە بە سـیان مەنسور، خاڵخاڵان بە خلخلهین و خاڵۆبازیانی کراوە بە خالیـدا بـاز لە مـانەیش خراپتر هۆزە کوردییەکانی دەلۆ و داودییە یا دوودەی کردووە بە هۆزی عەرەبـی ، هۆزی گۆیانیش دەکات بە فەیلی. ئیمام قاسم بـووە بە العـم قاسـم، ئـازادیش کراوە ئەسەدی، تسن بووە تیزن، پیریادی بووە بە ئیریادی، حەدیدییەکان بووە بە حەدادیـن. بەگشـتی نـاوی زۆربەی گەڕەک و گونـدەکان بە هەڵە نووسـراون وەک یارمجە، ڕجێبات، ساری تەپە، یەحیاوا...تاد. قادرکەرەمیش هەمیشە سەر بەکەرکوک بووە نەک سلێمانی وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە.

ئەم هەمـــوو هەڵە و پەڵەیە ئەوە دەردەخـــات کە ئەوانەی ڕاپۆرتەکەیـــان کردووە بە عەرەبی هیچ زانیارییەکیان لە بارەی ئەم ناوچانەوە نەبووە، تەنانەت سەیرێکی نەخشە و بڵاوکراوە فەرمییەکانی عێراقیشیان نەکـردووە. زۆر نەنگـیـیە بۆ ڕێکخراوێکـی گرنگـی سـەر بە نەتەوە یەکگرتووەکـان ڕاپـۆرتێکی بەو هەمـوو کەم و کـورتییەوە دەربکـات. هەنـدێ جـار لە دەقە عەرەبیـیەکە وشـەیەک بـێ ئاگاداری یا بە مەبەست پەڕیوە کە واتـا و ئەنجـامەکەی بەتەواوی گۆڕیـوە، بـۆ نموونە لە دەقە ئینگلیزییەکەدا، وەک هەندێ لە ئەندامانی لێـژنەکە بینیبوویـان، لە باسی پێکهاتەکانی دوبزدا وتراوە لە کورد، عەرەب و تورکمان پێکدێن، بەڵام لە دەقە عەرەبییەکەدا تەنها ئاماژە بە عەرەب و تورکمان کراوە و ناوی کورد لە ناواندا نەماوە.

ڕاپۆرتەکە زۆر پێ دادەگرێت لەسەر قەرەبووکردنەوەی عەرەبە هاوردەکـان بە پاسـاوی ئەوەی کەپریـان لەسـەر ئەو زەوییـانە دروسـت کـردووە و بیریـان لێداوە، کە هەمووی بە پارەتی و پارەی حکومەت کراون. هیچ باس لەوە ناکات کە ئەوان ساڵەهای ساڵ خێـر و بێـری ئەو زەوییانەیـان خـواردووە، لە کاتێکـدا خـاوەنە ڕاسـتەقینەکانیان ژیـانی کولەمەرگییـان لە ئاوارەییـدا بەسـەر بـردووە. یونامی هیچ سۆزێک بەرامبەر ئەمان پێشان نادات و داوای قەرەبوو کردنەوەیـان بۆ ناکات.

ئەو زانیارییـــانەی لە ڕاپـــۆرتەکەدا تۆمـــار کـــراون لە بـــارەی یەکە کارگێڕییەکانی ناوچە کێشـە لە سـەرەکانەوە، ئەوە دەردەخەن کە ئامادەکـارانی ئاگـاداری مێـژووی کـارگێڕی ئەو ناوچـانە نەبـوونە و لێکـۆڵێنەوەی جددیشـیان لەبـارەی مێـژووی دروسـتبوون و هەڵوەشـاندنەوەی هەنـدێکیانەوە نەکـردووە. ئاگاداری ئەوە نین کە خورمـاتوو هەمیشـە بەشـێک بـووە لە ویـلایەت و لیـوا و پارێزگـای کەرکـوک، چـونکە لە ڕاپۆرتەکـدا دەڵـێن خورمـاتوو لە سـەردەمێکی دیاریکراودا سەر بە کەرکوک بووە. لە لاپەڕەکانی دواتـردا ئەو قسـەیەی خۆیـان لەبیر دەکەن و دێنەوە و دەنووسـن کە خورمـاتوو هەمیشـە گرێـدراوی کەرکـوک بـووە. قـادرکەرەمیش بەهەڵە دەخەنە سـەر سـلێمانی. ئەوەی مـایەی پرسـیارە ڕاپـۆرتەکە شـاڵاوەکانی ئەنفـالی لەو قەزایە بەتەواوی پشـتگوێ خسـتووە. ئەو

شالاوانه دەڤەرێکی فراوانیان گرتەوە و لە ئەنجامدا سەدان گوندی کورد وێران کران و دانیشتووانیان لەنێو بران. لەو هەموو مەینەتییانە تەنها باسی هەندێ لە دانیشتووانی ئەو گوندانە دەکات کە توانیبوویان خۆیان دەرباز بکەن و پەنا ببەنە خورماتوو. ئامانج لەم ئاماژە کردنەش ڕوونە و بۆ ئەوەیە وای دەربخات کە گوایە کورد بەر لە ئەنفال لەوێ نەبوونە و تەنها ئەو کاتە هاتوونەتە خورماتوو. هەڵبەتە ئەم قسانەیش لە زمانی هەندێ تورکمانی توندڕەوەوە دەگێڕێتەوە، ئەوانەی لە ١٦ ئوکتۆبەری ٢٠١٧ ئاکاری دڕندانەی خۆیان پێشان دا و تاوانی زۆریان لە دژی دانیشتووانی کوردی ئەو شارۆچکەیە ئەنجامدا. ڕاپۆرتەکە بۆچوونی ئەو تورکمانانە لە بارەی مێژوو و پێکهاتەی دانیشتووانی قەزاکەوە بێ هیچ دەسکاری و بەدواداچوونێک وەرگرتووە و تۆمار کردووە. دەتوانم بڵێم ئەو لاپەڕانەی تایبەتن بە خورماتوو لایەنگری یەک پێکهاتەی کردووە و بۆچوونی پێکهاتەکانی تری بە تایبەتی کوردی پشتگوێ خستووە. لە بارەی شارۆچکەی کفریشەوە هەمان لایەنگری دەکات و دەکەوێتە ناکۆکی زۆرەوە، لە لایەکەوە بە شارێکی تورکمانی دادەنێ، بەڵام ناچارە ئەوەیش بڵێت کە لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەدا تورکمان تەنها ١٨٪ دانیشتووانیان پێکدەهێنا. هەڵبەتە سەرچاوەی ئەم زانیارییانەیش هەر کەسانی تورکمانە کە قسەیان لەگەڵدا کراوە. ئەم لێکدانەوەیە ناکۆکە لەگەڵ ڕاستییەکانی مێژوو و جوگرافیادا، کە کفری بەدرێژایی مێژوو وەک مەڵبەندێکی گرنگی کوردستان و کوردەواری بیندراوە. کاتێ باسی هەڵوەشاندنەوەی ناحیەی نەوجولیش دەکات کە لە کاتی ئەنفالدا کراوە، خۆی لە باسی ئەو کارەساتە لادەدا.

لە چەند جێگەیەکدا ڕاپۆرتەکە باسی هەوڵی دروستکردنی پارێزگای تازە دەکات لەو ناوچانەی کە لە کاتی خۆیدا بەشێک بوون لە پارێزگای کەرکوک وەک کەلار، چەمچەماڵ. ئاماژە بە هەوڵی دروستکردنی پارێزگایەکیش لە خانەقین و دەوروبەری دەکات. ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵەیە بۆ ئەوەی ناوی لێ نرا ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین ...تاد. ڕاستە هەندێ کەسی بێ ئاگا لە مەترسی لەتوپەتکردنی پارێزگای کەرکوک و بۆ بەرژەوەندیی تایبەت هەوڵی لەو جۆرەیان دەدا، بەڵام ئەو هەوڵانە نەزۆک بوون و هیچیان لێ وەبەرهەم نەهات.

لەنێــوان دێڕەکــانی ڕاپــۆرتەکەدا ئەوە دەخوێنــدرێتەوە، کە نێــردەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێی خراپ نابێت ئەگەر پارێزگـای مێژوویـی کەرکـوک بکرێـت بە چەنـد پارێزگـایەک. ڕەنگبـێ مەبەسـت لەمە ئەوە بێـت ئەو ناوچـانەی هەمـوو دانیشـتووانیان کـوردن لە پارێزگـاکە جیـابکرێنەوە، ئەو کـاتە کـورد دەبێـتە کەمینەیەکـی لاواز و ئاسـان دەبێـت کەرکـوک بکرێـت بە هەرێمێکـی تـایبەت کە عەرەب و تورکمـان تێیـدا باڵادەسـت بـن. هەنـدێ لە ئاواییەکـانی کەرکـوکیش بەهەڵە دەخـاتە سـەر پارێزگـای سـلێمانی. لە دوای ڕاپەڕینــی بەهـاری ١٩٩١ حکومەتی بەعس دەزگا کارگێڕییەکانی لەو نـاوانە کێشـایەوە، بەڕێـوەبەرایەتی سلێمانی بە ناچاری ئەرکی ڕاپەراندنی کارەکانیانی گرتبووە ئەستۆی خۆی. ئەم تـیمە کە لە پرسـی نـاوچە کێشـە لەسـەرەکان دەکۆڵێتەوە نـازانێ شـوان سـەر بەکەرکوکە.

یونامی خۆی زۆر بە قەزای مەخمورەوە خەریک کردووە و وردەکاری زۆری هێناوەتەوە، لە کاتێکدا هەموو کەسێک دەزانـێ کە حکـومەتی سـەدام حوسـێن بەر لە ڕووخـانی بە چەنـد سـاڵێک بە بڕیارێـک ئەو قەزایەی خسـتوتە سـەر موسڵ.

یونـامی لە ڕاپۆرتەکەیـدا لە بـری ئەوەی پەنـا ببـاتە بەر سـەرچاوەی مێژوویی و کەسانی شارەزا لە بـواری مێـژووی کەرکـوک و نـاوچەکەدا، کـۆمەڵێ چیرۆکی بێ سەروبەر و ناکۆک و دوور لە ڕاستییە مێژووییەکـان لەسـەر زمـانی نـوێنەرانی پێکهاتەکـان دەگێـڕێتەوە. ئەو ئامارانەیشـی لە بـارەی پێکهاتەکـانی کەرکوکەوە لەو نوێنەرانە وەریگرتوون و تۆمـاری کـردوون، زۆر نـاکۆک و دوورن لە یەکەوە. مەبەســت لەم کــارە ئەوەیە بــۆ هەمــوو لایەک دەریــبخەن کە بـارودۆخەکە زۆر ئـاڵۆزە و پێکهاتەکـان لە یەکەوە دوورن. داواکارییەکـانی بـۆ پرۆسـەی دوای ئەمە پرسـەکە زیـاتر ڕوون دەکـاتەوە. ڕاپـۆرتەکە پێـی وایە بـۆ پێکهاتنی لایەنەکان پێویستییان بە پرۆسـەیەکی دووروودرێـژ هەیە، بـۆ ئەمەیـش دەبوایە سەدان کۆبوونەوە، دیدار و کۆنفرانسی بێ بەرهەم لە وڵاتـان ببەسـتن و بۆ خۆیشیان دەیان ساڵ لەوێ بمێننەوە.

ڕاپۆرتەکە هەندێ لەو چیرۆکە بێ بنەمایانەیشی گێڕاوەتەوە کە زۆر جار هەندێ لە تورکمانەکان دەیڵێنەوە، گوایە کورد لە دوای دەرکردن و هەناردەکردنی نەوتەوە هاتوونە بۆ کەرکوک، هەندێکیان زۆر لەوەیش دوورتر دەڕۆن و دەڵێن کورد لە پەنجاکاندا (سەدەی بیست) هاتوون بۆ ناو شارەکە. مێژوو پێمان دەڵێ کە عەرەب لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە هاتوون بۆ عێراق و لە سەدەی نۆزدەدا هۆزە عەرەبییەکان لە دیجلە پەڕیونەتەوە، دواتر هەندێ لە هۆزەکانی وەک عوبێد و جبور کە وەک کۆچەر (بەدوو) بەدوای لەوەڕگادا ڕوویان لە جەوەڵ حەمرین و حەویجە کردووە. بەهۆی شەڕ و پێکدادانیانەوە لەگەڵ هۆزەکانی تردا حکومەتی عێراق لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستدا لە حەویجە نیشتەجێی کردن. بۆ تورکمانەکانیش سەرچاوەکانی مێژوو باس لە هاتنیان لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بۆ ناوچەکە دەکەن لە سەردەمە جیاوازەکاندا، لە کاتی هاتنی سەلجوقی، قەرە قۆینلو، ئاق قۆینلو، عوسمانی و سەفەویدا. لە دەسپێکدا نیشتەجێ نەدەبوون و نەدەمانەوە و لەدوای لەناوچوونی دەسەڵاتیان لە ناوچەکە نەدەمان، بەڵام لە سەردەمانی سەفەوی و دوا دەیەکانی دەسەڵاتی عوسمانیدا هەندێکیان لەم ناوچانە جێگیر کران. سەرچاوە عوسمانییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم کورد سێ لەسەر چواری دانیشتووانی شاری کەرکوکیان پێکهێناوە، سەرچاوەکانی پێشووتر ڕێژەی زیاتریش لەمە بۆ دانیشتووانی کورد تۆمار دەکەن. لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا باس لەم بابەتانە کراوە. لێرە تەنها ئاماژە بەوە دەکەم، کە لە کاتێکدا عەرەب و تورکمان لە شوێنی ترەوە هاتوون، هیچ سەرچاوەیەک باس لەوە ناکات کورد لە شوێنێکی ترەوە هاتبێت بۆ سەر ئەم خاکە، واتا کورد دانیشتووی هەرە ڕەسەنی ئەم ناوچانەیە و ئەم سەرزەمینە بە درێژایی مێژوو بەشێک بووە لە خاکی کوردستان. لە کاتێکیشدا لەسەر نەخشەکانی دەوڵەتی عوسمانی ناوی وڵاتانی وەک تورکیا، عێراق و سوریا نابینین، چونکە وڵات نەبووە بەو ناوانە، ناوی کوردستان بە درەوشاوەیی لەسەر ئەو نەخشانە دەبینین کە ناوچەیەکی فراوانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی گرتووەتەوە. بۆ سەردەمی هەرە نوێیش ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە دەیانتوانی سەیرێکی ئاماری

سـەرژمێرییەکانی دەوڵەتـی عێـراق بـکەن بـۆ ئەوەی بـزانن چەنـد هەزار کەس لەوانەی لە کــاتی ســەرژمێرییەکاندا لە کەرکــوک ژیــاون لەدایکبــووی لیــوا عەرەبییەکـانی عێـراقن و چەندێکیشـیان لە تورکیـا هـاتبوونە دونیـاوە. ئەمە ڕاسـتییەکانی مێـژووە کە ئامادەکـارانی ڕاپـۆرتەکە زۆر بە ئاسـانی دەیـانتوانی هەموو ئەو سەرچاوانە بەدەست بێنن کە ئەو زانیارییانەیان تۆمار کردووە. دیارە بەمەبەست خۆیان لەو باسانە گێل کردووە و تەنها گوێیان لەو کەسـانە گرتـووە کە چیرۆکیان بۆیان هەڵبەستووە و ڕاستییەکانیان شێواندووە.

هەندێ لەو تورکمانانەی قسەیان لەگەڵدا کراوە ئەوەندە دوور دەفـڕن نەک پارێزگـای کەرکـوک، بەڵکـو پارێزگاکـانی موسـڵ، هەولێـر و سـەلاحەدینیش بە پارێزگــای تورکمــانی دادەنــێن. ڕاســتییە درەوشــاوەکە ئەوەیە کە لە هــیچ سەردەمانێکدا کەرکوکی لێ دەرکەی تورکمان زیاتر لە ٥٪ دانیشتووانی لە هـیچ یەکــێ لەو پارێزگایــانە پێکنەهێنــاوە. لە کەرکــوکیش بەرزتــرین ڕێــژە لە سەرژمێرییە فەرمییەکان بـۆ تورکمـان تۆمـار کرابیـت ٢١٪ دانیشـتووانی لیـواکە بووە. تۆمارکردنی ئەم هەموو زانیارییە نادروسـتانە بـێ هـیچ تێبینیـیەک، وا لە خەڵـک دەکـات زۆر بە جـددی مـامەڵە لەگەڵ ڕاپـۆرتەکەی یۆنامیـدا نەکـات. لە وەڵامی ئەم بۆچوون و لێکدانەوانە و بـۆ ڕوونکـردنەوەی ڕاسـتییەکان، کـۆمەڵێ زانیاری و داتامان لەبارەی دانیشتووانی کەرکوکەوە لە بەشەکانی دی ئەم کتێبە خستووەتە ڕوو. ڕێژەی هەر پێکهاتەیەکیشـمان بەپێـی ئامارەکـانی سـەرژمێرییە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراق دیاری کردووە. ئاماژەیشـمان کـردووە بەدەسـکاری و شێواندنی داتا و ئامارەکان لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا.

نێردەکە وەک ئەوەی پەردەی لەسەر مێـژووی کەرکـوک لابردبێـت، ئامـاژە بەوە دەکات کە پێکهاتەی تورکمان بەڵگەی مێژوویی نووسـراویان پێشـکەش بە لێژنەکە کـردووە کە بـاس لە هەبـوونی مێژووییـان لە کەرکـوک دەکەن. جـارێ کەس ئەوەی ڕەت نەکــردووەتەوە کە تورکمــان دانیشــتووی کەرکــوک و ئەو ناوچانەن، نابێ ئەوەیش گرنگ بێت لە کەیەوە لەوێن، چونکە مافی هاووڵاتییـان پەیوەنـدی بە مێـژوو و ژمارەیـانەوە نیـیە. نـاکرێ باسـی شـارێک بکەیـن، کە دانیشـتووانی بەر لە سـەدەیەک ٣٠٠٠٠ کەس بووبێـت و یەکـێ لە پێکهاتەکـانی

ڕێژەیەکی بەرچاویان هەبووبێ، بەڵام ژمارەی دانیشتووانی ئەمڕۆی هەمان شار زیاتر لە ملیۆنێک بێت و ئەو پێکهاتەیە تەنها ١٠ ــ ١٥٪ ی دانیشتووان پێکبێنێت، بەڵام هەر لافی ئەوە لێبدات کە ئەوە هەر شاری ئەوە و تەنها ئەو خاوەن ئەو شارەیە. مامەڵەکردنی یونامی لەگەڵ مێژووی ئەو ناوچەیەدا بەو شێوەیە یارمەتی لایەنەکان نادات کێشەکانی چارەسەر بکەن. ئەگەر پێکهاتەیەکی کەرکوک لەو باوەڕەدا بێ کە ئەو زۆرینەی دانیشتووان پێکدێنێ، بۆچ دەبێ لە دژی ئەنجامدانی سەرژمێری بێ؟.

ڕاپۆرتەکە لە زمانی مەسیحییەکیشەوە دەگێڕێتەوە گوایە کورد لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە ڕوویان لە کەرکوک کردووە. جارێ کەس نالێ کورد لە دەرەوەی پارێزگای کەرکوکەوە هاتوون بۆ ناو شار. ژمارەکان پێمان دەڵێن کێ هاتووە بۆ کەرکوک. لێرە جارێکی تر پەنا دەبەمەوە بەر ئامارەکانی سەرژمێری گشتیی دانیشتووان لە ساڵی ١٩٥٧ دا. بەپێی ئەو سەرژمێرییە، ژمارەی مەسیحییەکان لەو ساڵەدا لە شاری کەرکوک ١٢٦٩١ کەس بووە و لە لیوای کەرکوکیش ١٣١٥٠ کەس بوونە. لەو ژمارەیە تەنها ٥٣٢٦ کەسیان، واتا لە نیوەیان کەمتر لە کەرکوک هاتبوونە دونیاوە، ئەوانی تر هەموو لە لیواکانی تری عێراق و بگرە لە وڵاتانی تر لەدایک ببوون. لەوانە ١١٦٣ لە تورکیا، ٢٨٣٥ لە موسڵ، ٨٧٩ لە هەولێر و ٩٠٨ کەسیش لە بەغدا هاتبوونە دونیاوە، ئەوانی تریش لە لیواکانی تری عێراق و وڵاتانی ترەوە هاتبوون. ئەم ژمارانە هەمووی لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ تۆمار کراون و لەبەر دەستن. سەرچاوەی مێژوویی کۆنتریشمان لەبەر دەستن کە ئاماژە بە مەسیحییەکانی کەرکوک دەکەن. لە ساڵی ١٨٧٢ ئەندازیاری ڕووس چێرنیک دەڵێ تەنها چل خێزانن، ئەگەر هەر خێزانێک بریتی بێت لە پێنج کەس، ئەوا هەموویان دەکەنە ٢٠٠کەس. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیشدا شەمسەدین سامی ئاماژە بەوە دەکات کە ٤٦٠ کلدانی لە کەرکوک دەژین. لە دوای کوشتاری ئەرمەن و ڕاکردنی ئاسوورییەکانی هەکاری بۆ ئێران و دواتر بۆ عێراق. ساڵانی دواتر بەشێک لە کرستیانەکان لە کەرکوک نیشتەجێ کران، دوای دەرکردنی نەوتیش ژمارەیەکی زۆرتر ڕوویان لە کەرکوک کرد. ئەگەر بە زیادکردنی کرستیانەکان لە کەرکوک بەپێی قانونەکانی

دیمۆگرافیا بوایه، ئەوا دەبوو لە ساڵی ١٩٥٧دا تەنها ٢٠٠٠ کەسێک بوونایە. لەو ژمارە زۆرەیان کەمتر لە نیوەیان لە کەرکوک هاتبوونە دونیاوە و ئەوانی تر لە لیواکانی تری عێراق و وڵاتانی ترەوە هاتبوون. یەکێ لە نوێنەرانی ئەم پێکهاتەیە ڕێگەی بە خۆی داوە خۆی بکات بە خاوەن کەرکوک و کوردیش بە میوان. ئیتر شتی لەم بابەتە لە ڕاپۆرتەکەی یونامی زۆرن.

یونامی کە ئەم ئەرکە گرانەی پێ سپێردراوە و دەبوایە ڕاوێژ و یارمەتی پێشکەش بەلایەنەکان بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە، لەوە تێنەگەیشتووە کە هۆکاری سەرەکی ئەم کێشەیە سیاسەتی بەعەرەبکردنە. لە مێژووی ئەم سیاسەتە ورد نەبووەتەوە و زۆر ڕووکەشانە باسی لێوە کردووە. ئێمە دەزانین و سەدان بەڵگەمان لە بەردەستدایە کە لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە پرۆسەی تەعریبی حەویجە دەستی پێکرد. بەدرێژایی چەندین دەیەیش لە ژێر ناوی گواستنەوەی فەرمانبەر، پۆلیس بۆ کەرکوک، کردنی بەمەڵبەندی تیپی دووی سوپای عێراق و کۆکردنەوەی هەزاران سەرباز و ئەفسەری عەرەب تێیدا، هێنانی هەزاران کرێکاری عەرەبیش بۆ کۆمپانیای نەوت ئەم پرۆسەیە بەردەوام بووە. هاوتەریب لەگەڵ هەموو ئەمانەدا گواستنەوەی دەیان فەرمانبەر و کارمەندی کورد لە کەرکوکەوە بۆ ناوچەکانی تری عێراق پیشەی هەمیشەیی کاربەدەستانی عێراق بووە. ئەم کارانە لەم سەردەمەدا، کە بە سەردەمی شاراوە و بێ توندوتیژی تەعریب دادەنرێ، دەکران. بەڵام لە ساڵی ١٩٦٣دا ئیتر سەردەمی تەعریبی ڕاگەیەندراو و پڕ لە توندوتیژی دەست پێدەکات. لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە لە پاش هەرەسی ١٩٧٥ سیاسەتی بەعەرەبکردن بە شێوەیەکی بەربڵاو و ڕاگەیەندراو پەرەی سەند. کەسانێکی زۆر هێشتا لە ژیاندان کە بەچاوی خۆیان ڕووخاندنی هەزاران خانووی کوردیان لە کەرکوک بینی. تیمەکەی یونامی دەیتوانی ئەو کەسانە بدوێنێ گەر مەبەستی بوایە بە دوای ڕاستییەکاندا بگەڕێت، نەک بڵی ١٢٠ خانوو لە گەڕەکی ئیسکان لە ساڵی ١٩٦٣ ڕووخێندران. من بە چاوی خۆم بینیم چۆن خانووەکانی عەرەسە یا گەڕەکی کۆماری لە نێوان سەرکارێز و شۆریجە ڕووخێندران. ماڵباتی ئێمە یەکێک لەو قوربانییانە بووین و خانوویەکی ئێمە لە سەرکارێز وەبەر ئەو هەڵمەتە کەوت، سەرباری ئەوەی کە تاپۆیشمان هەبوو.

ڕاپۆرتەکە بە پێچەوانەی هەموو ئەم ڕاستییانەوە، دەسپێکی بەعەرەبکردن دەگێڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی حەفتاکان. هەندێ لەو عەرەبانەی دیداریان لەگەڵدا کراوە وتوویانە تەعریب لە ساڵی ١٩٨٦دا دەستی پێکردووە، ئەمەیش هەر کەسێک کەمێک ئاگاداری بارودۆخی کەرکوک بێت، دەزانێت دوورە لە ڕاستییەوە. ئەم عەرەبانە پاساوی ئەوەیشیان هێناوەتەوە، گوایە ئەم عەرەبە هاوردانە لە شارەکانی نزیک بەرەکانی شەڕی ئێران و عێراقەوە گوێزراونەتەوە بۆ کەرکوک. ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە لە خۆیان نەپرسیوە، بۆچ دەبێت لە بەسرە و عیمارە و کوتەوە خەڵک تەنها بۆ کەرکوک بێنن؟. بۆچ نەیانبردن بۆ هیچ شارێکی تری عێراق؟. خۆ تکریت، ڕومادی، موسڵ، نەجەف، کەربەلا ...تاد لە کەرکوک زۆر دوورتر بوون لە بەرەکانی شەڕەوە. کەس نییە لە عێراق بەوە نەزانێت، کە فۆرمی گواستنەوە بۆ کەرکوک بەسەر دەزگا و دامەزراوە حکومی، ئەمنی، سەربازی و حیزبییەکاندا دابەش دەکران، کە تێیدا هانی خەڵک دەدرا بۆ ئەوەی خۆیان و خێزانەکانیان و تۆماری باری شارستانییان بۆ کەرکوک بگوازنەوە. سەدان هەزار بەڵگە و دەکیومێنتی فەرمی دام و دەزگاکانی عێراق لەبەردەستی ئەندامانی لێژنەکەی یونامی بوون بۆ ئەوەی لە وردەکارییەکانی ئەم سیاسەتەی حکومەتی عێراق تێبگەن.

نێردەکە خوێن ساردانە مامەڵە لەگەڵ کارەساتەکانی کوردا دەکات. وێرانکردنی هەزاران گوندی کوردان و لە نێوبردنی سەدان هەزار مرۆڤی کورد بە هەمان پێوەر دەپێوێت کە بۆ تێکدانی یەک دوو ئاوایی و لە سێدارەدانی چەند کەسێک دەیکات. ڕاستە ستەم و تاوانەکانی ڕژێم لە دژی هەموو پێکهاتەکان بووە و مرۆڤ دەبێت هەموویان شەرمەزار بکات، بەڵام قەت ڕەوا نییە قەبارەی کارەسات و نەهامەتییەکانی کورد بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. باوەڕ ناکرێت یونامی نەیزانیبێت کە شاڵاوەکانی ئەنفال لە نێوان ٢٣ شوباتی ١٩٨٨ و ٦ ئەیلولی هەمان ساڵدا ڕوویانداوە، نەک لە ساڵانی ١٩٨٧ ـ ١٩٨٨ وەک لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێکردووە. دەبوایە هیچ نەبێ سەیرێکی کتێبەکەی "هیومان ڕایتس ۆچیان" بکردایە، کە دوای لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی ورد لەسەر بنەمای دەکیومێنتەکانی حکومەتی بەعس لە بارەی ئەنفالەوە ئامادەیان کرد.

هەرچەنـدە لە ڕاپـۆرتەکەدا ئامـاژە بەو کتێـبە کـراوە، بەڵام پێناچێـت بەوردی خوێندبێتیانەوە بۆ ئەوەی نەکەونە هەڵەی واوە. حکومەتی بەعس دەیویست لە ڕێگەی ئەنفالەوە بەیەکجاری کۆتـایی بە کێشـەی کەرکـوک بهێنێـت. هاوتەریـب لەگەڵ وێرانکردنی ئاواییەکانی کوردی کەرکوک و لەنێوبردنی دانیشتووانیان، لە ناو شاریشدا هەڵمەتێکـی دژواری بەعەرەبکردنـی بەڕێـوە دەبـرد. ئەوەی سـەیرە ڕاپــۆرتەکە بە نــووکە قەڵەمێــک تێکــدانی ٧٧٠ لادێــی کەرکــوک دەکــات بە "وێرانکردنـــی چەنـــد گونـــدێک". تەنهـــا کتێبێکـــیش لە بـــارەی سیاســـەتی بەعەرەبکـردنەوە کە ئامـاژەی پێکـردووە، کتێـبەکەی دکتـۆر نـوری تاڵەبـانییە، ئەویش بە هەڵە بەرگی دووەم نووسراوە، لە کاتێکدا کتێبەکە یەک بەرگ بـووە، بەڵام چەند جارێک چاپ کراوە.

تەنهـا بەیەک لاپەڕە باسـی کارەسـاتی ئەنفـالی کـردووە، کە شـاڵاوەکانی سێیەم و چـوارەم دەڤەرێکـی زۆری نـاوچە کێشـە لەسـەرەکانیان گرتـووەوە، لە بەرامــبەر ئەمەدا ســێ لاپەڕەی تەواوی بــۆ بەعەرەبکردنــی گەڕەکــی تســن لە کەرکوک و ئاوایی بەشیر تەرخان کردووە. هەر لەم بـوارەدا ڕاپـۆرتەکە بـاس لە تێکــدانی چەنـــد ئـــاواییەکی عەرەب و تورکمـــانیش دەکـــات، کە بە هـــۆی نزیکییـانەوە لە دامەزراوەکـانی نەوت تێکـدران، بەڵام دانیشـتووانی ئەو گونـدانە قەرەبـوو کـرانەوە و زەوییـان پێـدرا و لە گەڕەکەکـانی کەرکـوکیش نیشـتەجێ دەکـران، لە کاتێکـدا دانیشـتووانی کـوردی ئـاواییە تێکـدراوەکان فڕێـدەدرانە دەرەوەی پارێزگـای کەرکـوک و قەرەبـوو نەدەکـرانەوە. یونـامی بە ئامـاژەکردن بەتێکدانی ئەو چەند گوندەی عەرەب و تورکمـان، دەیەوێ بڵـێ کە تەنهـا کـورد نەبـــووە کە گونـــدەکانی تێکـــدراون، بەڵکـــو عەرەب و تورکمـــانیش هەمـــان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کراوە.

لەگەڵ هەموو لایەنگرییەکانیدا یونامی ناچار بوو دان بەوەدا بنێت، کە بـۆ کوردی کەرکوک قەدەغە بوو خانووبەرە بکڕێت، بەڵام لێرەیشدا تا سـەر هەمـوو ڕاستییەکان نالێت، بەڵکو دەڵێت ئەمە لە نەوەتەکانی سـەدەی بیسـتەم وابـوو. لە کاتێکـدا هەمــوو کەســێک دەزانــێ کە لە حەفتاکــان و هەشــتاکانەوە ئەم سیاسەتە پەیڕەو دەکرا و لە نەوەتەکان زۆر توندتر کرا. کورد بـۆی نەبـوو نەک

خانووبەرە بکرێت، بەڵکو بۆی نەبوو چاکیشیان بکاتەوە تا وێران دەبوون بەسەریدا.

تۆمەتەکانی بەرەی تورکمانی وەک خۆیان تۆمار دەکات، بە تایبەتی ئەوانەی گوایە کورد هەموو بەڵگە ڕەسمییەکانیان سووتاندووە، لە کاتێکدا ئەو بەڵگــانە وەک ســەرژمێری، تۆمــاری بــاری شارســتانی، تاپۆ...تــاد دانە ئۆریژیناڵەکانیان لە بەغدا هەن و نێردەکە دەیتوانی بە ئاسانی لە دروستی و نا دروستی ئەو قسانە بکۆڵێتەوە.

هەرچەندە یونامی دەڵێت کە بەڵگەنامە و دەکیومێنتی لیژنەی کاروباری باکور و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوەی لەبەردەستدا بووە سەبارەت بە نیشتەجێکردنی عەرەبی هاوردە لە کەرکوک، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەدا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بەکاری نەهێناوە. تەنها بۆ حاڵەتی بەشیر و تازەخورماتوو زۆر باش بەکاری هێناوە، بەڵام بۆ ناوچە کوردییەکان بەجۆرێک ئاماژەیان پێدەکات کە ئاسان نییە خوێنەر لێی تێبگات.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەو عەرەبە هاوردانە دەکات کە گوایە ڕایانکردووە و لە کەرکوک نەماون، نەتوانراوە پشتڕاست بکرێنەوە. زانیارییەکان بە پێچەوانەوە باس لە زۆر عەرەبی هاوردە دەکەن کە قەرەبوو کراونەتەوە، بەڵام ئامادە نین بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. ئەوانەیشی لە ڕۆژانی یەکەمی پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدامدا ڕایانکرد ئێستا گەڕاونەتەوە بۆ کەرکوک. لە هەمان کاتدا ڕاپۆرتەکە باس لەو کوردانە دەکات کە گەڕاونەتەوە بۆ کەرکوک کە لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەرکران. پێدەچێت گەڕانەوەی ئەم کوردانەی لە لا گران بێت و زوو ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمانە بوونە بە بارێکی قورس بەسەر شانی بەڕێوەبەرایەتی کەرکوکەوە. ڕاستە گەڕانەوەی ئەو ژمارەیە بێ پلان و ئامادەکاری کارێکی ئاسان نەبوو و بەڕێوەبەرایەتی کەرکوک نەیتوانی یارمەتییان بدات و خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکات، بەڵام بۆ ئەو خەڵکەی لە ئاوارەییدا و لە ژێر چادردا ژیانی بەسەر دەبرد بژاردەیەکی تر نەبوو. یونامی لە بری ئەوەی هەوڵ بدات هاوکاری ئەو خەڵکە بکات، هەر ئەوەی دووپات دەکردەوە کە ئەمانە بوونە بە بار قورسی بەسەر ئیدارەی شارەکەوە.

هەرچەنـدە یونـامی هەوڵ دەدات ژمـارەی کـوردانی گەڕاوە گەورە بکـات، بەڵام ناچار بوو بڵێت کە هەموو ئەمانە بەپێـی ئامارەکـانی ڕێکخراوەکـانی سـەر بە نەتەوە یەکگرتووەکـان تەنهـا یەک لەسـەر پێنجـی ڕاگوێزراوەکـان پێکـدێنن. هەموو ئەوانەی گەڕابـوونەوە بەپێـی ڕاپـۆرتەکە بریتـی بـوون لە ٢١٤٠١ خێـزان. ئەو عەرەبە هاوردانەیش کە داوای قەرەبوویـان تۆمـار کردبـوو، بریتـی بـوون لە ٢٨٠٠٠ خێـزان. لەم ژمـارەیە کەمیـان کەرکوکیـان بەجێهێشـتبوو، نەک هەزاران خێـزان وەک ڕاپـۆرتەکە ئامـاژەی پێکـردووە. بەرزتـرین ژمـارەی گەڕاوەکـانیش ٢٠٠٠٠٠ کەس بـووە بەپێـی ئەو داخوازییـانەی دراون بە لیـژنەی لێکـۆڵینەوە لە ڕاستییەکان. ژمارەیەکی لەم کوردانە لە چەمچەماڵ، کەلار، شـوان، قەرەهەنجیـر و لەیلان نیشـتەجێ بـوونە، نەک لە نـاو شـاری کەرکـوک. دەیـان هەزار کـوردی کەرکـوک هێشـتا لە شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتان ژیـان بەسـەر دەبەن. بـۆیە هەموو ئەو چیرۆکانەی تیمەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتەکەیدا تۆمـاری کردوون لە بارەی هێنانی سەدان هەزار کـورد بـۆ بەکـوردکردنی کەرکـوک تەنهـا بوختان و قسەی هەڵبەسراون و هیچ بنەمایەکیان نەبوو. ئەوەی مایەی سەرنجە تیمەکە گەڕانەوەی ١٧٩٩٣ خێزانی کورد و ٢١٢٧ خیزانی تورکمان بۆ کەرکـوک کە تەنها ٦٠٪ کورد و ٦٣٪ خێزانە تورکمانەکان لە شار جێگیر بوونە و ئەوانی دیکەیان چوونەتەوە بۆ گونـدەکان، بە کێشـەیەکی گەورە دادەنێـت، بـێ ئەوەی لەوە تێبگات کە ئەمە ئەنجامی سیاسـەتی بەعەرەبکردنـی زیـاتر لە سـی سـاڵە. بەڵام هاتنی ١٠٨٨٢ خێزانی ئاوارە، کە کۆی ئەندامانیان ٦٦٠٠٠ کەس بوون بـۆ کەرکوک بە هۆی شەڕی تایفییەوە لە ناوەڕاسـت و خـوارووی عێـراق، بە هەمـان پێوەر ناپێوێ. ڕەخنەیش لە ڕێکارەکانی پارێزگای کەرکـوک دەگرێـت سـەبارەت بە ئاوارەکـان، بەتـایبەتی ئەوانەی لە موسـڵ و دیـالەوە هـاتوون بـۆ کەرکـوک. ڕێکارەکانی پارێزگای کەرکوک لە جێی خۆیانـدان چـونکە کەرکـوک نـاوچەیەکی کێشە لەسـەرە و هـاتنی ئەو خەڵـکە زۆرە بـاری دیمـۆگرافی شـارەکە دەگـۆڕێ، ئەمە جگە لە مەترسی هـاتنی تیرۆریسـتان لەگەڵ ئەو خەڵکـانەدا بـۆ دەڤەرێـک کە خۆی کێشەی ئەمنیی هەیە.

ڕاپـۆرتەکە تۆمەتەکـانی نەیـارانی کـورد تۆمـار دەکـات، گـوایە دەیـانەوێ کەرکـوک بـکەن بە شـارێکی کـوردی، وەک لە ڕاپـۆرتەکەدا لەسـەر زمـانی قسەکەرانی عەرەب و تورکمان دەیگێڕێتەوە. ئەگەر کورد پلانێکی وای هەبوایە نەدەبوو ئەو هەموو خەڵکە لە گەڕەکە کوردییەکان کۆ بکرێنەوە، بەڵکو دەبوایە ڕوویان بکردبایە گەڕەکەکانی تر بۆ ئەوەی بیانکەن بە گەڕەکی کوردی. تـیمەکە ئامـاژە بەوە دەکـات کە ڕێـژەی ٩٦،٥٪ ی دانیشـتووانی پارێزگـای کەرکـوک لە شارەکاندا دەژین، ئەمەیش ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو کە ڕژێمی بەعس لادێکـانی کوردی ئەو پارێزگـایەی وێـران کـرد. بەپێـی سـەرژمێرییەکانی بەر لە گەیشـتنی بەعس زیاتر لە ٨٥٪ ی هەموو لادێکانی کەرکوک کوردنشـین بـوون. ڕاپـۆرتەکە ئاماژە بەوەیش دەکـات کە ڕێـژەی کەمتـر لە ١٪ ی دانیشـتووانی پارێزگـاکە لە بـواری کشـتوکاڵدا کـار دەکەن، ئەمە لە کاتێکـدا کەرکـوک لە کـاتی خۆیـدا بە پارێزگـایەکی کشـتوکاڵی نـاوی دەرکردبـوو. دەبـوایە ئەم زانیارییـانە سیاسـەتی پاکتاوکردنی کوردی لە پارێزگای کەرکوک بۆ تیمەکە زۆر بە ڕوونی دەربخستایە و ئەو هەمـــوو قســـە هەڵبەســـتراو و نادروســـتە تۆمـــار نەکەن. لەگەڵ ئەوەی نێردەکە باسی بارودۆخی خراپـی گونـدە خـاپوور کراوەکـانی کـورد لە کەرکـوک دەکات، بەڵام کاتێ لە کێشەکان دەکۆڵێتەوە، ئەم بارودۆخە لە بەرچاو ناگرێت.

لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی یونامی بۆ گەشـەکردنی دیمـۆگرافی لە کەرکـوک نـاتەواوە و هەوڵـی نەداوە هۆکـارە ڕاسـتەقینەکە بخـاتە ڕوو، کە هێنـانی ئەو هەمـوو عەرەبەیە بـۆ شـار و پارێزگـاکە. کـاتێ باسـی نیشـتەجێکردنی عەرەبـی هـاوردەیش دەکـات، تەنهـا ئامـاژە بە هەنـدێ گەڕەکـی تورکمـانی وەک تسـن و حەمزەلـی و گەڕەکەکـانی ڕێـگەی بەغـدا، حـوڕیە، قادسـیە، وەحـدە و نەسـر دەکـات، لە کاتێکـدا دەسـەڵاتی بەعـس لە نـاوجەرگەی گەڕەکە کوردییەکـانی شـۆرجە، ئـازادی و ڕەحیمئاوایشـدا گەڕەکـی بـۆ عەرەبە هاوردەکـان دروسـت کردبوو.

بۆچوونەکانی یونامی لە بارەی کۆچی نێوخـۆییەوە لە پارێزگـای کەرکـوک لەسەر بنەمایەکی نادروست بنیات نـراون. ئەوەی لە کەرکـوک ڕوویـدەدا جیـاواز بوو لە کۆچی دانیشـتووانی لادێکـان بـۆ شـارە گەورەکـان لە پارێزگاکـانی تـری

عێراقدا. ئەو کۆچە نێوخۆییە بەشێک بوو لە دیاردەیەکی گەردوونـی کە زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتبووەوە. بەڵام ئەوەی لە کەرکوک پەیـڕەو دەکـرا سیاسـەتی بەعەرەبکردنی شار و پارێزگاکە بـوو، کە گرنگتـرین ئەڵقەکـانی هێنـانی هەزاران خێزانی عەرەب بوو بۆ کەرکوک و دەرکردنی هەزاران خێزانی کورد بـوو لە شـار و پارێزگاکە. سەرباری ئەوەی سەدان هەزار بەڵگە لە بەردەسـتی ڕێکخـراوەکەدا بوون، کە باسیان لە قەبارەی ڕاگوێزان و دەرکردنـی دانیشـتووانی کـورد دەکـرد لە کەرکوک، ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا دەبیندرێت دەربڕینەکە ئەوە دەگەیەنێـت کە هێنانی عەرەب بـۆ کەرکـوکیش جـۆرێکە لە کـۆچی نێوخـۆیی وەک پارێزگاکـانی تـــری عێـــراق. ئەمەش ســـتەمێکی ڕوون و ئاشـــکرایە کە لەم شـــارە و دانیشتووانەکەی دەکرێت.

پێم سەیر بوو ئامادەکارانی ڕاپـۆرتەکە ئەوەنـدە بـێ ئاگـا بـن لە مێـژووی کـارگێڕی عێـراق بە گشـتی و پارێزگـای کەرکـوک بە تـایبەتی، هەرچەنـدە بەڵگەنامە فەرمییەکـانی دەوڵەت سـەبارەت گۆڕانکـاریی کـارگێڕی لە پارێزگـاکە تۆمار کراون و لە ڕۆژنامەی فەرمی عێراقدا بڵاوکراونەتەوە و چەندین سەرچاوەی تایبەتیش بە مەراسیم و بڕیارەکان لەم بارەیەوە لەبەر دەستدان. ڕاپۆرتەکە زۆر جـار قەزا دەکـات بە نـاحیە و نـاحیە دەکـات بەقەزا. لە بـارەی داقـووقەوە دەکەوێتە هەڵەی زۆرەوە. زۆر جار تەنهـا نـاوە تـورکییە عوسـمانییەکانی بەکـار هێناوە، کە لە کـاتی خۆیـدا دایـانبڕی بەسـەر ئەو شـوێنانەدا. بەلای لێـژنەکەوە ناوەکـان بەڵـگەن بـۆ بـاری ئەتنیکـی ئەو شـوێنانە، کە لە زۆر حاڵەتـدا بەهـیچ جۆرێک وا نییە. کورد دەڵێ ڕۆخانە و ئاوە سـپی نەک تـاووق سـو و ئـاق سـو. خورمـاتوو لە سـەردەمی هورییەکـانەوە ناسـراوە، کە بەواتـای شـاری هـوری یـا خوری دێت و عوسمانییەکان (توز)ێکیان خستووتە سەری چونکە خوێی لێیە و ئێسـتا بەلای زۆر کەسـەوە بـووە بە دوز کە بە تورکمـانی هەمـان واتـای هەیە. زۆربەی وتەکانی ڕاپۆرتەکە لەبارەی داقووق و پەیوەندی بەکەرکـوکەوە دروسـت نین و سـەرچاوە مێژووییەکـان پشتڕاسـتیان نـاکەنەوە. کەرکـوک لە سـەردەمی عوســمانیدا ناوەنـــدی ویلایەتێـــک و دواتـــر لیـــوایەک بـــوو، بەڵام داقـــووق کە لەسەردەمی عەبباسییەکاندا لە کەرکوک ناودارتر بـوو، لە سـەردەمی عوسـمانیدا

ئەو پـێگەیەی لەدەسـتدا و بریتـی بـوو لە نـاحیەیەک، کە لە سـاڵی ١٩٥٧دا ژمارەی دانیشتووانی تەنها ٢٠٠٠ کەس بوو، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتووانی دوو گوندی کوردی دەوروبەری زیاتر لەو ژمارەیە بوو.

ڕاپۆرتەکە سـتەمێکی زۆری لە هێزەکـانی پێشـمەرگە و ئاسایشـی کـوردی کردووە لە ناوچە کێشـە لەسـەرەکان. تۆمەتەکـانی پیـاوانی بەعس و توندڕەوە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکانی وەک جۆرێک لە زانیاریی دروست تۆمـار کـردووە. یونامی زۆر باش ئەو ڕاستییەی دەزانی، ئەگەر ئەو هێـزانە نەبوونـایە تـیمەکەی نەیدەتوانی سەردانی هـیچ یەکێک لەو ناوچـانە بکـات. ئەوان بە چـاوی خۆیـان دەیانبینی چۆن ئەو هێزانە ئەمـن و ئاسایشـی هەمـوو پێکهاتەکـان لەو ناوچـانە دەپارێزن. نەدەبوو یونامی بەو شێوەیە لەگەڵ ئەو زانیارییانەدا مامەڵە بکـات و بێ بەدواداچوون و وردبوونەوە تۆماریان بکات.

یونامی باس لەوەیش دەکـات کە نـاوی لـێ نـاوە سـاختەکاری لە ژمـارەی پێکهاتەی دانیشتووان و دەنگداندا. ئەو کارانە بەهۆکاری نیگەرانیـی عەرەبەکـان دادەنێ و داوای چارەسەرکردنیان دەکات پێش هەڵبژاردنەکان. لێـرەدا بەهەمـان شێوە لەسەر قسەی هەندێ لەو عەرەبانەی دیداریان لەگەڵدا کراوە، تیمەکە بـێ ئەوەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بکات بۆ ئەو تۆمەتـانە یەکسـەر وەک ڕاسـتی مـامەڵەی لەگەڵـدا دەکـات و داوای چارەسـەرکردنی دەکـات. لەو کـاتەدا لە زۆر شـوێن بـاس لەوە دەکـرا کە لە حەویجە فۆرمەکـانی دەنگـدان بـێ کـردنەوە بە دەفـتەر خـراونەتە سـندوقەکانی دەنگـدانەوە، هەر ئەو کەسـانەی ئەو کارەیـان کــردووە لە لای یونــامی گازنــدەیان لە دژی ســاختەکاری لە هەڵبژاردنەکــان کردووە. لەم بوارەدا لێژنەکەی یونامی داوای ئامادەکردنی لیسـتێکی دەنگـدەران لە کەرکوک دەکـات، کە هەمـوو لایەنەکـان لەسـەری ڕێـک بـکەون. کـارێکی لەم جـۆرە لەســەر بنەمــای بەڵگەنــامە و تۆمــارە فەرمییەکــان دەکرێــت، نەک بەڕێکەوتنی سیاسی لە نێوان لایەنەکاندا، کە نـاتوانن لەسـەر بچووکترین پـرس ڕێـک بـکەون. یونـامی داوای ئەوەیشـی کـردووە ئەو ئـاوارە عەرەبـانەی کە لە پارێزگاکـانی تـرەوە هـاتوونە بـۆ کەرکـوک، هەمـان مـامەڵەی دەرکـراوان و ڕاگـوێزراوانی کەرکوکیـان لەگەڵـدا بکرێـت. ئەوانەی کەرکـوک گەڕاونەتەوە بـۆ

شاری خۆیـان و وەک هـاووڵاتیی ئەم شـارە مـافی دەنگدانیان هەیە، لەکاتێکـدا ئاوارە عەرەبەکان خەڵکی شارەکانی ترن و دەتوانن لەسەر لیسـتی دەنگـدەرانی ئەو شارانە تۆمار بکرێن و دەنگ بدەن.

داوایەکی تـری یونـامی ئەوە بـوو کە چەکدارانی سـەحوە، یـا ئەوانەی بە "رۆڵەکانی عێراق" دەناسێندران، بکرێنە بەشێک لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش لە کەرکـوک. ئەمەیـش داخـوازییەک بـوو جێبەجێکردنـی زۆر ئەسـتەم بـوو. لە لایەکەوە دەبوو بە هۆی تێکدانی پرۆسەی گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ ئەو هێزانە، کە لە بنەمادا و بەهۆی سیاسـەتی بەعەرەبکـردنەوە رێـژەی عەرەب تێیانـدا زۆر بوو لە چاو کورد و تورکمـان. لە لایەکـی تریشـەوە چەکدارانی سـەحوە هەمـوو سەر بە یەک دوو هۆز بوون و گونجاندنیان لە نێو هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسدا کارێکی ئاسان نەبوو. سەرباری هەموو ئەمانە مەترسـیی جـددی لە ئـارادا بـوو، کە بەشێک لەمانە دەستیان لەگەڵ توندڕەوان و تیرۆریستاندا تـێکەڵ کردبێـت و ببن بە مایەی ئاژاوە و ناسەقامگیری لە کەرکوک.

ڕاپـۆرتەکە هەوڵـی کـوردی بـۆ گێـڕانەوەی کەرکـوک بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان لەگەڵ تەمـاح و فراوانخوازییەکـانی حکومەتەکـانی عێراقـدا بەراورد کردووە، کە هەموو هەوڵیان بۆ دەستگرتن بوو بەسەر سامانی نەوتـدا. خەبـاتی کورد لە کەرکوک بۆ نەوت نەبوو، چونکە لە کۆتاییدا و بەپێی دەستور نەوت لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا دەمێنێتەوە.

دووفاقیی ڕاپۆرتەکە جـارێکی تـر بەزەقـی دەردەکەوێ، کـاتێ بەرێـوەبەرە کـوردەکەی پـۆلیس بەچـالاکوانی سیاسـی لەقەڵەم دەدا، بەڵام لابردنـی ئەو و دانـانی تورکمانێـک لە شـوێنەکەی، کە ئەنـدامی پـارتێکی سیاسـیی تورکمـانییە وەک کـارێکی ئاسـایی مـامەڵەی لەگەڵـدا دەکـات. لە زمـانی هەنـدێ کەسـەوە ژمـارەی زۆر قەبە بـۆ ئەم پێکهـاتە و ئەو پێکهـاتە تۆمـار دەکـات، بەڵام کـاتێ ئەنجامەکـانی هەڵبژاردنەکـان ئەوە دەردەخەن کە ئەو ژمـارانە لە واقـیعەوە دوورن، یونامی لەو بارەیەوە هیچ ناڵێت، وەک ئەو ژمـارەیەی بـۆ تورکمانەکـانی خانەقین لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا باسی لێوە کـراوە. هەر بەم بـۆنەیەوە ڕاپـۆرتەکە بـۆ هەنـدێ ڕووداو کە لە خـانەقین ڕوویانـداوە پەنـا دەبـاتە بەر

ڕۆژنامەیەکی بەحرێنی وەک سەرچاوە. لە کاتێکدا کارمەندانی خۆی لەو شارە ئامادەییيان هەبووە و نوێنەرایەتی لە زۆر شار و ناوچەکانی عێراقدا هەیە.

ئەوەیشی ڕاپۆرتەکە لە زمانی هەندێ کوردەوە گێڕاویەتییەوە، کە دیداری لە گەڵیاندا کردووە، زۆر تێکەڵوپێکەڵ و ناکۆکن. هەندێ قسە بەناوی کەسانی کوردەوە تۆمار کراون، زۆر ڕێی تێناچی کورد هەبێت شتی وا بڵێ. زۆر لەو وتانەی بە ناوی کوردەوە تۆمار کراون، مرۆڤ بەئاسانی دەتوانێ بزانێت ئایە ئەم قسانە عەرەب یا تورکمان کردوویانە. بۆ خۆم وای بۆ دەچم لێرەدا قسەکانی نوێنەرانی کورد و تورکمان و عەرەب تێکەڵ بووبێتن و نەزاندرێ کام بۆچوون هی کێیە، بەتایبەتی ئاماژە بە هیچ ناوێک نەکراوە. بۆ نموونە کاتێ باس لە هاتنی عەرەب دەکرێت بۆ کەرکوک، گوایە کوردێک وتوویەتی لە سەدەی ١٧ەوە هاتوون و تورکمانیش پێش سەدەی شازدە لێرە ژیاون. ئەم زانیارییانە سەربارای ئەوەی دروست نین، بەقسەی کوردیش ناکەن. هەر لەم بوارەیشدا گوایە کوردێکی کەرکوک وتوویەتی تەعریب لە ساڵی ١٩٨٠ دا دەستی پێکردووە. ئەمەیش ڕێی تێناچێ چونکە تەعریب زۆر زووتر دەستی پێکردووە. بەگشتی لێدوانەکانی ئەو کوردانەی قسەیان لەگەڵدا کراوە زۆر هەژار و کەم زانیارین. نازانین ئەو کەسانە چۆن دیاری کراون بۆ ئەوەی دیداریان لەگەڵدا ساز بکرێت. ڕەنگبێ لێرەیش هەر حیزبەکان کەسانی خۆیان لە بری پسپۆران و شارەزایان ڕاسپاردبێت بۆ قسەکردن. مادام نێردەکە ئەوەندە کاتی بۆ کۆکردنەوە و گێڕانەوەی ئەو هەموو چیرۆکە خەرج کردووە، دەبوایە بیشگەڕێتەوە بۆ هەندێ سەرچاوەی متمانە پێکراو بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بەراوردێک بکات لە نێوان ئەو چیرۆکانە و زانیارییە مێژووییەکاندا، تاکو بەرهەمی کارەکەی بەم شێوە لاوازە تەواو نەبێت و بڵاونەبێتەوە.

یونامی بۆ گێڕانەوەی متمانە لە نێوان پێکهاتەکاندا، جارێکی تر تاوانی تەعریب، پاکتاوکردنی نەژادی لە دژی کورد و وێرانکردنی لادێکانی کوردستان بەهەمان پێوەر دەپێوێ کە بۆ تاوانەکانی ڕژێم لە دژی پارت و ڕێکخراوە سیاسییە نەیارەکانی بەکاری دێنێت. ئەمەیش مامەڵەیەکی نادادپەروەرانەیە لەگەڵ ئەو تاوانە گەورانەدا کە لە دژی کورد ئەنجام دراون، لە کاتێکدا دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغدا سەرانی ڕژێمی پێشووی بەو تۆمەتانە دادگایی دەکرد.

یونامی داوای ئەوەیش دەکات لایەنەکان ڕێکبکەون لەسەر دانانی کتێب بۆ قوتابخانەکان. هەرچەندە کارێکی باشە منداڵان لە کەرکوک و هەموو عێراق لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ، لێبوردەیی پەروەردە بکرێن، بەڵام نابێت ئەمە لەسەر حیسابی شێواندنی مێژوو و جوگرافیای شار و پارێزگاکە بێت. ئەمە کاری کەسانی شارەزا و پسپۆرە لە بوارەکانی پەروەردە و زانستە جۆراوجۆرەکاندا، نەک کاری چالاکوانی سیاسی و ئەندام حیزب و ڕێکخراوەکان.

ڕاپۆرتەکە زۆر جار دەستەواژەی ململانێ و پێکدادانی کورد و عەرەب دووبارە دەکاتەوە، لە کاتێکدا ململانێ و پێکدادان لە نێوان بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و حکومەتەکانی عێراقدا بووە. ئەوەیش سەیرە کە تیمەکەی یونامی تێکدانی گوندەکانی کورد لە نزیک کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک، وەک کردەوەی فراوانکردنی کاری کۆمپانیای نەوت وێنا دەکات، لە کاتێکدا ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو کردەوانە بەپێی پلانی پاکتاوکردنی کورد کران و گوندەکانی عەرەبیان نەدەگرتەوە. کاتێکیش نوێنەرانی پێکهاتەکان داوای یەکسانی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پڕۆژەکان و سەرورەیی قانون دەکەن، یەکسەر یونامی وای لێکدەداتەوە، کەواتا ئێستا ئەو شتانە لە سێبەری بەڕێوەبەرایەتی کوردیدا ناکرێن. هەندێ جاریش پاکانە بۆ کردەوەکانی ڕژێم دەکات، گوایە بۆ پاراستنی ئاسایش ئەو کارانەی کردووە.

لەو پڕۆژەیەشدا کە یونامی بۆ گفتۆکردن پێشکەشی کردووە سەبارەت بە دواڕۆژی کارگێڕی کەرکوک لە چوارچێوەی عێراقی فیدیرالیدا، ڕاپۆرتەکە کێشەی زۆری تێدایە کە دەکرێت لەم چەند خاڵەدا کورتیان بکەمەوە:

یەکەم: نێردەکە لەبەر هۆکارگەلێک کە نایانزانین، باس لە هۆکاری ڕاستەقینەی ئەم بارەی کەرکوک ناکات، کە سیاسەتی بەعەرەبکردنی بەردەوام بووە لەگەڵ هەموو لێکەوتە و شوێنەوارەکانیدا. هەر لەم دیدەیشەوە سڕینەوەی شوێنەوارەکانی ئەو سیاسەتەی نەکردووە بە ئامانج بۆ کارەکەی خۆی. مانەوەی تەعریب و لێکەوتەکانی بەربەست و ئاستەنگی سەختن لە بەردەم چارەسەری پرسی کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکاندا. یونامی بەپاساوی پاراستنی مافی پێکهاتەکان، دادپەروەری لە دابەشکردنی دەسەڵات بەپێی ژمارە و ڕێژەیان

کردووەتە قوربانی. لەم کارەیدا بەرژەوەندیی هەموو لایەنە نێوخۆیی و هێزە دەرەکییەکانی لەبەرچاو گرتووە، تەنها کورد نەبێ، کە وەک ئەڵقەیەکی لاواز لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی لێی دەڕوانێ، بۆیە داخوازییە ڕەواکانی ژێر پێ خستووە.

دووەم: یونامی زۆر جار ئەوە لە بیر دەکات، کە ئەو لە کێشەیەک دەکۆڵێتەوە لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا کە عێراقە، نەک لە نێوان دەوڵەتانی دژ بەیەک یا بزاڤێک کە داوای جیابوونەوە دەکات، بۆیە ئاماژەکردن بە ئەزموونی ڕاپرسی لە هەر یەک لە بۆسنیا، قوبرس، ئایرلەندا و تەیموری ڕۆژهەڵات لە جێی خۆیدا نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک.

سێیەم: دوای بەفیڕۆدانی ئەو هەموو ساڵە و بێ توانایی حکومەتی عیراق لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و هەنگاونەنانی بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارە دەستوری و سیاسییەکان کە ڕێکەوتنیان لە بارەوە کراوە، یونامی دێت و پێشنیازی دەمێکی تری گواستنەوەی کراوە دەکات، کە دەبێت لە مەیانیدا کۆمەڵێ هەنگاو و ڕێکار جێبەجێ بکرێن و کەس نازانێ چەند ساڵیان پێویست دەبێت. بۆ ئەمەیش دەبێ قوربانییانی سیاسەتی تەعریب و پاکتاوی نەژادی چەند ساڵی تر لە چاوەڕوانیدا بن. هەر بە خۆیان لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە کێشەی بیابانی ڕۆژئاوا دەکەن نزیکەی بیست ساڵ دەبێت لە چاوەڕوانی ڕاپرسیدایە و تاکو ئێستا لەسەر بەشداران و پرسیارەکانی ڕاپرسییەکە ڕێکەوتن نەکراوە.

چوارەم: ڕاپۆرتەکە باس لە کۆمەڵێ ڕێکاری ئاڵۆز دەکات بە بەشداری بەرفراوانی چەندین دەستە و دامەزراوەی نێودەوڵەتیی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، کە دەتوانێ ببێتە هۆی داسەپاندنی مەندەیتی ئەو ڕێکخراوە بەسەر ئەو ناوچانەدا. بەم شێوەیە پرسەکە لە دەست لایەنە عێراقییەکان دەردەکرێت و ئەمەیش دەبێتە هۆی دەستێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتی کە بارەکە ئەوەندەی تر ئاڵۆز دەکات.

پێنجەم: هەرچەندە یونامی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە پێشنیاز و بژاردەکانی ئەڵتەرناتیڤی ماددەی ١٤٠ ی دەستور نین، بەڵام لە ڕاستیدا بەم

پێشنیازانەی ئەو ماددەیە و هەموو ڕێکارە قانونی و دەستورییەکان پشتگوێ دەخات کە لە کاتی ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە ڕێکەوتنیان لەسەر کرا. ئەمە بازدانە بەسەر ماددەی ١٤٠دا و نەخشەیەکی نوێی جیاوازە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان. بەم کارەیشی نێردەکە سنووری ئەرکەکانی خۆی بەزاندووە، کە بریتین لە "پێشکەشکردنی ڕاوێژ و پشتیوانی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠".

شەشەم: یەکێ لە خاڵە هەرە نەرێنی و مەترسیدارەکان ئەوەیە کە یونامی ئەو بژاردەیەی پشتگوێ خستووە، کە دانیشتووانی کوردی ئەو ناوچانە و هەموو گەلی کورد لە گەڵیدایە، ئەویش بژاردەی گەڕانەوەی ئەو دەڤەرانەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان. ئاماژەنەکردن بەو بژاردەیە لە ڕاپۆرتەکە و لەو پرۆژەیەی بۆ گفتوگۆ پێشکەش کراوە، بێ لایەنیی یونامی دەخاتە ژێر پرسیارێکی گەورەوە. ڕاپۆرتەکە بەم شێوەیەی ئێستای ناتوانێ ببێتە نەخشەڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە. کوردیش ناتوانێ بەو بۆچوونانەی یونامی قایل بێت.

**سەرچاوە:**

تقرير بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق (يونامي) الخاص بالحدود الداخلية المتنازع عليها في شمال العراق، نيسان ٢٠٠٩.

## کەرکوک و مۆدێلی برۆکسل

هەندێ جار باس لە مۆدێلی برۆکسل دەکرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک. بەر لەوەی مرۆڤ بڕیار لە سەر ئەوە بدات، ئایە ئەو مۆدێلە بەکەڵکی کەرکوک دێ یان نا، پێویستی بە زانیاری هەیە دەربارەی بونیادی سیاسی دەوڵەتی بەلجیکا و مۆدێلی برۆکسل. بێ ئاگاداری و زانیاری لە بارەی ڕەوتی مێژوویی بەلجیکا و ئەو ژینگە سیاسی و فکرییەوە کە ئەم مۆدێلەی تێدا هاتووتە کایەوە و بێ ئەوەی بزانین لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و پێکهاتەکانی چین، ئەستەمە باسی لێوە بکەین و بیکەین بە نموونە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و بانگەشەی بۆ بکەین.

لە دەسپێکەوە دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم، کە ئێمە لێرەدا باس لە دوو جیهانی دوور لە یەک و دوو سیستەمی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی جیاواز دەکەین. مۆدێلی برۆکسل لە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی ڕۆژئاوایی پێشکەوتوو، لە سێبەری دەوڵەتی قانون، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکدی، گەشەکردنی ئابووری و خۆشگوزەرانیدا هاتووەتە کایەوە و بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژوویی سەد ساڵەیە. لە بەرامبەردا کێشەی کەرکوک لە وڵاتێکی وێران بەدەستی دەسەڵاتێکی زۆردار، یاخی لە قانون، دوور لە هەموو بەها مرۆییەکان دروست کراوە. تراژیدیای کەرکوک لە سێبەری کولتووری تاڵان و فەرهود و لە کۆمەڵگایەکی توندڕەوی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیدا هاتووەتە کایەوە. ڕەوتی مێژوویی، پێگەی جوگرافی و هەموو فاکتەرەکانی تر ڕۆڵیان زۆرە لە شێوازی چارەسەریی کێشەکاندا.

بۆ تێگەیشتن لە سیستەمی سیاسیی بەلجیک و ئەوەی بە مۆدێلی برۆکسل ناو دەبرێ، هەندێ زانیاریی گشتی دەخەمە ڕوو.

ژمارەی دانیشتووانی شانشینی بەلجیکا نزیکەی یازدە ملیۆن و نیوە و ڕووبەرەکەیشی ٣٢،٥ کم٢، واتا ئەوەندە و نیوی ڕووبەری پارێزگای کەرکوکە (١٩٥٤٣کم٢)، پێش لەتوپەتکردنی لە ساڵی ١٩٧٦ لەسەر دەستی حکومەتی بەعس. ژمارەی دانیشتوانی بەلجیکا ٣٥٨ ,٣٥٨ ,١١ کەسەو لەم ژمارەیە ٦،٥ ملیۆن لە فلاندەرن دەژین و ٣،٦ ملیۆن لە والۆنیا. لەم ژمارەیە ٥٤٪ی

هۆڵەنـدی زمـانن و ۳۸٪ی فەرەنسـی زمـانن و ۱٪ی دانیشـتووانیش کە ۷۳۰۰۰ کەسن ئەڵمانی زمانن. زیاتر لە ملیۆنێک بیانی لە بەلجیکا دەژین. ئەمانە بریتین لە هاووڵاتییانی کۆڵۆنیاکانی پێشووی بەلجیکا لە ئەفریقا، کرێکارانی مەغریبی و تـورک کە لە کـاتی خۆیـدا هێنـدران بـۆ ئـاوەدانکردنەوەی وڵات لە دوای وێرانکارییەکـانی شـەڕی دووەمـی جیهـانی، هاووڵاتییـانی ئیسـپانیا و ئیتالیـا و وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا لەگەڵ دەیان هەزار پەنابەر. زمانەکـانی ئەمـانە بەسـەر یەکەوە نزیکەی ۷٪ زمانی دانیشتووان پێکدێنن.

ژمـارەی دانیشـتووانی برۆکسـلی پایتەخـت زیـاتر لە ۱۲۰۰۰۰۰ کەسـن، هەرچەنـدە زمـانی فەرەنسـی زمـانی زۆریـنەیە، ۸۰۰۰۰۰ کەس، بەڵام زمـانی فلامەندیش پێگەیەکی گرنگـی هەیە و ژمـارەیەک زۆر لە دانیشـتووان بە هەردوو زمان قسە دەکەن. دوو لە سەر سێی دانیشـتووانی برۆکسـل بە فەرەنسـی قسـە دەکەن و ئەوانـی تـر بە فلامـی. برۆکسـل وەک ناوەنـدی یەکێتـی ئەورووپـایش، ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی یەکێتی ئەورووپا لە شارەکە دەژین.

بەلجیکا بە شێوەیەکی قانونی لە سـاڵی ۱۹۹۳وە دەوڵەتێکـی فیـدیرالییە، بەڵام بە واقیعی لە ساڵی ۱۹۸۰وە وەک دەوڵەتێکی فیدیرالی بەڕێوە دەچێت. لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە ململانێ لە بارەی زمانەوە و دواتریش لە بارەی ئابوورییەوە لە نێوان فلامی و ڤالۆنەکان لە ئارادایە، بەڵام دەوڵەت هەوڵـی داوە لەڕێـگەی داننـانەوە بە مـافی هەمـوو هاووڵاتیانـدا کێشـەکان چارەسـەر بکـات. تەنـانەت هەنـدێ بـزووتنەوە لەسـەر بنەمـای جیـاوازیی زمـان گەشـەیان کـرد و پێگەیان لە سیستەمی سیاسیی وڵاتدا بەهێز بوو و هێزی وەها پەیدا بوون باس لە دوو دەوڵەت بکەن یـا باسـی ئەوە بـکەن فلانـدەرن بخـرێتە سـەر هۆڵەنـدا و والۆنیا بخـرێتە سـەر فەرەنسـا، بەڵام هێشـتا زۆربەی هەرە زۆری بەلجیکییەکـان لەگەڵ مـانەوەی بەلجیکـان وەک یەک وڵات. هەموویشـیان بە پـێچەوانەی عێراقییەکـانەوە خۆیـان بە بەلجیکـی دەزانـن. نە هۆڵەنـدیزمانەکان خۆیـان بەهۆڵەنـدی دەزانـن، نە فەرەنسـیزمانەکان خۆیـان بە فەرەنسـی دەزانـن و نە ئەڵمانیزمانەکانیش خۆیان بە ئەڵمان دەزانن. سیستەمی فیـدیرالی دیموکراسـی، دەوڵەتی قانون، یەکسانی، خۆشگوزەرانی، داننـان بەوی دیـکەدا، بەرژەوەنـدیی

ئـابووری و کولتـووری ئەوروپـایی هـاوبەش توانیویـانە لەو پێکهاتـانە گەلێکـی سـەربەخۆ و تایبەتمەنـد بەنـاوی گەلـی بەلجیکـا بئـافرێنن. بەلجیکـا لە سـاڵی ۱۸۳۰یەوە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، واتـا ۱۸۹ سـاڵە و زیـاتر لە بیسـت و پێـنج ساڵیشە دەوڵەتێکی فیدیرالییە.

دەوڵەتی عیراق بە پێچەوانەوە نەک هەر نەیتوانیوە لە پێکهاتە و گرووپە جیاوازەکان، کە بە وتەی فەیسەڵی یەکەم هیچ شتێک پێکەوەیـان گـرێ نـادات، گەلێکـی عیراقـی سـەربەخۆ و تایبەتمەنـد پێکبهێنێـت. بە پـێچەوانەوە بە هـۆی سیاسـەتی قڕکـردن، پاکتـاوکردنی نەژادی، تـاڵان، تونـدوتیژیی نەتەوەیـی و مەزهەبییەوە، ڕق و کینەیەکی ئەستووری وای لە دڵـی پێکهاتەکـانی ئەو وڵاتەدا دروسـت کـردووە، کە بـاوەڕ ناکرێـت بەر لە دروسـتبوونی دەوڵەتـی عیـراق بەو ئەندازەیە لە نێوان خەڵکی ئەو دەڤەرانەدا لە ئارادا بـووبێ. ئەوەنـدەی شـیعە و سوننە ڕقیان لە یەکە مەگەر تەنها عەرەب و جوو ئەوەندە کینەیان لە دڵـدا بـێ بەرامبەر بەیەک. بەلای ڕێژەیەکی زۆری عەرەبی عیراق و دەرەوەی عیراقیشـەوە بە سڕینەوەی کورد و کوردستان لە سەر نەخشـەی عێـراق، نەتەوەی عەرەب لە کێشەیەکی گەورە ڕزگاری دەبێت. بۆ دەیان ساڵ هەوڵ درا کـورد بەزۆر بکرێـت بەعەرەب، لەم ساڵانەی دواییشدا بەلای توندڕەوانی ئیسلامی سـوننەی عەرەبەوە کورد بەبێ دین ڕاگەیاندرا. بەلای هەندێ ئاخوندی شیعەی عەرەبیشەوە ئیمـامی مەهـدی گەڕانەوە و پەیـامەکەی بە قڕکردنـی کـورد دەسـت پێـدەکات. سـۆزی تورکمانیش بۆ تورکیا دە ئەوەندەیە کە بۆ عیـراق هەیـانە. کرسـتیان و کەمیـنە ئاینییەکانی تری عێراقیش هەست دەکەن لە دۆزەخدا دەژین.

خەڵکی عێراق بە ناچاری و لەبەر بەرژەوەندیی دەوڵەتانی زلهێزی دونیا و ناوچەکە لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا ماونەتەوە. دەنگدانی ۹۳٪ ی کـورد بـۆ سەربەخۆیی کوردستان بەڵگەیەکی درەوشاوەی ئەم بۆچوونەیە. بەهەمان شێوە عەرەبـی شـیعە پـڕ بە دڵ حەز دەکەن دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ بـۆ خۆیـان لە باشـوور و هەنـدێ دەڤەری نێوەڕاسـتی عێـراق دابمەزرێـنن، بەڵام لەم سـاڵانەی دواییدا بەهۆی ئەوەی هێزی زۆریان پەیدا کردووە، تەماحی ئەوەیـان لەلا پەیـدا بووە هەموو عێراق یا هیچ نەبێت بەشـی زۆری بـخەنە ژێـر کـۆنترۆڵی خۆیـانەوە

دانیشتووانەکەی بکەن بە شیعە و ئەوانی تر پاکتاو بکەن. عەرەبی سوننەیش بەناو داوای عیراقێکی یەکگرتوو دەکەن، بە مەرجێ خۆیان خاوەن بڕیار بن تێیدا، بەڵام کاتێ ئەمەیان بەتەواوی لەدەست دا ئێستا زۆربەیان داوای فیدیرالی دەکەن، چونکە دەزانن ناوچەکانیان هەژارن و توانای ژیانی سەربەخۆیان نییە.

ئەم سەرزەمینەی ئەمڕۆ بە بەلجیکا نێودەبرێ، بەشێکە لە سەرزەمینە نزمەکان کە هۆڵەندا، بەلجیکا و لۆکسەمبورگی ئەوڕۆ دەگرنەوە (ئێستا بە بێنەلۆکس نێودەبرێت، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی پیتی یەکەم و دووەمی هەر یەک لە بەلجیکا، هۆڵەندا و سێ پیتی یەکەمی لۆکسبمورگ).

تایبەتمەندیی پێگەی جوگرافی و ڕەوتی مێژوویی و کولتووریی بەلجیکا لەوەدایە کە کەوتۆتە نێوان هەردوو جیهانی جەرمانی و لاتینییەوە و هەمیشە لە ژێر کاریگەریی کولتووری، ئاینی، سیاسی و ئابووریی ئەم دوو جیهانەدا بووە. بەر لە سەربەخۆیی (ساڵی١٨٣٠) بەلجیکا هەمیشە بەشێک بووە لە یەکێ لەو دوو جیهانە کولتووری، ئاینی و سیاسییە، بۆیە ئەم پێگە جوگرافی و ڕەوتە مێژووییە تایبەتە، باری فرەزمانی و فرەکولتووری کردۆتە بەشێک لە پێکهاتە و ناسنامەی بەلجیکا. لەمەیشدا بەلجیکا بەدەر نییە لە گەلێ دەڤەری تری ئەورووپا و جیهان کە خاوەن پێگەی جوگرافی و ڕەوتی مێژوویی هاوچەشنن. ڕەنگبێ سویسرا نموونەیەکی تری لەبار بێ بۆ ئەو جۆرە هەڵکەوتە جوگرافی و ڕەوتە مێژووییە. ئەم فرەزمانی و فرەکولتوورییە لە ئەورووپا لە دوای بڕانەوەی شەڕی ئاینی و نەتەوەیی بووە بە مایەی دەوڵەمەندی و گەشەکردن. فرەزمانی و فرەکولتووری لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە زۆربەیان دەستکردن و بناغەی یەکێتییان فشۆڵ و لاوازە، هەمیشە وەک فاکتەری دڵەڕاوکێ و هەڕەشە لەسەر یەکێتی ئەو دەوڵەتانە سەیر دەکرێ، هەر بۆیە کراوە بەمایەی ڕق و کینە و بەدگومانی لە نێوان پێکهاتەکاندا. یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی تراژیدیای کورد لەوەدایە کە وڵاتەکەی لە نێوان سێ جیهانی ئێرانی و تورکی و عەرەبیدایە. هەر ئەوەیشە کوردستانی کردووە بە یەکێک لەمەلبەندە فرەزمان و فرەکولتوورەکانی ئەو دەڤەرە. هەڵبەتە دەبێ لێرەدا ڕەوتی مێژوویی تایبەتی ئەم دەڤەرە و هاوبەشیی کولتووری و ئاینی و مەرجە جوگرافییەکان لە بەرچاو بگیردرێن.

جیـاوازیی زمـان و کولتـوور له نێـوان دەڤەرەکـانی بەلجیکـادا بـووە بە بناغەی بونیـادی سیسـتەمی فیـدیرالی دەسـتوریی بەو شـێوازەی کە ئەمـڕۆ لەو وڵاتە دەیبینـین. دەتـوانین سـاڵی ١٥٨٥ بەخـاڵی وەرچەرخـان لە مێـژووی سەرزەمینە نزمەکان دابنێین، لەو ساڵەدا شاری ئەنتڤێـرپن خـۆی دا بەدەست دۆقـی پارمـاوە، کە سـەرکردایەتی سـوپای ئیسـپانیای دەکـرد. لەو کـاتەوە سەرزەمینە نزمەکان بوون بە دوو بەشەوە. بەشی باکوری، واتا هۆڵەندای ئەمڕۆ بەرەو گەشەکردن و سەدەی زێڕینی خـۆی هەنگـاوی نـا، لە کاتێکدا بەشـەکەی تری کە تا ئەو کـاتە لە گەشـەکردندا بـوو، کەوتە ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریـای ڕۆمـانی پیـرۆزەوە، کە بە وتەی ڤـۆلتێر نە ئیپمراتۆریـا بـوو و نەرۆمـانی و نە پیـرۆز. لەو دەمەوە ئەم دەڤەرە بـوو بە گۆڕەپـانی دەسـەڵاتی ڕەهـای کڵێسـای توندڕەوی کاتۆلیکی ئیسپانی و دادگاکانی پشکنین، لە ڕەوتی گەشەکردن وەدوا کەوت، کۆنەپارێزی و توندوتیژی بـاڵی ڕەشـیان بەسـەریدا کێشـا. ئاشـکرایە کە کڵێسای کاتۆلیکی ئیسپانی دوای بەدەستهێنانی سەرکەوتن و دەرکردنی عەرەب لە ئەندەلوس ساڵی ١٤٩٢، زۆر توندڕەوانە هەڵسوکەوتی دەکرد و دوژمنـایەتی هەموو پێشکەوتن و ئازادییەکی بیر و چالاکییەکی مرۆیی دەکرد. کاربەدەستانی کڵێسا و لایەنگرانی، پرۆتستانتەکانی بەلجیکایان ناچار کرد بگەڕێنەوە بـۆ سـەر ڕێبازی کـاتۆلیکی، ئەگینـا یـا مـردن یـا هەڵهـاتن لە وڵات چـاوەڕوانی دەکـردن. دەیـان هەزار پرۆتسـتانتی بەلجیکـا ڕوویـان کـردە هۆڵەنـدای ئەوڕۆ و ڕۆڵێکـی گەورەیـان لە گەشـەکردنی ئـابوریی و کلتـووریی ئەم وڵاتەدا بینـی، چـونکە زۆربەیان خاوەن پیشە و دەستڕەنگین بـوون و سـەرمایەیەکی زۆریشـیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ هۆڵەندا هێنا. بە وتەی هەندێ لە مێژوونووسـان شـاری ئەمستەردام لە گونـدێکی ماسـیگرانەوە گەشـەی کـرد و بـوو بە ناوەنـدێکی بازرگـانی و پیشەسـازیی گرنـگ. هەروەهـا شـارەکانی ئوترێخـت و لایـدنیش بە هـۆی ئەو کـۆچەی پرۆتسـتانتەکانی بەلجیکـاوە گەشـەی زۆریـان کـرد. ئەمە لە کاتێکـدا شارەکانی فلاندەرن و برابانت دواکەوتن و بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان نیـوەی دانیشتووانیان لە دەست دان. بەو شێوەیە باشـووری سـەرزەمینە نزمەکـان بـوو بەوێرانگەیەکـی ئـابووری. هاوتەریـب لەگەڵ پرۆسـەی وێرانبـوونی ئابووریـدا،

سیاســەتەکانیش ڕواڵەتــی لۆکاڵییــان وەرگــرت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوویــان لە ناوچەگەرایی کرد. کاربەدەست و سـەردارە دونیـایی و ڕۆحییەکـان ناچـار بـوون خۆیان تەنها بەکاروبارە ناوچەیی و بڕیارە بچووکەکانەوە خەریک بکەن، چـونکە پرسـە چارەنووسسـاز و گرنگەکـان لە ئیسـپانیا و دوای ئەویـش لە ئـوترێش (نەمسـا) بڕیاریـان لەسـەر دەدرا. لە ئاسـتی کلتـووریش باشـووری سـەرزەمینە نزمەکان دوا کەوتن.

زمانی هۆڵەندی گۆشەگیری زاراوە و دیالێکتەکان بوو، لەبەرامبەردا زمـانی کارگێڕی زیـاتر دەبـوو بە فەرەنسـی و پرۆسـەی بەفەرەنسـیبوون بـێ کۆسـپ و تەگەرە تەشەنەی دەکرد. لە سـەدەی هەژدەوە زمـان و کولتـووری فەرەنسـی لە هەموو دەربارەکانی وڵاتانی ئەوروپـادا بـاو بـوو، تەنـانەت لە دەربـاری وڵاتێکـی دوورەپەرێزی وەکو ڕووسیادا زمان و کولتووری فەرەنسی باڵادەست بوون.

بەڵام لە سەر ئاستی خەڵک هەر زمان و دیالێکتە خۆجێیەکـان باڵادەسـت بوون. هەر لەو کاتەوە سنوورێکی زمانەوانی لە نێوان هەردوو زمانی فەرەنسی و هۆڵەندیدا هاتە کایەوە کە تـاوەکو ئێسـتایش لەگەڵ گۆڕانکـارییەکی کەمـدا هەر لەئارادایە. ئەم دابەشبوونە بە گوێرەی ڕێکەوتننامەی ئاشتی وێستڤالیا لە ساڵی ١٦٤٨ بوو بە ڕاستییەکی قانونی. ئەم ڕێکەوتننامەیە کۆتایی بەشـەڕی ئـاینی و مەزهەبی نێوان پرۆتستانت و کاتۆلیکەکانی ئەوروپا هێنا. هەردوولا گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ناتوانن یەکتر قڕ بکەن، بۆیە دەبـێ دان بە هەبـوونی یەکدا بنـێن. داننـان بەوی دیـدا پێداویسـتییەکی سـەرەکی هەمـوو پێشـکەوتنێکی سیاسـی و کولتووری و فیکرییە. لە ڕۆژهەڵاتی ئێمەدا تاوەکو ئێستا ئەم بنەمـایە نەک هەر سەرکەوتنی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە، بەڵکو لەم ساڵانەی دواییدا پاشەکشەی ترسناکی کردووە و ئەمەیش بووە بە مایەیماڵوێرانی و کارەساتی گەورە.

بۆ ماوەیەکی درێژ لە دوای سەربەخۆیی بەلجیکا لە سـاڵی ١٨٣٠ بـژاردەی فەرەنسیزمان باڵادەسـت بـوو لە ئاسـتەکانی دەسـەڵاتی سیاسـی و ڕۆشـنبیریدا. ئەمەیش تا ئەندازەیەک پابەند بوو بە باڵادەسـتیی کولتـوور و زمـانی فەرەنسـی لە ئەوروپا لە سەردەمی ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسی و دەسەڵاتی ناپلیۆندا. لەگەڵ ئەوەیشـــدا هۆڵەنـــدیزمانەکان هەر زوو لە دوای ســـەربەخۆیی کەوتـــنە

داواکردنی یەکسانیی زمانەکان. هێشتا نیو سەدە بەسەر سەربەخۆیی بەلجیکادا تێنەپەڕیبوو، کاتێ قانونەکانی زمان دەرکران. پێشکەوتنی ئابووری هەرێمی فلامەکان (فلاندەرن) دوای شۆڕشی پیشەسازی هۆیەکی گرنگ بوو بۆ پەرەسەندنی ئەم داخوازییانە.

پرۆسەی بە فیدیرالی بوونی بەلجیکا پرۆسەیەکی درێژخایەن و ئالۆز بوو و زیاتر لە سەدەیەکی ڕەبەقی خایاند، پرۆسەکە بە قانونەکانی زمان دەستی پێکرد. ئەم قانونانە تایبەت بوون بە زمانەکانی وڵات و ڕێکخستنی بەکارهێنانیان کە لە ماوەی نەوەد ساڵدا دەرکران. لەئەنجامی ئەو زنجیرە قانونانەدا هەرسێ زمانی هۆڵەندی، فەرەنسی و ئەڵمانی وەک زمانی ڕەسمی لە وڵاتدا دانیان پێدانرا. هەڵبەتە پرس و کێشەکانی نێوان کۆمەڵگا زمانەوانی و کولتوورییە جوداکان بەو قانونانە کۆتاییان پێنەهات. چارەسەرکردنی ئەو پرس و کێشانە پێویستییان بە گۆڕانکاریی گرنگ و زۆر هەبوو لە دەستوری وڵاتدا.

ئەو ڕیفۆرم و گۆڕانکارییانە دامەزراندنی دەوڵەتی فیدیرالییان لێکەوتەوە و بریتی بوون لە پێنج هەنگاوی سەرەکی گۆڕانکاری لە سیستەمی دەوڵەتدا و لە ساڵانی ١٩٧٠، ١٩٨٠، ١٩٨٨-١٩٨٩، ١٩٩٣ و ٢٠٠١دا ئەنجامدران. لە کۆتاییدا لە ١٤ تەمموزی ١٩٩٣ پارلەمانی بەلجیکا دەنگی لە سەر پاشایەتی فیدیرالی دەستوریی بەلجیکا دا. لەو ڕۆژەوە دەوڵەتی فیدیراڵی بەلجیکا لە سێ هەرێمی فیدرالی کە هەرێمەکانی فلاندەری یا فلامی، والۆنی و برۆکسلی پایتەخت و چوار کۆمەڵگای زمانەوانی و کولتووری: هۆڵەندیزمان، فەرەنسیزمان، ئەڵمانیزمان و دووزمانیی هۆڵەندی و فەرەنسی- برۆکسلی پایتەخت پێکهاتووە و سیستەمەکە کەوتە واری ژیانەوە و بوو بەڕاستییەک.

دانان بە ناسنامە و تایبەتمەندیی ناوچەیی و کولتووریی دەڤەرەکان و بونیادی فیدیرالی هەرێمەکان ئەرکی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان ئاسان کرد. لە یەکەمین ریفۆرمی دەستوریدا کە لە ساڵی ١٩٧٠ ئەنجامدرا، سێ دەڤەری کولتووری دامەزرێندران. ئەمە لە دیدی قانونییەوە سەرەتای پرۆسەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی بەلجیکا بوو. لەدایکبوونی ئەم سێ دەڤەرە

کولتـــوورییه هەر وەک لە ناوەکەیـــان دەردەکەوێ نیشـــانەی ئۆتۆنـــۆمییەکی کولتـــووری بـــوو. لەگەڵ ئەوەشـــدا دەســـەڵاتی ئەم دەڤەرە کولتووریيـــانە زۆر سنووردار بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا وەڵامێک بوو بۆ داخـوازیی فلاَمییەکـان کە داوای ئۆتۆنۆمیی کولتوورییان دەکرد بۆ پاراستنی زمان و کولتـووری خۆیـان لە بەرامبەر زمان و کولتووری باڵادەستی فەرەنسیدا.

هەر بەپێی هەمان ریفـۆرمی دەسـتوری سـاڵی ١٩٧٠ بنـاغەیش دانـدرا بـۆ دامەزرانـــدنی ســـێ دەڤەری ئـــابووری، کە دەبـــوایە لە نێـــوان پارێزگـــا و شارەوانییەکاندا لەسەر ئاستی ئـابووری چـالاک بوونـایە. دامەزرانـدنی ئەم سـێ دەڤەرەیش وەڵامێک بوو بۆ داخوازیی فەرەنسی زمانەکانی والۆنیا و برۆکسل بـۆ ئۆتۆنـــۆمییەکی ئـــابووری. لە کاتێکـــدا فەرەنســـیزمانەکان لەگەڵ ئۆتۆنـــۆمیی کولتووریـدا نەبـوون، بەڵام بـۆ هۆڵەنـدیزمانەکان گرنـگ بـوو چـونکە پێشـی لە پرۆســەی بە فەرەنسـیکردن دەگـرت، فلاَمییەکـانیش بە هـۆی بـاری ئـابووری باشیانەوە لەگەڵ دامەزراندنی دەڤەرە ئابوورییەکاندا نەبـوون لە وڵاتێکـدا کە بـۆ خۆیان زۆرینەی دانیشتووانیان پێکدەهێنا .

لە سـاڵی ١٩٨٠دا دووەم ریفـۆرمی دەســتوری ئەنجامــدرا کە تەواوکەری ئەوەی پێشوو بوو. یەکە کولتوورییەکان، واتا کۆمەڵگاکـان کە لە سـەر بنەمـای زمـان و کولتـوور دامەزرابـوون و لەمەودوا هەر بە کۆمەڵگەکـان نێویـان دەبەم، بـوون بە یەکەی کـارگێڕی و کـۆمەڵێ دەسـەڵات و ئەرکیـان لە چەنـد بـوارێکی ژیاندا گرتە ئەسـتۆی خۆیـان. ئەمـانە نـاوی کۆمەڵگاکـانی فلاَمـی، فەرەنسـی و ئەڵمانییان لێ نران. هەر یەک لەم کۆمەڵگایانە پارلەمان و حکـومەتی تـایبەتیی خۆیـان هەیە. هەر بەپێـی ئەم ریفۆرمـانە سـێ هەرێمـی فلانـدەرن و والۆنیـا و برۆکسلی پایتەخت دامەزرێندران، کە ئەمانەیش پارلەمان و حکومەتی تـایبەتیی خۆیـان هەبـوو. ئەوەی پەیوەنـدی بە هەرێمـی برۆکسـلەوە هەبـوو بـۆ مـاوەیەک لەسەر کاغەز مـایەوە و جێبەجـێ نەکـرا، چـونکە لایەنەکـان نەیـانتوانی لەسـەر پرسەکان رێک بکەون.

هۆڵەندیزمانەکان هەر لە سەرەتاوە پارلەمان و حکومەتەکـانی کۆمەڵگـا و هەرێمەکەی خۆیان تێکەڵ بەیەک کرد و یەک پارلەمان و حکومەتیـان دامەزرانـد

و له برۆکسلی پایتەخت جێگیریان کردن. فەرەنسیزمانەکان بە پێچەوانەوە هەموو دەزگا و ئۆرگانە کۆمەڵگایی و هەرێمییەکانیان هێشتەوە.

کاتێ کاروانی پرۆسەی بە فیدیرالیکردنی بەلجیکا بەڕێ کەوت، کێشەی برۆکسل بە توندی خۆی بە سەر دانوستانەکاندا سەپاند. هەرچەندە هەرێمی برۆکسلی پایتەخت وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، لە ساڵی ١٩٧٠ وە لە سەر کاغەز دامەزرابوو، بەڵام نەکرا جێبەجێ بکرێ و بخرێتە واری ژیانەوە، چونکە دید و بۆچوونەکان لە نێوان هەردوو کۆمەڵگای فلامی و والۆنیدا لەیەک دوور بوون. بۆیە پرسی برۆکسل دواخرا بۆ ریفۆرمی سێیەم کە لە ساڵی ١٩٨٨-١٩٨٩ ئەنجامدرا. بەپێی ئەم ڕێفۆرمە برۆکسل کرا بە هەرێمێکی تایبەت بە نێوی هەرێمی برۆکسلی پایتەخت، ئەمیش وەک هەردوو هەرێمەکەی تر پارلەمان و حکومەتی خۆی دامەزراند. هەر بەپێی ڕیفۆرمەکانی ١٩٨٨ ـ ١٩٨٩ ئۆرگانەکانی کۆمەڵگە و هەرێمەکان دەسەڵاتی زیاتریان پێدرا و بوار و مەودای ئەرک و کارەکانیان فرانتر بوون. کۆمەڵگاکان بوارەکانی فێرکردن و پەروەردە و کولتووریان بە واتا فراوانەکەی وەرگرت، هەرێمەکانیش بوارەکانی هات و چۆ و کاروباری گشتییان کەوتە ئەستۆ. پرۆسەی بە فیدیرالیبوونی بەلجیکا بەریفۆرمەکانی ساڵی ١٩٩٣ کۆتایی پێهات کاتێ پارلەمانی وڵات دەنگی لەسەر ئەم ڕێفۆرمانە دا. بەو شێوەی بە فەرمی هەموو دەسەڵات و بوارەکانی کار و چالاکی کۆمەڵگا و هەرێمەکاندا دیاری کران.

بەندی یەکەمی دەستوری بەلجیکا، کە جاران بەم شێوەیە دارێژرابوو (بەلجیکا لە ئۆستانەکان پێکدێ) گۆڕدرا و بوو بە (بەلجیکا دەوڵەتێکی فیدیرالیە لە کۆمەڵگا و هەرێمە فیدیرالیەکان پێکدێ). لەو ساتەوە دەوڵەتی فیدیرالی بەلجیکا بوو بە ڕاستییەکی دەستوری. بە دامەزراندنی سیستەمی فیدیرالی قانون و بڕیارەکان وەک جاران تەنها لە دەستی حکومەت و پارلەمانی فیدرالیدا نەمان، بەڵکو درانە دەستی کۆمەڵێ دەزگا و ئۆرگانی هاوکار و هاوبەش، کە بەسەربەخۆیی هەر یەکەیان لە بواری خۆیدا ئەرک و کارەکان ئەنجامدەدا.

ئەو ڕیفۆرمـانە بەلجیکایـان لە دەوڵەتێکـی یـونیتێری یەک حکـومەتییەوە گۆڕی بۆ سیستەمێکی چەند یەکەیی ئاڵۆز کە لە سێ پـایە پێکدێ. لە پـایەی هەرە سەرەوەدا حکومەتی فیدیراڵی و ئۆرگانەکانی و حکومەت و پاڕلەمانەکـانی کۆمەڵگـا و هەرێمەکـان دێـن. ئەمـانە لە سـەر زەوی و ئاسـتی قـانونی هاوتـا و هاوسانن. تەنها بوارەکانی کار و چالاکی و دەسەڵاتەکانیان جیـاوازن. لە پـایەی دووەمـدا، یـان خـوارتر، پارێزگـا یـا ئۆسـتانەکانی وڵاتـن دێـن کە ژمارەیـان ١٠ دانەیە. تاکو ساڵی ١٩٩٣ پارێزگاکـان راسـتەوخۆ لە ژێـر کـۆنترۆڵ و چـاودێریی حکومەتی ناوەندیدا بوون. بەڵام لەو ساڵە بەدواوە ئۆستانەکان لە ژێر چاودێری هەمـوو دەسـەڵاتە باڵاکانـدان، واتـا هەمـوو ئەوانەی لە سـەر پـایەی یەکەمـین راوەستاون (فیدیرالی و کۆمەڵگایی و هەرێمی).

لە پـایەی سـێیەمین و هەرە ژێـرەوە شـارەوانییەکان دێـن، کە نزیکتـرین ئۆرگــانن لە هاووڵاتیــانەوە و ئەمــانیش لە لایەن حکــومەتە باڵاکــانی پــایەی یەکەمینەوە چاودێری دەکرێن.

پرۆســەی دابەشــکردنی دەســەڵاتەکان لە بەلجیکــا بە دوو ڕێچــکەی هاوتەریبـدا دەڕۆن. ڕێچـکەی یەکەمیـان پەیوەنـدی بە زمـانەوە هەبـوو، کە لە راستیدا هەموو ئەوەی پێـی دەوتـرێ کولتـوور. لێرەدا کۆمەڵگاکـان لە ئـارادان. وشەی کۆمەڵگاکان بۆ خۆی ئامـاژە بەو خەڵکـانە دەکـات کە زمـان و کلتـووری هـــاوبەش کۆیـــان دەکـــاتەوە (هۆڵەنـــدیزمانەکان، فەرەنســـیزمانەکان و ئەڵمانیزمانەکان). ڕێچکەی دووەمیش بەرژەوەندییە ئابوورییەکان دەیانجووڵێنێ. دەڤەرە جوداکان کە داوای ئۆتۆنۆمی ئابووریيان دەکرد، ئەم بەرژەوەنـدییانەیان وەکـو بەڵـگە پێشـان دەدا. سـازکردنی سـێ هەرێـمەکە (فلانـدەرن، والۆنیـا، برۆکسـلی پایتەخـت) لە ئەنجـامی ئەم هەوڵانەدا بـوو. ئەم هەرێمـانەی بەلجیکـا هاوچەشنی ویلایەتەکانی ئەمریکا و زەمینەکانی ئەڵمانیان.

لەتەک کۆمەڵگـا و هەرێمەکانـدا بەلجیکـا هێشـتا لە ١٠ پارێزگـا و ٥٨٩ شارەوانی پێکدێ. سەرباری ئەو دابەشکردنەی دەسەڵات و ئەرکەکان، حکومەتی فیـدرالی هێشــتا دەســەڵاتی گرنگــی لە دەســتدایە، وەک: کاروبــاری دەرەوە، بەرگــری، دادوەری، دارایــی، ئاسایشــی کــۆمەڵایەتی و هەنــدێ بــواری گرنگــی

لەشساغیی گشتی و کاروباری نێوخۆ. بەڵام ئەم دەسەڵاتانە ڕێگەیان لەوە نەگرتووە کە کۆمەڵگا و هەرێمە فیدیرالییەکان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا پەیوەندی گرێبدەن بە تایبەتی لە بواری ئابووری و بازرگانیدا.

بە شێوەیەکی تریش دەتوانین باس لەم هەرەمی دەسەڵاتە لە بەلجیکا بکەین: لەسەر ئاستی فیدیرالی (شای بەلجیکا،- حکومەت، پارلەمانی فیدیرالی، کە لە دوو ژوور پێکدێ: ژووری نوێنەران و ژووری سیناتۆرەکان، — سینات، کە لای ئێمە زۆر بەژووری پیران نێو دەبرێ. لەسەر ئاستی هەرێمەکانیش (هەرێمی فلاندرن، هەرێمی والۆن و هەرێمی برۆکسلی پایتەخت). لەسەر ئاستی کۆمەڵگاکانیش (فەرەنسیزمانەکان، هۆڵەندیزمانەکان و ئەڵمانیزمانەکان و برۆکسلی پایتەختی دووزمان). پارێزگاکانیش بەم شێوەیە دابەش بوون: ٥ فلامی، ٥ والۆنی، شارەوانییەکانیش کە ٥٨٩ شارەوانین ٣٠٨ یان فلامی، ٢٦٢ یان والۆنی و ١٩یان لە برۆکسلە، دەڤەری ئەڵمانیزمانەکان و شارەوانییەکانی لەنێو هەرێمی والۆنیادایە.

برۆکسلی پایتەخت، وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کۆسپێکی گەورە بوو لەسەر ڕێگەی بنیاتنانەوەی دەوڵەتی بەلجیکا و دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان کۆمەڵگا و هەرێم و پارێزگا و شارەوانییەکاندا. دەبێ ئەوەیش بڵێم کە دانیشتووانی برۆکسل داواکاری زۆریان لە بارەی پرۆسەکەوە نەبوو، وەک ئەوەی سەبارەت بە فلاندەرن و والۆنیا بگرەوبەردە و ململانێیان لەسەر دەکرا و برۆکسلیان کردبووە کرۆکی پرسەکان. زۆر جار پرسی برۆکسل لە یەک ڕستەدا کورت دەکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە برۆکسل شارێکی فلامییە بەڵام زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی فەرەنسیزمانن .

برۆکسل گەورەترین شارە کە بە هۆڵەندی قسەی تێدا دەکرێ، هەڵبەتە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو دانیشتووانی برۆکسل دەتوانن بە هۆڵەندی قسە بکەن. لە هەمان کاتدا برۆکسل پێنجەمین گەورەترین شاری فەرەنسیزمانە لە جیهاندا کە لە دوای پاریس، مۆنتریال، مارسێل و لیۆن دێ. نزیکە ٣٠٪ ی دانیشتووانی برۆکسل بە ڕەچەڵەک بەلجیکی نین (ئەمانە: ئیتاڵی، ئیسپانی، مەغریبی، تورک، یۆنانی و کۆسۆڤۆیی ...تاد). بەشێک لەمانە بریتین لەوانەی

پێیانــدەگوترێت کرێکــارە میوانەکــان و هەروەهــا نەوەکــانی ئەو کرێکــارانەن. بەشەکەی تریان پەنابەر و ئەو بیانییانەن کە لە دەزگا و ئۆرگانەکانی یەکێتـی ئەورووپا کار دەکەن. لە هەر دە منداڵ، کە لە برۆکسل دێنە دونیـاوە، چواریـان لە باوک و دایکی بیانین.

ســاڵی ١٩٠٠ بە بریــاری ســەرۆک شــارەوانی ئەو دەمەی برۆکســل نێـوی شەقام و کۆڵان و گۆڕەپان و دەزگاکان بە هەردوو زمانی هۆڵەندی و فەرەنسـی نووسران. لە شـاری برۆکسـل مـرۆڤ بە ئاسـانی هەسـت بە باڵادەسـتیی زمـانی فەرەنسی دەکات.

تەمەنـی برۆکسـل زیـاتر لە هەزار سـاڵە و بەشـی هەرە زۆری مێـژووەکەی وەکـو شـارێکی برابـانتی، هۆڵەنـدیزمان بەسـەر بـردووە. تـا کۆتـایی سـەدەی هەژدەهەمـیش زمـانی هۆڵەنـدی تێیـدا بـاڵا دەسـت بـوو. بەڵام لە کۆتـایی ئەو سەدەیەوە ئەو بارە گۆڕدرا. داگیرکردنی برۆکسل لە لایەن فەرەنساوە بۆ ماوەی چـارەکە سـەدەیەک زۆر شـتی گـۆڕی و شـوێنەواری بەهێـزی لەسـەر ڕوخسـاری شارەکە لە دووی خۆی بەجێهێشت، زمانی کارگێڕیش ئەو دەمە فەرەنسی بوو.

لە کـاتی بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆییەوە برۆکسـل بـوو بە پایتەخـت، کاربەدەستان و ئەندامانی توێژی باڵای وڵات گوێزایـانەوە بـۆ ئەو شـارە کە بـوو بە شوێنی کار و ژیان و گوزەرانیان. لە کاتی ڕاگەیاندنی سـەربەخۆییدا ژمـارەی دانیشـتووانی برۆکسـل تەنهـا پەنجـا هەزار کەس بـوو. سـاڵی ١٨٧٥ واتـا دوای کەمتر لە پەنجا ساڵ، ئەو ژمـارەیە خـۆی دەدا لە چـارەکە ملیۆنێـک. لە سـاڵی ١٩١٤یشـدا ژمـارەی دانیشـتووانی برۆکسـل گەیشـتە سـێ چـارەکە ملیـۆن. لە کاتێکدا خەڵکی ڕەشوڕووت کەمتر دەکەوتنە ژێر کـاریگەریی زمـان و کولتـووری فەرەنسییەوە، چینـی ئوروسـتوکرات و بـورژوا و کاربەدەسـتان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو فەرەنسیبوون دەچوون. دەسپێکی خوێندنی گشـتیی لە سـاڵی ١٩١٤ بـوو بە خاڵی وەرچەرخان و هەنگاوێکی گرنگ بۆ بڵاوبـوونەوەی زمـانی فەرەنسـی لە نێو دانیشتووانی برۆکسلدا. هەرچەندە لە سەدەی نۆزدەمیندا قانوونی زمانەکـان دەرچووبوو و سەرۆکی شارەوانی برۆکسل لە کۆتـایی ئەو سـەدەیەوە بە هەردوو زمان نێوی شەقام و کۆڵان و دەزگاکانی نووسیبوو، بەڵام تەنها لە سـاڵی ١٩٨٠ دا بەر بە پرۆسەی بە فەرەنسیبوون گیرا .

مۆدێلی سیاسیی هەرێمی برۆکسلی پایتەخت لە سەر بنەمای داننان بە دوو کۆمەڵگای زمانیدا هاتە کایەوە. کێشەی برۆکسل لە نێوان هۆڵەندیزمان و فەرەنسیزمانەکان بەم شێوەیە دەستی پێکرد. بۆ فلامییەکان برۆکسل شارێکی فلامی و بەشێک لە خاکی نیشتمانیان بوو، بەڵام ببوو بە قوربانی پرۆسەی بە فەرەنسیکردن. دامەزراندنی هەرێمێکی تایبەت بۆ برۆکسلی پایتەخت بەلای ئەمانەوە وا لێکدەدرایەوە کە دەبێتە هۆی سڕینەوەی برۆکسل لە سەر نەخشەی فلاندەرن. پێیان وابوو ئەگەر ناچار بن دان بە هەبوونی هەرێمێکدا بنێن، ئەوا دەبێ ئەو هەرێمە زۆر فراوان نەبێ، چونکە ئەو هەرێمە هەمووی لەسەر خاکی فلاندەرن دەبێت، بەڵام زمانی فەرەنسی تێیدا باڵادەست دەبێ. بەبۆچوونی فلامییەکان پرۆسەیەکی لەو جۆرە یەک واتای هەبوو، ئەویش پەرەدانە بەپرۆسەی بە فەرنسیکردنی ئەو ناوچەیە و دەڤەری زیاتر لەسەر حیسابی فلاندەرن و دانیشتووانەکەی. ترسیان لەوەیش هەبوو کە دامەزراندنی هەرێمی پایتەخت دەتوانێ ببێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو کۆمەڵگادا، زۆر ڕێیشی تێدەچێ هەردوو هەرێمە فەرەنسیزمانەکە کە والۆنیا و برۆکسلە لە دژی تاقە هەرێمە هۆڵەندیزمانەکە ڕابوەستن. هەرچی فەرەنسیزمانەکان بوون بەپێچەوانەوە برۆکسلیان بە شارێکی فەرەنسیزمان دادەنا و پێیان وابوو کە مافی بەڕێوەبەرایەتی شارەکە دەبێ هەر بە دەستی ئەمانەوە بێ، بە تایبەتی لەسەر ئاستی شارەوانییەکان، چونکە زۆربەی دەنگدەران فەرەنسیزمانن.

لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە، کاتێ بڕیاری دامەزراندنی هەرێمەکان درا، فەرەنسیزمانەکان بەگشتی و ئەوانەی برۆکسل بەتایبەتی داوای دامەزراندنی هەرێمێکی ناوەندییان لە برۆکسل دەکرد، کە هەردوو کۆمەڵگاکە بگرێتە خۆی، بەڵام ئامادە نەبوون ئەو هەرێمە دوو زمان بێ و هەردوو کۆمەڵگاکە، واتا هۆڵەندیزمان و فەرەنسیزمانەکان، وەک یەک لە ئۆرگانەکانی ئەو هەرێمەدا نوێنەرایەتییان هەبێ و هەردوو زمانەکەیش هاوشان بن و بەیەکسانی بەکار بهێندرێن. کێشەی برۆکسل ڕەهەندێکی تریشی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئەو ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت و چالاکی ئابووری کەرتی تایبەت بوو. لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە پرسی برۆکسل بوو

بەبابەتی باسوخواس و بگرەوبەردە لە میانەی پرۆسەی ریفۆرمی دەستوری و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی دەوڵەتدا.

ئەو کاتە زیاتر والۆنەکان داوای دامەزراندنی هەرێمی کارگێڕییان دەکرد، لە کاتێکدا فلامەکان تەنها داوای ئۆتۆنۆمی کولتوورییان دەکرد، چونکە پێویستییان بەوە نەبوو پرۆسەی بڕیاردان بەلۆکاڵ بکەن لە دەوڵەتێکدا کە خۆیان زۆربەی دانیشتووانی پێکدێنن. لە ریفۆرمی دەستوری ١٩٧٠دا بەندی ١٠٧ بۆ دەستور زیاد کرا، کە دەقەکەی بەم جۆرەیە (بەلجیکا سێ هەرێم دەگرێتە خۆی: هەرێمی فلامی، هەرێمی والۆنی و هەرێمی برۆکسل...)، هەر لەو ماددەیەیشدا باس لە چۆنێتی دیاریکردنی دەسەڵاتی ئەو هەرێمانە و ئەرک و ئۆرگانەکانیان کراوە. دارشتنی برگە قانونییەکە بەدڵی زۆر کەس نەبوو و قسە و باسی زۆری لەبارەوە کرا. بەگشتی بوونی سێ هەرێم وەکو پرینسیپ پەسەند کرا، بەڵام لە بارەی نێوەرۆک و پرس و کێشەکانەوە یەکدەنگی بەدەست نەهات. تەنها ئەو بڕیارە جێگیر کرا کە دەبوایە ئەندامانی ئۆرگانە هەرێمییەکان لە رێگەی هەڵبژاردنەوە ببن بە ئەندام. ئەمەیش ئەو راستییەی خستە روو کە ئەم هەرێمانە یەکەیەکی کارگێڕی ئاسایی نین. جێبەجێکردن و پڕکردنەوەی نێوەڕۆکی ئەو ماددەیە کارێکی درێژخایەن بوو و نەفەسی درێژی ویست بە تایبەتی ئەو لایەنەی پەیوەندی بە برۆکسلی پایتەختەوە هەبوو. هەر لەو ساڵەدا قانونێکی تایبەت دەبارەی دەزگاکانی پلاندانان و نامەرکەزیی ئابووریش دەرکرا. لە رێگەی ئەم قانونەوە دەزگای کەڵک وەرگرتن لە کانزاکان، نووسینگەی پلاندانان، ئەنجومەنی ئابووری و رێکخراوی گەشەکردنی هەرێمەکان دامەزران. بیر لەوەیش کرایەوە کە بۆشایی کارگێڕی روو نەدات، ئەگەر دامەزراندنی هەرێمی برۆکسلی پایتەخت تەگەرەی تێکەوت، کە لە راستیدا تەگەرەی تێ کەوت. بۆیە ئۆرگانێکی قانونی، کە نوێنەرایەتی دانیشتووانی پایتەختی دەکرد لە ئارادا بوو و دەسەڵات و ئەرکەکانی هەر ١٩ شارەوانییەکەی بەجێ دەهێنا. ئەم دەزگا قانونییە کە ئەو ئەرکانەی لە برۆکسل گرتە ئەستۆی خۆی تاوەکو ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام بوو، کاتێ حکومەتی هەرێمی برۆکسلی پایتەخت ئەو ئەرک و دەسەڵاتانەی لێ وەرگرتەوە. گرنگترین ئەو ئەرکانە

ئەمانە بوون: پرسەکانی زەویوزار، هاتوچۆ، ئاسایش، لەشساغی، کاروباری گشتی و گەشەی ئابووری. ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەی برۆکسل لە سەر بنەمای هەردوو زمان دابەش ببوون و لە ٢١ ی نۆڤەمبەری ١٩٧١ دا هەڵبژێردران بۆ ئەنجومەنی برۆکسل.

ئەنجومەنی برۆکسل دوو کۆمسیۆنی کلتووریشی لەپاڵدا بوو، یەکێکیان بۆ هۆڵەندیزمانەکان و ئەوی دیشیان بۆ فەرەنسیزمانەکان بوو. ئەندامانی ئەم دوو کۆمسیۆنە لە لایەن هەردوو گرووپی نێو ئەنجومەنەکەوە هەڵبژێردران. ئەم کۆمسیۆنانە ئەرکەکانی پەروەردە و فێرکردن و کولتووریان بەجێ دەهێنا. لە دواییدا ئەم ئەرکانە خرانە پاڵ کۆمیتەی وەزاریی هەرێمی برۆکسلی پایتەخت، کە لە وەزیرێک و دوو بریکاری وەزیر پێکدەهات و تەنها لە بەردەم پارلەمانی وڵاتدا بەرپرسیار بوون.

بەگوێرەی قانونی ٨ ی ئابی ١٩٨٠، کە دەزگاکانی هەرێمەکانی وڵاتی رێکدەخست تەنانەت بە یەک وشەیش باسی هەرێمی برۆکسل نەکرا، چونکە تا ئەو کاتە هێشتا هیچ رێکەوتنێکی سیاسی لەسەر هەرێمی پایتەخت نەهاتبووە دی، بۆیە هەر بە هەمان شێوەی جاران بەڕێوە دەبرا. ئەمەیش کاریگەری نەرێنی لەسەر باری ئابووری و گەشەکردن و کارگێڕیی برۆکسل هەبوو. لەو ماوەیەدا دید و بۆچوونی فەرەنسیزمان و هۆڵەندیزمانەکان زیاتر لەیەک دوور دەکەوتنەوە و جیاوازییەکان قووڵتر دەبوونەوە. هەرچەندە زۆربەی پارتە فلامییەکان بەبەندی ١٠٧ ی ساڵی ١٩٧٠ قایل بوون، بەڵام ئامادە نەبوون دان بەوەدا بنێن کە هەرێمی برۆکسلی پایتەختیش هاوتا بێ لەگەڵ هەردوو هەرێمەکەی تردا و هەمان دەسەڵات و کەسایەتی قانونی هەبێ. لایەنەکان زیاتر ئەوەیان پەسەند بوو کە هەرێمی برۆکسلی پایتەخت لە لایەن حکومەتی فیدیرالی یا هەردوو کۆمەڵگاوە بەڕێوە ببرێ. فەرەنسیزمانەکانیش یەکدەنگ نەبوون دەربارەی دوا فۆرم و بونیادی هەرێمی برۆکسل.

پرسی دوو زمانی لە هەرێمی برۆکسلدا یەکێ لە کۆسپ و تەگەرە سەرەکییەکان بوو. والۆنییە فەرەنسیزمانەکانی برۆکسل یەک بۆچوونیان لەم بارەیەوە هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە دەبێ زمانی فەرەنسی باڵا دەست بێ و

نابێ ئەوان ناچار بکرێن فێری زمانی هۆڵەندی بن. هەرچەندە لە هەشتاکاندا چەندین پرۆژەی قانونی پێشکەش کران سەبارەت بە جێگیرکردنی مادەی ١٠٧ بە تایبەتی ئەو ڕەهەندەی پەیوەندی بە باری برۆکسلەوە هەبوو، بەڵام تا ساڵی ١٩٨٨ پێکهاتنی سیاسی لە بارەی برۆکسلەوە نەهاتە دی. ئەم پێکهاتنە لە قانونی ١٢ ی کانونی دووەمی ١٩٨٩ ڕەنگی دایەوە، بە تایبەتی ئەو لایەنەی پەیوەندی بە دەزگا و ئۆرگان و سازییەکانی برۆکسلی پایتەختەوە هەیە. بەپێی ئەم قانونە هەرێمی برۆکسلی پایتەخت لە سنووری ١٩ شارەوانیدا ڕاگەیەندرا، پارلەمان و حکومەتیشی بۆ دامەزرێندران و ئەرکەکانی ئەنجومەنی پێشووی برۆکسل گوێزرانەوە بۆ ئەم حکومەتە. هەر بە گوێرەی ئەم قانونە کۆمسیۆنی هاوبەش لە نوێنەرانی هەردوو کۆمەڵگاکە سازکران بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە هاوبەشەکان. واتا ئەم قانونە کەسایەتی قانونی هەرێمی برۆکسلی پایتەختی دیاری کرد و سنوور و دەسەڵاتەکانی و دەزگا و ئۆرگانەکانی بە تەواوی دیاری کرد.

هەرێمی برۆکسل تەنها شاری برۆکسل و دەوروبەری دەگرێتەوە، کە بەسەریەکەوە ڕووبەرەکەی دەکاتە ١٦٢کم٢. ئەم شارە دابەشکراوە بۆ ١٩ شارەوانی. شارەوانیش نەک تەنها لە برۆکسل، بەڵکو لە وڵاتانی دیموکراسی و لیبرالدا گرنگترین یەکەی دامەزراوەی دەسەڵات و کارگێڕین کە ڕاستەوخۆ لەلایەن دانیشتووانەوە هەڵدەبژێردرێن.

ڕەنگبێ تەنها لە بواری شارەوانییەکاندا مرۆڤ بتوانێ کەڵک لە ئەزموونی برۆکسل وەربگرێ بۆ ئەوەی پێکهاتە و گرووپە جیاوازەکانی شاری کەرکوک بتوانن زمان و کولتووری خۆیان بپارێزن و لە بەڕێوەبەرایەتی شارەکەدا بەشدار بن.

دانیشتووانی برۆکسل لە ئەنجامی پرۆسەیەکی سروشتی مێژووییدا و بە هۆی باڵادەستیی کولتوور و زمانی فەرەنسییەوە لەمیانەی چەند سەدەیەکدا زمانیان بووە بە فەرەنسی. هەرچەندە بۆ ماوەیەک دان بە زمانی هۆڵەندیدا وەکو زمانێکی یەکسان و هاوتا نەدەندرا، بەڵام هەر لە دوای سەربەخۆییەوە پرۆسەی دانان بە زمانەکانی وڵاتدا دەستی پێکرد و قانونی زمان دەرکرا و لە

کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە هەردوو زمانی فەرەنسی و هۆڵەندی لە برۆکسل بەکاردەهێندران. هەرگیز مرۆڤی هۆڵەندیزمان ناچار نەکراوە و گوشاری نەخراوەتە سەر بۆ ئەوەی برۆکسل بەجێبهێڵێت، خۆ باسی دەرکردن هەر ناکرێ.

لە کاتێکدا حکومەتی عێراق لە دوای دامەزراندنییەوە دەستی بە پرۆسەی بەعەرەبکردنی دانیشتووانی وڵات کرد و زۆر کەسیان لە نێو عەرەبدا تواندەوە. لە هەموو ئەو پەیمان و بەڵێنانەیش پاشگەز بووەوە، کە لەکاتی خۆیدا کۆمەڵەی گەلان دابووی بە کورد و حکومەتی عیراقی پێیان قایل ببوو. دەسەڵاتدارانی عێراق بە درێژایی سەدەی بیست تەنگوچەڵەمەی زۆریان لە بەردەم فێربوون و بەکارهێنانی زمانی کوردیدا دروستکرد و لە گەلێ دەڤەری کوردستان رێگەیان نەدا منداڵانی کورد بە زمانی کوردی بخوێنن و لە دادگاکاندا بەکار بهێندرێت. تەنانەت لەدوا ساڵانی دەسەڵاتی بەعسدا زمانی کوردی لە زۆر ناوچەی کوردستانی دەرەوەی هەرێمدا لە بارودۆخی قەدەغەکردندا بوو. ئێستایش زۆربەی عەرەبی عێراق ئەوەی پێ قووت نادرێ کە کوردی ببێ بە زمانی فەرمی لەتەک زمانی عەرەبیدا. لە کەرکوک نەک هیچ یەکێ لەو مەرجانەی سەبارەت بە برۆکسل لەسەرەوە ئاماژەم پێکردن لە ئارادان، بەڵکو سیاسەتی بەعەرەبکردن، پەراوێزخستن و پاکتاوکردنی نەژادی گەیشتە ئاستێکی ترسناک و هەرەشە لە دوا رۆژی کورد لەو شارە و دەڤەرە هاوچەشنەکانی دەکەن. لە دوای نەمانی رژێمی بەعسیش هێشتا ئەو شار و ناوچانە رووبەرووی مەترسی گەورە دەبنەوە.

هەرێمی برۆکسلی پایتەخت تەنها شارێک و دەوروبەرەکەیەتی، لە کاتێکدا پرسی کەرکوک دۆزی پارێزگایەکە کە زیاتر لە ١٢٠ جار ئەوەندەی رووبەری برۆکسلە، ئەمە پێش ئەوەی رژێمی بەعس لەتوپەتی بکات و بەم بارەی ئێستایشی هێشتا زیاتر لە ٦٠ جار ئەوەندەی هەرێمی برۆکسلە. خۆ ئەگەر باسی لیوای کەرکوکی مێژوویی بەر لە ساڵی ١٩١٨ بکەین، ئەوا ٢٣٤ جار ئەوەندی ئەو هەرێمەیە و بە ٦٠٠٠ کم لە هەموو پانتایی بەلجیکایش (کە ٣٢٥٤٥ کم٢) گەورەترە. کەرکوک لەسەر خاکی کوردستانە و لە ناوجەرگەیدایە.

خـــاڵێکی تـــری گرنـــگ ئەوەیە کە برۆکســـل پـــایتەختی وڵاتە و هۆڵەندیزمانەکان، کە بە شاری مێژوویی خۆیـانی دەزانـن کردوویـانەتە نێوەنـدی حکـومەت و پاڕلەمـان و هەمـوو دەزگـا و ئۆرگـانە سـەرەکییەکانی خۆیـان. بە هەمـان شـێوەیش فەرەنسـیزمانەکان لەتەک باڵادەسـتیی زمـانی فەرەنسـیدا، دەزگاکانی حکومەتی ناوەندی و چەندین دەزگا و ئۆرگانی خۆیانیان لە برۆکسل جێگیر کردووە.

کەرکوک نە پایتەختی عیراقە، نە لە نێو خاکی نیشتمانیی عەرەبدایە، نە دانیشـتووانی بەشـێوەیەکی سروشـتی لە مـاوەی یەک دوو سـەدەدا بـوونە بە عەرەبیزمان و نە بەپرۆسەیەکی سروشتی ڕوخساری گۆڕدراوە. حکومەتی عێـراق بە بەرچـاوی هەمـوو دونیـاوە ڕوخسـاری کەرکـوکی بە زۆر گۆڕیـوە، بە سـەدان هەزار عەرەبـی هێنـاوە و نیشـتەجێی کـردوون، لە بەرامـبەر ئەوانەدا هەزاران خێزانی کوردی دەرکردووە و دەستی بەسەر زەویوزار و خانووبەرەیاندا گرتووە.

بەرژەوەنـدیی ئـابووری خەڵکـی بەلجیکـای بە شـێوەیەکی وا بە یەکەوە گرێـداوە، کە نەک تەنهـا جیـابوونەوەی کـردۆتە کردەوەیەکـی مەحـاڵ، بەڵکـو برۆکســل بـێجگە لەوەی پـایتەختی بەلجیکـایە بـووە بە پـایتەختی یەکێتــی ئەوروپایش. هیچ یەکێ لەم مەرجـانەیش لە کەرکـوک لە ئـارادا نـین بـۆ ئەوەی مۆدێلی برۆکسل بکرێت بە ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی.

سەرباری هەمـوو ئەمـانە و لە هەمـوو ئەمـانەیش خراپتـر ئەوەیە، کاتێـک کورد باس لە مۆدێلی برۆکسل دەکا بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کەرکـوک، ئەوا یەکسەر کەرکوک دەخـاتە دەرەوەی سـنوورەکانی کوردسـتانەوە. ئـاخر هەرێمـی برۆکسلی پایتەخت وەکو ڕوونم کردەوە هەرێمێکی فیدیرالی سەربەخۆیە و هاوتا و یەکسانە لەگەڵ هەردوو هەرێمەکەی تری بەلجیکادا.

لەبەر ئەمانە و دەیان هۆ و فاکتەری تر کە پەیوەندییان بە باری سیاسی، کولتووری ، ئاستی ژیاری و زۆر شـتی تـرەوە هەیە و لە لای زۆربەی خـوێنەران ئاشکران، پرسی برۆکسل و کەرکـوک تەنهـا خوایـان یەکە. مـۆدێلی برۆکسـل بە هـیچ شـێوەیەک بە کـاری کەرکـوک نـایە و تەنهـا چارەسـەر کە دادی کەرکـوک دەدات گەڕانەوەیەتی بۆ سەر هەرێمی کوردستان. هەڵبەتە بۆ گەیشتنی گـرووپە

ئەتنیکییەکانی شاری کەرکوک بە مافە کولتووری و زمانەوانی و سیاسییەکانیان دەکرێ کەڵک لە ئەزموونی بەلجیکا و دەیان وڵاتی تری دونیا وەربگرین.

بەگشتی کەرکوک و برۆکسل لە دوو جیهانی تەواو جیاواز لە یەکدان لە هەموو بوارەکاندا. سیستەمی سیاسی بەلجیکا بەرهەمی چەند سەدەیەک لە گەشەی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییە. مۆدێلی برۆکسلیش لە ئەنجامی پرۆسەیەکی دوور و درێژ لە دانوستان و پێکهاتن لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نیشتمانی و ئابووری هاتووەتە کایەوە. مخابن زۆربەی هەرە زۆری ئەم بنەما و بەهایانە لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادا نین. کولتووری یەکترسڕینەوە و توندوتیژی باڵادەستە و هیچ دەرفەتێک نادات بە جێبەجێکردنی پرۆسەی لەو جۆرەی بەلجیکا.

## سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم بەشە سوودم لە هەندێ کتێب و سەرچاوەی مێژوویی لەبارەی مێژوو و بونیادی سیاسی و قانونی دەوڵەتی فیدرالی بەلجیکا بەزمانی هۆڵەندی وەرگرتووە.

بۆ زۆر پرس و زانیاریش سەردانی سایتە فەرمییەکانی حکومەتی بەلجیکام کردووە، وەک لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە:


1. Geert van Istendeal, Een Geschiedenis van Belgie, Amsterdam 2013.
2. Paul de Ridder, Brussel – Geschiedenis van Een Brabantse Stad, Gent 2008.
3. Els Witte, Alain Meynen, Dirk Luyten, Politiek Geschiedenis van Belgie van 1830 tot Heden, Brussel 2016.
4. Els Witte & Harry van Velthoven, Strijden om Taal. De Belgische Taalkwestie in Historisch Perspectief, Kapellen 2010.
5. Geert van Istendael, Het wakker worden Belgisch in een anderlabyrint land, Geheel herziende uitgave, Amsterdam 1997 .
6. www.belgium.be.
7. www.brussel.be.
8. www.rbe.irinet.be.
9. www.vub.ac.be.

## کەرکوک لە ڕاپۆرتی بەیکەر - هاملتن و گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکاندا

گرووپی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی عێراق لە ١٥ی ئازاری ساڵی ٢٠٠٦ دا، لەسەر داوای کۆنگرێسی ئەمریکا، لە ١٠ ئەندام لە هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتی پێکهێندرا. گروپەکە بە سەرۆکایەتی هەر یەک لە وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمریکا جەیمس بەیکەر و سیناتۆری دیموکراتی بەیکەر هاملتن بوو. ئەرکی گرووپەکە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی عێراق بوو و ئینستیتوتی ئەمریکی بۆ ئاشتی پشتیوانی لیژنەکە بوو. ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکە ٩ مانگی کێشا و ٤٠ شارەزا و پسپۆر لە بواری سیاسی و سەربازیدا بەشدارییان تێدا کرد. گرووپەکە لەگەڵ بەرپرسانی گەلێ وڵاتدا قسەی کرد بۆ ئەوەی ئاگادار بێت لە ڕا و بۆچوونیان سەبارەت بە بارودۆخی عێراق. لە کۆتاییدا ڕاپۆرتەکەیان لە ١٦٠ لاپەڕەدا لە ٦ی دیسەمبەری ٢٠٠٦دا بلاوکرایەوە. ڕاپۆرتەکە وەک کتێب هەر لە مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٦دا لە نیویۆرک بلاوکرایەوە و لە ماوەی حەفتەیەکدا ٣٥٠٠٠ دانەی لێ فرۆشرا(١).

بارودۆخی عێراق پڕ لە ئاژاوە و پێکدادان بوو و لە لێواری شەڕی نێوخۆییدا بوو. هەموو دروشمەکانی کاربەدەستانی ئەمریکایش لە بارەی عێراقێکی دیموکراتییەوە، کە دەبێتە نموونە بۆ هەموو وڵاتانی ڕۆژهەلات، وەک بڵقی سەرئاو بوون. ئەرکی سەرەکی گرووپەکە گەڕان بوو بەدوای دەرچەیەکدا لەو بارە سەختەی کە سوپا و سیاسەتی ئەمریکا تێیکەوتبوو لە عێراق. بەدەربڕینێکی تر هەوڵێک بوو بۆ گەیشتن بەئامانجەکان لە ڕێگای سیاسی و دیپلۆماسییەوە، دوای ئەوەی کردەوەی سەربازی شکستی هێنا لە بەدیهێنانیان. گرووپەکە لە کێشە دیارەکانی عێراق دەکۆڵییەوە و دەیەویست بزانێت تا چەند گرێدراوی یەکن و دەبێ چی بکرێت. کێشەکانی عێراق زۆر لەوە گەورەتر بوون کە لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەیان پێکرا. لەو کاتەدا عێراق دەوڵەتێکی داڕووخاو و هەڵوەشاوە بوو، سوپای دەوڵەتێکی زلهێز داگیری کردبوو، کۆمەڵێ حیزب و هێزی مەزهەبی و بێ ئەزموون لە بواری بەڕێوەبردن و فەرمانڕەواییدا تێیدا هەر بەناو فەرمانڕەوا بوون و کەوتبوونە پاکتاوکردنی نەیارە مەزهەبییەکەیان.

سـەرۆکی ئەمریکـا جـۆرج بـوش ویسـتی گرنگـی بـداتە ڕاپـۆرتەکە و لەم بارەیەوە ڕایگەیاند کەس هـیچ ڕاپۆرتێـک لە واشـنتن نـاخوێنێتەوە، بەڵام مـن و تۆنی بلێریش ئەم ڕاپۆرتەمان خوێندەوە.

ڕاپۆرتەکە دوای لێکـدانەوەی بـارودۆخی عێـراق لەسـەر گەلـێ ئاسـت، ٧٩ ڕاسپاردەی پێشکەش کرد، کە گرنگترینیان گێڕانەوەی بەعسـی و ناسیۆنالیسـتە عەرەبەکان وەک هەنگاوێک بۆ ئاشتکردنەوەی سوننە و بەشـداری پێکردنیـان لە ژیانی سیاسیدا. هەر بۆ ئەم مەبەستە دەبوایە دەستور هەموار بکرێتەوە. یەکـێ لە ڕاسپاردە گرنگەکانی تر ئەوە بوو کە هەموو سامانی نەوت لە ژێر دەسـەڵاتی حکومەتی فیدیرالیدا بێت.

ڕاپـۆرتەکە بـۆ دەربـازبوون لەو بـارودۆخە چەنـد بژاردەیەکـی خسـتبووە بەردەم حکومەتی ئەمریکی، هەر بۆ خـۆی لەگەڵ زۆربەیانـدا نەبـوو. لەو کـاتەدا کشـانەوەی سـوپای ئەمریکـای لە عێـراق پێبـاش نەبـوو، ئەوەشـی بە بـاش نەدەزانی بارودۆخەکە وەک خۆی بمێنێتەوە. هەرچەنـدە تێگەیشـتنی هەبـوو بـۆ زیادکردنی هێزەکانی ئەمریکـا لە عێـراق، بەڵام لە هەمـان کاتـدا پێـی وابـوو کە ئەمریکا هێزی پێویستی بـۆ ئەمە نییە. دابەشـکردنی عێـراق بـۆ سـێ هەرێم و دەوڵەتۆکەیش یەکـێ لە بژاردەکـان، بەڵام گـرووپەکە ڕەتـی دەکـردەوە، چـونکە سیاسەتی ڕاگەیاندراوی ئەمریکا و هاوپەیمانان پاراستنی یەکێتـی خـاکی عێـراق بوو، ئەمە یەکێ لە داواکارییە سـەرەکییەکانی کاربەدەسـتانی نـاوچەکەیش بـوو کە گـرووپەکە دیـداری لەگەڵـدا کردبـوون. باشـترین بـژاردە بەلای گـرووپەکەی بەیکەر هاملتنەوە ئەوە بوو، دوای ئەوەی هێزە ئەمنی و سـەربازییەکانی عێـراق ئامـادە دەبـن بـۆ پاراسـتنی ئاسـایش و سـنوورەکانی وڵات، ئەو کـاتە ئەمریکـا سەربازەکانی بکێشێتەوە. دەبوایە هێزێکـی سـەربازی ئەمریکـی لە نزیـک عێـراق بهێڵرێتەوە و لەنێو عێراقیش چەند هەزار سـەرباز و ئەفسـەرێکی ئەمریکـی وەک ڕاهێنەر و شارەزای سەربازی بمێننەوە.

ئەوەی بۆ ئەم باسەی ئێمە گـرنگە ئەو چەنـد ڕسـتەیەیە کە پەیوەنـدییان بە کەرکوکەوە هەیە. لە خـاڵی نـۆیەمی ڕاسـپاردەی دووەمـدا، ڕاپـۆرتەکە داوای کردووە "یارمەتی عێراق بدرێت بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێک لەبارەی کەرکـوکەوە،

کە لایەنەکان پێی قایل بن". پێشتریش ئاماژەی بەوە کردووە کە "یەکێ لە کێشە چارەسەر نەکراوەکان کێشەی کەرکوکە، کە شارێکی دەوڵەمەندە بە نەوت و ژمارەیەکی بەرچاو لە کورد و عەرەب و تورکمان لێی دەژین. کوردەکان بۆ کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ داوای ڕیفیراندەم دەکەن بۆ ئەوەی بزانن کەرکوک دەخرێتە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی یا نا. عەرەب و تورکمانەکان لە دژی ئەمەن. مەترسییەکی گەورە لە ئارادایە کە ڕیفیراندەم ببێتە هۆی توندوتیژی". هەڵبەتە ئەو ڕاسپاردەیەیش کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد و باس لەوە دەکات کە سامانی نەوت لە هەموو عێراقدا لە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی حکومەتی فیدیرالیدا بێت، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کورد و کێشەی کەرکوکەوە هەیە. خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکانی گرووپەکەی بەیکەر — هاملتن و یونامی، کە لەسەرەوە ئاماژەم بە خاڵەکانی کرد و ڕاپۆرتی گرووپی قەیرانە نیودەوڵەتییەکان، کە لەخوارەوە باسی لێوە دەکەم، هەرسێکیان لە بارەی داخوازییەکانی کوردەوە بە گشتی و کێشەی کەرکوکەوە بە تایبەتی یەک هەڵوێستیان هەیە و لە یەک ئاواز دەخوێنن. بەرژەوەندیی هەموو لایەن و دەوڵەتەکانیان لەبەر چاو گرتووە، تەنها کورد نەبێ کە بە ئەڵقە لاوازەکە دانراوە و داخوازییەکانی وەلاوە نراون و پشتگوێ خراون. تێگەیشتن لەم یەک ئاوازییە کارێکی سەخت نییە. کورد لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی سەنگێکی ئەوتۆی نییە و کەس پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی ناکات، بۆیە وەلاوەنانی داخوازییەکانی نەک هەر زیان بەهیچ لایەنێکی نێودەوڵەتی ناگەیەنێت، بەڵکو لە قازانجی دەوڵەتانی هەرێمەکەیە. نوێنەرانی کوردیش زۆر ئەماتۆریانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یاری و پیلانە نێودەوڵەتییەکاندا کردووە، بەئاسانی دەستبەرداری داخوازییەکانیان دەبوون بەرامبەر هەندێ قسە و پەیمانی زارەکی. ساکارانە باوەڕ و متمانەیان بە نوێنەرانی ئەمریکا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکرد، کە تەنها بۆ دەربازکردنی بارودۆخەکە هەندێ پەیمان دەدەن و دوای ماوەیەکی کەم یا لە بیریان دەکەن یا کەسەکان دەگۆڕێن و ئەوانەی لە دوای ئەوان دێن پابەندیان نابن. وەکو باوە نوێنەرانی کورد یەک دەنگ نین بەرامبەر بە پرۆژە و پلانەکان. لەکاتێکدا هەندێ لە بەرپرسانی کورد ڕاپۆرتەکەی بەیکەر هاملتنیان بەتوندی ڕەت کردەوە، هەندێکی تریان بە پرۆژەیەکی باشیان لەقەڵەم دا.

خـاڵێکی تـر کە دەبێـت لە بـارەی ئەم ڕاپۆرتـانەوە ئامـاژەی پێبکرێـت ئەوەیە، کە هەرسێکیان لە یەک سەرچاوەوە ئـاو دەخـۆنەوە. یەکەمـین ڕاپـۆرت کە لەبارەی کەرکوکەوە بڵاوکرایەوە، ڕاپۆرتی گرووپی قەیـرانە نێودەوڵەتییەکـان بوو لە ١٨ ی تەممووزی ٢٠٠٦ دا، واتا شـەش مانـگ پـێش ڕاپـۆرتەکەی بەیـکەر هاملتن و سێ ساڵ بەر لەوەی یونامی.

لە ڕاپـۆرتەکەی گرووپـی لێکـۆڵینەوەی عێـراق کە بە ڕاپـۆرتی بەیـکەر — هاملتن ناو دەبرێ هەمـان شـت دەبینـین کە بەرژەوەنـدیی هەمـوو لایەنەکـان لە بەرچـاو گیـراون، تەنهـا کـورد نەبـێ. بەرپرسـانی کـورد نەرمیـی زۆریـان نوانـد بەرامـبەر خواسـتەکانی ئەمریکـا، بە هـیچ شـێوەیەک نەیاندەویسـت لە قسـەی ئەمریکـا دەرچـن و ببـنە مـایەی نیگەرانیـی کاربەدەسـتانی ئەو وڵاتە. لە لێکـدانەوەکانی ڕاپـۆرتەکەدا بەرژەوەنـدییەکانی تورکیـا و تەنـانەت ئێـران و سوریایش لەبەرچاو گیران، چونکە ئەمریکاییەکان دەیانوسـیت ئێـران و سـوریا ڕازی بکەن بۆ ئەوەی کێشـەی زۆرتریـان لە عێـراق بـۆ دروسـت نەکەن. لەکـاتی ڕووخانی دەسەڵاتی سەدام حوسێندا کورد هێزی سەربازی و سیاسی ڕێکخـراو و خاوەن پـێگەی هەبـوو و لەم بـارەیەوە لە لایەنە عێراقییەکـانی تـر باشـتر بـوو. ئەمەیـش نیگەرانـی لە لای داگیرکەرانـی کوردسـتان دروسـت کردبـوو و وەک مەترسی بـۆ سـەر ئاسایشـی خۆیـان سـەیریان دەکـرد. هەڵوێسـتی گـرووپەکەی جێمس بەیکەر و هاملتن بەرامـبەر بە کـورد دیمەنێکـی تەواو پـێچەوانە دەخـاتە ڕوو. لەو سـەدان کەسـایەتی و کاربەدەسـتەی دیـداریان لەگەڵـدا کردبـوون و بیروڕایان وەرگیـرا بـوو تەنهـا سـێ کوردیـان تێـدا بـوو، ئەوانـیش هەر سـێکیان کاربەدەست بوون لە حکومەتی عێراق "سەرۆک کۆمار، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیـری دەرەوە". ڕەنگبـێ لەبەر پێگەیـان لەنێـو حکـومەتی عێراقیـدا وەک کاربەدەستێکی عێراقی قسـەیان کردبێـت و زۆر خۆیـان وەک دەربـڕی خواسـتی کـورد پێشـان نەدابێـت. لە دوای چـاپکردنی ڕاپـۆرتەکە جەیمـس بەیـکەر بە تەلیفـۆن قسـەی لەگەڵ سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتاندا کـردووە و گـوایە لەوە دڵنیای کردووەتەوە کە بەرژەوەندییەکانی کورد لە بەرچاو گیراون.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم هەڵوێستەی گرووپەکە و کاربەدەستانی ئەمریکا بەگشتی لە بەرامبەر کورد، ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بێ سوود نین:

یەکەم: بەرپرسانی کورد نەیانتوانی گرنگیی فاکتەری کوردی بە باشی بەکار بێنن و بۆ گرووپەکە و هەموو کاربەدەستانی ئەمریکا ئەوە دەربخەن، کە پشتگوێ خستنی خواستەکانی کورد دەبێتە هۆی تێکچوونی زیاتری بارودۆخی عێراق بە شێوەیەک ئەمریکا بە تەواوی یارییەکە لەو وڵاتە بدۆڕێنێ .

دووەم: ئەمریکاییەکان وایان لێکداوەتەوە کە ئەو پێگەیەی کورد کاتییە و تادوایی ناتوانێ و ڕێگەی پێنادرێ ئەو رۆڵە گەورەیە لە عێراق و ناوچەکە ببینێت، ئەوە هاوسەنگیی لە نێوان هێزەکاندا تێکدەدات و بارودۆخی ناوچەکە ئامادە نییە بۆ گۆڕانکارییەکی لەو جۆرە.

سێیەم: بارودۆخی پڕ لە قەیران و ئاڵۆزیی کۆمەڵگای کوردی و دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان، کە لە هەموو ئەو ساڵانەی دوای ڕاپەڕیندا نەیتوانیبوو هیچ یەکێ لە کێشە سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگایە چارەسەر بکات، هۆکاری گرنگ بوو بۆ ئەو جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ کورددا. ئەمریکاییەکان لەوە تێگەیشتبوون کورد لەوە زیاتری پێ ناکرێت، کە تا ئەو کاتە کردبووی و لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی عێراقدا ناتوانێ ببێتە فریادڕەسی سوپای ئەمریکا.

چوارەم: هەڵوێستی تورکیا و هاوپەیمانانی تری ئەمریکا لە ناوچەکە لە سعودیە و میسر و ئوردنەوە بگرە تا دەگاتە وڵاتانی کەنداو، هەموو لەگەڵ یەکێتی خاکی عێراقدا بوون و داخوازییەکانی کوردیان بەهەڕەشە لەسەر ئەو یەکێتییە دەزانی. ناکرێ ئەم دیمەنە لەبەرچاوی کەسانی وەکو بەیکەر و هامیلتۆن نەبووبێ، کاتێ هەوڵیاندەدا ئەمریکا لەو بارە سەختە رزگار بکەن کە لە عێراق تێیکەوتبوو.

کاربەدەستانی ئەمریکا کەوتبوونە باسکردنی هەڵمەتی دیپلۆماسی هەرێمی و راکێشانی وڵاتانی دراوسێ بۆ ئەوەی هاوکار بن لە دابینکردنی سەقامگیریدا لە عێراق. مەترسی لەوە دەکرا کە ئەم هەڵمەتە لەسەر حیسابی خەڵکی عێراق و بەتایبەتی کورد بێ. ئەو وڵاتانە خەونی ئەوەیان دەبینی ئەمریکا لە زڵکاوی عێراقدا نغرۆ بکەن و دەستبەرداری پرۆژەی دیموکراسیکردنی ڕۆژهەڵات بێت، کە

هەڕەشــە بــوو لەســەر ڕژێمەکــانی ئەو وڵاتــانە خۆیــان. ئەوان کە یــارمەتی چەکـدارانیان دەدا لە دژی سـوپای ئەمریکـا لە عێـراق، ئامـادە نەبـوون هەروا دەست لەو سیاسەتە هەڵبگرن و هاوکاریی ئەمریکا بکەن. ئەم کارەیـان نرخـی خۆی هەبوو، یەکێ لەوانەیشـی لەم کەیـن و بەیـنەدا زەرەرمەنـد دەبـوون کـورد بوو.

لە چەند شوێنێکی ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە بەرژەوەندییەکانی تورکیا کـراوە و مەترسـییەکانی سـەبارەت بـارودۆخی عێـراق خـراونەتە ڕوو. ڕاپـۆرتەکە ئەوەی نەشاردووەتەوە کە تورکیا لە دژی خواستەکانی کـورد کـار دەکـات و ئەگەر ئەم بارودۆخەی عێراق بەردەوام بێـت، ئەوا دەسـت لە کاروبـاری عێـراق وەردەدات و هێزی سەربازی دەنێرێـت بـۆ باشـووری کوردسـتان بـۆ ئەوەی بە قسـەی خـۆی ڕێگە بگرێت لە ڕاگەیاندنی کوردستـانی سـەربەخۆ. ئەو گـرووپە نێـودەوڵەتییەی ڕاپـۆرتەکە باسـی لێـوە دەکـات کە گـوایە بـۆ پشـتیوانی لە عێـراق دادەمەزرێ، بریتی دەبێت لە تۆڕێک بۆ خنکاندنی داخوازییەکانی کورد.

ڕاسـپاردەی ژمـارەی ٣٠ لە ڕاپـۆرتەکەی بەیـکەر — هاملتـنـدا دەربـارەی کەرکوک لە چوارچیوەی کارە دیپلۆماسییەکاندا، بەم شێوەیە:

بەهۆی باری ترسناکی کەرکوکەوە، ناوبژیوانیی نێـودەوڵەتی پێویسـتە بـۆ ئەوەی ڕێگە بگیرێت لە پێکدادان لە نێـوان پێکهاتەکانـدا، کە بـریتین لە کـورد، عەرەب و تورکمـان و دەتوانێـت شـارەکە بکـاتە بەرمیلێـک بـاروت. ڕیفیرانـدەم سەبارەت بە پاشەڕۆژی کەرکوک "بەپێی دەستوری عێراق دەبێت بەر لە کۆتایی سـاڵی ٢٠٠٧ ئەنجـام بـدرێت". ئەنجامـدانی ڕیفیرانـدەم دەتوانێـت بـارودۆخەکە بتەقێنێتەوە، بۆیە دەبێت دوابخرێت. ئەمە دەبـێ بخـرێتە سـەر ئەژێنـدای کـاری ئەو گرووپە نێودەوڵەتییە کە بۆ پشتیوانی عێراق دروست دەبێـت وەک بەشـێک لە هەڵمەتـی نـوێی دیپلۆماسـی. ئەم بۆچوونـانەی ڕاپـۆرتەکە دووبـارەکردنەوەی قسەکانی گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان بوون.

ئەم بۆچوونە کێشەی کەرکوکی لەدەست لایەنە نێوخۆییەکـان دەردەکـرد و ڕادەستی دەوڵەتـانی هەرێمـی و زلهێزەکـانی دەکـرد. هەنگـاوی لەو جـۆرەیش کێشەکەی ئاڵۆزتر دەکـرد و کـورد تێیـدا زەرەرمەنـدی یەکەم دەبـوو. ئەوەی لە

راپـۆرتەکەی بەیـکەر — هاملّتنـدا لە بـارەی کەرکـووکەوە هـاتووە، دەقـاودەق خواستی تورکیا و دەوڵەتانی تری ناوچەکە بوو.

راپۆرتی گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکـان لە ١٨ ی تەممـوزی ٢٠٠٦دا لە ژێر ناونیشـانی " عێـراق و کـورد ئامـاژە سـەرەتاییەکانی شـەڕێک کە خەریـکە لەسەر کەرکوک هەڵدەگیرسێ" بڵاوکرایەوە[٢].

ئەم جۆرە راپۆرتانە ئەرکی ئەوەیان دەبینی بیـروڕای گشـتی لە ڕۆژئـاوا و دونیا بۆ ئەوە ئامادە بکەن کە چارەنووسی کەرکوک لە دژی خواستەکانی کورد بڕیاری لەسەر بدرێت. بڕیـارێکی لەو جـۆرە لە کاتێکدا کـورد پێگەیەکـی پەیـدا کردبـوو و ڕۆڵێکـی ئەرێنـی لە عێـراق و لە دژی گـرووپە تونـدڕەوەکان دەبینـی کارێکی ئاسان نەبوو و ئامادەکاری پێویست بوو. بۆیە دەبینـین هـاودەنگییەکی سـەرنجڕاکێش لەنێـوان ناوەنـدە گرنکەکـانی لێکـۆڵینەوە، رۆژنـامە و گۆڤـارە دیارەکـانی ڕۆژئـاوادا سـەبارەت بە دۆزی کەرکـوک هەیە، کە بەگشـتی دژ بە خواستەکانی کوردن. دەوڵەتان نایانەوێت ڕاستەوخۆ ئەو دیدانە دەرببـڕن، بـۆیە هەوڵدەدەن لە ڕێگەی "میدیای ئازاد" و ڕێکخراوی "سەربەخۆی نـاحکومی" یەوە ئەو بیـر و بۆچوونـانە دەرخـواردی خەڵـک بـدەن. دەتـوانم بڵـێم چـالاکترین ڕێکخـراوی لەم جـۆرە لە بـواری دۆزی کەرکوکـدا گرووپـی قەیـرانە نیودەوڵەتییەکانە کە تاکو ئێستایش هەر خەریکە و ڕووداوەکانی ١٦ ئوکتۆبەری ٢٠١٧ ی بە "دەرفەتێکی بـاش دەزانێـت بـۆ دەسـپێکردنەوەی گفتوگۆ لەبـارەی نـاوچە کێشـە لەسـەرەکانەوە". ئەو دەزانێـت کـورد ئێسـتا لاوازە و لایەنەکـان دەتـوانن چارەسـەرییەک بەسـەریدا بسـەپێنن کە لە قـازانجی ئەوانە و بە زیـانی کورد دەشکێتەوە.

گرووپـی قەیـرانە نێودەوڵەتییەکـان خـۆی وەک ڕێکخراوێکـی نێـودەوڵەتی نـاحکومی قـازانج نەویسـت دەناسـێنێت و هەوڵـی ئەوە دەدات ڕێـگە لە شـەڕ و پێکدادان بگرێت و پشتیوانی لەو سیاسەتانە دەکات کە دەبـنە هـۆی ئاشـتی لە جیهانـدا. لە ڕێـگەی بڵاوکـراوە مانگـانەکەیەوە پێشـوەخت خەڵـک لە کێشـەکان ئاگـادار دەکـاتەوە. ڕێکخـراوەکە کارەکـانی لە ڕێـگەی لێکـۆڵینەوەی مەیـدانی و پێشکەشـکردنی ڕاوێـژ و ڕاسـپاردەوە جێبەجـێ دەکـات. ڕێکخـراوەکە لە سـاڵی

١٩٩٥ دامەزراوە و بە یەکێ لە سەرچاوە هەرە گرنگەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشە جیهانییەکان و پێشکەشکردنی ڕاوێژ بە دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک نەتەوە یەکگرتوەکان، یەکێتی ئەوروپا و بانکی نێودەوڵەتی دادەنرێت. دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، ڕێکخراوە خێرخوازەکان و دەوڵەمەندانی ڕۆژئاوا و دامەزراوەی تایبەت یارمەتیی دارایی پێشکەش بە گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان دەکەن. گەورەترین سپۆنسەرەکانی ڕێکخراوەکە دوو ملیاردێری ناسراوی جیهانن کە ناتل سیمۆڤیچی کرواتی و جۆرج سۆرۆسی جووە. لە ساڵی ٢٠١٨ دا سەرچاوەی دارایی ڕێکخراوەکە ٤٥٪ ی لە دەوڵەتانەوە بووە و ٢٣٪ ی لە دامەزراوەکان و ٢٧٪ ی لە کەرتی تایبەت و ئەوەی تریش لە ڕێکخراوی خێرخواز و وەبەرهێنانەوە هاتبوو. بەرپرسانی باڵای ڕێکخراوەکە بریتین لە کۆنە کاربەدەستانی گەورەی وڵاتانی ڕۆژئاوا.

پاشخانی ڕێکخراوەکە و ئەوانەی یارمەتیی دارایی پێشکەش دەکەن، دەتوانن شێواز و میتۆدی کارکردنیمان بۆ ڕوون بکەنەوە. ئەو بەرپرسانەی ساڵانێکی تەمەنیان لە ئۆفیسەکانی حکومەتە ڕۆژئاواییەکان بەسەر بردووە و پۆست و پێگەی گرنگیان هەبووە، باش دەزانن بەرژەوەندیی دەوڵەتان و ئەو ناوەندانەی پارەیان پێدەبەخشن لە چیدایە. ئەم بۆچوونە نابێ وا لێکبدرێتەوە، کە ئەو ڕێکخراوانە دێن و کارەکانیان ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا لە بەرژەوەندیی ئەو دەوڵەت و ناوەندانە دەکەن. بەڵام کەسیش باوەڕ ناکات و ڕێی تێناچێت ئەمان بێن و لە دژی بەرژەوەندیی ئەوانەی یارمەتیی داراییان پێشکەش دەکەن کار بکەن.

ئەوان باش دەزانن کام ڕاوێژ و ڕاسپاردە مایەی ڕەزامەندییە و کامیان ڕەت دەکرێتەوە. ئەوەیش دەزانن کام لایەن بەهێزە و دەتوانێ خواستەکانی خۆی بسەپێنێ و کێشەی گەورە دروست بکات و کارەکەیان لێ تێکبدات، کام لایەنیش لاواز و بێ پشت و پەنایە و دەکرێت هەموو داخوازییەکانی یان بەشێکی پشتگوێ بخرێن. لەبەر ڕۆشنایی ئەم لێکدانەوەیە دەتوانین لەوە تێبگەین بۆ ئەم ڕاپۆرتانە لایەنگری لە هەموو لایەنەکان دەکەن، کورد نەبێ. ئەوان زۆر باش لەوە تێگەیشتوون کە لەسەر ئاستی هەرێمی دەوڵەتانی

نـاوچەکە هەمـوو لە دژی خواسـتەکانی کـوردن. لە نێوخـۆی عێـراقیش لایەنە سیاسییەکان لەدژی ئەوەن کورد پێگەی گرنگـی هەبـێ و لە کەرکوک و نـاوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێـم باڵادەسـت بـێ. ئامادەکـارانی ئەو ڕاپۆرتـانە پرسـەکانیان بەشـێوەیەک خسـتووەتە ڕوو کە مـایەی پەسـەندکردنی دەوڵەتە هەرێمییەکـان و لایەنە عێراقییەکـان بـن و زۆر گوێیـان بە داخوازییەکـانی کـورد نەداوە. لە هەمـان کاتـدا داوا لە بەرپرسـانی کـورد کـراوە نەرمـی بنـوێنن و لە پێنـاوی ئاشـتی و سـەقامگیریدا قوربـانی بـدەن و دەسـت لە بەشـێک لە داخوازییەکانیـان هەڵبگـرن. ئەوان دەزانـن ناوەنـدە نێودەوڵەتییەکـان ئەوەنـدە کارتیان بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر کورد و ناچاریان بـکەن بەو پـرۆژانە قایـل بـن. ئەگەر کـورد بەتەنیـا دژی ئەو پـرۆژانەیش ڕاوەسـتێت، ئەوا شتێکی ئەوتۆی پێ ناکرێ و دەکرێت بەئاسانی زیانی گەورەی پێبگەیەنن.

گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان لە ڕاپۆرتەکەیدا ئامـاژەی بە بـارودۆخی ئـاڵۆز و ترسـناکی کەرکـوک کـردووە، لایەنەکـانی ململانـێکە و خواسـتەکانیان دەخـاتە ڕوو و داوا لە کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی دەکـات خـۆی لە بەرپرسـیارێتی نەدزێتەوە. ئەمیش داوای دواخستنی ڕاپرسی لەسەر دوارۆژی کەرکوک دەکات و بە هۆکـاری تەقیـنەوەی بـارودۆخەکەی لە قەڵەم دەدات. لەمەدا ڕاپـۆرتەکەی بەیـکەر — هـاملتن ڕێـک بۆچوونەکـانی ئەمـانی وەرگرتـووە. ڕاپـۆرتی قەیـرانە نێودەوڵەتییەکان داوا دەکات کەرکوک بکرێت بە هەرێمێکی فیـدراڵی سـەربەخۆ و پێـی وایە کە نابێـت بخـرێتە سـەر هەرێمـی کوردسـتان. پێشـنیازی ئەوەیـش دەکـات هەر چـوار پێکهـاتەکەی کەرکـوک لەسـەر دابەشـکردنی دەسـەڵات لە کەرکـوک رێـک بـکەون. چەنـد سـاڵێکە ئەو گـرووپە ئەو جـۆرە چارەسـەرییە پێشنیاز دەکا و کۆڕ و کۆنفرانسی بۆ دەبەستێ و بیروڕای ڕۆژئـاوای بـۆ ئامـادە دەکـات. گرووپـی قەیـرانە نێودەوڵەتییەکـان لە سـاڵی ٢٠٠٣ بانگەشـە بـۆ ئەم چارەسەرییە دەکات، تورکیایش زۆر جار پێداگری لەسەر دەکات.

گرووپەکە پێشنیازی ئەوەیش دەکات کە دەبێ حکومەتی عێـراق بەردەوام بـێ لە لابردنـی ئەو سـتەمانەی کە ڕژێمەکـانی پێشـوو لە خەڵکیـان کـردووە، بەگێـڕانەوەی ئەوانەی بە زۆر دەرکـراون لە لایەن ئەو ڕژێمـانەوە. هەروەهـا

پێشنیازی یارمەتیدان و قەرەبووکردنی عەرەبە هاوردەکان بۆ کەرکوک دەکات لەگەڵ نەوەکانیاندا، کە ئارەزوومەندانە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتوون. چارەسەرکردنی کێشەکانی زەویوزاریش بەپێی قانونی چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکدارێتی لە بیر ناکات. ئەویش وەک ماددەی ٥٨ ی قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق و ماددەی ١٤٠ ی دەستوری عێراق داوا دەکات، پارێزگای کەرکوک وەکو خۆی بمێنێتەوە یان بگێڕدرێتەوە بۆ سەر دۆخی جارانی و نەبێت بە بەشێک لە هیچ هەرێمێک.

دوای ئەوە، باسی گرنگیی کەرکوک دەکا و ئاماژە بە هەوڵ و تەقەلای کورد دەکات بۆ ئەوەی بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. ئەوەیش دەڵێت کە لایەنەکانی دی ئەم قسانەی کورد بەبێ بنەما دادەنێن و پێیان وایە، کورد تەنها لە هەوڵی وەدەستخستنی نەوتەکەی کەرکوکدایە. باسی باڵادەستیی کورد لە ساڵی ٢٠٠٣وە لە کەرکوک دەکات. ئاماژەیش بە هەڵوێستی تورکیا دەکات و دەڵێت کە تورکیا کارتی دیپلۆماسی زۆری بە دەستەوەیە و دەتوانێ پەنا بباتە بەر هێزی سەربازیش بۆ ئەوەی سنووری بۆ ئەم هەوڵانەی کورد دابنێت. ئامادەکارانی ئەم ڕاپۆرتە لەو باوەڕەدان کە کورد لە ماوەی ساڵێکدا لە بەردەم دوو هەڵبژاردندایە: یا بەردەوامبوون لەسەر خواستی جێبەجێکردنی دەستوور و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەموو لایەکدا و مەترسی پێکدادانی سەربازی، یاخود پاشگەزبوونەوە و قایلبوون بە چارەسەرییەک لە ڕێگەی پێکهاتن، دانوستان و وتووێژەوە.

هەرچەندە گرووپەکە ئاماژە بەوە دەکات کە دەمارگیری و بەرزەفڕیی لایەنەکان ڕێگرن لە بەردەم وتووێژ و پێکهاتندا، بەڵام دانوستانی گرووپەکە لەگەڵ نوێنەرانی هەموو لایەنەکانی کەرکوک، تورکیا، ئەمریکا و هەرێمی کوردستان لە ماوەی دوو ساڵدا، ئەوە دەردەخەن توانای ئەوە هەیە ڕێنمایی و ڕێسای تایبەت دابندرێن بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان بەو چارەسەرییە قایل بن.

شکستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەکارکردنی بەپەلە بەلای گرووپەکەوە، دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی بارودۆخی کەرکوک. تاکو لە دیسەمبەری ٢٠٠٧ نزیک دەبنەوە مەترسیی توندبوونی بگرەوبەردە و بارگرژیی لەنێوان پێکهاتەکاندا زیاد

دەکات و ڕەنگە ببێتە هۆی شەڕێکی نێوخۆیی لەگەڵ ئەگەری دەستێوەردانی سەربازیی دەرەکیدا. پێشیان وایە عێراق کە گیرۆدەی ئەم بارە ئاڵۆزەیە، بەرگەی پێشهاتێکی لەو جۆرە ناگرێ.

لە کۆتاییدا گرووپەکە کۆمەڵێک راسپاردە بۆ لایەنە جیاوازەکان پێشنیاز دەکات، کە دید و بۆچوونی رۆژئاواییەکان دەربارەی دۆزی کەرکوک بەرجەستە دەکەن، بۆیە بە گرنگی دەزانم لێرەدا ئاماژەیان پێبکەم:

بۆ حکومەتی عیراق:

یەکەم: داوا بکات لە ئەنجومەنی ئاسایش نوێنەرێکی تایبەتی دەستنیشان بکات بۆ کێشەی کەرکوک، کە ئەرکەکەی بریتی دەبێ لەم خاڵانەی خوارەوە:

ا. ئاسانکردنی گەیشتن بە چارەسەری لە رێگەی دانوستانەوە سەبارەت بە باری قانونیی کەرکوک و ناوچەکانی تر، کە کورد داوایان دەکات.

ب. کۆکردنەوەی پارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک و خەرجکردنی لەسەر بنەمای پێویستی، نەک رەگەزی.

ج . چاودێریکردنی پابەندبوونی لایەنە جیاوازەکان بە هەر رێکەوتنێک کە دەکرێت.

د. پێشکەشکردنی راپۆرت بە ئەنجومەنی ئاسایش بەشێوەیەکی رێکوپێک.

دووەم : چڕکردنەوەی پرۆسەی لابردنی ستەمەکانی پێشوو لە کەرکوک وەک:

أ . بەڕێوەبردنی پرۆسەی گێڕانەوەی ئەوانەی رژێمەکانی پێشوو بەزۆر دەریکردوون.

ب. ئاسانکاری و قەرەبووکردنەوە بۆ ئەوانەی ڕژێمەکانی پێشوو هێناونی، بۆ خۆیان و نەوەکانیان کە ئامادەن بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتوون.

ج . چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکدارێتی بەپێی ئەو میکانیزمانەی ئێستا لە ئارادان.

د. پرۆسەی گێڕانەوەی ئەو ناوچانەی لە کەرکوک دابڕاون یان هێشتنەوەیان وەکو خۆیان.

بـۆ حكـومەتی عێـراق، ئەنجـومەنی نـوێنەران، نـوێنەرانی پێكهاتەكـانی كەركوك و حكوومەتی هەرێمی كوردستان:

٣. ڕاگەیانـدنی نیازپـاكی بـۆ چارەسـەركردنی بـاری قـانونیی كەركـوك لە ڕێگەی دانوستانی ئاشتییانەوە و پابەندبوون بە قسـە و ڕاگەیانـدنی نەرمەوە لە بارەی ئەم كێشەیەوە.

٤. ڕێكخستنی دانوستان بە یـارمەتی نـوێنەری نەتەوە یەكگرتووەكـان بـۆ چارەسەرییەكی كاتی كە لەسەر ئەم بنەمایانەیە:

أ. فراوانكردنـی دانوسـتانەكان دەربـارەی كەركـوك بەشـێوەیەک عێراقییەكـانی تریش بگرێتەوە، بە تایبەتی نـوێنەرانی كۆمەڵگـای مەدەنـی وەک سـەندیكا، ڕێكخراوەكانی ژنان كە بۆ قازانج كار ناكەن.

ب. وەلاوەنانی بیـرۆكەی راپرسـی سـەبارەت بە كەركـوك لە لایەن ئەنجـومەنی نوێنەرانی عێـراقەوە لەكـاتی چاوخشـاندنەوە بە دەسـتوردا، لە شـوێنی ئەوە ڕەشنووسی پەیمانێكی تایبەت بە پارێزگای كەركوك ئامادە بكرێت.

ج . ئەو پەیمانە دۆخی هەرێمێكی فیـدیرالی بـۆ كـاتێكی دیـاریكراو بەپارێزگـای كەركوك دەدا.

د. هەر چوار پێكهاتەكە (كورد، عەرەب، توركمان و كلد و ئاشوری) ڕێكـبكەون لەسەر ڕێساكانی دابەشكردنی دەسەڵات لە كەركوك.

بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان:

٥. ئامـادەكردنی كـورد بـۆ قەبـوڵكردنی پاشەكشـەی پێویسـت لە بـارەی كەركـوك و داخـوازە نەتەوەیییەكـانی كـوردەوە بەو شـێوەیەی كە پارێزگـای كەركوك تێیدا بكرێت بە هەرێمێكی فیدیرالی سەربەخۆ بۆ ماوەیەكی كاتی.

٦. دەســتهەڵگرتن لەو بەڕێوەبەرایەتییــانەی كە پــارتە كوردییەكــان لە نیسـانی ٢٠٠٣وە دەسـتیان بەسـەریاندا گرتـووە و بە هاوكـاری لەگەڵ نـوێنەری نەتەوە یەكگرتووەكاندا كار بكەن بۆ سەرلەنوێ دابەشكردنەوەیان بە شێوەیەكی دادوەرانە لە پارێزگاكەدا.

بۆ حکومەتی تورکیا:

٧. پابەنـدبوون بە چارەسـەری ئاشـتیيانە لە کەرکـوک و خـاوکردنەوەی تۆنی ڕاگەیاندنەکان .

٨. ئاسـانکردنی بازرگـانی، بە تـایبەتی بەرهەمە نەوتییەکـان لە نێـوان تورکیا و باکوری عیراقدا، وەک کردنەوەی خاڵێکی سنووری دیش لەسەر خاپور و پشتگیریکردنی بەرهەمهێنان لە کوردستانی عێراق.

٩. دەبێت تورکیا پەیمان بدات کە سوپا نەنێرێت بۆ عێراق و پەنا نەباتە بەر هەنگاوی دیپلۆماسی توند وەک داخستنی خاڵی سـنووری خـاپور و لـوولەی نەوتی بێجی جەیهان.

بۆ حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:

١٠. پێشکەشکردنی یارمەتی دیپلۆماسی و دارایـی تەواو بـۆ بـاری قـانونی کەرکوک و ناوچەکـانی تـر کە کێشـەیان لەسـەرە. ئەوە بکـاتە ئەرکـی یەکەمـی دیپلۆماسیی خۆی لە عێراق و لەگەڵ هەمـوو لایەنە سیاسـییەکانی عێراقـدا، ئەو لایەنانە قایل بکات بۆ پێویسـتیی هەوڵـدان بـۆ چارەسـەری سیاسـی لە ڕێـگەی دانوستانەوە بۆ دۆزی کەرکوک.

ا. هانـدانی سـەرکردە سیاسـییەکانی عێـراق بـۆ بانگەشـە و کـارکردن بـۆ بڕیارێکی گشتگیر و شەفاف لەبارەی کەرکوکەوە و ڕاکێشانی گرووپی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زۆرتر بۆ دانوستانەکان سەبارەت بە کەرکوک.

بۆ ئەنجومەنی ئاسایش:

١١. کـارکردن لەسـەر داخـوازیی عێـراق بـۆ دەستنیشـانکردنی نـوێنەرێکی تـایبەت بـۆ کەرکـوک، پشتئەسـتوور بە بڕیـاری ئەنجـومەنی ئاسـایش کە دەسەڵاتەکانی دیاریدەکات و لەگەڵ ئەم ڕاسپاردانەدا دەگونجێ.

ئەمە ڕاسـپاردەکانی ئەو گـرووپەیە کە وەکـو پرۆژەیەکـی چارەسـەری پێشکەشیان کردووە و لەوە دەچێ لە کۆتاییدا ببێ بە بنەمـا بـۆ دانوسـتانەکان دەربارەی کەرکوک.

ئەگەر ئـاڵۆزی و قەبـارەی کێشـەی کەرکـوک و نـاوچە کوردسـتانییەکانی تـری دەرەوەی هەرێـم و ژمـارەی ئەو لایەنـانەی دژی چارەسـەرکردنی دۆزی

کەرکوکن بە قازانجی کورد و بێ کارامەیی ئەو میکانیزمـانەی گیـراونەتە بەر بـۆ چارەسـەرکردنی ئەو کێشـەیە لە بەرچـاو بگـرین، ئەوا نـاتوانین گەشـبین بـین لەبارەی داهاتووی نزیکی ئەو شارە و ئەو ناوچانەوە.


سەرچاوەکان:

1. The Iraq Study Group Report: The Way Forward – A New Approach, New York 2006.
2. Iraq and the Kurds: The Brewing Battle over Kirkuk, Report 56 Middle East and North Africa, 18 July 2006.

## پێرستی بابەتەکان


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| کەرکوک: مێژوویەکی دێرین و واقیعێکی تاڵ. | ١٥ |
| دانیشتووانی کەرکوک بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ | ٢٩ |
| چۆن ژمارەی کورد لە کەرکوک لە سەرژمێریی ١٩٥٧ کەم کرایەوە؟. | ٥١ |
| کەرکوک و نەفرەتی نەوت | ٦٨ |
| کەرکوک و ئەنفال: دەرهاویشتەی ڕەگەزپەرستیی، تۆتالیتاری و کولتووری توند و تیژی. | ٩٣ |
| سیاسەتی حکومەتی پاشایەتی لە کەرکوک | ١٢١ |
| پێکهاتەی دانیشتووانی کەرکوک لە سەدەیەکدا | ١٦٥ |
| کوردی کەرکوک لە پەراوێزخستنەوە بۆ پاکتاوکردنی نەژادی | ١٨٧ |
| کەرکوک و ساڵنامەی عوسمانی | ٢٠٥ |
| کەرکوک لە بیرەوەرییەکانی ڤیرسێنی سەرۆکی لیژنەی کێشەی موسڵ | ٢١٩ |
| کەرکوک و هەوادارانی نوێی تەعریب | ٢٣٣ |
| کەرکوک و شەمسەدین سامی و فەرهەنگی ناوداران | ٢٥٧ |
| دەرکراوانی کورد بەپێی بەڵگەنامە فەرمییەکان | ٢٧٣ |
| پرسی دانیشتووانی ڕەسەن و نارەسەن لە کەرکوک | ٢٨٣ |
| کەرکوک لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ | ٢٩٥ |
| کەرکوک و ماددەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی عێراق | ٢٩٩ |
| کەرکوک لە ڕاپۆرتەکەی یونامی ساڵی ٢٠٠٩دا | ٣٠٧ |
| کەرکوک و مۆدێلی برۆکسل | ٣٤١ |
| کەرکوک لە ڕاپۆرتی بەیکەر هاملتن و گرووپی قەیرانە نێودەڵەتییەکاندا | ٣٦١ |